# منداڵیم ئاسکێک بوو

## بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# منداڵیم ئاسکێک بوو

## بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد

سەربردەی ژیانی خەیاڵ و واقیعیی منداڵیی نووسەر و ئەوانی تر

بەشی یەکەم – سێیەم

**کاروان عومەر کاکەسوور**



کتێب: منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد
دانانی: کاروان عومەر کاکەسوور
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢١٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی کۆمپیوتەری: دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٣٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

ئەگەر وشەیەک، دێڕێک، پەرەگرافێکی جوان لەم تێکستەدا هەبێ، پێشکەشە:

– بە«عومەر کاکەسوور»، ئەو باوکە مەزن و دلۆڤانەی لە تافی بەهێزیدا خۆشی دەویستم و لێم تێ نەدەگەیشت، لە سەردەمی بێ هێزیدا خۆشی دەوێم و بیرم دەکات.

– بە«بەدریە حەمەد»، ئەو دایکە میهرەبانەی هەمیشە پشت و پەنام بووە و تا ئێستاش وەکو هاوڕێیەکی خۆشەویستم بەجوانترین شێوە نهێنییەکانم بۆ دەپارێزێت.

– بە«جەوهەر حەمەد»، ئەو خاڵە وریا و دڵسۆزەی، کە هەردەم ڕێنیشاندەرمان بووە و لە تەنگانەکاندا بەهانامانەوە هاتووە.

– بەخوشک و براکانم، کە جوانترین ڕۆژگارم لەگەڵدا بەسەربردوون و هەرگیز گاڵتە و قسە خۆشەکانیانم بیرناچنەوە.

«ئای کوڕە گەورەکەم من هیچ لێت تێ ناگەم، دەمێک گریان و دەمێک پێکەنین...!!»

دایکم

«نیشتیمانم نییە... جەستەیەکم هەیە و هیچ گیانێکی بۆ نابێت»

ک. کاکەسوور

«لێمان گەڕێ با خۆمان باس لە خۆمان بکەین و خۆشمان لە بیروبۆچوونەکانمان بەرپرسیار بین»

دەنگێ لە جیاتی تێکڕای کارەکتەرەکان



# یەک دوو وشە

بەشی یەکەمی ئەم کتێبەم لە مایسی «٢٠٠٠» نووسی و بۆ چەند نووسەر و ئەدەبدۆستێکم نارد... زۆربەیان چ بەتەلەفۆن و چ بەنامە ڕای خۆیان پێ وتم... ئەمە هانی دام لە مانگی ئابدا لێی زیاد بکەم و وەکو بەشی یەکەم و دووەم بیخەمە بەرچاوی خوێنەر... دوای ئەوەیش بەشی سێیەمم لە هەمان ساڵدا نووسی... بەشی چوارەمیشم لە سەرەتای ساڵی «٢٠٠١»ەوە دەست پێ کرد و تا ئێستاش درێژەی هەیە... بەشی یەکەمی و دووەمی بەهەوڵی گۆڤاری «دەنگی کورد»ەوە خرایە سەر ئینتەرنێت و «دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی»یش لە کوردستان چاپیان کرد... لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم... بەنیازم هەر ساڵێ بەشێکی بەچاپ بگەیەنم... دیارە هیچ جیاکارییەک لەنێوان ئەو بەشانەدا نابینرێت، بۆیە دەبێت هەموو جارێ بەیەکەوە چاپ بکرێن... بەهۆی گۆڕانی ناوەڕۆک و فۆرمی بەرهەمەکە، بەپێویستم زانی ڕستەی «سەربردەی ژیانی خەیاڵ و واقیعی منداڵیی نووسەر و ئەوانی تر» لەسەر بەرگ بنووسم. ڕوونتر بڵێم مەبەستم لە هەردوو ڕووی ژیانی منداڵی خۆم و ژیانی خەڵکانێکە، کە من بەڕاستی و بەخەیاڵ پەیوەندیم پێیانەوە هەبووە، هەر بۆیەش کات و شوێن لە سنووری سروشتیی خۆیان دەردەچن و پەل بۆ زۆر لای تریش داوێن.

لێرەدا ناکرێ کۆمەکییە زۆرەکانی «کاک عەبدوڵڵا قادر دانساز» لەبیر بکەم و سوپاسیش بۆ یارمەتییەکانی (کرمانج عومەر دەشتەکی).

هیوادارم ئەو خوێنەرانەی دوو بەشەکەی پێشوویان خوێندۆتەوە، کاتێ چەند لاپەڕەی سەرەتا دەبینن، وانەزانن ئەمە هەمان کتێبە، چونکە لێرەدا و لەوێ بۆی زیاد کراوە... هەندێ جار ئەو زیادکردنە یەک دوو پەرەگرافە و جاری واش هەیە چەندین لاپەڕەیە... بەکورتی بەشی سێیەم بەتەنیا ئەوەندەی هەردوو بەشی یەکەم و دووەمە، بگرە زیاتریشە... دەبێ ئەوەیش بڵێم، کە بەپێویستم نەزانی هەندێ پەرەگرافی دوو بەشەکەی تر لێرەدا دووبارە بکەمەوە.

ک. ع. کاکە سوور

دانمارک/ ئەپریلی ٢٠٠٢
karwankakasur@yahoo.co.uk

«١٥»ی مایسی «١٩٦٤» لە گەڕەکی «سەیداوە»ی شاری «هەولێر» لە دایک بووم... چوار ساڵ پێشتریش هەر لەو شوێنە خوشکە گەورەکەم چاوی هەڵهێناوە و ئەویش وەکو دایک و باوکم ڕۆژی لەدایکبوونی منی بیرە... دایکم زۆر جار دەیگێڕێتەوە، کە من منداڵێکی ئاسایی نەبووم و هەڵسوکەوتە سەیرەکانم سەرنجی زۆر کەسیان ڕاکێشاوە... من خۆشم هەر لە زووەوە هەستم دەکرد مەخلووقێکی خۆشەویست نیم و حەز لە چارەم ناکەن... دیارە ئەمە بەدڵی باوکم نەبووە و هەر لە سەرەتاوە وەکو بەرپرسیاری یەکەمی من ویستوویەتی فێری ئەو شتانەم بکات، کە ئاسایی بوون و خزم و ناسیاو و دراوسێکانمان حەزیان لێ کردوون... ئەمە مانای ئەوەیە پێش هەموو شتێ لەگەڵ دەسەڵاتی باوکم ڕووبەڕوو بوومەتەوە و ئەو لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر لە یادوەریمدا شوێنی بۆ خۆی دابڕیوە... لەو ڕۆژەوە پێم گرتووە و توانیومە لەناو ژوور و هەیوانی خانووە کۆنەکەمان هەنگاوی کورت کورت و ناڕێک بنێم، ئەو بەترسەوە سەرنجی لێ داوم و بیری لێ کردوومەتەوە... گرتوومی و نەیهێشتووە بگەمە بەردەرگای حەوشە... بەیانییان کاتێ خۆی گۆڕیوە و چووە بۆ دەرەوە، بەدایکمی وتووە، کە نەهێڵێت بچمە کۆڵان... ئەگەر خۆیشی بردمی، بەرەڵلام نەکات، زووش بمهێنێتەوە... ئێوارانیش پێش ئەوەی بگەڕێتەوە، دەبووایە من لەماڵەوە بم... حەزی نەدەکرد تێکەڵ بەمنداڵانی تر ببم و یاریکردن قەدەغە بوو... جا چی قەدەغە نەبوو...!! دەستم بۆ هەرچی دەبرد، ناڕەزایی دەردەبڕی... ئەگەر لەسەریشی بەردەوام بوومایە، لێی دەدام... ئینجا دەستی چەند قورس بوو...!! هەڵمات و تۆپ و دارلاستیک و هەر شتێکی تر، کە منداڵان یارییان پێ دەکردن و من شێتیان بووم، بۆم نەبوو بیانگرم بەدەستەوە و بیانهێنمەوە ماڵ... یەکەم زللە، کە بەدەستی ڕاستی ئەو لە ڕوومەتی چەپم درابێت و چاوم لەگەڵیدا کەوتبێتە ڕەشکەوپێشکە، ئەو بەیانییە بوو، کە تەمەنم لە سێ ساڵ تێنەدەپەڕی و لەگەڵ ئەم و دایک و خوشکە گەورەکەم بەرچاییمان دەخوارد... من وەکو منداڵێکی نەفام و دوور لە ڕق و گاڵتەپێکردن لاسایی قسەیەکی نەنکمم کردەوە، کە چاوەکانی لە دەست دابوو و بەیارمەتیی گۆچان بەرێدا دەڕۆیشت... لەگەڵ «مامم عەبدوللا» و «گوڵزار»ی ئامۆژنم لە خانووێکی ڕیزی خۆماندا دەژیا و هەندێ جار دەچووم بۆ لای... باوکم بەسووکی پیاڵەی چاکەی لە دەست وەرگرتم و خستیە سەر ژێرپیاڵەکەوە، کە دەمویست بۆ دەمی بەرم و



بیخۆمەوە... من هیچ لەوە تێنەدەگەیشتم، ئاخۆ دوای ئەو جووڵەیە چی تریش دێت و بەحەپەساوییەوە لێی ڕادەمام... هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەو زللەیەم لێ بدات.. لە بەرچاوی کچی ناو ژێرپیاڵەکە زۆر گریام و بەشەرمەوە فرمێسکی ورد وردم هەڵدەڕشت، کە ملوانکەیەکی جوانی کردبووە ملیەوە و قژی بەملا و بەولای سنگیدا هاتبووە خوارێ... دەمزانی ئەو زۆری پێ ناخۆشە و بەزەیی پیامدا دێتەوە، بەڵام هیچی بۆ نەدەکرا و لەو دیوی پیاڵەکەوە خەمناک خەمناک لێم ڕادەما... منیش خۆشم دەویست و بەکەسێکی خۆشەویستی ماڵەکەمانم دەزانی... ڕۆژی سێ جار یەکترمان دەبینی و بەدەم گوێگرتن لەو گۆرانییانەی لە ڕادیۆی ناو تاقەکەوە بەرزدەبوونەوە، سەرنجەکانی خۆمان لە چاوی یەکتردا دەڕواند... وا چووبووە ئەقڵمەوە کاتێ گەورە دەبم، ئەو دەبێتە ژنم و لە ماڵێکی دڵگیردا ژیان بەسەر دەبەین... هەر جارێ دایکم گاڵتەی لەگەڵدا دەکردم و بەشێوە خۆشەکەی خۆی پێی دەوتم:

– بەقوربانت بم کوڕەکە، ژنەکی بینە و دەرمکە.

من ئەو کچەم بیردەکەوتەوە و ژیانی داهاتووی خۆمانم دەهێنایە بەرچاو... وا ئەو زللە قایمەی باوکم هەردووکمانی تاساند و لە دڵمانی چەسپاند، کە ئێمە دوو مەخلووقی دەستەپاچەین و تا ماوین هەر بەزەلیلی دەمێنینەوە... ئیتر لەمەوە هەمیشە بەترسەوە سەیری دەستەکانیم دەکرد و پێم وابوو هێزی هەموو دنیایان تێدا کۆبۆتەوە... جووڵەکانیم بەشێوەیەکی دی دەبینی و دەنگیم جیاوازتر لە هی پێشووی دەبیست.

هەر چۆنێ بێت، پێش ئەوەی ببمە پێنج ساڵ و لە قوتابخانە وەربگیرێم، حاڵم باشتر بوو... ئیتر خوێندن هاتە کایەوە و دەبووایە بەردەوام کتێبەکانم بەدەستەوە بووایە... ئەو ڕۆژەم زۆر چاک لە بیرە، کە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی «١٩٦٩» بوو و بردمی بۆ «قوتابخانەی زێوەری سەرەتایی کوڕان»، بۆ ژوورەکەی «مامۆستا حەسەن»ی بەڕێوەبەر... من ئەو بەیانییە لە کوڕانی گەڕەک فێری فیکەلێدان بووبووم... جا بۆ ئەوەی بیرم نەچێتەوە، بەردەوام فیکەم لێ دەدا... خەڵکی تریش منداڵی خۆیان هێنابوو تا لەو قوتابخانە تازەیەدا ناویان بنووسن، کە هێشتا تەواو نەکرابوو و وەستا و کرێکار ئیشیان لە دیواری حەوشەکەیدا دەکرد... ئێمە لە سەرە وەستابووین، لەپڕ خۆم لە باوکم دزییەوە و چوومە ژێر ئەو قەنەفەیەی بەڕێوەبەر لەسەری دانیشتبوو... لەوێ فیکەم لێ دەدا و بەڕێوەبەر دەیپرسی:

– ئەرێ ئەو فیتە فیتە چییە و لە کێندەرێیە...؟!

باوکم بانگی منی دەکرد و جار جار لە خەڵکەکەی ئەوێی دەپرسی:

– مندارەکتان نەدیتیە، بێجامەکی خەتخەتی لەبەرە...؟

دوایی دانەوییەوە و لەو ژێرە دەری هێنام... بەڕێوەبەر بەدەم پێکەنینێکی پڕ مەغزاوە بەباوکمی وت:

– بەخوا منداڵەکی ئاقڵت لۆ هینایینە...!!

وای دەزانی من لە زۆڵێتی ئەوەم کردووە، نەیدەزانی تەنها لەبەرئەوە بوو، کە منداڵێکی نەفام بووم و ئەقڵم بەشتەکاندا نەدەشکا... هێشتا فێری ئەوە نەکرابووم، کە قوتابخانە پیرۆزە و دەبێت گوێڕایەڵی

یاساکانی بم... وام دەزانی تەنها موڵکی باوکمم، نەمزانیبوو ئەو مامۆستاکانیشی کردووە بەشەریکی خۆی.

بەهەر حاڵ وەرگیرام و دەبووایە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم دەست بە دەوام بکەم... هەمدیس باوکم دەستی گرتم و هێنامی، کە ئەوسا دیواری حەوشەکەی لە هەر چوار لاوە مەترێ هەڵچنرابوو... منداڵانی پۆلە بەرزەکان لەسەری ڕایان دەکرد و «مام عومەر یابە»ی کارگوزار دەری دەکردن... باوکم دوو پێنج فلسی خستە ناو دەستم و پێی وتم:

– ئەمن وا دەڕۆم، ئەتوو دەبێ لێرە بی.

ئەوەم بەلاوە سەیر بوو... پێشتر هەر یەک پێنج فلسیم وەردەگرت، ئەویش لە دایکم، کەچی وا ئەمڕۆ بۆتە دووان... بەڵام هەندێ جار بە یارییەکی زۆر خۆش پێنج فلسم لە باوکم دەبردەوە، کە خۆی دایهێنابوو و من زۆر دڵم پێی دەگەشایەوە... پێشبڕکێمان دەکرد، ئاخۆ کامان زیاتر ناوی باوک و باپیری خۆمان دەزانین... من هەمیشە دانەیەک زیاترم لەو دەزانی و بەو منداڵییەی خۆمەوە لێیم دەبردەوە... پێنج فلسی دەدامێ و پێی دەوتم:

– بگرە دەی، نەمدەزانی ئەوەندە زیرەکی، لێم دەبەیەوە.

پارەکەم دەخستە گیرفانمەوە و پێیم دەوت:

– دیسان.

– بەسە لێم گەڕێ، ئەمن لە توو نابەمەوە.

– توخوا بابە، زۆر گەمەکی خۆشە...!!

لە بەردەرگای ئەو قوتابخانەیەدا دوو پێنج فلسییەکەم لەناو دەستە بچکۆلەکانمدا دەگوشی و نەمدەتوانی هیچ شتێ بڵێم... سەیری باوکمم دەکرد، کە لە وێستگەی پاسەکەی ئەوبەری شەقامەکە وەستابوو و دەیویست بچێت بۆ بازاڕ... لەو دەشتە زەردەی سەرەتای ئەو پایزە ڕادەمام و لێی ورد دەبوومەوە، کە گەڕەکی «ئیسکان» و «سەیداوە» و «بەلاشاوە»ی لە یەکتر جیادەکردەوە و دڕکە سەوزەکان لێرە و لەوێ ڕوابوون... زیکزیکەکان لەسەریان هەڵنیشتبوون و بەزیکەزیک پەردەی گوێچکەمیان دەلەراندەوە... چاوەکانم خێل دەکردن و بەردە سپییەکانی ئەوێم وەکو پۆلێک قاز و مراوی دەبینی... نەمدەزانی کاتێ بەهار دێت و گیای خۆڕسک بە باڵایاندا هەڵدەزنێن، شێوەیان دەگۆڕێت و لە چەند ئینجانەیەکی قڵپکراوەی ناو باخە بێ خاوەنەکان دەچن... ئەوسا هەر دەڵێی لەشکری یەکێ لە سەرکردە کۆنەکانی مێژوو بەوێدا تێپەڕیوە و لەژێر قاچی زۆر بەهێزی وڵاغەکاندا ئاوایان لێ هاتووە... لە دووری دوور دوورەوە خانووەکانی گەڕەکی ئێمە وەکو چەند شووشە مەرەکەبێکی زل دیاربوون و بەشێوەیەکی سەیر دەکەوتنە بەربینایییم... ئەو دیمەنە بەس بوو، تا هەست بەتەنیایی بکەم و خۆمم بچووکتر بێتە بەرچاو.



بردمیان بۆ پۆلەکە... دوو کوڕی لە خۆم گەورەتر لەسەر تەختێکی دواوەی ڕیزی ناوەڕاست دانیشتبوون و بانگیان کردم... لەنێوانیان دانیشتم و وەکو ناسیاوێکی خۆیان دەیاندواندم... سەرم داخست و ئەژنۆکانم دەلەرزین... لە پەنجەی قاچی ئەوان زیاترم لەو پۆلەدا نەدەبینی، کە لەناو پێڵاوی هاوینەیاندا دیار بوون... بێ ئەوەی سەرم هەڵبڕم، بەدەنگی نزم وەڵامی پرسیارەکانیانم دەدایەوە... ئەوان پێچەوانەی من نە شەرمیان دەکرد و نە دەشترسان... بەلامەوە سەیر بوو، کە دەیانناسیم... هەر لە خۆمەوە بیرم بۆ ئەوە چوو لە قەراغی گۆمەکەی «سەیداوە» منیان دیبێت، کاتێ لەگەڵ دەیان منداڵی تری ئەو دەوروبەرە ڕاوی پووشکەبەقنگەمان دەکرد، کە لە هەولێر «تەیارۆکە»ی پێ دەڵێن و زەرد و سوور و دەیان ڕەنگی جیاواز جیاوازیان هەبوو... چەند لە کۆترۆکەی سەری ئەو ژنە لادێییانە دەچوون، کە زۆر جار لەو ماڵەی تەنیشتمانەوە دەمبینین و سەرنجم لە سیمایان دەدا... ئەوان هیچ لە ژنی شار نەدەچوون و ڕەنگی جلەکانیشیان زۆر جیاواز بوون... خۆشم دەویستن و بەجوانم دەزانین... پووشکەبەقنگەکانیشم خۆش دەویست و حەزم دەکرد بیانگرم... هەر یەکەمان دارێکمان لە قەراغی ئەو گۆمە پیسە دەچەقاند و چاوەڕێمان دەکرد لەسەری هەڵبنیشن، بۆ ئەوەی بیانگرین و بیانبەین بۆ ماڵەوە... پەتێکی باریک لە کلکیان ببەستین و یارییان پێ بکەین، یان هەر لەوێ پووشکەیەکی درێژ لە قنگیان هەڵکێشین و بڵند بڵند هەڵیاندەین... ئەوسا بەقورسی دەفڕین و سووک سووک بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان... دیمەنێکی چەند بڵێی سەیریان هەبوو و زۆر لەزەتمان لە تەماشاکردنیان دەبینی... هیچ کەسێ بۆی نەبوو ڕاوی ئەو پووشکەبەقنگانە بکات، کە لەسەر داری یەکێکی تردا هەڵنیشتبوون و چاوە زل و دەرپۆقیوەکانیان لە بەرتیشکی هەتاوی زۆر گەرمی تەمموز و ئابدا دەبریسکانەوە.

هەرکە باوکم هێنامی بۆ قوتابخانە و مەحەلەبییە ڕەنگاوڕەنگەکانم بینی، کە منداڵە ئیسکانییە دەست فرۆشەکان لە هەیوانەکەدا کردبوویانە قاپی شووشەی بچووک بچووکەوە و لەسەر سینییەکانی بەردەمی خۆیانیان دانابوون، من نەمزانی بۆچی ئەو پووشکەبەقنگانەم بیرکەوتەوە و چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەمان و ئەواندا هەبوو... ئەوەندەم دەزانی دیمەنی ئەو مەحەلەبییانە بەشێوەیەکی سەیر سەرنجیان ڕاکێشام و ناخیان وروژاندم... پێشتریش گۆزە سەوزەکانی «یازبێد کۆیی»ی دراوسێمان خەیاڵەکانمیان وەکو پەپوولە هەڵدەفڕاند و ناو دەمیان دەکردمە ئاودڕکەی لیک، ئەوانەی ترشیاتی سووری تێدەکردن و زۆر بەڕێکی، کە هەر لە خۆی دەهات، لە هەیوان و ژوورەکانی دانابوون... دەرەوەیان سەوز و ناوەوەیان سوور، چەند دیمەنێکی جوانیان هەبوو خودایە...!! جا بەحوکمی ئەوەی لەگەڵ دایکم هاوبیر بوون و ڕەنگی سووریان خۆشدەویست، هەمیشە بەڕووی خۆشەوە سەتڵەکەی لێ وەردەگرتم و ترشیاتی تێدەکرد... مێردەکەی ماوەیەکی زۆری لە زیندانی بەعسییەکاندا بەسەربردبوو و لەگەڵ ئەشکەنجەدان ئیفلیجییان کردبوو، چونکە سەرکردایەتی ئەو گرووپە خەڵکە بێ چەکەی کردبوو، کە بەسەر یەکێ لە مەخفەرەکانیاندا دابوو و دەستیان بەسەر چەکەکاندا گرتبوو... ئەوانەی لەگەڵی گیرابوون، هەمیشە باسی خۆڕاگریی ئەو پیاوە کۆمۆنیستەیان دەکرد و چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە، کە پڕبوون لە سەرچڵی.

تا پارەکەم دەدایە «یازبێد» و ئەوێم بەجێ دەهێشت، سەیری یەکە بەیەکەی گۆزەکانم دەکرد و لێیان

وردده‌بوومه‌وه... «ئه‌گه‌ر بۆ هه‌ر یه‌كێ له‌و گۆزانه‌ دوو گه‌ڵای پانی دره‌ختی باخچه‌كه‌ی خۆیانم بهێنایه‌ و به‌ شتێ له‌ملا و له‌ولایانم چه‌سپ بكردنایه‌... دوو لقیش كه‌مێ له‌ سه‌رووتریان، ئه‌وا وه‌كو كه‌لله‌ی گایان لێ ده‌هات و من ئه‌وه‌نده‌ی تر له‌زه‌تم له‌ سه‌یركردنیان ده‌بینی... ئاخر گه‌ڵاكان ده‌بوون به‌ دوو گوێچكه‌ و لقه‌كانیش به‌ دوو شاخ... وه‌كو هی ئه‌و مانگایانه‌ی من له‌ پشت ماڵی خۆمان و ئه‌ودیوی شه‌قامی شه‌ستی ده‌مبینین»... حه‌زم ده‌كرد ڕۆژێ «یازبێد» ڕێگام بدات و هه‌موو ئه‌و گۆزانه‌ی بۆ بكه‌مه‌ سه‌ری مانگا... به‌ڵام نه‌ده‌كرا و له‌ من حاڵی نه‌ده‌بوو... ته‌نانه‌ت دایكیشم لێم تێنه‌ده‌گه‌یشت و لچی هه‌ڵده‌قورتاند:

– ده‌زانی ئه‌و گۆزكانه‌ی مارێ پلكه‌ یازبێدی به‌ سه‌ری چێری ده‌چن...؟!

– حه‌مه‌ شێت ده‌ستت به‌قسه‌ بێ سه‌روبه‌ره‌كانت كرده‌وه‌...!!

– ئه‌گه‌ر چاوت خێل بكه‌ی و ته‌ماشایان بكه‌ی، وه‌ده‌زانی ماره‌كه‌یان پڕی چێر بووه‌.

– هه‌ر وسبه‌ وس گێله‌، هه‌تا كه‌س گێی لێ نه‌بووه‌.

له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڵه‌ ته‌نه‌كه‌یه‌ی دایكم جل و پێڵاوی بووكێنیی خۆی تیادا هه‌ڵگرتبوو و لێره‌ و له‌وێ بۆیه‌ په‌مه‌ییه‌كانی به‌ریاندابوو، وێنه‌ی گیانداری سه‌یر سه‌یر نه‌خشابوون و من لێیان وردده‌بوومه‌وه‌... خه‌یاڵه‌كانم هه‌ڵیانده‌گرتم و له‌ ده‌وروبه‌ره‌كه‌میان داده‌بڕیم... ئه‌قڵێكی تریان پێ ده‌به‌خشیم و به‌وێیان ده‌سپاردم... به‌لایاندا ده‌ڕۆیشتم و ده‌ستم به‌گیانیاندا ده‌هێنا... شاخه‌كانیانم ده‌گرتن و یاریم له‌گه‌ڵدا ده‌كردن... باوه‌ش باوه‌ش گیام بۆ ده‌هێنان و ده‌مدانێ... هه‌ر جارێ خۆمم هه‌ڵده‌دایه‌ سه‌ر پشتی یه‌كێكیان و قاچه‌كانم له‌ملا و له‌ولاوه‌ له‌ قه‌پرغه‌یان ده‌دا... هه‌ر له‌وێدا خه‌ڵكی جیا جیام ده‌بینی و به‌دوای په‌یوه‌ندییه‌كانی نێوانیاندا ده‌گه‌ڕام... چیرۆكم بۆ هه‌ڵده‌به‌ستن و به‌ ده‌نگ قسه‌م ده‌رباره‌یان ده‌وت... ئه‌و ژنه‌م هه‌رگیز بیرناچێته‌وه‌، كه‌ له‌ ده‌رگایه‌كدا وه‌ستابوو و بانگی كوڕه‌ چوختییه‌كه‌ی ده‌كرد، بۆ ئه‌وه‌ی به‌ فێڵێ بیباته‌ حه‌مامه‌كه‌ و بیشوات... ئه‌و كچه‌ی كه‌روێشكه‌كه‌ی كردبووه‌ باوه‌شییه‌وه‌ و به‌خۆشحاڵییه‌وه‌ لێی ڕاده‌ما، چه‌ندێ جوان بوو...!! ئه‌ی بۆ ئه‌و پیره‌ژنه‌ ناڵێی، كه‌ دانه‌وێڵه‌ی ده‌دایه‌ قه‌له‌كانی...!! به‌ڵام پیره‌مێرده‌كه‌ی به‌هۆی گۆچان له‌سه‌ر ڕێگا چۆڵه‌كه‌دا هه‌نگاوی كورت كورتی ده‌نا، له‌ویش جوانتر بوو.

نه‌مده‌زانی چه‌ند له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌و باوه‌ڵه‌ دانیشتووم و چه‌ندم له‌زه‌ت له‌ سه‌یركردنی ئه‌و وێنانه‌ بینیوه‌، چونكه‌ هه‌موو جارێ خه‌وم لێ ده‌كه‌وت و له‌سه‌ر پێخه‌فه‌كه‌ی خۆم چاوه‌كانم ده‌كردنه‌وه‌... له‌ گوشه‌ لاكێشه‌ییه‌كه‌ی قه‌د ئه‌و دیواره‌م ده‌ڕوانی، كه‌ دایكم به‌ پارچه‌ قوماشی ڕه‌نگاوڕه‌نگی بچووك بچووكی چوارگۆشه‌یی نه‌خشی له‌سه‌ر كێشابوو و دیمه‌نێكی تا بڵێی جوانی هه‌بوو... هه‌موو قوماشه‌كانیش ناویان هه‌بوو و من ده‌مناسینه‌وه‌... زه‌ردێكی سیمداری به‌باقوبریق «ریشی مام جه‌لال»یان پێ ده‌وت و زۆرم به‌لاوه‌ سه‌یر بوو... ئاوی چاوه‌كانی ده‌بردم و خه‌یاڵه‌كانمی په‌رشوبڵاو ده‌كرده‌وه‌... ئه‌و «جه‌لال»ه‌ كێیه‌ و له‌ كوێیه‌، وا ڕیشه‌كه‌ی هاتۆته‌ ماڵی ئێمه‌...؟! بۆچی ڕیشی پیاوانی گه‌ڕه‌كمان له‌ هی ئه‌و ناچن و نابنه‌ قوماشی ئاوا عه‌نتیكه‌...؟! هه‌موویان ڕۆژێ له‌ ڕۆژان كراس و كه‌وای دایكه‌ جوان و نازه‌نینه‌كه‌م بوون و



خۆشمده‌ویستن... دیاریی باوكه‌ ڕۆحه‌كه‌م بوون و به‌دڵی خۆشه‌وه‌ پێشكه‌شی كردبوون... كاتێ له‌ به‌رامبه‌ر ئاوێنه‌ی ژووره‌كه‌ له‌به‌ری كردبوون و به‌حه‌زێكی پڕ له‌ نازی دڵگیره‌وه‌ له‌ خۆی ڕوانیبوو، ئه‌و پیرۆزباییی لێ كردبوو و له‌پێش هه‌ر كه‌سێكی تره‌وه‌ سه‌رسامیی خۆی له‌ ئاستی جوانییه‌كانیان ده‌ربڕیبوو... هه‌ر جارێ لایه‌كی سه‌ری خستبووه‌ سه‌ر یه‌كێ له‌ شانه‌كانی و به‌چپه‌ به‌ڵێنی ده‌یان كراس و كه‌وای تری پێ دابوو... بۆ ماوه‌یه‌ك هه‌موو ناخۆشییه‌كانیان بیر خۆیان بردبووه‌وه‌ و له‌ دڵه‌وه‌ پێكه‌نیبوون... دایكم خۆیانی پێوه‌ نواندبوو و پێیانه‌وه‌ هه‌ڵپه‌ڕی بوو... پێیانه‌وه‌ گریا بوو و فرمێسكه‌كانی پێ سڕیبوون... جووته‌ پێڵاوه‌كه‌یشیم به‌قه‌ده‌ر هه‌موو دنیا خۆشده‌ویست و به‌ساقه‌ و به‌قوربانیان ده‌بووم... ده‌یان جار له‌و باوه‌ڵه‌م ده‌هێنانه‌ ده‌رێ و له‌ نزیكه‌وه‌ لێیان ڕاده‌مام... بۆنه‌كه‌یانم هه‌ڵده‌مژین و توند توند ده‌منووساندن به‌سنگی خۆمه‌وه‌... ماچم ده‌كردن و ده‌مخستنه‌وه‌ شوێنی خۆیان... بزێمه‌كانیان له‌ زیو ده‌چوون و له‌ به‌رتیشكی ڕووناكیدا ده‌دره‌وشانه‌وه‌... مه‌حه‌له‌بی سه‌ر سینیی كوڕه‌ ئیسكانییه‌ ده‌ستفرۆشه‌كانی هه‌یوانی قوتابخانه‌شمان زۆر جوان بوون و ئاوی نافووره‌كه‌ی بنكی ڕۆحمیان ڕه‌نگ ده‌كرد... بیره‌وه‌رییه‌كانی ناو سه‌رمیان وه‌كو سه‌ره‌مێكوته‌ ده‌ورووژاند و دڵیان پڕ ده‌كردم... لچم هه‌ڵده‌هێنایه‌وه‌ و فرمێسك له‌ چاومدا قه‌تیس ده‌ما... دایكم ده‌نگی ئێجگار خۆش بوو و ده‌یتوانی به‌گۆرانییه‌كانی بمهێنێته‌ گریان، كه‌ هه‌ندێكیان خۆی هه‌ڵی ده‌به‌ستن و به‌سه‌ر باوكم و خاڵه‌كانم و خوشكه‌ گه‌وره‌كه‌م و منیدا هه‌ڵده‌وتن، به‌ڵام وه‌كو ژنانی تر زۆری هه‌قایه‌ت نه‌ده‌زانی... تاقه‌ چیرۆكێكی كورتی له‌به‌ر بوو، كه‌ نازانم له‌ كێ فێری بووبوو... چه‌ند بڵێی جوان ده‌یگێڕایه‌وه‌ و له‌ گوێگرتنی تێرنه‌ده‌بووین:

پیره‌ژنێك له‌سه‌ر به‌ردێكی ناوه‌ڕاستی ڕێگایه‌كی چۆڵ دانیشتووه‌ و سێ كچی ئێجگار جوان به‌لایدا تێده‌په‌ڕن... بانگیان ده‌كات و پێیان ده‌ڵێت سه‌ری بۆ بدۆزن... یه‌كه‌میان قێزی لێی دێته‌وه‌ و بۆی ناكات... دووه‌میان بۆی ده‌دۆزێت و پێی ده‌ڵێت، قژی كه‌مێ كرێژی تیایه‌... سێیه‌میان په‌نجه‌كانی تێده‌خات و ماچی ده‌كات... پێی ده‌ڵێت قژی زۆر پاك و جوانه‌... پیره‌ژن به‌ یه‌كه‌میان ده‌ڵێ:

– ئاوێكی زه‌رد دێت و چاوه‌ڕێ كه‌... ئاوێكی سوور دێت و چاوه‌ڕێ كه‌... ئاوێكی شین دێت و چاوه‌ڕێ كه‌... ئاوێكی سه‌وز دێت و چاوه‌ڕێ كه‌... ئاوێكی سپی دێت و چاوه‌ڕێ كه‌... ئاوێكی ڕه‌ش دێت و خۆتی پێ داده‌.

كچه‌كه‌ خۆی پیا ده‌دات و هه‌موو گیانی ڕه‌ش داهه‌ڵده‌گه‌ڕێت.

پیره‌ژن هه‌موو ڕه‌نگه‌كانی دیكه‌ش بۆ دووانه‌كه‌ی تر دووباره‌ ده‌كاته‌وه‌... دووه‌میان ده‌بێت خۆی به‌ئاوه‌ سپییه‌كه‌دا بدات و گیانی ده‌بێته‌ زیو... سێیه‌میان خۆی به‌ زه‌رده‌كه‌دا ده‌دات و سه‌رتاپای له‌ ئاڵتوون ده‌گیرێت.

دایكم ئاوای ده‌گێڕایه‌وه‌ و من ئاوه‌ ڕه‌نگاوڕه‌نگه‌كانم ده‌بینی... خوڕ خوڕ به‌ به‌رده‌ممدا تێده‌په‌ڕین و له‌زه‌ته‌كان له‌ ناخمه‌وه‌ بۆ سه‌ر زمانم فواره‌یان ده‌كرد... نازانم بۆچی هه‌ر ئه‌وسا بیرم له‌ ملوانكه‌كه‌ی پووره‌ «ش» ده‌كرده‌وه‌ و ده‌هاته‌ به‌رچاوم، كه‌ له‌ كۆمه‌ڵێ سه‌ده‌فی لووسی ڕه‌نگاوڕه‌نگ دروست كرابوو و له‌سه‌ر

سنگە سپییەکەی دەدرەوشانەوە... سەری تاڵەکانی قژە کورتەکەی دەگەیشتنە ئەوێ و نەدەگەیشتن، دیمەنەکەیان جوانتر دەردەخست و پێیان دەوتم من ئاسوودەم... حەزم دەکرد دەسکەمە ملیەوە و یەک بەیەک زمانیان پیادا بێنم... دڵنیا بووم تامی بارانی ناو خەونەکانمیان دەدا و گیانمیان پڕدەکرد لە وردە لەزەت... دەستم لێ دەدان و یاریم پێ دەکردن، بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی وەکو نوقوڵ بیانخەمە دەممەوە و بیانمژم... دوایی بیانکرمێنم و لەتوکوتیان بکەم... خۆ ئەو منی زۆر خۆشدەویست و دڵی نەدەشکاندم... دەیان جار لە حەمامەکە ڕووتی کردبوومەوە و بەئاوێکی شڵەتێن شتبوومی... لەوێش ملوانکەکەی دانەدەکەند و مووروەکان وەکو چەند بڵقێکی کەفاوەکە دەردەکەوتن... بڵقی کەفاوی ڕنگاوڕەنگ... ئای کە جوان بوون...!! تێکەڵ بەهەموو ڕەنگێکی دیکە دەبوون و بیرم لێیان دەکردەوە... ئەو ڕۆژەی ڕازاندیانەوە و بەبووکیان برد، سەرنجم لە ملوانکەی ملە سافەکەی و بازنی مەچەکە لووسەکانی و ئەمووستیلەی پەنجە باریکەکانی دەدا و لەژێر ئەو تارا تەنکەیەوە ڕێک لە کچی ناو چیرۆکەکەی دایکم دەچوو... ئەو خۆی بە ئاوی سپی و زەرد دادابوو و گیانی لە زیو و ئاڵتوون گیرا بوو... ئەو چیرۆکە چەندێ سەیر بوو...!! ئەو هەموو ڕەنگە چی بوو تیابووی و چۆن جێگایان بووبووەوە...؟! من هەمیشە بەزەییم بە کچە ڕەشەکەدا دەهاتەوە... لە دووانەکەی دی زیاتر بیرم لەو دەکردەوە... بۆچی خەڵک ڕقیان لە ڕەنگی ڕەشە...؟! ئەدی بۆچی سپییان خۆش دەوێ...؟! هەستم دەکرد ئەو سێ دەستە خوشکەی، کە نەمدەزانی لە کوێوە دێن و بەرەو کوێ دەچن، لە یەکتر دادەبڕێن و هەر تاکێکیان بە ڕێگایەکدا دەڕوات... ڕێگایەک، کە خۆشیان نازانن بەکوێیان دەگەیەنێت و چارەنووسیان چی دەبێت... چەند گوناح بوون...!! ئای چەند بۆیان دەگریام...!! دایکم وای دەزانی ئەو چیرۆکە مۆراڵێکی جوانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و دەیویست لێیەوە فێری یارمەتیدانی خەڵک بین... بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە تێیان ڕامێنین... جارێکیان پیرەژنێکی بێکەسی کۆڵانمان سەری دومەڵی لێ هاتبوو... هاتە لای دایکم، تا بۆی سەیر بکات و هەندێ لە قژەکەی بۆ ببڕێت... دایکم هەرچۆنێ بوو بەقێزەوە لێی ڕوانی، بەڵام بۆ ئەوەی قژی بۆ نەبڕێت، فێڵی لێ کرد... پێی وت مقەستەکەی ون کردووە و نایدۆزێتەوە... ناردی لە ماڵی خۆی مقەست بێنێت... ئیتر دەرگای داخست و لە ژوورەوە متەقمان لە خۆمان بڕی... ئەو لە قاپی دەدا و بانگی دایکمی دەکرد، بەڵام بێ سوود بوو... دایکم قێزی لە هەموو شتێ دەهاتەوە و دنیای سەرتاپا بەپیس دەزانی... لە ماڵی کەس نانی نەدەخوارد و ئێمەشی ئاوا ڕاهێنابوو... من چەندم حەز لە ماسی بوو، کەچی ئەو بەبینینی دڵی تێکهەڵدەهات و هەرگیز نەدەبووایە ڕێی بکەوێتە ماڵەکەمانەوە... چەند داماو بوو ئەو پیرەژنە... ئێمەش گوناح بووین... میکرۆب و پیسی بەسەر ماڵەکەمانیاندا دابوو و بەقێزکردنەوە بەرگریمان لە خۆمان دەکرد... چەند شەڕێکی بێ مانا بوو... کاممان زۆردار بووین و کاممان زۆر لێکراو...؟! قێزکردنەوە چییە...؟! بۆچی هەیە...؟! لە کوێوە دێ...؟! کەی دێ...؟! کەی دەڕوا...؟! لە چی دەچێت و لە چی جیایە...؟! پەیوەندیی نێوان ئەو و خۆشەویستی، ئەو و ڕق چییە...؟! دوایی دایکم، کاتێ ئەو پیرەژنە دەبینێت، چۆن سەیری دەکات و چی پێ دەڵێت...؟! کەواتە پەیوەندیی نێوان قێزکردنەوە و تەریقبوونەوە چییە...؟! دایکم ئەوسا ئاخی قووڵ قووڵی هەڵدەکێشا و چاوەکانی پڕبووبوون لە فرمێسک... ئەی خوایە گیان بێز و بەزەیی چی



یەکترن...؟! ئەو شتانە چین خەڵکینە، بۆچی منی منداڵ لێیان تێناگەم...!! من دەزانم ئێمە ئەو پیرەژنە نەگبەتەمان خۆش دەوێت، ئەدی بۆ ناتوانین یارمەتی بدەین...؟! بۆچی بەپیسی دەزانین...؟! پیرەژنی ناو چیرۆکەکەی بیردەخستمەوە... کۆڵانەکەمان ئاوی سپی، ڕەش، زەرد، سوور، سەوز، شین، پەمەیی و هەموو ڕەنگەکانی تری پیادا دەڕۆیشت و من دەمبینین، بەڵام نەمدەزانی دەبێ خۆمان بەکام ڕەنگەیاندا بدەین...!! ئەی ئەو پیرەژنە کام ئاوەی بەردەکەوێت...؟!

من بەڕاستی لە جیاکردنەوەی شتەکاندا زۆر کۆڵ بووم و لە نهێنییان تێنەدەگەیشتم... ڕەنگەکانیان سەریان لێ دەشێواندم و نەیاندەهێشت بیانناسمەوە... نەشمدەزانی ئەگەر ڕەنگەکانیان لێ جیابکرێنەوە، چییان بەسەر دێت و چۆن و بەچ شێوەیەک دەردەکەون... شتەکان چین و ڕەنگەکان چین...؟! کامیان لە پێش کامیانەوە هەبووە...؟! چۆن یەکیان گرتووە...؟! بەچی جیادەبنەوە...؟! کاتێ ئاوام دەوت، ئەو مانگایە ڕەشەی پشت ماڵی «ئامین ئۆرمزیار»ی نەنکمم بیردەهاتەوە، کە هێڵێکی سپیی کەمێ ئەستووری پێوە بوو... هێڵەکە لە پشتیەوە بەرەو ناوەڕاستی سکی هاتبووە خوارێ... ڕۆژانە لەگەڵ دەیانی دیکە لەو دەشتە فرەوانەی لە «کۆماری = جمهوری»یەوە دەستی پێدەکرد و نەرم نەرم بە قەراغی «ڕووناکی» و «مەنتکاوە»دا تێدەپەڕی، ئاسوودە ئاسوودە دەلەوەڕا و نەیدەزانی من چەند بیری لێ دەکەمەوە... تا چ ڕادەیەک پێی سەرسامم و چ بەشێکی گەورەی خەیاڵەکانمی بۆ خۆی دابڕیوە... ئەگەر لەناو تەمێکی سپیی کەمێ چڕدا بمدیبا، ئەوا وام دەزانی بۆتە دوو لەت و حەزم دەکرد بەنێوانیاندا بڕۆم... بڕۆم و بێمەوە... بڕۆم و بێمەوە.

بەیانییان نەنکم دەچوو لەو ماڵە ماستی دەکڕی و هەندێ جار منیشی دەبرد... سێ چوار کۆڵانی پێچاوپێچمان دەبڕی و دەگەیشتینە چۆڵەوانییەک... لەوێوە چەند هەنگاوێکمان بەسەر ڕێگا قوڕ و چڵپاوەکەدا دەنا و بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین دەرگایەکی داری پەرپووتی گەورە قووتی دەداین... وام دەزانی لە لادێم و ئەو بۆنە سەیرە، کە هی ڕیخ و گژوگیا بوو، دەیتوانی سنوورێک بێت لەنێوان ئەو تاقە خانووە و سەرجەمی گەڕەک... کەڵەشێرێکی سوور سوورم لەسەر دیواری حەوشەیاندا دەبینی و لێی وردەبوومەوە... پەڕەکانی بەشێوەیەک دەبریسکانەوە، دەتوت شەوان لەناو خۆردا دەنوێت و بەیانییان بەقەڵەمبازێکی شێتانە خۆی هەڵدەداتە خوارێ... وای چەند جوانە، کاتێ سنگی بەر ئەو زەویە ڕەقە دەکەوێت و هەر خێرا هەڵدەستێتەوە...!! ساتێکی کورت لەناو تۆزێکی تەنکدا گوم دەبێت و وردە وردە پەیدادەبێتەوە... ڕۆژیش ئاوایە، کاتێ هەورە تەنکەکان دایدەپۆشن... بەڵام من دەڵێم هێشتا ئەمەیان سەیرترە... ئەدی وا نییە...؟! ئەگەر ئێمە کەمێ زووتر بچووینایە، ئەوا بەچاوی خۆمان لەو دیمەنە دڵڕفێنەمان دەڕوانی و دەمتوانی بۆ منداڵانی گەڕەکمانی بگێڕمەوە... کوڕەکەیان لە من گەورەتر بوو و سەرە تاشراوەکەی دەبریسکایەوە، پێی وتم بەو چاوانەی بینیویەتی کەڵەبابەکەیان مارێکی کوشتووە... مااار...!! وااای...!! ماااری بەڕاااستی...!! هێنامە بەربینایيم، ئاخۆ چۆن چاپووکانە بەدەم ققووققووێکی تووڕەی درێژەوە لەسەر ئەو دیوارەوە خۆی بۆ هەڵداوە و چرنووکە بەهێزەکانی لێ گیر کردووە... بەدەندووک گرتوویەتی و لە خۆڵدا گەوزی پێداوە... جارێک و دووان و دە هەڵی بڕیوە و بەم

بەرد و بەو داریدا کێشاوە... لەتوکوت بووە و مریشکەکان پارچەکانییان قۆزتۆتەوە... شەوان ئەگەر لێفەکەم تا سەر چاوم بێنم و گیانم لە ژێریدا گرمۆڵە بکەم، بیر خۆمی دەهێنمەوە و ورد ورد پێیدا دەچمەوە... خەیاڵێکی وا هەندێک ترسناکە، بەڵام چێژێکی خۆشم پێ دەبەخشێت... کاتێکیش لە قووڵاییی خەودا ڕادەچڵەکم و چاوەکانم لەناو ژووره تاریکەکەدا هەڵدێنم، خێرا خۆم دەخزێنمە باوەشی دایکمەوە و دەستەکانم توند توند لە ملی دەئاڵێنم... ئەگەر پەڕە سوور سوورەکانی ئەو کەڵەشێرەی بکردایە بەکراس و بیپۆشیبا، ئەوا لەو تاریکاییەشدا دیاردەبوو و دەمتوانی بەچاکی بیبینم، بەڵام ئێستا تەنها بەپەنجەکانمدا دەزانم لە ئامێزیدام و گوێ لە هەناسەکانی دەگرم.... جامەکەی دەستی داپیرەم لە بەرتیشکی هەندێ کزی ئەو بەیانییە دەبریسکایەوە و ژنێکی ڕەشپۆش لێی وەردەگرت، کە ئەملا و ئەولای کوڵمەکانی و سەر چەناگەی لە شێوەی کۆڵلارە کوترابوون و بەدەنگێکی پیاوانە دەدوا... هەمدیس بیرم لە نهێنیی ڕەنگەکان دەکردەوە... چۆن لە شیری سپی و سووتووی ڕەشی ژێر مەنجەڵی چێشت ئەو نەخشە شینانە خوڵقاون...؟! کچێکی دراوسێمان تازە لە حەمام دەرچووبوو و هێشتا تاڵە ڕەشەکانی قژی دڵۆپەئاوی ورد وردی سپییان لێ دەچۆڕایەوە، لە پەنادیواری حەوشەی خۆیان دەستی چەپی گرتم و خستیە سەر ڕانی... دەرزیی لە گیراوەی شیر و سووتووەکە وەردەدا و قەراغی لای دەرەوەی ئێسقانە دەرپۆقیوەکەی مەچەکمی کردە نیشانە... خوێنێکی ڕەشم دەبینی بێزەوقانە لەوێوە دەردەچوو و بەدەم ئازارێکی پڕ لە چێژەوە بیرم لێی دەکردەوە... ئینجا نەشمدەزانی بۆچی ئەوسا تارماییی ئەو ژنانەم دەهاتە بەرچاو، کە بەعەبا و پەچەوە لە بەردەمی دووکانی ماستفرۆشەکاندا کۆدەبوونەوە و ماستیان دەکڕی... چەندێ سەیر بوو، کاتێ بەدوو پەنجەی ئەم دەستیان چمکێکی پەچەکەیان هەڵدەبڕی و بەدۆشاومژەی ئەوی دیکەیان ماستیان تام دەکرد...!! هەر ئەو کچەی مەچەکی کوتیم، جارێکیان وتی ژنی عەبابەسەر لە دواوە ڕێک بەبوتڵی شیر دەچێت... وای نەنە گیان چەندێ سەیرە، ئەگەر ئەو دووانە بەڕاستی لە یەکتر بچن...!! ئەمیان ڕەش و ئەویان سپی... ئەمیان گەورە و ئەویان بچووک... ئێستا لە پەنا ئەو دیوارەی خۆیاندا تێگەیشتم... شێوەیان وەکو یەک وایە... زۆر شتی جیاواز هەن لە یەکدی دەچن و ئێمە هەر نەشمانزانیوە... ئەدی ئەو خوێنە ڕەشەی سەر مەچەکم کەی وشک دەبێتەوە و ئەو ڕەنگە شینە کەی دەردەکەوێت...؟! بۆچی ئاوا بەپەلە بووم...؟! جار جار سەری هەڵدەبڕی و پێی دەوتم:

– ئەمن لۆیە ئێرەت لۆ دەکوتم، چونکە وەکی گەورە بووی، دێتە ناوەندی دەستت.

جا وایە...؟! بەڕاستی دێتە ئەوێ...؟! ئەگەر نەهات...؟! گلێنەکانی شین شین بوون و چاوی کچی بنکی ژێر پیاڵەکەمیان بیر دەخستمەوە... بۆ ساتێ وا چووە ئەقڵمەوە ڕۆژگارێ ئەو چاوانەی ڕەنگێکی دیکەیان هەبووە و بۆیان کوتیوە... وای دایکە گیان ئەم تەزووە چی بوو بەگیانمدا هات...؟! ئەو هەموو لەرزە بۆچی خزایە ناخمەوە...؟! ئەم ئازارەی دەیچێژم هی دەستی خۆمە یان هی چاوە ناسکەکانی ئەو، یاخود هی سیحری نهێنیی ڕەنگەکان...؟! نازانم...!! نازانم...!! منێکی منداڵی سێ چوار ساڵان کوا لەو لوغزانە تێدەگەم...!! ڕەنگ و ئازار و خوێن و لەزەت و دەیان شتی دیکە ئاوێتە بوون و خەیاڵەکانم بەملا و بەولادا دەفڕێنن... بۆچی ناتوانم دەستمی لێ بستێنمەوە و بەجێیبهێڵم...؟!



ئەنکم چاوەڕێیە ئەو ژنە جامێک ماستی بۆ بێنێت و من سەرنج لەو بێشکەیە دەدەم، کە لە هەیوان ڕێک لە سەرووی پەنجەرە لاکێشەییەکەدا هەڵواسراوە و کۆترە ڕەشەکان ناویان کردۆتە هێلانە... باوەڕم وایە کچە گەورەکەیان، ئەوەی کەزییەکی ئەستووری تا سەر سمتی هێناوەتە خوارێ؛ هەموو ئێوارەیەک پێش نانخواردن چاوەکانی خێل دەکات و لەو لانکە دەڕوانێت... لە بەربینابیدا دەبێتە مانگا و لەسەر ڕەفێک پاڵدەکەوێت... توێکڵی شووتی بۆ هەڵدەدات و ئەو بەدەمی زلی دەیقۆزێتەوە... چۆڕاوگەی لیکێکی کەمێ خەست لە شێوەی هێڵی زیویی زۆر باریک بە لالغاویدا دێتە خوارێ و بۆ سەر زەوی ڕێچکە دەبەستێت... ئەم لە ژێریدا دەوەستێت و بەسەر دەموچاویدا دەچۆڕێت... بەرەو ناو سنگی دەتکێت و تەزوو بە ناخی ناخی دڵیدا دەهێنێت... حەز دەکات هەموو گیانی لە چاوترووکانێکدا بتوێتەوە و ببێتە شلەیەکی سپی... چاوە ڕەشەکانی وەکو دوو سەرەمێکوتەی زل تێیدا مەلە بکەن و لە بەرتیشکی خۆردا جوان جوان بدرەوشێنەوە... دەستەکانی دەباتە ناو یاخەی کراسی تەنکی و بەردەوام دەڵێت:

– ئەی چێری سەر تاقچکەی هەیوانی خۆمان بەلیکاوەکانت بمتاوێنەوە و بمکە ئاوەکی بریقەدار.

دایکی لێی تووڕەدەبێت و بەدار تێی دەکەوێت... ئاخر ئەمە قسەیەکی ناشیرینە و نابێ وا بڵێت... هەموو گیانی شین و مۆر هەڵدەگەڕێت و برینەکانی دەکزێنەوە.... دەمویست بەو ژنە بڵێم لە ماستی ئەو چێڵە ڕەشەمان بداتێ، کە هێڵێکی سپیی بەناوەڕاستیدا کێشراوە و ئەگەر لەناو تەمێکدا لێی بڕوانی، وادەزانی بووە بەدوو لەتەوە، چونکو لەوانەیە هێڵێکی ڕەشی زۆر جوان بەبان سەرتوێژەکەیدا بێت و ئەوسا من چێژێکی سەیری لێ دەبینم، بەڵام لە ترسی ئەنکم نەمدەوێرا... ئاخر سەرودڵی دەگیرا، کاتێ کچەزاکەی نەفامانە دەدوا و قسەی هەلەقومەلەقی دەردەپەڕاند... نیوەڕۆی ڕۆژێکی سارد لە بەرامبەر عەلائەدینی ژوورەوە باسی ئەو خەڵکە ڕەشپۆشانەم بۆی گێڕایەوە، کە شەوێکیان بە ئەسپی سپییەوە هاتبوونە سەر گردەکەی پشت ماڵمان... لێم تووڕە بوو و پێی وتم:

– ئەتوو نابی هەر خەونەکی ببینی و دوایێ وەبزانی ڕاستییە... قسەی وەها بێ تام لە دەرێ بکەی، دەرێن شێتی.

لەگەڵ دەنگی پێی ئەسپەکان بێداربووینەوە و سەرمان لەسەر سەرینەکان هەڵبڕی... چاوە خەواڵووەکانمان لەناو تاریکاییدا هەڵهێنا... باوکم بەئەسپایی دەرگای ژوورەوەی کردەوە و هی حەوشەیش بەدوایەوە... گەڕایەوە و تەپەی پێکانیم دەبیست، کاتێ لەسەر پلەی قادرمەکەی دادەنان و خێرا خێرا بۆ یەکێکی تری دەگوێزانەوە... لە هاتنەخوارەوەدا نەغمەکەی گۆڕا و ترسناکتر دەهاتە گوێچکەم... خۆی کرد بەژووردا و بەشپرزەییەوە وتی:

– هەستن با بچینە سەر ئەو گردەی و بزانین ئەو خەرکە چنە لەوێ خڕبووینەوە...!!

نازانم چۆن گەیشتینە ئەوێ، بەڵام ئەوەی دەمبینی، ترسی دەخستە دڵمەوە... تەنها ئێمە چووین و خەڵکی گەڕەک لە خەوی قووڵدا پرخەیان دەهات... دەستەکانم توند توند لە کەمەری دایکم ئاڵاند و سەرم بەڕانیەوە نووساند... ئەسپەکان، چونکو سپی بوون، بەچاکی لەناو تاریکاییەکەدا دەردەکەوتن، بەڵام

بنیادەمە ڕەشپۆشەکانم بەحاڵ دەبینی... هەر دەتوت وێنەن و بەکاڵی لەسەر ڕووی ئەو شەوە تۆخەدا کێشراون... پیاوێکی کورتەباڵا دەهۆڵێکی زلی کردبووە ملیەوە و بە دوو دار دەیکوتی... من لەگەڵیدا بەبێ ویست قاچەکانم لەسەر ئەو زەویە هەڵدەگرت و دامدەنانەوە، کە وامدەزانی لیتەی قەراغ ڕووبارە و دەترسام وەکو کوڕی ناو چیرۆکەکەی نەنکم تێیدا ڕۆبچم... ئێمە ئەبڵەق ئەبڵەق لێیان ڕادەماین و نەماندەتوانی هیچیان لێ بپرسین... ئەوانیش بێدەنگ بێدەنگ جڵەوی ئەسپەکانیان گرتبوو و بەسەر ڕووی ئەو گردەدا بڵاوبوبوونەوە... بۆ ساتێ وا چووە ئەقڵمەوە ئەوانە ژن و پیاوی سەر مافووری قەد دیواری ژووری خۆمانن... تیتراوسکەکانیش بەردەوام لەو ئاسمانە دەیانوت:

– دی/ تی/ تم.

وای خوایە گیان چییان بینیوە...؟! ئامۆژنم چیرۆکی ئەو باڵندەیەی بۆ گێڕاومەتەوە و لێی دەترسم... دەڵێت چاوەکانی زۆر تیژن و دەتوانێت هەموو شتێکیان پێ ببینێت... ئەو کاتەی چاکە دەبینێت، بێ دەنگ دەبێت، بەڵام چاوی بەهەر شتێکی خراپ بکەوێت، دەجریوێنێت و هاوار دەکات: «دی/ تی/ تم»... لادێییەکان دەڵێن چونکە لە شاردا خراپە زیاترە، بۆیە تیتراوسک لە ئاسمانی ئەوێدا بەچرکە بێدەنگ نابێت، لە کاتێکدا لە لادێدا وا نییە و زۆر کپە.... ئێستا هەزارانیان بەجارێ لە ئاسمانی سەر ئەو گردەدا کۆبوونەتەوە و بەیەک دەنگ دەقیژێنن... چوار پیاوی کەتە چاڵێکی قووڵ و پانیان هەڵکەنی و ئافرەتێکیان خستە ناویەوە... ئینجا گەڕانەوە و بەو دەشتەدا تێپەڕین... ئای لەو ژنە سەیرە...!! نە قیژەیەکی لێوە هات و نە خۆی ڕاپسکاند... دوای ئەوەش ڕۆژانە دانیشتوانی گەڕەک دەهاتنە تەماشای و بەردیان تێدەگرت... گیانی خوێنی لێ دەچۆڕایەوە و هاوارێکی کزیشی لە دەم دەرنەدەچوو... هەندێکیان نانی ڕەقیان بۆ هەڵدەدا و لە هەوا دەیقۆزتەوە... هەر لەوێ منداڵێکی بوو و شیری مەمکە چەقەکانی دەدایە... ڕووتوقووت بەدرێژایی چاڵەکەدا گاگۆڵکێی دەکرد و دەنگیشی لێوە نەدەهات... سەرئەژنۆکانی خوێنیان لێ دەچۆڕایەوە و هەتاوی گەرم پێستی قۆڵ و ڕانەکانی دەسووتاند... پەنجەی دۆشاومژەی ملێچ ملێچ دەمژی و دوای تاوێ خەو دەیبردەوە... ئەو شەوە بینیم دەیویست بەقەدی چاڵەکەدا سەرکەوێ... هەندێک بەرزدەبووەوە و لەپڕ دەکەوتە خوارێ... کاتێ زانیم من تەنیام و ئەو دەوروبەرە تاریکی دایپۆشیوە، زیرەم کرد... هەڵدەهاتم و چاوم بەرپێمی نەدەبینی... دەترسام بکەومە ناو چاڵەکەوە و ئەو ژنە بمخنکێنێت... شەوانە لە بەرامبەر مافووری قەد دیواری ژوورەوە دادەنیشتم و بیرم لێیان دەکردەوە... ڕەنگەکان تێکەڵ بەیەکدی دەبوون و دەیان شتی سەیروسەمەرەیان لێ دەخولقا... ئەوسا دەمتوانی دەستم ڕاکێشم و بەسەری پەنجەکانم بیانگرم، بەڵام خەوم لێ دەکەوت و لەوێش وازیان لێم نەدەهێنا... دەبوونە بیرۆکەی ئاڵۆز و ڕابردوویەکی دیکەیان بۆ دەخولقاندم... کاتێ دەمگێڕانەوە، باوەڕیان پێ نەدەکردم و بەشێتیان دەزانیم... تەنانەت نەنکیشم نایەوێ گوێم لێ بگرێت، ئەگەر پێی بڵێم بەچاوی خۆم بینیم لەناو چاڵێکی پشت ماڵمان ژنێک منداڵی بوو.... ئێستا ئەگەر بهێڵێت من تا ماڵەوە ئەو جامە ماستە هەڵبگرم، ئەوا بەربینابییم لێڵدەکەم و بەدەم ڕۆیشتنەوە سەرنجی لێ دەدەم، بەشکوو هێڵێکی ڕەش بەسەر قەیماغەکەیدا بێت و وەکو جوانترین نەخش پیشانی بدەم... پێی دەڵێم ئەوە هی ئەو مانگا ڕەشەیە، کە



هێڵە سپییەکەی پێدا هاتووە، بەڵام ڕازیی نابێت و بۆ خۆشیی پێم دەڵێت:

– ساتمەی دەکەی و بەردەبیەوە... ماستەکە بەسەر دەموچاوتدا دەڕژێ و وەکی مەیموونت لێدێ.

لە قسەی دەرناچم... لەبەرئەوە نا، کە منداڵێکی ئاقڵ و گوێڕایەڵم، بەڵکو دەترسم چیتر بۆ ئەملا و ئەولام نەبات... کاتێ دەچینە ماڵی «پوورە بەدیعە»ی خزمی لە «گەڕەکی عارەبان»، پێش هەموو شتێ ستوونی هەیوانیان سەرنجم ڕادەکێشێت... وا دەزانم گلێنەکانم وەکو دوو زیکزیکە فڕیون و بەوێوە نووساون... هێڵێکی ڕەش و یەکێکی سپی... هێڵێکی ڕەش و یەکێکی سپی... هێڵێکی ڕەش و یەکێکی سپی... بلووزی «نەجوا»ی کچی «مامۆستا غالب مقەللەم»ی دراوسێشیان ئاوایە... یەکەمجار ئەو ناوەم بیست، چەند پێکەنیم... «پوورە بەدیعە»ی خزمی نەنکم وتی ئەو پیاوە پشیلەی لە ژن و منداڵەکانی زیاتر خۆش دەوێت... تەنانەت کاتێ دەچێتە لای بەرگدروو، پشیلەکەی دەبات، بۆ ئەوەی قوماشێ لە ڕەنگی پێستی ئەو هەڵبژێرێت و بیکاتە قات... نەنکم دوو بۆکسی سووکی لە پشتم دا و پێی وتم:

– بەس پێبکەنە، با وەکی ئەوێ جارێ لە خۆ نەچی.

هەر لە «پوورە بەدیعە»یشەوە زانیمان ئەم چەند تووڕەیە و چۆن دڵڕەقانە وەردەگەڕێتە گیانی کوڕە گەورەکەی... بۆیە ئەویش جارێکیان لە داخا قوڕگی یەکێ لە پشیلەکانی گرتووە و خنکاندوویەتی... ئەم دەستی داخکردووە و خوێشی سێ ڕۆژ دەمی لە هیچ نەداوە... من لێی دەترسم و ناوێرم لەو چاوانەی بڕوانم... «نەجیبە»ی خوشکی چەند قسەی خۆشە...!! دووکانێکی هەیە و زۆربەی کات گوێ لە گۆرانیی ئەو ڕادیۆ بچکۆلەیە دەگرێت... ئەگەر کەسی گەورەی لێ نەبێت، ئەوا بەدەنگی خۆشی لەگەڵیان دەڵێتەوە... زۆربەشیان بەسەر «ئامین»ی نەنکمدا وتراون... خۆزگە دەمزانی بۆچی گۆرانیبێژان ئەوەندە داپیرەمیان خۆش دەوێت و بەجوانییەکەیدا هەڵدەڵێن... لێی دەپاڕێنەوە و خۆیانی بەقوربان دەکەن... هەر دەنگێ لەو ڕادیۆیەی «پوورە نەجیبە»وە بێتە دەرێ، دڵگیرە و دەموروژێنێت... «سەوسەن»ی کچیم لە سەربان ناسی و بووینە هاوڕێ... میزەڵدانێکی سووری تاریکم لە دایکی کڕی و بۆ یەکترمان هەڵدەدا... هیوام دەخواست بەرز بەرز ببێتەوە و لەو ئاسمانە بێگەردەدا وەکو ئەستێرە پڕشنگ بدات... کونێکی تێبوو و بۆیم بردەوە... وەریگرتەوە و دانەیەکی دیکەی دامێ، بەڵام وتی:

– دە بڕۆ دەی، بەس جارەشکە بێیەوە، لۆت ناگۆڕم.

ئاخر خەتای من نییە، ئەو میزەڵدانانە خراپن... ئەوە جاری چوارەمە بەسەری دادەمەوە... نەنکمی خۆشدەوێ، ئەگینا ڕازیی نابێت... ئێوارە کاتێ ڕۆیشتین، داپیرەم بەگاڵتە پێی وت کچەکەی بداتە من... ئەو قاقایەکی بەرزی لێدا و وتی:

– هەر ئەوە مابوو وەکی دەبدەبەکان لۆم بینتەوە و بلێ کونە.

بەناو سەوزەگیای دەشتە فرەوانەکەی ئەو بەهارەدا هەنگاوی سووک سووک بەرەو وێستگەی پاسی ئیسکان دەنێین... لێرە و لەوێ بەرخی سپی و ڕەش دەلەوەڕێن و لە نەخشی سەر مافوور دەچن... گوێچکەکانم پڕن لە دەنگی «پوورە نەجیبە» و «سەوسەن»ی کچی و هەنگاوم لەسەر نەغمەکانیان

ڕێکدەخەم... سنەوبەر و چنارەکانی قەراغ شەقامەکە کۆمەڵێ ژنی باڵابەرزی لادێیین و سەبەتەی میوەیان خستۆتە سەر سەریان... دەیانبەن لە بازاڕێکی دوور دوور دەیانفرۆشن و نازانم کەی دەگەڕێنەوە... من ئاوایان دەبینم، بەڵام خۆ ناتوانم بەکەسی بڵێم... «سنەوبەر» و «چنار» کچی «پوورە خاتوون»ی گەڕەکی ماڵی نەنکمن و دوور لە «مام موراد»ی باوکیان دەژین... لە کۆڵانان شرووب دەفرۆشن و وردەی ناو گیرفانی عەزیەکانیان بەشێوەیەکی زۆر خۆش دەزرنگێنەوە... «کۆماری» ئەوەندەی کچی شرووبفرۆش لێیە، سوور دەچێتەوە... ئەگەر شەوان هەموویان وەکو ئەستێرە بدرەوشێنەوە، سەرتاپای شار ڕووناک دەکەنەوە... «کوردستان»م لە هەموویان زیاتر خۆش دەویست و حەزم لێیە هەر لەوی بکڕم.. کەچی ئەو ڕقی لێمە و پێم دەڵێت من نازانم شرووب بخۆم.. ئەگەر بایی پێنج فلسم بوێت، ئەوا بایی پەنجاییەک تێک دەدەم.. پەنجە بزێوەکانم بلّقە سوورەکان دەتەقێننەوە و ئیتر کەسی تر بێزی نایە بیانخوات.. ماکسییە زەردەکەی ئەو لەلای پێشەوەی ڕێک لە خوار ناوکی، خۆ من ناوکیشیم لێ دیار نییە، گیرفانێکی گەورەی ڕەشی هەیە و قەیتانی سووریان بەقەراغەکەیدا گرتووە.. گوێم لە دوو کوڕی گەورە بوو، دەیانوت دایکی بەقەستی ئەو گیرفانەی لەو شوێنە بۆ کردووە، تا کوڕان شرووبی لێ بکڕن.. شەرم ڕێی پێ نەدام بپرسم ئەو قسەیە چ مانایەکی هەیە.. نازانم بۆچی لە بەرچاوی من ئەو گیرفانەی «کوردستان» لە دەم و لووتی مانگا دەچێت.. بەدیقەتەوە لەو پەنجە ئارداوییانەی دەڕوانم، کاتێ پارەکەم لێ وەردەگرن و بەرەو ئەو درزەی دەبەن، کە قەراغی بەقەیتانی سوور تەنراوە.. پێم خۆشە دەستی پیا بکەم و دەریبهێنم.. دەستی پیا بکەم و دەریبهێنم، بەڵام لە ڕووم نایەت.. وادەزانێت پارەی لێ دەدزم.. هەموو کەسێ باوکی ئەو نییە، دز بێت.. شەوان دەموچاوی خۆی دەپێچا و چەکێکی بەدەستەوە دەگرت.. بەسەر ماڵانی دادەدا و ملوانکە و گوارە و ئەموستیلەی ژنانی دەبرد.. ئەگەر هیچی دەست نەکەوتایە، بێشکەی منداڵانی لەژێر پێلەقە دەنا و پارچەکانی دەڕفاند.. جارێکیان ویستی «قەومی» بدزێت و «حەرەسەکان دایانە بەر گوللە.. لە خوێندا گەوزاندیان و لە یەخەی خەڵکیان کردەوە.. ئەمەم بۆ دایکم گێڕایەوە و توورە بوو.. وتی: «ئەوەی پاسەوان بیکوژێت، مانای وا نییە دزە.. ئەو قسانە هی نەفامانە.. تۆ نە لە حەرەس تێدەگەیت و نە لەقەومی.. ئەوانە هەزاران کەسی بێتاوانیان کوشت.. ویستیان لە بەردەرگای خۆمان خاڵت جەوهەر بدەنە بەر گوللە.. حەرەس قەومی کۆمەڵێ چڵکاوخۆر بوون.. دەزانی چڵکاوخۆر چییە..؟! مراوییەکانی ماڵی «مام سەعوولە» دەچنە ناو جۆگەلە قووڵەکەی بەناوەڕاستی کۆڵاندا دەڕوات و دەنووکی پانیان تێ دەخەن.. قوڕاوە ڕەشەکە هەڵدەمژن و دەنگێکی سەیریان لێ بەرز دەبێتەوە.. ئامۆژنم باڵندەی خۆشدەوێت، بەڵام تەنها ڕقی لە مراوییە، چونکوو لە هەموو ئاوێکدا مەلە دەکەن، جا ئەگەر لێی بپرسم، ئاخۆ دەبێت لەبەر شتێکی ئاوا بچکۆلە چارەی نەوێن، ئەوا ئەو سەری دەلەقێنێتەوە و پێم دەڵێت:

– ئەتوو لەوەی تێناگەی.

«کوردستان» لەسەر بەردێکی گەورە دانیشتووە.. سینیی شرووبی خستۆتە بان ڕانەکانی.. ئاوی سوور لەو شرووبانەوە هەڵدەقوڵێن و لەسەر زەوییەکە جۆگەلەیەک پێکدەهێنن.. ڕەوتی جۆگەلە خوێناوییەکە



بەرەو خوارەوە مل دەنێت.. بەژێر درەختەکاندا تێدەپەڕێت و دەگاتە دەشتێک.. بەناوەڕاستی خانووە قوڕەکاندا پێچ دەخوات و ناوەستێت.. دەڕوات و دەڕوات.. نازانم لە کوێ کۆتایی دێت.. لە نزیکی منەوە مراوییەکان دەندووکی پانیان تێ دەخەن.. لەولاتر گابەردە سپییەکانی ئەمبەر و ئەوبەر دەنەخشێنن.. دەیان وێنەی سەیر سەیریان لەسەر دەکێشن.. نەخێر ئەوانە بەرد نین.. کۆمەڵێ ژنن.. جلی سپییان پۆشیوە و چاوەڕێی پیاوەکانن، تا بەئەسپەکانیان بێن و بەرەو دوور دوور بیانبەنەوە، بەڵام تازە ئەگەر بیشیەن، نایانناسنەوە، چونکوو بەو هەموو وێنەی مراوییەکان بەڕەنگی سوور لەسەر گیانیان کێشاویانە، سیمای ڕاستەقینەیان گۆڕاوە.. شتەکان لە خەوندا ئاوا دەگۆڕێن.. ژوورەکەت پڕیەتی لە قالۆنچە.. گسکێک بەدەستەوە دەگریت و دەیانکەیتە دەرێ.. لەوێ دەبنە پۆلێ قەلەڕەش و بەسەر ئاسمانی دەشتێکدا هەڵدەفڕن.. یان مێرووولەکانی ژێر پێت زۆر لەپڕ بۆ کۆمەڵێ گا و ئەسپ دەگۆڕێن و دەتپلیشێننەوە.... ئامۆژنم پێم دەڵێت:

– خەونەکانی توو هەمووی بەشرووبی وەیە، ئەمن چ لێیان تێناگەم.

«سنەوبەر» و «چنار» چوون بۆ شوێنێکی دوور دوور و تاریکاییەکی ڕەش ڕەش دایپۆشین... تەنها ئارد و شرووبەکانیانم دەبینی... ڕەوەیەک باڵندەی سپی سپی لە ئاسمانەوە دابەزین و دانە دانە هەڵیاندەگرتن... بەرزدەبوونەوە و وەکو فسفۆر دەبریسکانەوە... خەویان لێ خستم و بنمیچەکەمان سەدان شرووبی پێوە دەبینرا... دڵۆپ دڵۆپ تکانە سەر زەویەکە و نەخشاندیان... دەتوت مافوورێکی نایابمان کڕیوە و پڕاوپڕی ژوور دامانخستووە.... ئەوا نەنکم دانەویەوە و لەنێوان گیاکاندا مێروویەکی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوانی دۆزیەوە... هێندەی گلێنەکانی چاوی «سەوسەن» دەبێت و نابێت... بەهەردوو پەنجەی گەورە و دۆشاومژەی دەستی ڕاستی هەڵیگرت و خستیە سەر لەپی چەپی... هێنایە نزیک چاوم و وتی:

– ئەوە قازیبازاڕە.

چەند سەیرە مێرووویەکی ئاوا بچووک ناوێکی گەورەی حەفتا بەقەدەر خۆی هەیە... نەمدەزانی ئەو خەڵکە بۆچی هاتنە ماڵی «مام جەبار» و ئەو شەربەتە زەردەیان خواردەوە... دواییش ژنان وتیان لای قازی مارەی «فەتحیە»یان بڕیوە... خۆ من هیچ لەوە تێنەگەیشتم، بەڵام کاتێ بەشەرمەوە لەژێر تارایەکی تەنکی سپیدا هەنگاوی کورت کورتی دەنا و لە ماڵ بردیانە دەرێ، سیمای لێفە و سەرین و دۆشەگی دوونەفەریم دەبینی و تەزووێکی سەیر بەگیانمدا دەهات.... نەنکم قازیبازاڕەکەی خستە ناولەپم... ختووکەم دەدات... درۆ ناکەم، هەندێ بێزیشم دەبێتەوە... من چەند منداڵێکی سەیرم...!! قێزم لە شتی جوان دێتەوە...!! لەگەڵ خۆم دەیهێنم و سواری پاسی دەکەم... لە جامەکەوە دەڕوانمە دەرێ... ئەوە پاسەکەیە چنار و سنەوبەرەکان یەک لە دوای یەک بەجێدێڵێت، یاخود ئەوانن بەلای ئێمەدا تێدەپەڕن و نازانین بەرەو کوێ سەریان هەڵگرتووە...؟! قازیبازاڕەکەی ناو دەستیشم وەکو خۆم حەپەساوە... لە ماڵەوە دەیخەمە ناو شووشەیەکی سووری دەرمانەوە... کاتێ لێی دەڕوانم، بەشێوەیەکی جیاواز دەکەوێتە بەرچاوم... شەو بەخەیاڵیەوە دەنووم و دنیایەک خەونی پێوە دەبینم، بەڵام بەیانی ڕەقبۆتەوە... دەبێتە

قوربانیی ڕەنگەکانی... بەلای دەیان مێرووودا تێپەڕین و تەنها ئەو سەرنجی ڕاکێشاین.... باشە «پوورە فەتحیە» بۆ ئاوا زوو کوژرا...؟! ئەریٚ لەبەر جوانییەکەی بوو...؟! ئایا هەموو ئەو کیژانەی بەشوو دەدرێن، وەکو ئەم دەکوژرێن...؟! نە ء... دەیان کچ هەر لەو گەڕەکەی ئێمە بەبووک چوون و تا ئێستاش ماون... دەمەویٚ بزانم کاتیٚ بەچەقۆ سکیان هەڵدڕیوە، تارا سپییەکەی پێوە بووە... تۆ بڵێیی ڕەنگی خوێن و هی تارا و ئاڵتوونەکانی وەختیٚ ڕژاونەتە یەکدیەوە، لە شێوەی قازیبازاڕێکی زل دەریاننەخستبێت...؟! من ئەگەر لە دیمەنێکی ئاواهی بڕوانم، قێز دەکەمەوە، یان بەزەییم پێیدا دێتەوە...؟! دەڕشێمەوە، یان دەگریم...؟! نازانم... نازانم... ئەدی نەموت هیچ لە ڕەنگەکان تێناگەم...؟!

ئەو جارە ژنێکی سپیپۆش لە ئاگردانی ماڵەکەیان بەپشقل نانی تیریی برژاندبوو... من سەیرم کرد و وامزانی مێوژە... حەپەسام و بەئامۆژنم وت، کە ئەو ژنە چەندی مێوژ سووتاندووە...!! ئەو پێکەنی و هەر زوو زوو بۆ ژنانی دیکەی گەڕەکی دەگێڕایەوە... ئەریٚ ئامۆژنە دڵەکەم بۆچی من ناتوانم مێوژ لە پشقلی سووتاو جیاکەمەوە...؟! هەر لەبەرئەوەیە، هەردووکیان ڕەشن...؟! ئای ڕەنگەکان چەندیٚ سەیرن و من هیچیان لیٚ تێناگەم...!! کامیان لە کامیان باشترە...؟! وا چۆتە ئەقڵمەوە شتە سپییەکان مێن و ڕەشەکانیش نێرن... کاتیٚ بەیەکەوەیان دەبینم، تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دێت، بەڵام لە ڕووم نایە بەکەسی بڵێم... خۆ ئەگەر قسەیەکی ئاوام لە دەم دەربچێت، هەر لێم نابڕنەوە... پێم دەڵێن گێلم و هیچ نازانم... دە ئاخر من سەرم لە نهێنیی ڕەنگ دەرناچێت... کەی تێدەگەم و بۆم ڕووندەبێتەوە...؟!

دەرکەوت ئەو دوو کوڕەی منیان بانگ کرد و لە ناوەڕاستی خۆیانیان دانام، دراوسێی ماڵی نەنکمن لە گەڕەکی «کۆماری» و لەویٚ منیان بینیوە، نەک لە قەراغی گۆمی پشت ماڵمان، کە ڕاوی پوشکەبەقنگە ڕەنگاوڕەنگەکانمان لیٚ دەکرد... زانیم بران و «دڵشاد» و «سەردار»یان ناوە... شەرم ڕێی نەدام بەجوانی دیقەتیان لیٚ بدەم، ئەگینا هێندە لە یەکدی دەچوون، یەکسەر دەمزانی کوڕی یەک دایک و باوکن... لای ئەوان هەستم بەئاسوودەیی دەکرد، بەڵام مامۆستا لەوێی لابردم و هێنامی بۆ پێشی پێشەوە، چونکو بچووکترین قوتابیی ئەو پۆلە و هی سەرتاپای قوتابخانە بووم.

یەکەم ڕۆژ فێری گۆرانیی «دایەی شیرین»یان کردین و هەمووومان تێکڕا دەمانوتەوە... من چاک لەو گۆرانییە تێنەگەیشتبووم و لە ماڵەوە، لەجیاتی «خوا بتپارێزیٚ دایە»، وتم: «خوا نەتپارێزیٚ دایە»... دایکم پێکەنی و بۆی ڕاستکردمەوە... ئینجا دەستەخوشکەکانی تێگەیاند و دەبووایە بەشێوە هەڵەکە بۆیان بڵێم، تا پێبکەنن.

لەسەر کورسییەکان منداڵی سەیر سەیر دانیشتبوون و بەجلوبەرگیان دەتزانی هەر یەکەی هی کام گەڕەکی ئەو دەوروبەرەیە... سیٚ چوارێکیان هەر لەو گەڕەکەی ئێمەوە هاتبوون و من پێشتر دەمناسین... لەوانە «فەرهاد مراد» و «عومەر عەلی بابا» و «ستار قادر» بوون... یەکەمیان زۆر زیرەک و دووەمیان مام ناوەندی و سێیەمیان ئێجگار تەمەڵ، بەڵام لە هاویشتنی دارلاستیکدا نیشانی زۆر ڕاست بوو... جارێکیان بێچووە چۆلەکەیەکی گرتبوو و چەند هەنگاویٚ لە دووری خۆی دانابوو، بۆ ئەوەی دایکەکەی بێت بۆ لای و ئەو بەدارلاستیک بیکوژێت... دایکی بەترس و لەرزەوە هات و ویستی بیباتەوە... «ستار»



بەردێکی بۆ هاویشت و بەر بێچووەکە کەوت... جا چونکو زۆر لە نزیکەوە لێی دا و ئەویش تا بڵێیی ناسک بوو، لوولی کرد و لە خوێنی خۆی و خۆڵە داخبووەکەی سەرەتای ئەو هاوینە پڕووکێنەرەی بەردەمی ماڵەکەیاندا گەوزاندی... دایکەکە بەجریوەجریو هەڵدەفڕی و دەهاتەوە... لە هیچ شوێنیٚ خۆی نەدەگرت و تەواو شێت بووبوو... من هەرچەند لە پۆل «ستار»م دەبینی، ئەو دیمەنەم بیردەهاتەوە و دەمم ئاوی دەکرد... بێچووەچۆلەکە خوێناوییەکە چەند لە عەمبەروەریدی ئەو پیاوە چرووساوە دەچوو، کە لەناو تەشتێکی زۆر تایبەتیدا دەیفرۆشت و بەشێوەیەکی چەند بڵێیی سەیر بانگی دەکرد... دارێکی بچکۆلەی دەخستە ناویەوە و هەندێکی لە سەرەکەی دەئالاند... لە لەیمۆندۆزیەکەی وەردەدا و دەیدایە دەستمان... لیک بەلێوماندا دەهاتە خواریٚ و شێوەی قسەکردنەکانمان تەواو دەگۆڕان... هەر دەتوت تازە زمانمان گرتووە و نازانین ناوی شتەکان بەدروستی بڵێین... دواییش دارەکەمان دەخستە نێوان دانەکانمانەوە و لەتوکوتمان دەکرد... «ستار» هەرگیز نەیدەزانی ئەو بێچووە چۆلەکەیەی کوشتی، لە چی دەچوو، بەڵام بەراستی نیشانی زۆر ڕاست بوو و حەزی دنیای لە بەخێوکردنی باڵندە دەکرد.

«ئەکرەم شینە»یش کوڕێکی ڕۆحسووک و قسەخۆشی پۆلەکەمان بوو... ماڵیان لەوبەری ماڵی ئێمە بوو و تەمەنی لە دە ساڵ کەمتر نەبوو... ئەویش کوڕی پیاوێکی هەژار بوو و ناخۆشیی زۆر بینیبوو... لە هەموومان گەورەتر بوو و کراسێکی چڵکن و شەرواڵێکی دڕاوی دەپۆشی... جا چونکە ناوەکەی بەئەلف دەستی پێدەکرد، یەکەم کەس بوو لە لیستەکەدا... کاتیٚ ناوەکانیان خوێندەوە، بەو دەستیان پێکرد:

– ئەکرەم شینە...!!

تا تینی تێدابوو وتی:

– هۆ...!!

– قوزەرقورت... بریٚ بەریٚ.

– بەریٚ.

مامۆستاکەمان «ئەلیاس»ی ناو بوو و کەمیٚ گوێچکەی قورس بوو، بەڵام تا بڵێیی لێهاتوو بوو و شارەزاییەکی زۆری لە پیشەکەیدا هەبوو... کاتیٚ شتێکمان دەوت، ئەو گوێچکەی لە دەممان نزیکدەکردەوە... من زەندەقم لەو جووڵەیەی چووبوو... ئەوسا چاوەکانی زەقتر دەردەکەوتن و وێنەی خۆمم بەبچووکی تێدا دەبینین... بمتوانیایە پەنجەکانم بەسووکی درێژدەکردن و دەرمدەهێنان... بە کەتیرە و تێپی ئاویی لە بەرگی کتێبەکەمم دەدان و لای هاوڕێکانم خۆمم پێوە دەنوواندن... وێنەی قوتابیی شەرمن و زارەترەکی ناو چاوەکانی مامۆستا... ئای چەند دیمەنێکی سەیریان دەبوو، بەڵام ئاخ نەمدەوێرا وا بکەم...!!

هەر جاریٚ ئەو گوێچکەی لە دەمم نزیک دەکردەوە، من کەمیٚ دووردەکەوتمەوە و لە شپرزەییدا هیچم بۆ نەدەوترا، یان بەهەڵە دەمخوێندەوە، ئیتر ئەو کوڵمی دەگرتم و زللەیەکی قایمی پیادا دەکێشام... وامدەزانی میزم کردووە بەخۆمدا و وا بەسەر ئەو کاشییانەدا ڕێچکەی بەستووە... ئەمە ئەوەندەی دیکە دەیترساندم و ڕەنگی بەبەرەوە نەدەهێشتم، کەچی دوایی کاتیٚ بەدزییەوە دەستم لە ناوگەڵی خۆم دەکوتا،

وشک وشک بوو... من دڵم ئەوەندە ناسک بوو، تەنها سەیرکردنێک، مۆڕەیەک، ورتەیەک بەس بوو تا دەستکەم بەگریان... جا زۆر بەزەحمەتیش ژێر دەبوومەوە... ماوەیەکی زۆر هەر هەنسکم دەدا و لەگەڵیدا دەهەژامەوە... لە ماڵەوەش کاتێ باوکم دارکاریی دەکردم و زیڕەی لێ هەڵدەستاندم، پشتم بەدیوارەکە دەدا و ئاوا بەردەوام هەنسکم هەڵدەدا... پشتی سەرم بەر دیوارەکە دەکەوت و زۆر ئازاری دەدام... نەشمدەوێرا بجووڵێم و دوورکەومەوە... دەشمزانی ئەگەر دیوارەکە نەبووایە، بەپشتدا دەکەوتم و ئەوسا بەردەوام تەختی سەرم لە بان کۆنکرێتە ڕەقەکە هەڵدەپەڕی... بەقەدەر هەڵووژەیەک دەئاوسا و شەو نەمدەتوانی بیخەمە سەر سەرینەکەم... «عەلی کۆخە»یش وەکو من وابوو... هەر کاتێ بچوایەتە سەر تەختەڕەش، دەستی دەکرد بەکۆکەک و هیچی بۆ نەدەوترا... ئیتر مامۆستا بەزللە تێی دەکەوت و دەبوورایەوە... من لەسەر حاڵی خۆم، بەزەییم پیادا دەهاتەوە... دراوسێی ماڵی نەنکم بوو و باوکی مردبوو... دایکە کلۆڵەکەی و خوشکە وریاکانی لەسەر سینیی زل شرووبیان دەفرۆشت و بژێویی خۆیانیان پەیدا دەکرد... بەکوردی و بەتورکی دەدوان و من دەیان جار شرووبم لێ کڕیبوون... چاوی قازەکانی پشت ماڵی نەنکمم بیردەکەوتەوە و زیاتر لەزەتم لێ دەبینین... جارێکیان خوشکە گەورەکەی لەسەر چوارڕیانێکی ناو بازاڕدا سینییەک شرووبی خستبووە بەردەمی خۆی و دەستەیەک پۆلیسی هاتوچۆ دەوریان لێ دابوو... چوارمشقی دانیشتبوون و وەکو منداڵ بەپەنجەی دۆشاومژەیان دەیانخوارد... ئۆتۆمۆبیلەکانیش لە هەر چوار لاوە وەستابوون و هۆڕنیان لێ دەدا... ئەوان گوێیان پێ نەدەدان و دەستیان لە خواردنی شرووبەکان هەڵنەدەگرت... چەند دیمەنێکی سەیر بوو و لە منیش زیاتر کەس نەدەحەپەسا... کاتێ بێداریشبوومەوە و زانیم خەونە، هێشتا هەر بەلامەوە پێکەنیناویی بوو و هەر زوو زوو بۆ دایکمم دەگێڕایەوە... «عەلی کۆخە» و «عەبدوللا»ی برای لەو پۆلە ئەو خەونەیان بیردەخستمەوە و خەیاڵەکانم بەجێیاندەهێشتم... دەمم ئاوی دەکرد و بەلیوٚمدا دەهاتە خوارێ... ئامۆژنە گەورەکەم ئامۆژگاریی دەکردم، کە شرووبی کۆڵانان نەخۆم، نەوەکا گەڕوگول ببم، بەڵام من نەوسن بووم و خۆم بۆ نەدەگیرا... ڕەنگێکی جوان و تامێکی خۆشیان هەبوو و حەزم لێ دەکردن... کاتێ بە پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستم دەمتەقاندن و لە ئاردەکەم وەردەدان، لەزەتێکی سەیرم دەبینی و تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دەهات... نەوسنییەکەی من سنووری نەبوو... جارێکیان وڕکم بۆ ئەو ترێ نایلۆنە گرت، کە بەبنمیچی ئۆتۆمۆبیلەکەی «ئیسماعیل»ی ئامۆزای دایکمدا شۆڕکرابووەوە و بەشێوەیەکی زۆر جوان دەلەریەوە... ئەویش هێشوویەکی بچکۆلەی بۆ لێکردمەوە و بەڕووی خۆشەوە دایمێ... دانە دانە دەمخستە نێوان ددانەکانمەوە و گازم لێ دەگرتن... ئامۆژنم بیزانیایە، خەفەتی دەخوارد و سەرزەنشتی دەکردم، کە من منداڵێکی وریا نییم و ترێی ڕاستەقینە لە هی نایلۆن جیاناکەمەوە.

منداڵانی «بەلاشاوە» و «سەیداوەی ئەوبەر»، واتە هی خانووە قوڕەکان، زیرەک بوون، بەڵام تا بڵێی پیسوپۆخڵ بوون... بۆنی ناخۆشیان لێ دەهات... ئەگەر یەکێکیان تەنگاو بووایە، ڕێک و ڕەوان دەیوت:

– مامۆستا بچم گووەکی بکەم...؟

ئەم پێی دەوت:



– دانیشە بێ ئەدەب.

ئەو دەستی دەگرت بەملا و بەولای سمتی خۆیەوە و دەیوت:

– مامۆستا یەک گوو بەسەری توو، زوو دێمەوە.

– کورە وسبە هەی بەقوربانی سەگی گڕوو بی.

– ئەخر ئەگەر بەخۆمدا کرد، لە ملی تووە.

من هەرگیز نەمدەوێرا شتی ئاوا بڵێم... بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، زۆر ئاقڵێش بووم، بەڵکو شەرمم دەکرد و دەترسام... کوڕێکی عەشیرەتی برادۆستی، کە بە«سۆفی» ناسرابوون و دەوڵەت پێش بەیاننامەی یانزدەی ئازار لە ئیسکان نیشتەجێی کردبوون، لای من دادەنیشت و زۆر تەممەڵ بوو... ناوی «یاسین» بوو و لەبەر دەبەنگی بە«یاسینی گۆلکێ» بانگیان دەکرد... واتە «یاسین گوێرەکە»... دەفتەرەکەی دەخستە بەردەمم و پێی دەوتم بۆی بنووسمەوە... منیش هەر لە خۆمەوە هێڵم بەسەردا دەهێنا و لە یەکەم لاپەڕەیەوە تا دوا لاپەڕەیم بەهێڵی سەیر سەیری وەکو تەلی حاجەت بۆ ڕەش دەکردەوە... ڕۆژی دەفتەرێکم بۆ تەواو دەکرد... ئینجا لە ماڵەوە، یان لە ڕێگای قوتابخانە بۆ خوشکە گەورەکەمم دەگێڕایەوە، کە زۆر جار لەجیاتی دایکم، ئەو بەکۆڵ دەیبردمەوە ماڵ... ئیتر بەجووتە پێدەکەنین و قاقامان لێدەدا.

هەندێ لە سۆفییەکان زۆر شەڕانی بوون و خەڵکی گەڕەکەکانی دەوروبەری خۆیان تەواو هەراسان کردبوو... چونکە لە شاخوداخەوە هاتبوون، شارەزاییەکی سەیریان لە هاویشتنی قۆچەقانی و دارلاستیکدا هەبوو... ڕۆژانە لەو دەشتە شەڕەبەرد دەستی پێدەکرد و سەری دەیان کەس دەشکا... بەسەر گەڕەکەکانیاندا دەدا و پەنجەرەی ماڵانیان دەشکاند... ڕێیان لە قوتابییان دەگرت و پارە و شتیان لێ دەسەندن... بەشەق تێیاندەکەوتن و بەگریان دەیانناردنەوە... چەکدار بوون و دەوڵەت پشتی دەگرتن، بۆیە لە هیچ شتێ سڵیان نەدەکردەوە... «بایز» کوڕێکی «سەیداوە» بوو، بەئازایەتی ناوبانگی دەرکردبوو، بەرپەرچی هێرشی سۆفییەکانی دەدایەوە و زەندەقیان لێی چووبوو... بەڵام لە زێدا خنکا و ئەوان زۆر پێی دڵخۆش بوون... بۆ نەگبەتیش قوتابخانەی ئێمە لە «ئیسکان» بوو و هەر زوو زوو بەسەریاندا دەداین... بەخۆیان و کڵاوی قووچیانەوە دەهاتنە پۆلەوە و جنێویان بەمامۆستاکان دەدا... مەراقیان تەباشیر بوو و گیرفانەکانیان لێ پڕ دەکردن... ئەوسا بێجگە لە قوتابخانەی «زێوەر»، «قازی محەممەد» و «بێکەس»ی کوڕان و «قەدەمخێر»ی کچانیش لە «ئیسکان» بوون... ساڵی دواتر «زێوەر» بوو بەدوو دەوام و «هەردی»یش کرایەوە... هەر ئەو ساڵەش بینای قوتابخانەیەکی عەرەبی لەوبەری شەقامەکە تەواوبوو.

ڕۆژێکیان «یاسینی گۆلکێ» دەستی باوکی گرتبوو و بەرەو ڕووم دەهات، کە پێش ئەوەی زەنگی وانەی یەکەم لێ بدات، لەگەڵ منداڵانی تر لەو گۆڕەپانەی بەردەم قوتابخانە وەستا بووم... دەهات و پەنجەی دۆشاومژەی بۆ من درێژ دەکرد... هەر زوو زوو بە باوکی دەوت:

– ئەڤەیە، ئەڤەیە بابۆ.

من زەندەقم چوو و خەریک بوو میز بەخۆمدا بکەم... کاتێکم زانی گەیشتنە لام... باوکی دەستی لە

ملم ئالآند و ماچی کردم... ده فلسی دامێ و ئافەرینی پێ وتم، کە یارمەتیی کوڕەکەی دەدەم و وەزیفەکانی بۆ دەنووسمەوە... لە پارەکە ڕادەمام و بەزەییم پێدا دەهاتنەوە... باوکمم بیردەهاتەوە، کە هەر لەو شوێنە دە فلسی خستبووە ناو دەستم و بەتەنیا جێی هێشتبووم... حەزم دەکرد بۆیان بگریم، بەڵام شەرم ڕێی پێ نەدەدام... ئێوارەیەکی تەمومژاوی «یاسینی گۆلکێ» لە دواوەی عەرەبانەیەک قاچەکانی شۆڕکردبووەوە و کەرێکی ڕەش بەو دەشتەی نێوان گەڕەکی ئێمە و هی خۆیاندا ڕایدەکێشا... بەرەو قوولاییی ناو تەمە چەند بلّێیی سپی و زۆر چڕەکەی دەبرد و وردە وردە وەکو تارمایی دەردەکەوت... هەستم دەکرد ئەو بۆ شوێنێ دەچێت، کە لە هەموو ژیانیدا ناگەڕێتەوە... دیمەنی ئاوام زۆر جار لە خەونەکانمدا دەبینی، بەڵام ئەمەیان کاریگەر بوو... بۆچی...؟! نازانم... بەخوا نازانم... ئەوەندە هەبوو من هەستم بەتاوان دەکرد لە ئاست ئەو منداڵەی، کە ئەوەتا کەرێکی خورافی هەڵیگرتووە و تا ماوە بۆمانی ناگەڕێنێتەوە... دەبووایە بەدزییەوە بۆی بگریم، چونکە دەمزانی ئەگەر لێم بپرسن ئەو فرمێسکە ورد وردانە بۆچی دەڕێژم، هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو و کۆڵێ تەریقدەبوومەوە... ئەو منداڵەی، کە جاران حەزم لە چارەی نەدەکرد و بەئازاردانی ئاسوودە دەبووم، ئێستا لام جوانترین شتە و لەناو دەمی تەمی چڕی ئەو دەشتە کشوماتەدا وەکو پەشمەک دەتوێتەوە... دوای ئەوە نەمبینییەوە و سەر کورسییەکەی بەچۆڵی مایەوە، چونکو سۆفییەکان ئیسکانیان بەجێهێشت و بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە... من ئێستاش دەڵێم ئەو هاوڕێیەی منداڵیم لەناو تەمدا توایەوە و لەنێو گێژەنی کاتەکاندا گوم بوو، بەڵام هەرچەند بۆی بگەڕێم، نایدۆزمەوە و وەکو هەموو شتەکانی دیکەم بەسەرچوو... ئای کوڕە تەمەڵەکەی پۆلی چۆڵوهۆڵم ناوت لە لیستەکەدا سڕایەوە و بەشێکی منداڵیی منت لەگەڵ خۆتدا لەو تەمەی ئێوارەی سەرەتای بەهاری ئەو دەشتەدا تواندەوە... ئێوە تەنها بۆ ئەوە دەڕۆن و سەر هەڵدەگرن، تا من لەتوکوت بکەن و هەر پارچەیەکم بۆ شوێنێکی نەناسراو بەرن... ئەگەر ڕۆژێ ئێوە هەمووشتان بەجارێ هاتنەوە، کە دەزانم هەرگیز نایەنەوە، بەڵام ئەو پارچانەم منیان لێ پێکنایەتەوە و ناتوانن چاو و دڵم بەسیمای جارانی خۆتان ڕۆشەن بکەنەوە.

کوڕێکی «ئیسکانی» «سەیفەدین محێدین»ی ناوبوو، ڕۆژانە لاستیک و قەڵەمدادەرەکانی منی دەدزی... لەمەوە دایکم هەردووکیانی بۆ کون دەکردم و وەکو ملوانکە دەیکردنە ملمەوە... قەڵەمدادەرەکە لە شێوەی دڵ دروست کرابوو و دایکم لە ناندینەکەدا سوژنێکی گەرمی دەکرد بەچوکلەکەی ناوەڕاستی... کونێکی خشتی تێدەبوو و پەتێکی تێ هەڵدەکێشا، کەچی ئەو کوڕە ئەوەندە شارەزا بوو، دەیتوانی بەو شێوەیەش لێمی بدزێت... دەسا من هیچ پێم ناخۆش نەبوو، چونکە ئەمە هەستێکی سەیری پێ دەبەخشیم و وای لێ دەکردم بیر لە پەیوەندیی نێوان دزی و دڵ و سووژن و ئاگر و کوڕ و دایک و مووبەق بکەمەوە و لەناو خەیاڵەکانمدا تاووتوێیان بکەم.

دوو جۆر قوتابیی تەمەڵ هەبوون... هەندێکیان ڕادەی تێگەیشتنیان کز بوو... هەندێکیان حەزیان لە خوێندن و قوتابخانە نەدەکرد... من لە دووەمیان بووم... ئەگەرچی زۆر منداڵ بووم و هێشتا کاتی چوونە قوتابخانەم نەهاتبوو، بەڵام زۆر زوو فێری خوێندن و نووسین بووم و تا پۆلی چوارەمیش پلەکانم مامناوەندی بوون... من هەموو جۆرە کۆنترۆڵێکم پێ ناخۆش بوو و حەزم نەدەکرد هیچ کەسێ پێم بڵێ



ئەمە بکەم و ئەوی تر نەکەم... ئەتمۆسفێری قوتابخانەم بەدڵ نەبوو و تێیدا هەستم بەترس و پەشێوییەکی زۆر دەکرد... سەرەتا و کۆتاییی قوتابخانە، کاتێ دنیا گەرم دەبوو، لە بەر تینیوویەتی نەمدەتوانی گوێ لە وانەکە بگرم و هەموو هۆشێکم لای ئاو بوو... کەی زەنگ لێ دەدات و لە بەردەمی تاقە بەلووعەکە، یان تانکیە زلەکە سەرە دەگرم... زۆر بەزەحمەت دەمتوانی دەمم بگەیەنمە یەکێ لە شێرەکان و کەمێ قوڕگی وشکهەڵاتووم تەڕکەمەوە... ئینجا پەنجا کەس لە دواوە پەلەیان لێ دەکردم و جاری وا هەبوو تێشیانهەڵدەدام... مەتارەیەکی بچکۆلەی پڕ ئاوم لەگەڵ خۆم دەهێنا، بەڵام هەر زوو تەواو دەبوو... هەندێ جاریش بەدزیی مامۆستا چۆڕێکم لێ دەخواردەوە... یەکێکیان دیمی و بەدار ناولەپەکانی داڕزاندم... خۆشم نەمدەزانی بۆچی لە قوتابخانە هەستم بەتینیوویەتیەکی سەیر دەکرد و دەترسام بخنکێم... کارگوزار لە پەرداخێکی شینی ئاسمانیدا ئاوی بۆ مامۆستا دەهێنا و لە بەرچاوی ئێمەی تینوو بینی پێوە دەنا... دیمەنی ئەو پەرداخە ئەوەندەی تر شپرزەی دەکردم و ئاگام لە دنیا نەدەما... زستانانیش لە پۆلی ساردا هەڵدەلەرزین و دانەچۆقەمان پێدەکەوت.

من لە قوتابخانە کەسی جۆراوجۆرم ناسی و هەمیشە دیقەتم لە جیاوازییەکانیان دەدا... هەڵسوکەوت و شێوەی قسەکردنەکان زۆر جوودا بوون و سەرنجیان ڕادەکێشام... هەمیشە لە ماڵەوە لاساییم دەکردنەوە... بۆ نموونە یەک دوو منداڵ هەبوون، کاتێ مامۆستا لێی دەدان و دەگریان، دەموچاویان ڕێک لە جامی فافۆنی ئاوخواردنەوە دەچوو... هی قوپاو... جا کاتێ ئەمانەم بۆ دایکم باسدەکرد، زۆری پێ خۆشدەبوو و قاقای لێ دەدا... دواییش بۆ نەنکم و پوور و خاڵەکانمی دەگێڕایەوە و من چەند بلێیی پێیی دڵخۆش دەبووم.

دوو سێ برای دیکەش لەو قوتابخانەیە دەیانخوێند و ناویان نابوون «کوڕی پاپای»، چونکو باوکە پیر و لاوازەکەیان بەقاتەکەی بەری و سیدارەکەی سەریەوە، ڕێک لە «پاپای»ی فیلمی کارتۆن دەچوو... زۆر هونەرمەندانە وێنەکەیان لەسەر یەکێ لە دیوارەکاندا کێشابوو و پێی پێدەکەنین... ئیتر ئەو کوڕانە تووڕە دەبوون و دەبووە شەڕ... بەڵام تا بلّێیی بێ وەی بوون و لە خۆڕا ئازاری کەسیان نەدەدا.

«قاسم سابیر»ێک هەبوو لە پۆلمان، ئەویش نەمدەزانی چۆن منی دەناسی... یەکەم ڕۆژ گۆرانیی «بێئومێدیی کەوتە دڵی خەمناکم»ی «قادر مەردان»ی بەدەنگێکی زۆر خۆش بۆ وتین، کە ئەوسا تازە دەرچوبوو... ئەو گۆرانییە لای من کاریگەرییەکی سەیری بەجێهێشت و لە ناخەوە دەیوروژاندم.

«سەرکەوت سەدیق بەگ» و «ئازاد عەبدولغەفوور»، دوو کوڕی ئیسکانیی بوون و بەبێ شەرم نوکتەیان بۆ دەوتین... ئەو نوکتانە بۆ من تازە بوون و خەیاڵەکانمیان فرەوان دەکرد... لە گەڕەکیش بۆ ئەم و ئەوم دەگێڕانەوە و دەمخستنە پێکەنین.

«موئەیەد»یش لەسەر یەکەم کورسیی ڕیزی ناوەڕاست دادەنیشت و لە سۆفییەکان بوو... بەپەنجەکانی دۆشاومژەی ئەم دەست و ئەو دەستی ئەملا و ئەولاوی دەمی خۆی تا نزیک گوێچکەکانیەوە ڕادەکێشا و بەشێوەیەکی زۆر سەیر گۆرانیی دەچڕی... بەڕاستی دەنگی خۆش بوو و زۆر جوانیشی دەوت، بەڵام

ئێستاش لەوە تێنەگەیشتم بۆچی ئاوای دەکرد و چ مانایەکی هەبوو...!!

«ڕزگار» خەڵکی «سلێمانی» بوو و هاوڕێکانی لە قوتابخانە بە«ئەزە» بانگیان دەکرد... یەکێ بوو لە زیرەکەکان و دواتر گەڕانەوە سلێمانی.

«کامیل عەبدوڵلا» ماڵیان لە پشت قوتابخانەکەمان بوو و باوکی نەمابوو... هەر جارێ دایکیم بەو جلە ڕەشانەوە لە بەر دەرگاکەی خۆیاندا دەبینی، وامدەزانی چاوەڕێی هاتنەوەی مێردەکەی دەکات و بەزەییم پێیدا دەهاتەوە... «جەلال»ی خاڵیشی هەر لە پۆلەکەمان بوو و یەکێکیش بوو لە قوتابییە گەورەکان.

«هەژار عەزیز» منداڵێکی ڕۆحسووکی ئیسکانیی بوو و باوکی تازە مردبوو... زۆرم سەیر پێ دەهات، کاتێ دەیانوت باوکی و براگەورەکەی شاعیرن... من یەکەم جارم بوو ئەو وشەیە ببیستم و سەرم لێی دەرنەدەکرد.

«تایەر عومەر»ی کوڕی کارگوزاری قوتابخانە و «حەمید» و «عەبدوڵلا مەحموود»یش هەر ئیسکانی بوون و لە تەمەڵەکان بوون... یەکەمیان جیاوازیی لەنێوان ژمارە پێنج و بزوێنی «ە»دا نەدەکرد و زوو زوو لێدانی دەخوارد... لەناو بازنەکەی خوارەوەی وانەی «دارا وەرە دەرەوە»دا نووسرابوو: «وەرە... ە»... ئێمە هەموومان خوێندمانەوە وەرە «ئە»، کەچی ئەو وتی وەرە پێنج... ئیتر ناویان نا «تایەر پێنج» و پێی تووڕە دەبوو.

«سیروان موحسین»یش ماڵیان لە نزیک قوتابخانە بوو و زۆر پاک و تەمیز و ئاقڵ دەردەکەوت... بلووزە سەوزەکەی بەری چیمەنی باخی ماڵی نەنکمی بیردەخستمەوە و خەیاڵم بۆ ئەوێ باڵی دەگرت... زۆربەی کات لەو ڕادەمام و دڵم پێی دەکرایەوە... هەڵسوکەوتی لە منداڵ نەدەچوو... دەیوت: «قوتابخانە تەنها ڕۆژانی هەینی خۆشە، کە دادەخرێت».

«رەقیب سلێمان» و «سەلیم نووری» و «ڕۆستەم سوڵتان» و «نەریمان ئەحمەد» و «یاسین عەزیز» لە «بەلاشاوە»وە هاتبوون و گۆرانیی فۆلکلۆریی خۆشیان دەزانی.

«بۆتان موحسین» و «عەبدولموتەلیب عەبدولسەمەد» و «یوسف عەباس» خەڵکی «کۆماری» بوون.

«جەعفەر شەریف» بێجگە لەوەی زیرەک بوو، نیگاری زۆر جوانیشی دەکێشا... «تەحسین»یش کوڕێکی بێباوک بوو و دوای چەند مانگێ وازی لە قوتابخانە هێنا... «خەسرەو جەرجیس» بەپێچەوانەی «سمکۆ» و «موحسین»ی برای، کە لە پۆلە بەرزەکان دەیانخوێند و زیرەکترین قوتابیی ئەو قوتابخانەیە بوون؛ ئێجگار تەمەڵ بوو و هیچ تێنەدەگەیشت... باوکیان نەمابوو و دوای دەوام لە کۆڵانان شتیان دەفرۆشت.

لە قوتابییە هاروهاجەکانیش «ئینتیزار» و «زۆزگ» و «سەیفەدین» و «سامی» بوون و زوو زوو دارکاریی دەکران.



«بەختیار ڕەحمان»یش منداڵێکی زیتی ئێسکسووک بوو و قسەکانی زۆر خۆشبوون... لە پشووی نێوان وانەکاندا لاساییی مامۆستاکانی دەکردەوە و هەموومانی دەخستە پێکەنین.

«شێرزاد سەلام» کوڕێکی ئاقڵ و پاکوتەمیز و تا بڵێیی زیرەک بوو... ئەگەرچی باوکی زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام ئەو زیاتر هاوڕێیەتیی منداڵە هەژارەکانی دەکرد.

«زەکەریا عەبدولقادر» زمانی پس بوو و زۆر تەمەڵیش بوو، بەڵام هەقایەتی خۆشی دەزانی و زوو زوو بۆی دەگێڕاینەوە... نیوەی بەکوردی و نیوەکەی تری بەتورکی... زیاتر لە کەسێکی گەورە دەچوو، نەک منداڵ... جار جار دەهاتە لامانەوە و ئامۆژگاریی دەکردین.

«فایز محەمەد عەلی» کوڕێکی دیکەی پۆلەکەمان بوو و دایک و باوکی ئامۆزای دایکمن... لە زیرەکەکان بوو، بەڵام دەستوخەتی لە ڕادەبەدەر ناشیرین بوو... جارێکیان دایکی لە ماڵی نەنکم بەدایکمی وت، کە کوڕەکەی زۆر ئاقڵە و هەرگیز شەڕ ناکات، بەڵام ئەگەر دوو منداڵ شەڕ بکەن، ئەو چاوەڕێ دەکات بزانێ کامیان دەدۆڕێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ براوەکەدا بەجووتە تێیهەڵدەن... دایکی هەمیشە قسەی هەزەلیی دەکرد و توانایەکی چاکی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتدا هەبوو، کە من زۆر پێی سەرسام بووم و هەمیشە دیقەتم لە جووڵە سەیرەکانی دەدا.(١)

مامۆستاکانیش بۆ من کەسی تازە بوون و زۆر جار لەگەڵ خەڵکانی تردا بەراوردم دەکردن... لە خۆم و لە منداڵانی کۆڵانم دەپرسی جیاوازیی لەنێوان مامۆستا و مردووشۆردا چییە... جیاوازیی نێوان داری دەستی مامۆستا و قوفڵی دەرابەی دووکان چییە... جیاوازیی نێوان ژیشک و بەڕێوەبەر چییە... ئەم قسانە هیچ مانایەکیان نەبوو و نەمدەزانی بۆچی بەمێشکمدا دەهاتن، بەڵام بەختی ئەو دایکە داماوەم بوو، کە هەمیشە لای دراوسێکانمان تەریقدەبووەوە و ئارەقی دەکردەوە... ژنان لچیان هەڵدەقورتاند و لە بەرخۆیانەوە ناڕەزاییان دەردەبڕی.

خەونی سەیر سەیرم بەمامۆستا و قوتابییەکانەوە دەبینی و هەمیشە بیرم لە نهێنیەکانییان دەکردەوە... جارێکیان قاڵدرمەی قوتابخانەکەمان کەوتبووە ناو بیرێکی قووڵەوە و بەڕێوەبەر و مامۆستاکان خەریکی دەرهێنانی بوون، بەڵام بۆیان نەدەکرا و هەر ئاخیان هەڵدەکێشا... کوڕێکی قژزەردی پۆلمان پەنجەی دۆشاومژەی بۆ من درێژ دەکرد و بەمامۆستاکانی دەوت، کە بەچاوی خۆی بینیویەتی من خستوومەتە ناویەوە... ئەوانیش هەڕەشەیان لێ دەکردم و بەسەرلەقاندن پیشانیان دەدام، چۆن دوایی هەڵمدەواسن... من ترسێکی گەورە ئابلۆقەی دابووم و نەشمدەتوانی هیچ شتێ بڵێم... لەپڕ هەزاران سەگ بەجارێ لەو دەشتە دەرکەوتن و هەر مامۆستا و قوتابی بوون ڕایان دەکرد... من بەتەنیا مامەوە و بەقادرمەکەدا چوومە ناو بیرەکەوە... گەیشتمە بنکەکەی و ئەو پیرەژنەم بینی، کە لە دەرگای حەمامی ئیسکان دادەنیشت و پارەی لە خەڵک وەردەگرت... کاتژمێری ناو تاقی ژووری ئێمەی بەشکاوی لەسەر ڕانی خۆی دانابوو و لەجیاتی چکەچک، دەنگی وەڕینی سەگی لێ بەرز دەبووەوە... بێداربوومەوە و لەژێر لێفەکەمدا هەڵدەلەرزیم... کونی گوێچکەکانم توند توند دەگرتن و نەمدەویست چکەچکی کاتژمێرەکە ببیستم...

وامدەزانی سەگەکان لەناویدا خۆیان شاردۆتەوە و لەپڕ شاڵاوم بۆ دەهێنن... بەچڕنووک لێفەکەم لەسەر لادەبەن و بەگازی تیژ ونجڕ ونجڕم دەکەن... دواییش لەناو تاقەکاندا پاڵدەکەون و کلکی ئەستووریان بەقەدی دیوارەکانەوە شۆڕدەکەنەوە... دەم و لووتی خوێناوییان بەزمان دەلسنەوە و بەشێوەیەکی ترسناک باوێشک دەدەن... دەربارەی ئەو خەونە لێکدانەوەی جۆراوجۆرم بیست... خزمێکمان دەیوت، من لە قوتابخانە سەرکەوتوو نابم و هەر بەرەو خوارەوە ڕۆدەچم... ئامۆژنە گەورەکەم بەرپەرچی دەدایەوە... پێی وابوو خەڵک چاویان پێم هەڵنایەت و چاڵم بۆ هەڵدەکەنن، بەڵام من زۆر ئازام و تیایدا دێمە دەرێ.

سێ برا هەبوون لەو قوتابخانەیە و لە پۆلی جیا جیا دەیانخوێند... سەریان بەگوێزان پاک دەتاشی و هەموو ڕۆژێ شەڕێکیان هەڵدەگیرساند... دەستوەشێنی وەکو خۆیان نەبوو و بەکەللە دەم و لووتی حەوت و هەشتیان بەجارێ پڕ دەکرد لە خوێن... نیوەڕۆیەک باوکی یەکێ لەو قوتابییانەی بەدەستی ئەوان لێدانی خواردبوو، لە گۆڕەپانی بەردەمی قوتابخانە پەلاماری دان و ویستی هەقی کوڕەکەیان لێ بکاتەوە، بەڵام ئەوان بەرپەرچیان دایەوە و گیانیان خەڵتانی خوێن کرد... هەر بەرد بوو تێیان دەگرت و شوێنێکی جەستەیان دەشکاند... بەحاڵەحاڵ خۆی گەیاندە پایسکیلەکەی و تا ماڵەوە نەوەستا... زەحمەت بوو کەس پێیان بوێرێ و نکوڵیی لە جەربەزەییان نەدەکرا... بۆ نەگبەتی ڕۆژێکیان من چمکی قەمسەڵە مشەماکەمم بەدەستەوە گرتبوو و بەهەموو هێزی خۆمەوە بایمدەدا... دەنگێکی سەیری لێ بەرزدەبووەوە و لەپڕ زنجیرەکەی بەر چاوی ئامۆزایەکیان کەوت... چووە شارای مەرگەوە و ترسام بەسەرمدا ساغبێتەوە... ئیتر ئەوان زانییان و پێیان وتم، کاتێ بەردەبین، لەتوکوتم دەکەن... دوایی ناوەنجییەکەیان بەپەنجەکانی ڕوومەتی خۆی خوراند و بەڕوویەکی خۆشەوە پرسی:

– ئەتوو وەکی دەچیەوە مارێ، لە ڕێیێ ماندی نابی...؟

گریان لە قوڕگم دەرچوو و بەپشتی دەستم فرمێسکەکانم سڕی... بۆ ئەوەی زیاتر دڵیان پێم بسووتێ، وتم:

– بەسەری بابم ئەوەندە ماندی دەبم، لاقم زۆری نامینێ بشکێ.

ئەو بەشێوەیەکی میهرەبانتر لەوەی پێشوو وتی:

– مەگریێ ئاقر... مەگریێ... ئەورۆ وەدەکەین داکت بێ بەپشتێ بتباتەوە.

من ئاگام لە دنیا بڕا و چاوەڕێی مەرگی خۆم بووم... بەپێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو حەزم نەدەکرد، دەوام تەواو بێت و بچینە دەرەوە... ماڵێکی ناسیاومان خانوویێکیان لە پشت قوتابخانەی ئێمە کڕیبوو و «ئەیاد»ی کوڕیان هەموو ڕۆژێ لەژێر دەرگاوە قسەی لەگەڵدا دەکردم... ئەو «ئەیاد»ە، کە بە«ئەیۆ» بانگیان دەکرد، لە قوتابخانەی «قازی محەممەد» دەیخوێند و دەوامیان پێچەوانەی ئێمە بوو... دوو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو و لە زۆڵێتیدا بۆڕی هەموو کوڕی شاری دابووەوە... فێڵی لە شەیتان دەکرد و گەورەکان زەندەقیان لێی چووبوو... بەوم وت لەو کوڕە هارانەم بپارێزێت... داوای ناو و پۆلەکانیانی لێ کردم و پێی وتم، وایان لێ دەکات، تا ماڵەوە ڕاکەن و جنێو بەباوکی خۆیان بدەن... ئەگەرچی پێم وابوو



«ئەیاد» نەک بەهەرسێکیان، بەڵکو بەبچووکەکەشیان ناوێرێ، بەڵام کەمێ هێمن بووبوومەوە... دڵی خۆم بەوە دەدایەوە، ئەو لەجیاتی من لێدانەکە دەخوات و بۆی دەرباز دەبم... «ئەیۆ» فێڵبازە و قسەی زلە، بەڵام دەستوەشێن نییە و ونجڕ ونجڕی دەکەن... بەخوا لەو بدەن باشترە، چونکە لە من گەورەترە و زووش برینەکانی چاک دەبنەوە... ئەی وا نییە...؟! سەرم بشکێ، دەمبەنە خەستەخانە و بەچەند تەقەڵ دەیدوورنەوە... دەرزیی پیادا دەکەن و دەبووریمەوە... وای دایکە ئەو ئیسپرتۆیە دەیبرژێنێتەوە و ڕۆحم لەگەڵیدا دەردەچێت... شەو ناوێرم بیخەمە سەر سەرین و دەبێ تا بەیانی هاوار بکەم... ئەی بۆ ئەوە ناڵێی، کاتێ دەزووەکە لە پێستەکەی سەرم دەردەهێنن...؟! وای توخوا باسی مەکە...!! دەترسم...!! «ئەیۆ» وەکو من نییە و ئازاری پێ ناگات... پێشی بگات، من هەستی پێ ناکەم... با لەو بدەن و من بەدزییەوە خۆم دەگەیەنمەوە ماڵ.

دوای وانەی پێنجەم بەترسەوە هاتمە دەرێ و «ئەیاد»م بینی، پێی وتم:

– تەمەشایان کە، کوو غار دەدەن...!!

دەگریان و بەو دەشتەدا ڕایان دەکرد... من حەپەسام و پرسیم:

– ئەوە لێت دان...؟!

– نەء، لێدانی چ...؟! ئەمن بەوانە دەوێرم...؟!

– ئەدی چت لێ کردن...؟!

– پێم گۆتن، غاردەن بابتان داکتانی کوشتیە... وا دەیبەنە سەرقەبران.

ئینجا دەستی خستە سەر شانم و پێی وتم:

– خەمت نەبی هەتا ماڵێ ڕاناوەستن و جوونی پیس پیس بەبابیان دەدەن.

هەر جارێ دایکمان یەکتریان دەبینی، باسی ئەو شتە سەیرەیان دەکرد و قاقایان لێ دەدا... «خالیدە»ی دایکی کۆمۆنیستێکی زۆر وریا بوو و یارمەتی براکانی خۆی دەدا... لە بیرمە جارێکیان لە هەیوانەکەیان چای تێدەکرد و بەدەم فووکردن لە لوولەی قۆریەکەوە وتی:

– ئەوەی بەڕاستی شیوعی بی، گێی لە دەنگی ئەو منداڵانە دەبی، کە لە بنی دنیایێ لە برسان دەگریێن.

ماوەیەک من وا چووبووە ئەقڵمەوە، کە ئەو شیوعییانە گوێیان لە دەنگی هەموو گریانێکە... کاتێ دەمبینین، لێیان نزیک دەکەوتمەوە، تا منیش کەمێ گوێم لێی بێت... ئاخۆ منداڵانی بنی دنیا چۆن دەگرین و بەچ زمانێ هاوار دەکەن...؟! پڕبەدڵ حەزم دەکرد زۆر زۆر برسییان بێت و هەموویان تێکڕا بگرین، بۆ ئەوەی دەنگیان لە کونی ئەو گوێچکانەوە بچنە دەرێ و بێنە گوێچکەی منیشەوە، بەڵام هیچم نەدەبیست و بەخۆمم دەوت: نەء، ئەوە بەڕاستی شیوعیی نییە... زۆر جار گوێچکەم دەنا بەگوێچکەی دایکمەوە و متەقم لە خۆم دەبڕی... تا دوایی پێی وتم، کە «پوورە خالیدە» گاڵتەی کردووە.

«بنوون» ، يارييەكی باو بوو و هەندێ لە مامۆستاكان چەند بلێيی حەزيان لێ دەكرد... لە پێشدا چەند كەرەتێ دەيانوت: هەستن... دانيشن... چەپلە لێدەن... هەستن... دانيشن... دەستتان بخەنە سەر تەختەكەی بەردەمتان... دواجار بنوون... ئەمەيان وەكو ئەوانی تر نەبوو و درێژەی دەكێشا... زۆر جار بەڕاستی خەومان لێ دەكەوت دوايی درەنگ درەنگ لەوە تێگەيشتين ئەمە چۆن يارييەك بوو...!! ديارە هەندێكيان بەحوكمی ئەوەی وەكو ئێمە نەنووستبوون و چاوە جوانەكانيان لەو پۆلە كشوماتە و لە باوەشی گەرمی مامۆستای خۆياندا ڕەونەقی دەدا، هەر لە زووەوە مەغزاكەيان دەزانی و گاڵتەيان لەو خەوە ناوەخت و بێمانايەی ئێمەش دەهات... مامۆستايەكی مەلا ئەقڵی ئەو پێشەكيە درێژدادڕەی نەدەبڕی، كە هيچ پەيوەنديەكی بەناوەرۆكی مەسەلەكەوە نەبوو، هەر يەكسەر بە«بنوون»ەكە دەستی پێدەكرد و ئاوا بۆ ئەو و بۆ ئێمەش ڕەحەتتر بوو.

«مامۆستا ئەلياس»ی پۆلی يەكەم ڕۆژانە «ئەلف و بێ»يەكەی «مامۆستا ئيبراهيم ئەمين باڵدار»ی بۆ دەخوێندينەوە و ئێمەش تێكڕا و بەدەنگی بەرز لە دوايدا دەمان وتەوە... ئەو كتێبە ئەوەندە خۆشەويست بوو، لە گەڕەكی ئێمە خەڵكانی نەخوێندەواريش لە بەريان بوو و هەندێكيان لێيەوە فێری نووسين و خوێندنەوەش بوون... يەكەم ڕۆژ وەرمانگرت، بۆنێكی سەيری لێ دەهات، كە مەحاڵە بيرم بچێتەوە... ئازاد و دارا و زەينەب و زارا و مام زۆراب و هەموو ئەوانی ديكە بووبوونە بەشێك لە خەڵكی گەڕەكمان و بەڕاستی هەستمان پێيان دەكردن... شێوەی قسەكردنيانم زۆر بەدڵ بوو و دەمويست لاساييان بكەمەوە... بەڵام جوان نەبوو لە شارەكەم ئاوا قسە بكەم و گاڵتەيان پێ دەكردم... ئەوەندە هەبوو زۆر وشەی تازە فێربووم و دەمتوانی لە نووسيندا بەكاريانبهێنم... ژنێكی قسەخۆشی گەڕەكمان «بەگيسی ئی دريتە»ی ناو بوو، دەيوت ئەگەر ڕۆژێ منداڵانی سەرتاپای كوردستان ويستيان دياريیەك بكڕن و بيدەن بەو مرۆڤەی لە هەموو كەسێ زياتر خزمەتی كردوون، ئەوا لە «مامۆستا ئيبراهيم ئەمين باڵدار» چاكتر نادۆزنەوە. (٢)

تاقيكردنەوەی نيوەی ساڵ، لە وانەی زانياری، مامۆستايەكی زۆر زاڵم هاتبوو و بەئارەزووی خۆی پرسياری سەير سەيری لێ دەكردين... ئێمە نەمانەدزانی زياتر بۆ ئەوەی بوو پێمان ڕابوێرێت و كاتێكی ئاسوودە لەگەڵ وەڵامە ساكار و پێكەنيناوييەكاماندا بەسەر بەرێت... پۆلەكەمان لە گۆڕێك دەچوو و ئێمەش كۆمەڵێ مردووی بەئاگا بووين... تەنها بۆئەوەش بەئاگا بووين تا ئەو ساتە ترسناكانە بەچاكی هەست پێبكەين و بزانين ژيان بەبەراورد لەگەڵ مردندا چ چۆڵەوانيەكی بێكۆتاييە... ئەژنۆكانم لەملا و لەولاوە وەك بێشكە دەستەكانميان ڕادەهەژاند و تەختەڕەشەكەم لە شێوەی تاريكاييی ناو هەورە چڕەكانی شەوانی چلەی زستانان دەبينی، كاتێ بەترسەوە لە پەنا دايكم و لە ناوەڕاستی حەوشەی خۆمانەوە لێم دەڕوانين و وێنەی جادووگەر دەردەكەوتن... وامدەزانی ئێستا نا ساتێكی ديكە قووتم دەدات و تا ماوم لەناويدا ڕۆدەچم... كەسێكيش نييە هاوارێ بكات و بڵێت: «ئەوەتا تەختەڕەشێك منداڵێكی پۆلی يەكی هەڵلووشی و هەتاهەتايە نايگەڕێنێتەوە»... دايكم بەپێيی پەتی كۆڵان بەكۆڵانی شارم بۆ دەگەڕێت و نامدۆزێتەوە... جار جار بۆ ساتێكی كورت لەسەر شۆستەيەك دادەنيشێت و دەموچاوی خۆی دەڕنێتەوە...



هەر خێرا هەڵدەستێتەوە و وەكو شێت بەملا و بەولادا ملدەنێت... منيش هاوار دەكەم و دەقيژێنم... قسەكانم لە شێوەی نووسينی بێمانا بەسەر ڕووی تەختەڕەشەوە دەردەكەون و هيچ كەسێ نازانێت بيانخوێنێتەوە... من هەروا بەرەو قووڵايی ڕۆدەچم و بەڕێگا تاريك و پێچاوپێچەكاندا شۆڕدەبمەوە، قاچەكانی دايكيشم لەسەر بەردە تيژ تيژەكاندا شەقار دەبن و خوێنيان لێ دەچۆڕێتەوە... لەپڕ ناوم خوێندرايەوە... ميزە وەهميەكە بەملا و بەولای ڕانەكانمدا دەهاتە خوارێ و بەترسەوە بۆ نێوان مامۆستا و تەنەكەی خۆڵەكە هەنگاوی خواروخێچم دەنا... لەوێ كرامە نيشانە و چاوەڕێ بووم پرسيارێك وەكو گوللە لەو دەمە زلەوە بێتە دەرێ، تا بمپێكێت و لە هەناسەيەكدا كوناودەرم بكات:

– كلكی كەرێ لۆ چ باشە...؟

وای دايكە كلكی كەر بۆچی باشە...؟! هەر بەو ترس و لەرزەوە سەرێكيم گرت و بەڕاكردن بردمە بازاڕ... بەناو كۆڵانی قەيسەريەكاندا گێڕام و زارەترەكانە چاوم بەدووكانەكاندا خشاند، بەشكوو يەكێكيان خەريكی ئەو پيشەيە بێت و چارەسەرێكم بۆ بدۆزێتەوە... نەبوو... دەمويست هاوار بكەم و بەو خەڵكانە بڵێم: فريام كەون و پێم بڵێن كلكی كەر بۆچی باشە، بەڵام دەنگم دەرنەدەچوو... خێرا و بەترسێكی زياترەوە گەڕامەوە:

– ها چ بوو...؟ نەتزانی...؟ سفرت لۆ دانێم...؟

كلكی كەرەكە لەناو دەستمدا بۆتە مارێكی هاروهاج و هەموو گيانم هەڵدەلەرزێت... چاوەكانم بەحاڵ مامۆستا دەبينن... دەڵێی لە قووڵاييی خەونێكی ترسناكدا ڕايانگوێزاوەتەوە و لەسەر كورسيی پشت ئەو مێزەيان داناوە... چارم نييە و دەبێ شتێ بڵێم... بەپەنجەكانی بۆينباغەكەی ڕێكخستەوە... وامزانی دڵی پێم سووتا و بەئاماژە وەڵامەكەم پێ دەڵێت... كەواتە زانيم كلكی كەر بۆچی باشە... دەيكەينە بۆينباغ... بۆ ساتێكی ئێجگار كورت مامۆستام هێنايە بەرچاوم وا كلكی كەرێكی ڕەشی كردۆتە بۆينباغ و لەسەر ئەو كراسە سپييەی بەستوويەتی... بێجگە لەوەی ناماقووڵ بوو، زۆريش درێژ دەردەكەوت... دەگەيشتە خوار ئەژنۆی... هەر خۆم دەزانم چ ديمەنێكی سەيری دەنواند... ئەوە كاتێكی تر بووايە لە قاقای پێكەنينێكی وام دەدا، كە لەگەڵيدا ببوورامايەتەوە، بەڵام ئێستا تەنها دەترسم و هيچی ديكە... هەر ئەوەندە وتم:

– دەيكەينە بۆينباغ.

هەستا و بەقژ هەڵيبڕيم... سەری بەو ديوارە ڕەقەدا كێشام و كەوتمە سەر تەنەكەی خۆڵەكە... هەڵيگرتمەوە و پێی وتم:

– ڕاوەستە و هيچ نەجووليێ...!!

ڕادەوەستم و هيچ ناجووڵێم:

– هەی حەيوانی بێ ئەدەب... مەيموونی ناشيرن... كەس كلكی كەری كرديتە بۆينباغ...؟! هەوكە پرسيارەشكەت لێ دەكەم... ئەگەر نەزانی، هەر بەكوشتن دەتكوژم... كابرايەك كورسييەكی بردە ناو

ئامانەی و لەسەری دانیشت... جابییەکە هات و گۆتی: پارەم بدێ... ئەو گۆتی: پارەی نادەم، ئەمن لەسەر کورسیی خۆم دانیشتیمە... چ لەو پیاوەی بکەن باشە...؟!

ئێستاش نەمزانی ئەو وەڵامە لە کوێوە هات و بەدەم گریانەوە وتم:

– جابییەکە تەختەکی لەسەر سەری دابنێت و بەچەکوچی لە تەختەکەی بدا... ئەگەر ئەو گۆتی: لۆ لێم دەدەی...؟ پێی برێ: لە تووم نەدایە، لە تەختەی خۆم دەدەم.

چەند دیمەنێکی کۆمیدییە بەگریانەوە نوکتە بگێڕێتەوە و دەبێ هەر بیشیگێڕێتەوە... بزانە ترس چۆن دەتوانێت هەموو شتێ هەڵگێڕێتەوە... تەنانەت شوێنێک بۆ شەرمیش ناهێڵێتەوە... ئاخر منێکی شەرمن چۆن دەمتوانی ئاوا بێمە وەڵام، ئەگەر لەرز تانوپۆی دڵمی نەتەنیبا... لە دەموچاوی مامۆستادا حەپەسانم خوێندەوە و هەندێ ترسی گیانم ڕەویەوە، کەچی بۆ نەگبەتی قوتابییەک لە دواوە هەڵی دایە و وتی:

– ئەمن ئەو جوابەی هەر بەچ نازانم... ئەخر خۆ ناو ئامانەی دووکانی نەجارپی نییە هەتا تەختە و چەکوچی تێدا بی.

ئەو کوڕە لە لادێوە هاتبوو و تەمەنی دەگەیشتە دە دوانزدە ساڵ... مامۆستاکان ڕێگایان دەدا قسە بکات و بەچاوێکی جیاواز لە ئێمە لێیان دەڕوانی، گوایە ئاقڵە و وەکو پیاو دەدوێت... وشە دابەستەکانی زۆر سەیر بوون و لە هی ئەو سەردەمە نەدەچوون... دەیان پەند و ئیدیۆمی دەزانی و هەر زوو زوو بەکاری دەهێنان... ئیدی ئەگەر یەکێ وتەیەکی جوانی بوتایە، ئەو تەریقی دەکردەوە... مامۆستا لێی پرسی:

– ئەدی بەڕای توو چ لەو کابرایەی بکرێتن باشە...؟

– لە جامی فڕەیدەنە خوارێ... لۆ چما ئامانەی عوکمەتی فشەیە...؟! ئەوە جارەکیش شورتەک هاتبووە ناو گوندی و فەقیرە تڕەکی لێ بەربوو... خەرک پێکەنین و ئەو گۆتی: کورە عەیب ناکەن بەتڕی عوکمەتی پێدەکەنن...؟

ئەو نوکتەیە خۆش بوو، بەڵام تەنها بۆ ئەوە گێڕایەوە تا خۆی دەرخات و بڵێ لە من چاکترە، ئەگینا هیچ شتێ بەو مەسەلەیەی نەدەبەستایەوە... ئیدی مامۆستا بەدەم قاقالێدانەوە وتی:

– ئافەرین...!! ئەوە جوابەکی ڕاستە و نوکتەکەشی خۆشە.

ترس نیشتەوە سەر ڕووم و بەتووڕەیی پێی گۆتم:

– بڕۆ دانیشە تەمبەڵ.

دوایی کارتەکەمم وەرگرتەوە و حەوتی بۆ دانابووم.

گەیشتبووینە وانەی «دار دەڕوێنم» کاتێ بەیاننامەی یانزدەی ئازار خوێندرایەوە و لە سەرتاپای شاردا بووە جەژن... لە هەموو کۆڵان و گەڕەکێ دەهۆڵ و زوڕنا دەنگی دەهات و ژن و پیاو هەڵدەپەڕین... ئەوانەی تا دوێنێ دوژمنی یەکتر بوون و خوێنی یەکدیان دەخواردەوە، دەستی یەکتریان دەگرت و دۆستانە قاچیان



لە زەوی دەکوتا... ئاهەنگی نەورۆز لە «کونەگورگ» کرا و گۆرانی بەسەر پارتی و «بارزانی»دا دەوترا... قوتابخانە داخرا و منداڵان لە گەڕەک وەکو گەورەکان هوتافیان دەکێشا... هەندێ لەو هوتافانە:

کێتان دەوێ لە کوردان
مەلا مستەفای بارزان
بەلوولەی بڕنۆی پارتی
وەرمانگرت حوکمی زاتی
چرا لەسەر چرایە
کورد و عەرەب برایە
پێشڕەوی کورد پارتییە
سەرۆکمان بارزانییە
کێ بوو خۆی کردە شەکر؟
ئەحمەد حەسەنل بەکر

سۆفییەکانیش بەخشران و وەکو خەڵکی تر بەشدارییان لە ئاهەنگەکاندا دەکرد... هەر هەموویان تێکەڵ بەهێزی پێشمەرگە بوونەوە و گەورەکانیان پلە و پایەی چاکیان پێ درا... ئیتر نەیاندەتوانی وەکو جاران زوڵم لە خەڵک بکەن و چییتر هەڵیاننەدەکوتایە سەر قوتابخانەکان.

من پێشتر لە کەسوکاری خۆم و لە خەڵکی گەڕەک ناوی پارتیم بیستبوو... ماوەیەکی کەم پێش یانزدەی ئازار، کاتێ لەسەر گردی پشت ماڵمان یاریمان دەکرد، دوو سێ پیاو بەجێبێکدا بەلاماندا تێپەڕین و هوتافیان بۆ پارتی کێشا... هەندێ بەیاننامەیان فڕێدا و خەڵک هەڵیانگرتنەوە... هاتینەوە و بۆ گەورەکانمان گێڕایەوە... وشەی «دیموکراتی»م زۆر بەلاوە سەیر بوو و لێی تێنەدەگەیشتم... نازانم بۆچی وام دەزانی شتێکە وەکو پەشمەک و نوقڵ، یان دۆڵدرمە و ئەزبەری و هەمیشە بەبیستنی، ئاو دەزایە دەممەوە... جا من هەر پرسیارێکم هەبووایە، لە ئامۆژنە گەورەکەمم دەکرد، چونکە زۆرم خۆشدەویست و پێم وابوو ئەو هەموو شتێ دەزانێت... جارێکیان لە بەربەلووعە حاجەتەکانی دەشت و لێم پرسی... ئەو وتی، گوایە ماناکەی ئەوەیە ئاغا نەمێنێت و سەری پان کەنەوە، چونکە ئەو هەرگیز ناهێڵێت خەڵک بەئاسوودەیی بژین... ئەوەندە بەڕقەوە وای دەوت، لەگەڵیدا بەبێ ویست بنی مەنجەڵەکەی لە کۆنکرێتەکە دەکوتا... پیاوێک هەبوو لەوبەری ماڵەکەمان، مرادخانییەکی لە بەر دەکرد و مشکییەکی لەسەری دەبەست... پێیان دەوت «ئاغە» و زۆر کەمدوو بوو... من وام دەزانی هەر ئەوە ئاغایە و «دیموکراتی» سەری ئەو دەپلیشێنێتەوە... سەرم لەوە سوڕمابوو، کە چۆن ئەو پیاوە بەتەنیا دەتوانێت زوڵم لەو هەموو خەڵکە بکات... ئەدی بۆ نایەن بیکوژن...؟! خۆ زۆر ئاسانە... هەندێ جار بەزەییشم پیادا دەهاتەوە، کە لەناوی دەبەن و ئەو کچانەی بەبێ باوک دەمێننەوە، بەڵام کاتێ ئامۆژنم بیردەهاتەوە، کە چۆن باسی زوڵمەکانی ئەوی دەکرد و لە داخا مەنجەڵی لە کۆنکرێتی حەوشە دەکوتا، مردنەکەیم بەڕەوا دەزانی...

ڕۆژی بەیانەکە من وام زانی کوشتوویانە، کەچی دوایی بینیم وەکو خەڵکی تری گەڕەک لە هەڵپەڕکێ بەشداریی دەکرد... بەئامۆژنم وت:

– کا نەیانکوشتییە...!!

ئەو لە من تێنەدەگەیشت... کاتێکیش تێگەیشت، دەستی کرد بەپێکەنین و بۆی ڕوون کردمەوە... سەیر ئەوە بوو زۆربەی کەسوکارەکەی پێشمەرگە بوون و چەند شەهیدێکیشیان دابوو... کچەکانی منداڵی گەڕەکیان فێری سروودی نیشتیمانی دەکرد.

ئامۆژنم چیرۆک هەڵدەبەستێت و بەجوانترین شێوەیش دەیانگێڕێتەوە... بە«هەبوو نەبوو» دەستیان پێ ناکات و زیاتر لە گرێچنێکیان هەیە... لەوەتەی بەیانەکە خوێندراوەتەوە، ناوەرۆکەکانیان زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە... بەڵام من لە هەموویان زیاتر حەزم لە «گچکەلی ئازا»یە... کاتێ بۆ یەکەم جار گوێم لە ناوی «سەعدی گچکە»ی گەڕەکی خۆمان بوو، وام زانی ئەوە ئەو پیاوەیە، کە من چیرۆکیم لە مامۆژنم بیستووە، بۆیە دەمویست لە نزیکەوە بیبینم... ئەو نیوەڕۆیە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە و گەیشتمە نزیک ماڵیان... لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزی و سێ چوار پێشمەرگەی تریشی لەگەڵدا بوو، بەڵام نەمتوانی لە تارماییەک زیاتر ببینم... لە ڕووم نەهات، وا باشترە بڵێم جورئەتم نەدەکرد لە دەموچاوی ڕامێنم... ئامۆژنم لێم تێدەگات، بۆیە ئێستا کاتێ چیرۆکەکەم بۆ دەگێڕێتەوە، لەجیاتی «گچکەلی ئازا»، دەڵێ «سەعدی گچکە»... ئەگەر ئەو پیاوە و «دادە خەیلان» نەبان، لەشکری «نوعمان شا» هەموو مەملەکەتی دەگرت... نیوەی خەڵکەکەی وەکو دانیشتوانی شارەکەی سەر سنوور سەردەبڕی و نیوەکەی تریشی دەکردە کۆیلە... ئەگەر من گەورە ببم و بتوانم بەو شێوەیەی مامۆژنم ئەو چیرۆکە بگێڕمەوە، گوێگرەکانم دەحەپەسێن.

«پەری» کچێکی گەڕەکمان بوو و لەگەڵ «پوورە زرێخ»ی نەنکی بەڕەزاڵخوایی و هەژاریی دەژیا... ڕۆژانە ئاڵایەکی زەردی هەڵدەکرد و ئێمەش لە دوایەوە بەچەپڵە و گۆرانی دەڕۆیشتین... هوتافی دەکێشا و بۆمان دەسەندەوە... ئەو «پەری»ـە ئەوسا تەمەنی دەگەیشتە دە دوانزدە ساڵێک و دەنگە زۆر خۆشەکەی هەمووومانی سەرسام دەکرد... لەرەیەک لەو قوڕگەیدا هەبوو، لە کاتی هاوار و گۆرانیدا دەردەکەوت، لە هەموو ژیانمدا بیرم ناچێتەوە... ئێوارەیەکیان سەتڵێکی ترشیاتی سووری لە ماڵی «یازبێد کۆیی» کڕیبوو و بەکۆڵانی ئێمەدا دەڕۆیشت... دەڕۆیشت و هونەرمەندانە سەتڵەکەی بادەدا، بەبێ ئەوەی ترشیاتەکە بڕژێت و بەو ناوەدا بڵاوبێتەوە... جا ئەو پەقرەجە ڕێک لەوەی «ئازاد» دەچوو، کە لە «ئەلف و بێی نوێ»دا بەدەستیەوەیە و زۆر سەرنجی ڕادەکێشام... ئاواتم دەخواست منیش فێربم ئاوا وەکو «پەری» سەتڵی ترشیات بەهەموو هێزی خۆمەوە بابدەم و لە دەستیشم نەڕژێت، بەڵام زەحمەت بوو و هونەری ئاوا لە من نەدەوەشایەوە... «پوورە زرێخ»ی نەنکیشی بەو پیریە و بەپشتی کۆمی بژێویی خۆی و هی ئەوی پەیدا دەکرد... کاتێ دەڕۆیی واتدەزانی لە ملا و لەولاوە دەستی دوو منداڵی بچکۆلەی گرتووە، کە تازە بەسەر پێ کەوتوون... دەبووایە چاو بۆ ئەو منداڵە وەهمیانە بگێڕیت، بەڵام نەتدەبینین... ئەوە شێوەی ڕۆیشتنی ئەو پیرەژنە کلۆڵە بوو ئاوا بینینی ئێمەی بەلاڕێدا دەبرد، بەتایبەتییش هی من:



– دایە پێت برێم پلکە زرێخ کوو دەڕوا...؟!

– نەء، کوڕم گوناحە.

– ئەخر دایە ئەو زۆر عەنتیکە دەڕوا...!!

– واز لەو قسانە بینە...!!

– ئەدی پلکە سەنیە لۆتووی بکەم...؟!

– نابی، ئەوە پیر بووە و خوا وەی لێ کردیە...!!

ڕۆژێکی هەتاوی ناوەڕاستی زستان ژنان جلیان لە گۆمێکی پشت شەقامی شەستی دەشت، چونکە چەند ڕۆژ بوو ئاوی بەلووعە نەدەهات... «پوورە زرێخ»یشم بینی جلەکانی خۆی و «پەری»ی لە ئاوەکە وەردەدا و شڵپەشڵپێکی سەیریان لێوە دەهات... دواتر خۆشم نەمدەزانی بۆچی هەورەتریشقەکان ئەو دیمەنەیان بیردەخستمەوە و خەیاڵەکانمیان بەملا و بەولادا دەبرد، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەوسا بەزەییم پێدا دەهاتنەوە و هیوام دەخواست دەستەکانم ئەوەندە درێژبوونایە، تا ئەو ڕادەیەی دەمتوانی ڕۆژی ناوەڕاستی ئاسمانە بێگەردەکەیان پێ داگرمە خوارەوە... لە جلە شۆراوەکانییان نزیککەمەوە و بەزووترین کات وشک بنەوە... دواییش لە بنمیچی ژوورە بچکۆلەکەیاندا هەڵیواسم و هەمیشە خۆیانی پێ گەرمکەنەوە... ئیتر لەمەوە خۆر هەر لە پەنجەرە و کلاوڕۆژنەکەی ئەوانەوە هەڵدێت و بەسەر گەڕەکدا پەرشدەبێتەوە.

«پوورە زرێخ» بۆ ژنێکی تری تەنیشت خۆی دەگێڕایەوە، گوایە جارێکیان حاجی لەقلەقێک کراسی ئەوی لەسەر تەناف فڕاندووە و بۆ تاقی ئاسمان بەرزیکردۆتەوە... من ئەمەم بەلاوە سەیر بوو و دیمەنەکەیم دەهاتە بەرچاو... لێیم پرسی، ئاخۆ حاجی لەقلەق کراسی ئەوی بۆ چییە و چی لێ دەکات... ئەو سەیرێکی کردم و پێی وتم:

– لەناو هێللانەکەی ڕای دێخی و ناهێلی فەرخەکانی سەرمایان بی.

هەر دەتوت نووستووە و بەدەم خەوەوە قسە دەکات... وشەکانم دەبینی وەکو سەرەمێکوتە لە دەمی دەردەچوون و خۆیان هەڵدەدایە ناو گۆمەکەوە... کەمێ لەسەر ڕووی ئاوەکە مەلەیان دەکرد و لەپڕ نقووم دەبوون... تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دەهات و ناخم پڕی دەبوو لە وردە ماسیی بەزەیی... بەدەستم بووایە هێلانەی حاجی لەقلەقەکەم دەدۆزیەوە و کراسەکەیم بۆ دەهێنایەوە، ئەگەرچی دەمزانی ئەو تەمەنی بەسەرچووە و ئێستا ڕەنگی سپی ناپۆشێت... نازانم بۆچی وا چووبووە ئەقڵمەوە ڕەنگەکەی سپی بووە، خۆ ئەو باسی ڕەنگی نەکردبوو.

مانگێ دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی یانزدەی ئازار پیاوێکی خزمی خۆیان میوانیان دەبێت و شەو لایان دەمێنێتەوە... هەردووکیان سەردەبڕێت و پارەکانیان دەخاتە گیرفانیەوە... ئەمە ڕووداوێکی ترسناک بوو و ئێمەی منداڵان بەڕۆژیش لە ماڵەوە دەترساین... قژی «پەری»مان بینیبوو لە حەوشەکەدا چەپک چەپک کەوتبوو، کاتێ ویستبووی بەسەر دیواری دراوسێکەیاندا سەربکەوێت و ئەو ڕایکێشا بوو...

خوێنەکەیان دیبوو لەوێ ڕژابوو و وشک بووبۆوە... تەرمی «پووره زرێخ»مان بینیبوو لە خوێندا سووردەچووەوە و لە حاجی لەقلەقێکی گەورەی ئاوەڕووتکراو دەچوو... دایکم و «گولزار»ی ئامۆژنم و «پووره سەنیە» و «پووره ڕەحمەت» و ژنانی تری دراوسێمان لە بەردەرگا دادەنیشتن و گاڵتەیان بەهەر کەسێ دەکرد، کە بەوێدا بڕۆیشتایە... ئێمەی منداڵانی کۆڵان، کاتێ دەمانویست بەمەبەستی ئاوخواردنەوە یان هەر شتێکی دیکە بچینە ماڵەوە، هەر هەموومان بەکۆمەڵ دەچووین، چونکو دەترساین و نەماندەتوانی «پەری» بیری خۆمان بەرینەوە... ئەو «پەری»ەی ئاهەنگی منداڵانی بەڕێوە دەبرد و دەنگە خۆشەکەی دوای مردنیش هەر لە کۆڵانان دەبیسترا.

باوکم پێی ناخۆش نەبوو من لەگەڵ منداڵانی دیکە بەشداریی ئەو ئاهەنگانەم دەکرد، چونکە «بارزانی»ی دوور بەدوور خۆشدەویست و پێی وابوو تاقە سەرکردەی لێهاتووی دنیایە... دەیان چیرۆکی دەربارەی ئەو دەزانی و هونەرمەندانە بۆ ئەم و ئەوی دەگێڕانەوە... ئەو وەکو خوشکە گەورەکەم دەڵێ لە هەموو ژیانیدا بەتفیش پارێزگاریی لە نیشتیمانی نەکردووە و زۆر ڕقی لە چەکە، بەڵام هەموو هۆشێکی لای چالاکیی پێشمەرگە بوو و بەشێوەیەکی سەیر «بارزانی»ی خۆشدەویست... ئەو زۆر لەوە دەترسا من ئەوەی لەو ماوەیە فێری بووبووم، بیرم بچێتەوە، چونکە نەدەچووین بۆ قوتابخانە و ڕۆژانە خەریکی ئاهەنگگێڕان بووین، بۆیە هەر زوو زوو بانگی دەکردمەوە و پێی دەوتم خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانم بم... من بەبێزاری و بەترسەوە کتێبەکانم دەخوێندنەوە و گوێشم لە هەرا و زەنای منداڵانی کۆڵان دەگرت... لەناو هەموو منداڵانی گەڕەک هەر من لە ژوورەوە دەکرام و قەدەغە بوو یاریی بکەم.

هەر زوو زوو خەڵکی گەڕەک لەسەر ڕەنگی زەرد و سوور دەبووە شەڕیان و جنێویان بەیەکتر دەدا... تەنانەت ئێمەی منداڵانیش لەنێوان خۆماندا ڕێک نەدەکەوتین... هەر ئەو سەردەمە لە مزگەوتێکی خوارەوە دوو پیاو لە مانگی ڕەمەزان تێک گیرابوون... ئەوەی کاتی بەربانگ پەرداخی شەربەتەکانی دەبەشیەوە، پارتی بوو... دانەیەکی زەرد دەخاتە بەردەمی پیاوێکی کۆمۆنیست و ئەویش تووڕە دەبێت... هاوار دەکات:

– ئەو سەگبابە سوور دەزانی ئەمن شوعیمە، زەردم لۆ دادەنێ.

ژنێکی قەڵەوی کۆڵانمان، هەر زوو زوو شاڵاوی بۆ ژنانی تر دەبرد و دەیوت:

– لە دەوی بابی خەڕەشۆفت ڕیم.

بەڵام زۆر بەئاسانی ئاشت دەبوونەوە و لە ئاهەنگەکاندا دەستی یەکتریان دەگرت.

ئێمە هاوینەکەی بەهۆی نەخۆشکەوتنی زۆر لەپڕی «شادە»ی خوشکمان ئەو جەژنەمان لێ تاڵ بوو، کە تازە پێی دەگرت و زیرەکییەکەی هەموو خەڵکی گەڕەکی سەرسام کردبوو... باوکە کرێکارەکەمان وازی لە ئیشوکار هێنا و خەمناک خەمناک لە دکتۆرانی شاری دەگێڕا... باری داراییمان بەرەو خراپی ڕۆچوو و ترسێکی سەیر ئابلۆقەی ماڵە بچکۆلەکەمانی دا... من زەحمەتە ئەو ئێوارەیەم بیر بچێتەوە، کاتێ ژنێکی کۆڵانی ئەودیومان لە بەردەرگای خۆمان گوارە ئاڵتوونەکانی لە گوێچکەی ڕاست و چەپی دایکم دەکردەوە،



کە بەقەدەر هەموو دنیا خۆشی دەویستن و خۆی پێوە دەنواندن... لێیان ڕادەمام و خەفەت وەکو کەروێشکە لەتینووا خنکاوەکەم بەچڕنووکەکانی بنکی دڵمی هەڵدەکۆڵی... نایشارمەوە ئەو ژنە قەڵەوەم لە شێوەی پیاو دەبینی و ئەو پرۆسەیە بۆ من لەوە دەرچووبوو فرۆشتنی جووتێ گوارە بێ لەلایەن ژنێکی بیست و نۆ ساڵانەوە لە پێناو چارەسەرکردنی منداڵێکی نەخۆش، بەڵکو دایکمم دەبینی تاوانی نامرۆڤانەی لەگەڵدا دەکرا و لە بەردەرگای خۆماندا ڕیسوایان دەکرد... دەشبووایە بێدەنگ بم و هیچ نەڵێم... بەڵام ناخم نەیدەتوانی بێدەنگ بێت و هاواری لێ بەرزدەبووەوە... ئاخر من وامدەزانی لە دنیادا تەنها دایکم ژنە و لە ئاستی ئەودا هەموو خەڵکم بەپیاو دەزانی... ژنان تا ئەو کاتە ژن بوون، کە لە دایکمەوە دوور بوون... کاتێ لێی نزیک دەکەوتنەوە، دەبوونە پیاو و بەبینینیان سەغڵەت دەبووم... ئەو ژنەیش هەر بەڕاستی سیمایەکی پیاوانەی هەبوو و یەکێ بوو لە ژنە شەڕانییەکانی گەڕەک... دەستی لە تیتکی دەیان ئافرەت نابوو و خستبوونییە ژێر ئەژنۆ زلەکانییەوە... ناوەکەی بەو پاشگرەیەوە، کە بۆی زیاد کرابوو و پێی دەناسرایەوە، ئەوەندەی دیکە سامی پێ بەخشیبوو و خەڵک سڵیان لێی دەکردەوە... لابەردایییان لە گێچەڵەکانی دەکرد و خۆیان لە شاڵاوەکانی دەپاراست... دەنگی پیاوانە بوو و جنێوەکانیشی لە جنێوی ژنانە نەدەچوون... منیش دەمویست لە دواوە قژی ئەو بگرم و لە دەستەکانمی بئاڵێنم... تا تینم تێدایە ڕایکێشم و لە بێخەوە چەپک چەپک دەریبهێنم، بەڵام دڵنیابووم ئەو دەستی لە بینەقاقام گیر دەکرد و بەدەنگە بڵحەکەی پێی دەوتم:

– پارەی خۆم دەدەم...!!

– دەزانم پارەی خۆت دەدەی، بەرام ئەوە داکمە و ڕازیی نابم کەس ئەوهای لێ بکا.

– ئەمن ئەوهای لێ دەکەم و کەسیش ناتانی ڕێم لێ بگری.

نازانم بۆچی دایکم لەو هەموو خەڵکە، گوارەکانی بەو فرۆشت...!! دەسا ئێمە هەموو شتێکمان دەفرۆشت بۆ ئەوەی ئەو خوشکەمان چاک بێتەوە و جارێکی دیکە قسە خۆشەکانی ببیستینەوە... باوکم لە هەموومانی زیاتر خۆشدەویست و جوانترین کراسی بۆ کڕیبوو، کە لە سەرەوە تا خوارەوەی تەنتەنە بوو و هیچ منداڵێکی تری گەڕەک کراسی ئاوای لە بەردا نەبوو... هەر لەبەری کرد و نەخۆشکەوت... «ئامین»ی نەنکم دەیوت:

– چاویان لێ دا... بەخوای چاویان لێ دا... چبوو ئەو کراسەتان لەبەر کرد...!!

هەبوون گاڵتەیان بەباوکم دەکرد، گوایە کچێ ئەوە ناهێنێت، ئاوای بۆ بکرێ، بەڵام ئەو گوێی لە کەس نەدەگرت و پرسیاری دکتۆرە چاکەکانی لەم و لەو دەکرد... لە بیرمە، بێگومان لە بیرمە و زەحمەتە لە یادم بچێتەوە، کاتێ لە هەیوانەکە دانیشتبوو و بۆی دەگریا... ئەوە ئەو ڕۆژە بوو، کە تەمامان لێی دانا و هیوامان بەچاکبوونەوەی بڕا... «خاڵم جەوهەر»، خاڵە وەفادار و دڵسۆزەکەمان، خاڵە خۆشەویست و ڕۆحەکەمان، لە نەخۆشخانە بەخەمبارییەوە بەدایکمی وت، کە بیباتەوە، چونکە دکتۆرەکان وتوویانە لەوەدا نەماوە چارەسەر بکرێت... بەنائومێدی بردمانەوە و بەدڵی پڕ لە حەسرەتەوە لەسەر دۆشەگێکی

ناوەڕاستی حەوشە تەسکەکەمان پاڵخست... ئەو شەوە هەموومان خەمناکانە بەدیاریەوە دانیشتبووین و دەمانویست بۆ دواجار سەرنجی لێ بدەین... من ناوبەناو دەمم دەبردە بن گوێچکەی خوشکە گەورە چاو بەگریانەکەم و بەترسەوە لێیم دەپرسی، ئاخۆ چاک دەبێتەوە... ئەو نینۆکەکانی لەملا و لەولای ڕوومەتەکانی گیردەکردن و پێی دەوتم:

– لە من مەپرسە... لە من مەپرسە.

ئەوەندەی دیکە بەزەییم بەخۆماندا دەهاتەوە و نائومێدتر دەبووم... نەمدەتوانی ڕووی خۆم بکەم بەولادا و سەیری نەکەم... چاوەکانی داخرابوون و لێمان ڕوون نەبوو، ئەو دەنگانەی جار جار لە قوڕگی بەرزدەبوونەوە، هەناسە بوون، یان دەرچوونی ڕۆح... دەرکەوت هیچیان نەبوو، دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تربوو و بووژانەوەی لەسەرەخۆی ئێمە... چاکبوونەوەی ئەو منداڵە موعجیزەیەک بوو بۆ خۆی... ئیتر باری دارایشمان ڕووی لە چاکبوونەوە کرد و هێمنی بۆ ماڵەکەمان گەڕایەوە.(٣)

لەپاڵ هەموو ئەو ناخۆشییانەشدا بەیاننامەی یانزدەی ئازار جۆرێ لە دڵنیایی بەباوکم بەخشیبوو و کەمێ ئەو ترسەی دەروونی کەم کردبۆوە، کە لە سەرەتای ژیانییەوە هەنگاو هەنگاو لەگەڵیدا ڕێی دەکرد و بۆ ساتێ لێی جیا نەدەبووەوە... هەمیشە وای دەزانی زیلەکان سەری کۆڵانەکانیان گرتووە و بۆ شوێنە دوورەکانمان دەگوێزنەوە... ترسێکی زۆری لە بەعس هەبوو و هیچ کاتێ خۆی بەخاوەنی خۆی و ئێمە و خانوو و شتەکانی دیکەمان نەدەزانی... ئەو ترسەیشی لە دایکیەوە بۆ مابووەوە، ئەگینا «ئەحمەد کاکەسوور»ی باوکی یەکێک بوو لە جەربەزەکانی سەردەمی خۆی و خەڵک تا ئێستاش سەرچڵییەکانی دەگێڕنەوە... «خەجیج ساڵەیی»ی نەنکم گوێی لە تەقە بووایە، جا دوور، یان نزیک، زەندەقی دەچوو و خۆی لە کونجی ژوورەوە دەنا... ئەگەر ئێمەش باسی ترسنۆکیی ئەومان بکردایە، باوکم تووڕە دەبوو و دەیوت، لە خۆی ناترسێت، بەڵکو خەمی ئێمەیەتی... بەڵام ئەو کاتێ دەترسا، کەسی بیر نەدەما و من بەئاسانی هەستم بەوە دەکرد... ژنێکی بێکەس بوو و لەم شارە خزمی نەبوو... لە کەرکووکیش تەنها ئامۆزایەکی هەبوو، کە دواتر ماڵەکەیان گوێزرایەوە هەولێر... پۆلیس بوو و سێ چوار کچی زۆر زیرەک و وریا و کوڕێکی ڕۆحسووکی هاوتەمەنی منی هەبوو... کاتێ دەهاتن بۆ ماڵمان و بەکەرکووکیی دەدوان، ئێمە زۆرمان بەلاوە سەیر بوو و دواتر لاساییمان دەکردنەوە... بەڕاستی زۆر خۆشمان دەویستن و ماڵێکی چاک بوون، بەڵام ئێستاش نەمانزانی بۆچی پەیوەندییمان پچڕا و لەوساوە چاومان پێیان نەکەوتۆتەوە... نەنکم لە هەموو شتێ دەترسا... تەنانەت لە پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵکیشدا... بەڵام من هەرگیز ئەو ڕۆژگارەم بیرناچێتەوە، کە لەگەڵ ئەواندا بەسەرم برد و ونبوونەکەشیان بووە مەتەڵێکی ئاڵۆز.

نەنکم، لەپاڵ ئەو ترسنۆکیەیدا زۆر وریا بوو و پێنج منداڵی بەبێوەژنکۆشی گەورە کردبوو... بەداخەوە لە سەردەمی پیرییدا چاوەکانی لە دەست دا و هیچی نەدەبینی... دەیان جار بۆی گریام و هیوام خواست چاکبێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەم نەدەهاتە دی... هەرچەند پێیم دەوت حەز دەکەم ڕووناکی بۆ چاوەکانی بگەڕێتەوە، ئەو سەری بادەدا و بەقوڕگی پڕ گریانەوە پێی دەوتم:



– چاوم لۆ چییە مەرگم بەپێشت کەوی... چییان پێ ببینم...؟!

جارێکیان وتی:

– چشتەکان نەماینە، دەنا چاوی من عەیبیان نییە... ئەو دنیایە لۆ کێندەرێ سەری هەڵگرت و نەما خوایە...؟!

لەو جارەوە هەقایەتی «ساڵح»ی پێغەمبەری بۆ گێڕامەوە، کە چۆن موعجیزەی نواند و حوشترێکی زۆر زلی لە شاخی ڕەقوتەقەوە بۆ کافرەکانی «قەومی سموود» خولقاند، من هەمیشە لەناو تاریکاییی چاوانیدا کێوێکی سپیم دەبینی و دەیان کرێکاری ڕەشپێستی سیاپۆش بەکوتەک دەیانڕووخاند... ئینجا شەوێک لێیم پرسی ئاخۆ ئەویش هەمان دیمەن دەبینێت... بۆ ساتێ لێوی وشکی خستە نێوان ددانەکانی و گازێکی سووکی لێ گرت... هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و پێی وتم، کاتێ منداڵ بوو، وایدەزانی سێ جۆر شت لەم دنیایەدا هەن: ئەوانەی دەیانبینین و نامانبینن... ئەوانەی دەیانبینین و دەمانبینن... ئەوانەی دەمانبینن و نایانبینین... ئێستا نابینایە، هەموو شتەکان تێکڕا دەیبینن و ئەو هیچیان نابینێت... بەیانی لە قوتابخانە بیرم لە «لەوانەی دەمانبینن و نایانبینین» کردەوە... سەیرە هەر لەم پۆلەی ئێمەدا دەیان قوتابی و شتی دیکەش هەن و نایانبینین... لە پشت ماڵمان گردێک هەیە، ناڵێم زۆر بەرزە وەکو قەڵات، بەڵام نزمیش نییە... لەودیویەوە خەڵکانێک دەژین و کەسیش نەیزانیوە... لەوێوە ئێمە دەبینن و لە جووڵەکانمان دەڕوانن... لەمسەر و ئەوسەری دنیاوە چی مەخلووق هەن دەڕواننە داپیرەم... تۆ بڵێی کاتێ لە باوەشم دەگرێت، منیشیان لێ دیار بێت...؟! بەڵێ، من ئەوەندەم بیر لە چاوە فەوتاوەکانی نەنکم دەکردەوە، دەیان خەیاڵی سەیر سەیرم بۆ دەهات... وام دەزانی شەوێکی تاریک تاریک لە جیاتی باران، ئەستێرە دەبارێت... من سەبەتەیەک بەدەستەوە دەگرم و سەربان سەربان، حەوشە حەوشەی ئەو ماڵانە دەگەڕێم... دەگەڕێم و کۆیان دەکەمەوە... دەیانهێنم بۆ لای نەنکم و ئەو بەپەنجەکانی لە دووانی وا دەگەڕێت، کە بەکەڵکی بێن و لەسەر گلێنەکانیان دادەنێت... ئینجا دنیای پێ دەبینێت و چیتر لەو تاریکستانەدا ناژی... بەڕاستی خۆشیم دەویست و قسەکانی بێوێنە بوون... هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکیی بەڕەوانی دەزانی و سەرگوزشتەی خۆشی لابوو... هەمووشیان هەر باسیان لە ترس دەکرد و بەشێوەی زۆر تراژیدیی کۆتاییان دەهات... ڕەنگە ئەو چیرۆکانە ئێجگار ئەو هەموو ترسەیان خستبێتە دڵی باوکمەوە، بەتایبەتی ئەو بەهەتیویی گەورە بووبوو و بەحاڵ باوکی خۆی بیردەکەوتەوە... ڕەشبینیەکەی باوکم سنووری نەبوو... بەباوەڕی ئەو دوو ژیان هەبووە، یەکێکیان پڕ لە ئاسوودەیی، کە خەڵکانی خۆی تیایدا ژیاون و دەمێکە بەسەرچووە... دووەمیان ژیانی ئێستای ئێمە، کە لێوانلێوە لە نائومێدی و مەحاڵە کەس خۆشیی ببینێت... وشەکانی ترسناک بوون و بەدەم ئاخی قووڵ قووڵەوە دەریدەبڕین... هەمیشە شەوی لەجیاتی ڕۆژ بەکاردەهێنا... «وای باوکە دە شەوی تر فلان شت دەبێت و ئەی ماڵی وێرانم بیست و پێنج شەوی تر فلان شت ڕوودەدات... کورە ئەوە ئێوە نەتانزانیوە دوای چل شەوی دی ئەم دنیایە وێران دەبێت...!!»... دایکم بەپێچەوانەوە ئەوەندە گەشبین بوو، گاڵتەی لە نەهامەتیەکان دەهات... ئەو ئەگەر لەبەر نەگونجانی زمان نەبووایە، دەیوت: «پێنج ڕۆژی ڕووناکی دیکە

دەتانبەمە بازاڕ و جلوبەرگی جوانتان بۆ دەکڕم... حەوت ڕۆژی گەشی تر دەچین بۆ ماڵی خاڵتان... دە ڕۆژی خۆشی دیکە لە سەیرانین»... دایکم پێی دەوتین ئەگەر چاوەڕێی هەر شتێک بووین، ئەوا دوو سەری خۆشی بۆ دانێین، بۆ ئەوەی هاتە دی و نەهاتە دی، هەر دڵمان پێی ئاسوودە بێت... کاتێ نایەتە دی، دەبێت بیر لە کۆمەڵێ شت بکەینەوە، کە ئەگەر بهاتایەتە دی، باش نەدەبوو... وەختێ دەتەوێت بەسەر ئەو گردە زۆر زۆر بەرزە بکەویت و کووپە ئاڵتوونەکە بهێنیت، لە نیوەی ڕێگا جەردەیەک بەگوللەی تفەنگ پەنجەیەکی قاچت دەشکێنێت و بەرەو خوارەوە تلۆرت دەکاتەوە، نابێت پێت ناخۆش بێت و ئاخ و ئۆف هەڵکێشیت، چونکو جەردەیەکی دیکە کەمێ لە سەرووتر نیشانی لە قاچت دەگرت و دایدەڕزاند... ئارامت بێ پەنجەیەک هیچ نییە و زوو برینەکەی سارێژ دەبێت... ئەگەر ئەمجارەیان جەردەیەک قاچی شکاندی، دڵت تەنگ نەبێت و تەما لە خەزێنەکە دامەنێ، چونکو جەردەیەکی دیکە لە سەرووتر پەراسووی دەپێکای... قاچێک هیچ نییە و ورەت نەڕووخێ... ئەوا چاک بوویتەوە و سەرکەوە... پەراسوویان شکاندی...؟! قەی ناکا، کەس بەپەراسوو نەمردووە... بەس نەبوو ئەو جەردەیەی سەرووتر دڵی نەپێکای و کۆتایی بە ژیانت نەهێنا... گوێی مەدەرێ بەقوربانت بم... نەمردوویت و ماویت... هاکە چاک بوویتەوە و ئەمجارەیان گورجتر لە جاری پێشوو سەرکەوتیتەوە...!! بەڵام دایکم لەبەر ئێمە ئێجگار ئاوا خۆی گەشبین پیشان دەدا، ئەگینا لە ناخەوە خەفەتی دەخوارد و لە زۆر شت ناڕازی بوو... وابزانم جار جار بەدزییەوە چ لە پەناوپەساری ماڵەکە و چ لای نەنکم دەشگریا... ئێمە لەنێوان دایکێکی زۆر گەشبین و باوکێکی ئێجگار ڕەشبینیدا تیا مابووین... یەکێ لەو کارەساتانەی باوکم لێی دەترسا، نەمانی ئاو بوو، بۆیە حەزی دنیای لە باران دەکرد... لە هەموو شتێکی دیکەی ماڵەکە زیاتر دڵی بەو بەلووعەیە فێنک دەبووەوە... جا کاتێ ئاو دەبڕا، شپرزە دەبوو و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە دەیوت:

– تەواو...!! باوەڕناکەم جارەشکە ئاوی لێ بێتە خوارێ.

هەروەها دەیوت دنیا لە تەواوبوونە، چونکە خەڵک ڕۆژ بەڕۆژ زۆر دەبن و جێگامان لەسەر زەوی نابێتەوە... «هۆڵێکی گەورە بێننە بەرچاوتان، کە ڕەوەیەک ئەسپ تێیدا دەژین... خۆراکی ئەو ئەسپانە تەنها زەوییەکەی ژێریانە و ڕۆژ بەڕۆژ دەیخۆن... دەیخۆن و هەڵی دەکۆڵن... تا دەگەنە جێگایەک، کە بۆ خواردن دەست نادات... ئیتر یەکتر دادەپلۆسن و قڕانیان تێدەکەوێت... یان هەر زوو دیوارەکان، ژێریان ڕۆدەچێت و بەسەریەکدا دەڕمێن»... دوایی زانیم ئەو تیۆریەی باوکم لەگەڵ ئەوەی «ماڵتۆس»دا ئەوەندە جیاوازییان نییە، کە پێی وایە مرۆڤ لە چاو خۆراکدا دوو بەرابەر زیاد دەبێت، بۆیە شەڕ کارێکی ڕەوایە... باشە باوکم ڕقی لە جەنگە.

دایکم هەمیشە ڕەخنەی لێ دەگرت، کە ئەوەندە خەفەت دەخوات و زەندەقی لەم دنیایە چووە... هەر چۆنێ بێت لەگەڵ بەستنی پەیمانی یانزدەی ئازاردا کەمتر هەستی بەترس دەکرد... بۆ یەکەم جار قسەی دایکمی لە گوێ گرت و بەیارمەتیی «خاڵم جەوهەر» پارچە زەوییەکی کڕی... دیارە باوکم بەبێ پرسی ئەو خاڵەم زەحمەت بوو هیچ شتێکی بکردایە و ئەویش بەڕاستی هەمیشە پشت و پەنای ئێمە بووە... تا ئێستاش هەر سوێند بەسەری ئەو دەخۆین و لە دڵەوە خۆشمان دەوێ... ئیتر خانووێکی چاکترمان بنیات



نا و لەوەی «سەیداوە» گوێزامانەوە... من لەوێ کۆمەڵێ هاوڕێی ترم پەیدا کرد، کە زۆربەیان کوڕی کۆنتەراتچی و مامۆستا و فەرمانبەر و لێپرسراوی گەورەی شۆڕشی ئەیلوول بوون... دواتر باوکم هەر بەیارمەتیی ئەو خاڵەم لەناو بازاڕدا دووکانێکی قوماشی کردەوە و باری داراییمان زۆر لە جاران چاکتر بوو... لەو گەڕەکە تازەیە، کە نەماندەزانی سەر بە«ئیسکان»ین، یان «سەیداوە» و کۆڵانەکەی ئێمە ڕێک لە بەرامبەر «حەمامی ئیسکان» بوو، من هەمیشە باسی ئەو گەڕەکە کۆنەی خۆمان و خەڵکەکەیم بۆ منداڵانی هاوڕێم دەکرد... چیرۆکی سەیر سەیرم هەڵدەبەست و هەموویانم دەخستە پێکەنین... ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکی منە، بەڵام بەشێوەی زارەکی، نەک نووسین... دەمودەست دەستم پێ دەکرد و ڕووداوەکانم دەچنی، بەبێ ئەوەی پێشتر بیرم لێ کردبنەوە... هەمووشیان سیمایەکی کۆمیدییان هەبوو... وا چاکترە بڵێم من درۆم هەڵدەبەست و باسی ئەو شتانەم دەکرد، کە نەمتوانی بوو وەکو هەر منداڵێکی تر لە واقیعدا سەربەستانە پراوەیان بکەم... دایکم لەوە تێنەدەگەیشت و هەر زوو زوو سەرزەنشتی دەکردم.

«من و وشیار قوفڵی دووکانێکمان شکاند و چووین نوقڵ و میزەڵدان و شتی تر بدزین... گوڵەبەڕۆژەمان چنگ چنگ نەدەکردە گیرفانمانەوە، بەڵکو لە پێشدا بەپیاڵە دەمانپێوا... وشیار بەمنی دەوت:

– خێراکە دەی پیاڵەکەم بدەرێ... تۆ زۆرت دزیوە، ئینجا نۆرەی منە.

دوایی وشیار ویستی نۆکی برژاویش بدزێت... لێی پرسیم:

– پیاڵەی بەچەندە...؟

من وتم:

– نازانم

ئەو وتی:

– خۆزگە دەمانزانی، ئەویشمان دەهێنا.

ئێمە تەنها ئەو شتانەمان دەدزی، کە نرخەکانیمان دەزانین»

ئەمە یەکێک بوو لەو چیرۆکانەی من هەڵم بەستبوو... بێگومان بۆ منداڵێکی پۆلی دوو و سێی سەرەتایی هونەر بوو... بەڵام ئەو هونەرە هی باوکم بوو، نەک هی من... ئەو باوکەی بێجگە لە کتێب و قوتابخانە هیچی دیکەی پێ ڕەوا نەدەبینیم... من لە کتێبخانەی قوتابخانەشدا زوو زوو کتێبی چیرۆک و هی نوکتەم قەرز دەکرد و دەمخوێندنەوە... هەروەها کتێب و گۆڤاری ئامۆزاکانم لە تاقەکە دادەگرت و بەسەعات خەریکیان دەبووم... شیعری شۆڕشگێڕییم پێ خۆش بوو و لەبەرم دەکردن... بەتایبەتی ئەوانەی بە«بارزانی»یاندا هەڵدەوت... لە گەڕەک بەدەنگی بەرز دەموتنەوە و منداڵانی تر چەپڵەیان بۆ لێ دەدام... حەزم زۆر لە نیگارکێشان دەکرد... لە پۆلی یەکەم هەر کارتۆن و پارچە کاغەزێکم دەستکەوتایە، نیگارم

لەسەر دەکێشان... باوکم زۆری پێ ناخۆش بوو و کارتۆن و کاغەزەکانی لێ دەسەندم... کتێبەکەی دەدامێ و دەبووایە بیخوێنم... دەگریام و بەقوربانیان دەبووم، بەڵام بێسوود بوو... ئەوەندەم حەز لە نیگار بوو، کەچی هیچ تیایدا سەرکەوتوو نەبووم... هەرگیز نەمدەزانی کۆترێکی جوان، سەری کچێکی ڕۆحسووک، درەختێکی سنەوبەر بکێشم... جارێکیان وێنەی قوتابخانەکەمانم کێشا و پیشانی باوکمم دا... ئەو قاقایەکی لێ دا و بەگاڵتە پێی وتم:

– ئەوە مەکتەبە، یان تەرەی مشکیە...؟!

ئەوەندەی بەو قسەیە سەرسام بووم، نیو ئەوەندە دڵگران نەبووم... بیرم لە جیاوازیی نێوان قوتابخانە و تەڵەی مشک دەکردەوە و لە خەیاڵی خۆمدا بەراوردم دەکردن... بووە مەراقم و هەوڵم دەدا لێی تێبگەم...(٤) وازم لە نیگار نەدەهێنا و خۆشیم دەویست... دەمویست لە ڕێی نیگارەوە تەعبیر لە خەمەکانی ناخم بکەم و ببمە هونەرمەند... دوارۆژی خۆمم لەوێدا دەبینی... وامدەزانی تەنها نیگار دەتوانێت ئەو هەموو هەورە چڕەی دڵم ڕامالێت و ناخم بکات بەرۆژیارێکی ئەبەدی... ئەویش خۆشیدەویستم و لە پێناومدا دەمرد، بەڵام هەر دەتوت هێزێکی نهێنی چاوی پێمان هەڵنایەت و لە یەکترمان دووردەخاتەوە... ئەو هێزەی ڕقی لە من و لە نیگاریشە و ناهێڵێت ببمە هونەرمەندێکی بەناوبانگ، بگرە دەیەوێت ناوی خۆم و هی «کاکەسوور»یش بەتەواوی بسڕێتەوە و لە بیر دۆستە هەرە نزیکەکانمان بەرێتەوە... بۆیە هیچ لە نیگار فێرنەدەبووم و نەیدەتوانی دڵخۆشم بکات... ڕۆژ بەڕۆژ خەمی فێرنەبوونی نیگارکێشان بڕستی لێ دەبڕیم و ترسی دەخستە گیانمەوە... نازانم بۆچی وا لە دڵم چەسپی بوو، ئەگەر نەبمە نیگارکێشێکی لێهاتوو، هەر بەمنداڵیی دەمرم و دایک و باوکم لە تاوا شێت دەبن... چ دەنگێکی غەیبییانە ئەمەی چپاندبووە گوێچکەمەوە و گیانمی وەکو حەوزی ماسی پڕکردبوو لە وردەماسیی مەرگ... بەو منداڵییەی خۆمەوە هەستم بەپیریی دەکرد و تارماییی مردن وێنەی دەزوولەی باریکی جاڵجاڵۆکە قاچزبرەکانی سەر دیواری لووسی قوتابخانە تێکەڵی هێڵە ڕەش و سپییەکانی بەرچاوم دەبوون... نەشمدەتوانی ئەو هەستەی خۆم دەربڕم و لە کەسی بگەیەنم... نەخشی سەر مافووری ژووری دانیشتەکەمانم زۆر بەلاوە جوان بوو و دەمویست لاساییی بکەمەوە... «نازخان»ی پووری دایکم ژنێکی ڕۆحسووکە و خۆشەویستی هەموومانە... بەو دڵە پاکەیەوە، کە پێشبینیی داهاتووی دەکرد و شارەزاییەکی سەیری لە خوێندنەوەی ناخی بنیادەمدا هەبوو، سەری بادەدا و بەشێوەیەکی چەند بڵێی سەیر پێی دەوتم:

– وازبینە کوڕی شیرنم... ئەتوو و ئەوەیان نەگۆتیە...!!

من لە لەرەکانی ناو دەنگی هەستم بەترسێکی گەورە دەکرد و خەیاڵی تۆقێنەر ئابلۆقەیان دەدام... بەڵام پوورە نازەنینەکەی دایکم ڕاستی دەکرد و مەحاڵ بوو من تیایدا سەرکەوم... ئیتر زانیم من و نیگاریان نەوتووە و نائومێدانە وازمان لە یەکتر هێنا... «ناز خان» ڕقی لە نیگار نەبوو و بەقەدەر دنیا خۆشی دەویست، بەڵام ئێمەی بەشایانی یەکتر نەدەزانی و دوارۆژی منی لەودا نەدەبینی... پێی وابوو نیگار هەرگیز نابێت بەئاشنای من... کوڕێکی گەورەی دراوسێمان لەو گەڕەکە تازەیە «حەیدەر ئەحمەد»ی ناو بوو و بەڕاستی نیگارکێشێکی بەتوانا بوو... من لەسەر دیواری حەوشەی نێوانمانەوە لە دەستی ئەو



هونەرمەندەم دەڕوانی و بیرم لە نائومێدییەکانی خۆم دەکردەوە... ڕەنگەکان وەکو موگناتیس ڕایاندەکێشام و لەناویاندا گەوزم دەدا... کاتێ دەهاتمە دەرێ و لە ئاوێنەی خەیاڵی خۆمدا، لە سیمام ورددەبوومەوە، تەواو گۆڕابووم و لەوەی جاران نەدەچووم... کەس نەیدەناسیمەوە و وەکو پەیکەری ئێسقانی دەعبایەکی خورافی دەکەوتمە بەرچاویان... هاوڕێیانی گەڕەکە تازەکەم سەرسام و ئەبڵەق لێم ڕادەمان و هیچیان بۆ نەدەوترا... پێم دەوتن: ڕزگار، عومەر، دڵشاد، فەریاد، یوسف، ڕەمزی، کەمال، ئەکرەم، شوان، سەباح، سوبحی، عەدنان، ڕێبوار، سەرکەوت، گۆڤەند، کۆشش ئەوە منم... کاروانم... نیگارکێشە دۆڕاوەکەم... گوێیان لە دەنگم نەدەبوو و شتێکیان لەو سیما ئەبڵەقەیان نەدەگۆڕی... بۆ گەڕەکە کۆنەکەمان دەگەڕامەوە و ئەوانیش نەیاندەناسیمەوە... لە دەرگاکانم دەدا و لێیان نەدەکردمەوە... دواجار خۆم دەخزاندە باوەشی ناسکی پوورە وریا و ئازیزەکەی دایکم و لەوێدا دەست و قاچەکانم گرمۆڵە دەکردن... هەڵدەلەرزیم و دوای ماوەیەک خەوم لێ دەکەوت... خەونم بەچوار نیگارکێشی گەڕۆکەوە دەبینی، کە لەسەر ڕووی ئاوێنەکەی خۆماندا دەستەیەک سەرباز چاویان بەپەڕۆی وەکو کاژی مار دەبەستن و گوللەبارانیان دەکردن... بۆیەی ناو کۆڵەپشتیان تێکەڵی خوێنیان دەبوون و بەسەر خاکی هەمیشە شێداری ئەو ئاوێنەیەدا دەڕژان... سیمای نەینۆک دەگۆڕا و دیمەنێکی چەند بڵێی تۆقێنەری هەبوو... شەوان لەو گەڕەکە تازەیە بیرم لێی دەکردەوە و ترس دایدەگرتم، کە ئەوسا چۆڵ بوو و زیاتر لە لادێ دەچوو.

ئەو گەڕەکە تازەیەمان زۆر لە کۆنەکە جیاواز بوو... تەنانەت شێوەی قسەکردن و هەڵسوکەوتەکانیشیان لە یەکتر نەدەچوون... لێرەدا ئەو ساکارییەی ئەوێیم نەدەبینی و پەیوەندییەکان بەجۆرێکی تربوون... زۆر شت هەبوون لەولا عەیب بوون و لێرە ئاسایی، هەروەها بەپێچەوانەیشەوە... ئێوارەیەکیان لە کۆڵان خورمام بەدەستەوە بوو و دەمخوارد، کە باوکم لە «بەغدا»وە هێنابووی... منداڵانی دراوسێمان یەکەمجار بوو دەیانبینیم، کەچی بێشەرمانە داوایان دەکرد... منیش دەمدانێ و زۆریشم بەلاوە سەیر بوو... لەولا ئەمە کوفرێکی گەورە بوو... تەنانەت ئەگەر خاوەنی شتەکەش بیدایتایە، هەر نەدەبووایە وەریگریت... وردە وردە منیش فێربووم وەکو ئەوان، کاتێ شتێکم بەدەست منداڵێکەوە دەبینی، داوام دەکرد.

بەزمانی شفرە لەگەڵ یەکتردا دەدوان، کە پێیان دەوت «ئەزە وەزە» و لە دوای هەر بڕگەیەکدا پیتێکی «ز»یان دادەنا... سەرەتا لێی تێنەدەگەیشتم و هەمیشە گاڵتەیان پێ دەکردم... جنێو نەمابوو بەخۆم و بەدایکمیان نەدابێ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێ فێری بووم... ئینجا لەگەڵ خوشکە گەورەکەم و برا بچووکەکەم قسەمان پێی دەکرد، بەتایبەتی من و براکەم، کاتێ دەمانویست نهێنییەکانمان لە باوکمان بشارینەوە.

هەندێ دابونەریت لێرەدا هەبوون، کە لەوێدا نەمبینیبوون... شتی خورافیی وایان دەوت، هەرگیز لەمەوپێش نەمبیستبوون... هەمووی چەند ڕۆژێ بوو گوێزابوومانەوە، کاتێ لە دایکی کوڕێکی هاوڕێم هەقایەتی «وازیزە»م بیست و لێی ترسام... گوایە ئافرەتێکی زۆر ناشیرین و دزێوی ئەفسانەییە و هەمیشە حەزی لە شەڕ و ئاژاوە کردووە... دڵی بەوە تەنگ بووە شوێنێک تەبایی و ئارامیی تیابووبێت و خێرا هەوڵی داوە بیشێوێنێت... دوو پێی خستبێتە هەر ماڵێکەوە، دەمودەست شەڕی تیادا هەڵگیرساوە و بەکارەساتێکی گەورە کۆتایی پێ هاتووە... «وازیزە» لە دوو بڕگە پێکهاتووە «وا + زیزە»، واتە وا

تۆراوە... منداڵ بێ دایک و باوک ماوەتەوە و بەهەتیوی ژیانیان بردۆتە سەر... «وازیزە» کوڕێکی هەڵخەڵەتاندووە و شووی پێ کردووە، کە لە خێزانێکی زۆر باش بووە و دایک و باوکی لە تایەفەی فریشتەکان بوون... دەرگای ماڵیان هەمیشە بۆ میوان لەسەر پشت بووە و تیایدا خزمەتی خەڵکی نەخۆش و پەککەوتەیان کردووە... دڵپاک و بێ وەی بوون و نەیانزانیوە ڕق و بوغز چییە، بەڵام «وازیزە» سەر لە مێردی و کەسوکارەکەی دەشێوێنێ و ئەوانیش لە خشتە دەبات... ناویان دەزڕێنێت و تووشی دەیان کارەساتیان دەکات... بەسیحر مێردەکەی دەگۆڕێت و گیانی پڕ دەکات لە خراپە... بواری نادا بەخۆیدا بچێتەوە و بگەڕێتەوە سەر دۆخی پێشووی... دواجار «وازیزە» دەچێتە ماڵی پیاوچاکێک و ژنەکەی فریو دەدات... پیاوچاک لە سەفەرە و بەدڵی خۆشەوە دەگەڕێتەوە... کاتێ دەبینێت ژن و منداڵی بەجێیانهێشتووە، شێت و هار دەبێت و دەشزانێت ئەوە ئیشی «وازیزە»یە... لای ئەم و ئەو قسەی ناشیرینی پێ دەڵێت و سەربردەی ژیانی بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە... دووعای لێ دەکات و سوودی نابێت... ئیتر دەردەکەوێ ئەویش پیاوچاک نییە و تەڵەکەبازە... بەدوای فێڵێکدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە... داوای لە ژنانی ئەو شوێنە کردووە هەر یەکە و مێردەکەی بکاتە قەلاندۆشکانی و لە بەرچاوی ئەودا بنی پێکانیان بەزمان بلسنەوە، ئیتر «وازیزە» لە داخا شەق دەبات و دەمرێت... بەڵام ڕۆحە نەگریسەکەی بەزیندوویی دەمێنێتەوە و لە شێوەی کەسانی خۆشەویست و نزیکی خێزانەکە خۆی بەماڵدا دەکات... فریویان دەدات و دەیانخاتە سەر کەڵکەڵەی شەڕەوە... فێریان دەکات چۆن پەلاماری مێردەکانیان بدەن و لەبەر چاوی خەڵکدا بیانشکێنن... جا ئەگەر ئەو ژنەی هەستی پێکرد، ئەوا دەبێت خێرا بنی پێکانی هاوسەرەکەی بلسێتەوە، بۆ ئەوەی قسەکانی ئەو لە خەیاڵی بچنە دەرەوە و ماڵیان ویران نەبێت شەوێکیان دایکم و باوکم بووە قڕەقڕیان و دەم و لچیان بەیەکدا دا... من زۆر ترسام «وازیزە» هاتبێتە ماڵەکەمان و ویرانی بکات... هەڵدەڵەرزیم و چاوم بۆی دەگێڕا... ڕەنگم بەبەرەوە نەمابوو و نەمدەزانی دڵم خاو یان خێرا لێدەدات... هەرچۆنێ بوو دەمم بردە بن گوێچکەی دایکم و بەچپە پێیم وت، کە تا زووە باوکم بکاتە قەلاندۆشکانییەوە و بەزمان بنی پێکانی بلسێتەوە... ئەم ئەو چیرۆکەی نەبیستبوو و بەحەپەساوییەوە نیگای چاوە تووڕەکانی تێبریم... لێم ڕادەما و نەیدەتوانی هیچم پێ بڵێت... من ئەوەندەی تر زیرەم کرد و چاوەڕێ بووم «وازیزە» لەپڕ لە شێوەی پوورێکی خۆشەویستم، مامۆژنێکی ڕۆحم، خاڵۆژنێکی ئێسکسووکم بێتە ژوورێ... یان لە پەنا پەردەی پەنجەرەوە سەر دەربێنێت و پەلامارمان بدات... هەموومان بخنکێنێت و ماڵەکەمان لەسەر نەخشەی ئەو شارە بسڕێتەوە... ناچار بەدەم گریانێکی بەکوڵەوە لە دایکم پاڕامەوە و ئەو پیامدا هەڵشاخا:

– ئەوە چییە ئەو قسە بێ سەروبەرانە...؟! ئەو دەردەم بداتێ و لە قیلمقاچێشی بکەم...؟! بنی پێی بلێسمەوە...؟! لۆ چ بووە...؟!

دوایی کاتێ ئاشتبوونەوە و من چیرۆکەکەم گێڕایەوە، هەر پچڕان لە پێکەنینا... دایکم بەتەمسیل و بەهونەری پانتۆمایم، نەک بەڕاستی باوکمی دەکردە قەلاندۆشکانییەوە و بەدرێژایی ژوورەکە دەیگێڕا... بەقەستی زمانی بەبنی پێکانیدا دەهێنا و قاقای لێ دەدا... دواییش بۆ «پووره ڕەحمەت» و «پووره



سەنیە»ی دراوسێ کۆنەکانمانی دەگێڕایەوە و کاتیان لەگەڵدا بەسەر دەبرد... کەچی هەر خۆی فێربوو وەکو ژنانی دیکەی گەڕەک، کاتێ ئێمە لەگەڵ یەکتر ناخۆشیمان دەبوو و دەنگمان دەگەیشتە دەرێ، بڵێ:

– ئەو مارە زۆری نمایە وێران بی، هەر دەرێی پەنجا وازیزە بەجارەکی ڕوویان تێ کردیە.

ئێمەی منداڵانیش بەمەبەستی تەتەڵەپێکردنی زمان بەیەکترمان دەوت سێ جار بڵێ: «وەرزی وازیزە لە وەربزە، وەزیریش ژنی وەرزە و زیزە» واتە سەردەمی وازیزە بەسەرچوو و ژنەکەی وەزیریش بێزارە و تۆراوە... لێمان تێکدەچوو و وشەکانمان لێ دەگۆڕان... ئەمە لە پیرەمێردێکی شێلمفرۆشی ڕۆحسووک فێربووبووین، کە عەرەبانەکەی نەخشی جوانی جوانی بەسەرەوە بوو و جار جار هەر لە خۆیەوە و بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەیوت:

– ئەو پیاوەی لای خەرکی بەژنەکەی خۆی برێ «تەناتیل»، عەنتیکە نییە ئەگەر هەموو خەرکیش بکاتە «پەناپیل».

کەسمان سەرمان لەو لوغزە دەرنەدەکرد و لە مانای ئەو دوو وشە سەیرە تێنەدەگەیشتین... تەناتیل و پەناپیل چین و لە کوێ هاتوون...؟! ئەو پیاوە کێیە ئاوای بەژنەکەی خۆی وتووە...؟! لێمان دەپرسی و دەیوت:

– ئەگەر وازیان نەهینا، ئەوە ڕۆژەک بەدوروردرێژی پێتان دەرێم.

ئەوەندەی دیکە دەبووە مەراقمان و نەماندەزانی ئەوانە کێن، کە دەبێ وازبهێن و واز لە چی بهێنن... بەڵام من لە لەرەکانی ناو دەنگە ماندووەکەی هەستم بەکارەساتێکی گەورە دەکرد و هیوام دەخواست وازبێنن... ئەگەرچی بەوازنەهێنانیان مانای دوو وشەی ئێجگار سەیر فێر دەبووم... دوور نەبوو لەگەڵیدا دەیان چیرۆکی بەتامیشی بۆ بگێڕاینایەتەوە... من چونکو منداڵێکی تازەی ئەو گەڕەکە بووم، لە هەموویان زیاتر پێی ئەبڵەق دەبووم و لە خەیاڵی خۆمدا تاووتوێم دەکردن.

من هەمیشە سەرنجم لەو جیاوازییانەی ئێرە و ئەوێ دەدا و وەکو منداڵێک بیرم لێیان دەکردەوە... زۆربەی خەڵکەکەش نازناوێکیان هەبوو و پێی دەناسرانەوە... ڕووداوی سەیر سەیرم دەبینی و شەوانە تا چاوم دەچووە خەو، پێیاندا دەچوومەوە... هەندێ جار وا دەچووە ئەقڵمەوە، من لە دنیایەکی جیاوازدا دەژیم... ئەوانەی ڕۆژانە من دەیانبینم، لە واقیعدا بوونیان نییە... ئەو کۆڵان و گەڕەکانەی بست بەبستیان شارەزام، لەسەر نەخشەی شاردا نابینرێن... ئەو هەموو ژن و پیاو و منداڵەی، وا دەزانم یەک بەیەکیان دەناسم، لە فایلەکانی سەرژمێرییدا ناویان بەرچاوی کەس ناکەوێت.

ژنێک لەو کۆڵانەی ئەولامانەوە، کاتێ دەچووە «بەغدا» و سەردانی خزمەکانی دەکرد، بەتەنوورە و پێڵاوی بەرزەوە دەچوو... بێگومان ئەمە بۆ ئەو کاتە و بۆ تەمەنی ئەو، کە کیژە گەورەکەی لە دواناوەندیی دەیخوێند و من بەو منداڵییەی خۆمەوە شێتی جوانییەکەی بووبووم، بەشۆڕشێکی گەورە دادەنرا... ئینجا کاتێ دەهاتەوە، بەهەق و ناهەق باسی تەنوورە و پێڵاوە بەرزەکانی دەکرد... داماوە لەسەر یەکێ لە شەقامەکانی «بەغدا»دا کوڕە چوار ساڵانییە جوان و ڕۆحسووکەکەی لێ ون بوو و هەر بەجارێ ئاگای لە

دنیا بڕا... هاتەوە و ئاوا بۆ ژنانی گەڕەکی گێڕایەوە:

«وا لەسەر ئەو شەقامە بەو پێڵاوە بەرزانەوە دەڕۆم و تەنوورەکەشم لەبەر دایە... دەڕۆم و بەو تەنوورە و پێڵاوە بەرزانەوە داڵغەم لێداوە... بەو تەنوورە و پێڵاوە بەرزانەوە کاتێکم زانی کوڕەکەم دیار نییە... بەو پێڵاوە بەرزانە و بەو تەنوورەیەمەوە خوێنم وشک بوو و زمانم گۆی نەدەکرد... وا بەو پێڵاوە بەرزانەوە ڕادەکەم و تەنوورەکەشم هەر لەبەر دایە... ئەی خوایە من بەو پێڵاوە بەرزانەوە ڕوو لە کوێ بکەم و بەو تەنوورەیەمەوە پەنا بۆ کێ بەرم... خەڵک سەیرم دەکەن و من ئەو تەنوورەیەم هەر لەبەر دایە... قاچم لەناو ئەو پێڵاوە بەرزانەوە ئارەقیان کردۆتەوە... بەعەرەبی بەو تەنوورە و پێڵاوە بەرزانەوە لێیان دەپرسم، ئاخۆ کوڕەکەمیان نەدیوە... دوایی بەو تەنوورە و پێڵاوە بەرزانەوە لەسەری کۆڵانێکدا دیم و دەگریا... بەو پێڵاوە بەرزانەوە ڕام کرد و بەو تەنوورەیەمەوە خۆم گەیاندە لای... وەی دایکت بەو تەنوورە و پێڵاوە بەرزانەوە بەقوربانت بێ».

خەسووی ئەو ژنە «فاتم»ی ناوبوو و بە«فاتیوو» بانگیان دەکرد... ماوەیەک نەخۆش بوو و وتیان دەمرێ... بردیانە دکتۆر و ئیشاعەیان بۆ گرت... دوای ئەوە هەر کاتێ یەکێ لێی بپرسیایە، ئاخۆ لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا چۆنە، ئەو بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەستە چرچ و لەرزۆکەکانی بۆ پێشەوە درێژ دەکرد... بەپێچەوانەی چەپڵەلێدان دەیجووڵاندن و بەنەغمەیەکی زۆر خۆش دەیوت:

– لەوەتی ئەو ئیشاعەیان گرتیمە، بەرا و قەرام لێ نمایە.

ئیتر لەمەوە بڵاوبووەوە و خەڵک وەکو نوکتەیەکی خۆش دەیانگێڕایەوە.

«فاتیوو» هەر کاتێ لە ڕادیۆ گۆرانییەکی خۆش لێبدرایە، دڵی نەدەهات گوێی لێ بگرێت، بۆیە خێرا دەیکوژاندەوە و بۆ کوڕەکەی هەڵدەگرت... ئێوارە لە دووررا بەپیریەوە دەچوو و پێی دەوت گوێی بداتێ... دایدەگیرساند و شتێکی دیکەی دەبیست... تووڕە دەبوو بەگۆچان وەردەگەڕایە گیانی کوڕەزا هارەکەی:

– هەی زیڕە لە کونی چاوت دا، دەستت گەیشتە ئەوەش...!!

بووکە شارستانەکەی لە سەری خۆی دەدا و دەیوت:

– هەتا ئەو پیرەژنە کەمزانە لەوماڵەی بی، کەس بەهیچمان نازانی.

* هەر لەو کۆڵانە ماڵی مەلایەکی خواپەرست دوو سێ خانوویان بەکرێ دابوو... ئەو مەلایە لەسەر شێوازی ڕێزمانی عەرەبی قسەی دەکرد... یەکێ لە کرێچییەکانی ناوی «ئەبوبەکر» بوو و برادەری زۆر نزیکی ئەو بوو... جا لە زمانی عەرەبیدا، بێگومان لە گراماتیک و نووسین، نەک لە قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکدا، «ئەبوبەکر» و هەموو ئەو ناوانەی تر، کە بە«ئەبو» دەست پێ دەکەن، بەپێی حاڵەتەکانی «رفع» و «نصب» و «جر» دەگۆڕێن... ئەو ئاوا باسی «ئەبوبەکر»ی کرێچیی خۆیانی بۆ خەڵک دەکرد: «جاء أبوبكر: ئەبوبەکر هات»... «رأيت أبابكرا: ئەبابەکرم بینی»... «سلمت على أبي بكر: سەلامم لە ئەبی بەکر کرد»... ئەبوبەکر پیاوێکی باشە «رفع»... ئەبابەکرم خۆشدەوێ «نصب»... کرێی خانووم لە ئەبی بەکر وەرگرت «جررررر»...... ژمارە و ژمێردراو «عدد و معدود» لە زمانی عەرەبیدا جاری وا هەیە تەبان و



جاری واش هەیە دژن... بۆ نموونە لە «سێ»وە تا «دە» بەپێچەوانەی یەکترن... ئەگەر ژمێردراو نێر بێت، پێویستە ژمارە مێ بێت، بەپێچەوانەشەوە... دەوترێت: «أربعه أولاد»، چونکە ژمێردراو نێرە... «خمس بنات»... ئەو مەلایە دەیوت: «پێنجە خانووم هەیە»، چونکە خانوو «دار» لە زمانی عەرەبییدا نێرە.

وتمان «ئەبوبەکر» کرێچیی ئەو مەلایە بوو و زۆری خۆشدەویست... نان نەبوو بیخوات و بەکولەمەرگی دەژیا... جلوبەرگی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی پێ نەدەکڕا و خەون و زیندەخەونیان بەگۆشتەوە دەبینی، بەڵام پەند و چیرۆکە خۆشەکانی مەلا دەیانتوانی هەموو ئەو نەهامەتییانەی بیر بەرنەوە... ئەو جارە چەند گریا و چۆن هەردوو دەستە زبرەکانی گرت بەچاوە ماندووەکانیەوە، کاتێ ئەو وتی، گوایە لە سەردەمێکی زوودا موسڵمانان زۆر یەکتریان خۆشویستووە و وەکو برا ژیاون... پیاوێکی هەژار بەرخێکی قەڵەوی هەبووە و ویستوویەتی سەری بڕێت، بەڵام وای نەکردووە و داویەتی بەدراوسێکەی... ئەویش دڵی نەهاتووە بیخوات و بەموسڵمانێکی دیکەی بەخشیوە... بەم شێوەیە هەموو ماڵەکانی کردووە و دواجار بۆ خاوەنەکەی گەڕاوەتەوە، چونکە لە هەموویان هەژارتر بووە... باوکم هەر جارێ «ئەبوبەکر»ی دەبینی، لێی دەپرسی، ئاخۆ کەس بەرخی قەڵەوی بۆ نەناردووە... ئەویش دەیوت، ئەگەر بۆشی بێت، نایخوات و دەیداتە کەسێکی تر... ئینجا باوکم پێی دەوت:

– وەڵڵا حەز دەکەم بیدەیە کەسەکی لە خۆت فەقیرتر بی، هەرچەند هەموو دنیای بگەڕێی بەشەرەکی نابینیەوە ئەوەندەی توو دەستکورت و بەدبەخت، بەرام وا لە بەر چاومە کوو لۆ ماری مەلا «...»ی دەبەی... ئەتوو قۆچەکانیت گرتیە و ڕایدەکێشی، ژن و مندارەکەشت لە پشتەوە پاری پێوەدەنێن و لە دەرکەی ئاودیو دەکەن.

خزمێکیان تەلەفزیۆنێکی کۆنەی دانێ... ئەوەندەیان نووشتە پێوە کرد، شاشەکەی بەچاکی نەدەبینرا... کاتێکیش تێکچوو، لەم مەرقەد و لەو مەرقەدی پیاوچاکانیان گێڕا و نەهاتەوە سەر دۆخی جارانی... دەبێ ئەوەش بزانین «ئەبوبەکر» شیوعی بوو و سوێندی هەر بە«کانەبی گەورە» دەخوارد، کە یەکێک بوو لە لێپرسراوەکانی حیزب و ئامۆزای دایکمە... لە ڕۆژگارە هەرە سەختەکاندا واز لە گاڵتەوگەپ ناهێنێت و ژیانی لەپاڵ ناخۆشییەکاندا، پڕیەتی لە بەسەرهاتی سەیر سەیر... هەندێ لە خزمەکانم پێیان وایە من لەمەیاندا لەو دەچم.

ماوەیەک یەکێ لە خانووەکانی ماڵی مەلا چۆڵ بوو و ڕۆژێک پیکابێک لە بەردەرگای وەستا، کە دواوەی هەندێ کەلوپەلی خراپی ناوماڵی تێدا بوو و بەپەت بەستبوویانن... پیاوێکی پۆشتەی گەنجی قۆز بەکراس و پانتۆڵێکی کەشخەوە دابەزی و لەگەڵ شوفێرەکە کەلوپەلەکانیان دادەگرت... ئەو کابرایە جار جار هاواری دەکرد:

– فایزە ئەتوو لە ژۆرێ دانیشە و هەقت بەسەر هیچدا نەبی... وەرە دلێر ئەو کورسیەی ببە... دەی سەنگەر ئەتووش ئەو بەتانی و لێفانە بگەینە ژۆرێ... دڵپاک کچم ئاگات لەو ئاوێنەیەی بی، نەیشکێنی.

ئێمە هەموومان حەپەسابووین و لە یەکترمان دەڕوانی... ئاخر نە ژنمان دەبینی و نە منداڵ... پیاوێکی

ئاقڵ و تەواو... لە ڕوخسار و جلوبەرگیدا دیارە، کە نەخەڵەفاوە... خۆ ئێمە بەچاوی خۆمان دیمان بەتەنیا لە پیکابەکە دابەزی و بەکلیل دەرگای خانووە چۆڵەکەی کردەوە... ئەی ئەو ناوانە چین ئەو بانگیان دەکات...؟! ئەو قسانە چین گوێمان لێ دەبن...؟! هەر دەڵێی بەڕاستی ئەوانی لەگەڵدایە:

– ئەوەت پێ ناچی دلێر... وازی لێ بینە لۆ خۆم بابە... لەگەر سەنگەری برات ئەو کارتۆنە کتێبەی داگرن و لە هەیوانێی دانێن... دڵپاک برۆ لە ژۆرێ لەجیاتی داکت بەرە بەرە چشتەکان ڕێک بێخە... مەهێلە ئەو دەست لۆ هیچ چشتەکی قورس ببا.

تا دەهات زیاتر سەرمان سوڕدەما و نەشماندەتوانی هیچ شتێکی لێ بپرسین... پیکاب بەتاڵ کرا و شوفێر ڕۆیشت... ئەو دەرگای داخست و هاوار هاوارەکەی دەگەیشتە کۆڵان و ماڵەکانی دراوسێی... لەسەر سک پاڵکەوتین و لەژێر دەرگاوە ڕوانیمانە ناو حەوشە و ژوورەکان... لەو زیاتر کەسمان نەدەبینی و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد:

– وریا بن چاوەکانم ئەو پیارە و بەرداغانە نەشکێنن... فایزە چەند جارت پێ بریم ئەتوو چشتی قورس هەرمەگرە... ئەگەر ناو جامخانەی کانتۆرەکەی ڕێکدێخی، ئەوە قەیناکە، دەنا لەسەر ئەو کورسیەی دانیشە و دەست لۆ هیچ مەبە گیانەکەم.

«دڵشاد»، کە لە هەموومان گەورەتر بوو و لە ئێمە چاکتر لە دنیا تێدەگەیشت، وتی:

– دیارە پلکە فایزە منداڵی لە زگیە... داکی منیش وەکی نەژادی برامی لە زگی بوو، پێیان دەگۆت نابی چشتی قورس هەڵبگری.

تا دەهات زیاتر دەحەپەساین و هاوکات باوەڕمان دەکرد، کە ئەو پیاوە بەتەنیا نییە، بەڵکو ژنێکی دووگیان و کچێک و دوو کوڕی لە تەمەنی ئێمەی هەیە، بەڵام کوان...؟! بۆ ئێمە نایانبینین...؟! ئەمەیان سەیرە:

– پێم نەگۆتی هەقت بەسەر چشتی قورسدا نەبی...؟! پێمان دەکرێ... لۆ پێمان ناکرێ...؟! نەء، ئاوم لۆ مەینە، تێنیم نییە... ئەتوو دانیشە، بەخۆم لەگەر منداران هەمووی ڕێکدێخم.

وا دیار بوو ئەوانیش قسەیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام ئێمە دەنگی ئەوانمان نەدەبیست:

– ئەرێ وەڵڵا کوڕم، ئەمنیش دەرێم خانییەکی باشە و پێدەچی جیرانەکانیشمان مەعقوول بن... نا نا کچم گران نییە، لە بازاڕیش نێزیکە... ئیدی هەروەها دەبی.

کوڕ، هەر کاتێ ماڵێکی تازە دێت بۆ گەڕەک، بیر لەوە دەکاتەوە، ئاخۆ بەکوڕەکەیان دەوێرێت... کچ، دەیەوێت لەوە تێبگات کچی ئەوان ئەوەندەی ئەم عەیارن... ژن هەموو خەیاڵێکی لای ئەوەیە، تۆ بڵێی ژنەکەیان لەم جوانتر بێت... پیاوەکە بەراوردی خۆی و پیاوەکەیان دەکات، خوانەخواستە لەو دەوڵەمەندتر نەبێ... بەڵام ئێمە تەنها بیرمان لەوە دەکردەوە، ئاخۆ ئەو «دڵپاک» و «دلێر» و «سەنگەر»ە بەڕاستی هەن و دەبنە هاوڕێمان... بەڵێ، بوونە نزیکترین کەسمان و هەرگیز لە بیرمان ناچنەوە، ئەگەرچی بەڕاستیش



نەمانبینیبوون... بەتایبەتی کاتێ چیرۆکی باوکیانمان بیست، ئەوەندەی دیکە چوونە دڵمانەوە و حەزمان نەدەکرد بەچرکە لێمان جیاببنەوە... کچێکی «فایزە» ناوی خۆش ویستبوو و چووبووە داوای... بەڵام ماڵی باوکی کچەکە ڕازیی نەبووبوون کوڕێکی هەژاری وەکو «عارف تاڵەبانی» بکەنە زاوای خۆیان، ئەگەرچی بەیەکێکیش لە ڕۆشەنبیرەکانی ئەو سەردەمە دەژمێردرا و چەپێکی خوێنگەرم بوو... دوای ئەوەی کچەکە هەر سوور دەبێ لەسەر ئەوەی شووی پێ بکات و ئامادە نییە دەستی لێ هەڵبگرێت، باوک و برای لە قوتابخانەی دەردەهێنن... بەمەش ناوەستن و شەوێک لە خەودا دەیخنکێنن... «عارف تاڵەبانی» نەیتوانی باوەڕ بەمردنی بێنێت و ئیتر بڕیاری دا هەر ئاوا لەگەڵیدا بژی... ڕیکۆردەرێکی خراپی هەبوو و زۆربەی کات گوێی لە گۆرانییە ڕۆمانسییەکانی «فایزە ئەحمەد»ی هونەرمەندی بەناوبانگی میسری دەگرت... گۆرانیی «غريب يا زمن» و «مش كتير على ألبي» و «حبيتك وبداري عليك» هەر دەتوت لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو وتراون و دەیانتوانی پێمان بڵێن عاشقێکی سەرگەردان بووە بەدانیشتووی گەڕەکمان... ئا ئەوەتا پیاوێک لەم ماڵەدا دەژی و ناو خەیاڵەکانی پڕن لە مرۆڤی جوان جوان... خۆی کرێچییەکە و بەهەزار حاڵ دەتوانێ کرێی خانووەکەی بدات، بەڵام لەناو سەریدا سەدان کەس دەژین و بەجوانترین شێوە پەروەردەیان دەکات... بەکۆڵاندا دەڕۆیشت و بەڕێزەوە سەلامی لە گەورە و بچووکیان دەکرد... هەبوون لەو موعاناتەی تێدەگەیشتن و بەگەرمی وەڵامیان دەدایەوە:

– چۆنی کاک عارف...؟ یاخوە هەر باش بی... فایزە کووە...؟ خۆ نەخۆش نییە...؟! مندارەکانت باشن...؟!

بەڵام هەندێکیان گاڵتەیان پێ دەکرد و لە قاقای پێکەنینیان دەدا... ئەو گوێی پێ نەدەدان و بەڕێگای خۆیدا دەڕۆیی... بۆ ژنە خۆشەویستەکەی و منداڵە ڕۆحسووکەکانی دەسووتا و بەچاکترین شێوە لەناو خەیاڵەکانیدا بەخێوی دەکردن... ئەو دەبووایە بەردەوام دوو شت بسەلمێنێت... یەکەمیان بۆ خۆی، کە تا ماوە لەگەڵ «فایزە»دا دەژی و بەچرکە لەبیری ناچێتەوە... دووەمیان بۆ خەڵک، کە ئەو بەوپەڕی هۆشیارییەوە ئەمە دەکات و نەخەڵەفاوە... هەر بۆیە ئەوەندەی گرنگیی بەجیهانە ناوخۆییەکەی دەدا، دوو ئەوەندەش حیسابی بۆ جیهانی دەرەوە و هاوبەشەکەی دەکرد... جلی کەشخەی دەپۆشی و پێڵاوەکانی بەردەوام دەبریسکانەوە... ڕیشی دەتاشی و عەتری لە خۆی دەدا... قژی لەسەر دوا مۆدێل دەبڕی و بەجوانترین شێوە ڕێکی دەخست... هەنگاوی ڕێک ڕێکی دەنا و بەوریاییەوە سەرنجی لە سیمای خەڵک و شتەکان دەدا... ئاقڵانە دەدوا و بەچاکی دەربارەی مەسەلەکان ڕاکانی دەردەبڕی... ئەو کۆمەڵگاکەی خۆی دەناسی و دەیزانی ئەوان لە ڕێگای ناولێنانەوە دەست بەسەر تاکەکاندا دەگرن... هەر ئەوەندە جارێ بەشێت بانگیان بکردایە، ئیتر لەو جیهانە بەدەریان دەنا و جیهانە تایبەتییەکەی خۆیشی لێ وێران دەبوو.

کاتێ یەکێک خواردنی بۆ دەبرد، ئەو سوپاسی دەکرد و بەلەفزە شیرینەکەی خۆی پێی دەوت:

– ئەو عەزیەتە چییە...؟! ئەوەتە فایزە یاپراغی لێنایە.

– دەزانم، بەس هەر حەزم کرد خواردنی مەش تام بکەن.

– وەرە دڵپاک ئەو شیوەی لۆ داکت ببە... دەستت گیرایە...؟! دلێر، سەنگەر یەکەکتان وەرن کوڕم.

ماوەیەکی کەم لەوێ مانەوە و بۆ گەڕەکێکی دیکە گوێزایانەوە، چونکە وەکو خۆی دەیوت «فایزە» چیتر حەزی لەو شوێنە نەماوە و ئەویش ناتوانێت دڵی بشکێنێت... «کاک عارف تاڵەبانی» لە حەفتا و چوار یەکێ بوو لە پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاری و شەهید کرا... ژنێکی گەنج و چوار منداڵی هەتیوی لە دوای خۆیدا بەجێهێشت.

* «ئەستیلە مەستەڕە»یش ژنێکی دەمەوەری شەڕانی بوو و کەم پیاو مابوو لە کۆڵانەکەیان بەدەستی ئەو لێدانی نەخوارد بێت... جارێکیان ئەوەندەی لە مامۆستایەکی کرێچی دا، داماوە لە ڕووی نەدەهات خۆی پیشانی خەڵک بدا، بۆیە هەر خێرا بۆ گەڕەکێکی دوور گوێزایەوە... لە سیانزدەساڵی دابوویانە پیرەمێردێک و کچ و کوڕێکی ڕێکوپێکی بووبوو، کە هیچ لە خۆی نەدەچوون... دە دوانزدە ساڵ دوای مردنی مێردە پیرەکەی شووی بەکوڕێکی شاگردفیتەر کردەوە، ڕێک لە تەمەنی نۆبەرەکەی بوو، ئەگەر نەڵێم منداڵتر بوو... لە ڕێگای نێوان هەولێر و مووسڵ ناسی و هەر لەناو پاسەکە هەموو شتێکی لەگەڵ براندەوە... خەڵک دەیانوت: ئای لە ئەستیلە...!! منداڵیی خۆی لەگەڵ پیرێکدا بەسەربرد و پیریشی لەگەڵ منداڵێکدا... نازانم کێ ئەو ناتۆرەیەی دواخست و بۆ هەتاهەتایە کردیە «ئەستیلە مەستەڕە»، بەڵام بێگومان شارەزاییەکی سەیری هەبووە... من خۆم تا گەورە نەبووم و بەدەم سەرنجدانی ژمارە ورد و درشتەکانی ئەملا و ئەولای سەر ڕاستەکانمەوە زۆرم بیر لێ نەکردەوە، نەمزانی ئەو نازناوە چەند بۆ ئەو گونجاوە... «زرار نەفەق»ی مێردی دووەمی تا بڵێی قۆز بوو و بەڕاستیش خۆشی دەویست... ئەویش بەدڵی بوو و لە ڕەنگورویدا هەستمان دەکرد زۆر لێی ڕازییە، بەڵام ئەوەندە ساویلکە بوو، ڕۆژانە خەڵک پێیان ڕادەبوارد... هەموو نهێنییەکانی نێوان خۆی و ژنەکەی لای ئەم و ئەو دەدرکاند و هەمیشە چوار و پێنج دەوریان دابوو... ئەو شتانەی بەشێوەیەک دەگێڕایەوە، کە دەتوت لە سینەما دانیشتوویت و تەماشای فیلمی ئیرۆتیکیی کوردی دەکەیت... جا کاتێ تووڕە دەبوو، دەنگی هەڵدەبڕی و بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەیوت:

– ئەمن مێردی ئەستیلەیمە، گەواد نییە بەخراپی تەمەشام بکا.

کوڕێکی گەنجی موسڵمان زۆر بەو قسانەی «زرار نەفەق» پەست بووبوو، بۆیە ڕۆژێکیان چووە سەر ڕێی و پێی وت، کە شەرع دەفەرمووێ هەر کەسێ باسی نهێنیی سەر جێگای نێوان خۆی و ژنی بکات، وەکو ئەوە وایە شەیتانێکی نێر و شەیتانێکی مێ بەیەکەوە جووت بووبن... «زرار نەفەق» نەیوێرا دەم هەڵێنێتەوە، بەڵام ئەو قسەیەی بەتەواوی گۆڕی و بۆ ژنەکەی گێڕایەوە... ئیتر «ئەستیلە مەستەڕە» چووە سەر کوڕە و هەزار جنێوی ناشیرینی پێ دا... هەرچەند ئەم دەیوت:

– ئەمن ئەوهام نەگۆتیە.

ئەو بەجنێوێکی پیستر دەمکوتی دەکردەوە و بەچەپۆک شاڵاوی بۆ دەبرد... «زرار نەفەق» بەکۆڵاندا



دەڕۆیشت و بەکەشوفشەوە دەیوت:

– سەد جارم پێ گۆتینە ئاگاتان لە دەوتان بی، لە زمانتان بی، لە لچتان بی، لە لێوتان بی، لە ددانتان بی، لە کاکیلەتان بی، لە پدووتان بی، لە مەراشووتان بی، کورە لە زمانە گچکەی ناو قوڕگتان بی قسەی غەرەتم پێ مەرێن... ئەخر بەشەر کوو دەبی ئەوەندە بێ مێشک بی، لە بیری بچتەوە ئەمن مێردی ئەستیلەیمە.

«ئەستیلە مەستەڕە» مەراقی گۆرانییەکانی «حەسەن زیرەک» و «یوسف عومەر» بوو و هەمیشە دەنگی ئەو دوو گۆرانیبێژە کورد و عەرەبە لە ماڵەکەیان بەرز دەبووەوە... «جەمیل مەعاشەکەم بەشم ناکا»ی دراوسێیان هەر زوو زوو دەچووە سەریان و لێیان دەپاڕایەوە... هەموو جارێکیش «ئەستیلە مەستەڕە» دەیکردە شاتەشات و دنیایەک جنێوی سووکی پێ دەدا... شەوێکیان «زرار نەفەق»ی مێردی خزمێکی خۆیانی لەوسەری کۆڵان هێنا و لێی پرسی:

– ئەرێ کاکە نە لۆ مە و نە لۆ وی، بەس لۆ ئەو خوایەی برێ، دەنگی تەنزیلی مە زۆرە...؟! ئەتوو لە مارێ خۆتان گێت لێیە...؟!

کابرا شتێ لە «زرار» ئاقڵتر بوو و وتی:

– با لۆ خۆیان هەر وەبرێن، زۆری چییە...؟! وەڵاهی هەر ئەوەتەیە گێم لێیە و گێم لێ نییە.

«ک. م»ی ئامۆزای «ئەستیلە مەستەڕە» هیچ لە لێپرسراو نەدەچوو... دەمانچەی بەقەدیەوە نەدەبینرا... پۆزی لێ نەدەدا... سامانی کەڵەکە نەدەکرد... کتێب و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە... لە ژنێ زیاتری نەبوو... بەو ئۆتۆمۆبیلە خراپەی یارمەتیی خەڵکی گەڕەکی دەدا و وەکو ئەمبوڵانس نەخۆشی پێ دەگوێزایەوە نەخۆشخانە... گاڵتە و قسەی خۆش هەر لە خۆی دەهات... «زرار نەفەق» لە شوێنان بەناوی ئەوەوە هەڕەشەی لە خەڵک دەکرد...ساڵی حەفتا و دوو دانیشتوانی شاری هەولێر لەسەر نەوت یەکتریان دەکوشت... مەلا بانگی نەداوە و هەزارەها کەس لەبەردەمی بەنزینخانە سەرەیان گرتووە... لەپڕ «زرار نەفەق» دوو تەنەکەی پێیە و دەچێتە پێشی پێشەوە... یەکێ لەوانەی نەوت دابەش دەکات، پیاوێکی تووڕەی شەڕانییە... ڕێگای لێ دەگرێت... ئەو پێی دەڵێت:

– کورە ئەمن خزمی «ک. م»یمە، دەنگت لەبەرەوە بێ، گازی دەکەم لە پێش ئەو بەنزینخانەیەی بتسووتێنی...!!

کابرا ددانی بەجیرەوە دەبات و دەڵێت:

– «ک. م» چ گەوادەکە...؟ با بێ.

«ک. م» دوو تەنەکەی پێیە و لە سەرە وەستاوە... لە سەرما یاخەی پاڵتۆکەی بۆ گوێچکەکانی کردۆتە پەنا و بەملپێچ دەموچاوی پێچاوە... لە سەرەتایشەوە ئاگای لەو گفتوگۆیەی نێوان «زرار نەفەق» و پیاوی بەنزینخانەکەیە و هەر خێرا وەکو چۆن قوتابی وەڵامی مامۆستا دەداتەوە، ئاوا وەڵامی کابرای دایەوە:

– ئەمن «ک. م»م کاکە... فەرمووە چت دەوێ...؟

«زرار نەفەق» دەیناسێتەوە و بەسەرسوڕمانەوە لێی دەپرسێت:

– لۆ چما ئەتووش سڕەی دەگری...؟!

ئەویش کە لە هەموو ژیانیدا بۆ قسە دانەما بوو، پێی دەڵێ:

– ئەدی ئەتوو وەدەزانی ئەمن سڕەی ناگرم، چ دەگرم...؟! عەیبە زرار ئەمە خزمی یەکین، چەند زوو بەقسەی ئەو پیاوەت باوەڕ کرد... بەخوای ئەمن زۆر لەو چشتانە دوورم.

ساڵی حەفتا و چوار خەڵک پۆل پۆل دەبوونە جاش... «زرار نەفەق»یش ویستبووی واز لە شاگردیی فیتەرەکان بێنێت و ببێتە نۆکەری سەرۆک جاشەکان، بەڵام «ئەستیلە مەستەڕە» ڕێگەی نەدا و پێی وت:

– هەی داوەشێی ناپیاو، لەجیاتی ببیە پێشمەرگە و کوردستانی ڕزگار کەی، دەببیە جاش و کوردم لۆ دەکوژی...؟! ئەوجا ئەمن سبەینێ بە چ چاوڕووەکی بێلم مەیتە بۆگەنییەکەت بێتەوە ماڵێ...؟!

* «نازیلە ئینگلیز»ی خوشکی «ئەستیلە مەستەڕە» بەو نەخوێندەوارییەی خۆیەوە بەقەدەر مێژوونووسێکی لە بارەی مێژووەوە دەزانی... سەری لە دەیان مەسەلەی ئاڵۆزی فکری و فەلسەفی دەردەچوو... کاتێ دەڵێین نەخوێندەوار، مەبەستمان ئەوەیە تاقە ڕۆژێک نەچووبووە قوتابخانە، ئەگینا دەیتوانی بەکوردی و عەرەبی بخوێنێتەوە و بنووسێت... وێنەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی لە ژوورەوە هەڵواسیبوو و هەر زوو زوو ژیاننامەی یەک بەیەکیانی بۆ دەگێڕاینەوە... قورئانی لەمسەر تا ئەوسەر لەبەر بوو و لە گفتوگۆکاندا ئایەتەکانی بەدروستی و لە شوێنی خۆیاندا بەکاردەهێنا.

«بەختیار»ی «مامۆستا محەمەد»ی دراوسێیان کەس لە دەرەوەی نەدەبینی، چونکە هەمیشە سەری بەسەر کتێبەکانیدا ژەندبووەوە، بەڵام ئەوەندە زەینی کوێر بوو، بەسەعاتێ وشەیەکی بۆ لەبەر نەدەکرا... لە پۆلی پێنجی سەرەتایی باوکی پیتەکانی ئینگلیزیی لە «ئێی»ەوە تا «زێد» بەکوردی بۆ نووسیبوو و دەیویست لەبەریان بکات... لەو سەربانەی خۆیان ئەوەندەی خوێندەوە، هەموو دراوسێکانی هەراسان کرد... «نازیلە» پێیدا هەڵشاخا:

– ئەرێ دە بەسە مێشکم چوو...!!

«مامۆستا محەمەد» لەناو حەوشەکەیانەوە دەنگی هەڵبڕی:

– واز لە کوڕەکەم بێنە پیرەژنی سەر ئاسن، با بخینی.

– توخوا ئەوە کوڕە ئەتوو هەیتت...؟! لۆ چ بخینی و ببتە چ...؟! داوەشێ هەزار جار، ئەو خیندیەوە و ئەمن لەبەرم کرد، دە گێ بگرە با لۆت برێم: ئێی، بی، سی، دی،...زێد... دەوجا خوام لەو خوایەیە بێ دەنگ نابی، دەبی بەئینگلیزی چ جوونی پیسە پێتانی بدەم.

ئیتر لەمەوە نازناوی «نازیلە ئینگلیز»ی پێ بەخشرا و خۆی و منداڵەکانی لە هەموو شتێ زیاتر شانازییان پێوە دەکرد... پێش ئەوە بە«نازیلە پیرەژن» دەناسرایەوە، چونکە هەمیشە خۆی منداڵ پیشان



دەدا... هەر چۆنێ بێت ئەوسا تەمەنی لە چل تێنەدەپەڕی و وێنەی کچێکی هەرزەکاری دڵتەڕ جلی دەپۆشی... کاتێ لە زەماوەندەکاندا قژی زۆر درێژ و ئێجگار ڕەشی دەکردەوە و وەکو گەڵای پانی دارخورما بەملا و بەولای سنگیدا دەیهێنایە خوارێ، واتدەزانی عەبای داوە بەخۆیدا... ئەو جارە لە ئاستی «عومەر پیرداود»ی مێردی ناڕەزایی دەربڕی، کە لەبەر ئیشوکار ئەمی بەلاوە ناوە... پێی وت:

– عومەر ئەتوو هەتا دێ لە من دوور دەکەویەوە.

– ڕاستە نازە، چونکو ئەتوو ڕۆژ بەڕۆژ گچکە دەبیەوە و ئەمنیش ڕۆژ بەڕۆژ گەورە دەبم.

«نازیلە ئینگلیز» مەراقی باڵندە و گیاندار بوو و هەمیشە خەون و زیندەخەونی بەو ژیانە سەیروسەمەرەیانەوە دەبینی... کاتێ دەچوویتە ماڵەکەی، ئەو هەموو حوشتر و مانگا و گامێش و ئەسپ و ئاسک و بزنەکێوی و حاجی لەقلەق و تاوس و هەڵۆ و قەتێ و نازانم چی و چییە سەرنجیان ڕادەکێشای، کە وێنەیان بەو دیوارانەوە هەڵواسرابوون... ئینجا لەناو حەوشە بەلای چەپدا دەرگایەکی تۆتیات دەکردەوە و دەگەیشتیتە ئەو پارچە زەوییەی لە تەنیشت خانووەکەی خۆیانەوە دایبڕیبوو... لەوێش لەناو ئەو پەرژینە بەرزەدا کۆمەڵێکی زیندووت دەبینی و بەختەوەرانە ژیانییان بەسەر دەبرد... ئەوەی وابزانێ ئەمەی بۆ ماڵداریی بوو و خێری لێ دەبینین، ئەوا زۆر بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەو پارەیەی بۆی خەرج دەکردن، لە حیساب نەدەهات... ئەگەر ئەو دەوڵەمەندە نەدەبوون و لە دە لاوە بەسەریاندا نەدەباری، مایەپووچ دەردەچوون و لە بازاڕ دەستڕیان ڕادەخست... وەکو خۆی دەیوت: «هەر زوو کونەپەپوو لەسەر تەرازوویان هێلانەی دادەنا»... وابزانم خۆی ئەو ئیدیۆمەی هەڵبەستبوو و زۆر دەیوتەوە... تا گەیشتە دەمی هەموو خەڵکی شار و لە میانەی قسەکانییاندا بەکاریاندەهێنا... باوەڕی بەفرۆشتن و خواردنیان نەبوو... زۆر جار دەمردن و سەری نەدەبڕین... لە هەموو ژیانیدا یەک دوو جار، ئەویش بەمنداڵیی دەمی بەر گۆشت کەوتبوو... کاتێ تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵ، جوانییەکەی سەرنجی زۆر کوڕی شاری ڕاکێشا... چوونە داوای و مەرجی خۆی خستە ڕوو، کە دەبێت دەست لە خواردنی گۆشت هەڵگرن و ماڵی بۆ پڕکەن لە ئاژەڵ و باڵندە... «عومەر پیرداود» پێی وت:

– دەست لە هەموو چشتەکی هەڵدەگرم، ئەگەر ئەتوو بەدڵت نەبی... خانیەکی لۆ توو و یەکەکیش لۆ وان دەکەم.

بوونە هاوسەری یەکتر و منداڵەکانیشیان لەسەر ئەوە ڕاهێنا، کە خواردنی گۆشت حەرامە.

«شوکر باوە» بەیانییان لە ماڵەوە بەرخێکی سەردەبڕی و لە کۆڵانان بەسەبەتە گۆشتەکەی دەفرۆشت... ئەوەندە پیاوێکی تووڕە بوو، کەس نەیدەوێرا لە چاوانی ڕامێنێت... پەنجەی باڵابەرزەی دەستی ڕاستی قرتا بوو... لە ئامۆژنم پرسی بۆچی ئاوایە...؟! قاقایەکی لێدا و وتی لەگەڵ دراوسێکانی ڕێک نەکەوتووە و ئەویش لە بنڕا بڕیویەتیەوە... واتە شەڕی بە براتووتە و دۆشاومژە فرۆشتووە و ئازاری داون... «نازیلە ئینگلیز» پارەی دەدایە منداڵان، هەتا گاڵتەی پێ بکەن و ئەنجام واز لەو پیشەیەی بێنێت... فێری دەکردن لێی بپرسن:

– مام شوکر مێشکت هەیە...؟!

– مام شوکر کلکت نییە...؟!

– مام شوکر گونت لەگەر خۆت نەینایە...؟!

سەبەتە و تەرازووی دادەنا و ڕاوی دەنان... هەندێ جار بەردی دەست نەدەکەوت و کیلۆیەکانی تێ دەگرتن... منداڵیش لە خوایان دەوێ... کردیانە یاری و کاتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەسەر دەبرد... دوایی زانی فیتی «نازیلە ئینگلیز»ە و چووە سەری... جنێوی وای پێ دا، کە لە ژیانماندا نەمانبیستبوون... ئەویش خۆی تێکنەدەدا و پێی دەوت:

– ئێ لۆ تووڕە دەبی بابم...؟! لێت دەپرسن مێشکت هەیە...؟ برێ نەء، نیتم... لێت دەپرسن کلکت نییە...؟ برێ با، هەیتم... پێت دەرێن گونت لەگەر خۆت نەینایە...؟ برێ نەء، لە مارێ بەجێم هێشتیە، ئیشیان پێیتی... یان برێ ئەوم لۆ مەعمیلی خۆم دانایە و نایدەمە کەسی تکە.

«شوکر باوە» سەری خۆی بەدیواردا دەکێشا و بەتۆپەڵ تف لە دەمی دەردەپەڕی... «نازیلە ئینگلیز» پێی دەوت:

– توخوا حەیف نییە ئەتوو حەیوانان سەر ببڕی و لەسەر گۆشتیان بژی...؟!

«نازیلە ئینگلیز» ناوی خەڵکی گەڕەکیانی لە ئاژەڵ و مەلەکانی دەنا... لێرەوە نوکتەی سەیر سەیرت دەبیست: «بڕۆن کا و جۆی بدەنە قەدۆی، وا لە برسان کلکی دەلەرزی»... «فەیزۆ پەتکی پساندیە، یەکەکتان بچی بیبەستتەوە»... «ساجیدە لەسەر کاشیی میزی کرد»... «گێسکی بینە و قشپلی ئەدیبەی بمارە»... «نەخشین ئەو دۆشەگەی بەجیقنەی ڕاگێڕا»... «میرۆ ڕیخاندی، ئەو سۆندەیەی ڕاکێشە و قوونی بشۆ»... «شێخۆ بەقۆچی لە هەیاسی دەدا»... «نەجمە ئەوەندەی گیا خواردیە، وا کاوێژی دەکا».

دراوسێی دەستی چەپیان ماڵی «برایمە چەلە»ی فەرمانبەری کارەبا بوو... هەمیشە نارەزاییان دەردەبڕی، کە «نازیلە ئینگلیز» بەبۆنی ناخۆشی ڕیخ و ڕیقنە هەراسانی کردوون... کچی گەورەیان ناوی «نیشئەت» بوو و خوشک و براکانی «دادە نیشی»یان پێ دەوت... هەر زوو زوو ملی لەسەر دیواری نێوانیان هەڵدەکێشا و بەدەنگی زیقنی دەیقیژاند... «نازیلە ئینگلیز» وەڵامی نەدەدایەوە و ئەو هێندەی دیکە گڕی دەگرت... بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سەیر جنێوی پێ دەدا... بەیەکێ لە منداڵەکانی دەوت:

– دامەنیشە...!! لەگەر تووم نییە دامەنیشە...؟! دادە نیشی...؟! هەردوو چاوت دەرێ... دادە نیشی...؟! بێ قیمەت... دادە نیشی...؟! بەقوربانی حەیوان و تەیرەکانم بی... دادە نیشی...؟! بەهیچت نازانم... دادە نیشی...؟! دە یاخوە هەتا مای، هەر لەوێ دانیشی.

«دادە نیشی» مستی بەدیواردا دەکێشا و دەیپرسی:

– ئەوە ئەو جوونانەت لەگەڵ منە نازیلە ئینگلیز...؟! نازیلە بۆگەنی...؟!

جارێکیان بە دە دینار، کە ئەوسا دوو مەڕی پێ دەهات، باڵندەیەکی لە کوڕێکی سێتاقانی کڕی... ئەو



مەلە بەڕادەیەک سەیر بوو، دەتوت لە خەونەوە ڕایانگوێزاوەتەوە... ڕۆژانە لەسەر شۆستەی ئەو شەقامەی سی مەتری دادەنیشت و وەکو منداڵێکی خۆشەویست لە باوەشی دەگرت... هەر کەسێ بەوێدا بڕۆیشتایە، لێی دەپرسی:

– ئەرێ نازانی ئەو تەیرە چییە و ناوی چییە...؟!

باڵندەی بەستەزمان لەسەر کاشیی داخبووی بەرهەتاوی ناوەڕاستی تەمووزدا بنی پێکانی شەقارشەقار بووبوون و بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەڕۆیشت... ئیدی «نازیلە ئینگلیز» حەکیمی ئەو شارەی پێ کرد و دنیایەک پارەی لێ دا... دەگریا و بەتووکە نەرمەکانی ئەو فرمێسکە وردانەی دەسڕی... ئەگەر یەکێ بیوتایە باڵندەکەی دەشەلێت، شێت و هار دەبوو و هەزار جنێوی پێ دەدا... لە داخا تووشی جۆرێک لە هیستریا هات... هەر دەنگوباسێک بڵاودەبووەوە، بۆ نموونە بیانوتایە شەکر لە بازاڕ نامێنێت، یان ئاو دەبڕێت، یاخود مفاوەزاتی پارتی و حکومەت خەریکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەو دەیوت:

– وەنییە، باوەڕ مەکەن... خەرک هەر لۆ خۆیان چشتی هەردەبەستن... ئەوەتە تەیری من عەیبی نییە و دەرێن شەلەیە... ئەو نەفامانە چ دەزانن...!! ئەوانە ئەگەر ئەوەندە سەریان لە چشتان دەردەچی، ئەدی لۆ نەیانزانی ئەو تەیرەی من ناوی چییە...؟!

ئینجا وای لێ هات بەپیشەی جارانی لەسەر شۆستەی ئەو شەقامە دادەنیشت و هەر کەسێ بەوێدا بڕۆیشتایە، گرنگ نەبوو کێ بێت، باڵندەکەی بەڕەڵڵا دەکرد و لێی دەپرسی:

– ئەرێ ئەو تەیرە دەشەلی...؟!

ئەگەر یەکێ بە«ئا» وەڵامی بدابووایەتەوە، تووڕە دەبوو و هەزار جنێوی ناشیرینی پێ دەدا:

– بەتەیری من دەرێی دەشەلی...؟! ئەتوو خۆتت نەدیتیە کوو دەڕۆی...؟! ناو ئەو پێراوانەم پڕی دڕک و دەرزی کەن و لەسەر شوورەی قەراتێم دابنێن، ئەوجا چاویشم ببەستنەوە، هێشتا لە توو جوانتر بەڕێییێدا دەڕۆم... تەمەشای کەن تەمەشای کەن خەرکینە، توخوا نارێن کەمتیارە و لەسەر قوڕێ ڕاوی سێبەری خۆی دەنێ...؟! لە خەونمدا ڕیوییەک لاقەکی بەتەرەی وەببوو و سێ مەتر لەولاتر کەتەوە... ئەو تەرە ئاسنەی لە دوو خۆی ڕادەکێشا و بەناو ئەو بەردانەدا غاری دەدا... لەگەر دەنگی پێکەنینم بەخەبەر هاتم... بەس بەو قورئانەی ئەتوو گەلەک لەوی عەنتیکەتری... دەرێی قازی لەسەر کاشیی لووس دەخزی... ئێ خۆ نەعامەش ئەگەر لاقەکانی بەزنجیری ببەستنەوە و لە بازاڕی بەڕەڵڵای کەن، هەر وەکی توو شەقاوی داوێ... وەنەزانی ئەمن قەشمەریی بەو حەیوان و بەو تەیرانە دەکەم، ئەوە ڕۆیشتنی خۆیانە و هیچ لۆیان بەعەیب ناچی... بەس ناشیرن ئەوەیە ئەتوو وەکی وان بەڕێییێدا بڕۆی.

جاری وا هەبوو کابرا لە شەرمان بەلادا دەهات و هێندەی نەدەما بکەوێ... بەڵام کاتێ یەکێ دەیوت:

– ناشەلی و ڕێک و ڕاست دەڕوا.

ئیدی ئەو دەگەشایەوە و هەتا لە چاو ون دەبوو، دووعای بۆ دەکرد و پیایدا هەڵدەوت:

– یاخوە عەمرت درێژبی... دە وەڵاهی ناتناسم، بەس سوندی دەخۆم شیری حەرارت خواردیە... قەت باوەڕ ناکەم ئەو زمانەی توو لە ڕاستی زیاتر، هیچ کەی گۆتبی... تەمەشای کەن چەند جوان بەڕێییێدا دەڕوا... هەی بەقوربانی ئەو شەقاوە ڕێکانەت بم وەکی لەسەر ئەو عەردەی دەیانهاوێی... هەی ئەو خۆرەی بن قۆندەرەکانتم لۆ لەسەر قەبری ڕووبکەن... یاخوە ئەوها بەسەر پردی سیراتێدا بڕۆی و هەتا بەهەشتێ گیر نەبی.

ئینجا ماچی باڵندە عەنتیکەکەی دەکرد و پێی دەوت:

– گێ لە شەلە و گۆجان مەگرە، ئەوان کەینێ دەزانن بەحسی ڕۆیشتنی توو بکەن...!! بزانە زانا و زۆرزان چت پێ دەرێن...!!

ئۆتۆمۆبیلێک لە بەردەرگای ماڵی «فەرحان قەرەنی» وەستا و چوار پیاوی کەشخەی لێ دابەزین... «نازیلە ئینگلیز» فریا نەکەوت لێیان بپرسێ... ئەمان جاری سێیەم بوو بۆ داوای «وەفا»ی کچە گەورەی ئەو ماڵە دەهاتن، بەڵام ئەوان ڕازیی نەدەبوون بیدەنە «فارووق»ی کوڕیان... وا ئەمجارە دوو کەسی گەورە و ناسراویان هێناوە، تۆ بڵێی خاتری ئەوان نەگرن...؟! ئێمە چاوەڕێمان دەکرد بەڕووی خۆشەوە بێنە دەرێ و ئەو دوو دڵدارە بۆ یەکدی ببن، بەڵام بەداخەوە بەدڵی ساردەوە گەڕانەوە... «نازیلە ئینگلیز» هەر خێرا خۆی گەیاندنێ و باڵندەکەی لە بەردەمیان بەڕەڵڵا کرد:

– ئەرێ کاکە پێم برێن ئەو تەیرە دەشەلی...؟!

پیاوێکیان لە داخا یەک شەقی لێدا، بەدیواری دادا... چەند جارێ بەسستی دەندووکی کردەوە و گیانی دەرچوو... ئیدی «نازیلە» شێت و هار بوو... جنێوەکانی ئەو ڕۆژەی لەوانی تری نەدەچوون... باسی ئەوەیش ناکەم چەند بەکوڵ دەگریا... ئەو بەڕاستی عەشق و ڕۆڤانی باڵندە و گیانداران بوو... لە بارەی ژیانی هەر یەکێکیان دنیایەک زانیاریی دەزانی و زۆر هونەرمەندانەش بۆ ئەم و ئەوی دەگێڕانەوە... ئێمە لەو فێری ئەوە بووین، کە بەعەرەبی دەنگی هەر باڵندە و ئاژەڵ و مێرووێک چی پێ دەڵێن: «تغرید او زقزقە الطائر»، «صیاح الدیک»، «نقنقة الدجاجة»، «نعیب الغراب»، «هدیل الحمام»، «نقیق الضفدع»، «نعیق البوم»، «نباح الکلب»، «نمیم الفأر»، «نهیم الفیل»، «نهیق الحمار»، «عواء الذئب»، «فحیح الافعی»، «مواء القط»، «جؤار الضبع»، «سلیل الغزال»، «شحیح البغل»، «صفیر النسر و الصقر»، «طنین الذباب و البعوض»، «خوار البقر»، «ضیاح الثعلب»، «دبیب النمل»، «رغاء او هدیر الجمل»، «زئیر الاسد»... هەروەها دەیوت بێچووی هەر یەکێکیشیان ناوی خۆی هەیە: «هی بزن: ئەگەر نێر بێت الجدی و مێ بێت العناق» «هی مەیموون: القشە» «هی ڕێوی: التتفل»، «هی حوشتر: الحوار»، «هی ئەسپ: المهر و الفلو»، «هی کەر: الجحش او الکرە»، «هی شێر: الشبل»، «هی گورگ و کەمتیار: السمع»، «هی کەروێشک: الخرنق»، «هی مشک: الدرص»، «هی ئاسک: الرشا»، «هی نەعامە: الرال»، «هی ورچ: الدیسم»، «هی بەراز: الخنوص»، «هی باز و هەڵۆ: الهیثم»... ئینجا ماڵ و هێڵلانەی هەر یەکەشیان ناوی خۆی هەیە، بۆ نموونە: «هی مار: جحر»، «هی مریشک: الخم او القن»،



«هی شێر: عرین»، «هی کەمتیار: موکرە» کونیەکانیشیان بەم شێوەیەن: «شێر: ابو فراس و ابو الحارث»، «کەمتیار: ام عامر و ام قشعم»، «کەر: ابو صابر و ابو زیاد»، «حوشتر: ابو ایوب»، «کەڵەشێر: ابو الیقظان»، «تاوس: ابو الحسن»، «ئاسک: ابو الحسین»، «کونەپەپوو: ام سلیمان»، «پەپووسلێمانە: ابو الاخبار».

«مامۆستا نوورەدین»، مامۆستای بەناوبانگی زمان و گراماتیکی عەرەبی وتی مەرج نییە هەموو عەرەبیزانێک ئەوانە بزانێت.

«نازیلە ئینگلیز» دەشیزانی هەر یەکەیان چەند ساڵ دەژی: فیل: ٦٠ ساڵ، زەرافە: ٢٨ ساڵ، کەر و مەیموون: ٣٠ ساڵ، پڵنگ: ١٦٠ ساڵ، نەعامە: ٢٦ ساڵ، کیسەڵ ١٥٠ ساڵ، تووتی: ٥٠ ساڵ، مشک: ٣ ساڵ.

«مامۆستا بورهان حیسام»، مامۆستای ناسراوی بایەلۆجی وتی ئەو زانیارییانە سەد لە سەد ڕاستن و تەمەنی ئەو گیاندارانە بەو شێوەیەیە.

ئەو شارەزاییەشی لە مێژوودا یارمەتیی چاکیان دەدا، کە ئەوانەی دەیانلێت، سەرنجڕاکێش بن و بەدیاریەوە بحەپەسێیت... ئێمە لێیەوە دەیان هەقایەتی بەتامان دەبیست و وەکو مامۆستایەکی زۆر شارەزای مێژوو لێی ڕادەماین... تاقە ڕەخنەیەک لێرەدا لێی بگیرێت ئەوەیە ئەو بەهەق و ناهەق ناوی باڵدار و ئاژەڵانی دەهێنا... کاتێ کوڕە بچووکەکەی شتێکی ناماقووڵی بکردایە، کە هەمیشە دەیکرد، ئەو تووڕە دەبوو و ئاوا سوێندی دەخوارد:

– کورە ماهیر بەو خوایەی قەلەڕەشکەی لۆ قابیلی کوڕی بابە ئادەمی نارد، هەتا پشانی بدا کوو مەیتی هابیلی برای لە قەبری بنێ و لەو هەموو گورگ و سیسارک و خەرتەلەی بپارێزی، پاش ئەوەی کوشتی، چونکە دەیویست دەست بەسەر هەموو چشتەکی دابگری و ئەویان لێ مەحرووم بکاتن... هابیل گەلەک بەڕەحم بوو و نیوەی خواردنی خۆی دەدا تەیروتواران، بەس قابیل عەکسی وی زگی بەکەس نەدەسووتا... دەیویست ئەقلیمای خوشکیشی لۆ خۆی مارە بکات و نەیدەنە هابیلی... ئەوان بەیەک زگی لە داکیان ببوون و پێکدی نەدەشیان، بەرام ئەو لە لیۆسای جوانتر بوو و نەیدەهێشت بیدەنە هابیلی... لەگەر هابیلی کردیە شەڕ و مەسەلەکەیان گەیشتە لای بابە ئادەمی... ئەو پێی گۆتن با هەر یەکە و چشتەکی بکەنە قوربانی... ئەوجا خوای گەورە هی کێیانی قەبوور کرد، ئەو لەسەر هەقە و دەبتە مێردی ئیقلیمای جوان... هابیل بەرانەکی گەلەک قەرەوی بردە سەر چیایەکی برند و لە خوای گەورە پاڕاوە لێی وەربگری، بەس قابیل دنکە جۆیەکی خراپی کردە قوربانی... ئاگرەک لە عاسمانێ هاتە خوارێ و لەوی هابیلی دا، ئەوەش مەعنای ئەوە بوو خوای گەورە هی ئەوی قەبوور کرد... قابیل لە حەژمەتان ئیمانی لە سەریدا نەما... هابیل ئیقلیمای نازداری مارە کرد و پاش چەند ڕۆژەکی زگی پڕ بوو... قابیل ئەوەندەی تکە لە دین چووە دەرێ... قەلە ڕەشکەش شایەدی هەموو ئەو چشتانەیە... قابیل کەرەکی هینا و لەو دارستانەی بەڕەڵڵای کرد... دەعبا خواردیان و سیسارک و خەرتەل بەرماوەکەیان هەرلووشی... شەویلاکی

لەو گۆڕەی بەجێ ما و قابیل هەری گرتەوە... چوو برایە باشەکەی پێ بکوژێ و دەست بەسەر ئیقلیمای جواندا بگری... ئەوە یەکەم چەک بوو لە تاریخ بەکاربێت و برا برای پێ لەناو بباتن... کوشتی و پەشیمان بۆوە... ئەوجا مەیتەکەی هاویشتە سەر شانی و نەیدەزانی چی لێ بکا... نەیدەزانی کوو لە سیسارک و خەرتەل و درندانی بپارێزی... خوا قەلەڕەشکەی لۆ نارد و لەپێش وی بەدندووک و ڕنەکانی عەردی هەردڕی... قەلەڕەشکەکی مرداری هاویشتە ناوی و خۆرەکەی بەسەردا کردەوە.... کورە ماهیر بەو خوایەی لە شاخی ڕەقوتەق حوشترەکی زۆر زۆر گەورەی لۆ سالْحی پێغەمبەر خولْقاند هەتا لەپێش چاوی کافرەکانی قەومی سموود موعجیزەی پشان دا، چونکە هەرچەند پێی دەگۆتن: عیبادەتی خوای بکەن و چتان لە بتپەرستنێ دایە، ئەوان گێیان لێ نەدەگرت... هەتا ئاخیری پێیان گۆت: ئەگەر ئەتوو بەڕاستی پێغەمبەری و لە کن خوای هاتی، وەرە پێی برێ با ئەو شاخەی شەق بکات و حوشترەکی لێ بێتە دەرێ... سالْح گۆتی: کورە کەسی چاک بن بەبێ ئەوەش واز لە بتان بینن و ڕوو لە خودای خۆتان بکەن، ئەمن دەترسێم ئەوەشتان لۆ بکەم و ئەنگۆ هێشتا ئیمان بەو قودرەتەی خوای نەینن، ئەوەدەمی هەندەی تکە کافر دەبن... بەس وەکی ئەوان هەر وازیان نەینا، ناچار لە خوای پاڕاوە و حوشتری لەو شاخەی لۆ خەلق کردن... هەندەکیان باوەڕیان پێی هینا و هەندەکیان بەسیحریان زانی... هەنجەتیان پێی گرت و گۆتیان ئەو حوشترە گەورەیە خواردنمان ناهێلی و ئاوی جۆگەکانمان هیشک دەکاتن... بەس ئەو ئەگەر دەوی لۆ پنجە گیایەکی ببردبا، حەیوانی ئەو مەملەکەتەی یەک ڕۆژ هیچیان نەدەخوارد و برسیشیان نەدەبوو... قومە ئاوەکی بخواردباوە، ئەوان هەتا بیست و چار سەعاتی نەیاندەزانی تێنیتی چییە... شیری ئەو حوشترە مویارەکەی ئەوەندە زۆر بوو، بەشی هەموو مەملەکەتی دەکرد و لۆ نەخۆشان شفای دەینا... کافرەکان ویستیان بیکوژن... سالْح گۆتی: پێتان دەرێم، دەستی لۆ نەبەن، دەنا عاسمان غەزەبتان لێ دەگری... گێیان لێی نەگرت و کوشتیان... پاش سێ ڕۆژان بوومەلەرزەی خوای شاخوداخی سموودی هەرتەکاند و بەسەریدا ڕماندن کورە ماهیر بەو خوایەی ئەمری بەکۆتری کرد پەلکی زەیتوونی لۆ سەفینەی نووحی ببات و مزگێنی نەمانی لافاوی پێ ڕابگەینی... ئەو سەفینەیەی لە هەموو نەوعەک حەیوانی لەسەر بوو و بەتەبایی دەژیان... ئیدی لە هەینێوە کۆتر بووە ڕەمزی سەلام و ئیستقراری لە دنیایێ... گێت لێ بی ماهیر...!! بەو خوایەی قودرەتی هاویشتە دری یەعقووبی و ئەو گورگە بەستەزمانەی لە مردنێ قوتار کرد، وەکی برایەکانی یوسفی بوختانیان لۆ کرد و گۆتیان ئەو یوسفی خواردیە... بەخۆیان کوشتیان و لە ملی ویان نا... تەرەیان لۆ دانابۆوە گرتبوویان... بەرخەکیان سەربڕی و خینەکەیان لە دەو و لە چرنووکەکانی هەرسووی... بردیانە لای یەعقووبی بابیان و گۆتیان: ئەو گورگە بوو یوسفی برامانی خوارد... یەعقووب لە ژۆرێ بەقوڕگی پڕ لە گریان و چاوی مشت لە فرمێسکی دەست و پێی گورگی کردەوە و پێی گۆت: ئەمن دەزانم ئەتوو نەتخواردیە، چونکە قەت مەعقوول نییە گۆشتەکەی خورا بی و کراسەکەشی بەسەلامەتی دەرچووبی... گورگ پێی گۆت: کوڕتیان کوشت و هاویشتیانە بیرێ... کورە ماهیر بەو خوایەی وای لە حووتی کرد یونسی پێغەمبەر لەناو بەحرێ قووت بدا و پاش عەیامەکی لەسەر عەردی دایبنێ... حووتەکە نەیدەزانی ئەوەی قووتیدایە پێغەمبەرەکی نازدارە، بەس گەلەکی پێ عەنتیکە بوو، وەکی مەعیدەی وی



عەنبەرەکی دروست دەکرد و بۆنە خۆشەکەی لە دەوی دەهاتە دەرێ، کە هیچ لە عەنبەری ئەوانی تکە نەدەچوو... ئەوە گەورەترین حووت بوو و بەگژ شاخی ناو بەحرێدا دەچوو... کاتەکی زانی هەموو چشتەک لەناو ئاوێدا گۆڕا... دەنگی مەلایکەتان پێی دەگۆت: ئاگات لێی بی...!! ئەوەمان نەکردیتە ڕزقی توو...!! ئەو مەخلووقەی لە خۆتدا هەرگرە...!! قووتی بدە و هێسکیشی نەشکێنی...!! گۆشتەکەی نەڕووشێنی...!! هەر بەجارەکی سەرسام بوو و نەیدەزانی چی لێ بکا... ویستی بچی وەکی هەموو ڕۆژان ئەختەبووتەکان بخواتن، بەس بەردری گیرا بوو و ئیشتیهای نەدەکرد... چووە لای زانای حووتان و لێی پرسی: ئەوە چم لێ قەومایە...؟ پێی گۆت: موعجیزەک لەناو بەحرێ قەومایە، ئەتوو یونست قووتدایە... پرسی: یونس کێیە...؟ گۆتی: پێغەمبەرەکی خۆشەویست و گەورەیە... ئەتوو دەبی ئەوی بپارێزی... پرسی: وەحشەکی وەکی من کوو دەتانی پێغەمبەرەکی ئەوها ناسک بپارێزی...؟! پێی گۆت: لە جسمی بنیادەمی ڕامینێ، زۆر لە توو وەحشیترە، بڕۆنە نەفسیشی چەند پاک و ناسکە... جسم بەرگی نەفسیە و نەفسیش ناوکی جسمیە... جسم وەحشییە و نەفسیش بەعەکسی وییە... عەینەن یونسی نازدارە لە هەناوی وەحشییەکی وەکی توو... پرسی: یونس کوو لە هەناوی مندا دەپارێزرێ...؟! گۆتی: هەموو چشتەکت لۆ بەدەردەکەوی... ئەتوو حووت نی، شکلی حووتی... هەندەی تکە ناو سەری بەپرسیاران خولاوە و زانای بەجێ هێشت... ئەوە یەکەم جاری بوو هەست بکاتن ناو هەناوی ڕەحم و شەفەقەی تێدایە... هەر زوو زوو دەنگەکی لێ برند دەبۆوە و دەیگۆت: لا اله إلا أنت سبحانك إني من الظالمين، هەندەی تکە ئاگای لە دنیایێ نەما... کوو دەبی پێغەمبەرەکی ئەوها لە قەومی زالْمن بی...؟! ئەی خوایە ئەو دنیایە چی بەسەرهاتیە...!! خۆی هەردەدا عاسمانێ و لە خوای دەپاڕاوە: ئەی خوای گەورە ئەمن چ لەو پێغەمبەرەی ناو هەناوم بکەم...؟! بێجگە لە دەنگی شەپۆلەکان، هیچکەی گێ لێ نەدەبوو... دەترسا مەعیدەی بکەوتە ئێش و لەتوپەتی بکا... بەڕۆژیی بوو و نەیدەویست هیچ چشتەکی بخوا... یونس لەوێ زیکری خوای دەکرد و نوور لە هەموو قەلبی حووتەکەی هەردەستا... چەند ڕۆژ هیچی نەخوارد و لە برسانیش شێت و هار ببوو... هەرچەند پرسیاریشی لێی دەکرد: پێغەمبەری خۆشەویست ئەمن کوو دەتانم ئەتوو قوتار بکەم...؟ ئەو دەیگۆت: لا اله إلا أنت سبحانك إني من الظالمين. هەتا دەهات زیاتر برسیی دەبوو... ئەوجا دەنگەک لە هەموو لایەکی دەهات و دەیگۆت: فلولا أنة كان من المسبحين، للبث في بطنة الي يوم يبعثون... ئەوجا دەوە گەورەکەی کردەوە و ئەو مەخلووقە موبارەکەی هاویشتە سەر هیشکایی... بڕۆنێ ماهیر...!! بەو خوایەی موسای کردە پێغەمبەری ئیسرایلیەکان و هەرکە دەورەمەندەکیان لێ کوژرا، ئەو پێی گۆتن چێرەکی سەرببڕن، هەتا ئەو قەومە بەپارچەک لەو چێرەی لە کابرای کوژرای بدەن، چونکە هەر ئەوەندە دوو چشتی مردی لە یەکدی بدەن، قاتیل ئاشکرا دەبی... کوژراش چاک دەبتەوە و ناوی ئەو کەسەی دەینی، کە کوشتیتی... بەس قەومی ئیسرائیلی کەللەڕەق بوون و بەقسەیان نەدەکرد... چێریان دەپەرست و سەریان نەدەبڕی... تەمەشا کە ماهیر...!! بەو خوایەی پۆپیتە سلێمانەی لۆ حەزرەتی سولێمانی کردە دەلیل و ئیخباری لە بنی دنیایێوە لۆ دەینا، هەتا بزانی خەرک چ دەکەن و فێری دین و ئیمانیان بکات... ئەو سولێمانەی جەیشەکی لە شێر و پرینگ و فیل و هەموو حەیوانات و تەیروتوارەکی هەبوو و لە زمانی

یەک بەیەکیشیان تێدەگەیشت، بەس هیچیان وەکی پۆپیتەسلێمانەی نەبوون، هەر لۆیێ ڕقیان لێی دەبۆوە و لە کن حەزرەتی بوختانیان لۆ هەردەبەست... ڕۆژەک گازی کرد و پێی گۆت: مارهالا «ئەخر ئەو ناوی مارهالا بوو» ، ئەوە سێ حەفتەیە ئەتوو تەقریرت لۆ نەهیناییە... ئەویش پێی گۆت: گەورەم وەزع گەلەک باشە... جنۆکەکان ئیشی خۆیان بەباشی دەکەن و مەملەکەت کشوماتە... حەزرەت هەندەک بەتووڕەیی پێی گۆت: کورە ئەتوو لە من تێناگەی مارهالا...؟ لۆ چما ئەمن بەس تەقریرم لە تۆو دەوێ...؟ ئەدی نابی چشتەکی لەوەی باشتر بکەی...؟ ئەوجا سولێمان دەیزانی مارهالا دری بەهیدانی وەیە و دەیەوێ بیبهینی، هیدان پۆپیتەسلێمانەکی مێیە بوو، لۆیێ پێی گۆت: دەزانم ئەتوو هیدانت خۆشدەوێ... بزانە ئەتوو ئەوەندەی لە دوو گەمە و ڕابواردنێی، نیوئەوەندە لە دوو ئیشێ نی... مارهالا لە شەرمان ئارەقەی لێ دەچۆڕاوە... هیدانیش هەموو جارێ گازاندەی لێ دەکرد و پێی دەگۆت: ئەتوو لەبەر ئیشوکارەکانت وازت لە من هینایە و هیچ لێم ناپرسی... مارهالا لەو ناوەی تێدا مابوو و نەیدەزانی چ بکا... حەزرەتی بەجێهێشت و چووە کن هیدانی... هیدان لە دەو زێیێ خۆی هیشک دەکردەوە و پەڕە جوانەکانی دابووە بەر هەتاوێ... بەغەمباری خۆی هاویشتە باوەشی و سەری لەسەر ڕانی دانا... هیدان پێی گۆت: زانیتم دیسان سولێمان لە دووی ناردی... ئەوجا گازاندەی لێ کرد و پێی گۆت: بزانە ئەمن دەرێم ئەتوو لەبەر ئیشێ ئاگات لە من نمایە...!! مارهالا پێی گۆت: دە بەسە توخوا، سولێمانیش بەعەکسی تۆو پێم دەرێ هەر لە دوو گەمە و ڕابواردنێمە... ڕاستیش دەکا ئەو خۆشەویستیەی تۆو ئەمنی لە ئیشی باش دووریەخستیتەوە... هیدان پێی گۆت: سولێمان غەدرت لێ دەکا... مارهالا گۆتی: درۆیە، ئەتوو بەخۆت زالمی هیدان، نامەوێ گێم لە قسەی وەها بی... هیدان گریا و گۆتی: ئەتوو هەموو دەمێ مەشغوولی، ئەمن چ قیمەتم لە کنە تۆو نمایە... هەرچەند دەتبینم یان دەچیە کن سولێمانی یان لە کنەوی هاتیەوە... ئەتوو هەر لە سەفەری...!! مارهالا لە هیکرا هەستاوە و پێی گۆت: هیدان ئەتوو بەو قسەیەت وات لە من کرد فکر لە سەفەری بکەمەوە، ئەمن قەت سەفەرم نەکردیە... هەوکە زانیم ئەمن لۆ نەمتانیە ئیشی باش بکەم و حەزرەتی پێ ڕازیی بکەم... ئەرێ وەڵڵا سەفەرەکی لۆ ئەو خوارەی دەکەم و دەچمە یەمەن، درم خەبەری دایە بەمزگێنیەکی گەورە دێمەوە... مارهالا بەسەر سەحرا و شاخ و دەشت و ڕووباراندا فڕی و هەتا دەهات برندتر دەبۆوە... لە شوورەکانی مەملەکەتی سەبەء دەگەڕا و پاش عەیامەکی دیتیەوە... چ مەملەکەتەکی خۆش بوو...!! کۆشکی برند و باخچەی کەسک... حەیواناتی زۆر و تەیروتواری زۆرتر... لەسەر لقی دارەکی نیشت و خۆی لە پۆپیتەسلێمانەکی نێزیککردەوە... لێی پرسی: هیچ ڕووباری پێ نازانی...؟ ئەویش هەر لە خۆڕا دری چووە سەری و پێی گۆت: چییە ئەتوو غەریبی لێرە...؟ مارهالا گۆتی: ئەمن گەڕیدەی عەردی خودایمە، ئەدی ئەوەش عەردی خودای نییە...؟ ئیدی لۆ غەریبم... ئەو گۆتی: ئەوە عەردی ڕۆژێیە... مارهالا ویستی لەوەی تێبگا کوو ئەو عەردە هی ڕۆژێیە، لۆیێ هەندەی تکە لێی نێزیککەتەوە و پرسی: پێم برێ ئەو عەردە لۆ هی ڕۆژێیە...؟! ئەویش جوابی داوە: ئەدی لێرە خەرک ڕۆژێ ناپەرستن...!! ئیدی مارهالا زانی مەسەلەکی گەلەک باشی دیتیتەوە هەتا بیگەیننتە کن حەزرەتی سولێمانی... مارهالا پۆپیتەسلێمانەکەی ڕازیی کرد بیباتە ناو کۆشکی مەلیکەکەیان... لەوێ بەلقیسی



دیت، ئەو ژنە جوانەی لەناو ئەو کۆشکە عەنتیکەیەی ئەمری بەسەر پیاواندا دەکرد... ئەو هەموو زێڕ و زیو و ئەڵماسەی دیت...!! ئەو هەموو نەقش و ڕەسمە...!! ئەو هەموو حەیوانات و تەیروتوارە لەناو ئەو باخچانە...!! ئیدی مارهالا چەند ڕۆژەک هەر لەو مەملەکەتەی دەگەڕا و دەیویست هەموو چشتەکی بەچاوی خۆی ببینی، دوایێش لۆ حەزرەتی بگێڕتەوە... چەند عەسکەریان هەیە...؟! ساحێبی چەند چەک و تفاقی شەڕێنە...؟! مەعبەدەکانیان کوونە...؟! لەگەر ئەو پۆپیتەسلێمانەیەی دەگەڕا و بەخۆشی ڕایاندەبارد... ئەو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر مارهالای خۆشدەویست و نەیدەویست بەدەقە بەجێبێلی... ئەوجا مارهالا ترسا لە هیکرا سولێمان بیبینی و هەندەی تکە وەبزانی ئەو لە دوو گەمە و ڕابواردنێیە، یان هیدانی دەزگیرانی چاوی پێی بکەوی و لە حەژمەتان شێت و هار بی، لۆیێ پێی گۆت: دەچمەوە مەملەکەتی خۆم... ئەو گۆتی: ئەمنیش لەگەر خۆت ببە... مارهالا گۆتی: بریا بمتانیبا، بەس ناتانم... گۆتی: لۆ ناتانی...؟ مارهالا جوابی داوە: ناکرێ لۆت بەحس بکەم، بەس دەی گێ مەدێ، دەگەڕێمەوە کنت... ئەو بەستەزمانە دەگریا و دەیگۆت: ئەمن لە دووریی تۆو دەمرم، ئەگەر بەمردنی خۆشم نەمرم، ئەوە ڕۆژەک خۆم دەکوژم... مارهالا فڕی و پاش عەیامەکی گەیشتەوە مەملەکەتی خۆی... پێیان گۆت: حەزرەتی سولێمان بەخۆی و بەجەیشەکەی چوویتە دەرێی مەملەکەتی، بەس زانیتی ئەتوو ئێرەت بەجێهێشتیە و گۆتیتی: عەزابەکی وەهای دەدەمێ، قەت لە بیری نەچتەوە، یان سەری دەبڕم و چاوی لە دنیایێ بزر دەکەم... هیدان بەگریانەوە هاتە باوەشی و پێی گۆت: ئەیڕۆ سەرم لە قوڕێ نێن مارهالای غەریب، سولێمان بەتەمایە سەرتبڕی... کورە ئەوجا ئەمن لە پاش تۆو چبکەم و ڕوو لە کێندەرێ کەم... وای لە خۆم بێکەسێ...!! مارهالا دری هیدانی داوە و پێی گۆت: مەگریێ چاوەکەم، ئەمن بەخۆم دەچمە کن سولێمانی و خەبەرەکی وەهای دەدەمێ، نەک هەر نەمکوژی، گەلەکیش لە پێشان زیاتر خۆشی بوێم... چووە کۆشکی سولێمانی و پێی گۆت: چشت هەیە ئەمن دەیزانم و ئەتوو نایزانی... سولێمان چەقووەکەی هینا و ویستی سەری قەل بدا، بەس ئەو پێی گۆت: ژنەکم دیتتەوە عەرشەکی گەورەی هەیە، قەومەکەی لەباتی خوای، ڕۆژێ دەپەرستن... هەرچی بەچاوی خۆی دیتبووی، لۆی گێڕاوە... سولێمان ماوەک هیچی پێ نەگۆترا و لە جێیی خۆی هیشک بوو، پاشان سەری برند کرد و گۆتی: چاوەڕێ دەکەم بزانم ئەوانەی گۆتت ڕاستن، یان درۆنە... مەکتووبەکی دایێ، هەتا لۆیان ببات... خۆی گەیاندە ژۆری نووستنی بەلقیسی و لە پشت سەری داینا... ئەو لە خەوێ هەستا و چاوە جوانەکانی هەرینا... مەکتووبەکەی خیندەوە و ڕەنگی زەرد هەرگەڕا... زەنگوری لێ دا و خزمەتکارەکانی هاتن، پێیی گۆتن با وەزیرەکان بێن و تەگبیر لە حاری خۆیان بکەن... هەندەی پێنەچوو قاسیدی بەلقیسی بەدنیایەک زێڕ و زیوی هاتنە کن حەزرەتی سولێمانی، بەس ئەو زێڕ و زیوی نەدەویست و پێیی گۆتن بەسەریان دادەدا... بەلقیس ژنەکی ئاقر بوو و شەڕی نەدەویست... مەملەکەتەکەی دا سولێمانی و خەرکەکەی بەکوشتن نەدا... سولێمان مارهالای خەرات کرد و ناوی خۆی دایێ... بووە پۆپیتە سلێمانە و لە هەموو دنیایێ ناسرا... کورە ماهیر بەو خوایەی عەزیزی پێغەمبەری خۆشدەویست و ئەو هەموو ڕەحمەی هاویشتبووە دری... ئەو عەزیزەی کەرەکی لەو پیاوە ڕەزیلەی کڕی و لە عەزابی برسیەتی و ماندیەتی قوتاری کرد... خۆشی دەویست و لەگەر خۆی

دەیگێڕا... جارەک سەبەتەک هەنجیر و سەبەتەک ترێی لێ بارکرد و ڕۆیشتن... ئەو ڕۆژی ڕۆژ ئەوەندە گەرم بوو ، کەس خۆی لەبەر ڕانەدەگرت... گەیشتنە قەبرستانەکی و عەزیز سەبەتەکانی لەسەر پشتی داگرت... دانیشت و هەنجیر و ترێیەکانی لەناو قاپەکی گوشی... عەزیز تەمەشای ئەو دەوروپشتەی خۆی دەکرد و لە هیکڕا خەوی بەسەردا باری... کەرەکەشی لە تەنیشتی خەوی لێ کەت... بەس چ خەوەک...!! دوایێ مەلایکەتەک هات و بەخەبەری هینا... ئەوجا پێی گۆت: ئەوە ئەتوو سەد ساری ڕەبەقە نووستی، تەمەشای کەرەکەت بکە ، هەر هێسکیشی نمایە و بوویتە خاک و خۆر... بەس بزانە هەوکە خوای گەورە کوو زندیی دەکاتەوە... کەریش دەمودەست زندی دەبتەوە و عەزیز سواری دەبی... دەچتەوە ئاوەدانی و دەبینی هەموو چشتەک گۆڕایە... دەیگۆت: ئەمن عەزیزم... پاش سەد ساری خوای گەورە زندیی کردیمەوە... ئەو کاتی عومری پەنجا سار بوو ، هەوکە گچکەترین کوڕی کوڕی شێست سارە... خزمەتکارەکەی ناوی هانم بوو ، ئەو کاتی عومری بیست سار بوو و هەوکە سەد و بیست سارە... لەو جێیەی بەس ئەو مابوو... ناسیەوە و شایەدیی دا ئەوە عەزیزی پێغەمبەرە... کورە ماهیر بەو خوایەی لەو ئەشکەفتەی خەوی هاویشتە چاوی پیاوچاکانی مەملەکەتی ئەفسووس و پاش سێ سەد و نۆ ساری ڕەبەق بەخەبەری هینان... سەگەکیشیان لەگەر بوو و هەقایەتی ئەو سەگەش گەلەک عەنتیکەیە... ئەو لە ئەفسووسی دەژیا و حاکمەکی زۆر زاڵم حوکمی ئەوێی دەکرد... خەرکی مەملەکەتی هەر لە خۆڕا وەیانزانی سەگ زۆربوونیە و دەبی بیانکوژن... دەیانگۆت خواردنی مەیان نەهێشتیە و لەبەر حەپەحەپیان خەومان لێ ناکەوی... مەعبەدەکانمانیان گراو کردینە... بەس ئەوە هەنجەت بوو... ئەگەر هەر مارە و یەک قیچ خواردنیان بدابانایێ، ئەوانیش تێریان دەخوارد و نەدەحەپین... ئەوە سەگ نەبوون دەحەپین، ویزدانی خۆیان بوو... ئەو سەگە هێشتا گوجیلە بوو و شیری داکی دەخوارد، وەکی ئەوە قەوما... لەگەر داک و خوشک و برایەکانی لە کەلاوەکی خۆیان شاردبۆوە... سەگکوژەکان بەخۆیان و شیری دەستیان لێیان بەژۆرێ کەتن و ڕاپێچیان کردن... ئەو لەبەینی دوو بەردان بوو و نەیاندیت... دوایێ چووە دەرێ هەتا بزانی چییان لە داک و خوشک و برایەکانی کرد... بەپێش خۆیان دابوون و بەشیر و بەقامچیی تێیانکەتبوون... بەچاوی خۆی دیتی داکی دەستی قرتا و کەتە ئەو گۆڕەی... خینی لێ دەچۆڕاوە و دەیگۆت: خۆتان باش بشارنەوە... خەرکی ئەو شارەی هار بووینە و بەگژ سەگاندا دەچن... هەندەی پێنەچوو مرد... بەدزیی چووە کنی و دەگریا... پێی دەگۆت: دایە بەقوربانت بم هەستە ئەمن برسیمە و شیرم بدێ... بەس چاوی لێکنا بوو و نەیدەتانی هەستتەوە... باش بوو دەستەخوشکەکی داکی جار جار دەهات شیری گوانی خۆی دەدایێ، ئەگەرنا هەر ئەو وەختی دەمرد... گەورە بوو و هەر ڕۆژەی لە کەلاوەکی بەترس و لەرزەوە دەنووست... بەحەفتەکی ئەگەر پارچە نانەکی ڕەقی بەدەستبکەتبایە ، هەر باش بوو... جارەک لە کەلاوەکی دیتی شوانەک وا نێژی دەکا ، هەر لە خۆڕا زۆر لەو پیاوەی نەترسا و هەستی کرد ئەوە لە زاڵمەکان نییە... هەرکە لە نێژێ بۆوە، پارچەک گۆشت و کەرتەک نانی دەرهینا... وەکی دیتی ئەو وا لە برسان کلکی دەلەرزی، پارچەنانەکی لۆ فڕەدا... ئەو یەکەم جار وەیزانی ئەوە فێرە و دەیەوێ بیگری... ئەوجا خەنجەرەکەی لە بەرپژدێنی دەردەینی و چاوەکانی پێ هەردەکۆری، لۆیێ نەدەوێرا بیخوا ،



هەرچەند زۆریشی برسی بوو و هەناوی دەخێوراوە... شوانەکە هەتا باوەڕی پێ بکا ، هەندەک گۆشتی لۆ هاویشت، ئەو خۆی لۆ فڕێدا و لە عاسمانێ قۆزتیەوە... وەکی خواردی، شەرمی لە خۆی کردەوە، چونکە بەشی وی بوو ، بەس قەراری دا هەتا مایە لۆی بەوەفا بی... شوانەکە ڕۆیشت و ئەو بەدوویدا چوو... دەیویست لۆ خۆی و لۆ مەڕەکانی ببتە پاسەوان... لە هیکڕا شوان چووە ناو کۆشکی شای و ئەو هەر بەجارەکی سەری سوڕما... ترسا ، بەس هەر لەگەریشی چوو... لەوێ چاوی بەدێرەسەگی کۆشکی شای کەت... کەشخە و جوان... چاوەکانی دەگەشانەوە، ئەو تووکەی خاوێن و درێژ... گوارە زێڕەکانی گێیی بەناز و مەکرەوە دەلەراندەوە... ئەوە سەگی ئەمیرە بریسکای بوو و دوایێ زانی ناوی ناهیشە... ئەو چووە ناو باخچەکەی و لەکن گەورەی بتەکان ڕاوەستا... ئاوی زۆر خواردبۆوە و میزی دەهات، لۆیێ لاقی برند کرد و پێیدا میزت... ناهیش دیتی... بەمەکر و نازەوە هات و پێی گۆت: ئەی ئەی...!! ئەوە ئەتوو کوو دەوێری میزی بەگەورەی بتەکانی ئەفسووسی دابکەی...؟! دە بڕوا بکە هەوکە حەرەسەکان بتبینن، لەتوپەتت دەکەن... بەس ناهیش لەگەر هەندێش خۆشیویست، کە ئەوەندە بەجەرگە و ناترسێ... لێی پرسی: ئەتوو ناوت چییە...؟ پێی گۆت: ئەمن ناوم قەمتیرە... ناهیش گۆتی: وەی چەند ناوەکی خۆشە...!! ئەوجا بەبیری هاتەوە هەزار جار خەونی پێوە دیتیە و پێکەوە لە مارەکی خۆش ژیاینە... کۆمەرەک گوجیلەیان هەبووە و بەخێویان کردینە... حەزی لێ کرد و لۆی شێت بوو... گێیی بەوەی نەدا ئەو لە برسان ڕەقببۆوە و هێسکەکانی دەرپەڕیبوون... پیستی گڕوو ببوو و کەس بێزی نەدەهات تەمەشای بکاتن... خۆی پێ نەگیرا و پێی گۆت حەزدەکا ببتە مێردی... ئەو دەیویست جوابی ناهیشی بداتەوە، بەس لەو کاتی گێیی لە پاشای بوو بەسەر شوانەکەیدا دەنەڕاند: کورە هەی هیچوپووچ عەیب ناکەی بەکن گەورەی بتەکاندا دەڕۆی و سوجدەی لۆ نابەی...؟! ئەوجا پاشا پێشی گۆت: ئەو عەیامەی دەبینم لەگەر وەزیری دادەنیشی و هەر پسکەپسکتانە ، چ ئەتوو و وەزیری پێک دەبەستەوە...؟! ها...؟! دەتانەوێ موئامەرەم لێ بکەن...؟! بڕۆ دەرێ دەی، بەس بەخۆم دەزانم جارەشکە بتبینم پێت بەخواری دادەنێی، چت لێ دەکەم... هەوکە لە دوو وەزیریش دەنێرم و لە زیندانێی دەنێم... شوانەکە لە ترسان ئەوێی بەجێهێشت... قەمتیریش بەغەمباریەوە تەمەشای ناهیشی کرد و لە دوو ساحێبی خۆی چوو... شوانە لە چەند دەرکەکی دا و پێی دەگۆتن: پاشا زانیتی ئەمە بەتەماینە چ بکەین، دەبی ئاگامان لە خۆمان بی... یەک لەو دەرکانە هی مارێ وەزیری بوو... ئیدی شوانەکە ئەشکەفتەکی دیتبۆوە و هەموویان چوونە وێندەرێ... قەمتیر بووە حەرەسیان... لە هیکڕا خەویان لێ کەت و ئەویش لەگەریان... کلکی خۆی کردە بالیف و لێی پارداوە... پاش سێ سەد و نۆ ساران ئەوجا بەخەبەر هاتن... پرچیان درێژ... ڕدێنیان درێژ... بەبنیادەمان نەدەچوون... چوونە دەرێ و هەموو چشتەک گۆڕا بوو... پارەکانیان نەدەچوون... سەگەکە خۆی گەیاندە کن ناهیشی خۆشەویستی، بەس کۆشکی پاشای گۆڕا بوو... سەگەکی دیت کتومت بەوی دەچوو... بەغار لۆی چوو و پێی گۆت: ئەوە ئەتوو لێرەی ناهیشەکەم...؟! وەرە باوەشم بەقوربانت بم... ئەوە دنیا چی بەسەرهاتیە...؟! لۆ ئەمن بێجگە لە توو هیچ چشتەشکە ناناسمەوە...؟! بەس ئەو خۆی دووردێخستەوە و بەناز و مەکرەوە پێی دەگۆت: وەی شێرە، ئەتوو کێی...؟! ئەمن ناتناسم... ئەوە شکلت لۆ ئەوهایە...؟! هەر دەرێی سەگی ئەو زەمانەی

نی...!! لاکۆ لاکۆ... دەترسێم... ئەتوو لە کێندەرێ هاتی...؟! ئوووییی...!! تومەز ئەوە نەوەی ناهیشی بوو... دوایێ زانی ئەوە قەمتیرە و لۆی باس کرد، کاتی خۆی داپیرەگەورەی ئەوەندە ئەوی خۆشویستیە و هەندە لە دووریی وی گریایە، بوویتە هەقایەت و هەتا هەوکەش خەرک لۆ یەکدی دەگێڕنەوە... کورە ماهیر بەو خوایەی لەشکری ئەبرەهەی حەبەشیی تێکشکاند، وەکی بەفیلی شاراویان لۆ کەعبەی مقەدەس هینا و ویستیان بیرووخێنن، بەس باش بوو تەیرەعەبابیلە بەردیان بەسەردا باراندن و تەفروتوونایان کردن... کورە ماهیر بەو خوایەی ڕزقی هەموو حەیوانەکی دەدا و لێدانی حەرامکردینە، واز لەو خۆڕیەتییەی نەینی، بەخۆم دەزانم چت لێ دەکەم.[٥]

ئەوەندە بەلەززەت ئەو چیرۆکانەی دەگێڕایەوە، «ماهیر» لە نیوەیدا خەوی لێ دەکەوت و گەورەکانیش بەدیاریەوە متەقیان لە خۆیان دەبڕی... ئینجا بە«مونا»ی کچی دەوت:

– ئەوە لۆ ئەوها دۆشت دابردیتەوە...؟! نابینی وا برایەکەت نووستیە...؟! هەستە لێفەکی پێ دادە، با سەرمای نەبی، هەی چاوت کۆرە بی...!!

بە سووکی ناوچەوانی ماچ دەکرد و دەیوت:

– بەقوربانی بم خوایە، چەندی حەز لەو هەقایەتانەی منە...!! کوڕی خۆمە...!!

«ماهیر»ی لەڕادەبەدەر خۆش دەوێت، چونکو بچووکی هەمووانە و باوەڕ ناکات کەسی تریشی بەدوادا بێت... سالانە منداڵێکی لەبار دەچێت و خوێنی زۆری لەبەر دەڕوات... ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو خەفەتەی لێیان دەخوات... ئاسان نییە، چەند مانگ هەڵیاندەگرێت و زەحمەتیان پێوە دەکێشێت، کەچی لەپڕ دەبنە تۆپەڵ تۆپەڵ گۆشتی مردار و جۆگەلەی خوێن فڕێیاندەدەنە دەرێ... بەڵێ، تەندروستییشی باش نییە، بەڵام بەهەموو شێوەیەک لە خەڵکی دەشارێتەوە... گاڵتەوگەپ فیلێکی باشە... دەتوانێت سەرنجیان بەلارێدا بەرێت و پەی بەناخی وێرانی نەبەن... لە دوای «ماهیر»ەوە پێنجی بەو دەردە چوون و هەر جارێ بەکۆمەڵێ خەفەت و دنیایەک خەیاڵی ترسناکەوە هەستاوەتەوە... بیرۆکەی پیری و مردن هەمیشە لە شتەکانی دەوروبەری بەرجەستە دەبن و ناخی هەڵدەقرچێنن... هەر دوور نەڕۆین ئەگەر لەو مافوورەی قەد دیواری بەرامبەری ڕابمێنێت، دوای چەند ساتێ نەخشەکانی لە بەرچاوی دەگۆڕێن و ئەو ڕووداوانەی دەیانبینێت، ترسناکن و بیری دەچێتەوە لە ژوورێکی هێمنی دوور لە مەترسی دانیشتووە... ئەو گوڵاڵەسوورانە چۆن بوونە مینی ورد ورد و لەژێر پێی دەیان ژنی لادێییدا تەقینەوە، کە سەبەتەی میوەیان خستبووە سەر سەریان و دەیانویست بیانهێننە بازاڕ...؟! چی ئەو ڕەوەمانگایەی بۆ زنجیرەشاخ گۆڕی و لە چاوتروکانێکدا هەرەسیان هێنا...؟! گوێیان کاس کرد و ناو سەریان هەژاندەوە...؟! ئەو جانەوەرە کەسنەدیوانە لە کوێوە دێن و لەسەر ڕووی ئەم ئاوێنەیە خۆیانی پیشاندەدەن...؟! بەدەستی بێت هەرچی کەلوپەلی ماڵ هەیە، فڕەیانداتە دەرێ و ئەو هەموو خەیاڵە تۆقێنەرە لە گیانی داماڵێت... بەتایبەتی ئەو نەینۆکە لاکێشەییەی لە دایکیەوە بۆی ماوەتەوە و خاوەنی چوارچێوەیەکی نەخشینە... وا چۆتە ئەقڵیەوە هەرچی بەڵا و کارەسات هەن لەوێوە دەردەچن و بەناو ماڵدا بڵاودەبنەوە... سەرەتای چلەکان ئەم تەمەنی



لە سێ چوار ساڵ تێنەدەپەڕی، بەڵام بیریەتی ئەو ئاوێنەیەیان لە ماڵێکی جوولەکەی «گەڕەکی عەرەبان» کڕی... هەر کاتێ بیەوێت سیمای خانووەکە بێنێتەوە بەرچاوی، ئەوا هیچ زەحمەتێک لەوەدا نابینێت، کە بڵێت: دوو نهۆم... چوار پایەی ئەستووری نەخشاو لە خوارێ و دوانی باریکتر لە سەرەوە... لە پشت ئەو پایانەوە هەیوانی کەمێ تاریک و دواتر چوار ژووری تاریکتر لە خوارێ و سەرێ... هەشت دەرگای ڕەش... خەڵکی سەیر سەیری دەبینی و کەلوپەلیان دەهێنایە دەرێ... بێدەنگ بێدەنگ دەڕۆیشتن و دوای تاوێک لەناو تەمی چڕی ئێوارەی ئەو دەشتەدا دەتوانەوە... «سەعدیە»ی دایکی ئاوێنەکەی دا بەپشتی خۆیدا و سووک سووک هەنگاوی دەنا... لەوێوە بۆ لای «گردی قالینچاغا» ڕێگایەکی دوور نەبوو، بەڵام بڕینی تەمێکی ئاوا هێز و سەلیقەی دەویست... هەرگیز نەدەکرا بڵێ ئەمڕۆ ڕۆژێکی ئاساییە و لە ڕۆژانی پێشوو دەچێت... هەموو شتێ گۆڕاوە... زمانی گیراوە و ناتوانێت هاوارێکیش بکات... ئێستا لە ئاوێنەیەک زیاتر چیتری لێ دیار نییە... تەنانەت قەڵا و منارەیش نەماون... لە پێشدا سیمای خۆی بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین بەسەرەوە بینی و دوایی وردە وردە کاڵبووەوە... ئینجا شتی سەیر سەیری لێ دەکەوتە خوارێ... سەرەتا دادەنەویەوە و هەڵی دەگرتنەوە، بەڵام کاتێ زانی فریای هەموویان ناکەوێت، ئەوانەی ناو دەستیشی فڕێدا... تەنانەت ویستی بەسەر ئەو منداڵە ساوایەشدا باز بدات، کە ڕووتوقووت خزی و لەسەر خۆڵی نەرمی ئەوێدا چەسپا، بەڵام نەیتوانی و خستیە سەر دەستەکانی... «ئاوێنەکەی پشتی دایکم منداڵێکی بوو...!!»... چەند قسەیەکی سەیرە، کاتێ زمانی دەکرێتەوە و ئاوا دەڵێت...!! ناتوانێت چاوەکانی لێ بترووکێنێت و بەبێ ویست هەنگاو دەنێت... هەرکە گەیشتە ناو حەوشەی خۆیان، دوو ژنی باڵابەرز هاتن و لێیان وەرگرت... بردیانە ژوورەوە و دەرگایان داخست... پێشتر هەرگیز بنیادەمی لە شێوەی ئەوانی نەدیبوو... وا لە دڵی چەسپی ئیتر لایان دەمێننەوە و لەگەڵیان دەژین، بەڵام ئێستاش نەیزانی چییان بەسەرهات و چوون بۆ کوێ... سەرەتا کاتێ ئەو ڕۆژەی وەکو خۆی بۆ «سەعدیە»ی دایکی دەگێڕایەوە، ئەو قاقای لێ دەدا، بەڵام چەند ساڵێ دواتر سەرزەنشتی دەکرد و پێی دەوت:

– ئەتوو نابی هەر خەونەکی ببینی، دوایی وەبزانی ڕاستییە نازیلە.

هەرچۆنێ بێت ئەم ڕۆژی لەدایکبوونی «فەزیلە»ی خوشکی ئاوا بیردەهاتەوە... بەتایبەتی ئێوارەی هەینییان کاتێ دایکی دەیبردنە گۆڕستان و سەریان لە گۆڕی باوک و باپیریان دەدا... «سەعدیە» لەوێ قورئانی لە پەڕۆ سەوزەکە دەردەهێنا و بەدەنگی ناسکی دەیخوێند... ئەو جارە پیاوێکی گەنج هات و پێی وت بەپارە لەسەر مردووەکانی ئەوانیشدا بخوێنێت، بەڵام ڕازیی نەبوو و پێی وت:

– ئەمن چشتی وەها ناکەم، چونکە پێغەمبەر فەرموویتی ئەوانەی بەپارە قورئانی دەخینن، بەو بلبلانە دەچن، وەکی لەسەر کەلاکی دەلەوەڕێن.

ئەو دەنگخۆشییەی لە «مەلا حەسەن هەوارانی»ی باوکیەوە بۆ مابۆوە و هەر ئەویش فێری خوێندنی قورئانی کردبوو... «ئەلیاس» پێچەوانەی «سەعدیە»ی خوشکی هیچ گوێی نەدەدایە نوێژ و ڕۆژوو، بگرە هەموو شەوێ دەیخواردەوە... بەڵام کاتێ بەسەرخۆشی گۆرانیی دەچڕی، «نازیلە» هەستی دەکرد، دەنگی خاڵی ئێجگار لەوەی دایکی ناسکترە... بێچووەورچی لە ڕاوچییە شاخنشینەکان دەکڕی و لەسەر جووڵەی

سەیر سەیر ڕایدەهێنان... زنجیری دەکردە لووتیانەوە و بەپارە لە قەرەباڵغیەکان پیشانی خەڵکی دەدان... هەندێ جار «نازیلە»یشی دەبرد و دەفێکی بچکۆلەی دەدایە دەست، کە لە ماڵەوە فێری کردبوو چۆنی بکوتێت و چ نەغمەیەکی پێ دەرکات، بۆ ئەوەی ورچەکان سەمای لەسەر بکەن و بەباشترین شێوە هونەری خۆیان بۆ بینەران بنوێنن... جار جار دەچوونە لادێکانیش و لە زەماوەندەکاندا بەشدارییان دەکرد... ئاغاکان لەزەتی زۆریان لەو سەرگەرمییەدا دەدی، هەر بۆیە کاتی ژەمەکان لەسەر سفرەی دیوەخان لەپاڵ کارەکەراندا دادەنیشتن... «نازیلە» لەوێ بۆ یەکەمجار هەستی کرد ئارەزووی خواردنی گۆشتی نەماوە و ناتوانێت دەمی بۆ بەرێت، چونکو برینی سەر پێستی ورچەکانی بیردەهاتەوە، کاتێ سەگە دڕەکان پەلاماریان دەدان و خەڵتانی خوێنیان دەکردن... چ یارییەکی بێمانایە و ئەو خاڵەی چەند دڵێکی ڕەقی پێوەیە... دوای ئەوەی تێر تێر سەمایان پێدەکات، ئینجا ئەو سەگە هارانەیان پێوەدەنێت... ددانیشیانی دەرهێناون و ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن... هێندەی خۆشنەوێت و ئەوەندە حەزی لە سرووشتی لادێ نەبێت، هەرگیز لەگەڵی نایەت... دڵی بەو ژیانە ساکارەیاندا چووە و دەیان جار لە دایکی پاڕاوەتەوە، کە بچن بەئێجگاری لە گوندێکدا بژین... پێی خۆشە ڕێک وەکو ئەوان بدوێت و وشەکانیان بەکاربهێنێت... تەنانەت «ئەستیلە» لچی لێ هەڵدەقورتێنێت و پێی دەڵێت:

– وی ئەوە چییە...؟! بوویە دەشتەکی...؟!

«ئەلیاس» شەوانە هەر لەوێ یاری بەقەرەقۆزەکانی دەکات و لە بەرچاوی ئاغا و پیاوەکانیدا جوانترین هونەری خۆی لەو بوارەدا دەنوێنێت... دەیان دەنگی جیاواز لە قوڕگی هەڵدەستێنێت و شانۆگەرییەکە زۆر کارامانە بەڕێوە دەبات... پارەی چاکی دەستدەکەوێت، بەڵام نیوەی بەقومار دەدۆڕێنێت و نیوەکەی تریشی بەئارەق دەدا... «سەعدیە» ناهێڵێت یەک عانەی ئەو بێتە ماڵەوە... تەنانەت پێی خۆش نییە کچەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت و هەمیشە بۆڵەبۆڵیەتی... دەگریەت و دەڵێت برای لە ئاین دەرچووە و بۆتە کافر... ماڵی لێ گڵاو کردووە و فریشتە ڕووی تێناکەن... کەچی دەبێت ئاگای لێیان بێت و نەهێڵێت لە هیچیان کەم بێت... ئێسقانی ئاژەڵان و پەڕەوەری مرداریان بۆ لە سەرەنوێڵکەکان دەهێنێت و دەرخواردیان دەدا... ئاویان دەداتێ و ژێریان دەماڵێت... کاتێ بەبرینداری دەیانهێنێتەوە، ئەو بەدەرمان تیماریان دەکات... چاوەکانی فرمێسکیان لێ دێتە خوارێ و سەدان ئاخ هەڵدەکێشێت... جێگای کەڵبەی سەگەکان وەکو چەند چاڵێکی پڕ لە خوێن بەسەر ئەو لەشەیانەوە دەبینێت و هێندەی نامێنێت ببوورێتەوە... شەوانە دێنەوە خەونی و تا بەیانی دوو سێ جار ڕادەچڵەکێت... نازانێت ئەو برایەی چۆتەوە سەر کێ، ئاوا دڵڕەق و بێویژدانە... کاتێ ددانی ئەو بێچووەورچانە بەگاز دەردەهێنێت، ئەم چاوەکانی دەنووقێنێت و بەرگەی بینینی دیمەنی وا ترسناک ناگرێت... چەند پیشەیەکی سەیر و سەمەرەیە...!! لە باوەڕی کەسدا نەبوو کوڕی «مەلا حەسەن هەوارانی» قەشمەرێکی لێ دەربچێت و لەسەر قەرەقۆز و ورچ بژی... ببێتە شەقاوە و شەڕ بەم و بەو بفرۆشێت... «عەندەلی هیلچە»ی شایەر لە خشتەی برد و کردیە شاگردی خۆی... ئەوسا تەمەنی لە دوانزدە زستان تێنەدەپەڕی... باوکی چەند جارێ لێیدا و لەو ژوورە بچکۆلەیەی ئازووقەی بەستەوە، بەڵام کە ئەمە دادی نەدا، لە ماڵی بەدەرنا و نەیهێشت بێتەوە... ئیدی



بەئێجگاری گوێزایەوە لای «عەندەلی هیلچە» و لەو تاقە خانووە ترسناکەی دوور لە ئاوەدانی دەژیا... دوای مردنی «عەندەلی هیلچە» ، ئەو بەتەنیا مایەوە... ئاخر چاوسووری شەڕانی شەوێکیان بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە و کەوتە بیرێکەوە... تا لاشەکەی بۆگەنی نەکرد، کەس نەیزانی... سەرەتا وای بۆ چوون سەگە و لەوێ تۆپیوە، بەڵام پیرەژنێ وتی:

– سەی چ...؟! بۆنی بنیادەمیە.

«سەعدیە» چووە لای براکەی و زۆر لێی پاڕایەوە، بەشکوو بێتەوە و داوای لێبوردن لە باوکی بکات، بەڵام ڕازیی نەبوو... دوای ئەوە هەرچەند بیری لەو خانووە ترسناکە دەکردەوە، تەزوو بەگیانیدا دەهات و نەیدەزانی تاقە براکەی چۆن دەتوانێت لە شوێنێکی ئاوادا بژی... کەچی دوای مردنی «مەلا حەسەن هەوارانی»ی باوکی چارەنووس ئەمیشی گەیاندە ئەوێ... سەرەتا مامی خانووەکەی فرۆشت و بردیە لای خۆی، بەڵام هێندەی نەخایاند ئامۆژنی لێی هەڵپێچا و ژیانی لێ کردە دۆزەخ... تەواوی ئیشی ماڵی خستە ئەستۆی... بێشکەی ڕادەهەژاند... بەگۆزان ئاوی دەهێنا... چێشتی لێدەنا... ژوورەکانی گسک دەدا... هێشتا بیانووی پێ دەگرت... ئەنجام بەبڕێک پارە دایە «عەبدولئەحەد قەرەنی»... کچێکی شانزدە ساڵان بۆ پیاوێکی پیری سەرووی پەنجا... دوانزدە زستانی لەگەڵدا ژیا و هەر چوار ساڵ جارێ، کچێکی لێی دەبوو... ئەوەی دواییانی نەبینی، چونکە هەشت مانگ پاش مردنی چاوی هەڵهێنا... لە کەلاوەیەکدا دەژیان و حەفتەی شەش ژەمیان نەدەخوارد... ڕۆژێکیان «ئەستیلە» و «نازیلە»ی لە ماڵ جێهێشت و «فەزیلە»ی قۆنداغەی کردە باوەش... بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت، ملی ڕێگای گرت... سەرەتا وای بەخەیاڵدا هات لە بەردەمی مزگەوتێکدا دابنیشێت و دەسڕێ ڕابخات، کەچی هەر خێرا بیری گۆڕی و لە ئیشێک گەڕا... برسی و ماندوو هەنگاوی دەنا و خۆی بەو داماو و لێقەوماوانە دەهاتە بەرچاو، کە هەمیشە چیرۆکیانی لە دایکی دەبیست، بەڵام هەرگیز باوەڕی نەدەکرد وەکو ئەوان دوای ناخۆشییەکان بەئاسوودەیی بگات... خۆی لە بەردەمی ماڵە دەوڵەمەندەکاندا بینیەوە و بەشەرمەوە لە دەرگاکانی دا... بەڵام نەیدەتوانی زمانی هەڵێنێتەوە و ڕێک و ڕەوان بڵێ:

– کارەکەرتان ناوێ...؟

ناچار بڕیاری دا کەلاوەکەی بفرۆشێتە «سەعدوللا قەساب»ی دراوسێی و بچێت لای براکەی بژی... ئەو چەرچییە لە زووەوە هەوڵی لەگەڵ دەدا ئاوا لەژێر دەستی دەربێنێت و بیکاتە گەوڕی مەڕەکانی، بەڵام «سەعدیە» پێی دەوت:

– نا، کاکە، نا... چشتی وەها ناکەم... ئەدی منداڵەکانم ببەمە کێندەرێ...؟!

بردینییە لای برای و لەو چۆڵەوانییە ناخۆشترین ژیانی دەگوزەراند... سەیر لەوەدا بوو، هەر شەش ڕۆژ دوای ئەوە لەو گۆڕستانە، «تەحیات» ، ئەو بێوەژنەی گۆڕی مێردی لە تەنیشت گۆڕی «مەلا حەسەن هەوارانی»ی باوکیەتی، لای دەباغچییەکان ئیشی بۆ دۆزیەوە... ڕاستە ئاسان نەبوو و هەشت سەعات ئارەقی دەڕشت، بەڵام بەرگەی دەگرت و ئایندەی کچەکانی دەخستە بەرچاوی... بەیانییان زوو زوو

«نازیلە» و «فەزیلە»ی بەسەر «ئەستیلە»دا جێدەهێشت و تا دەگەڕایەوە، دڵی لێی دەدا... ئەمەی زووتر دەستبکەوتایە، مەحاڵ بوو بچێتە لای ئەو برایەی... هەر کاتێ بیوتایە دەڕوات و جیادەبێتەوە، پێی دەوت بەتیتک تا ناو بازاڕ ڕایدەکێشێت و لە بەرچاوی هەموو خەڵک دەیکوژێت... دەترسا کچەکانیشی لە ڕێ دەربچن و ئابڕووی بەرن... بەتایبەتی «نازیلە»، کە زۆر هۆگری بوو... لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەملا و ئەولای دەبرد و دەفی پێ لێدەدا... ئەو بەڕاستی خاڵی خۆشدەویست و شەوان لە باوەشیدا دەنووست... سەرخۆش با، گۆرانییەکانی حاڵیان لێ دێنا... وەکو تر هەقایەتەکانی دنیایەکی تریان پیشان دەدا... زۆربەیان خۆی هەڵیدەبەستن و بەجوانترین شێوەیش دەیگێڕانەوە... بۆ تام و چێژیش ئاژەڵ و باڵداری لەباتی مرۆڤ بەکاردەهێنا و لێیان تێر نەدەبوو... «نازیلە» وایدەزانی بۆ منداڵێکی برسی و سەیری وەکو ئەم، ئەو چیرۆکانە خۆشترن، کە باڵندە و ئاژەڵیان تێدایە، چونکو هەست بەناوەوە و دەرەوەیان دەکات... «ئەلیاس» دەشیتوانی لە پشتی چراوە بەسێبەری پەنجەکانی وێنەی دەیان گیانداری سەیر سەیر لەسەر دیوار بنەخشێنێت و هاوکات دەنگی یەک بەیەکیانی وەکو خۆی لە قوڕگی هەڵدەستاند... ئیدی «نازیلە» نەیدەویست بەبێ ئەوەی گوێی لە گۆرانی و چیرۆک بێت، بنوێت، هەر بۆیە لەسەر جێگاکەی ئەو پاڵدەکەوت و چاوەڕێی دەکرد... زۆر جار ئەم هێندە درەنگ دەهاتەوە، ئەو خەوی لێدەکەوت... ئینجا بەیانی بەبۆکس لێی دەدا و هەڵیدەستاند... بەڵام ئەو جارە، کاتێ چاوی هەڵهێنا و بینی وا لەگەڵ ژنێکدا نووستووە، واقی وڕما و وایزانی خەون دەبینێت... خەونی چی...؟! ئەوەتا ئافرەتێکە و سەری دیارە... دەستەکانی لە ملی خاڵی ئاڵاندووە و چاوەکانی نووقاون... چووە ئەودیو و دایکی و «ئەستیلە»ی خوشکی بینی و بەشەرمەوە پرسی:

– ئەو ژنە کێیە لەگەڵ خاڵم نوستیە...؟!

«سەعدیە» هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

– خاڵت ژنی هینایە، بەس نابی کەس بزانی.

دەیان پرسیاری تر بەجارێ لەناو سەریدا ورووژان و نەیدەزانی کامیان لە پێش کامیانەوە بکات... کێی هێناوە...؟! چۆنی هێناوە...؟! بۆچی نابێت کەس بیزانێت...؟! ئەدی دایکی بۆچی ئاوا پەشۆکاوە و لچ و لێوی وشک هەڵگەڕاون...؟! وا بەرچایی ئامادە دەکات و دەستەکانیشی دەلەرزن... کاتێ هێلکەکانی پاککرد و لەگەڵ دوو نان و جامێ ئاو بۆی بردن، ئەمیش بەدوایدا چوو و بەشەرمەوە لێی ڕوانی... لەو سووچە دانیشتووە و سەری هەڵنابڕێت... جلەکانی تازە و جوانن... ئاڵتوونی زۆری پێوەیە... ملوانکە، بازن، گوارە، خرخاڵ... ڕەنگە ئەو باوەڵەی تەنیشتیشی جلی دیکەی تێدابێت... بەشەرمەوە پارووەکانی دەئاخنێتە دەمیەوە... ئەوە بۆ هیچ نالێت...؟!

«ئەستیلە» نەبووایە، ئەم بەئاسانی لەو شتانە تێنەدەگەیشت... کاتێ لەو دەشتە خۆیان دابووە بەر هەتاوی ئەو بەیانییە، بە سیکاردەکەی دەستی خۆڵی نەرمی پاش بارانی هەڵدەکۆڵی و لێی پرسی:

– نازیلە ئەگەر پێت بڵێم خاڵم ئەو ژنەی کوو هینایە، بە دایەی نالێی...؟!



– نا، بەو خوایەی.

– بڵێ بە گۆڕی بابم.

– بە گۆڕی باب و باپیرم.

لە دەرگا شەقوشڕەکەی حەوشەی ڕوانی و بەدەنگێکی نزمتر وتی:

– هەڵیگرتیە... دەزانی یەعنی چ هەڵیگرتیە...؟!

تا ڕادەیەک سەری لێی دەردەچوو، بەڵام وای بەچاک زانی بڵێ:

– نەء.

– ئەگەر کوڕەک بیەوێ ژنی بینی، لەگەڵ بابی دەچتە ماڵی کچەکەی و دەیخوازی... ئەوجا شەکراوی دەخۆنەوە و دەیکاتە بووک... بەس خاڵم ئەوهای نەکردیە... ئەتوو شەوێ نووستبووی، وەکی لەگەڵ......

کەمێ وەستا و وتی:

– ناوی قسمەتە، بەس داکم گۆتی پێی بڵێین خاڵۆژن... ئەمن گێم لە هەموو قسەکان بوو... دەیانویست لێمی بشارنەوە و نەزانم چ قەومایە... بەس لە سەر و بنی مەسەلەکەی تێگەیشتم... ئەوە ژنی پیاوەکی زۆر دەوڵەمەند بووە... ئەدی نابینی چەندی زێڕ پێوەیە...؟! دنیایەک پارەشی لەگەڵ خۆی هینایە... بەتەماینە زێڕەکانیش بفرۆشین و لە جێیەشکە خانیی بکڕین... کچێ نازیلە قەتاوقەت ئەو قسانەت لە دەوی دەرنەچی... مێردی بزانی لێرەیە، بەسەرماندا دەدا و هەر ئەمن دەزانم چ دەقەومێتن... داکم لە ترسان هەتا سبەینێ نەنووست نازیلە... تفەنگەکەی بەدەستەوە گرتبوو و لە پەنجەرەی تەمەشای دەرێی دەکرد.

– ئەگەر مێردی بزانی لە ماڵی مەیە، دێ دەیباتەوە...؟!

– همم...!! دەڵێ دەیباتەوە...؟! کچێ بردنەوەی چ...؟! دەیکوژی...!! ئەوە ژنە، خۆ چێڵ نییە... ئەتوو منداڵەکی هەشتساڵانی، دەزانی دەفەی لۆ ورچان لێبدەی، بەس لەو چشتانە تێناگەی... چ بەدووری مەبینە ئەمەش بدەنە بەر گوللان.

– ئەدی مادام خاڵم لۆ ئەوهای دەکرد...؟!

– لۆ ئەوهای دەکرد...؟! چونکو حەزی لێی بوو... شەوێ داکم لەودیوی بەدزیی خاڵۆژنم دەموچاوی خۆی ڕنیەوە و لێی پرسی: کورە ئەلیاس ئەو قوڕە چییە لۆ منت گرتیتەوە...؟! گۆتی: حەزم لێی کردیە سەعدیە و نامەوێ یەک قسەشم گێ لێ بی... دنیایەک زێڕ و پارەشی لەگەڵ خۆی هینایە.

«ئەستیلە» هەڵوێستەیەکی کرد و بەردێکی مۆری پڕ بەناولەپی خستە ناو ئەو چاڵەی هەڵیکەندبوو... خۆڵەکەی داوە بەسەریدا و بەبێ ئەوەی سەری هەڵبڕێت، درێژەی بەقسەکانی دا:

– لێرەوە ئەمەش وەکی ماڵە دەوڵەمەندەکانی سەر ڕێی قەبرستانێ خانیی باشمان دەبی و خواردنی خۆش دەخۆین... جلکی جوان لەبەردەکەین... چیتکە لەو دوورەی ناژین و دەچینە ناو خەڵکی... نەک وەکی ئێستا بەس ڕۆژی جومعان لە سەرقەبران هەندەک کەسی سەربەقوڕ و چاوبەگریان ببینین... قسەی ئەوێش

چییه، بێجگە لەوەی خدر پیاوەکی باش بوو و بەغەدر کوشتیان... خەجێ تەونی دەکرد و کتوپڕ مرد... عەولاّ ئەوها و فاتێ ئەوها... لۆ پێدەکەنی نازیلە...؟! ئەدی قسەکانم وەنیینە...؟! ئەوە ئەمن بوومە دوازدە ساڵ و لەو چشتە هیچوپووچانە زیاتر چم گێ لێ بووە...؟! نە کەس دەبینین و نە کەسیش دەمانیبینی... بەخۆشمان نازانین لە شارینە، یان لە گوندان... هەر لێی گەڕێ لێ... وەکی داکم ئەوێ جارێ گۆتی: دەڵێی گونیەی پڕ لە زبڵێن و ماڵە دەوڵەمەندەکان لێرەیان فڕێداینە... جەوهەر و کەمال و زەکیە و خانەگوڵ و ئاوریشم و سوندس ئامۆزامانن و هەتا ئێستا بەس ناویانمان گێ لێ بووە... نازانم لۆ دەبی ئەمە ئاوەدانیی نەبینین.

– ئەدی مادام لۆ هەموو جارێ وەکی خاڵم پێت دەڵێ لەگەڵمان وەرە ئیشێ، نایەی...؟!

– بێم دەفەی لۆ ورچان لێدەم...؟! ئەوە زۆر عەیبە نازیلە... ئەمن یەک بەخۆم شەرمم پێیە خاڵم ئەو ئیشەی دەکاتن... خەڵک چمان پێ دەڵێن... دە ئەتوو بڕۆنێ سەد مەتر لە دووریی مە، کچی عالەمێ چ جلکەکیان لەبەرە و چەند کەشخەنە... کراسی کەونەم لۆ دەکڕن، گچکە دەبنەوە و دەیاندەنە توو، بەکەلکی توو نامینێن و لەبەر فەزیلەیان هەڵدەکێشن... ئەمن لۆیێ دڵم بەو پارە و زێڕانەی خاڵۆژنم خۆشە، چونکو پێیان زەنگین دەبین و ژیانمان دەگۆڕێ... بڕوا بکە حەز دەکەم نەک ئێرە، هەر ئەو هەولێرەش بەجێبێلین و بچینە شارەشکە، هەتا کەس نەزانی ئەمە ڕۆژەک لە ڕۆژان لە کێندەرێ ژیاینە و خاڵمان چ ئیشەکی کردیە... خۆزگەم بەفەزیلەی، وەکی منداڵەکی چار ساڵانە و بەبیری نایێ ئەمە کوو لە کەلاوەی تاریک و پیس لەناو ورچ و سەگان دەژیاین... نازیلە توو گۆڕی بابم قەت پێی مەڵێ داکم سبەینان زوو زوو دەچووە ئیشێ و ئەوی بەتەمای مە بەجێدەهێشت... لە برسان دەگریا و لوولەی مەسینەمان لە دەوی دەنا... قیچەک دەمیژی و دیسان دەستی بەگریانێ دەکردەوە... یان وەکی هەندەک گەورە بوو، دەچووین لەو دەشتەی گیای ترش و مزرمان لۆ دەینا و دەماندایێ... زگی بەقوڕادەی قوڕاوی چوو و گۆتمان تازە قەت چاکنابیتەوە... ئەوێ جارێ شوانە پیرەکە نەبا، هەرسێکمان لە برسان دەمردین... لە بیرتە گوانی مەڕەکی ڕەشی لۆ دۆشین و نانی تیریشمان نەبوو پێی بخۆین...؟! لەناو پەڕۆیەکەی بەرپژدێنی پارچەک ئەستوورکی دەرینا و گۆتی: بیخۆن کیژەکانم، شەرمی پێ ناوێ، ئەمن مامتانم... قەت بەحسی ئەو چشتانەی لۆ نەکەی، با بەسەر خۆیدا نەشکێتەوە و منداڵ بەچاوی کم تەمەشای نەکەن... دەبی ئەمەش ئەوەمان لە بیر بچیتەوە، وەکی داکمان لە دەباغخانەی ئیشی دەکرد و خاڵمان ورچی هەڵدەپەڕاند... حەزم لێنییە ئەو ژیانەی لە خەونیشدا ببینمەوە... ئەگەر ئەو شوانەم بەبەر دەستی بکەوتەوە، پارچەپارچەی دەکەم، چونکو دوور نییە ڕۆژەک لە ڕۆژان بمانبینی و ئەو چشتە عەیبەی لۆ خەڵکی بگێڕێتەوە.

– ئەدی ئەتوو هەموو جارێ لۆی نەدەگریای و دەتگۆت لۆیە لەو ڕۆژیەوە چاومان پێی نەکەتەوە، چونکو لەوانەیە لە خەفەتی مە مردبی...؟! لۆ ئەستیلە هەوکە ئەوها دەڵێی...؟! گوناح نییە...؟! کوو دەبی ڕکت لێی ببیتەوە...!! خۆ ئەو زۆر زگی پێمان سووتا، لۆیێ پشتی دەستی بەچاویوە گرت و وابزانم گریاش.

– ڕکم لێی نابیتەوە نازیلە... بەگۆڕی بابم ڕکم لێی نابیتەوە، بەس پێم خۆشە مردبی... ئەگەر هەموو



ئەوانەی هەتا ئێستا ئەمەیان دیتیە، بەجارەکی بمرن، ئەوجا باشە... ئەدی نابی خێری لەو پارانەی ببینین و هەندەک بەخۆشیی بژین...؟! سبەینێ پێمان بڵێن: دوونێ لە کەلاوەی کەتبوون و ئەورۆش لەناو قەسری دەعیەی لێ دەدەن...؟! داکتان ئەوها و خاڵتان ئەوها بوو...؟! ئەگەر قسەی وەهاش نەکەن، بەس مادام ئەمە دەیانبینین و ئەو ڕۆژانەمان بەبیر دەیننەوە، هەر ناخۆشە.

– ئەدی ئەستیلە ئەگەر خاڵۆژنم نەیهێشت ئەمە لەگەڵیان بچینە ناو خانیی...؟! زێڕ و پارەکان هی وی نیینە...؟!

– هەموو چشتەک بەدەست پیاویە نازیلە... ئێستا خاڵۆژنم موڵکی خاڵمە... جارەک دوو بلبل لەناو قەفەزی شەڕیان لەسەر ئەوەی بوو کیهایان زیاتر پەڕی ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە و دەشتانی لەویتکە باشتر بخینی... قەفەزەکە بەدەست کچەکی زۆر زۆر جوان وەبوو و پێی گۆتن: هەی بێئەقڵینە، ئەنگۆ هەردووکتان هی منن و لەناو قەفەزینە، ئیدی ئەو شەڕەتان لە چییە...؟! لە مەیدانێ لە تەنیشت بابی ڕاوەستا بوو و دەیویست بیانفرۆشی... ئاغەک بەوێدا تێپەڕی و دیتی... لەسەر ئەسپەکەی هاتە خوارێ و بەقەفەز و بلبلەکانیەوە لە بابی کڕی... لەو ڕۆژیەوە ئەو دان و ئاوی دەدا بلبلەکان و بەخێوی دەکردن، چونکو ئەگەر ئەوهای نەکردبا، ئاغە بەقامچیی تێیدەکەت... بەس قەت نەیدەتانی پێیان بڵێ: ئەنگۆ هی منن... بلبلەکانیش لەو حانەی کچەکە پێی گۆتن، وازیان لەوەی هینا بەجوانیی پەڕیان و دەنگخۆشییاندا هەڵبلێن... ئەوهایە نازیلە...!! خاڵۆژنم لە دوونێوە بە خۆی و زێڕ و پارەی بوویتە موڵکی خاڵم... لێی پاڕایتەوە و پێی گۆتیە: کورە ئەلیاس لە دەست ئەو زاڵمەی قوتارم کە، دەبمە خزمەتکارت... پرچم لە باسکت بئاڵێنە و لەسەر ئەو ڕێیانە بەدوو خۆتتدا ڕامکێشە... خوشکت لەسەر سەرم دادەنێم و خوشکەزات بەچاوان دەپارێزم... خوا کەرم کا نازیلە، ئەگەر ئەوانەم لە دەوی خاڵم گێ لێ نەببی.

– باشە لۆ لەگەڵ مە قسان ناکا...؟!

– ئێ تازە هاتیە... دەبا شەرمی بشکێ، بزانە نالێی ئۆی خاڵۆژنم چەند ژنەکی باشە...؟! دەشترسێ... لەوەی دەترسێ، بەسەرماندا بدەن و بیکوژن... ئەدی کوو...!! خۆ ئیشی گەمەی نییە... عەیبیشە وەبلێم، بەس دوونێ شەوێ خاڵم پێی گۆتم: ئەستیلۆکە جێمان پێکەوە لۆ ڕابێخە، چونکو قسمەت دەترسێ بەتەنێ بنووی.

«نازیلە» بەدەست خۆی نەبوو بزەیەکی شەرمنی خستە سەر لێوی و بۆ ساتێ چاوی داخست... «ئەستیلە» پێی وت:

– هەموو کچەکی گەورە، پێی خۆش بی، یان نا، بەمێردی دەدەن.

«نازیلە» لە کاتێکدا چاوی داخستبوو و بەنینۆک سەری ئەژنۆکانی دەخوراند، پێی وت:

– ئەمن پێرێ شەوێ لە خەونمدا... کوو بڵێم... ئەتوویان ئەوە دەکرد... چی پێ دەڵێن... بەبووک دەبرد... خۆ ئەوە خەونە... ڕاستی نییە... ئەگەر ڕاستی با، ئەتوو ئێستا لێرە لەگەڵ من دانەدەنیشتی... مادام عەیب نییە... ئەتوو زۆر زۆر گەورە نی، هەتا بەبووک بچی... بەدەست خۆشم نەبوو... نازانم لۆ خەونی

ئەوها ناخۆش دەبینم... خۆ هەر لەسەر پشت دەنووم... بەس دیارە شەیتان دێ و دەمهاوێتە سەر زگ، هەتا ئەوها خەونی پیس...

– مەترسێ نازیلە... مادام خەونە، ئەمن تووڕە نابم... ئێ لۆ تووڕە ببم...؟! ئەتوو خوشکی خۆم نی...؟! بەس جارەک لە سەرقەبران داکم بەژنانی دەگۆت ئەگەر خەونتان گێڕاوە، بەتەواوی بیگێڕنەوە، دەنا خراپەتان دێتە ڕێ... پێم بلێ ئەمنیان دابووە چ کوڕەکی سەگباب...؟! کێ بوو...؟! چی لەبەربوو...؟! بەملی شکای چەندی زێڕ لۆ کڕیبووم...؟! کێوەی دەبردم...؟!

– نازانم... بەس ئەمن دەگریام... هەها بەگۆڕی بابم درۆی ناکەم... بەپشتی دەستم فرمێسکەکانم دەسترڕی و دەمگۆت: بەجێم مێلە ئەستیلە... بەجێم مێلە.

«ئەستیلە» لە کاتێکدا ڕانەکانی لە یەکتر دەخشاند، نینۆکی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپی خستە نێوان ددانەکانی و بەدەنگێکی جیاوازتر لەوەی پێشووی وتی:

– ئێستا تێگەیشتم... ئەوە هەر هاتنی خالۆژنمە... گریانیش لە خەودا خراپ نییە... دیارە ئەمە ئەو کونەکۆخەی بەجێدێلین و دەچینە جێیەکی خۆش.

ئینجا هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا و ئەمەشی خستە بانی:

– ئەمنیش خەونەکی باشم دیتیە... فەزیلەم لەناو سەبەتەی دانابوو و لە جۆگەکی قۆڵ پەڕاندمەوە... دەڵێن مووسڵ زۆر خۆشە و زێیەکیشی تێدایە، بەشکوو بچینە وێندەرێ و هەتا ماینە، چاومان بێرە نەکەویتەوە.

ئەوسا «نازیلە» جارێکی تر دایکی بیرهاتەوە، کە حەفتەی پێشوو لە گۆڕستان بە«پوورە عاتیکە»ی دەوت خەونی چاک و خراپ پەیوەندییان بەشێوەی خەوتنەوە هەیە... بۆیە وا هاتە بەرچاوی «ئەستیلە»ی خوشکی کاتێ ئەو خەونەی دیوە، لەسەر پشت نووستووە... دایکی لە کاتێکدا سەرپۆشە سپییەکەی دەدایەوە بەسەر سەریدا، وتی:

– پێغەمبەر فەرموویتی: نووستن لەسەر زگ، هی کافرانە، خوای گەورە پێی خۆش نییە... ئیمامی عەلییش دەفەرمووی: نووستن لەسەر دەو، هی کافر و شەیتانیە... لەسەر لای ڕاست، هی حەکیمانە... لەسەر لای چۆپەی، هی زانایانە... لەسەر پشتیش، هی پێغەمبەرانە.

هەموو ئەمانەی بەعەرەبی دەوت و دوایی دەیکردنە کوردی... «نازیلە» پێی وایە دایکی بەڕاستی شارەزاییەکی بێوێنەی لە لێکدانەوەی خەوندا هەیە و دەیان لەو کتێبانە دەناسێت، کە لەو بابەتە دەدوێن... ناوی «ئیبن سیرین» زۆر دەهێنێت و ئەم وای بۆ دەچێت هاوڕێی «مەلا حەسەن هەوارانی»ی باپیری بووبێت... ڕۆژانی هەینی ژنان لەو گۆڕستانە دەوری دەدەن و یەک بەیەک خەونی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە... هەندێ جار «نازیلە» شەرم دایدەگرێت و چاوی دادەخات، بەڵام گوێچکەی چاکتر بۆ ئەو چیرۆکە بەلەزەتانە دەکاتەوە و ورد ورد پێیاندا دەچێتەوە... پایزی ڕابردوو «رەهیجە»ی ژنی «ئیسماعیل چەلەبی» لەسەر ئەو پێشبینییەی لە ئەنجامی لێکدانەوەی خەونێکدا بۆی کردبوو و هاتە دی، زۆر هەوڵی



دا جووتێ بازنی ئاڵتوونی بداتێ، بەڵام «سەعدیە» وەرینەگرت... کاتێ «ئەستیلە»یش وتی:

– بیاندە من، مادام داکم نایەوێن.

ئەو یەک زللەی بەناودەمیدا کێشا، بەپشتدا خستی و خوێن فیچقەی کرد... «ئەستیلە» لە داخا وتی لەگەڵیان نایەتەوە و سەر هەڵدەگرێت... «نازیلە» لە پێشدا وای زانی بەگاڵتەیەتی، بەڵام کاتێ ملی ڕێگای سەرەوەی گرت و تا هێزی تێدابوو هەڵات، ئینجا بۆی دەرکەوت ڕاستییە و چیتر خوشکە گەورەکەی نابینێتەوە... دایکی دەمودەست دوو کوڕی گەنجی تێگەیاند بچن بیگرن و تا لای ئەمان بەقژ ڕایکێشن... کاتێ لە ئاقاری پشت گەڕەکی جوولەکان هێنایانەوە، وتیان یەکەمجارە بزانن کچ هەبێت بەو هێز و توانایە ڕابکات و ماندوو نەبێت... ددانیان پێدا نا، ئەگەر یەک دوو شوان نەچوونایەتە بەردەمی و پێشیان لێ نەگرتبا، ئەوا لە شار دەردەچوو و نەیاندەبینیەوە... «سەعدیە» قژی لە دەستی ئاڵاند و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا... ئەویش چاوقایمانە دەیقیژاند و دەیوت:

– ئەورۆش بمبەنەوە، سبەینێ دەڕۆم و بەجێتاندێلم.

«ئەستیلە» تا دەهات زیاتر بیری لە سەرهەڵگرتن دەکردەوە و دایکیشی ئەمەی خستبووە بەرچاو، کە ڕۆژێ لە دەستیان دەردەچێت و ئابڕوویان دەبات... بەتایبەتی دوای هاتنی «قسمەت» بۆماڵیان... سەرەتا دڵی بەوە خۆش بوو، کە بەئاڵتوون و پارە زۆرەکانی ئەو لەو دەردەسەرییە ڕزگاریان دەبێت و خەونی بەژیانێکی دیکەی تەواو جیاوازەوە دەبینی، بەڵام هەر دوای ماوەیەکی ئێجگار کەم لەوە تێگەیشت خاڵی مەبەستی نییە کەلاوەکەی جێبێڵێت و پیشەکەی بگۆڕێت... تەنها دە ڕۆژ بەسەر هاتنی «قسمەت»دا تێپەڕی بوو، کاتێ لێی پرسی:

– ئەرێ خاڵە ئەلیاس پێم ناڵێی ئەمە کەینێ خانیی دەکڕین و دەچینە ناوی...؟!

ئەو خێسەیەکی لێ کرد و پێی وت:

– ئەتوو هەقت بەسەر ئیشی گەوراندا چییە کچێ...؟! لۆ خانیی خۆمان چیتی...؟!

ئینجا بۆی دەرکەوت ئەو بەپیشەی هەمیشەی نیوەی سامانەکە لەسەر قومار دادەنێت و بەنیوەکەی تریشی دەخواتەوە... هەرچی «سەعدیە» بوو دەیویست هاتنی «قسمەت» بکاتە بیانووی جیابوونەوە، بۆ ئەوەی لە لایەک کچەکانی لە مەترسی دووربخاتەوە و لە لایەکی دی بتوانێت بەدڵنیاییەوە خواپەرستیی خۆی بکات... بەڵام هەرچەند ئەو باسەی دەهێنایە پێشێ، «ئەلیاس» پێی دەوت:

– دەرچوون لەو ماڵەی نییە سەعدە... دەبی لە بەرچاوی خۆم پیر ببی و قسە و قسەلۆکی عالەمێم نێتە سەری.

ئەو جارە «سەعدیە» تووڕە بوو و پێی وت:

– ئەدی وەکی پاش مردنی بابم، مام و مامۆژن فرۆشتمیانە پیرەمێردەکی و دواییش کەتمە کەلاوان، ئەتوو لە کێندەرێ بووی...؟! درەنگ لە خەڵکت زانی بابت مردیە و خوشکت هەڕاج کرایە.

«ئەلیاس» هیچی نەوت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا... پاڵێکی بەدەرگا پەڕپووتەکەی حەوشەوە نا و چووە دەرێ... لەنێو گژوگیای سەرەتای ئەو بەهارەدا وەستا و فرمێسک تنۆک تنۆک لە چاوانی دەهاتنە خوارێ... «نازیلە» هەستی کرد یەکەمجارە خاڵی بەو شێوەیە ببینێت و هەر لە خۆیەوە ترسێک خزایە گیانیەوە... گەڕایەوە و بینی دایکی وا لە ژوورەوە زۆر بەکوڵ دەگری... خاڵۆژنی باسکی لە ملی ئاڵاندووە و دڵنەواییی دەداتەوە... وەکو زۆر جاری دی ئەو ئێوارەیەی بیرهاتەوە، کە دایکی لە گۆڕستان کتوپڕ «عەقیلە»ی کۆنەژنی «نادر شارستان»ی لەژێر پێلەقە نا... دەیزانی دایکی چوارشانەیەکی باڵابەرزە و کەم ئافرەتی بینیوە سەری بگاتە چەناگەی، بەڵام نەیدەزانی ئەوەندەیش بەهێزە... لە چاوتروکانێکدا ئەو ژنەی لە ناوقەدیەوە هەڵبڕی و پشتی بەو زەویە ڕەقەدا کێشا... دەیقیژاند و دەپاڕایەوە، بەڵام ئەو گوێی نەدەدایە... دەتوت دەیەوێت پەراسووەکانی بشکێنێت و دانە دانە دەریانبێنێت... هەر لەوێ گۆڕێکیان پێ هەڵکەنێت و لاشەکەی تێدا بنێژێت... ژنان بەهەزار حاڵ لەژێر دەستیان دەرهێنا... «نازیلە» چەند هەوڵی دا لە هۆی ئەو شەڕە تێبگات و هەر نەیتوانی... ئەوەندە هەبوو ئەوسا دوو سوارئەسپی پۆشتەی لە قەراغی گۆڕستان بینی و لەوان ڕادەمان... «سەعدیە»یش زوو زوو دەنگی زۆر زۆر تووڕەی لێ هەڵدەبڕی و بە«عەقیلە»ی دەوت:

– کچێ هەی بەڕەڵلا پێیان بڵێ ئەمن گۆشتم تاڵە و هێسکم ڕەقە.

دڵنیا بوو «ئەستیلە» لە تانوپۆی ئەو مەسەلەیە ئاگادارە، بۆیە لە ماڵەوە لێی پرسی... کەچی ئەو لچی هەڵقورتاند و وتی:

– لە بەرچاوی خۆت نەقەوما...؟! لۆ تێنەگەیشتی و لە من دەپرسی...؟!

بەهەرحاڵ ئەو ڕووداوە هەستێکی سەیری لە ناخی ئەمدا خولقاند... هەستێک، کە زەحمەتە لێی تێبگات و هیچی لە بارەیەوە بڵێت... ئەوەندە هەیە لەگەڵ هەموو ڕووداوێکدا زیندوو دەبێتەوە و دەیان خەیاڵی تازەی تێدا دەتەقێنێتەوە... سیمای «گۆشتی تاڵ» و «ئێسقانی ڕەق» لە بەربینایی‌یدا دێت و دەچێت و قێز لە هەموو شتێ دەکاتەوە... خۆزگە دایکی لەجیاتی ئەمانە، قسەیەکی تری بەو ژنە دەوت و ئەو وشانەی بەکارنەدەهێنا... ئەم پێش ئەوەیش کاتێ لەسەر سفرەی دیوەخانی ئاغاکان، لەگەڵ منداڵی کارەکەران دادەنیشت، دڵی تێکهەڵدەهات... چاوەکانی توند توند دەنووقاند و نەیدەویست گۆشت و ئێسقانی سەر برنجەکە ببینێت، چونکو ورچەکانی بیردەهاتەوە، کە سەگە دڕەکان کەڵبەی تیژیان لە گۆشتیان دەبردە خوارێ و دەیان برینیان دەکردە جەستەیانەوە... بەڵام پێڵووەکانیان دەبڕی و لەودیو پەیدادەبوونەوە... کەچی شەوان تا خاڵی چیرۆکی گیاندارانی بۆ نەگێڕابایەتەوە، خەو نەدەچووە چاوانیەوە... کاتێکیش نەخۆشی دەیخست و تای گەرم لە جێدا تلی پێدەدا، ڕوومەتی ڕاستی دەخستە بان ڕانی چەپی دایکی و لەو ئاوێنەیە ڕادەما، کە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە ماڵێکی جوولەکەیان کڕی و لە ڕێگا لەناو تەمە چڕەکەدا «فەزیلە»ی خوشکی لێ کەوتە خوارەوە... لێیدەبووە دەشتێکی پانوپۆڕ... قافڵەی ئێستری پیادا دەڕۆیشت و گوێی لە زرینگەی زەنگوڵی ملیان و تەقەی قاچیان دەبوو... ئینجا دەیان ژن و پیاو و منداڵی پێخاوس بەسەر ئەو ڕێگایەدا تێدەپەڕین و نەیدەزانی بەرەو کوێ کۆچ دەکەن...



دواتر ئاژەڵی زارەترەک ڕەوە ڕەوە غاریاندەدا و مەلی ترساویش پۆل پۆل باڵیاندەگرت... ئەمە لە ماڵەوە... بەڵام شەوانی لادێ تەواو جیاواز بوو... لەنێوان دەستەخوشکەکانی لەسەر پشت ڕادەکشا و نیگای دەگرتە ئەستێرە ورد وردەکان... سەدان باڵندە و ئاژەڵی خورافیی دەبینی و دەنگێ لە غەیبەوە سەربردەی یەک بەیەکیانی بۆ دەگێڕایەوە... تێکەڵی خەونەکانی دەبوون و بەردەوام ژیانیان لە ئەفسانە هەڵدەکێشا... تەنانەت وای بۆ چوو ئەو جووتە ئەسپەی لە قەراغی گۆڕستان دوو پیاوی پۆشتەیان بەسەرەوە بوو و لە شەڕی نێوان دایکی و «عەقیلە» ڕادەمان، لای ئەم تازە نەبوون و پێشتر دەیان جار بینیبوونی... نەیدەزانی بۆچی ئەوەندە دڵی بەو ژنە دەسووتا و هەمیشە سیمای خوێناویی لە بەرچاویدا دەجووڵایەوە... کاتێکیش هەواڵی کوژرانی بیست، گومانی لەوەدا نەما دوو پیاوە پۆشتەکە بەخەنجەر سکیان هەڵدڕیوە... لەمەوە ترسێکی گەورەتر خزایە گیانیەوە و شەوان لەو کەلاوە تاریک و دوور لە ئاوەدانییەدا خەو بەئاسانی نەدەچووە چاویەوە... بەتایبەتی ئەمان ژنی پیاوێکی دەستەڵاتداریان هەڵگرتبوو و چاوەڕێی کارەساتێکی گەورەیان دەکرد... تا بەیانی دەیان جار ڕادەچڵەکی و بێدار دەبووەوە... دایکیشی چونکە بەڕۆژ لە دەباغخانە زۆر ماندوو دەبوو، زیاتر لە مردوو دەچوو، بۆیە بەئاگا نەدەهات و نەیدەزانی وا کچە ناوەنجییەکەی خۆی گرمۆڵە کردووە و بەردەوام هەڵدەلەرزێت... ئەو شەوە گوێی لە دەنگی پێی ئەسپەکان بوو و تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە... سەگەکان وەڕین و ئەم زانی ها ئێستا نا ساتێکی دی بەسەر دنیایانەوە ناهێڵن... بەترسەوە دەستی لەژێر لێفە دەرهێنا و بەهەزار حاڵ گەیاندیە سەر شانی دایکی... چەند جارێ بەپەنجە نیمچەمردووەکانی ڕایتەکاند و بەدەنگی شێواوی وتی:

– دایە... دایە... هەستە، وا دەمانکوژن.

تا لە دەرگا شڕەکەیان نەدرا و «قسمەت» لەودیو نەیقیژاند، ئەم هەر پرخەی دەهات... کاتێ چاوەکانی کردەوە، خێرا دەستی بۆ تفەنگەکەی پشت سەری برد و لە پێش براکەیەوە ڕایکردە دەرێ... ئەمیش وەکو «ئەستیلە» و «فەزیلە»ی خوشکی لێفەی لە خۆی لوولدا و متەقی لە زمانی بڕی... گوێی لەو دەنگە بوو، کە لەودیو بەردەوام لە دەمی خاڵۆژنیەوە دەردەپەڕی و نەیدەزانی گریانە، یان دەرچوونی ڕۆح... بەڵام لە دەرەوە دەنگەکان وا تێکەڵ بەیەکدی دەبوون، هیچیان لێ تێنەدەگەیشت... ئەوەندەی دەزانی لەگەڵ تەقینی هەر فیشەکێک لە سەربان و لە دەرەوەدا، نینۆکەکانی زیاتر لەو لێفەیە دەچوونە خوارێ و کەمتر ئاگای لە دەوروبەری دەما... ئەو حاڵەتی بوورانەوەیە لە ڕۆژی کوژرانی «عەقیلە»وە یەخەی گرتبوو و وازی لێ نەدەهێنا... دایکی زوو زوو ئایەتی لەسەر دەخوێند و ترسی گیانی دەردەکرد، بەڵام چاری نەبوو... هەرکە گوێی لە قیژەیەک با، دڵی دادەچڵەکی و لەپڕ دەکەوت... درەنگ درەنگ بەئاگا دەهاتەوە و سیمای شتەکان لە بەربینایی‌یدا دەگۆڕان... خۆ لەو جارەوە لاشەی خوێناویی دایکی و خاڵی و خاڵۆژنی لەنێو ورچە کوژراوەکاندا بینی، بەڕادەیەک دەترسا، شەوان تا بەیانی لەناو باوەشی «زەکیە»ی ئامۆزایدا هەڵدەلەرزی... «جەوهەر» و «کەمال» هەمیشە دڵنەوایییان دەدایەوە و زیاتر لە «ئەستیلە» و «فەزیلە» ئاگایان لەو دەبوو... هەر بۆیە بێسنوور خۆشیدەویستن و بەنهێنییەکانی دەزانین... «ئەستیلە» پێچەوانەی ئەم کەمتر بەلای ڕابردوودا دەچوو و ڕۆژ بەڕۆژ چاکتر لەگەڵ ئەو ژیانە تازەیەدا ڕادەهات... ساڵێ تێپەڕی

و مامۆژنی قایلی کرد بیداته «مام جەبار زەڕەنگەر»ی برای... «جەوهەر» و «کەمال» دنیایەک ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام خۆی ویستی و بڕایەوە... تەنانەت بە«نازیلە»ی وت:

– ئەوە لۆ من باشترە... بەخۆم پێم خۆشە پیر بی... ئەمەی کچی کەلاوان مێرد بەهەر کوڕەکی بکەین، وەکی خزمەتکاران تەماشامان دەکا و خۆشیی لە ژیانمان نابینین... بەس لەگەڵ پیران چشتەکە بەنەوعەکی دیە... ئەمن بەوەی دەیکەم، عەیبەکی زۆر گەورەتر لە بیر خەڵکی دەبەمەوە نازیلە... ئەنگۆش دەبەمە کنە خۆم و ناهێلم لە هیچتان کەم بی.

«نازیلە» لە ماڵی مامی زۆر ئاسوودەتر بوو وەک لای خوشکی... ئەم کە هەمیشە لەگەڵ ڕابردوو دەژیا و دەیویست ئەو ڕۆژگارە بۆ دراوسێ و ناسیاوەکانی بگێڕێتەوە، کە لە کەلاوەکەی خاڵی و لە لادێکاندا گوزەراندبووی، لە کاتێکدا «ئەستیلە» ڕابردوویێکی تری تەواو جیاوازی خوڵقاندبوو و بۆ ئەم و ئەوی باسدەکرد، کە ئەم بەهیچ شێوەیەک خۆی تێدا نەدەبینییەوە... هەر بۆیە زوو زوو لەم گەڕەک بۆ ئەویتر دەیگوێزایەوە و خانووەکانی دەگۆڕی... دەیویست ژیانی خۆی بشارێتەوە و دواجار بەو شێوەیەی پێی چاکە، بیخاتە بەرچاو... ئینجا کاتێ لێیان دەپرسی بۆچی مێردی وا پیرە، هەزار و یەک چیرۆکی بۆ دەگێڕانەوە و «نازیلە» بەگوێگرتنیان ئارەقی لێ دەچۆڕایەوە... بەلایەوە گرنگ بوو لە ڕیزی شارستانەکان دابنرێت، بۆیە زۆر بایەخی بەڕێکخستنی ناوماڵ دەدا و جلی مۆدەی دەپۆشی... ئاڵتوونی زۆری لە دووکانی مێردی دەهێنا و خۆی پێوە بادەدان... «فەزیلە»ی خستە قوتابخانە، بەو ئومێدەی سبەینێ ئافرەتێکی دیاری لێ دەربچێت و شانازیی پێوە بکات... «نازیلە» ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر جیاوازیی خۆی و ئەوی بۆ دەردەکەوت و کەمتر دڵی بەو ماڵە دەکرایەوە... ئاخر ئەم زەندەقی لە گۆڕانەکان دەچوو و نەیدەویست دەستبەرداری منداڵیی ببێت... گۆڕینی سیمای لادێییانەی هەولێر بۆ شێوازێکی شارستانیانە، هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر ڕابردووی ئەم... کێ ئەو ئامێرە هارانەی هێنا، تا ڕۆژانە دڵڕەقانە بەردی شاخەکان بڕنن و بیانخەنە بەردەستی کرێکاران...؟! ئەوان دەیانتاشن و شوفێری لۆریە زلەکان بەرەو ناو شاریان دێنن... هێللانەی مەل و کولانەی ئاژەڵان ناهێڵن و پەرتەوازەیان دەکەن... ئەمانە تێکڕا دەبنە کوورەی ئاگری جۆشدراو و لادێکان وەکو بەفر دەتوێننەوە... ڕقی لەو خانوو و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ئۆردووگایانەیە، کە بەردەوام زەوی دادەپۆشن و سیمای ڕابردوو دەشێوێنن... زەوقی خەڵک تێکدەدەن و زمانیان دەگۆڕن... ئەنجام شوێنێک بۆ ئەم ناهێڵنەوە، تێیدا هەست بەکەمێ ئاسوودەیی بکات... زۆربەی کات لەو ژوورە دادەنیشێت و لەو ئاوێنەیە ڕادەمێنێت، کە تاقە شتە لە ڕابردووی ئەماندا ماوەتەوە و دەتوانێت ژیانی تێپەڕیوی بەسەرەوە ببینێت... لەوێدا لادێیەکی پڕ لە خەڵکی سادەی شاردۆتەوە و بەدزیی چاوە بێبەزەییەکانی دانیشتوانی شار تێیدا دەژی... وێنەی کەشتییە گەورەکەی نووح هەموو جۆرە زیندەوەر و باڵدار و ئاژەڵێکی تێدا هەڵگرتووە و دەیەوێت لە دڵڕەقیی زەمەن بیانپارێزێت... لەوێدا کات بەپێی کاتژمێری میهرەبان و ڕۆژژمێری دڵنەرم تێدەپەڕێت و تێناپەڕێت... ئەوێ دەروازەی جیهانێکی دیکەیە و تەنها خەیاڵی ئەم پێی دەزانێت... ئەفسووس هەندێ جار بیرۆکە ئاڵۆزەکان وا ماندووی دەکەن، دەگاتە ئەو ڕادەیەی بیرمێنێت و لەوە زیاتر ڕابردووی بەسەرچوو ژیانی لە ئەفسانە



هەڵنەکێشێت... خۆی بەبکوژ و تێکدەر دەزانێت... بەڵێ، گەڕانەوە بۆ ڕۆژگارێکی تێپەڕیو، واتە کوشتنی هەموو ئەو ڕۆحانەی لەو ماوەیەدا پێگەیشتوون... هی مرۆڤ و زیندەوەر و باڵندە و ئاژەڵ... تێکدانی سەرجەمی ئەو شتانەی بەهێز و بازوو خوڵقاون... ئەمە مەیلی خۆپەرستییە و هەڵیدەسووڕێنێت... تەنانەت هەستی دایکایەتییشی تێدا نەهێشتووە... ئەو ئارەزووە شەیتانییە چییە لە ناخیدا دەژی و بۆی بەرزەفت نابێت...؟! ئەرێ هەر ئەمەیشە هۆی لەبارچوونی ئەو کۆرپانەی چەند مانگ بەسک هەڵیاندەگرێت...؟! هەست دەکات ئەم بەو گیانە تێکشکاوە و بەم تەمەنی وا کورت بەرگەی کارەساتەکانی دوو دنیای جیاواز ناگرێت... لە وزەیدا نییە بەدوو بیرکردنەوەی جیاواز و دوو زمانی جیاواز و دوو سیمای جیاواز و دوو ڕۆژژمێری جیاواز جووتێ ڕۆح لێرە و لەوێدا بەڕێوەبەرێت.

ئەو خەڵوەتگایە کەسایەتییەکی سەیری لەودا خوڵقاندووە و دنیایەک موفارەقەی تێدا کۆکردۆتەوە... دەقەیەک هەزەلییە و دەقەیەک گرژ و مۆن... ساتێ وەکو ئاینپەروەر و ساتێکی دی وەکو ئاتەئیست دەردەکەوێت... ڕۆژێک بەجلی میللی و ڕۆژێکی تر بەجلی مۆدە دەبینرێت... جارێک لادێییە و جارێ شارستان... هەر بۆیە ئەوانەی خۆشیاندەوێت، ژمارەیان کەمە و ئەوانەی ڕقیان لێیەتی ژمارەیان کەمتر... بەڵام ئەوانەی نازانن خۆشیان بوێ یان ڕقیان لێی بێت، لە بژاردن نایەن.

هەرچۆنێ بێت «نازیلە ئینگلیز» مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو و بەزمانی سادە زۆر بیرۆکەی قووڵی دەگەیاند... ئێوارەیەکیان «مەروان»ی کوڕی و هاوڕێکانی لەو بەردەرگایە گفتوگۆیان لەسەر ئەوە دەکرد، ئاخۆ لە سەرمایە و مەعریفە کامیان چاکترن... «نازیلە ئینگلیز»ی خۆمان هەڵیدایە و دووەمیانی هەڵبژارد... بەڵگەیشی ئەوە بوو، کە خەڵکی زۆر دەوڵەمەند ئامادەن ڕۆژانە بکڕووزێنەوە و بڵێن هەژارن و نانی شەویان نییە، بەڵام کەس خۆی بەدەبەنگ و نەفام نازانێت.

دوو سێ کاربەدەستی شارەوانی هاتن و دەستیان بەسەر هەندێ لە ئاژەڵەکانی داگرت.. کردی بەشەڕێک، ئەوسەری دیار نەبێت.. «غابات»ی دایکی «مازن ئەحمەد»ی هاوڕێمان پێی وت:

– هەندەک لێیان بپاڕێیەوە، دڵیان نەرم دەبی و دەتدەنەوە.

ئەو وتی:

– ئەگەر لە کاربەدەستان بپاڕێیەوە، تووڕەیان دەکەی، چونکە وەکی ئەوەی وایە لاسەیان بکەیەوە.

– تێناگەم.

– ئەوانە ئەوەندە لە گەورەکانیان پاڕاینەوە و بەقوربانیان بووینە، ئەو قسانە بەهی خۆیان دەزانن.. بەبیریان دەینیەوە وەکی دەستیان ماچ دەکەن و پێیان دەرێن بیکە خاتری قۆندەرەکانت ئەوهام لۆ بکە و بەکارەکەرت بم ئەوهام لێ مەکە.. ئەوانە زوڕناژەنی گەورەکانیانن.. بەزوڕ«نا»ش دەرێن زوڕ«ئا» چونکوو هەر کەلیمەک «نا»ی تێدا بی، بەسەر زمانیاندا نایێ.

«مام حامید سوولاوکە»ی دراوسێیان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە دایک بووبوو و دەیتوانی مێژووی ژیانی بەوردی بگێڕێتەوە... «حەسەن»ی کوڕی لە تەمەنی شەستساڵی مردبوو و «حسێن»ی

کوڕەزای بەگۆچان دەڕۆیشت... ڕۆژانە چوار گوێز و هەشت دەنک خورما و دوو کەوچک هەنگوین و سەرکێ پیاز و دەنکێ سیر و سەوزەی جۆراوجۆری دەخوارد... سێ کووپ شیر و نزیکەی لیترێک ئاویشی دەخواردەوە... لە بەردەمی دادگا عەریزەی دەنووسی... بەپێ دەچوو و بەپێش دەهاتەوە... لە یەک کاتی تایبەتی دەنووست و هەڵدەستا... ئێواران دەستی «حسێن»ی کوڕەزای دەگرت و بۆ ئەملا و ئەولای دەبرد... زۆربەی شیعری کلاسیکیی کوردی و عەرەبی و فارسی لەبەر بوو و زوو زوو دەیوتنەوە... هەر کێ بمردبا، ئەو نەدەگریا... تەنها سەرێکی دەلەقاندەوە و دەیوت:

– ئەوە یەکەم کەس نییە دەمری... زۆری تکەش دەمرن.

«نازیلە ئینگلیز» خۆی بەقەرزاری ئەو دەزانی، کە لێیەوە زۆر زانیاریی بەکەڵکی مێژوویی فێربووبوو... خۆشیشیدەویست، چونکو گۆشتی نەدەخوارد و دەیوت: ڕۆحی گیانداران لەناو هەناوی بنیادەماندا زیندوو دەبنەوە و لەسەر تەمەنی ئەوان دەژین... بەڵام هەموو ئەمانە ڕێگایان لێ نەدەگرت، گاڵتەوگەپی لەگەڵدا بکات... هەندێ جار دەگەیشتە ئاستی پێڕابواردنیش... ئێوارەیەکیان هاتە لای و ناڕەزاییی لە ئاستی کوڕی کوڕەزاکانی دەربڕی، کە بێوەفان و بەتەنگیەوە نایەن... ئەم پێی وت:

– دەی پشیت درێژ بی مامە... بەشکوو منداریان، یان منداری منداریان وەکی وان نەبن.

«مام حامید سوولاوکە» تێگەیشت و پێی وت:

– دەتەوێ بڵێی ئەمن گەورەمە...؟! دە بەخوای هیچ چشتەک لە عومری بنیادەمی کورتتر نییە...!! ئەمن عەمرکورتەکی عەمردرێژم.

«نازیلە ئینگلیز» سەرێکی بۆ لەقاندەوە و بەدەنگێکی سەیر پێی وت:

– صدقت یا ابا سولاوکە.

ئینجا بۆ ئەوەی دڵنەواییی بداتەوە، نوکتەیەکی خۆشی بۆ گێڕایەوە:

– پیاوەکی لە عومری توو بەگریانەوە چووە مەخفەری ئیسکان و گۆتی: بابم لێیدامە... وایانزانی شێتە و پێیان گۆت: بڕۆ بیهینە... هینای و لێیان پرسی: لۆ لە کوڕەکەتت دایە...؟ ئەویش گۆتی: دوور لە قسەکەتان، لێی دەدەم و هەردوو چاوی دەردەینم... ئەدی لۆ قەشمەریی بەبابم دەکا...؟ بەراستی نازانم ئەو کوڕەی من بەکێ چووە...!! ئەمن هەوکەش شەرمێ دەکەم لە بەرچاوی بابم و باپیرم سەرم برندکەم... مفەوەزەکە پێکی هینانەوە و پێی گۆتن: وەکی چوونەوە مارێ، لەباتی من زۆر زۆر دەستی بابە ئادەم و دایە حەوای ماچ بکەن.

«حامید سوولاوکە» وتی:

– ئەو فەرحۆ شێتەی دەبینی، وەکی هەموو جارێ بەپێخواسی لە کۆڵانان دەسووڕێتەوە...؟! داکم منداڵەکی پێنج ساڵان بووە، وەکی ئەو لە عەسکەری ئەقڵی تێکچووە و لۆ کەسوکاریان هینایتەوە... بێڵەکی بەدەستەوە دەگرت و لەسەر ڕێی بەغدایێ عەردی هەڵدەکۆڵی... هاواری لە خەڵکی دەکرد و پێی



دەگۆتن: وەرن خەندەقەکی گەورە لێدەن، دەنا لەشکری تەمووزییەکان شالاو دەین و منداڵی ناو لانکیشتان دەسووتێنن... هەوکە ئەو وازی لەوەش هینایە و ئاگای لە دنیایێ نییە... فەرقی من و وی ئەوەیە، ئەو نازانی عومری چەندە و فکر لە مردنێ ناکاتەوە، بەس ئەمن هەموو دەمێ چاوەڕێی مەرگی خۆمم... ژیان ئەوهایە نازیلەی عەبدولئەحەد قەرەنی... ئەگەر بەبەر شێتەکی وەبی، هەستی پێ ناکات و بەبەر ئاقڵەکیش وەبی، لێی دەبتە بەڵا... پێم دەڵێن ئەوە سەد و بیست و پێنج ساڵە دەژیم، بەس ڕاستیەکەی ئەمن ئەوە سەد و بیست و پێنج ساڵە دەمرم... ئەمن پێشان ئەوەندە لە مردنێ دەترسام، وەمدەزانی هەر ئەو ترسە ڕۆژەک دەمکوژی... جارەک «مەلا حەسەن هەوارانی»ی باپیرت لێی پرسیم: بەئەقڵی توو مردن جێی هەیە...؟! پێیم گۆت: ئا... گۆتی: لە کێندەرێیە...؟! گۆتم: لەو جێیەیە، کە ژیانی لێیە... مردنم تێکەڵی هەموو چشتەکی کردبوو، وەکی دیبیش ئەوەندە خۆمم خۆشدەویست، ئەگەر پشکە خینەکم لە سەری پەنجەی بهاتبا، حەیفی دنیام لێدەهات... هەوکە تێگەیشتیمە ئەمن لەوەی دەترسام کەسوکار و خۆشەویستەکانم خەفەتم لێ بخۆن، نەک لەوەی چاوم لەو دنیایەی ئاودیو دەبوو... ئەوڕۆ دەزانم هیچ کەسم نمایە سووی لێم بیتەوە، بەس دەترسێم ئەمن وەکی بەزیندیتی هەموو فکرەکم لە کن مردنێ بوو، بەمردیتییش ژیان وازم لێ نەینی.

دوای ئەوەی ڕۆیشت، «نازیلە ئینگلیز» بە«نافیعەی خورشید گۆزەچی»ی وت:

– قسەکانی جوانن... ئەمە هەمووماں عومری درێژمان دەوێ و هەر بەخۆشمان قەشمەریی بەهی وەکی مام حامیدی دەکەین... وەها دیقەتی لێدەدەین، وەک برێی مردنی پێوە بی و بمانەوێ بەراستی ئەو مردنەی ببینین... مەعنای ئەوەیە عەمری درێژ بەقابیلی خۆمان نازانین... ئەوەتە کوڕی کوڕەزا و ژنەکانیان دەرێن وەکی ئەمە دەنووین و ئەو لە پشت سەرمان دادەنیشی، دەترسێین، چونکو وەدەزانین مردینە و ئەویش کێلی قەبرمانە... ئەوجا ئەمە ئەگەر ئەوەندە مردنمان لە بەرچاوی بی، ئەدی کا ژیانمان...؟!

چنگێ جۆی بۆ قەلەکانی هەڵدا و ئەمەشی خستە سەر:

– ڕەنگە ئەو خەرکە لۆیە ئەوەندە چاویان هاویشتبیتە سەر مام حامیدی، هەتا ترسی هەناوی خۆیان دەرکەن و هەموو دەمێ برێن لەمەش پیرتر هەیە... کەروێشک لە دارستانێ ترسنۆکترین حەیوان بوو و بەهیچیان نەدەوێرا... ویستی لە خەفەتان خۆی باوێتە بەحرێ... بۆقەکان لە دەو ئاوێ دیتیان و قیژاندیان: وەی شێرە ئەو دەعبایە چییە...؟! بەو خوایەی یەکەکمان ناهێلی... کەروێشک گەڕاوە و بەخۆی گۆت: لە تووش ترسنۆکتر هەیە... بڕۆ بژی و با زوو زوو ئەو قیژەقیژەشت لەناو سەری بزرینگێتەوە.

ئێوارەیەکی ئابی حەفتاوشەش کاتێ ئۆتۆمۆبیلی دووکەڵی مێش کۆڵانە درێژەکەیانی لە تەمێکی سپی هەڵدەکێشا و سەدان منداڵ دوایدەکەوتن، لەگەڵ «شەهید دلاوەری حەسەن ئەفەندی» گفتوگۆیان لەسەر ئەوەبوو ئاخۆ ڕووداوەکان بیری مرۆڤ ئاڕاستە دەکەن، یاخود بەپێچەوانەوە... «نازیلە»ی خۆمان کە بەرگریی لە یەکەمیان دەکرد، وتی:

– با برێین ئەو مندارانەی وا بەدوو ئەو ترۆمبێلەی کەتینە و بەبێ ئەوەی چاویان بەرپێی خۆیان ببینی،

غاردەدەن؛ پاش چەند دەقەکی تکە وەکی دووکەرەکە دەرەویتەوە، دەزانن یەکەکیان لێ کەتیتە ناو بیری ناوەندی کۆرانێ... ئەوان دێن لە دەوری بیرەکەی خڕدەبنەوە و بەبێ ئەوەی مەقسەدیان بی، بازنەکی دروست دەکەن... خۆ ئەگەر لە جێی بیری، حەوز با، لاکێشە یان چارگۆشەیان پێکدەینا... لە سەربانی بەربیایەوە، بەنەوعەشکە لێی خڕدەبوونەوە، چونکو دەکەتە پەنا دیواری و ئەوان نەیاندەتانی بازنە یان لاکێشە و چارگۆشەی لە دەوری پێکبینن... ئەمە لێرە چمان لۆ بەدەردەکەوی...؟! ڕووداوەکمان دێتە پێشی... جێی ئەو ڕووداوەی شکلەکەی دروست دەکا... ئەمە هەقمان بەسەر ڕووداوەکەی نامینێ و شکلەکەی وەمان لێ دەکا فکری لێ بکەینەوە... یەعقوب بەکراسەکەی یوسفی ڕا زانی کوڕەکەی گورگ نەیخواردیە، چونکو ڕێی تێناچی یوسف خورابی و کراسیش نەدڕابی... ئەوە شکلی ڕووداوەکەی بوو وەهای لێ کرد بەتەواوی لەو مەسەلەیەی تێبگا و قسەی کوڕەکانی بەڕاست نەزانی... هەوکە ئەو مندارانە دەزانن چ قەومایە و ئەمەش لەو دوورەی بەدیتنی ئەو بازنەیەی لە نیوەی یان زۆربەی چشتەکان تێدەگەین... ئەوهایە...!! هەتا چشتەک نەقەومێ، ئەمە ناتانین چی لەسەر بڕێین... ئەوجا دووری و نێزیکییش شەرتن لۆ تێگەیشتنێ...

«دلاوەر» وتی:

– ئاخر ئەمن دەلێم...

– دە ئەتوو ڕاوەستە دلۆ... قسەم پێ مەبڕە... هەوکە مندارەکمان لێ کەتیتە ناو بیرێ... ناچارین یەکەکمان بەگوریسی خۆمان شۆڕکەینەوە و هەندەکیش لە سەرەوە ڕایکێشن... مەعنای ئەوەیە نەوع و جێی ڕووداوەکەی وایان لێکردین ئەمە چ بکەین و ئەو کەرستانە چنە، وەکی دەبی بەکاریانبینین... ڕووداوەکە لەناو بیرێیە، لۆیێ بەبێ یەک و دوو فکرمان لە گوریسی کردەوە... ئەوجا وەکی گەیاندمانە سەر عەردی، دەبی چارەسەری تکەی لۆ ببینینەوە... لەوانەیە سواری تڕومبێلی بکەین و بیگەیەنینە خەستەخانەی... کورد شارەکانی لێ داگیرکرایە، ناچار دەچتە شاخان و...

– بەس ئەتوو یەک چشتت لە بیر چوو... ئایا ئەمە هەمووەمان وەکی یەک ئەو ڕووداوەی دەبینین...؟! ڕەنگە ئەتوو یەکسەر فکرت لۆ ئەوەی بچی مندالەک کەتیتە ناو بیرێ، بەس یەکەشکە هەر بەلای ئەوەشدا نەچی.

– ئێ ئەخر تەمەشاکە...!! مەعنای وەیە هەمووەمان زانیمان چشتەک قەومایە... جێی ڕووداوەکەی و شکلەکەشی لەو چشتەمان نێزیک دێخنەوە... وەکی پێشترێ گۆتم خۆ ناتانین بڕێین یەکەک لە سەربانی کەتیتە خوارێ... بەس هەر کەسە و بەپێی ئەو زیرەکییەی هەیتی، لێی تێدەگا... ڕەنگە هەبی، یەکسەر برێ ئەوەتە مندارەک کەتیتە ناو بیرێ... دەوجا بزانە ئەمە...

– ئەتوو چشتەک هەیە لێی تێناگەی پلکە نازیلە... خۆ ڕووداو هەر ئەوە نییە یەکەک بکەویتە ناو بیرێ، یان لە سەربانی بەربیتەوە... ڕووداوی وەها هەیە بەچاو نابیندرێ و ڕووداویشە... گێم لە گۆرانییەکی دەبی و ناخم لەگەڵی دەهەژێتەوە... دەمگرییێنی... ئەوە ڕووداوە... گۆرانیبێژەکیش ئەوەندە



دەنگی ناخۆشە، تێکم دەدا و بەدەستم بی بیکوژم... ئەوەش ڕووداوە... چ ئەوهای لێ کردم یەکەمیانم خۆشبوێ و ڕقم لە دووەمیان بی...؟! ئەوە فکری من نییە ئەو ڕووداوەی دەخولقێنی...؟!

– نەء.

– کوو نەء...؟! ئەدی ئەتوو وەدەزانی چییە...؟!

– هەوکە پێت دەرێم... ئەگەر ئەو گۆرانیبێژەی ئەوەندە دەنگی ناخۆشە و حەز دەکەی سەری هەرکێشی، سبەینێ دیواری بەسەردا ڕووخا و پشتی شکا، یان ترومبێلەک لێی دا و دەستەکانی مجرۆ کرد، ئەتوو برێ حکومەت گرتی و لەگەر لێدانێ، ئیفلیج بوو... وەکی بەریاندا، هیچ ئیشەکی پێ ناکرێ... دەیەوێ بەگۆرانی پارەی پەیا کا و خۆی بژیێنی... ئەتوو پێشان وەکی گێت لە دەنگی وی با، بێزار دەبووی، بەس هەوکە لۆی دەگرییێ دلۆ... چ فکری تووی گۆڕی...؟! ڕووداو...!! بەرێ، ڕووداو...!! گۆتت گێم لە گۆرانیی گۆرانیبێژی یەکەم بی، دەمەوێ بگرییێم... لەوانەیە لەبەرئەوەی بی، مەسەلەکی عاتفیت بەبیردەینیتەوە... مەعنای وەیە ڕووداوەک پێشتر هەیە و فکری تووی ئەوها لێ کردیە، دەنا هەزار کەسی تکە هەنە، حەزیان لەو گۆرانییەی هەر نییە... دەبی ئەوەش بزانی گریانەکانت وەکی یەکدی نیینە دلۆ... یەکەمیانت پێ خۆشە و دەتگرییێنی، دووەمیانت پێ ناخۆشە و زگت پێی دەسووتێ... ئەگەر یەکەک لێت بپرسی ئایا ئەو گۆرانیبێژە ئەوەندە چاکە، دەتانی فرمێسکت پێ بڕێژی...؟! دەرێ نەء و چیرۆکەکەی لۆ دەگێڕیەوە دلۆ... بەحسی ئەو ڕووداوەی لۆ دەکەی، وەکی ئەتووی گۆڕی... ئەوجا دلۆ دەبی لەوەی تێبگەی، کە...

– خۆ بنیادەم بەس ڕووداوی نابینی داکی مەروانی، دروستیشی دەکا... مەعنای وەیە ئەگەر ئێستا پیاوەک بیەوێ پیاوەکی دی بکوژی، پێش ئەوەی گوللەکەی تێبگری، دەزانی چ دەقەومێ، بەڵام ئەویدکە ئاگای لەو ڕووداوەی هەر نییە.

– ئایا پێش ئەوەی قابیل هابیلی بکوژی، لویسا و ئیقلیمای خوشکیان دەیانتانی بەحسی کوشتنێ بکەن و لاشەی بنیادەمەکی بیننە بەرچاویان...؟ قابیل ئەگەر لەو مەسەلەیەی تێگەیشتبوو، لۆ دەمودەست پەشیمان بۆوە...؟ هەموو ئەو فکرانەی وی بەو ڕووداوەی گۆڕان... هەتا لاشەکەی نەدیت، نەیزانی چ خەتایەکی گەورەی کردیە دلۆ... ئێستا ئەمە دەتانین بەئیشارەت لە کەڕ و لارەکی بگەینین یەکەک کوژرایە و کووش کوژرایە... بنیادەم لە ڕووداوەکان فێری زمان دەبی و هەر ڕووداوەکیش زمانی جوایەزی خۆی هەیە دلۆ... لێرەش فکر دێتە ئیجاد... تەیارەک لە عاسمانێ دەسووتێ و پاپۆڕەک لە بەحرێ غەرق دەبی... ئەمن ئەگەر ئەو دوو ڕووداوەی بگێڕمەوە، دەبی بەحسی مردنێ بکەم، بەس بەدوو زمانی جوودا... یەعنی ڕووداو... زمان... فکر... ئەتووش مەسەلەکەی ئەوها دەبینی دلۆ: فکر... زمان... ڕووداو... دەی باشە ئەوە ئەتوو فکرت هەیە و زمانەکم لۆ دروستکە... بەو زمانەش ڕووداوەکم لۆ بگێڕەوە... دەتانی...؟ نەء، ناتانی چاوی من... ئەو پیاوەی ئەتوو دەرێی بەتەمایە کەسەکی بکوژی، پێش ئەوەی پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەی دانێ، دەزانی کوشتن چییە، چونکە ئەو یەکەمین کەس نییە خەرکی کوشتبی، بەس ئایا دەشزانی پاش ئەوەی گوللەکەی دەتەقێنی، چ ڕوودەدا...؟

«دلاوەر» لە خۆشییا دەستی گرت بەملا و بەولای ڕوومەتەکانیەوە و بەردەوام دەیوت:

– بەسە بەس...!! تێگەیشتم... قۆڵی خۆم لە بنڕا دەبڕم، ئەگەر سیمۆن دی بۆڤار و ڕۆزا لۆکسەمبۆرگیش ئەقڵیان بەو چشتانەدا بشکێ... وا لە بەرچاومە ئەوەی یەکەم کەس دەزانی ئەو منداڵەی کەتیتە ناو بیرێ، هەر ئەتووی.

«مام عومەر پیرداود»ی مێردی، کە هەر لە سەرەتاوە سەری بادەدا، دەرفەتی هێنا و وتی:

– بەس نازە ئەو قسانەی توو، هی شیوعییەکانن.

«نازیلە» وتی:

– نەتزانی عومەر... ئەوان هەموو چشتەکی دەبەنەوە سەر زەرورەت و سودفەی... دەرێن سودفە کوڕی زەروورەیە... هەر چ ڕوو بدا، سودفەیە، بەس زەرورەرەتەک دروستی کردیە... جۆتیارەک لە ترسی زوڵمی ئاغەی گوندی بەجێدێلی و دێتە شاری... ئەوە زەروورەیە... لە کووران خانییەکی بەکرێ دەگری... ئەوە سودفەیە... دەبایە هەر گوندی بەجێبێلی، بەس لە شاری کۆمەرەک گەڕەک هەیە و ئەو بەسودفە دەکەوتە کووران... ئەدی لۆ نەچوو لە ڕۆناکی یان لە ئازادی دابنیشی...؟ چونکە ناتانی لەوێ خانیی بەکرێ بگری... تەمەشاکە سودفە بەحوکمی زەرورەتی دەجوولێتەوە... سبەینێ ئەو کابرایە دەچتە مەیدانێ، چونکە زەرووره نانی لۆ خۆی و منداری پەیا کا... بەسودفە قۆنتەراتچییەکی زاڵمی وەکی توو دەچی لەناو ئەو هەموو عەمەلەیەی هەریدەبژێری... چوونی تووش لۆ وێندەرێ زەروورەتە، چونکو دەبی خینی چەند کەسەکی بمژی و بەسودفە ددانت لە گۆشتی وی گیر دەبی.

«مام عومەر» دەستەکانی نووساند بە سنگیەوە و بەزمانێکی هێمن وتی:

– ئەمن ئەگەر خینی وی دەمژم، دیارە لۆ ئەوەمە ئەتووی پێ بژیێنم... هەرچەندە بەخینمژینیشی نازانم، چونکو ئیشەکی خراپم نەکردیە، ئەگەر کابرایەکی فەقیر ببەمە ئیشێ و پارەی بدەمێ.

ئینجا «نازیلە» بۆ خۆشیی مستێکی بەشانی ئەودا کێشا و پێی وت:

– ئەتوو ئەمنیشت هەر وەکی ئەو عەمەلەیەی بەسودفە بەدەستکەتیە و دەبی بەزەروورەت بمژیێنی... هەتا نەمرم و خزمەتت بکەم... کەمم لۆ نەکردی غەددار... ئەو پارەیەی وەکی دەرێیی دەیدەیە ئەو عەمەلەیەی، ئەویش هەر لۆ ئەوەیە نەمری و سبەینێ بەزندیتیی بێتەوە... هەر ئەمن دەتاننانسم... دەتانەوێ دەست بەسەر هەموو چشتەکیدا بگرن... دوژمنی ژنانن... شیرەکە بوو دەماندا منداران، کارگەتان دامەزراند و شیری قوتیتان بەسەر دنیایێ یەخست، هەتا پشانی بدەن پیاو هیچی لێ عاسێ نابی... ڕۆژەک دێ بنیادەم وەختەک فکر لە «منداری»ی خۆی دەکاتەوە، لە جیاتی داکەکی ناسک و دوو مەمکی جوانی بێتە پێش چاوی، هەندەک مەکینەی گەورەی ڕەزاگرانی لێ ڕاست دەبنەوە و بەتەقەتەق مێشکی دەبەن.

– نەمگۆت نازە ئەتوو بویە شیوعی...؟!



– مەترسێ نەبوویمە شیوعی... بەس ویستم پێت بڕێم ئەوەی ئەمن بەدلاوەرم گۆت، جوودایە لە قسەی شیوعییان... مامۆستای شیوعییەکانیش ناوی مارکسە، گۆتیتی: مەکینەکان دوژمنی کرێکاری نیینە، ساحێبەکانیانن بەخراپی بەکاریاندەینن و ئەوانی پێ دەچەوسێننەوە.

«شوان عارەب» لێی پرسیم:

– ئەگەر ئەمەش گەورە ببین، دەزانین وەکی پلکە نازیلە ئینگلیزی قسەی وەها بکەین...؟!

من نەمزانی چی بڵێم و «ماهیر»ی کوڕی وتی:

– ئەدی ئەوە هەموو خەڵک نیینە لە کۆڵانێ و کەسیان هەندی وی نازانن...؟! فەزیلەی پلکم مدیرەی مەکتەبێیە و بەچارێگی داکم لە چشتان تێناگا.

نیوەڕۆی پایزێک لە نانەواخانەی لای حەمامی ئیسکان من و «سوداد ڕەمزی» لێمان پرسی، ئاخۆ هۆی چییە ئەم ئەوەندە زیرەک و «ئەستیلە»ی خوشکی ئاوا نەفامە... وەڵامەکەی بەڕادەیەک سەیر بوو، بەدیاریەوە حەپەساین... وتی «ئەستیلە» باڵای زۆر بەرزە و هەمیشە دەرەوەی خۆی دەبینێت... کاتێ لەگەڵ ژنان دەوەستێت، سەرنج لەو جیاوازییە دەدات، کە لەنێوان ئەم و ئەواندا هەیە و پێوەی دەنازێت... ئیدی بەردەوام خەیاڵی لەوە ئاڵاوە و ئاگای لە ناوەوەی بڕاوە... ئەو هاوڕێیە تورکمانەم بەپیشەی هەمیشەی خۆی مەسەلەکەی بەکوردایەتییەوە پەیوەست کرد و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە دەیوت:

– ئەگەر لە ئەورووپای با، ئێستا فەیلەسووف بوو و دەبایە کتێبەکانی بخینینەوە، بەس مادام کوردە و لە کوردستانە، هیچ.

کەسمان ئەوەندەی «سوداد» نرخی وتەکانی ئەومان نەدەزانی... ئاخر ئەم بەحوکمی ئەوەی ڕۆژانە لە نێو کتێب و ڕۆژنامەدا دەژیا، لە ئێمە زیاتر ئەقڵی بەشتدا دەشکا و دنیای بەشێوەیەکی دیکە دەبینی... بەداخەوە نەورۆزی حەفتاوحەوت لە نزیک بەستۆڕە ئۆتۆمۆبیلەکەیان وەرگەڕا... بێجگە لە خۆی، خوشکێکیشی گیانی لە دەست دا... دایک و باوک و دوو براکەیشی لە مردن گەڕانەوە... زۆر جار لەگەڵ هاوڕێکانم قسە خۆشەکانیمان دەگێڕایەوە، بەڵام نەماندەزانی پێبکەنین، یان بگرین... هونەرێکی سەیری هەبوو، کە دەتوانم ناوی بنێم «هونەری هەڵگێڕانەوەی شت بۆ دژەکەی»... بێگومان ئەمە تەکنیکێکی گرنگی چیرۆک و ڕۆمانە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە چیرۆکنووسێکی وردبینمان لە دەست چووە... کەسەکانی ئەو دەوروبەرەی لە سیفات و ئەدگارە سرووشتییەکانی خۆیان دادەبڕی و هی پێچەوانەی پێ دەبەخشین... پیسکەیەک دەبووە دڵچاکێک و بەم دەست و بەو دەست پارەی خەرج دەکرد... لەپڕ دەگەڕایەوە سەر دۆخی جارانی و لە حەژمەتان تێکدەچوو... ترسنۆکێک بۆ ئازا دەگۆڕا و بەڕۆژی ڕووناک چالاکیی دەنواند... پەنجا ئەفسەری ڕژێمی دەکوشت و دوای تاوێ لە سەر ئەو شەقامە خۆی پیس دەکرد... بەحوکمی ئەوەی نیگارکێشێکی بەتوانا بوو، هاوسات لەگەڵ قسەکانی وێنەکانی دەکێشان... ئینجا زۆر هونەرمەندانە تەمسیلی یەک بەیەکیانی دەکرد و دەنگی بۆ دەیان شێوە دەگۆڕی... من و «هۆشەنگ وەزیری» و «شوان عارەب»ی هاوڕێم ناوێکمان پێ دەوت و ئەم خێرا چیرۆکێکی سەیری بۆ

هەڵدەبەست... «جەرجیس ئەلڵاوێردی»ی دراوسێیان پیاوێکی تووڕەی شەڕانی بوو... هەر منداڵێ بەلای ماڵەکەیاندا بڕۆیشتایە، تێیدەسرەواند... لای دایک و باوکیان بوختانی بۆ دەکردن و بەلێدانی دەدان... ئەو جارە «سوداد» پێی وتین ئەو کابرایە بێنینە بەرچاومان وا جلی «بابە نیوئێل»ی لەبەردایە و نوقڵ بەسەر منداڵاندا دەبەخشێتەوە... یان چەکێکی پێیە و لەنێوان «سەعدی گچکە»ی فەرماندەی بەتالیۆن و «گیڤارا»دا دەجەنگێت... تا چەند ساڵێ لەمەوبەر هەندێ لەو وێنانە لای «شوان» مابوون.

ئێوارەی پێش مردنی لە پشت دیواری قوتابخانەی «قازی محەمەد» تایەمان دەسووتاند و بە«خولە حەیوان» پێدەکەنین... ئەو پیاوە فشەکەرەی دراوسێی ماڵی «نازیلە ئینگلیز» بوو و سەرگوزشتە هەڵبەستراوەکانی لەوسەری شار دەنگیان دەدایەوە... بەقسەی خۆی لە «شێخ مەحموود»ەوە تا «قازی محەمەد» و «بارزانی» لە تەنگانەکاندا پەنایان بۆ ئەو بردووە و کاری سەختیان پێ سپاردووە... بەداخەوە درۆیەکانی ئەو کابرایە بەتەمسیل نەبێ ناگێڕدرێنەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا هیچی وایان لەسەر ناڵێین... ئەوە تەنها لە دەست «شێرزاد سەلیم خۆشنووس»ی خاڵۆزام دێت، کە ئەکتەرێکی زۆر بەتوانای نەناسراوە و دەتوانێت بەشێوەیەکی هونەریانەی بەرز لاسایی بکاتەوە... کاتێ یەکێ بەسەرهاتێکی بۆ دەگێڕایەوە، ئەم داڵغەی لێ دەدا و بەتەواوی ئاگای لەو دەبڕا... ئەو ناچار زوو زوو پێی دەوت:

– گێت لێیە دەرێم چ...؟!

– ئا، ئا، قسەی خۆت بکە.

تەمز دەیویست لەسەر هەمان فۆرم و ناوەرۆک سەرگوزشتەیەک بۆ خۆی دابڕێژێت و خێرا پێی بفرۆشێتەوە... هەر چییت بۆ دەگێڕایەوە، دەیوت بەشێوەیەکی خراپتر بەسەر ئەویشدا هاتووە، بەڵام ئازایانە لێی دەرچووە و کەسی بەهیچ نەزانیوە... کاتبی «شێخ مەحموود» بوو... ئەو پاشایەی کوردستان لەسەر قسەی وی نامەی بۆ «لینین» نووسی و داوای یارمەتیی لێ کرد، ئەگەرچی بەگڵاویشی دەزانی... باوکیشی هەر لەو شۆڕشەدا تا دوا هەناسەی بەرامبەر ئینگلیزی داگیرکەر جەنگا و خوێنی ڕژایە سەر بەردە گەرمەکان... پێشەوا بەتەگبیری ئەو دوای ڕووخانی کۆمار خۆی بەدەست شای ئێرانەوە دا، نەوەکا قینی بەخەڵکی کوردستان بڕێژێت، ئەگینا دەیتوانی دەرباز بێت... دوای ئەوەی بارزانییەکانی یەک یەک لە ئاوی ئاراس پەڕاندەوە، ئینجا گەڕایەوە و لەگەڵ چوار ئەفسەرەکە دەسگیر کرا... دەرگای زیندانی شکاند و هاتە دەرێ... «بارزانی» دوای ئەوەی لە یەکێتیی سوڤیەت هاتەوە، نازناوی جەنەڕاڵی پێ بەخشی... ڕۆژێکیان لە کۆشکی کۆمارییەوە بەکۆپتەر ناردیان بەشوێنیدا و لە «بەسرا» هێنایانەوە، تا لە بارەی سیاسەتەوە محازەرەیان بۆ بدات.

نیوەڕۆیەکی هاوین «خولە حەیوان» بەنقەنق تەنەکەیەک ڕۆنی نێرگزی لە بازاڕ دەهێنایەوە و گیانی ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوە... هەر چەند هەنگاوێک دایدەنا و پشووێکی بۆ دەدا... «مامۆستا عوسمان جەبار» بەئۆتۆمۆبیلی شڕی بەلایدا تێپەڕی و چوار کەسی دیکەی کۆڵانیشی لەگەڵدا بوو... لێی پرسین:

– جەماعەت کەستان ئینکاری لەوەی دەکا ئێستا نێوڕانە و ئەو پیاوەش خولە حەیوانە وا بەتەنەکەک



ڕوونی دەچتەوە ماڵێ...؟!

بە سەرسوڕمانەوە وتیان:

– نەء، بەس لۆ ئەو پرسیارە...؟!

– سبەینێ ئەمحەلانە دەیزانن.

ڕۆژی دوای ئەوە هەرچواریانی بردە لای و بەگلەییەوە پێی وت:

– ئەوە چییە کاک مەحموود ئەوها دەعیەت گەورە بووە...!! دوونێ نێوڕانێ لەگەڵ مدیربەلەدیەی بەمارسیدێسی بەپێشماندا دەڕۆی و سەلام ناکەی.

«خولە حەیوان» خەریک بوو لە خۆشیا باڵ بگرێت و وایزانی کەسێکی دیکەیان لێ بووە بەو... دەستی کردە ملیان و پێی وتن:

– عەفووم بکەن... بەگۆڕی ئەو باوکەم، کە لە شۆڕشی شێخ مەحمووی نەمرا بەدەستی ئینگلیزی داگیرکەر شەهید بوو، نەمبینیون، ئەگینا ئێوە چاوی منن.

ئینجا مامۆستا بەوانی وت:

– نەمگۆت نەیدیتینە...!! ئەگەرنا هەوکە ئەوهای نەدەگۆت...!!

ئەو مامۆستایە چونکە پیاوێکی ئاسایی کوردی نەبوو و زۆربەی کات لە ماڵەوە ئیشی دەکرد، کۆنەپەرستە چوختییەکانی گەڕەک ناویان لێ نابوو «هاوسمان Houseman» و گەیشتبووە دەمی قوتابییەکانیشی... دیارە ئەو وشەیە بۆیە لەگەڵ «عوسمان Ousman»دا ڕێکخرابوو تا مانای پیاوی ماڵەوە بگەیەنێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزییدا واتای دیکەی هەیە و زیاتر بەسەرۆکی کار دەوترێت وەکو سەرۆکی دکتۆران لە نەخۆشخانەدا.

«نازیلە ئینگلیز» ناوی لە «خولە حەیوان» نا «فسۆس قاڕا» و هەندێک جار بە«جەنەڕاڵ فسۆس قاڕا» بانگی دەکرد... «فسۆس» واتە «فس فس»، «فس فس پاڵەوان»... «قاڕا» یاخود «قڕە»، کەسێکە لە یاریی هەڵماتێندا دۆڕاوە و دەیخەنە دواوەی دواوە... وای لێ هات ئەو پیاوە داماوە لێی دەپاڕایەوە و دەیوت لە بەرچاوی هەموو خەڵکدا ددان بەوەدا دەنێت، کە هەرچی وتوویەتی درۆن، بەس ئەو «فسۆس قاڕا»یەی لە کۆڵ بکاتەوە و «خولە حەیوان»ە نایابەکەی خۆی بۆ بگەڕێنێتەوە... «نازیلە ئینگلیز» پێی دەوت:

– دە بڕۆ ئەوە دەردت بی فسۆس قاڕا... پێت ناخۆش بوو بەحەیوان گازت بکەن...؟! لۆ لە حەیوانی باشتر هەیە...؟! هەی بەقوربانیان بی لە مشک و جورجی هەتا کەر و سەگ و کەمتیاری... تازە بشمری، ناێلم ئەو ناوەت لۆ بگەڕێتەوە... مەروانی کوڕی محەمەدی ئاخیر خەلیفەی ئومەوییەکان، ئەوەی لە شەڕی زاب عەباسییەکان شکاندیان و خۆی گەیاندە مووسرێ، پاشانیش ساری حەفت سەد و پەنجا لە میسر کوژرا، ناوی لە خۆی نابوو کەر.

کاتێ لێیان پرسی ئەو زانیارییە مێژووییەی لە کوێ هێناوە، وتی ئەو ڕۆژەی نۆبەرەکەی ناو ناوە «مەروان»، «مامۆستا جەوهەر»ی ئامۆزای پێی وتووە... ئاخر جارێک بەس بوو، تا لەبەری بکات و هەرگیز لە بیری نەچێتەوە.

بە ڕاستی «نازیلە ئینگلیز» شارەزاییەکی سەیری لەوەدا هەبوو ناتۆرە دوای خەڵک بخات... نازناوێک ئەو بۆ مرۆڤی دابتاشیبا، هەر زوو پێوەی دەلکا و هێز نەیدەتوانی لێی جوودا بکاتەوە... زۆربەشیان بەوە دەناسرانەوە، کە لە ڕستەی تەواو پێکدەهاتن و دەتتوانی یەک بەیەک وشەکانیان ئیعراب بکەیت، وەکو «عەزەدین لووراندی»، «جەمیل مەعاشەکەم بەشم ناکا»، «موحسین مەراقمە یەک جار سینەمەی ببینم»، «مامۆستا عەبدولکەریم ئەوهایە...!! بڕۆ چت نەکردیە بیکە»، «جەبار هەر گەوادەک هات و بووە پیاو، ئەمنیش هەر وەکی خۆمم»، «میکایل گۆشت بەپیاوی فەقیر ناکڕێ»، «سەلام کەس ژنی نەبوو، ئەمن نەبم...؟!»، «عەونی ئەوەی جارەشکە دەست لۆ مندارم بینی، بەس بەخۆم دەزانم چی لێ دەکەم»، «هیدایەت هەر پێم دەکرێ دەرکەی لە مێوانان بکەمەوە»، «کەریم ئەگەر پیاون، یەک یەک لۆم وەرن»، «ئەحمەد عەنتیکە ئەوەیە ئەمن ئاگام لە هیچ نییە»... دیارە هەر یەکەیان چیرۆکی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها هی ئەوەی دواییان دەگێڕینەوە و ئەوانی دیکەیش لە کات و شوێنی گونجاودا دەکەونە بەرچاو:

لە پەنجاکان «عەلۆی خەجە هیزەی» وەکو جەردەیەکی ناقۆڵا دەرکەوت و خێرا ناوبانگی بەهەموو شاردا بڵاوبووەوە... مانیفێستێکی زارەکیی دانا و دەبووایە سەرجەم ئەوانەی لەگەڵیدا بەشدارن، لەبەریان بێت... «لە پێناوی دەرزیەک، بەکرەیەک بدزە... دەرگای داخراو بشکێنە، هی کراوە لە گرێژنە دەربێنە... بۆ کچ چوویت، دایکیشی هەڵگرە... ژنت مەبەست بوو، مێردی بکوژە».

پیاوێکی بەرگدرووی شەپرێوی ناو قەیسەری ئێوارەیەکیان گێڕایەوە، کە لە ترسی ئەو جەردەیە بەدرێژاییی ساڵانی پەنجا و شەست خۆی و ژنی وەکو منداڵ پیسایییان لە ژوورەوە دەکرد.

«قارەمانی عەلۆی خەجە هیزەی» ئەو جارە لەسەر دیواری مەلعەب بۆ من و «شوان عارەب»ی هاوڕێمی گێڕایەوە، کە باوکی بۆ وەرگرتنی دز چەند مەرجێکی هەبوو: «قەشمەر بێت و لە تەنگانەکاندا پەنا بۆ گاڵتە بەرێت... سامانی بۆ کۆکردنەوە نەبێت، بەڵکو لە ماوەیەکی کەمدا خەرجی بکات... ئەو ڕۆژەی دەچێت بۆ چالاکی، گیرفان و هەناوی خاڵی بن... لە ژنێک زیاتری هەبێت... بەگژ کەسانی بێدەستەڵاتدا نەچێت... بەنەخوێنەکەی شل نەبێت».

«ئەحمەد عەنتیکە ئەوەیە ئەمن ئاگام لە هیچ نییە» هیچ یەکێ لەو مەرجانەی تێدا نەبوو و وەریشیگرت... شەوێک لە شەوەکانی هاوینی ساڵی پەنجاوشەش لەو سێتاقانە کەوتنە بۆسەوە و هاوکارانی هەر بەگاڵتە دەرباز بوون، بەڵام ئەو نەیتوانی و گیرا... ئەوەی لەژێر جل بەبنیادەمی دزی دیلی دەکەن، پێیان کرد و بەیانی لەسەر دەست ناردیانەوە... ئەوسا کوڕێکی گەنج بوو و تەمەنی بیست ساڵی تێنەدەپەڕاند... گەیشتە لای تەویلەی وڵاغەکانی «عەزیز بەگ» و پشتی پێدا... کەمێ ئارەقی دەموچاوی



سڕی و بەرەو خانووی پیاوی ناوبراو هەنگاوی خواروخێچی هەڵهێنا... خۆی گەیاندە لای تانکیەکە و پشوویەکی تری دا، کە لەو بەردەمە دانرابوو و ڕێبواری تینوو ئاویان لێ دەخواردەوە... لەودیوەوە بۆریەک بەناو دیواردا سەری هێنابووە دەرێ و لە دواوە بەتانکیەکەوە لەحیم کرابوو... جۆگەلەیەک لە بەردەمی شێرەکەیەوە دەستی پێدەکرد و لەولاتر تێکەڵ بەگۆمێکی گەورە دەبوو... قاز و مراوی بۆ مەلە دەچوونە ناوی و دواتر لەو قەراغە خۆیان لە بەرهەتاوی گەرمدا هەڵدەخست... جار جار حاجی لەقلەقیش بەمەبەستی ڕاوی بۆق لەوێ دەنیشتنەوە و منداڵە هاروهاجەکانی ئەوێ بەدارلاستیک نیشانیان لێ دەگرتنەوە... نیوەڕۆی پایزێ بەردێ بەر قازێک کەوت و خەڵتانی خوێن بوو... چەند جارێ باڵەکانی لەسەر ڕووی ئەو گۆمەدا ڕاوەشاند و گیانی دەرچوو... بازنەیەکی خوێناویی بچکۆلەی پێکهێنا و وردە وردە کشا... لە بەرتیشکی خۆردا بەرگەی نەگرت و هەر زوو کاڵبووەوە... ڕەشماڵی دۆمان لە دووری دوور دوورەوە وەکو چەند گامێشێکی نووستووی ناو تەمی سپیی بەیانیانی پایز دەردەکەوتن و دیمەنێکی زۆر جوانیان بەو دەوروبەرە بەخشی بوو... کاتێ دەگەیشتیتە ئەوێ، دەبووایە بەخۆت بڵێی: «چ هونەرێک لەوەدایە بەشتی گەورە دنیایەکی گەورە بخولقێنیت...؟! بەڵام سەیر و سەمەرە ئەوەیە دنیایەکی گەورەی ئاوا بەو شتانە پێکبێنی، کە نرخیان نییە و کەس بەهیچیان نازانێت»... ئەمە قسەی هەر ڕێبوارێکی ماندووە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەوێدا تێپەڕیوە و وێنەکانیش شایەتیی ئەوە دەدەن... «ئەحمەد» لەوێ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ماوەیەک دەمی بەشێرەکەیەوە نا... قوڕگی وشکهەڵاتووی بەو ئاوە ساردە تەڕکردەوە و ئاهێکی تێگەڕا... ئینجا هەستایەوە و جوانتر لێی وردبووەوە... هاوکات بیرۆکەیەکی چاکی بۆ هات و لە دڵی خۆیدا وتی: «لە دواوە ئاوی تێدەکەن و لە پێشەوە خەڵک دەبووژێنێتەوە»... گەیشتەوە ماڵ و لە بەردەم دایکی وەستا... مۆڵەتی نەدا لێی بپرسێ ئاخۆ دەموچاوی بۆ ئاوا شین و مۆر هەڵگەڕاوە و ئەو شەوەی لە کوێ بەسەربردووە... جلوبەرگی بۆچی ئاوایان لێهاتووە و ئەو قاچانەی بەچی ئاوا گیر بوون... نەیهێشت... نەیهێشت، بەهیچ شێوەیەک نەیهێشت دەم هەڵێنێتەوە... پێی لێ کردە کەوش و وتی:

– هەر ئەوڕۆ ژنم دەوێ، نەگاتە سبەینی.

«بەگم»ی دایکی لەبلەبان بوو و هەموو شتێکی لە دەست دەهات... هێشتا خۆری ئەو تەمووزە پێستی ڕێبوارانی هەڵدەقرچاند، کاتێ ئەو مەسەلەکەی بڕاندەوە... شەویش پیاوان چوون و هەموو شتێکیان بەخێر کۆتاییی پێهێنا.

سبەی ئێوارە «سەلما» سەربانی دەڕشاند و بۆنی ئەو کۆنکرێتە داخبووەی بەرهەتاوی گەرمی تەمووز خەیاڵەکانی بەملا و بەولادا هەڵدەفڕاند، بەڵام ئەم هەمیشە بۆنی سەربانی گڵی پێ خۆشتر بوو... چ لەزەتێکی سەیری هەیە دۆشەگی لەسەر دابخات و بۆنەکەی هەڵمژێت... هەر بەو نەشئەیەوە لەژێر لێفەیەکی تەنکی پەمەییدا گەردن و لاملی ئەحمەد ماچ بکات و توند توند شانەکانی بگوشێت، بەڕادەیەک گوێی لە کرتەکرتی دەمارەکانی بێت و لە خۆشییان وابزانێت ئاسمان بەمانگ و ئەستێرەکانیەوە خزاوەتە ناو لێفەکەیانەوە... ئەوەتا ڕووناکییان لێ دەچۆڕێتەوە و دڵیان پڕیەتی لە خەون...

کاتێکی زانی «مەیاس»ی دەستەخوشکی لە سەربانی تەنیشت خۆیانەوە دەرکەوت و بەمەکرێکی کچانەوە پیرۆزباییی لێ کرد... ئەو پێی وت:

– نەخشەبی لە تووش... خەونم دیتیە، هیچ خەمت نەبی لەو ڕۆژانە کوڕەکی ئازا و مەردی وەکی ئەحمەدت بەنسیب دەبی... بەو خودایەی هەر خەونەکی ئەمن بیبینم، ناگاتە نێوڕانێ، دێتە جێ... دە بەغەوسی گەیلانی دوونێ شەوێ خەونم بەئەحمەدیوە دیتبوو، لۆیێ وەکی پلکە بەگمی داکی هات، هەر زوو زانیم چی دەوێ.

ئینجا بەملا و بەولای خۆیدا ڕوانی، تا بزانێ کەس لەو سەربانانەی دیکە گوێی لێی نییە... بەدەنگێکی کەمێ نزمتر، بەڵام بەهەمان گەرموگوڕی و حەماسەوە تێهەڵچووەوە:

– با خەونەکەمت لۆ بگێڕمەوە: لەو سەرەوەی بەئەسپەکی تیژ تیژ دەهات و چەکی شانی دەبریقاوە... دیار بوو لە شەڕێ دەگەڕاوە... گەیشتە کەرخی من و بەچار پەنجان بلندی کردم... لە پشتە خۆی دانام و قەیمتر ئەسپەکەی غار پێ دا... پێم گۆت: کورە کێوەم دەبەی، ئەمن دەترسێم... وەی توخوا بەردەیمەوە... سەبرکەوە...!! سەبرکەوە...!! بگەڕێوە...!! کێوەم دەبەی...!! وی...!! توخوا...!! وی...!! وی...!! وی...!! بەربوومەوە...!! وەی ئەحمەد ئەوە ئەمن لەگەڵ تووم نییە...؟! نابی بزانم چت لێم دەوێ...؟! وەی بابە هەوکە دەکەومە خوارێ و پەراسووەکانم دەشکێن... ئەرێ وەڵڵا هووردوهەڕا دەبن... لە ترسان توند توند دەستم بەناوقەدیوە گرتبوو... ئەو هەر دەیگۆت: ئەتوو لەگەڵ منی، لە هیچ مەترسێ... گەیشتینە ڕێیەکی هەمووی بەرد بوو... هەرچەند ئەسپەکە لاقی لەسەر دادەنان، خەنەکی سۆر سۆریان لێ دەردەپەڕی و بەدەموچاو و لاق و دەستمان دەکەتن... خەنە بووە گۆمەکی گەورە و قیچ قیچ ئەسپەکە لێی دەچووە خوارێ... پێی نەدەکرا غار بدا و بەهێواشی دەڕۆیی... هەتا بەتەواوی لە گۆمی خەنەیدا ختم بوو و ئەمەش هەردووکمان کەتینە ناوی... مەلەوانیمان دەکرد و دەمانویست بێینە دەرێ، بەس پێمان نەدەکرا... ئەوجا ئەوەندە ساردیش بوو، تەزیم بەهەموو قەلبیدا دەهات... لە ئەحمەدم دەپرسی: ئەتووش سەرماتە...؟ ئەو دەیگۆت: سەرمای چ...؟! زۆر گەرم و خۆشە...!! وەکی بەخەبەر هاتم، پشیلەکم لەسەر ئەو ستارەیەی خۆمان دیت، ئاوی ناو جامی کۆترەکانی بابمی دەخواردەوە.

«سەلما»ی وەستا نورەدەین چەخماخچی» وەکو هەموو جارێ نەنکم دەیگێڕایەوە لە کچێنیی جەربەزەیەک بوو و ئیشی چوار پیاوی پێ دەکرا... وتیان لە تەمەنی سێ مانگی «هاجەر»ی دایکی کتوپڕ مرد و دەستی بەکەوانی بێشکەی ئەمەوە وشکبوو... هێندەی نەبرد «وەستا نوورەدەین» «نافیعە»ی کچی «قادر قەرەوەیسی»ی دراوسێی دووکانی خۆی خواست... ئەو ژنە بەڕادەیەک «سەلما»ی خۆشدەویست، کە زۆر جار دایکی لێی توورە دەبوو و پێی دەوت:

– ئەمن ئەتووم لۆ ئەوەی بەمێرد نەدایە، ببیە کارەکەر و کچی عالەمێم لۆ بەخێو بکەی.

«عەیشان»ی نەنکی «رزگار»ی هاوڕێم دەیوت دوای ئەو کارەساتەی لە ماڵی «وەستا نووردەین» ڕووی دا، باوەڕم نەما هیچ منداڵێ باوەژنی چاکی لێ بکەوێت... ئاخر شەوێک زریکوهووڕ لە



حەوشەکەیانەوە بەرزبووەوە و دراوسێ بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندێ... هەندێکیان لە دەرگایان دا و برێکیان لەسەر دیوار ئاودیو بوون، بەڵام کار لە کار ترازا و بەدیار لاشەی خوێناوییی «نافیعە»وە تاسان... وەستا سەرتاپای گیانی دەلەرزی و ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوە، کەچی بەهەموو شێوەیەک دەیویست بەسەر ئەو پەشۆکان و نائارامییەیدا زاڵ بێت... دەریکردن و پێی وتن:

– ئەگەر ئەنگۆ بەڕاستی خێرتان لۆ جیرانان هەیە، بڕۆن لە تازیەی ئەسعەدۆکی دانیشن... وەڵڵاهی لە بن دەستم دەرناچی... ئەگەر لە شوورەی یەمەنیش بپەڕتەوە، دەیهینمەوە و لەناو ماڵی خۆی دەیکوژم.

ئەوان لە مەسەلەکە تێگەیشتن و بڵاوەیان لێ کرد... ئەوسا «سەلما» تەمەنی پێنج ساڵ بوو و بەحاڵ ئەمەی بیردەهاتەوە... سەرەتا «نەجمە»ی پووری بردیە لای خۆی و بەدرێژاییی ئەو چەند مانگەی برا گەورەکەی لە زیندان بوو، گرتیە خۆی، بەڵام هەر ئەوەندە وەستا ئازاد کرا، هێنایەوە و پێی وت:

– بەخوای کاکە ڕاستی خۆشە، ئیسماعیل چاوچنۆک ناردیتیەوە، دەنا منداڵی توو و هی من فەرقیان چییە.

وەستا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ دووکان و لەوێ بەخێوی دەکرد... ئەویش زیت و وریا بوو، لە کاری ئاساندا یارمەتیی باوکی دەدا... تا تەمەنیشی بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا، زیاتری لە دەست دەهات و چاکتر لەو پیشەیە سەری دەردەچوو... ئیدی ئەو لەناو چەک و تەقەمەنیدا ژیانی بەسەر دەبرد و تەنها لەگەڵ پیاودا دەدوا... دووکانداری ئەمسەر تا ئەوسەر دەیانناسی و گاڵتەی سەیر سەیریان پێکەوە دەکرد... بەکورتی کچێکی زۆر بێشەرم و چەقاوەسووی لێ دەرچوو و کەسیان لە هەقی نەدەهاتن... زمانی تورکمانی و هی جوولەکەکانیشی دەزانی و بۆ هیچ دانەدەما... لادێییەکان بەولاغەوە دەهاتن و لە دوورەوە بەرەو پیریانەوە دەچوو... سواریان دەکرد و تا ناو دووکانی باوکی دەیهێنان... ئەو جارە «مام شەمعوون» بەزمانی خۆیان بە«بنیامێنە کۆر»ی وت، کە ئەو دەیوتە ڕزقی کچەکەی دەخوا... «سەلما» پێیدا هەڵشاخا:

– ئەوی لەگەڵ مەیەتی، هەر بەخۆی... جارەشکە قسەی وەهات لە دەوی بێتە دەرێ، بەبابم دەڵێم وەکی سەگی کۆڵانان بتتۆپێنی.

«مراد خمچی» ئەوەندەی خۆشدەویست، هەموو جارێ پێی دەوت با بیبات لەگەڵ کچەکانی بەخێوی بکات... تەنانەت ساڵی «٤٨» کاتێ دووکانەکەی بە«وەستا نوورەدین» فرۆشت و لەگەڵ هەزاران جوولەکەی تری وەکو خۆی بەرەو «ئۆرشەلیم» سەری هەڵگرت، ئەمی کردە باوەشیەوە و دوو مشت فرمێسکی ڕشت.

ئەو جارە لە خانێکی ئەوبەر کوڕێکی لادێیی سواری کەرەکەی خۆی کرد و بەسووکی دەستی لەسەر ڕانی دانا... ئەو تەزوویێکی پێدا هات و بەتیلەی چاو لە ڕووخساری وردبووەوە... پێی خۆش بوو گازێکی قایم لە نەرمەی قۆڵی بگرێت و پارچەیەکی لێ بکاتەوە... گەیشتنە پەنایەک و ئەو بەپەنجەکانی کولمی گوشی... هێندەی دیکە ورووژا و ترسێکی سەیریش بەدەمارەکانیدا گەڕا، بەڵام ئەمە نەیتوانی ڕێی بینینی ئەو لەزەتەی لێ بگرێت و بزەیەکی زۆر جوانیشی خستە سەر لێوی... ئەوسا تەمەنی دە ساڵان بوو

و له زۆر شت تێدەگەیشت... شەوێکیان «مام داود»ی دراوسێیانی بینیبوو و له هەیوانی خۆیان «پوورە لەعلی»ی ڕادەمووسی... هەموو جارێ لاساییی ئەو ژنەی دەکردەوە، کە چۆن بەنازێکی جوانەوە بۆکسێکی سووکی بەشانی مێردەکەیدا کێشا... لەمەوە زۆر جار بەخەیاڵ خۆی دەکردە «لەعلی» و وەردەگەڕایە شانی «داود»ەوە... کوڕەکە پێی وت:

– لۆ لەگەرم نایەی بچینە دەشتێ...؟! لۆ خۆت لەوێ خەنی دەبی.

ئەم بەدەم پێکەنینەوە یەک مستی بەنەرمەی قۆڵیدا کێشا و پێی وت:

– دەزانم ئەتوو دەتەوێ بمکەیە ژنی خۆت...!! بەس ئەمن گچکەمە...!!

کوڕەکە دەستی لە ناوقەدی ئاڵاند و بەچپە پێی وت:

– گچکەی چی سەرەژن...؟! بەو خوایەی ئەوەندە زۆرزانی، دە کەس لە هەقت نایێن.

تا دەهات زیاتر بەخۆیەوەی دەنووساند و ختووکەی دەدا... کەرەکەش وەک بڵێی وەفاداریی بۆ خاوەنەکەی بنوێنێت، جووڵەی نەدەکرد... لێی پرسی:

– ئەتوو ئەگەر ژنی بینی، ماچی دەکەی...؟

کوڕە لەجیاتی وەڵام، دەمی خستە سەر ڕوومەتی و هەڵیمژی... تا ئەو کاتەی غەڵبەغەڵبی بەردەرگای خانەکەشیان هاتە گوێ، هەر خەریکی چەخماخسازیی خۆیان بوون.

ڕۆژ بەڕۆژ فێڵی تازەی دەدۆزیەوە و زمانی تیژتر دەبوو... باوکی زۆر جار بەتەنیا لەوێ بەجێدەهێشت و بەلای کارەکانیدا دەچوو... دووکانی «مام شەمعون»یشی لەگەڵ هی خۆی لێکدا و لەمەوە ئیشەکانی چاکتر بەڕێوە دەچوون... ئەوەی «بنیامێنە کوڕ»یشی کڕیەوە و دواتر بەقازانجێکی چاک فرۆشتیەوە... بەردەوامیش چاوی بۆ ژنێکی دیکە دەگێڕا، بەڵام ئەمجارەیان زۆر ئاقڵانە و بێ پەلەپەل... ئەم ڕابردوویەکی خراپی لە ژیانی خێزانیدا هەبوو و ئاوا بەئاسانی نەیدەتوانی ببێتە خاوەنی ژنی سێیەم... تەنانەت وا بڵاوبووەوە، کە دایکی «سەلما»یش بەمردنی خۆی نەمردووە و ئەم خنکاندوویەتی... باوەڕی وابوو ئەو پیاوەی لە ئەزموونی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتی سەرکەوتوو نەبێت، زۆر زەحمەتە لەوانی دیکەدا تامی ئاسوودەیی بچێژێت... مەسەلەکەی وا لێکدەدایەوە بتەوێ بەهەمان ئەو خشت و چیمەنتۆیانەی نهۆمی یەکەمی خانووێکت پێکهێناوە، نهۆمی دووەم و سێهەم و ئەوانی تر دروست بکەیت... ئاخر دڵپیسییەکەی لە سنوور چووبووە دەرێ... سەرەتا لە «خەزاڵ»ی دایکی هەڵپێچا و ژیانی لێ کردە دۆزەخ... ئەو کچێکی زۆر جوانی سەردەمەکەی خۆی بوو... لە گرانیی ئاخروئۆخری شەڕی یەکەمی جیهانی نەداری یەخەی خێزانەکەیانی گرت و مردن وەکو گورگی برسی لە بەرقاپی خۆی بۆ مەڵاس دابوون... لە سێ ڕۆژ جارێ دەمیان بەر لەتەنانێکی ڕەق نەدەکەوت... «مەجید»ی باوکی بەیانیان زوو زوو دەچووە دەرێ و بەدوای ئیشێکدا دەگەڕا، بەڵام دەستی نەکەوت... لە دەرگای ماڵە دەوڵەمەندەکانی دەدا و لێی دەپرسین، ئاخۆ کارەکارێکی دەستپاکیان ناوێ... وەڵامی دڵخۆشکەریان نەدایەوە... ئەنجام لەگەڵ «ئەستی»ی ژنی بڕیاریان دا بەرەو ئەو خوارە سەر هەڵگرن و لەوێ بەدوای ژیانێکدا بگەڕێن، کە هیچ



نەبێت ڕۆژی ژەمێ نانیان دەستکەوێت... پێشتریش یەک دوو خێزانی تر هەر لەو ناوچەیە بەرەو ئەوێ کۆچیان کردووە و وتوویانە هیچ نەبێت ئیشێکمان دەستدەکەوێت... دەبینە گامێشەوان و خورما دەخوێین... بیرێکی گونجاوە، بەڵام ئەمەش پارەی دەوێت... دواجار لەسەر ئەوە ڕێککەوتن یەکێ لەو پێنج کیژەیان بفرۆشن، بەو ئومێدەی هەم پارەی ئەو سەفەرە دابین بکەن و هەم ماوەیەک ئەو چوارەی دیکەی پێ بژیەنن... کاتێ مەسەلەکەش پەیوەندیی بەسەوداوە هەبوو، ئەمان جوانترینیان هەڵبژارد... ئەوە بێجگە لەوەی وریاترینیانە و ڕەنگە سبەینێ لە هەر شوێنێک بێت، بتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت... وەکو خوشکەکانی شەرمن نییە و ژنە عەیارەکانی گەڕەکیش دەرەقەتی نایەن.

بەیانی زوو زوو باوک خەمناکانە «خەزاڵ»ی حەوت ساڵانی لە خەو هەستاند، کە لەسەر حەسیرێکی چڵکندا خۆی لە باوەشی خوشکە گەورەکەیدا گرمۆڵە کردبوو... چاوەکانی هەڵێنا و تا توانی بەرەو بەرزایی ڕوانی... هێشتا ئەستێرەکان وەکو چەند نقێمێک بەسەر ڕووی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە... ئەو دەمی بردە بن گوێچکەی و بەچپە پێی وت:

– با خوشکەکانت بەخەبەر نێن... دەتبەمە بازاڕی و جلکی جوانت لۆ دەکڕم.

لە خۆشییان خێرا هەستایەوە و بەگەڵی کەوت... کچە عەیار و لەبلەبانەکەی بابە دەتوت خەون دەبینێت و هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ئاوا لەناکاو ببێتە خاوەنی جلوبەرگی نوێ... لەو قەراغی شارەوە بۆ ناو بازاڕ ڕێگایەکی دوور بوو، بۆیە باوک بەچەقۆ دوو پارچەی لە گوشێک کردەوە و بەبەنێکی ئەستوور لە پێیە ناسکەکانی ئەوی پێچان... بۆ ئەوەی دڕکیان تێڕانەچێت و لەسەر ئەو زەویە داخبووەشدا نەسووتێن... لە بازاڕ چەند دووکانێکی پێ کرد و کەس لێی نەکڕی... «خەزاڵ» زۆری بەلاوە سەیر بوو کاتێ «مەجید»ی باوکی بەشەرمەوە دووکاندارەکانی دووردەخستەوە و دەیچپاندە گوێچکەیانەوە... هەر زوو زوو پێی دەوت:

– ئەگەر ئەمە هاتینە جلکی بکڕین، دەبا پارەی خۆمان بدەین و هی جوان هەڵبژێرین... لەو دووکانەی ئەوسەری هەندەک قوماشم دیت، هەر زەینەتە بیانکەیە کراس و لەبەریانکەی... ئەمن زۆر ماندی بوویمە، هیچکە پێم ناکرێ بڕۆم... بەو خوایەی ئەو پێیانەم وەها لەناو ئەو گوشەی گەرم داهاتینە، وەختە بسووتێن... گەلەکیشم برسیە بابە، وا بەلادا دێم.

گەیشتنە لای «فەتاح چەخماخچی» و کڕیاری ڕاستەقینەی خۆیان لێ هەڵکەوت... یەکەم دەوڵەمەندی ناو بازاڕ و دڵتەڕترینیان... ئەو سەرەتا پێی وت ئەو نرخەی داوای کردووە، دەیداتێ و با کچەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بەرێتەوە، بەڵام باوک کاتێ زانی پیاوێکی باشی دۆزیوەتەوە، تا ڕادەیەک لە چارەنووسی کچەکەی دڵنیا بوو... بۆی دەرکەوت وا چاکترە بەهەر شێوەیەک بێت بیداتێ... ئەو ڕێگای هاتونەهاتی لە پێشە و کەمێ باری سەر شانی سووک دەبێت... ئەگەر ئەمڕۆش بیباتەوە، ئەوا سبەینێ هەر دەبێ بیهێنێتەوە و ئاوا ئەم دووکان و ئەو دووکان بیگێڕێت... کەسیش لێی ناکڕێت... بۆیە هەر سوورە لەسەر ئەوەی بیداتێ... ئینجا «فەتاح چەخماخچی» «مەلا زرار»ی دراوسێی تێگەیاند و ناردی بەشوێن «عوبێد

پۆخچی» و «کەریم جەنجەفیل»دا، تا وەکو شایەت گوێیان لێ بێت، کە ئەو پیاوە ئارەزووی لێیە کچی خۆی بەنرخی چوار مەڕ و دوو کەڵەشێر بەو ببخەشێت... لەسەر شەرعی خوا و پێغەمبەر کۆتاییان پێ هێنا... باوک پارەی خستە گیرفانیەوە و گریانیش قوڕگی گرتبوو، بەڵام دەیویست ددان بەخۆیدا بگرێت، نەوەکا هەستی بەزەییی کچەکەی بورووژێنێت... هێشتا «خەزاڵ» نەیدەزانی مەسەلە چییە و ئەبڵەق و سەرسام لێی دەڕوانی... بەڵام کاتێ باوکی باوەشی پێدا کرد و پێی وت:

– ئەو پیاوە لە هەموو کەسەکی لە توو نێزیکترە و ئەمن لە کنە ویت بەجێدێلم... دەبی لە من زیاترت خۆشبوێ و قەت قەت لە قسەی دەرنەچی... ئەمن و داکت و خوشکەکانت دەچینە ئەو خوارەی و هەر وەختەک دنیا خۆش بی، دەگەڕێینەوە... بەخوای ئەتوومان لە بیر ناچی، بەس...

ئینجا تێگەیشت و لە پرمەی گریانی دا... باوکیش تەقیەوە و باوەشی پێدا کرد... دوو پیاوی دووکاندار لە ئامێزیان هێنایە دەرێ و دەستەکانیان توند توند گرت... خۆی ڕادەپسکاند و بەتاسا چووبوو... «مەجید» ناچار و خەمناک بەناو کۆڵانەکەدا هەنگاوی نارێکی دەنا و دوای تاوێ دیار نەما.

«فەتاح چەخماخچی» لە ژیانی خۆیدا ئەوەندەی گوناح کردبوو، هەمیشە خۆی بەڕووڕەشی بەرقاپیی خوای مەزن دەزانی... لە هەلێک دەگەڕا تا بارتەقای ئەو گوناحە زۆرانەی، چاکەیەک بکات و گیانی لە ئاگری زۆر بەتینی دۆزەخدا نەسووتێت... ئەوەتا بەو مەرامەی گەیشت و سوێندی خوارد تا ماوە لەگەڵ ئەو بەستەزمانەدا دڵنەرم بێت... بەڕووی خۆشەوە کچەی هێنا و لەسەر کورسییەکی دار لە تەنیشت خۆی داینا... ئەو بەردەوام هەنسکی هەڵدەدا و بەپەنجەکانی فرمێسکە ورد وردەکانی چاوانی دەسڕی، بەڵام کەم کەم قەناعەتی بەو مەسەلەیە دەهێنا و حاڵی باشتر دەبوو... «چەخماخچی» شاگردێکی نارد کەبابی بۆ هێنا و تێری کرد... ئینجا بردی جووتێ پێڵاو و کراسێکی تازەی بۆ کڕی... «عوسە کاوڕ»ی مسگر، کە زۆر ڕقی لە «چەخماخچی» بوو، هەمیشە دەیویست لای ئەم و ئەو بیشکێنێ، تەنانەت زۆر تۆمەتی ناشیرینی دابووە پاڵ و هەندێکیان گەیشتبوونەوە گوێی ژنەکانیشی... دوای نوێژی عەسر لەو مزگەوتەی ئەوبەر لێی پرسی:

– ئەرێ کاکە ئەتوو ئەو منداڵەت لۆ چییە...؟!

ئەو پێی وت:

– دەیدەمە داکی منداڵەکانم و وەکی گوڵی بەخێوی دەکەن.

– پاشان...؟!

– گەورە دەبی و دەبتە ژنم... چ لەوەی باشترە پیاو خێزانی خۆی لە ماڵەکەی گەورە بکات... فێری تاعەتی باش دەبی و هەتا مایە لە قسەی دەرناچی.

– لۆ ئەتوو بەتەمای هەتا ئەو وەختی بمینێی...؟!

– ئەدی ئەتوو بەچڕا دەزانی دەمرم...؟!

– بەوەیڕا کە ئەو قوڕەت لۆ خۆت گرتەوە.

«چەخماخچی» سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:



– ئەتوو چ ئیشەکی منت بەدڵ بووە، هەتا ئەوەمت بەدڵ بی...!!

ئێوارە لەگەڵ خۆی بردیەوە و هەردوو ژنەکەی، «سەبری» و «شەفیقە» و منداڵەکان بەحەپەساوییەوە لێیان دەڕوانی... ئەو پێی وتن:

– گێ بگرن...!! ئەوە خەزاڵە...!! لەوڕۆوە لەو ماڵەی دەژی... نامەوێ کەس دڵی بشکێنی.

وەکو هەر ئێوارەیەکی دی «سەبری» مەسینە و دەستشۆری بۆ هێنا و دەست و قاچەکانی شت... «شەفیقە» دۆشەگی لە هەیوان داخست و سفرەی ڕازاندەوە... «فەتاح چەخماخچی» دانیشت و «خەزاڵ»ی لە تەنیشت خۆی دانا... چ گۆڕانێکی سەیر بەسەر ئەو ماڵەدا هاتووە...!! هەموویان پشتیان بەدیوارەکانی حەوشە داوە و لێیان دەڕوانن... تا ئێستا هیچ کامێکیان جورئەتی نەکردووە لەسەر ئەو سفرەیە نانی لەگەڵدا بخوات... تا تێری نەخواردایە، کەسیان بۆیان نەبوو دەست بۆ قاپ و کەوچک بەرن... چوار کوڕ و دوو کچی لە «سەبری» هەیە، کە تەمەنیان لە دووساڵیەوە تا شانزدەساڵیین... «شەفیقە»ش دایکی سێ کچ و کوڕێکە... تەمەنی ئەوانیش لەنێوان شەشمانگیەوە تا دوانزدەساڵی دایە... دوو کیژ هەر لەو ماڵە هاوزای «خەزاڵ»ن، بەڵام ئەم لەوان و لە سەرتاپای کچی گەڕەکیان جوانترە... شەرمن شەرمن دەستی بۆ خواردنی ناو قاپەکان دەبرد و پارووی بچووکی بچووک دەئاخنیە دەمە نوقڵیەکەی... ڕۆژانی دیکەش هەر ئاوا، بەڵام بەزەوقێکی دیکە و بەڕووی کراوەوە... شەوان لە تەنیشت خۆی دەینواند و دەستبازیی سەیر سەیری لەگەڵدا دەکرد... زۆربەی کات لە باوەشی دایدەنا و چەناگەی دەخستە ناو قژە زەردە پڕەکەیەوە... سەرەتا بەمامە بانگی کرد، بەڵام ئەم بەپەنجەکانی کولمی گوشی و پێی وت:

– هەر بەناوی خۆم گازم بکە...؟!

بە شەرمەوە پێکەنی و پرسی:

– چ چ...!! پێت بڵێم فەتاح...؟!

دوایی کاتێ شەرمی شکا، هەر زوو زوو قاقای بەرزی لێ دەدا و دەیوت:

– چەند چشتەکی عەنتیکەیە سەبری و شەفیقە ناوێرن ناوت بینن و ئەمنیش بەکەیفی خۆم هاوار دەکەم فەتاح... پێت بڵێم فەتاحۆک، تووڕە نابی...؟! ها تووڕە نابی...؟!

– ئەتوو لە هەموویان جوودای خەزێ.

ئینجا سەری دەنووساند بەسنگیەوە و شانەکانی دەگوشی... دەمی لە گوێچکەی نزیکدەکردەوە و بەنەغمەیەکی زۆر جوان پێی دەوت:

– کچێ ئەمن گەلەکم خۆشدەوێی، بەس پێم بڵێ کەینێ گەورە دەبی...؟!

ئەو پیاوە توندوتیژە لەگەڵ بینینی ئەو کچە تەواو گۆڕابوو و لە شێتێکی ڕاستەقینە، یان دێوانەیەک دەچوو... بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هەستی کرد عاشقە و لە ناخی دڵەوە کچێکی خۆش دەوێت... بگرە هەرگیز ئەوەندە خۆی بەگەنج نەزانیوە... وایلێهاتووە هەڵسوکەوتەکانی هەر لە هی هەرزەکارێک دەچن...

ئەو هەستە سەیر و نامۆیانەی ناخی بۆ بەرزەفت ناکرێت و بەبێ ویست لە شێوەی ورێنە و جوڵەی لەش دەریاندەبڕێت، بۆیە لە بەرچاوی ژن و منداڵ و خزمەکانی وێنەی خەڵەفاوێک دەردەکەوێت... ڕێبواری سەر ڕێگاکان سەرنج لە سیمای دەدەن و لچی لێ هەڵدەقورتێنن... میوانەکان تەریقدەبنەوە و ڕوویان وەردەگێڕن... پەیتا پەیتا پشتی تێدەکەن و چیدی نایەنەوە بۆ لای... بۆتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری دراوسێکانی و بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، کە ئەو پیاوە لە دابونەریتی کوردەواری لایداوە و کیژۆڵەیەک وەکو شەیتان لە خشتەی بردووە... ئەوان ئارەزووی خۆیانە چۆن لێی تێدەگەن، بەڵام ئەم ئێجگار ئاسوودەیە... ڕۆڤانێکە و خۆشەویستی لە دڵیدا هەڵدەقوڵێت... بۆ هیچ پیاوێکی دی ئاوا ڕێکنەکەوتبوو هاوسەری خۆیان لە باوەشیان گەورە بکەن... جووتە ژنەکەی وەکو خزمەتکار خزمەتیان دەکرد... دەیانبردە حەمام و جوان جوان دەیانشت... دەیانهێنا لە بەردەمی زۆپا قژیان بۆ دادەهێنا و خواردنیان دەخستە بەردەم... ئەویش ڕۆژ بەڕۆژ چاوی دەکرایەوە و شەرمی دەشکا... سووک سووک دەستەڵاتی بەدەست دەهێنا و خۆی لە ماڵەکەدا دەسەپاند... بەگژ ئەم و ئەودا دەچوو و کەسیان نەیاندەوێرا بەرپەرچی بدەنەوە... ئەو جارە لەگەڵ «فەتحیە»ی کچی «سەبری» لێیان بووە شەڕ و دەستیان نایە قژی یەکدیەوە... ئەوەیان خەتای ئەو کچەتیوە دەمشڕە بوو... بەدایکی وت، کە لەگەڵ کوڕێکی دراوسێیان بینیویەتی و باسی خۆشەویستییان کردووە... ئێوارە کاتێ «فەتاح چەخماخچی» هاتەوە، ئەم خۆی هێنایە حاڵی جاو و وتی بەهەموویان پەلاماریان داوە... ئەو قاچەکانی «فەتحیە»ی بەقایش بەستەوە و بەدارەڕای ژووری ئازووقەیدا هەڵواسی... ئەوەندەی بەتێلا لێدا، هەموو گیانی شین و مۆر هەڵگەڕا و بوورایەوە... ئینجا کەوتە وێزەی ئەوانی تر و کەسیانی نەبوارد.

ئەوسا «خەزێ» تەمەنی دەگەیشتە سیانزدە و باڵای لە هەموویان بەرزتر بوو... قژی زەردی تا نزیک سمتی دەهاتە خوارێ و بۆ فیز لەچکێکی توولی سپیی تەنکی دەکردە سەریەوە... چاوە سەوزەکانی بەکل دەڕشت و جار جار لە کاتی قسەکردندا هونەرمەندانە و لەگەڵ جووڵەیەکی زۆر جوان پەرچەمەکەی لەسەر لادەدان... هاوکات لێوی خوارەوەی دەخستە ژێر ددانە وردەکانی سەرەوەی و گازێکی سووکی خێرای لێ دەگرت... چەند بڵێی بەناز و مەکرەوە دەدوا و لێزانانە پیتەکانی دەلەراندەوە... بەپێی پەتی بەناو حەوشە و ژوورەکاندا هەنگاوی دەنا و بەئەنقەست کراسەکەی بۆ سەرەوە هەڵدەبڕی... پووزەکانی وەکو قەدی ئەو درەختانە خۆیان دەردەخست، کە لەناو ڕووباردا ڕوواون و جار جار شەپۆلە تووڕەکان پێیاندا هەڵدەزنێن... «فەتاح» هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە، خانووێکی دیکە لە تەنیشت ئەوەی خۆی دامەزرێنێت و کۆتایی بەو شەڕ وئاژاوەیە بهێنێت... ماڵ بۆ ژنی بچووک و نازدار جوودا کرایەوە و هیچ کەسێکی ئەودیو بۆی نەبوو دوو پێی تێبخات... «چەخماخچی» ئیدی وەکو ئەوسا نەیدەتوانی وێنەی ئیمپراتۆرێک حوکم بگێڕێت، بگرە کۆیلەیەک بوو و «خەزاڵ» بەئارەزووی دڵی هەڵیدەسووڕاند... تەنانەت ڕێگای نەدەدا بچێتە لای ژنەکانی تری و ئابلۆقەی ئەبەدیی خستبوونە سەر... هەر کاتێ یەکێ لە هەوێکانی دەمی دەکردەوە، ئەم وێنەی ئەکتەرێکی لێهاتوو مەمکەکانی لەژێر کراسی مەخمەڵییدا دەلەراندەوە و پێی دەوت:



– چت لە مێردم دەوێ پیرێژن...؟! لۆ یەخەمان بەرنادەی...؟!

لەودیویش نارەزایی بەرزبووەوە و ڕۆژانە شەڕ هەڵدەگیرسا... کوڕەکانی گەورە بووبوون... چ لەنێوان خۆیان و چ لەگەڵ ئەودیو ڕێکنەدەکەوتن... چەند جارێ هاتنە سەر باوکیان و بەشەق و بۆکس تێیکەوتن... «خەزێ» بەزمانی هاری بەرپەرچی دەدانەوە و بەچەپۆک شاڵاوی بۆ دەبردن... ئەوانیش جنێوی سووک سووکیان دەدایە و پێیان دەوت لەگەڵ «هادی مامە»ی دراوسێیان دەستی تێکەڵاو کردووە... تەنانەت ئەو تۆمەتیشیان دایە پاڵ، گوایە «نوورە» و «نەجمە»یش لە «فەتاح چەخماخچی» نین... ئیدی باوک ڕۆژ بەڕۆژ بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە و نەیدەتوانی دووکانەکەیشی بکاتەوە... «خەزاڵ» زوو دەستی خۆی وەشاند... مێردەکەی بردە تاپۆ و هەموو موڵک و ماڵەکەی خستە سەر ناوی «نوورەدین»ەوە... دوای مردنی باوک، کوڕانی ئەودیو هاتنە سەری و ویستیان بیکوژن، بەڵام سەری نەگرت... نووکی خەنجەرێکیان کرد بەنەرمەی سمتیدا و نزیکەی مانگێ لە جێدا کەوت... هەستایەوە و خانووەکانی بەجوولەکەیەک فرۆشت... ئەوان هەر یەکەی پەرتەوازەی لایەک بوون و خۆیشی یەکێکی دیکەی لە نزیک بازاڕ کڕی... لەگەڵ کوڕ و کچەکەی بۆ ئەوێ گوێزایانەوە... ئیتر بەتەواوی خۆیان لەوان دوورخستەوە و پەیوەندییان پێوە نەمان... «سەبری» و «شەفیقە» منداڵی خۆیان جوودا کردەوە و دوورر لە یەکدی خانوویان بەکرێ گرت... کوڕەکانیان لە هەموو شاردا بەشەقاوە و شەڕانی ناسرا بوون و هەر زوو زوو دەخرانە زیندانەوە... بێجگە لە «ئەکرەم»یان، کە ڕێک بەپێچەوانەی ئەمان ئازاری کەسی نەدەدا و بەکرێکاری نانی خۆی دەسەند... ڕۆژانە سەری لە «خەزێ» و منداڵەکانی دەدا و تەواوی پارەکانی دەخستە ناو مستیانەوە... دڵی پێیان دەسووتا و هەمیشە لە خەمیاندا بوو... «نوورە» و «نەجمە»ی وا دەگوشی بەخۆیەوە، چاوەکانی فرمێسکیان لێ دەهاتە خوارێ... بۆی هەڵنەدەسووڕا، ئەگینا لەو گەڕەکەی ئەوان، تۆ بڵێ لە کۆڵانەکەیان خانووێکی بەکرێ دەگرت، بۆ ئەوەی بەردەوام چاوی لێیان بێت و خزمەتیان بکات... ئەوەندەی لە دەست دێت، هەرچی ڕۆژانە بەکرێکاری وەریدەگرێت، پێیان ببەخشێت... هەینیانیش دەچێت بۆ ئیش و نایەوێ ساتێ پشوو بدات... لە دوارۆژیان دەترسێت و چەند بڵێی بۆیان نیگەرانە... زۆر جار لە نیوەشەودا بەئاگا دێتەوە و بەو ماندوێتییە هەڵدەستێت... لەوێوە بەپێ خۆی دەگەیەنێتە لای ماڵەکەیان و لە پشت دەرگا گوێی هەڵدەخات... ئاخۆ ماون...؟! نەخۆش نین...؟! پێویستییان بەشتێ نییە...؟! کاتێ دڵنیا دەبێت، هیچ ڕووی نەداوە، دەگەڕێتەوە ماڵ و لەسەر جێگاکەی پاڵدەداتەوە، بەڵام زەحمەتە خەو بچێتە چاوانییەوە... ئەوەتا دایکی و خوشکەکانی لەبەر نەبوونی و لە سایەی برا بەدفەڕەکانی ڕەنگیان بەبەرەوە نەماوە و ڕووت و برسی لە خانووی کرێدا ژیان بەسەر دەبەن، کەچی زیاتر بیر و هۆشی لای ئەمانە... «خەزاڵ» نارەزایی دەردەبڕێت و پێی دەڵێت:

– ئەتوو خەمی مەت نەبی ئەکرەم، بەخوای لە هیچمان کەم نییە... لۆ فکرەکی لە خۆت ناکەیەوە...؟! هەتا کەینێ ئەوها بێ ماڵ و حاڵ دەبی...؟! ژنەکی بینە و با منداڵت ببینی... ئەتوو ڕۆژ بەڕۆژ هیشکدەبیەوە... ئەوها بڕوا پاش چەند ساڵەکی دی وەکی پیرەمێردانت لێ دێ.

بەحاڵ سەری هەڵدەبڕێت و بەدەنگە هێمنەکەی دەڵێت:

– هەتا نەزانم ئەنگۆ لە خەم ڕەخساینە، فکر لە خۆم ناکەمەوە.

بەڵام «خەزاڵ» هەر ئەوسا، دوای مردنی «فەتاح»، دووکانەکەی ناو بازاڕی بەکرێ دایە چەخماخچییەکی هاوڕێی مێردەکەی و «نوورە»ی حەوت ساڵانی لە لا کردە شاگرد، بۆ ئەوەی فێری ئەو پیشەیە ببێت و لە پاشەڕۆژدا خۆی بەڕێوەی بەرێت... ئەویش منداڵێکی زیت و وریا بوو... بەیانییان دەچووە قوتابخانە و نیوەڕۆیان هەر لەوێوە خۆی دەگەیاندە دووکان... دوای شەش ساڵ پێگەیشت و لە وەستای دەستڕەنگینتر دەرچوو... «خەزاڵ» کابرای دەرکرد و دووکان بۆ خۆیان مایەوە... پیاوەکە نەیدەویست بەجێیبێڵێت، بەڵام دەرەقەتی «خەزێ» نەهات... هەر ئەوەندەی پێ وت:

– هەوکەش وا لە بەرچاومە وەکی بابت گونیەی لۆکردبوویە پێڵاو و بەفەتاحی ڕەحمەتیی فرۆشتی... بەس وا ئەتووش ئەمنت هەر لەو جێیەی فرۆشت... قەیدی من ناکا ئەگەر منداڵەکانت هەڕاج نەکەی...!!

ئەوسا «نوورە» ڕوانیە دایکی و سەرنجی لە سیمای دا... لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بەدیقەتەوە لێی وردبووەوە... تەمەنی لە بیست و حەوت تێناپەڕێت و لە تافی جوانیی دایە... بیری لەو قسانە کردەوە، کە جاران خوشک و براکانی ئەودیوی لە بارەیانەوە دەیانوت و هەمیشە پێیانەوە دەتلایەوە... هەرگیز ئەو خەنجەرەی بیرناچێتەوە، کە «جەوەدەت» لە سمتی دایکی دا و کراسەکەی لە چاوترووکانێکدا سوور هەڵگەڕا... لە سووچێکی هەیواندا دەیناڵاند و ژنانی دراوسێ هەڵیانگرتەوە... لە ژوورەوە دەرپێکەیان داکەند و لە شوێنەکەی ڕامان... هێشتا خوێن فیچقەی دەکرد و بەسەر ڕانیدا دەچۆڕایەوە... بەئیسپرتۆ برژاندیانەوە و لۆکەیان خستە سەر... پەڕۆیان تێوە پێچا و لەوێ پاڵیان خست... ئەم دڵی تێکهەڵدەهات و گیانی دادەهێزرا... دواییش نانی بۆ نەخورا و ئەو دیمەنە لە بەربینایی لانەدەچوو... لە دەرەوە سیمای خەڵکی بەشێوەیەکی جیاواز دەبینی و هەموو شتێک لای ئەم دەبوونە پرسیار... بەشەرمەوە لەگەڵ منداڵانی کۆڵان دەدوا و دڵی لە خۆی دادەما... لچی هەڵدەهێنایەوە و نەشیدەتوانی بگری... تۆ بڵێی ڕاست بێت و لەگەڵ «هادی مامە»دا نووستبێت...؟! چەند حاڵەتێکی سەیرە کاتێ ئەو دیمەنە دێنێتە بەرچاوی خۆیەوە و هیچیش لێی تێناگات... هەر زوو زوو لەناو خەیاڵەکانی پێش نووستنیدا بەیەکەوەی دەبینێن و بەچەقۆ تێیاندەکەوت... خوێنی هەردووکیان تێکەڵ دەبوو و بەسەر ئەو دۆشەگە سپیەدا دەچۆڕایەوە... قێزی لە لاشەی ڕووتیان دەهاتەوە و نەیدەزانی چۆن لەو ژوورەیان بباتە دەرێ... کاتێ ئەو بیرە هیچوپووچانە ماندوویان دەکرد و خەویان لێ دەخست، خەونی ناخۆش ناخۆشی دەبینی و بەیانی تەواو تێکیاندەدا... ئینجا نەیدەزانی ئەمە چ حاڵەتێکە لەمدا سەری هەڵداوە، کە نازانێت لەزەتی پێ دەبەخشێت یان غەرقی ناخۆشی و نیگەرانیی دەکات... ئەوەندەی لا ڕوونە ئەم دەیەوێت بەردەوام شەڕ بەدایکی بفرۆشێت و پێی خۆشە ئازاری بدات... تەنانەت جنێوی سووک سووکی دەداتێ، وەکو: «بڕۆ با ئاوا و ئاوات لێ بکەن»... «تۆ سۆزانی و لە شار دەنگت داوەتەوە»... شەوان خەوی دەزڕا و دەچووە گژ کانتۆری جلەکانیەوە... هەموویانی بەچەقۆ دەدڕاند و بەو ناوەدا بڵاوی دەکردنەوە... بەیانی چی جنێوی سووک هەبوو پێی دەدا و بەشەق و بۆکس تێیدەکەوت... دەستی دەنایە پرچی و چەپک چەپک لە بێخەوە دەریدەهێنا... ئەمەش حاڵەتێکی دیکە بوو و لە ناخەوە دەیورووژاند... کەلێنی پەنجەکانی پڕدەبوون لە قژی



دایکی و نەیدەویست لێیان بکاتەوە... ڕەنگی ڕێک لە پەڕی کۆترە زەردە دەندووککورتەکانی خۆی دەچن... ئەوانەی بەنەجەفی ناسراون و دەنگی باڵەکانیان لە کاتی فڕیندا وەکو چەقەنەی کوڕە چوختییەکان بەرزدەبنەوە... هەندێ جار دەیانگرێت و دەمی لەناو نەرمەی سنگیاندا نقووم دەکات... بۆنێکی سەیریان هەیە و قووڵ قووڵ هەڵیاندەمژێت... لەگەڵیا بەربینایی لێڵ دەبێت و وادەزانێت لە دەستی بەڕەڵڵا بوون... کاتێ سەر هەڵدەبڕێت و بۆیان دەگەڕێت، بەسەر سەری دایکیەوە دەیانبینێت و هەر بەو خەیاڵ و نەشئەیەوە دەیەوێت بیانگرێت، بەڵام نا، ئەمە قژیەتی لە پەڕی کۆترەکان دەچێت و ئەو وەهمەیان لای ئەم خولقاندووە... چ ئازارێکی بەسوێیە دایک پرچی لە پەڕی کۆتر بچێت و ئەو هەموو چاوە بەتەماعەوە لێی بڕوانن...!! تا ئێستا ملی دەیانی زەردی لە جەستەیان جیا کردۆتەوە و خوێنەکانیانی بەناو حەوشەدا ڕشتوون... لە پێشدا بەبەرزاییی مەترێ هەڵدەپەڕن و سنگیان بەر کۆنکرێتی ڕەق دەکەوێت... دار و دیوار دەنەخشێنن و ئەو ناوە سووردەچێتەوە... ئینجا وردە وردە هێزیان لەبەر دەبڕێت و جووڵەکانیان سست دەبێتەوە... سست دەبێتەوە... سست دەبێتەوە... سست دەبێتەوە... ئەنجام گیانیان دەردەچێت و خپ دەبن... پڕ بەدڵ پێی خۆشە کاتێ دایکی ناڕەزایی دەردەبڕێت، بۆ ئەوەی هەر بەو دەستە خوێناوییانەیەوە پەلاماری بدات و داخی خۆی پێ بڕێژێت... با گوێی لێ بگرێت کاتێ لەودیو ناوچەوانی دەخاتە سەر ئەژنۆ جووتکراوەکانی و بەدەنگی نزم دەگری... گلەیی لە حاڵی خۆی دەکات، کە بەدەست کوڕە هەرزەکار و سەرەڕۆکەیەوە تووشی هاتووە و خەریکە لە داخا دەمرێت.

«خەزێ» هەرگیز نەیدەویست کەس بەنهێنیی ماڵەکەی بزانێت و تا دەیتوانی ئاژاوەکانی دەپۆشی... نەوەکا لە ڕێی دراوسێکانەوە هەواڵیان بگاتە هەوێکانی و پێیان خۆش بن... بۆیە بەرگەی جنێو و لێدانی دەگرت و هەمیشە هەوڵی دەدا کوڕە شێتەکەی هێمن بکاتەوە... لەگەڵ هەر پیاوێکی دراوسێدا بدوێ یان وەڵامی سەلامەکانیان بداتەوە، ئەم لە ماڵەوە بەسەریدا دەتەقێتەوە و دەیان تۆمەتی ناشیرینی دەداتە پاڵ... فێربووە دووکان بەجێدێڵێت و لەناکاو دێتەوە... چاو بەکونوکەلەبەری ماڵەکەدا دەگێڕێت و دەیان قسەی ناخۆشی لە دەم دەردەچێت.

ماوەیەک بۆی دەرکەوت وا کوڕێکی لادێیی، کە ساڵێکە هاتوونەتە ئەو گەڕەکەوە، بەئیش و بێئیش بەکۆڵانی ئەماندا تێدەپەڕێ و دەڕوانێتە ماڵەکەیانەوە... بەیانییەکیان پێش ئەوەی بچێت بۆ دووکان، لە هەڵسوکەوتێکی دایکی کەوتە گومانەوە... ئەو زۆر لەپڕ گسکێکی بەدەستەوە گرت و چووە دەرێ... ئەم خۆی لە پشت دەرگا مەڵاس دا و دوای ماوەیەک گوێی لێ بوو کوڕەکە شتێکی پێ وت... ئەگەرچی چاک لێی تێنەگەیشت، بەڵام بۆی دەرکەوت مەسەلەیەک لە ئارادایە... چەقۆی گیرفانی دەرهێنا و ویستی پەلاماریان بدات، بەڵام هەر زوو هەستێکی سەیر پەشیمانی کردەوە، کە زەحمەت بوو دوای بیرکردنەوەیەکی زۆریش لێی تێبگات... چووە دەرێ و هەر بەم خەیاڵانەوە بەرەو دووکان هەنگاوی هەڵهێنا... ئەوسا دایکی دانەویبووەوە و جۆگەلەکەی ڕادەماڵی، کوڕەکەیشی بینی لەسەری کۆڵان پێچی دەکردەوە... پار ئەم کاتە باوکی بەنەخۆشیی سیل مرد و خۆی و دایکێکی گەنج لە ماڵدا مانەوە...

«نووره» لەگەڵ کوڕانی گەڕەک چووە پرسەکەی و لەمەوە یەکتریان ناسی... تەنانەت «ئەکرەم»ی ڕەحمەتیی برای ڕاسپارد گوێرەکەیەکی قەڵەو لە «حاجی ڕەمەزان»ی کوڵانی ئەودیو بکڕێت و بۆی بەرێت... کوڕەکە دنیایەک ناڕەزاییی دۆستانەی دەربڕی، کە ئەو هەموو زەحمەتەی کێشاوە و وتی وەریناگرێت، بەڵام «مەلا غەریب» دەستی ڕاستی خستە سەر شانی چەپی و پێی وت:

– وەری گرە کوڕی خۆم... هی نوورەدینیە... ئەوە برای خۆتە.

ئینجا سوپاسی کرد و لەمەوە بوونە ناسیاو... بۆ ئێوارەکەی «مەلا غەریب» لەسەری کوڵان بینی و پێی وت:

– یاخوە عەمرت درێژ بی نوورەدین لۆ ئەو چاکەیەی لەگەڵ سەعیدت کرد... وجاغی بابت هەر ڕۆشن بی.

ئەم بەڕاستی «مەلا غەریب»ی خۆشدەویست و زۆری بەلاوە گرنگ بوو ئەوی لێ ڕازیی بێت... کاتێ دەستی ماچ دەکرد، ئارامییەک دەخزایە دڵیەوە... زۆربەی ئێواران لە بازاڕ شتێکی بۆ دەهێنایەوە و دەیدایە... هەمان هەستی لە ئاستی «ئەکرەم»ی برایدا هەبوو و پێی خۆش بوو بەردەوام لە ماڵیان بێت، کەچی ئەو چەند سەعاتێ دەمایەوە و بەجێیدەهێشتن... تەنانەت تاقە جارێک نانی لەگەڵ نەخواردن و ئاویشیان بەزۆر دەدایە... بەداخەوە ژیانی ئەو فریشتەیە ئاوا زوو کۆتاییی هات و بووە قوربانیی کردەوەی برا شەڕانیەکانی... ئێوارەی هاوینی پار بەدەم تای گەرمەوە لەناو جێدا دەتلایەوە، کاتێ دوو چەکدار بەمەبەستی «هیدایەت» بەسەر ماڵیان دادان و ویستیان هەقی برای کوژراویان بکەنەوە، بەڵام ئەمیان دەستنەکەوت و ئەویان دایە بەر گوللە... ئێستا «نووره» هەر چۆنێ بێت «مەلا غەریب»ی هەیە و تامی ئەو دەدات... شەوێکیان ناردی بەشوێنیدا... ئەو هەر خێرا خۆی گۆڕی و چوو بۆ مزگەوت... بێجگە لەو کەسی دیکەی لێ نەبوو... لە بەردەمی دانەویەوە و ئەژنۆکانی خستە سەر مافوورەکە... دەستی ڕاستی گرت و چوار پێنج ماچی لێ کرد... «مەلا غەریب» دوای ئەوەی پێشەکییەکی دووردرێژی بۆ خوێندەوە، کە سەرجەمی باسی چاکیی باوکی و هی خۆی بوو، ئینجا هەندێ ڕەنگوڕووی گۆڕا، بەڕادەیەک «نووره» وای بۆ چوو، ئەو دەیەوێت مەسەلەیەکی هەستیار بێنێتە گۆڕێ... بۆ ساتێ وا لە دڵیدا چەسپی، کە پێی دەڵێت با ئاگای لە دایکی بێت و نەهێڵێت لەوە زیاتر شوولی لێ هەڵکێشێت، بۆیە ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بەناوچەوانیدا هاتە خوارێ... هەر چۆنی بوو خۆی هێمن کردەوە و گوێی لە باقیی قسەکانی گرت:

– کوڕی من ئەو شەرعە ئەوەندە قوڵە، حیسابی لۆ هەموو چشتەکی کردیە... هەوکە ئەمن دەمەوێ مەسەلەکت لەگەڵ بکەمەوە و دەبی گەلەک بەدڵی پاک گێم لێ بگری... ئەوجا ئەگەر پێی قایل بووی، ئەوە خوا ڕەزای لەسەرە و ڕازییش نەبووی، خوا گەورەی هەموومانە.

ئینجا پشووێکی کورتی دا و تێهەڵچووەوە:

– کوڕی خۆم مەسەلەکە ژن و ژنخوازیە و ئەمن وەکی مەلایەکی ڕاسپاردرامە قسەت لەگەڵ بکەم.

«نووره» بۆ ساتێکی کورت بیری لە «نەجمە»ی خوشکی کردەوە، کە تەمەنی لە دوازدە ساڵ



تێناپەڕێت... چۆن ئاوا زوو ناردوویانەتە خوازبێنیی... ڕاستە زیت و وریایە و هەڵسوکەوتەکانی لە قەدەر تەمەنی نین... بەشێوەیەکی سەیریش هەڵیداوە و وەکو کچێکی گەورە و تەواو دەردەکەوێت، بەڵام ڕێی تێناچێ لە ئێستاوە داوای بکەن... بێگومان ڕازیی نییە... وا گوێ بۆ هەرماوەی قسەکانی دەگرێت:

– سەعید کوڕەکی باشە و پێنج فەرزە لە پشتە خۆم نێژی دەکا... دەستی کورتە و بەتامای ژنیشە... خوشکی نییە، بەس خوا لێی نەستینی و ڕووی سپی بکا، داکەکی باشی هەیە... چت پێ بڵێم، حەز دەکا لەگەڵ توو ژن بەژنی بکا.

«نووره» ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو و پرسی:

– مامۆستا ئەمن تێناگەم... ئەو وەکی دەستی کورتە و خوشکیشی نییە، ئەدی ئەو ژن بەژنەی بەکێ دەکا...؟

– بەداکی.

– بەداکی...؟!

– ئا، کوڕم... شەرع ڕێی لێ نەگرتیە.

– یەعنی داکی بداتە من...؟! ئەمن شازدە ساڵم و کوڕی فەتاح چەخماخچییمە، بێوەژنەکی بینم، لە داکم گەورەترە...؟!

لە دڵی خۆشیدا دەیوت: «ئەی لەو مەعمەلەیەی...!! داکیم بداتێ و خوشکی دوازدە ساڵانم لێ بستینی...!!» ئینجا بۆی دەرکەوت ئەم چەند بەهەڵە لە پەیوەندیی نێوان ئەو و دایکی تێگەیشتبوو... تومەز مەسەلە شتێکی دیکەیە.

مامۆستا هەستی کرد «نووره» بەڕادەیەک شپرزە بووە، بیری چۆتەوە لە بەرامبەر کێ دانیشتووە و خەریکە لەرەکانی دەنگی دەگۆڕین، بۆیە پێی وت:

– مشەوەش مەبە کوڕم... ئەوە هەر قسەیە و کەس بەزۆر پێت ناکا.

– ئەخر مامۆستا خوشکم هێشتا نەبوویتە دوازدە ساڵ... ئەو بەچ عەقڵەکی دەعوای دەکا...؟!

«مەلا غەریب» پەنجەکانی دەستی چەپی خستە ناو ڕیشە پڕەکەی و پێی وت:

– ئەوجا کوڕم ئەو کا دەعوای خوشکتی کردیە...!!

– ئەدی مەقسەدی چییە...؟!

– ئەو بەشەرعی خوا و پێغەمبەری داکی خۆیت دەداتێ و داکی تووشی دەوێ.

– داکی من...؟!

لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا و مامۆستای بەجێهێشت... وەکو شێت لە دەرگای مزگەوت ئاودیو بوو و نەیدەزانی بەکام لادا بڕوات... ڕوواریانە هەنگاوی نارێکی دەنا و دەستەکانی بەملا و بەولادا

ڕادەوەشاند... تا گەیشتە بەردەرگا ساجەکەیان، سەری بەدەیان دیواردا کێشا و ئەم دار و ئەو بەردی خستە بەر نەفرەت... چەند جارێ قاچی هەڵنووتا و خەریک بوو بەدەمدا بکەوێت... کاتێ دایکی دەرگای لێ کردەوە، ئەم بەپێویستی نەزانی هیچی لەگەڵدا بڵێ، یەکسەر دەستی نایە قژی و وەکو مانگا بۆ ژوورەوەی ڕاکێشا... ئێستا «خەزاڵ» وا ناوسەری لەگەڵ ئازار دەتریوێنێت و چاوەکانی شتەکان وەکو تارمایی دەبینن، بەڵام ئاخێک، ئۆفێک، نقەیەکی لە دەم دەرناچێت... بەرەو ژوورەوە ڕایدەکێشێت و ئەویش خۆی بۆ شل کردووە... لەوێ پاڵێکی قایمی پێوە نا و پشتی بەر دیوار کەوت... لەسەر ئەو زەویە ڕەهێڵ بوو و بەحاڵ هەناسەی بۆ دەدرا... هەر بەقژ هەڵیگرتەوە و بەشەق تێیکەوت... خوێن لە دەم و لووتیەوە چۆڕاوگەی بەست و ڕەنگی جلەکانی تەواو گۆڕان... «نەجمە» دەستی گرت و بەدەم گریانەوە لێی پاڕایەوە:

– کاکە نوورە بەقوربانی قۆندەرەکانت بم، بەس لێی بدە... بەو خوایەی دەمری و...

قژی ئەویشی گرت و بەشەق تێیکەوت... لە تەنیشت دایکی پاڵیخست و تۆپەڵێ جنێوی پێ دا... دەمێکە کۆڵی لێیەتی و دەیەوێت لە دەرفەتێکدا ئاوا پێی بڕێژێت... ئاخر هەرچەند لێی دەپرسێ، کاتێ ئەو لە ماڵ نییە، کێ هامشۆیان دەکات...؟ دایکی ماڵ بەجێدەهێڵێت و بەملا و بەولادا دەڕوات...؟ کەچی ئەو هەمیشە ڕاستیی لێ دەشارێتەوە... ئێستا هەموو شتێ دەرکەوت و پێویستی بەشایەتیی کەس نییە... سەیر ئەوەیە «خەزێ» هەر زوو زوو لێی دەپرسێ:

– باشە نابی تێبگەم چ بووە، ئەتوو ئەوها وەکی شێتان تێماندەکەوی...؟

دواجار بەدەم وەشاندنی یەک دوو لەقەی دیکەوە پچڕ پچڕ گفتوگۆی خۆی و مامۆستای بۆ گێڕایەوە... ئینجا ئەو تێگەیشت و پێی وت:

– کورە هەی لەبەر زگم هەڵگیرێی، قابیلە ئەمن دەستم لەو چشتەی دابی... ئەگەر چاوم لە مێردی با، ئەوە چەند ساڵە بەدیارتانەوە دانەدەنیشتم... کێ دەیتانی ڕێم لێ بگری... تازە بەتازە دەچم مێردی بەکوڕەکی دەکەم ئاوزەی تووە...؟! هەوکە پێم شەرم نەبی، دەچمە سەریان و هەزار جوونیان پێ دەدەم.

«نوورە» ناو سەری دەخولایەوە و بیرۆکە بێماناکان تێیدا تێکدەقژقژان... چەند جارێ گەیشتە ئەو باوەڕەی خۆی بکوژێت... چوو لەسەر پشت ڕاکشا و ڕوانیە بنمیچەکە... ئێستا وا دەزانێت مەسەلەکە بەدڵی «سەعید» تەواو بووە:

مارەبڕین و کڕینی جلوبەرگ و پێویستیەکانی دی و گواستنەوە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جێبەجێ کران... ئەوا لەبەر دڵی دایکی ڕەزامەندیی پیشان دا و هێشتی شوو بەو کوڕە بکات... خۆیشی ژنێکی هاوتەمەنی ئەوی خواست... نازانێت خۆشیدەوێت یان ڕقی لێیەتی... ئەوەندە هەیە ئەو ماڵەی جاران شەڕی تێدا هەڵدەگیرسا و ڕۆژانە دەرگا و پەنجەرەکانی دەدرایە بەر لەقە، ئێستا ئارام و کشوماتە... دەستەپاچەیەکە و هیچی پێ ناکرێت... بەیانییان زوو هەڵدەستێت و دەچێت بۆ دووکان... ئێواران دێتەوە و کز و خەمناک لەو سووچە پشت بەدیوار دەدا... حەزی لە قسە نییە و زۆربەی کات بیر دەکاتەوە...



هەندێ جار «جەمیلە»ی ژنی دێتە تەنیشتی و باسکی لە ملی دەئاڵێنێت... سەری بەرەو لای سنگی ڕادەکێشێت و پێی دەڵێت:

– ئەوە چییە نوورە...؟! هەتا کەینێ ئەوها دەبی لەگەرم...؟!

ئینجا هەر بەگاڵتە، بۆ ئەوەی بیوروژێنێت، ڕایدەتەکێنێت و ئەمەشی دەخاتە سەر:

– قەت نەمدەزانی ئەوەندە بێدەستەراتی...!!

ئەم لە دڵەوە پێی خۆشە وەکو کەسێکی دەستەپاچە و بێ هێز دەرکەوێت و لەزەت لەوەدا دەبینێت، کاتێ ژنەکەی ئاوا سەرزەنشتی دەکات... دایکی و «سەعید» زۆر لەمان جیاوازتر دەژین و ئاسوودەیی بەڕەنگوڕوویانەوە دیارە... ئێستا «خەزێ» لە کچێکی هەرزەکار دەچێت و گووپە سوورەکانی هەمیشە دەبریسکێنەوە... جلی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشێت و بەلەنجەی کوڕکوژانە بەڕێگادا دەڕوات... وکوو منداڵێک ناز بەسەر مێردیدا دەکات و وشەکانی ناسک ناسک دەردەبڕێت... «سەعید» بۆتە خاوەنی سامانی زۆر و لاف بەسەر ئەم و ئەودا لێ دەدات... کەسێکی دیکەی تەواو جیاوازە و ژیانێکی هایلایف دەگوزەرێنێت.

«نوورە» هەرگیز نەیدەزانی ئەو کوڕە هێمن و کەمدووە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە ئەو لۆتیە عەنتیکەیە و ئەم دەکاتە گاڵتەجاڕی خۆی... زیاتر وەکو باوکێک لێی ڕادەمێنێت و هەمیشە بەکەمی دەزانێت... بیانووی پێ دەگرێت... «نەجمە»ی کردۆتە کارەکەر و ئیشی ماڵی خستۆتە سەر شانی ئەو... لێی تووڕە دەبێت و قژی ڕادەکێشێت... جنێوی سووک سووک بەخۆی و باوکی دەدا... ئەم زەق زەق لێ ڕادەمێنێت و ناوێرێت دەم هەڵێنێتەوە... چەند پیاوێکی تووڕە و بێشەرمە...!! لە بەرچاوی «خەزاڵ» و «جەمیلە» و «نەجمە»دا دەیشکێنێت و چی قسەی سووکە پێی دەڵێت... ئەم بێدەنگ بێدەنگ گوێی لێ دەگرێت و هەر وەڵامیشی ناداتەوە:

– ئەتوو پیاو نی... درم بەیەک چشتی خۆشە، کەسی وەکی خۆتت لێ ناکەویتەوە... سبەینێ وەکی کەمتیاری دەتۆپی و ناوت دەسترێتەوە.

دایکی بەچاوی بەزەییەوە لێی ڕادەمێنێت و هیچیش ناڵێ... «جەمیلە» لە ماڵەوە لێی تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت:

– بریا بمردباما و مێردم بەتوو نەکردبا... لۆ ڕازیی دەبی، ئەوهات پێ بڕێ...؟! لۆ هەرناستی قوڕگی بگری و بیخنکێنی...؟! بزانە چ بەختەکی ڕەشم هەیە... لەگەر خەزاری پێکدراین، ئەو بووە داکی دوو کوڕان و ئەمنیش هەر بێوەژنەکەی جارانم... لە خەرکی وایە مێردم هەیە... حاشا حاشا ئەمن پیاوم نییە.

چ حاڵەتێکی سەیرە یەخەی پێ گرتووە و خۆیشی سەری لێ دەرناکات... چی بوو ئەو مەسەلە هیچوپووچەیان لەگەڵدا کردەوە و هەموو شتێکیان لە بەرچاو خست... ئێستا لە دڵەوە پەشیمانە و بەزەییی پێدا دێنەوە، کە ئەوەندەی بەشەق تێهەڵدان و جۆگەلەی خوێنی دەم و لووتیان بەسەر جلەکانیادا ڕێچکەی بەست... لە ڕووی نایە بچێتە ئەودیو و بەماچ ئاشتیان بکاتەوە... بۆیە هەر لەو شوێنەی خۆی ناجووڵێت و چاو لەو بنمیچە ناترووکێنێت... هەر دەڵێی خەیاڵەکان دڵۆپەی بارانن و لەوێوە تنۆک تنۆک

بۆ سەر دەموچاوی دەتکێن... وردە وردە تێکیدەشکێنن و وزەی لەبەر دەبڕن... ناخی پڕدەکەن لە بەزەیی... تەنانەت دڵی بە«سەعید»یش دەسووتێت، کە هەر لە خۆیەوە وەکو تاوانبارێک دەریدەخات و لە سیفەتی چاک ڕووتی دەکاتەوە... ئەوەتا لەبەر نەبوونی و هەژاری ئامادەیە دایکی خۆی ببەخشێت و ژنێکی هاوزای ئەو بهێنێت... چ داخێکی گەورەیە ناتوانێت داوای بەجێبێنێت و ئاسوودەیی پێ ببەخشێت... ڕەنگە «مەلا غەریب»یش لەو هەڵسوکەوتەی ڕەنجابێت... بۆ ساتێ حەزی کرد دایکی بەرێ بۆ لای و پێی بڵێ: «ئەوە دەستی و بیگرە مامۆستا... کچی خۆتە و دەیدەیە کێ، من ڕازییم... لەو گوناحەی ئەمڕۆ و هەموو ئەوانی دیکەم پەشیمانم و لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە لێم خۆش بێت... دەی لە جێگەی باوک و گشت کەسم بۆم بپاڕێرەوە، کە من ددانم بەسەرجەمی خەتاکانی خۆمدا ناوە و داوای پاکبوونەوە دەکەم».

دڵی ئاهێکی ئاسوودەی تێدا گەڕا و ڕووەکەی تری ئەو مەسەلەیەی بینی... بەڵێ، ئەمە هەر خۆی مانای ئەوەیە، کە ئەمان هێشتا خاوەنی ئابڕووی خۆیانن... ئەوەتا کوڕێکی لادێیی لە ڕێی پیاوچاکێکەوە دەیەوێت شەرەفی خزمایەتیی بنەماڵەی «چەخماخچی»ی پێ ڕەوا ببینن... وتە باوەکەی خەڵکی هەولێری بیرهاتەوە: «لادێیی لە وشکە ساڵان بەرەو شار سەر هەڵدەگرێت و شاری دوای ئەوەی ڕەوشتی خۆی دەدۆڕێنێت، ڕوو لە لادێ دەکات»... بەڵام نا، ئەمەیان تەواو جیاوازە... مامۆستاش لێیان ڕازییە... خۆزگە «ئەکرەم»یش نەدەمرد و هەمیشە وەکو پاسەوانی شەرەف و ناموسیان لە بەردەرگا دەوەستا...!!

بەیانی کاتێ چاوی هەڵهێنا، بۆی دەرکەوت دوای ئەوەی هەستی بەزەییی لە دڵیدا خولْقاوە، ئینجا خەوی لێ کەوتووە، بەڵام لە زۆربەی بڕیارەکانی پەشیمان بووبووەوە... تەنانەت نەیدەویست چارەی هیچ یەکێکی ئەو گەڕەکە ببینێت، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری دا خانووێکی دیکە بکڕێت و ئەوێ بەجێبهێڵن... حەفتەی نەخایاند کۆشکێکی گەورەتری لە ڕۆژئاوای شار کڕی و گوێزایانەوە... دوای ماوەیەکی کورت دایکی تووشی نەخۆشیی ئاوڵە بوو و کەس باوەڕی نەدەکرد هەستێتەوە... هێندەی نەبرد نەخۆشییەکی پیستری گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر خستی... ڕۆژ بەڕۆژ ڕەنگوڕووی دەگۆڕا و جوانییەکانی لە دەست دەدا... بەدەموچاوی چرچ و ئاوڵاویەوە زیاتر وەکو پیرەژنێک دەردەکەوت... زۆربەی کات لە جێدا جینگڵی دەدا و بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە... لەمەوە «نوورە» ئەو حاڵەتە بەریدا، بەڵام هاوکات بەزەییی پێدا دەهاتەوە... هەمیشە بیری لێی دەکردەوە و خەفەت دڵی هەڵدەقرچاند... دەیان جار لەو ژوورە سەری بەدیواردا کێشا و بۆی گریا... لە دووکان خەیاڵی دەڕۆیی و دەستی ئیشی نەدەگرت... فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارێ و لەگەڵ کەس قسەی بۆ نەدەکرا... کاتێکیش چاکبووەوە و کەوتەوە سەر پێ، لە پیرەژنێکی ڕاستی دەچوو و نەتدەزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان جوانترین کچی شار بووە... بەدەستی لەرزۆکی گۆچانێکی دەگرت و لە بەردەرگا زیاتر نەدەچوو... هەر زوو زوو داوای لە تاقە کوڕەکەی دەکرد ژنێ بێنێت، بەو ئومێدەی پێش مردنی نۆبەرەکەی ببینێت... پڕ بەدڵ پێی خۆشە بێشکەی ڕاهەژێنێت و خۆشترین گۆرانیی بۆ بڵێت... ئەو گۆرانییانەی لە دایکیەوە فێری بووبوو، کاتێ بۆ خوشکە بچووکەکەی دەوت... چەند ئاواتی خواست پێش ئەوەی چاوی لەم دنیایە ئاودیو بێت و لە گۆڕی بنێن، بیانبینێتەوە، یان هەواڵێکیان بزانێت... دنیایەک خەونی پێوە بینین و دوای بەئاگاهاتنەوەش بۆیان گریا... چ ڕۆژگارێکی ناخۆش بوو... هیچ دوور نییە



باوکی لەو ڕێگایە هەر جارێ یەکێ لە خوشکەکانی دیکەیشی بەم و بەو فرۆشتبێت و خۆیشیان نەگەیشتبنە شوێنی ئارام... لە بیابانێکدا مردوون و دڕندە لاشەی وشکهەڵاتووی خواردوون... هەر چۆنێ بێت ئەم کوڕ و کچێکی لە پاش بەجێدەمێنێت و تا ئەو ساتەی چاوەکانی لێکدەنێت، دڵی پێیان خۆشە... خۆ ئەگەر «نوورە» بەقسەی بکات و ژنێ بێنێت، ئەوا دوور نییە فریای بینینی نۆبەرەکەیشی بکەوێت... ڕاستە تەمەنی تەنها شانزدە ساڵە و هێشتا ماویەتی، بەڵام با لەبەر دڵی ئەم ڕازیی بێت و ئەو تاقە ئاواتەی بێتە دی... کوڕەکەی دڵنەواییی دەدایەوە و پێی دەوت:

– چ مردن مردنتە دایە...؟! هێشتا ساڵەکت لە سی تێنەپەڕاندیە.

– بەساڵ نییە ڕۆڵە... ئەمن پیر بوویمە.

ئەمەش بەس بوو تا ئەو هێندەی دیکە هەست بەگوناح بکات و پێوەی بتلێتەوە... ئەو ڕۆژە دەستی ماچ کرد و پێی وت:

– مادام ئەتوو پێت خۆشە، ئەمن ڕازیمە.

بەڵام کاتێ دایکی پرسی ئاخۆ کێی بۆ بێنێت و ئەم داوای «هاجەری»ی دراوسێیانی کرد، ئەو بەدڵی نەبوو و پێی وت:

– واز لەوی بینە، بەکەلکی توو نایێ.

– لۆ دایە...؟! چییتی...؟!

– هیچی نییە، بەس هی باشتر هەیە.

– هی باشتر...؟! کێیە...؟

– دەگەڕێین... چ زۆرە، کچ زۆرە.

بەڵام ئەم «هاجەر»ی خۆشدەویست و یەک دوو جار لە سەربانیش ماچی کردبوو... تەنانەت پێی وت لەم ڕۆژانە دەنێرێتە داوای... کچێکی جوانیشە و چی کوڕی گەڕەک هەن، چاویان تێی بڕیوە... «نوورە» سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و ئەنجام دایکی ڕەزامەندیی پیشان دا... دە ڕۆژی نەبرد کچەیان ئاودیوی ماڵیان کرد... سەرەتا «نوورە» دڵی بەو ژیانە خۆش بوو و پلانی بۆ دواڕۆژ دادەنا... بەڵام وردە وردە تەنگوچەڵەمە سەری هەڵدا و شەڕ و ئاژاوە هاتە کایەوە... ژنە دەتۆرا و بەیەک دوو هەنگا و خۆی دەگەیاندەوە ماڵی باوکی... براکانی دەهاتن و دەبووە شەڕ... «نوورە» هەموو جارێ سەری بادەدا و دەیوت:

– بەخوای دایە قسەکەی توو ڕاست دەرچوو... عارەب لە بەلاش نەیانگۆتیە: «لا تشتری حمارە و اهلها بالحارە»... «ئەو کەرە مەکڕە، کە خاوەنەکەی خەڵکی گەڕەکە»

هەرچۆنێ بێت دوای ئەوەی «سەلما»یان بوو، بەڕووکەش پەیوەندییەکەیان گۆڕا... «هاجەر» زیاتر لێی قەبووڵ دەکرد و لە ئاستی ئەو تۆمەتانەی دەیدایە پاڵی، بێدەنگ دەبوو... یاخود با بڵێین لە جیاتی بەقیژەقیژ بەرپەرچی بداتەوە، دەیخستە هەناویەوە و خۆی دەخواردەوە... بگرە وای لە ماڵی باوکی دەگەیاند، کە مێردی زۆر لەگەڵی باش بووە... هەر بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ڕەنگوڕووی دەگۆڕا و وشکدەبووەوە... بەرگەی هەموو ناخۆشییەکی دەگرت و نەیدەویست کچەکەی لە دەست بچێت... «نوورە» لەمەوە زیاتر

شەڕی پێ دەفرۆشت و زوو زوو بەلەقە تێیدەکەوت... تووشی پەرکەم بوو و لەپڕ دەبووڕایەوە... لە دکتۆرانیان گێڕا و دەرمانیان بۆ نووسی... بردیانە لای ئەم سەید و ئەو مەلا و دووعایان لەسەر خوێند... بەڵام سوودیان نەبوو... «نوورە» ئەمەی بەهەل زانی و ویستی هەقی هەموو شتێکی لێ بکاتەوە... ڕۆژێکیان کاتێ حاڵەتەکە یەخەی گرت و بووڕایەوە، ئەم بالیفی خستە سەر دەمی... ئیدی هەر ئەو بووڕانەوەیە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە... چی لە ژنێک بکات، ڕەنگە پێشتر ماچی دابێتە زۆربەی کوڕانی گەڕەک و دوور نییە ئێستاش دڵی بەیەک دوانێکیانەوە مابێت... «پوورە خەزاڵ» دەگریا و دەیوت:

– وای چ کوڕەکی بەختڕەشم هەیە...!! نازانم ئەمن لۆ نامرم و چاوم لەو دنیایەی ئاوا نابی... لەوەتەی هەمە، لە ناخۆشی زیاترم نەدیتیە.

ئەمجارەیان بەدڵی خۆی «نافیعە»ی بۆ هەڵبژارد... ئەو ژنە جوانەی بۆ «سەلما» بووە دایکی ڕاستەقینە و دواییش بەدەردی «هاجەر» چوو... ئەنجام «وەستا نوورەدین» بێ هاوسەر مایەوە و وەکو ژنکوژ لە بازاڕ ناسرا.

لە ئاست «نەجمە»ی خوشکیدا وانەبوو... ئەو جانانەیە بەئاشکرا شەڕی بەکوڕانی گەڕەک دەفرۆشت... بەو باڵای بەرز و قژی درێژ و چاوە جوانانەیەوە تەفرەی دەدان... ئەم دەیبرد و ئەو دەیهێنایەوە... شەو هەڵدەستایەوە و لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان بازی هەڵدەدا... هەر خۆیشی «ئیسماعیل»ی هەڵبژارد و برا بێجگە لە ڕازیبوون، هیچی دیکەی بۆ نەمایەوە... وای نەکردبا مەسەلە بەشێوەیەکی دی دەکەوتەوە و خراپتر تەنەکەیان بۆ لێدەدا... «خەزاڵ»ی دایکی پێی وت:

– کورە هەی بێغیرەت... خۆ گۆشتی بەرازت نەخواردیە... کوو دەچیە دەرێ و تەمەشای عالەمێ دەکەی...؟! ها...؟! کوو...؟! ئەگەر جاری جاران دەبوو و ئەوها لە دەست و پێ نەدەکەتم، دەتدیت چم دەکرد...!!

ئەو گوێی نەدایە و هەر ئەوەندەی وت:

– ئەمن تاقەتی حەپسخانەم نییە... کێ دووکانەکەم بەڕێوە ببا...؟!

«عومەر»ی ئامۆزای زۆر هانی دا بیانکوژێت... تەنانەت ئامادە بوو بەهەموو شێوەیەکیش یارمەتیی بدات، بەڵام گوێی لەویش نەگرت... ئیدی ئەو لەمەوە حاشای لێ کرد... هەموو جارێ بەلای دووکانەکەیدا تێدەپەڕی و جنێوی پێ دەدا:

– ئیشێ دەکەی، هەتا پارەت بێتە دەستی و پێی بژی...؟! هەی ناپیاو... نانی دەخۆی و دەتەوێ قەڵەو بی...؟! گەواد.

دایکی لە داخا بەسکی دا و بەتەنیا لە ماڵ مایەوە... «نەجمە» لەمەوە هامشۆی دەکرد و زۆر جار یارمەتییشی دەدا.

ئێوارەی جەژن وەستا «سەلما»ی لای خوشکی بەجێهێشت و بەئۆتۆمۆبیلەکەی بەرەو ماڵی «سەید



عوسمان»ی هاوڕێی کەوتە ڕێ... ئەوان لە گەڕەکی خانەقا دەژیان... دەشیزانی بۆ ژەمی ئێوارە لەوێ دەمێنێتەوە و نانەکەیان لەگەڵدا دەخوات... چێشتی «روقیە» بەلەزەتە و لێی تێرنابێت... ئینجا ئەمڕۆ جەژنە، قەل و قەیسی لەسەر ئەو برنجە ژوانیان بەستووە و چاو و دڵیان بەیەکدی ڕۆشەندەبێتەوە... ناو دەمی دەکەنە چۆڕاوگەی لیک... بەڵێ، «ڕوقیە» هونەرمەندێکە و لە هونەری چێشتلێناندا قاڵبووەتەوە... جوانییەکەیشی لەولاوە بوەستێت... ئەوەتا «جەمال»ی کوڕی گەورەیە و «زەینەب»ی کچی عازەبە، بەڵام ئەو خۆی هێشتا دەڵێی شووشی نەکردووە... ماوەیەکە زیاتر لە پێشوو خەیاڵەکانی لە «زەینەب» دەئاڵێنێت و دەیهێنێتە بەرچاوی... ڕێک لە دایکی دەچێت... تەنانەت گورجوگۆڵییەکەیشی چۆتەوە سەر ئەو... کاتێ لە ماڵەوە بە«زێبە» بانگی دەکەن، ئەو دەمارەکانی وەکو وەتەری عوود دەلەرێنەوە و دەیان ئاوازیان لێ دەخولقێت... هاوکات میوەیەکی سەیری دێتە بەرچاو، کە نازانێت لە کوێ دەڕوێت و چی پێ دەڵێن... ناو دەمی دەبێتە ئاودڕکەی لیک و هەر بەو نەشئەیەوە لێی ڕادەمێنێت... دەنگی خۆش بووایە، ئەو وشەیەی دەکردە دەسپێکی جوانترین گۆرانی و بەدەم برینی ڕێگای کێوێکی دوور دوور دەیچڕی... لەگەڵیا فرمێسکی هەڵدەڕشت و وەکو ڕۆڤانێکی نائومێد ڕووی لە ئاوەدانی نەدەکردەوە... شەوێ لە شەوانی زستان لە ئاهەنگێکدا گەورەی گۆرانیبێژانی ڕۆژهەڵات «شەهابەی هەولێری»[٦] بەدەنگی ئێجگار ئێجگار خۆشی قەڵای کردبووە بێشکە و سووک سووک ڕایدەهەژاند... ئەمیش منداڵێکی ناو ئەو لانکە شەقوشڕە بوو و بەخەیاڵی دۆستێکەوە دەگریا... بەداخەوە چەند ساڵێکە ئەو هونەرمەندە مەزنە نەماوە، ئەگینا «زێبە»ی وەکو نقیم بۆ لە جوانترین مەقام و بەستەدا دەگرت... پار بەجلی قوتابخانەوە بینی و سەرنجی لەو پووزە سپی و باریکانەی دا... گیانی بەژێر شەهەوەت کەوت... هێندەی نەمابوو لە باوەشی بگرێت و تێر تێر ئەو دەمە نوقڵییەی بمژێت... لەمەوە زوو زوو سەری لێ دەدان... بەتایبەتی ئەگەر بیزانیبا «سەید عوسمان» لە ماڵ نییە... ئەم و «جەمال» هەردووکیان شێت و ڕۆڤانی کۆتر بوون و بەو فیێلە دەچوو... ئەو جارە بەکراسێکی دانتێلی زەردەوە لە سەربان جلی هەڵدەخست و بازنی دەستە گۆشتنەکانی لە بەرتیشکی خۆردا دەبریسکانەوە... «جەمال» لە خۆشیی ئەو جووتە کۆترەی ئەم بۆی کردبووە دیاری، ئاگای لە دەوروبەر بڕا بوو و لە تەنیشت کولانەی ئەوانەی خۆیەوە جێگای بۆ چاک دەکردن... ئەم دەرفەتی هێنا و لەملا و لەولاوە توند قۆڵەکانی «زێبە»ی گوشی... ئەو بەحەپەساویەوە لێی ڕاما و هیچیشی بۆ نەوترا... شانی هەڵتەکاند و خێرا چووە خوارێ... «وەستا نوورەدین» ترسا گوێبەندێکی بۆ بنێتەوە، بەڵام دەرکەوت زۆر بەهەندی هەڵنەگرتووە، چونکە وەختێ ڕۆیشت و لە دەموچاوی ڕاما، هیچ گۆڕانێکی پێوە نەبینی... جاری پێشووش کاتێ پیاڵەی چاکەی خستە بەردەمی و لێی وردبووەوە، هەر بەڕاستی ویستی پەنجەکانی بۆ ڕوومەتە پەمەییەکانی درێژ بکات و دەمی بخاتە ناو ئەو پرچە ڕەشەیەوە، کە لەژێر تووڵێکی سپیی تەنکدا دەبریسکایەوە... قژی زۆر ڕەش و پێستی ئێجگار سپی... کەم جار ڕێک دەکەوێ بەیەکەوە کۆببنەوە... کتومت لە «لەیلا موراد»ی گۆرانیبێژ دەچێت، بۆیە کاتێ فیلمەکانی ئەو هونەرمەندە ڕۆمانسییە لە سینەما نیشاندەدرێن، ئەم چەند جارێ بلیتیان بۆ دەبڕێت و بەدزییەوە فرمێسک هەڵدەڕێژێت... دەمێکە خەون بەژنێکی ئاواوە دەبینێت... ئەرێ چۆنە هەر ئەمڕۆ

بنێرێته خوازبێنیی و ژیانێکی دیکه دەستپێبکاتەوە...؟! بەڵام چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە...؟! کێ دەڵێ دەست بەڕوویەوە نانێن و ڕیسواشی ناکەن...؟! نزیکەی بیست ساڵ لەو گەورەترە... قوتابییە و زەحمەتە هەر وەڵامیشی بداتەوە... ناچاریش نیین بیدەنێ... پارەی زۆر و چوار پێنج خانوو و ڕیزێ دووکان و ئۆتۆمۆبیلی نایابیان هەیە... بەتایبەتییش ئەم لە شاردا بەوە ناسراوە دوو ژنی کوشتووە و کەس ناوێرێت سەرکێشیی ئاوا بکات... لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە «سەید عوسمان» لە هەر مرۆڤێکی دی چاکتری دەناسێت و بەنهێنییەکانی دەزانییێت، بۆیە کارێکی ئاوا ئاسان نییە.

هەر بەو خەیاڵانەوە گەیشتە ئەوێ... لەسەری کۆڵانەوە هەندێ کەلوپەلی خراپی لە بەردەرگای خانووەکەی تەنیشتیانەوە بینی و کەمێ بەلایەوە سەیر دەردەکەوتن... «سەید عوسمان» ئەو سێ خانووەی ڕیزی خۆیانی بەکرێ دابوو و هەموو جارێ بەمی دەوت: «کاکە ژیان زەحمەتە، وا نەبێ ناچێتە سەر»... وەستا گەیشتە ئەوێ و برێکی گرت... دابەزی و لە دەرگای دا... دوای جەژنەپیرۆزە و چاکوچۆنی، لە ژوورەوە دانیشت و هەر زوو مەسەلەی کەلوپەلی بەردەرگای کرێچییەکەیانی هێنایە گۆڕێ و پرسیاری ئەو ژن و پیاو و کچە عازەبەی کرد، کە بەدیاریانەوە دۆشیان دابردبووەوە... «سەید عوسمان» ئاخێکی هەڵکێشا، کە لەوە دەچوو پێشتر هەزارانی دیکەی ئاوای هەڵکێشابێت و پڕی بوو لە بێزاری... ئینجا وتی:

– نازانم چ بڵێم... حاشاکی تور کرێچییەکی سەگبابم هەیە، ئەوە سێ مانگە پارەی نەدامێ... دەچمە سەری، دەپاڕێتەوە و دەڵێ نیتم... ئەمنیش ئەوڕۆ هەستام چشتەکانیانم فڕێدا دەرێ و دەرکەم کلیل دا... ئەوجا کێوە دەچن با بچن، قیڕی سیا لە پارەی ئەو سێ مانگەش... بەقوربانی تور بی.

وەستا بۆ ساتێ ژنەکەی هێنایە بەرچاوی، کە بەدیار ساجێکەوە وەستا بوو و باڵای زۆر بەرز خۆی دەنواند... ئەگەرچی گەلێ بەدیقەتەوە سەرنجی لێی نەدابوو، بەڵام تەڕ و ئاودار دەردەکەوت... سەرێکی بادا و بەپیشەی هەمیشەی خۆی گاڵتەکانی دەستپێکرد:

– چاوچنۆک، بەو جێژنەیەی لەباتی خێر و خێراتت، ماڵی فەقیران داوێیە کۆڵانێ...؟!

– بەقەستی ئەوڕۆ وەم لێکردن، هەتا بزانن چەند ناخۆشە خواردنی بەدەوی عالەمێ بکەنە ژەهر.

«روقیە» لەولاوە هەڵیدایە و وتی:

– وەڵا عوسمان خواردنیان هەر بەدەوی تور تاڵ کردیە.

ئینجا هەڵوێستەیەکی کرد، بۆ ئەوەی پیشانی وەستای بدات، کە لەگەڵ ئەوەشدا قسە لە قسەی مێردەکەیدا دەکات، بەڵام ڕێزیشی لێ دەگرێت، ئەوەتا لەجیاتی وشەی «ژەهر»، «تاڵ»ی بەکارهێنا... تەنانەت تۆنی دەنگیشی گۆڕی:

– ئەرێ وەڵڵا خواردنیان بەدەوی تور تاڵ کردیە، دەنا ئەمن و جەمال و زێبە دەڵێین گوناحن، مادام نەیانبی، چییان لێ بکەین.



«زەینەب» دەستی کرد بەگریان و وتی:

– لە سبەینێوە ئەمن وا لە بابم دەپاڕێمەوە و دەڵێم با دەریان نەکاتن، بەس ئەو بەقسەم ناکا.

شەرم ڕێی پێ نەدا لەوە زیاتر بڵێت و دایکی بۆی تەواو کرد:

– زێبە کچەکەیانی ئەوەندە خۆشدەوێ، شەو و ڕۆژ پێکەوەنە... دەڵێ ئەمن بەبێ وی ناحەوێمەوە.

ئەوسا وەستا وتی:

– ئەدی ئەوە جەمال لە کێندەرێیە...؟

«روقیە» وتی:

– لۆ جێژنەپیرۆزەی چوویتە ماڵی خزمان.

وەستا شارەزاییەکی سەیری لە خوێندنەوەی دەموچاوی بنیادەمدا هەبوو و زۆر جار تەنها بەلەرەیەکی ناو دەنگی ئەوەی بەرامبەری، دەیزانی تەنگوچەڵەمەیەکی هەیە، یان دەیەوێت نهێنییەک بشارێتەوە، بۆیە هەستی دەکرد ئەو مەسەلەیە دیوێکی دیکەی هەیە، بەڵام ئێستا ئیشی بەوانە نییە... ئەم وەک داڵێکی برسی، کاتێ بۆنی لاشەیەکی مسۆگەر دەکات، هەموو ئەوانە بەجێدەهێڵێت، کە بەدەستهێنانیان نزیکن لە مەحاڵ، ئیدی تەواوی هۆشی خۆی بۆ ئەو ماڵە خستە کار و ئەوانی بەلاوە نا... ئێستا پشتی «روقیە» و «زەینەب» دەگرێت و تۆڕی خۆی دەخاتە گۆمەوە... ڕووی کردە «سەید عوسمان» و پێی وت:

– بینە ئەو کلیلەم بدێ... ماڵی خۆمە و ئەمن جارەشکە بەکرێی دەدەمەوە... بزانە کوو لێرەوە هەموو سەری مانگان پارەت لۆ دەیێن.

ئەوان لە زمانی یەکدی تێدەگەیشتن و هەزاران سەودای دیکەی ئاوایان کردبوو... هەر خێرا کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستی... ئەم هەستی کرد ئەوە هەر تەنها کلیلی دەرگایەک نییە، بەڵکو هی دنیایەکی گەورەیشە... دنیایەک دەمێکە لێی دەگەڕێت و ئێستا وا لە بەرقاپییەکەی وەستاوە... ئەوەتا یەکسەر چاوی کەوتە سەر ژنەکە... تەمەنی ناگەتە سی... جلێکی پەڕپووتی پۆشیوە و لە دە لاوە پینە کراوە... ڕەنگە بیری چووبێتەوە، کاتێ خۆی چ ڕەنگێکی هەبووە... ئەو باڵایەی ڕۆژێ لە ڕۆژان دنیایەک جوانیی پێوە بووە، بەڵام نەبوونی و برسیەتی هەموویان لێ سەندۆتەوە... لەگەڵ تێکڕای ئەمانەشدا بەسەریدا بازدەدات و تەماعی زیاتری هەیە... بەتیلەی چاو ڕوانیە کچەکە و چەشنی لێ هەڵگرت... ئەوەندە بەسە و دەبێت وای پیشان بدات، کە هەر نەشیبینیوە... چەند هەنگاوێ لێیان نزیککەوتەوە و دەستی خستە ناو دەستی کابرا... پەکوو...!! ئەوەندە بێهێزە توانای ڕاوەشاندنی نییە... دەبێ چەند ڕۆژ بێت دەمی بەر زاد نەکەوتبێت...؟! لە تەمەنی خۆیەتی، مەحاڵە ساڵێکی لە سیوپێنج تێپەڕاندبێت، بەڵام سیمای بنیادەمی پێوە دیار نییە... لەگەڵ ئەوەشدا بەڕووی خۆشەوە جەژنەپیرۆزانەی لێ کرد، کەچی ئەو ترسێک نیشتۆتە سەر ڕووخساری و کۆمەڵێ پرسیاری کتوپڕی تێدا دەرکەوتووە... جورئەتیش ناکا لێی پرسێت: «ئەرێ برا دەزانم تۆ لە ماڵی سەید عوسمانەوە هاتیتە دەرێ و ڕەنگە خزمیشی بیت، بەڵام پێم

نالێی چیت لێم دەوێ...؟! لێرەش دەرم دەکەن...؟! ئەو پەنادیوارەشم پێ زۆر دەبینن...؟!».

وەستا کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لێزانانە زمانە لوغزاویەکەی خستە کار:

– برای بابم خەڵک وەکی خانیی بەکرێ دەدەن، لۆ ئەوەیانە شەش عانەیان لێ بەدەست بکەوێ... ئەخەر ئەنگۆکوو دەبی سێ مانگ پارەی ئەو ماڵەی نەدەن و...

پیاوەکە گریان قوڕگی گرت و ورتەورتێکی ناڕۆشەنی لە دەم هاتە دەرێ:

– دە بەو خوایەی... ئەمن... ئەوە...

وەستا گوێی لێ نەگرت و وتی:

– ئەمن چاوم پێتان کەت، ئاگرم تێبەربوو... ئەوەتە کلیلەکەم لۆ هینایەوە... بەس ئەتوو پێم بڵێ لۆ ئیشێ ناکەی و...

– ئەمن وەڵلاهی... بەچ باوەڕ دەکەی...

وەستا جارێکی دیکە زیرەکانە ڕێی لێ گرت و پێی وت:

– دەزانم دەڵێی ئیش نییە، بەس ئەوەی بیەوێ، ئیش لە خۆڵێ زۆرترە.

ناونیشانی دووکانەکەی خۆی دایە و پێی وت:

– دە ئەتوو پاش جێژنەی وەرە کن برای خۆت، بزانە چ ئیشەکت لۆ دەبینمەوە.

ماڵەکە لە خۆشییان گەشانەوە و دووعایان بۆ وەستا کرد، بەڵام ئەو نەوەستا و خێرا بەجێیهێشتن... دوای ئەوەی نانی ئێوارەی لەسەر سفرەی سەید خوارد، هەر خێرا هەستا و چووە ماڵی «بورهان کوورەچی»... بەدزیی ژنەکانیەوە پێی وت:

– پاش جێژنەی عەمەلەکت لۆ دەینم، ڕۆژێ هەشت درهەمی دەدەیێ.

– هەشت درهەم...!! لۆ کوڕی مەلیکی حیجازیە...؟! چم لۆ دەکاتن...؟!

– جار جار ئاوی حەوزەکەت لۆ شلدەکاتەوە... وەکی ماندییش بوو، لە بەرسێبەرێ دادەنیشی و هەقایەتت لۆ دەڵێ.

– ئاوم لۆ شلدەکاتەوە و هەقایەتم لۆ دەڵێ...!! بڕۆنێ...!! بڕۆنێ...!! قسەشی بەقسەی بنیادەمان ناچی... ئەوجا ئەمن لە کەینێوە ئەوەندە کەر بوویمە، پارەی خۆم لە چشتی وەها...

– کورە هەی وڵاغ... خۆ لە کیسەی خۆتی دەرنایینی.

«بورهان» چاک وەستای دەناسی و هەمیشە لە فێڵەکانیان یارمەتیی یەکدیان دەدا... پێرار لە سایەی ئەودا ژنێکی مووسڵاویی بەخۆڕایی دەستکەوت و سامانێکی زۆری لەو ڕێگایەوە بەدەست هێنا... ماوەیەک دەنکی خۆی بوو و زۆربەی شەوەکانی لە ماڵەکەی ئەودا بەسەر دەبرد... کاتێ «حەربیە مووسڵاوی»ی دایکی هەڕەشەی لێکرد و پێی وت ئەگەر نەیهێنێ، ئەوا هەر خۆی دەزانێ کام زیندان



دەبێتە ماڵی ئەبەدیی... ئینجا ئەو «بورهان»ی پێ ناساند و مەسەلەکە بەئارامی کۆتایی هات... ئێستا ئەو خاوەنی سێیانی جیاواز جیاوازە، بەڵام «عەدەویە»ی لە هەموویان زیاتر بەدڵە... سەرێکی بادا و وتی:

– ها گەمبۆر دیسان چ فێڵەکت لەبن سەرت دانایە...؟!

– فێڵەکە وەکی فێڵەکەی توو... ئەوەی پێی بوویە پیاو... وەلەو ئەتوو قەت نابیە پیاو.

– ئیشتەم دەدەی لە چاوم...؟ تفکەم لە ڕووت...؟ «بە چاوم دادەیتەوە...؟! تفێ بکەمە ڕووت...؟»

– زۆری مەڵێ... ئەوەی پێم گۆتی، دەیکەی.

– داخی لەگەڵ توو چم پێ ناکرێ...!!

لە جۆری پلانەکەی تێگەیاند و بەجێیهێشت.

دوای جەژن کابرای کرێچی دەرکەوت و بەشەرمێکەوە سەلامی کرد... وەستا هێنای لەسەر کورسییەکی دار داینا و خێرا چای خرایە بەردەم... ئینجا بۆی گێڕایەوە، کە چۆن چۆتە لای «بورهان کوورەچی» و ئیشی بۆ دۆزیوەتەوە... ناونیشانەکەی دایە و پێی وت لە سبەینێوە بچێت دەستپێکات... کابرا دوای ئەوەی دنیایەک پێزانینی خۆی دەربڕی و بەجێیهێشت، وەستا هەر خێرا بانگی کرد:

– کاک حەسەن...!! کاک حەسەن...!! وەرە...!!

چپاندیە گوێچکەی:

– ئەگەر زانیت پارەی باشت ناداتێ و ئیشی زۆرت پێ دەکا، یەک دەقە ڕانەوەستی و بەجێی بێڵە... هەقت بەسەر ئەوەیدا نەبی برادەری منە... وەرەوە کنە خۆم و ئیشەشکەت لۆ دەبینمەوە.

«حەسەن» بەبازاڕدا دەڕۆیشت و خەونی بەژیانێکی دیکەوە دەبینی... ئێستا مادام پیاوێکی وەکو «وەستا نوورەدین چەخماخچی»ی ناسیوە و ئەو هەموو ڕێزەی لێ دەگرێت، لە چی بترسێت و تا کەی دڵەڕاوکێ لە پەلوپۆی بخات... ڕۆژی یەکەمی جەژن کاتێ «سەید عوسمان» هات و کەلوپەلەکانی فڕێدانە دەرێ، هێندەی نەمابوو دەست بۆ چەقۆکە بەرێت و هەناوی خۆی پێ هەڵدڕێت... منداڵەکانی ڕەوانەی ماڵی «ڕۆستەم»ی پوورزای کرد، ئەگەرچی لای ڕوون بوو «بەهیە»ی ژنی پێی ناخۆشە و ناو جگەری ئەوان و هی مێردەکەیشی دەخوات... هەرگیز نەیدەزانی ئەوەندە بێکەس و داماوە... ڕۆژگارێ لەو لادێیەی خۆیان کوڕێ بوو هەزارویەک حیسابی بۆ دەکرا... لەگەڵ دایکێکی بێوەژن و خوشکێکی عازەبدا دەژیا و ماڵێکی بەڕێوە دەبرد... دەیان کچ چاویان لێ نوقاند و بڕۆیان لێ هەڵتەکاند... لە هەڵپەڕکێکاندا دەستیان گوشی و شانیان لە شانی خشاند... لە «خۆخە» زیاتر وەڵامی کەسیانی نەدایەوە... ناردیە خوازبێنی و ڕازیی نەبوون... جارێکی دیکەش داوای کردەوە و بەمەرام نەگەیشت... شەوێکیان هەڵیگرت و تا ناو شار نەوەستا... دوای بێنەوبەرەی زۆر لەگەڵ براکانی پێکهات و خوشکەکەی بەخشی... لێی خۆشبوون، بەڵام تا ئێستاش هامشۆی ناکەن... بێکەس و هەژار لە شارێکی ئاوادا دەژی و هەر ساڵێ

کرێچیی چاوچنۆکێکە... زوو زوو دەریدەکەن و وەکو پشیلە بێچووەکانی بەدەمەوە دەگرێت... هیچیان وەکو «سەید عوسمان» لەگەڵی دڵڕەق نەبوون... بەو جەژنەیە دەریکردن و کەلوپەلەکانی فڕێدانە دەرێ... لەپڕ «وەستا نوورەدین» وەکو هەوری ناوەختی بەهاران چەخماخەی دا و بارانی ڕەحمەتی بەسەردا باراندن... هەرگیز لە بیری ناچێتەوە، کە ئەوسا خۆی و «خۆخە»ی ژنی و «ناهیدە»ی کچی دەتوت بەدیار لاشەی مردووانەوە وەستابوون و ئەو هات لەو مەینەتیەی دەرهێنان... سبەینێش دەڕوات بۆ ئەو ئیشە و پارەی خۆی پەیدا دەکات... بێگومان ئەمە باشترە لەوەی وەکو پێشوو هەر ڕۆژێ لەگەڵ وەستایەک بچێت و بەئارەزووی خۆیان بیرەتێنن... یان بەحەفتە بێئیش لە ماڵەوە دانیشێت و بەدیار منداڵەکانیەوە ئاخی سارد هەڵکێشێت... ئەو نەخۆشییەی تووشیشی هات، بەشێکی هی ئەو بێکاریەی بوو، نەک وەکو ئەوەی وتیان هی ماندوێتیە... بەشەکەی تریشی... واز لەمەیان بێنە... نایەوێت بیری بکەوێتەوە و بەرگەی ئەو ئازارە ناگرێت... با بڕوا ئەو نەخۆشیە و نەیەتەوە... خۆ پارەوپوولی بەدەستەوە نەهێشت... دەیان شتی بەنرخی ماڵەکەیشی فرۆشت... هەرگیز ئەو بازنانەی «خۆخە»ی لەبیرناچێتەوە... «دەی قەیناکە هەقی لۆ دەکەمەوە... دەیبەمە کن زێڕینگری و با بەکەیفی خۆی بازن و خرخاری هەربژێری... دەبی ڕۆژی چەندی وەربگرم...؟!»:

– هەشت درهەم.

– بەڕاستتە وەستا...؟!

نەدەچووە ئەقڵیەوە ئەو پارەیەی بدەنێ... هەستی بەشەرمەزاریی کرد... ئاخر ئەو بەپێچەوانەی کرێکارەکانی دی، زۆربەی کات لە بەرسێبەر دانیشتبوو و نەدەجوولا... ئەوان تێکڕاشیان تورکمانن و لە خوێن و گۆشتی خۆین... کاتێ لێیان توورە دەبێت و بەزللە تێیاندەکەوێت، ئەم ڕووی خۆی دەکات بەولاوە و کسپە لە دڵیەوە دێت... کەچی لەگەڵ ئەویشدا ئاوا میهرەبانە... تەنانەت نیوەڕۆ کاتێ نانیان دەخوارد، پیرەمێردە لاوازەکە پێی وت:

– ئەمن ئەوە یەکەم جارە وەستا بورهانی ببینم لەگەڵ عەمەلەی باش بی... هەموومان خۆزگەی دەبەینە توو.

هەرچەند دەستی بۆ کارێکی قورس دەبرد، ئەو دەهات و پێی دەوت:

– شەرمەزاری وەستا نوورەدینم مەکە... بڕۆ لەبن کەپرێ دانیشە.

تەنانەت پێش نیوەڕۆ تەواو شەرمی لە خۆی کردەوە و بە«بورهان»ی وت:

– هەوکە بابە بێلە ئەمن ئەو پارەیەی خۆم عەرار بکەم... ئەدی ئەمن لۆ چ هاتیمە...؟

لەمەوە «بورهان» ئیشی دیکەیشی پێ دەکرد... دوای نیوەڕۆ ناردی بەکەر و عارەبانە چوار سەد خشت بۆ گۆڕستانی چراغ بەرێت... گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەندیان هەڵدەچنی... قاچەکانی شۆڕکردبووەوە و داڵغەی لێ دەدا... ژیانێکی ئاسوودەی دەهێنایە بەرچاو، کە لە ڕێگای ئەم ئیشە ئاسان و بەبەرەکەتەوە دەبێتە خاوەنی... منداڵەکانی لە سایەیدا دەبووژێنەوە... ئەگەر سبەینێ مردیش، ئەوا ئەوان سەرگەردان



نابن... کوڕ بوونایە، دەینادرنە قوتابخانە و پاشەڕۆژ هەر یەکەیان فەرمانبەرێکی باشی لێ دەردەچوو... «ناهیدە» زۆر گریا و پاڕایەوە تا لەگەڵ «قانیعە»ی «مەلا عەلی» قەیدی بکەن، بەڵام ئەم ڕازیی نەبوو... بگرە چینێکی باشیشی تێهەڵدا... دواجار کاتێ لەم خانووە «خۆخە»ی دایکی ڕێگای دا «زەینەب»ی «سەید عوسمان» لە ماڵەوە فێری بکات، ئەمیش ناچار سەری بۆ لەقاندەوە... ئەوەندەی پێ خۆش بوو، بەماوەیەکی کەم لەو چاکتر دەیخوێندەوە و دەینووسی... وای لێهاتووە سەری لە زۆر شت دەردەچێت... شار وەکو لادێ نییە... مرۆڤ ڕۆژ بەڕۆژ شەرەف و نامووسی خۆی لە دەست دەدات... بۆ ئەوەی پاروەوە نانێکت دەستکەوێت، دەبێت سەرشۆڕیی دنیا قەبووڵ بکەیت... ئێستا هەر چۆنێ بێت ئەم ئیشە خراپ نییە و دەتوانێت ژیانی منداڵەکانی لە کارەسات بپارێزێت... پێش هەموو شتێ لەم خانووە دەردەچێت و لەمە زیاتر بەرگەی ئەو سووکایەتیەی «سەید عوسمان» ناگرێت... لەوەتەی کرێچیی ئەوە، ڕۆژێکی خۆشی بەچاو نەبینیوە... بەدەستی بێت، ڕوو لە بیابانێک بکات و ببێتە خۆراکی گورگ و کەمتیار، بەڵام نەچێتەوە ئەو گەڕەکە و خەڵکەکەی نەبینێت... ئەوەی پێی کراوە، کەم نییە... هێندەی نەمابوو نۆبەرەکەی بداتە بەر چەقۆ و بیکوژێت... ئێستاش نەیزانی چۆن دەستی بۆ دواوە گێڕایەوە و لە چاوترووکانێکدا لەسەر دنیای هەڵنەگرت... زەحمەتە لەو مەسەلەیە تێبگات و تا ماوە پێوەی دەتلێتەوە... ئەرێ کەی کاتی ئەم خەیاڵە ناخۆشەیە...!! ئیشەکەی باشە و پێی ئاسوودەیە... ئەمەش بەسە، تا زۆر شت لە بیر خۆی بەرێتەوە.

ئەو لە ماڵەوەش وەکو جاران ماندوو دەرنەدەکەوت و زوو خەو نەیدەبردەوە، بەڵکو تا درەنگ لەگەڵیان دادەنیشت و پلانیان بۆ پاشەڕۆژی خۆیان دادەنا... بەڕووی خۆشەوە سەری لە ناسیاو و دراوسێکانی دەدا و کاتێکی خۆشی دەگوزەراند... ڕۆژی هەینی دوای نوێژی خوتبە چووە لای «وەستا نوورەدین» و بۆی باسکرد، کە چۆن لە سایەی ئەودا ژیانی تەواو گۆڕاوە و ژن و منداڵەکەی هەمیشە دووعای خێری بۆ دەکەن:

– هەوکە یەک چشتم پێ بڵێ، خۆ ئەو بێناموسە لەگەڵت خراپ نییە...؟!

– ناوەڵڵا وەستا وەکی پێم گۆتی گەلە پیاوەکی بەویزدانە و خاتری تووی زۆر دەوێ.

– بەدەست خۆیتی نایەوێ...؟!

ئینجا چاوێکی بەملا و بەولای کۆڵاندا گێڕا و فێڵبازانە پێی وت:

– فکرم لە چشتەشکە کردیتەوە... دەڵێم لۆ کوڕەکەشت لەگەل خۆت نابەی، بەشکوو ئەویش...

«حەسەن» پێکەنی و قسەکەی پێ بڕی:

– وەستا ئەمن...

دەیزانی دەڵێ چی و نەیهێشت تەواوی بکات:

– تاقانەیە...؟! ئەوجا تاقانەیە چییە...؟! نابی ئیشێ بکا...؟ ئەو کوردەوارییەی خۆمان لۆ ئەو چشتەی

گەلەک خراپن... تاقانە نابی ئیشێ بکا... دە وەڵڵا ئەمن تاقانەی داکەکی بێوەژنیش بووم و لە شەش ساڵییەوە ئیش دەکەم هەتا ئەورۆ... لە خوای بەزیادبی...

– وەستا دەرێم ئەمن بەناشکوری نەبی، کا کوڕم هەیە...؟!

ئەو خۆی گێلکرد و بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– لۆ چما ئەو کوڕەی ئەوێ ڕۆژێ لەگەڵتان بوو، هی خۆتان نییە...؟!

– کا کوڕ...؟! کیژەکەم بوو... بێجگە لەوی، سێ خزمەتکاری تکەشتم هەیە، ئەوانیش هەر کیژن.

بە هەمان سەرسوڕمانەوە:

– ئەوە ئەتوو بەڕاستتە...؟!

هەر خۆیشی بەقاقایەک پێشی لێ گرتەوە و نەیهێشت قسەکە پەلوپۆی لێ بکەوێتەوە:

– هەوکە وەستا بورهان گێی لێ بی، پێم دەڵێ ئەتوو چاوت بنیادەمی نابینی و ژن و پیاوی لە یەکدی جوودا ناکەیەوە... ئەگەر دەزانی لەسەر ئەو چشتەی چ کارەکم پێ دەکا.

ویستی خەیاڵی «حەسەن» بەتەواوی لەوە دووربخاتەوە، کە ئەو لەو یارمەتیدانە مەبەستی خۆی هەیە... ئەو تەقەی سەری دەهات و لە ماڵەوە وەکو نوکتەیەک بۆ ژنەکەی گێڕایەوە.

هەمووی بیست ڕۆژێک بوو لەو کوورەخانەیە ئیشی دەکرد، کاتێ عەسرێکیان «بورهان» باسی «وەستا نوورەدین»ی هێنایە گۆڕێ و ئەو بەپیشەی هەمیشەی خۆی کەوتە پیاهەڵدانی... ئەم ئاخێکی درۆی هەڵکێشا و پێی وت:

– بەس ئەمن زەینم دایتێ لەو زەمانەی خەڵکی باش هەر خەرابەیان دێتە ڕێ... ئەو ئەشرەفزادەیە بەدەست ژنی زاڵم تووشی عەزابەکی وەها بووە، هەموو سەروەتەکەی خۆی لە پێش چاوی کەتیە.

چەند ئاخێکی دیکەی وەکو ئەوەی پێشووی هەڵکێشایەوە و درێژەی بەقسەکانی دا:

– خەتای خۆشی بوو... زۆرم پێ گۆت ئەگەر ژنی دەینی، بزانە بابی کێیە... کەسوکاری چنە... هەر لە خۆڕا خۆت پێدا مەدە، بەس گێی لە قسەی من نەگرت... هەوکە تۆبەی کردیە و دەڵێ ئەمن هەتا مایمە ژنی نایئم... پێی دەڵێم کورە ئەتوو شێت بووی...؟! لۆ چما لەو شارەی کچی پیاوان بڕاینە، هەتا ئەتوو بێژن دانیشی...؟! بەخۆم لۆت دەینم... یەکەکت لۆ دەینم شەریف بی، ئەوجا یاخوە کچی پیاوەکی بی، نان نەبی بخواتن.

«حەسەن» ویستی لەوە تێبگات، ئاخۆ ئەو مەسەلەیە چییە و ژن بۆ ئاوا چوارمێخەیان کێشاوە، بۆیە بەکەمێ شەرمەوە پرسی:

– ئەمن تێنەگەیشتم... وەستا چی بەسەرهاتیە...؟

– پیاوی مەرد و بەشەرەف لەگەڵ ژنی خەراب و ڕافزی چی بەسەری دێ، ئەوەی بەسەرهاتیە... ژنەکی



باشی هەبوو، بەقەزاوقەدەر مرد و خوا لێی خۆش بی... کچەکی ئاقڵی لە پاشە خۆی بەجێهێشت... ژنی دووەمی نازانم کووت لۆ باس بکەم... بەکەڵک نەهات و لە کۆڵی کردەوە.

– پەکوو...!! وەڵڵاهی گەلەکم سوو لێ دەبتەوە... بڕۆنێ ژنی خراپ چ بەپیاوی دەکاتن...!!

«بورهان» ئەمەی قۆزتەوە و وتی:

– هەی ڕەحمەت لە بابت... هەر ئەوەی بڵێ... ئەرێ وەڵڵا هەر ئەوەی بڵێ... ئەخر لۆیە ئەمن دەڵێم ئەو جارە کچی پیاوەکی پیاوانەی لۆ بینم.

پشووێکی بۆ دا و ئەمەیشی خستە سەر:

– کاک حەسەن شەرع عەیبی لۆ نییە... ئەمن لە ڕێی ژنەکی خزمی خۆم زانیتم ئەتوو کچەکی ئاقڵت هەیە... دەڵێم لۆ نایەی زیاتر لەو پیاوە باشەی نێزیک بیەوە و...

«حەسەن» لە دەموچاوی ڕاما و ماوەیەک هیچی بۆ نەوترا... وەک بڵێی بیەوێت جارێکی دی و بەشێوەیەکی جیاوازتر لە پێشوو «وەستا نوورەدین» بێنێتە بەردیدەی و لێی وردبێتەوە... بەڕاستییش وابوو... کچە چواردە ساڵانییەکەی بداتە پیاوێکی هاوتەمەنی خۆی... بڕیارێکی وا ئاسان نییە... ڕاستە کەسێکی باشە و چاکەی هەیە بەسەریانەوە، بەڵام کێ دەڵێ ژیانی کیژی ناکەوێتە مەترسیەوە... دوایی هەمووی مانگێک نابێ ناسیویەتی... چەند هێنای و بردی، هەر بەوە کۆتاییی هات پێی بڵێ:

– فکرەکی لێ دەکەمەوە.

ئەم پێی وت:

– بەچ سوندت لۆ بخۆم وەستا نوورەدین، ئاگاشی لێ نییە... بەس ئەمن هەردووکتان دەناسم و دەبینم لە یەکدی دەوەشێنەوە... ئەتوو نایناسی، بەڵان برۆ لە عالەمێ بپرسە بزانە ئەو پیاوە سەری بڵند دەکاتن...؟! زۆر جار بەسوعبەت پێی دەڵێم کورە دە تەماشای ئەو کچە جوان جوانانە بکە، بەشکوو یەکەکیانت بەدڵ بی... ماڵوێرانە دەڵێی دێوانەیە و تەقەی سەری دێ.

ئەوسا «حەسەن» چەند ڕۆژێ لەمەوبەری بیرهاتەوە، کە چۆن وەستا «ناهیدە»ی کچی لێ بووبووە کوڕ، بۆیە زیاتر گومانی لە پاکیی ئەو پیاوە نەما... بەڵام لە لایەکی دیکەش ئەو کوشتن و بڕینەی گوێشی لێ بوو، ترسێکیان خستە دڵیەوە... بەهەرحاڵ مەسەلەیەکی ئاوا بەئاسانی بڕیاری لەسەر نادرێت... جارێکی دییش وتی:

– فکرەکی لێ دەکەمەوە.

«بورهان» کاتێ بەپەنجە ئەستوور و تۆزاویەکانی ڕوومەتی خۆی دەخوراند و سەرنجی لە سیمای وی دەدا، وتی:

– ئەگەر ئەتوو ڕازیی بی، ئەمنیش بەوەستا نوورەدینی دەڵێم... بەخودای ئەو جارە نایێڵم لە بن دەستم دەربچی.

«حەسەن» وەکو هەموو ئێوارەیەکی دیکە دوای ئیش بەهەنگاوی جار جار خێرا و گاهـ گاهـ هێواش ئەو ڕێگایەی نێوان کوورەخانە و ماڵەوەی دەبڕی، بەڵام ئێستا خەیاڵەکانی بەشێوەیەک پەرشوبڵاوبوونەتەوە، کە زەحمەتە بتوانێت کۆیانکاتەوە و بزانێت ئەو مەسەلەیە بەچ ئاڕاستەیەکدا بەرێت... سەرەتا پەلەی بوو بگاتە لای «خۆخە» و بەجووتە لێی بکۆڵنەوە، بەڵام دوای کەمێ ئەمەیانی بەلاوە نا، چونکە ئەو ژنێکی هەڵەشەیە و وەکو زۆری دیکەی پێشووی، لێی دەشێوێنێت و دەبێ هەر ئاخ و ئۆف هەڵکێشێت... دەیان جار لە دڵی خۆیدا وتوویەتی: ئەگەر ئەو نەبایە، ئێستا ژیانی بەشێوەیەکی تر بوو... زمانێکی هاری هەیە و ئەم بەڕاستی لێی دەترسێت... هەر کاتێکیش ناڕەزایی دەربڕێت، ئەو دەستەکانی بەملا و بەولای قەپرغەیەوە دەگرێت و پێی دەڵێت:

– ئەوهایە...!! غەدرم پێ قبوور ناکرێ... لەبەر ئەو زمانەی من نەبی، خەرکی دەمانخۆن... ئەدی بەتەمای توو بین لە کۆرانێ...؟! هەر وس...!! وس...!! قەت پیاوی وەکی توو دەمچەفتم نەدیتیە.

ئیدی حوکمی ماڵی بەدەستەوە گرتووە و «حەسەن» ناوێرێ هیچ هەنگاوێ بەبێ پرسی وی بنێت... ئەو مەسەلەیەش دواجار هەر خۆی بڕیاری لەسەر دەدات... بەڵام ئەم بەلایەنی کەم دەبێ بزانێت «وەستا نوورەدین» هی ئەوەیە بیکاتە زاوای خۆی... ئەگەر لەوە دڵنیا نەبێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەک لای «خۆخە» نایدرکێنێت... لە دەمی «بورهان»ەوە هەندێ زانیاریی لە بارەیەوە زانی، بەڵام ئەوانە نەک هەر بەس نیین، بەڵکو خۆشیان کۆمەڵێ گومانیان خستە دڵیەوە... ژنێکی مردووە و کچێکی لە دوا جێماوە... لە ڕووی نەهات لێی بپرسێت تەمەنی چەندە، بەڵام دوور نییە عازەب بێت... خۆزگە جورئەتی دەکرد و دەیپرسی... نەیویست هیچ شتێ لەو بارەیەوە بدرکێنێت... بەشی خۆی تێدەگات... ژنی دووەمی کوشتووە... ئەمەیان ترسناکە... سەرباری هەمووشیان دوور نییە خزمی «سەید عوسمان» بێت... خزم نا، بەڵام بێگومان ناسیاویانە... ئەگەر لە بنەماڵەی ئەوان بووایە، بەسەید بانگ دەکرا... هەر چۆنێ بێت ئەمەش گرنگە لێی تێبگات، چونکە ئەم لەگەڵ ئەو کابرایە تووشی کێشەیەکی وەها نەبووە، تا بەئاسانی لێی دەربچێت... بیری لە «جەلیل کورتاندروو»ی ناسیاوی کردەوە، کە دووکانی لە نزیک «وەستا نوورەدین»ە و بێگومان ئەو دەیناسێت... ڕاستە پیاوێکی چەنەبازە و حەزی زۆر لەوەیە بەنهێنیی خەڵک بزانێت، تەنانەت پار «کەریم خەجیلە»ی گۆشتفرۆش لەسەر ئەوە بەشەق وەریگەڕایە و دەمی پڕ خوێن کرد... بەڵام کەسێکی درۆزن نییە و چاکەشی لە دەست دێت... ڕێگای گۆڕی و چووە وێندەرێ... دوای چاکوچۆنی و کۆمەڵێ قسە و باسی دیکە، لێی پرسی:

– وەستا نوورەدین چەخماخچیی ناناسی...؟

ئەو وەک بڵێی هەرگیز باوەڕی نەکردبێت، پرساری کەسێکی ئاوای لێ بکات، بۆیە بەسەرسوڕمانەوە وتی:

– وەستا نوورەدین ژنکوژ...؟! خێرە...؟!

«حەسەن» دەمی وشک بوو و نەیزانی چی بڵێت... چەند نەغمەیەکی ناخۆشە... بۆچی ئەو تاقە کەسە



ژنی خۆی کوشتبێت...؟! ئەدی ئافرەت کە دایە بێناموسی، پیاو چی لێ بکات...؟! ئەو نازناوە چییە پێوەی لکاوە...؟! خۆی هێمنکردەوە و پرسی:

– لۆ ئەوهای پێ دەرێن...؟!

– ئەوێ ساڵێ ژنی دووەمی دا بەر خەنجەران و پارچەپارچەی کرد... پێشتریش ژنی یەکەمی مردبوو، خەڵک گۆتیان ئەویشی کوشتیە.

«حەسەن» کسپەیەک لە دڵیەوە هات و لە تاوا بەبێ ویست نوقرچێکی لە نەرمەی ڕانی خۆی گرت:

– ئەوجا وەیە...؟!

– خوا دەزانی... بەس دەڵێی ئیشەکت پێیتی...؟!

– ئیشی خۆم نییە، هی خزمەکیە... پیاوەکی کووە...؟

– هەتا هەوکە خەرابەم لێی نەدیتیە... چ بڵێم...؟! کرمانج خۆشیان دەوێ و دەڵێن قسەی خۆشە.

– منداری هەیە...؟

– کچەکی عازەبی هەیە... هەتا پاریش لەگەڵ خۆی دەیهینا دووکانێ و ئیشی پێ دەکرد.

ئەمجارەیان «حەسەن» تۆنی دەنگی گۆڕا و بەشەرمەوە پرسی:

– ئەو کیژەی کووە...؟! ئاقرە...؟!

«جەلیل» زۆڵانە لێی ڕاما و بەدەم قاقایەکی ناشیرینەوە وتی:

– ئێ ئێ هەوکە زانیم چت دەوێ...!! لۆ خۆتە...؟! ئەدی ئەتوو ژنت نەبوو...؟! تەڵاقت دا یان مایتت و بەتەمای یەکەشکەش بینی...؟! پارەت لە کێ بوو...؟! دەتەوێ کوڕت زۆر بی...؟! لۆ چتە ماڵوێران...؟! بەچییان بەخێو دەکەی...؟! حاڵت زۆر خۆشە...؟! کێ خێری لە منداڵی ئەو زەمانەی دیتیە، هەتا ئەتوو بیبینی... کورە نەکەی، بەو خوایەی پەشیمان دەبیەوە... هەر حەفتەی یەکەم خۆشە، دوایێ بەهەردوو دەستان سەری خۆت لێدەدەی.

– مەترسێ... ئەمن لەوەی دوورم... بەس ڕایانسپاردیمە تەعقیبی ئەو مارەی بکەم... دیارە لۆ خێرێشە.

– وەڵلاهی هەر کوڕەک ئەو کچەی بینی، خەنی دەبی.

«حەسەن» ئەمەی زۆر بەلاوە خۆش بوو و ڕەنگی هاتەوە بەر... پرسی:

– لۆ خەنی دەبی کاک جەلیل، ئاقرە...؟! باشە...؟!

– ئیشتەم ئەمن قسەی خۆم کرد و هیچکە ناڵێم.

ئیدی «حەسەن» لەوە زیاتر پێی لەسەر دانەگرت و هەستا... هێشتا لە بەردەمی دووکانەکەی بوو، کاتێ ئەو بە«سەلیم بەربەر»ی بەرامبەری وت:

– ئۆدە دوشتە ئەروەتئۆلدرە نارن داونە. «ئەمەش کەوتە داوی ئەو ژنکوژەوە».

ئەو بەقاقایەکی وا بەرز وەڵامی دایەوە، بەڕادەیەک «حەسەن» سەری هەڵبڕی و لە چاوە زەقەکانی وردبووەوە، بەڵام گوێی نەدایە و نەیزانی پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە... بەلای ڕاستدا پێچی کردەوە و ویستی سەرێکی وەستاش بدات... دوو پۆلیسی گەنجی لابوو و بەتورکی قسەی بۆ دەکردن... چاکتر لە پێشوو سەرنجی لە سیمای دا و لێی وردبووەوە... کراس و پانتۆڵێکی لەبەردایە و قایشێکی چەرمی لەسەر کەمەری بەستووە... باڵایەکی بەرز و سەرێکی زل... قژی تا ئێستاش تاڵێکی سپیی تێنەکەوتووە و سمێڵی بەملا و بەولای لێویدا هاتۆتە خوارێ... بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەست دەکەی تەمەنی گەنجێتیی تێپەڕاندووە... هەرچۆنێ بێت ڕەنگوڕووی زۆر لە هی خۆی جوانتر دێتە بەرچاو... هەرکە ئاوڕی دایەوە و بینی، دەستی هەڵبڕی و وتی:

– وەستا حەسەن...؟! فەرموو...!! فەرموو...!!

دوو پۆلیسەکە ڕۆیشتن و خۆیان مانەوە:

– لەگەڵ ئیشەکەت کووی...؟! ئەو ناپیاوە چ دەکا...؟

– زۆر باشم و وەستا بورهانیش باشە.

– ئەدی ئەوە لۆ دیار نییە...؟! پێی بڵێ ڕۆژی جێژنەی تەزبێحەکەم لە ماڵی وان لێ بەجێمایە، با لۆم بینتەوە... بەخوای ناهێڵم ئەوەش وەکی ئەوانی دی داگیر بکاتن.

ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان لەو ڕۆژەوە یەکتریان نەبینیوە و ئەم ئاگای لەوە نییە باس لە مەسەلەی خوازبێنی کراوە... ئەوە لە کاتێکدا «نەجمە»ی خوشکیشی ناردووە تا لە نزیکەوە کچە ببینێت و بزانێت شێوەی چۆنە... ئایا ئەوە دەهێنێت، لەوە زیاتر خۆی پێوە ببەستێتەوە و پارەی دیکەی لێ بدات... ئەم بەیانییە پێش ئەوەی بێت بۆ دووکان، زۆر لە فێڵێک گەڕا و نەیدۆزیەوە، کەچی «نەجمە» برۆکانی هەڵتەکاند و پێی وت:

– هەوکە ئەتوو ناتەوێ ئەمن بچم بیبینم و هەستیشی پێ نەکاتن...؟!

– با.

– دە لێیگەڕێ لۆ خۆم.

هەندێ کۆنەجلی کۆکردەوە و خستنیە ناو بوخچەیەکەوە... عەبا و پەچەی هێنا و خۆی گەیاندە ئەوێ... دەبووایە وریای ئەوەش بێت ژن و منداڵەکەی «سەید عوسمان» نەیبینن... لە دەرگای ماڵی «حەسەن»ی دا و کیژۆڵەیەکی چوار پێنج ساڵان کردیەوە... لەژێر پەچەوە دەنگی خۆی تەواو گۆڕی و وتی:

– ماڵەکە جلکی باش و هەرزانم پێیە... ناتانەوێ...؟!

کچەکە لەپێش دایکیەوە ڕایکرد و هاتە بەردەمی... جلەکانی هەڵدەبڕی و لە چاوەکانی نزیکدەکردەوە... بەخۆی دەگرت و ئەملا و ئەولای پێ دەکردن... ئەویش سەرنجی لێی دەدا و وەکو وێنەگرێکی لێهاتوو وێنەی دەگرت... خێرا بیرێکی عەنتیکەیشی بۆ هات... ئەویش ئەوە بوو ڕۆڵی فاڵچییەکی ساختەی



بینی... دەستی کچەکەی گرت و ماوەیەک سەرنجی لە هێڵەکانی ناولەپی دا... پەنجەی پێدا دەهێنان و نوقرچی سووکی لێ دەگرت... مەکربازانە سەری لەقاندەوە و بەنەغمەیەکی عەنتیکە پێی وت:

– لەو ڕۆژانە پیاوەکی باش و زەنگین دێتە داخوازییت و دەرکەی بەختت دەکرێتەوە... پێدەچی زۆر جاحێڵ نەبی، بەڵام جوانە و دەتهاوێتە ناز و نیعمەتی... نەکەی لە دەست خۆتی بدەی، دەنا هەتا مای مێردی ناکەی.

بۆ ئەوەی نەڵێن مەبەستی پارەیە، کراسێکی هەڵگرت و پێی وت:

– ئەوەت دەدەمێ لۆ خۆت، بەس توخوا ئەگەر قسەکەم ڕاست دەرچوو، ڕۆژی بووکێنیەکەت ماچی بکە، هەتا ئەمنیش بەختی باشم بەنەسیب بی.

کچەکە تەریقبووەوە و نەیویست، بەڵام دایکی پێی وت:

– لێی وەرگرە دەی... ئەگەر ڕاست دەرچوو، وەعدەکەت مەشکێنە.

ئیدی هەر بەشەرمەوە دەستی بۆ ڕاکێشا و خستیە ژێر باڵی... ئەم هەستی کرد لەوە زیاتر پێویست ناکات بمێنێتەوە و بەجێیهێشتن... هەر بۆ چاوبەستیش لە یەک دوو دەرگای دیکەی دا و بانگی شتەکانی کرد... «خۆخە» لێی دەڕوانی لە خۆشیی ئەو کراسەی «ناهیدە»ی کچی بەخۆڕایی دەستیکەوت و ئەو پێشبینییە مەزنەی بیستی، دەتریقایەوە... ئاخر باوەڕی زۆر بەفاڵ هەبوو، بۆیە هەستێکی گەشبینانە خزایە دڵیەوە و سیمای ئەو زاوا وەهمیەی دەهێنایە بەرچاوی، کە وا بەرێگاوەیە و زۆری نەماوە لە دەرگایان بدات... شەو کاتێ منداڵان نووستن، بەئەسپایی خۆی گەیاندە سەر جێگای «حەسەن» و لە تەنیشتیەوە پاڵکەوت... مێرد لە خۆشییان نەیدەزانی چی لێ بکات... هەر زوو زوو بەچپە و بەهەناسەبڕکێوە پێی دەوت:

– ئەوە هەر لە خۆت دێ...!!

لەگەڵ هەر ئەمسەر و ئەوسەرێکدا دەیوتەوە و هەر جارێ بەنەغمەیەکی خاوتر... ئەنجام هەر پیتە و کەوتە لایەکەوە و ڕستەکە بەتەواوی شێوا... لە ڕاستیدا ئەوان درەنگ درەنگ دەتوانن ئاوا چەند ساتێکی کورت خۆیان لە منداڵەکان بدزنەوە... تاقە ژوورێکیان هەیە و جێگایان نابێتەوە... کچان دوو دوو بەیەکەوە لەژێر لێفەیەکی شڕدا دەنوون... هەرچۆنێ بێت ئێستا پایزە و تۆزێ بارودۆخ باشترە... «خۆخە» جێگای ئەم لە ژوورەوە دادەخات... ئینجا ئەگەر بیەوێت بچێت بۆ لای، ئەوا لەچکی خۆی دەخاتە ژێر لێفەی ئەمەوە... هەرکە زانی منداڵان خەویان لێکەوتووە، بەئەسپایی هەڵدەستێت و هێواش هێواش دەرگا دەترازێنێت... بەو ترس و لەرزەوە بەیەکدی دەگەن، کەچی زۆر جار لێیان دەبێتە شەڕ و «خۆخە» دەتۆرێ... چەند قسەیەکی ناخۆش دەکات و بەجێیدەهێڵێت... ئێستا بەپەنجە ختووکەی سنگی تووکنی دا و پێی وت:

– دەرکەی بەختمان کرایەوە... پیاوەکی باش و دەورەمەند دێتە داخوازیی کیژت... ڕەنگە زۆر جاعێر نەبی، بەس جوانە و دەیهاوێتە ناز و نیعمەتان.

«حەسەن» لە شوێنی خۆیەوە ئەبڵەق بوو و لێی پرسی:

– ئەتوو ئەوەت لە کێ زانیە...؟!

– چم لە کێ زانیە...؟!

– کوو دەزانی وەستا نوورەدینی چەخماخچی بەتەمایە بێتە داخوازیی ناهیدەی...؟!

«خۆخە» بەبێ ویست زللەیەکی بەشانیدا کێشا و بەحەپەساویەوە پرسی:

– کورە عەسەن ئەوە ئەتوو دەرێی چ...؟! وەستا نوورەدین چەخماخچیی کێندەرێ...؟!

– ئەدی ئەتوو ئەو قسەیەت لە کێ هینا...؟!

– ئەورۆ ژنەکی فارچی دەستی ناهیدەی خیندەوە و ئەوهای گۆت.

– فارچی...؟! وەڵلا دەق وەیە...!!

– چ وەیە...؟!

– هەوکە ئەتوو ڕێم بدە قسەت لۆ بکەم... ئەورۆ عەسرێ پاش ئیشێ بوڕهان کوورەچی ئەو مەسەلەیەی لەگەر کردمەوە.

«خۆخە» تووڕە بوو:

– مەسەلەت لەگەر کرایتەوە و لە منیشی دەشاریەوە...؟! ئەوە چییە...؟! تفوو لە من... وەی چەند هیچوپووچم... بەپێی خۆشم دێمە کنت... وەڵلاهی هەقتە عیسابی پووشی سووتام لۆ نەکەی... توخوا ئەمن لۆ چ باشم...!! هەی لە وجاغ نەمینێم... کورە ئەمن ئەو ڕۆژی خۆم سووک کرد، وەکی شەرەفی باب و برام لەبن پێم نا و بەگەر توو کەتم... تفوو لە من...!! کورە تفوو لە من...!! بریا ئەو شەوی بیانگرتبام و ناولینگیان هەربتلیشاندبام.

هاوکات جلەکانی ڕێکدەخستەوە و لێی دەکشایەوە... هەر بەو تووڕەییەوە هەستا و چوو پشتی بەدیواری ژێر پەنجەرە دا... «حەسەن» بەترسەوە دوایکەوت و لە بەردەمی دانیشت:

– هەوکە لۆ ئەوها تووڕە بووی...؟! باشە دەبی هەر چشتەکت بەدری نەبی، دەستبەجێ ئەو قسانە بجوویەوە...؟! خۆ نەتهێشت گووەکەم بخۆم... ئەمن بەبوڕهانم گۆت: بابە ئەمە کرمانجین، قەت ئەوها کیژی خۆمان بەمێرد نادەین... ئەو مەسەلانە ژن پێکیدەیئن... بەتەمابووم سبەینێ بەدزیی منداران پێت بڕێم... کچێ خۆ ئەمن چ گفتم نەدایتێ... مێردی بکا، هەر بەقسەی تووە و نەیکا، هەر بەقسەی تووە... چما ئەمن نازانم ئەتوو لە من باشتر سەرت لەو مەسەلانە دەردەچی...؟!

«خۆخە» کەمێ ساردبووەوە و حەزیشی دەکرد زیاتری لێ بزانێت، بۆیە بەنەغمەیەکی جیاوازتر وتی:

– ئەمن عەز ناکەم کیژم بفەوتێ... خۆ لە ملم نەکەتیە... کوو دەیدەمە یەکەکی نەزانم کێیە و کەسوکاری چنە... ئەو کابرایە خزمی مارێ سەیدیە، ئەمن وا پێم ناخۆشە قسەی لەگەر دەکەی، ئەوجا کیژیشمانی بدەینێ...!!

«حەسەن» ئەمڕۆ بەهەڵی زانی و بەشەرمێکەوە لە وەستای پرسی، ئاخۆ چۆن ئەوان دەناسێت... ئەویش



هەر لە زووەوە وەڵامی بۆ ئامادە کردبوو، بۆیە سەرێکی بادا و وەکو ئەکتەرێکی لێهاتوو بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە وتی:

– هەر کەسەک پژدێنی کەسک لە پشتی ببەستی، یان ئەفەندی بی و لەقەبی سەیدی هەبی، مەعنای وەنییە پیاوەکی باشە... ئەو کابرایە دنیایەک پارەی منی خواردیە... سەد جارم پێ گۆتیە بمداتەوە و هەر دەڵێی لەگەڵ ویشم نییە... ئەو جێژنەیەم بەفرسەت زانی و گۆتم بەشکوو هیچ نەبی نیوەی لێ وەرگرمەوە، بەس وەختەک دیتم پیاوەکی فەقیری وەکی تووی دەرکردیە، هەر تەمام لەوەی خۆم دانا و لێی خۆش بووم... بنیادەم هەر خراپەی نەبینی و چاکەشی لە بەرچاو بی... هەتا ئەگەر ئەو چاکەیە بەقەدەر نووکەدەرزیەکیش بی... ژن و منداڵەکەی بەخۆی ناچن... خێزانەکەی ڕووی سپی بی و بەخوشکم بی، ژنەکی گەلەک سەرڕاستە و هیچ لێشی ڕازیی نیینە... دەمەوێ یەک چشتت بەبیر بینمەوە... ئەوێ ڕۆژێ وەکی گلەییەکی برایانەم لێ کردی و گۆتم کرێیان بدێ، ئەوە لەبەرەوانم بوو، دەنا ئەمن حاشاکی توو سەیدی هەر بەچ نازانم.

«حەسەن» ئەمانەی وەکو خۆی بۆ «خۆخێ» گێڕایەوە... ئینجا ئەو پرسی:

– باشە ئەو کابرایە هەمووی مانگەک نابی ئەمەی ناسیە، ئەوە چبوو بەسەر دنیای یەخست...؟!

– کچێ خۆ ئەو هێشتا ئاگای لێ نییە... ئەوە هەر تەگبیری بوڕهان کوورەچییە.

– چ...؟! ئاگای لێ نییە...؟!

– ئەو دەیگۆت ژنەکی خزمم پێی گۆتیمە کیژەکی باشیان هەیە و ئەمنیش دەرێم لۆ لەگەر وەستای...

– کێیە ئەو ژنە...؟

– نازانم.

– دەبی کێ بی...؟! کورە ئەمن گەلەک دەترسێم مارێ سەیدی دەستیان لەو ئیشەیدا بی...!!

– کچێ نا نا...!! ئەتووش هەر چشتەک بی و وەبزانی ئەوانن، ئەوە نابی خۆخێ.

ئینجا سەرێکی بادا و وتی:

– ئەورۆ بورهان ناردمیە کن جەلیل کورتاندرووی هەتا کورتانی لۆ کەرەکانی بەڕادان بدەم... وەڵلا ئەمنیش بەفرسەتم زانی و پسیاری وەستا نوورەدینم لێ کرد... دەیگۆت پیاوەکی وەهایە، لەو بازاڕەی هەموو سوندی بەسەری دەخۆن.

– کەینێ چووی...؟

– پێش نیوەڕانێ.

– ئەتوو گۆتت بوڕهان پاش عەسرێ مەسەلەی لەگەر کردیمەوە.

ئەو دەمی تێکئالا:

– ئێ خۆ ئەمن... ئئئ... چی پێ دەرێن... گۆتم مادام ناسیتمان، نابی بزانین پیاوەکی کووە...!!

– وەڵلا عەسەن ئەمن نازانم چ بڕێم... سەرم لەو ئیشەی توو دەرناچی... باشە وەستا نوورەدین ئەمن

زەریف زەینم نەدایێ، بەس گەورە دیارە... وا کامرە... لۆ هەتا هەوکە ژنی نەینایە...؟

«حەسەن» ئەو پرسیارەی حەز لێ نەبوو و ترسێک خزایە گیانیەوە... لەگەڵ ئەوەشدا بەنابەدڵی وەڵامی دایەوە:

– کچێ ئەوە... برێم چ نازانم... پیاوەکی بێبەختە... ژنەکی مردیە و کیژەکی لە پاش بەجێمایە... ڕەنگە لە عومری ناهیدەی بی... نەیویستیە ژنی تکە بینتەوە، بەس خزم و کەس وازیان لێ نەینایە، هەتا تووشی ئافاتەکیان کردیە... ئێ ئەویش ئیدی... بەخۆت نازانی...؟! برێم چ... خراپ دەرچووە... ئەوجا ئەویش لە کۆری کردیتەوە... خۆ ژن هەموویان وەکی یەکدی نیینە خۆخێ... بەخودای هەیە پیاوی لە پیاوەتی دێخی... ئەتوو لە چاوی خۆترا مەڕۆنە عالەمێ.

«خۆخە» لەو شێوە گێڕانەوە و پاساوهێنانەوەی مێردەکەی، بۆی دەرکەوت ئەو زۆری پێخۆشە، بۆیە بەتەوسەوە وتی:

– ژنەکی مردیە و کیژەکی لە پاش بەجێمایە... ئێهـ...!! ئەوجا یەکەشکەی هینایتەوە و پوختە و جوان کوشتیتی... عومریشی چ نەبی لە سیوپێنجی کەمتر نییە، دەیەوێ کیژەکی چاردەساران بینی...؟! ئەو کیژەش ناهیدەی مەیە...؟! هەوکە ئەمن دەزانم نەدەبا پێم ناخۆش بی، وەکی دەتویست لێم بشاریەوە.

«حەسەن» بۆ ئەوەی دەرگای مەسەلەکە دانەخرێت و بەشتەکانی دیکەی وەستاشدا هەڵبلێ، وتی:

– ئەتوو لۆ ئەوەندە عەنتیکەی خۆخێ...؟! ئەمن قەت چشتی لە توو ناشارمەوە... ئەوە بەعسمان کرد و زانیمان بەکەلک نایێ... تەواو... لێی دەکشێینەوە... کابراش ئەگەر لۆ مە دەست نەدا، دیارە مەعنای وەنییە خەرکی تکەی بەدەست ناکەوی... ئەوڕۆ هەموو چشتەک بەپارە دەکرێ... ئەویش ئەوەندەی هەیە، ژنی نەک لۆ خۆی، لۆ کوڕی کوڕیشی پێ دەینی... چار پێنج کۆشکی هەر کۆشک هەیە... ئەوە بێجگە لە تڕومبێل و دووکان و نازانم چ و چ... عالەمیش زۆر دەیناسن و خاتریان دەوێ... وەڵڵا برێی خزمی وێمە، لەسەر سەری خۆتت دادەنێن.

– خزمی ئەوهام ناوێ و قەتیش نامەوێ لەبەر وی خەرک لەسەر سەری خۆیانم دابنێن.

– کچێ خۆ لەگەر تووم نییە... ئەتوو لۆ ئەوەندە عەنتیکەی مارەوەدان...!!

ئینجا «حەسەن» بیری لە فاڵچییەکە کردەوە و ویستی لەو ڕێگایەوە بۆی بچێت... بەدەم پێکەنینێکی ساختەوە وتی:

– بەزمی ئەو فارچییەش خۆشە...!!

دوای کەمێک ژنەکەی بەقسەیەک ئەو هیوایەشی بڕی:

– ئەمن وەها تێدەگەم ئەوە فێر بوو... چ بەدووری مەبینە ماریێ سەیدی ئەو کەتنەیان پێ کردبێ.

ئینجا پەنجەی دۆشاومژەی خستە سەر لێوی و وتی:

– هەوکە ئەمن تێگەیشتم... بورهان کوورەچی و وەستا نوورەدین و ماریێ سەیدی دەستیان لەو



ئیشەیدا هەیە و فارچییەکەش هەر بەخۆیان ناردیتیان... وەڵڵا دەق وەیە...!!

«حەسەن» لە داخا پێی وت:

– لەوەی زیاتر سەری خۆتی پێوە مێشێنە... ناهیدە گێی سووکە، با بەخەبەر نێ.

نەخێر، «ناهیدە» بەخەبەر نایە، چونکە نەنووستووە هەتا بێدار ببێتەوە... هەر لە سەرەتاوە هەموو شتێکیانی بیست، چونکە ئەم بەدرێژاییی ڕۆژ بیری لە قسەی ئەو ژنە فاڵچییە دەکردەوە و ژیانێکی خۆشی دەهێنایە بەرچاو... ئەوا گفتوگۆی نێوان دایک و باوکیشی هێندەی دیکە خەوی زڕاند و تازە دەبێت ورد ورد وشەکان شی بکاتەوە... لە ژیانیدا وەکو ئێستا ڕقی لە دایکی هەڵنەستاوە... ئەوەتا بەئاشکرا ڕێگرە لەوەی ئەم ببێتە خاوەنی پیاوێکی دەوڵەمەند و لە ماڵێکی خۆشدا ژیان بەسەر بەرێت... هەموو ڕێگایەکی بەکارهێنا بۆ ئەوەی قسەی مێردەکەی وەلاوە بنێت و هی خۆی زاڵ بکات... «وەستا نوورەدین چەخماخچی» پیاوێکی شارستان و کەشخەیە... جلەکانی پۆشتەن... لە سەرتاپای شاردا ناسراوە و خەڵک ڕێزی لێ دەگرن... خانووی گەورە و باخی فرەوانی هەیە... بەڕاستی قۆزیشە... حەیف ئەو ڕۆژە نەیتوانی بەچاکی لێی بڕوانێت... بەڵام شێوەی ڕێک لە بەرچاوە... ئەدی ئۆتۆمۆبیلە خاوێنەکەی بۆ ناڵێی... چەند حەزی لە بۆنی بەنزینە... کاتێ دەچێت بەقوولاییی لووتیدا، هەستێکی سەیر لە دڵیدا هەڵدەتۆقێ و لەزەتی دنیا دەبینێت... ئەو جارە «سەید عوسمان» لەگەڵ «زێبە» بردنی بۆ پیاسە و لە دواوە دانیشت... لەو دیمەنانەی سەر ڕێگا ڕادەما و ژیانی بەجۆرێکی دیکە دەبینی... بەڵام لەمەودوا پێشەوە هی خۆیەتی... تەنیشت مێردی... ژیان لەو ماڵەی ئەودا شتێکی ترە... چێشتی خۆش و بەلەزەت دەخوات... جلی جوان دەپۆشێت... لەو حەمامە پاکوتەمیزە خۆی دەشوات... لە بەرئاوێنەی ژوورەکەی دادەنیشێت و قژی شانە دەکات... بەعەتر دەیڕشێنێت... ئینجا مێردەکەی لەپڕ دێت دەست لە ملی دەئاڵێنێت و ختووکەی ڕوومەت و گەردنی دەدات... ڕایدەمووسێت و غەرقی لەزەتی دەکات... باوکی وتی کچێکی لە تەمەنی ئەویشی هەیە... ئەمەی بەدڵ نییە... نازانێت ناوی چییە و شێوەی چۆنە، بەڵام ڕقی لێیەتی و ئەو ماڵەی لەمان کردۆتە دۆزەخ... زۆر چەنەبازە و دەست دەخاتە کاروباریانەوە... چەند جار پێی وتووە لە وەخت و ناوەخت خۆی بەژووری ئەماندا نەکات، بەڵام ئەو گوێی ناداتێ و لەسەر ئەو ڕەوشتە ناشیرینەی بەردەوامە... با بەس ئەوە بکوتێتەوە بەچاویدا، کە ئەو کچی کێ بووە و لە چ ماڵێکەوە هاتووە، ئەگینا دەست دەنێتە ئەو قژە بۆگەنەی و هەمووی تاڵ تاڵ لە بێخەوە بۆ دەردەهێنێت... لای مێردەکەی ناڕەزاییی دەربڕیوە... ڕاستە لەبەر خاتری ئەم چەند جارێک لێی داوە، بەڵام هەق وایە زیاتر لەگەڵی توند بێت، چونکە ئەو زۆر چەتوون و هارە و ئاوا بەئاسانی تەمبێ نابێت... ئێستا بڵێ بۆ نایدەی بەشوو و لەم ماڵەی دوورناخەیەوە... زۆر بەرز دەفڕێت و بەهەموو کەسێ قایل نییە... خۆیشی بکوژێت، ناتوانێت مێرد بەپیاوێک بکات لەوەی ئەم قۆزتر و دەوڵەمەندتر بێت... هەرچی بێت و چۆن لە خۆی بڕوانێت، لە کارەکەرێک بەولاوە، هیچی دی نییە... پیاو لە ژنیەوە نزیکترە هەتا لە کچی... ئەوان پێکڕا دەنوون... بەجووتە خۆیان دەشۆن... شان بەشان دەچنە دەرێ... نهێنییان لای یەکدی دەدرکێنن... ڕەنگە جەژناوجەژن کیژەکەی لە باوەش بگرێت... «نوورەدین» بۆ ئەم لە هەموو کەسێ نزیکترە و چی سامانیشی

هەیە، هی خۆیەتی... با شوو بکات و ماڵەکەیان بۆ بەجێبهێڵێت... «ڕازیی» نابێت...؟! بۆ ڕازیی نابێت...؟! من خۆم بەدڵمە و باوکیشم پێی خۆشە... تەمەنی گەورەیە...؟! سیوپێنج ساڵە...؟! قەیناکا... من حەز دەکەم مێردەکەم ئاوا بێت... ئەگەر ڕێم لێ بگری، ڕەدووی دەکەوم... ئێستا زانیم دووکانەکەی لە بازاڕە و ئیشی چییە... دەچم بۆ لای و پێی دەڵێم: من هی تۆم و تۆش بەتەنها هی خۆمی... «ئەوەی» ڕازیی نییە، با ماڵەکە بەجێ بهێڵێت... سەد جارم پێ وتووی سنوورێکی بۆ دابنێ، با لەوە زیاتر ژیانمان لێ نەکاتە دۆزەخ... من شووم کردووە بەتۆ، تا بحەسێمەوە و ماڵم هەبێت، بەڵام ئەگەر تێیدا هەست بەخۆشی نەکەم، لە کەلاوەیەکدا بم و نان نەبێت بیخۆم زۆر چاکترە... «ئەوە» کەی ژیانە...!! لە ژوورێکی تەنگەبەری کرێ زیاترمان نییە... دەرەوە نابینم و بەسکی برسی و بەجلی دڕاوەوە منداڵ بەخێو دەکەم... چێشت لێدەنێم... قاپوقاچاغ دەشۆم... حەوشە گسک دەدەم... هێشتا لێم تووڕە دەبی... کەس بەهیچ نازانی... باوکم وەکو تۆ نییە... هێمنە و قسەی خۆشیشم لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەویش ناوێرێ لە ئاستی تۆدا دەم هەڵێنێتەوە... «با» هیچ نەڵێ، گوێی لێ ناگرم... خۆزگە ئەویش وەکو دایکی دەمرد و چاوی لەم دنیایە ئاودیو دەبوو... ئێستاش دەڵێی منداڵە و هەر باوکە باوکەیەتی... دە بڕۆ ملت بشکێنە و مشووری خۆت بخۆ... من و مێردم لەبەر تۆ ئاگامان لە دنیا بڕاوە... تاقەتی شەڕ و دەمەقاڵێیم نییە... سکم هەیە... دوێنێ لە بەربەلوعە ڕشامەوە... لە ئێستاوە بێشکەم بۆی کڕیوە... کانتۆرەکانم پڕکردووە لە جل... «پێیم» وت کورە ئاگات لێ بێت... تاقەتی ئەوەم نییە... دەبێ خۆم بکوژم... دەبەسە، نەوەکا لەپڕ بێنەوە و بمانبینن... لەسەر دیواری نێوانمان ئاودیو بوو... کەچی ئەوان تا درەنگ نەگەڕانەوە... چەند پەشیمان بوومەوە... خۆزگە وام نەدەوت و نەدەڕۆیی... ڕۆژی دوای ئەوە لە سەربان بینیم... پێی وتم: ماڵتان بڕوا، شێت دەبم... باوکم دەکوژم، ئەگەر دەرتان بکات... بەڕاستیمە... دەیکوژم... لە خەودا دەیخنکێنم... ئینجا زەرفێکی بۆ فڕێدام... کردمەوە... پڕی پارە بوو... وەی نەمزانی چی لێ بکەم...!! دەستم دەلەرزی... بۆم هەڵدایەوە... خۆزگە دەمژمارد... وتی: بۆ خۆت... بۆ خۆت... هەمووی بۆ تۆ... «ئاخر» پەشیمان نەبیتەوە... من ژنی تۆم... هەر من لەگەڵت دەمێنمەوە... سبەینێ ئەو شوو دەکات و بەلایەکدا دەچێت... ڕەنگە مانگی جارێکیش نەیەتەوە... دڵیشی زۆر ڕەقە... قەت وا نەزانی تۆیشی خۆش دەوێت... تۆ دایکیت خۆشدەویست...؟! لەگەڵی دەنووستی...؟! ماچیت دەکرد...؟! بەیەکەوە دەچوونە دەرێ...؟! لە من جوانتر بوو...؟!... «پێم» نەوتی ئەگەر دەرتان بکات، ماڵەکە بەجێدێڵم...؟! لە تۆ زیاتر کەسی دیکەم ناوێ... با بۆ خۆی هەر بڵێ... دایکیشم پشتی منی گرت... کاتێ هات بۆ ماڵی خاڵم، گریا و پێی وتم: بەقوربانت بم وەرەوە... بۆچی ئەم جەژنە لە خۆت و لە ئێمەش تاڵ دەکەی... ئێستا وا ڕازیمان کرد دەریان نەکات، بەشکوو دڵی نەرم بێت و بۆتی بێنێت، بەڵام نابێ خوێندنەکەشت بەجێ بێڵیت... «ئیتر» بەس ئەوەندە بەبەردەرگاماندا هاتوچۆ بکە و لە ناوماڵمان ڕامێنێ... بەس لێرە و لەوێ دوامکەوە... تەمای چییت بەمن ماوە... بهێڵە بۆ خۆم بژیم... بۆ وام لێ دەکەیت...؟! بۆ...؟! بۆ...؟! مێردم تووڕەیە... دڵی پیسە... بتبینێ، من لە پێش تۆوە دەکوژێت... «پێم» بڵێ چییت لەگەڵ ئەو کوڕە هەیە...؟! بەقژ هەڵتدەواسم... هەموو گیانت داخ دەکەم... باوکیشت ناتوانێ لەژێر دەستم دەرتبهێنێت... کچی من نییت... حاشا حاشا تۆم



ناوێ... دایکی هاتە سەروگوێلاکم... ویستم بەنینۆک خاکی ژێر پێم هەڵدڕم و بچمە ناویەوە... دەیوت: بەکچت بڵێ واز لە کوڕمان بێنێت... «بۆ» یەخەم بەرنادەیت...؟! من ئیتر شووم کرد و بڕایەوە... بڕۆ بۆ خۆت لە کچێکی دی بگەڕێ... ژیانی خۆم بۆ تۆ تێکنادەم... دە ساڵی دییش چاوەڕێم بکردیتایە، هەر بۆ یەکدی نەدەبووین... باوکت چارەی ئێمەی نەدەویست... تۆمەتی دزیی داینە پاڵ... لە خانوو دەریکردین... جنێوی ناشیرینی پێ داین... تۆ وتت بەیانی زوو هەستە... پێش ئەوەی باوکت بچێتە ئیش، پارەکە لە بەردەرگا دابنێ... بۆ ئەوەی هەڵیگرێتەوە و کرێی خانووتان بۆ بدرێت... «ئەو» ماڵەی لێ کردوومەتە دۆزەخ... چاوی پێم هەڵنایەت... تۆ ڕۆژ بەڕۆژ پارەکانت بدە من... خۆم دەزانم چۆن هەڵیاندەگرم... من بڕیارڕ دەدەم چی پێ بکڕین... پێویست ناکا ئەو نهێنیی ئێمە بزانێت... «چەندت» دەوێ، بەدزیی مێردم دەتدەمێ و بڕۆ وازم لێ بێنە... نامەوێ ئیتر بتبینمەوە... ئێمە بۆ یەکدی نەدەبووین... فاڵچییەکەیش وای وت... یەخەم بەرنادەی...؟! چییت لە دەست دێ، درێخی مەکە... پێی دەڵێی ماچت کردووم...؟ لەگەڵمت ڕابواردووە...؟ دەڵێم درۆیە... نامەکانمی پیشان دەدەیت...؟ دەڵێم من خوێندەواریم نییە...

تا دایکی لای باوکی هاتەوە و لەسەر جێگاکەی ڕاکشا، ئەم هەر بەئاگا بوو... خەیاڵێکی ئاسوودە دەیبرد و یەکێکی خەمناک دەیهێنایەوە... تەنانەت ئەو بیرە سەیر سەیرانە لە خەونیشدا وازیان لێ نەدەهێنا و تا بەیانی چەند جارێ لەگەڵ دەنگی وڕێنەکانی ڕاچڵەکی... دەشیزانی تامێسکەی ورد ورد لەسەر لچ و لێوی دەردەکەون و هەر لە خۆیەوە پێیان سەغڵەت دەبێت... بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتێ بۆ ئەم جیاوازە و دەبێ پلانێکی نوێ بۆ ژیانی دابڕێژێت... گۆڕان بەسەرتاپای ماڵەکەیانەوە دیارە و کەلوپەلەکان دەڵێی چاوەڕێی سەفەرێکی بێگەڕانەوەن... «ناهیدە» هەر وابوو... قەت هەستی بەو شوێنە نەدەکرد، کە جەستەی ئەمی دەگرتە خۆی... خەیاڵەکانی وەکو باڵندەی تیژفڕ بەرەو دنیایەکی جیاواز سەریان هەڵدەگرت... ئێستا دوای ئەوەی بۆتە دایکی پێنج منداڵ و من بە«پووره ناهیدە» بانگی دەکەم، هێشتا تامی ژیانی جێگیری نەچەشتووە و لە سیمایدا هەمیشە کۆچ و ڕاونان و ئاوارەیی دەخوێنمەوە... خانووێکی گەورەیان هەیە و یەکێکن لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی گەڕەک، بەڵام هەرچەند دەچمە لای «دلێر»ی کوڕیان و سەرنج لە کەلوپەلی ناو ماڵیان دەدەم، وادەزانم بەتەمان بگوێزنەوە و دڵم دادەچڵەکێت... مێردەکەی لایەکی باخەکەی دابڕیوە و کۆتری لێ بەخێو دەکات... ڕۆژانە بێدەنگ کاتیان لەگەڵدا بەسەر دەبات و خۆی لە کەس ناگەیەنێت... لەودیوی ئەو پەرژینە تەلبەندەوە وەکو زیندانییەک دیارە و هەر جارێ دەیبینم، ترس دەخزێتە دڵمەوە... ئەوەندە لەگەڵیان ژیاوە، خەسڵەتی ئەوانی هەڵگرتووە و ڕەنگە نەیەوێت چیتر بەزمانی ئێمە بدوێت... هەمیشە چوار و پێنجی گەورە لەسەر شانەکانی هەڵنیشتوون و لە باوەشیا بێچووەکان بەسیکەسیک خۆیان بەسنگیەوە دەنووسێنن... زۆر جار هەر لەوێ، لەسەر کورسییەکە خەو دەیباتەوە و لەپڕ لەگەڵ شەقەی باڵیان بێدار دەبێتەوە... شەوان دوای ئەوەی کۆترەکان جووت جووت دەچنە کولانەکانیان، ئەمیش بەتەنیا لەسەر بەرە چڵکنەکە ڕادەکشێت و بەیانییان لەگەڵ گمەگمیان هەڵدەستێت... دەیان میوانیان بێت، لێیان ڕانامێنێت و وەڵامی سەلامەکانیشیان ناداتەوە... تا ئەو ڕۆژەی لەوێ گیانی دەرچوو و کچان هاواریان کرد: هەی وەی شێرە

باوکمان لەناو کۆتران مرد، تەنها یەک دێڕی لە دەم هاتبووە دەرێ... کاتێ ژنێکی هەژاری خزمیان دوای گیرانی مێردە سیاسییەکەی لەناو ئەو باخە دەگریا، ئەو پێی وتبوو چ خۆشحاڵییەکە بنیادەم شتێکی هەبێت، بۆی بگری...!! لە پشت پەرژینە تەلبەندەکەوە دنیا بۆ ئەم کۆتاییی دەهات و خۆی بەخاوەنی ژن و منداڵیش نەدەزانی... ئێوارانی هاوین «ئاواز» سۆندەیەکی بەدەستەوە دەگرت و هەیوان و ناو حەوشەی داخبووی بەر هەتاوی گەرمی دەڕشاند... ئینجا چیمەن و گوڵەکانی ئاو دەدا و دەگەیشتە نزیک پەرژینە تەلبەندەکەیش، بەڵام جارێ لەگەڵ ئەو باوکەی شتێکی نەدەوت، بگرە هەر لێیشی ڕانەدەما... تەنانەت ئەو ڕۆژەی بەبووکیشیان برد، نە ئەم چوو دەست بکاتە ملیەوە و نە ئەویش لەوێ، لەناو کۆتران سەری هەڵبڕی... لە ڕاستیدا «ئاواز» زۆر لە ماڵ دوورنەکەوتەوە، چونکو کرێچیی خانووی تەنیشت خۆیان دەرکرد و لەگەڵ «کاک محەمەد سەلیم»ی مێردی چوونە ناوی... دەرگایەکیان خستە دیواری نێوانیانەوە و سێ ژەمەیش بەیەکەوە نانیان دەخوارد... ژنێکی وریا بوو و هەردوو ماڵی بەچاکی بەڕێوە دەبرد... ئەم نەبووایە، دوای ئەوەی باوکیان لە ماڵەوە دانیشت و بەئێجگاری وازی لە ئیش و لە دنیا هێنا، ڕۆژ بەڕۆژ سامانەکەیان لە دەست دەچوو و دەردی «نازیلە ئینگلیز» دەیوت وای لێ دەهات کونەپەپوو هێلانەی لەسەر تەرازوویان دادەنا... هەر خۆیشی لێزانانە ئەو کوڕەی لە دایەرەکەیان هەڵبژارد و شووی پێ کرد، گوێی بەوە نەدا لە خێزانێکی هەژارە و لە فەرمانبەرێکی بچووک زیاتر نییە... سەری مانگان دەچووە بازاڕ و کرێی دووکانەکانی وەردەگرت... دەیخستنە سەر هی خانووەکان و هەڵیدەگرتن... ئێوارەیەکی هاوین من و «دلێر»ی برایشی لەگەڵ خۆیدا برد و لە گەڕانەوەدا سەرو ئایسکرێمی بۆ کڕین... بەو کۆڵانەدا ڕۆیشتین و ساتێ لە بەردەرگای ئەو خانووەدا وەستاین، کە ئەم لە ناوەڕاستی پەنجاکان تێیدا لە دایک بووبوو... هەندێ لە خەڵکەکەی دەناسیەوە و چاکوچۆنیی لەگەڵدا دەکردن... تا گەیشتینەوە، هەر باسی منداڵیی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە... من بەر لەوەی ئەو ماڵە بناسم، بەشێوەیەکی دیکە لە چیرۆک تێگەیشتبووم... وامدەزانی تەنها ژیانی ئەو کارەکتەرانە سەرنجڕاکێشن، کە ئاوارەی شاخ و کێوانن و وەکو گیانداران لەسەر گژوگیا دەلەوەڕێن... یان ئەو غەریبانەی بستێ زەوییان نییە و هەر شەوێ لە گەراج و بەردەرگای مزگەوتێکدا دەنوون... چەند سەیرە مرۆڤ گەورەترین خانووی هەبێت و بیست و چوار سەعات لەناو باخە فرەوانەکەیدا بژی، بەڵام هەستی پێ نەکات...!! ئەمە بۆ منێکی یانزدە دوانزدە ساڵان کاریگەرە و لە ناخەوە دەموروژێنێت... ئێستا کاتێ لەودیوی ئەو پەرژینە تەلبەندەوە لە مرۆڤێک ڕادەمێنم، پێویستم بەوە نییە هیچ وشەیەک ببیستم... ئەگەر چیرۆکی هەموو دنیام بۆ بگێڕنەوە، گوێ ناگرم... نامەوێ پێم بڵێن ئەو پیاوە تا دوێنێ دز بوو... مرۆڤی دەکوشت... ناپاکیی لە نیشتیمان دەکرد... ئەگەر ئێستا ماڵێکی تازە بێنە گەڕەک و لێم بپرسن، ئاخۆ ئەو بنیادەمە ناوی چییە، ئامادە نییم وەڵامیان بدەمەوە... چیدی تاقەتم نییە بەدوای ئەوەدا بگەڕێم چۆن بووە مێردی «پوورە ناهیدە» و هەموو ئەو ڕووداوە سەیرانە بیر خۆم دەبەمەوە، کە لە بارەی ژیانی ئەوانەوە بیستوومە و دەتوانم ورد ورد بیانگێڕمەوە... بینینی خۆم بەتەنیا بەسە و دەبێت لە ڕێی ئەو هەستەمەوە جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوەی پێشوو بەسەرتاپای ژیانیدا بچمەوە... ئەوا هەر بەو خەیاڵانەوە ماڵەکەیان بەجێدێڵم و لە



شەقامی سیمەتری دەپەڕمەوە... دەچمە ئەوبەر و ڕێک بۆ کۆڵانی ماڵی «نازیلە ئینگلیز»... هەر کاتێ خەمێ یەخەم دەگرێت، من ڕوو لەوێ دەکەم و هەموو ناخۆشییەکانم بیردەچێتەوە... ڕەنگە تووشی «سەلمای نوورەدین چەخماخچی»یش ببم، کە هەمیشە لە بەردەرگایە... باوەژنەکەی لە سەروەت و سامانی زۆری باوکی بێ بەشی کردووە و لە خانووێکی پەڕپووتدا دەژی، کە «نەجمە»ی پووری بەهەرزان پێی فرۆشتووە... کەس نازانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کچی پیاوێکی ئێجگاری دەوڵەمەندی شار بووە... زیاتر لە سواڵکەر دەچێت... دوور نییە ئێستا لەگەڵ ژنێکی دراوسێ دەستیان لە تیتکی یەکدی نابێت... ئاخر ئەو سات نییە لەو گەڕەکە شەڕێ هەڵنەگیرسێنێت... بەو دەنگە زیقنەی دەقیژێنێت و جنێوی پیس پیس دەدات... بەکچێنی زللەیەکی لە گوێچکەی چەپی ژنێکی کۆڵانیان دا و دوو ڕۆژ لە جێدا خستی... ئێستا ئەو داماوە نیمچەکەڕە و بەحاڵ دەنگ دەبیستێت... دیارە هەربۆیە «ئەحمەد عەنتیکە ئەوەیە ئەمن ئاگام لە هیچ نییە»یش ئەوەندە دڵی پێی خۆش بوو و دەیویست ڕۆڵەی ئازا و بەجەرگی لێ بەرهەم بێنێت... ئاخر لە شەوە نەفرەتیەکە پێش ئەوەی بگاتە لای ئەو تانکییەی بەردەم ماڵی «عەزیز بەگ»، باوەڕی نەدەکرد هیچ شتێک بتوانێت ئەو شکستە گەورەیەی بۆ پڕبکاتەوە و دەیوت هەتکی ئاوا هی لەبیرچوونەوە نییە، بەڵام لەوێ هەستێکی گەشبینانە خزایە دڵیەوە و بۆی دەرکەوت لە کوڕەکانی خۆی پیاوی جەربەزەی وەکو «عەلۆی خەجە هیزەی»ی پێ دەخوڵقێت... ئەمە بیرکردنەوەی هەموو ئەو قارەمانانەیە کاتێ لە نەبەردەکاندا تێکدەشکێن و باوەڕیان بەتوانای خۆیان نامێنێت، بۆ دامێنی ژن دەگەڕێنەوە و پێیان وایە دەتوانن لەوێ پاڵەوانی لە خۆیان بەرزتر بێننە دی... نۆبەرەی کوڕ دەرچوو و گیسکێکی کردە خێر... دووەمیشی هەروەکو ئەوەی پێشووی و لە خۆشییان گەز گەز باڵای بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو... بەرۆحێکی ئیسپارتییانەوە پەروەردەی دەکردن و هیوای دوارۆژێکی گەشی بۆ دەخواستن...[٧] لە ماڵەوە وانەی دزی و دەستبڕینی بۆ دەوتنەوە... لەگەڵ «سەلما»ی ژنی دەچوونە ژێر لێفەوە و ئەوان دەهاتن بەسەریاندا دەدان... بەقۆنداغی تفەنگی قەستی تێیاندەکەوتن و پارە و خشڵەکانیان دەبردن... دەچوونە حەمام و ئەوان دەرگایان بەلەقە دەخستە سەر پشت... لە کۆڵان دەستیان پێکرد... سەرەتا لە گیرفانی منداڵان و دوایی بۆ دووکانەکان... ئینجا لەناو ماڵان و پاشان لە بازاڕ... سەیر لەوەدا بوو هەر زوو زوو دەگیران و لێدانی چاکیان بەردەکەوت... بەسەری شکاو و دەمولووتی خوێناوییەوە دەهاتنەوە و «ئەحمەد»ی باوکیشیان بەپیشەی خۆی دەیوت:

– عەنتیکە ئەوەیە ئەمن ئاگام لە هیچ نییە.

دواتر کاتێ تەمەنیان گەیشتە هەژدە و نۆزدە... شەوێ لە شەوانی زستان ماڵێکیان بڕی و ئاشکرا بوون... پۆلیس هاتن و بەرەو زیندانیان بردن... هەر لە ڕێگا دانیان پێدا نا... بۆ ماڵەکەیان هێنانەوە، تا وێنەیان بگرن، کە چۆن چۆنی چوونەتە ژوورێ و بەچ شێوەیەک ئەو دزییەیان ئەنجام داوە... کوڕی ئەو ماڵەش یەکێ بوو لە شەقاوەکان و ڕۆژانە لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەی وەکو خۆی مۆڕەیان لە خەڵک دەکرد... ئەمەی بەشکستێکی گەورە بۆ لێکدەدرایەوە و هاوڕێکانی بەچاوێکی نزم لێیان دەڕوانی... لە ترادیسیۆنی ئەواندا دز ڕێزی زیاترە لە دزیلێکراو، بۆیە لە بەرچاوی پۆلیسان باڵەکانی فشکردەوە و تا

هێزی تێدا بوو وتی:

– ئەمن بەخۆم ئەو وەختی لە دزیی بووم، دەنا دزی هەموو ئەو شارەی ناتانن بەپێش دەرکەشماندا بێن.

پۆلیس خێرا قۆڵبەستیان کرد و تێیکەوتن... هەرچەند دایکی پاڕایەوە و پێی وتن:

– کورە بیکەنە خاتری ئەو قورعانەی وا لەسەر تاقی مزگەفتانە، بەریدەن و جەرگم داخ مەکەن... بەو خوایەی هەمووومانی خەلق کردیە لە تەنیشت من نووستبوو و پرخەی دەهات... کورە وەڵلاهی لۆ میزکردنێش ئەمن لەگەر خۆی دەبا و ناوێری بچتە ئەو عەوشەیەی... دەرێ تاریکە، پشیلەی لێیە.

بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەگرت و بردیان... لە دواوەی پیکابی پۆلیسان دەگریا و لە شەرمان دەستەکانی لە دەموچاوی کردبووە پەنا.

«ئەحمەد»، کە تا ئەوساش هیچ نازناوێکی نەبوو، بۆکسی بەڕانەکانی خۆیدا دەکێشا و بەردەوام دەیوت:

– عەنتیکە ئەوەیە ئەمن ئاگام لە هیچ نییە.

«نازیلە ئینگلیز» پێی وت:

– ئەحمەد عەنتیکە ئەوەیە ئاگام لە هیچ نییە، خوا ئاگای لێیە ئەتوو ئەو مندارانەت بەقەباحەت برد.

* «رازیە»ی هێوەرژنی «نازیلە ئینگلیز» ئەوەندە فیزی زل بوو، خۆی لە کەس نەدەگەیاند... سەلامیان لێ دەکرد و وەڵامی نەدەدانەوە... بەشێوەیەک دەم و لچی دەدا بەیەکدا، هەمیشە واتدەزانی قێزی لە شتێکی پیس کردۆتەوە... ئینجا بۆ نەگبەتییش تاقانەکەی «یەحیا»ی ناو بوو و هەر زوو زوو دەیوت:

– یەعیا... ئۆء، یەعیا.

وا دەهاتە گوێچکەوە، کە دەڵێ:

– یائع یا... ئۆء، یائع یا.

چلێسیی «یەحیا» سنووری نەبوو... هەمیشە دەمی دەجووڵا و سات لە دوای سات بەزی زیاتری دەگرت... سەرەتا وایانزانی کەڕولاڵە، چونکو ورتەی لە دەم دەرنەدەچوو... بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی سێساڵیدا کاتێ دەوریان بەسەرین تەنیبوو تا بتوانێت دانیشێت و نەکەوێت، چەند جارێ دەستە ئەستوورەکانی بەسستی لەملا و لەولای خۆیەوە کوتا و بەدەنگی قەڵەوی وتی:

– دددادددد... دددادددد... دددادددد.

باوکی هەموو دراوسێکانی بانگ کرد، تا گوێ لەو منداڵە موعجیزەیە بگرن، بەڵام ئەوسا سەرگۆی مەمکی دایکی دەمژی و بەغەزەبەوە لێیی دەڕوانین... «رازیە» لە کۆڵان دادەنیشت و بەشانوباڵی تاقانەکەیدا هەڵدەدا... ناوی یەک بەیەکی منداڵانی گەڕەکی دەهێنا و بەقوربانی ئەوی دەکردن.



ڕۆژێکیان «نازیلە ئینگلیز» لە بازاڕەوە تا بەردەگای ئەوان تەنەکەیەکی ڕۆنی بەشەق هێنایەوە... خەڵک لێیان دەڕوانی و وایاندەزانی شێتە... تەنەکە ئەوەندە بەر ئەم دار و ئەو بەرد کەوت، قووپایەوە و شێوەیەکی سەیری بەخۆیەوە گرت... بە«ڕازیە»ی وت:

– کوڕی توو بەو تەنەکەیەی دەچی... دەوجا بەس قەشمەریی بەعالەمێ بکە.

کاتێ تەمەنی بووە پێنج ساڵ، پوورەکانی ڕۆژانە تاتی تاتییان پێدەکرد:

– تاتی تاتی... یەحیا بەخێرهاتی.

دوای چواردە مانگ پێی گرت و لە سەرتاپای شار دەنگی دایەوە... ئەو خوشکە عازەبانەی دایکی وازیان لە هەموو شتێ هێنا و بەردەوام خواردنیان لە دەمی دەپەستا... کاتێ گەیشتە تەمەنی نۆ ساڵان و لە قوتابخانە وەرگیرا، ئەوان بەسەفەرتاج چێشتیان بۆ دەبرد و لە پشووی نێوان وانەکان دەیاندایە... مەنجەڵەکانیان لەسەر تەختی بەردەمی دادەنا و کەوچک کەوچک دەیانئاخنیە ناو دەمە زلەکەیەوە... هەر زوو زوو دەیوت:

– عەمووی ددددەغۆم... ببباااژ...؟!

– هیتکەشت لۆ دەینین بەقوربانی هەناسەکانت بین.

– عەززززم لە مەگگگددەبببێ نییە، لەگگگەردددان دددێمەوە... ئێ...؟!

«هاجەر»ی پووری دەستەکانی بەملا و بەولای قەپرغەی خۆیەوە دەگرت و دەیوت:

– لۆ...؟

– لەو گگگدددێبببانەی دددێناگگگەم... غۆژ نیینە.

– بریا ئەو کەلیمانە خواردن بان، هەتا بەمراکی بەدەومان وەکردبای.

«مامۆستا عەبدولکەریم ئەوهایە...!! بڕۆ چت نەکردیە بیکە»ی بەڕێوەبەر پێی دەوتن:

– چما ئەوە تەلەبەیە، یان دووکانداره، هەتا بەسەفەرتاجی شیوی لۆ بیننە مەکتەبێ...؟!

ئەو هەموو شتێکی دەخوارد و قێزوبێزیشی نەدەزانی... زۆر جار منداڵان کاتێ پاروویان دەهێنایە دەرێ و بۆیان تەواو نەدەکرا، لەجیاتی ئەوەی فڕێی بدەن، لە دەمی ویان دەپەستا... پایزی شەستوحەوت «ئەسعەدۆک»ی دووکاندار تەشتێک گۆیژی بۆگەنی کرد و لەو بەردەمە ڕشتی... «یەحیا» وەکو بەرخ نیشتە سەری و کرمەکانیشی لەگەڵ هەڵلووشی... وایانزانی دەمرێت، کەچی بەڵای نەگەیشتێ... ڕۆژی دواتر «نەجاتی خەجێ بولغاری» بە«عیماد»ی ئامۆزای وت:

– بەس بەخۆم دەزانم ئەو بەرازە بەچ دەتۆپی... نایێڵم بگاتە سبەینێ... هەر ئەوڕۆ دەیکوژم.

«عیماد» نەچووە ئەقڵیەوە، ئەم بەڕاستی دەیەوێت لەناوی بەرێت، بۆیە بەهەندی هەڵنەگرت... «نەجات» هەر لە خۆڕا ڕقی لە «یەحیا» بوو و ڕۆژێ یەک دوو جار تێیهەڵدەدا... کاتێ «رازیە» و

خوشکەکانی دەچوونە سەروگوێلاکی «خەجێ بولغاری» ، ئەو بەزمانی هاری بەرپەرچی دەدانەوە و هەزار جنێوی لە جنێوە عەنتیکەکانی خۆی پێ دەدان... من زەحمەتە شەڕی ڕۆژی لێزمەبارانەکەم بیربچێتەوە... ئەوسا لە پۆلی دوو دەمخوێند و لە قوتابخانە دەگەڕامەوە... مەسینەیەکی مسی بەدەستەوە بوو و بەملا و بەولایدا ڕایدەوەشاند... خوێنی سەری «ڕازیە» و خوشکەکانی فیچقەیان دەکرد و تێکەڵی شەستەباران دەبوون... ئەگەرچی دەمزانی ئەو دیمەنە تەواو تێکمدەدات، بەڵام نازانم بۆ نەمدەتوانی ڕووی خۆم وەرگێڕم... ئەو ڕۆژە نانم بۆ نەخورا و هیچ لەو هەستە تێنەگەیشتم، کە لەپڕ خزایە دڵمەوە و سیمای هەموو شتەکانی لێ گۆڕیم... شەوان تا بیرم لێ نەکردایەتەوە، خەو نەدەچووە چاوانمەوە... دەمەوێ گوێم لە «هاجەر» بێت کاتێ لەناو کۆڵان ڕاکشاوە و دەناڵێنێت... ئەو لەوانی دی گوناحتر دێتە بەرچاوم... وێنەکەی بۆ دەیان شێوەی تر دەگۆڕێت و تێکەڵی خەونەکانم دەبێت... مەمکەکانی دەبینم... لە یەخەی کراسی شینی ئاسمانیی هاتوونەتە دەرێ... لەو دەخیلانە دەچن، کە لە گڵ دروست کراون و پیاوێکی هێمن لەو دووکانەی نزیک باتا دەیانفرۆشێت... پێم خۆشە دەمم بنێم بەسەرگۆکانیان و مژی قووڵ قووڵیان لێ بدەم... بەڵام ئەوەتا چۆڕاوگەی خوێن گەیشتە ئەوێ و ڕەنگی گۆڕین... هێشتا هەر جوانن... دوو دەخیلەی سوورن و بریقوباق دەدەن... وڕکم بۆی گرت و زۆر گریام، بەڵام دایکم ڕازیی نەبوو بیست و پێنج فلسم بداتێ، تا بیخەمە ناو دەستی ئەو پیاوەوە و دانەیەک بەئارەزووی دڵی خۆم هەڵگرم... لەناو تاقەکە دایدەنێم و هەموو بەیانییەک پێنج فلسی تێدەکەم... بەر بنکەکەی دەکەوێت و خۆشترین دەنگی هەیە... دوایی بەهەموو توانای خۆم دەیکێشم بەکۆنکرێتی هەیواندا و بەو ناوەدا بڵاودەبنەوە... دانە دانە کۆیان دەکەمەوە و دەیانژمێرم... لەو دووکانەی لای حەمامی ئیسکان ئەو مراویە دەکڕم، کە لە نایلۆنێکی ئەستووری نەرم نەرمی وەکو کێکی ئیسفەنجی دروست کراوە و هەرچەند سنگی ڕادەگوشم، دەندووکی پانی دەکاتەوە و دەڵێ: قواق قواق... قواق قواق... ئەمە زۆر لە دەنگی کراسی «پوورە ش» جیاواز نییە... مەبەستم ئەو کاتەیە، کە لەناو تەشتێکدا دەیشت... دەریدەهێنا و دەیگوشی... لە چاوانی نزیکدەکردەوە و دەیخستەوە ناوی: شواق شواق... شواق شواق... کەفی نەرم دەستە باریکەکانی دادەپۆشی و دەتوت بەفر لەو حەمامە کەمێ تاریکەدا باریوە... من ئەگەر مراویەکەم کڕی و بیست و پێنج فلس مایەوە، دەیدەم بەئایسکرێم و تا ماڵەوە مژی لێ دەدەم... «پوورە هاجەر» نازانێت مەمکەکانی، کە لە یاخەی کراسی هاتوونەتە دەرێ و چۆڕاوگەی خوێن ڕەنگی گۆڕیون، لە دوو دەخیلەی سوور دەچن، بەڵام لە تاوی ئازار دەناڵێنێت... «خەجێ بولغاری»یش سیمای زیاتر وەکو هی پیاو دەردەکەوێت و هەروا جنێو دەدات... ئەگەر لێم بپرسن من لای کامیانم، هیچ وەڵامێکم پێ نییە... ئەوەندە هەیە دیمەنێکی ئاوا چێژی خۆی هەیە، کاتێ لەژێر لێفە بیری لێ دەکەمەوە... ئەرێ ئەگەر «خەجێ بولغاری» هەر بەڕاستی پیاو بووایە، ژنێکی چۆنی دەهێنا...؟! ڕۆژی چەند جار بەقژ لە کۆڵان ڕایدەکێشا و بەشەق تێیهەڵدەدا...؟! ئێستاش کاتێ ناوچەوانی بەو پەڕۆیە دەبەستێت و شاڵاو بۆ ژنان دەبات، سیمای تەواو دەگۆڕێت و لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت... «مام ڕەزا»ی مێردی چەند پیاوێکی بێوەیە... لە بەیانییەوە تا ئێوارە لای ئەو کوورەچییانە ئارەق دەڕێژێت و حەوت هەشت پەنجاییی دەستدەکەوێت... تەنانەت نیوەڕۆیان دوای ئەو



هەموو ماندوێتیە پارووە نانێک نییە بیخوات... خەیاڵیشی هەر لای کچە گەورەکەیەتی... لەپڕ نەخۆشی خستی و جوانییەکانی لێ سەندەوە... تا ئەم هەندێ پارەی قەرز کرد و ویستی بیباتە دکتۆر، ئەو بۆ هەتاهەتایە چاوانی داخست و ڕۆژی بەفرە زۆرەکە لە گۆڕیان نا... لەپەنا دیواری خۆیان دیم و بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە لێی ڕامام... نەمدەزانی لە سەرما بوو یان لە حەژمەتا، هەموو گیانی دەلەرزی... هەر زوو زوو لە ئاسمانی تەڵخی دەڕوانی و بەدەم هەنسکەوە دەیوت:

– ماڵی بابم سامیە، بەجێتهێشتین.

هەمیشە بەو دەنگە کزە دەدوا و ترسێکی ئەزەلی بەسیمایەوە دەبینرا... پیاوێک بێننە بەرچاوتان بەتاقی تەنیا لە خانووێکی پەڕپووتی قەراغ شارێکدا دەژی، نە کەس دەناسێت و نە کەس دەیناسێت... لە نیوەشەوێکدا بەهەموو هێزی خۆیانەوە لە دەرگاکەی دەدەن و لە قووڵاییی خەودا ڕایدەپەڕێنن... بەچ ترس و سەرسوڕمانێکەوە ئەو قاپییە دەکاتەوە و لێیان دەڕوانێت...؟! بەڵێ، من ئەم حاڵەتە ئەبەدییە بەڕووخساری «مام ڕەزا»وە دەبینم و هەمیشە وادەزانم ئەو لە نیوەشەودا دەرگای لە خێوێکی ترسناک کردۆتەوە... ئینجا ئەگەر وتیان «سامیە» مرد و لە «چراغ» ناشتیان، ئەوا من دەڵێم وا نییە، بەڵکو لەسەر ڕووی باوکی چاڵێکیان بۆ هەڵکەنی و بەتوولێکی شەفافی خەمێک دایانپۆشی... ئەوەتا ڕەنگی «مام ڕەزا» هێندەی دی گۆڕاوە و تک تک ترسی لێ دەچۆڕێ... من ناوێرم لە تەرمی «سامیە» بڕوانم... چوار ساڵ لە من گەورەتر بوو، کەچی هەر جارێ لە ماڵی «نەجیبە»ی پووری ماڵەباجێنەمان دەکرد، پێی دەوتم ببمە باوکی... پەنا ئەو سەندووقەی نوێنەکانیان لەسەر هەڵدەچنی، ماڵی ئەو بوو... هەر جارێ چیرۆکێکی هەڵدەبەست و پێکەوە نمایشتمان دەکرد... منی پیری بێکەسی تەنیا و لانەواز، شەوێکی سایەقەی زستان سەرمای وشک تەنگی پێ هەڵچنیم و گشت گیانم دەلەرزی... بەهەزار حاڵ خۆم گەیاندە بەرماڵیان و لە دەرگام دا:

– کێیە ئەوە...؟!

– ئەمنم سامیە... ئەمنم کچم... بیکەوە.

– ئەتووی پیرەمێرد...؟! دیسان هاتیەوە...؟! ئەدی نەمگوت جارەشکە چارەت نەبینم...؟!

– بیکەوە سامیە، سەرمامە کچم، لاقەکانم تەزین.

– بڕۆ... بڕۆ... نایکەمەوە.

– ئەدی ئەمن بابت نییمە...؟

– بابی وەکی تووم ناوێ... بڕۆ و لێم گەڕێ... دەنووم... بڕۆ و بەس دەرکەمان لێ بگرە... منداڵەکانم لێ هەڵمەستێنە.

– ئەمن باپیریانم، خۆشمدەوێن... دەمەوێ لەسەر سینگی خۆمیان بنوێنم.

– درۆیە... درۆیە... ئەتوو کەست خۆشناوێ... چەغە بە...!! منداڵی من نایەنە کن پیسی وەکی توو.

– کچێ بیکەوە سامیە... ئەمن بابتم... زگت پێم ناسووتێ...؟

– نەء، زگم پێت ناسووتێ... ملت بشکێنە و یەخەم بەردە... تاقەتی دەرۆزەکەری وەکی توومم نییە.

– لۆ سامیە...؟ لۆ...؟ ئەمن گوناحم... نابینی دەستەکانم دەلەرزن... چاوم کز بووە و بەرپێم نابینم... لەوانەیە بەو شەوەی بکەومە ناو بیرەکی و بخنکێم.

– ئەو قسانە لۆیە بەمن دەڵێی، هەتا زگم پێت بسووتێ و بێلم بێیە ژۆرێ...؟ قەت نابی ناو ماڵم ببینی... دە برۆ پیسی بۆگەنی، بەس لێم بپارێوە... لەوەی زیاتر تاقەتی توومم نییە.

– قەیناکە سامیە مەیکەوە، ئەمن وا دەڕۆم، بەشکوو لەسەر ئەو جادەیەی لە سەرمان ڕەق ببمەوە و لە برسان بمرم.

– بەبنی پێم... وەدەزانی پێم ناخۆشە...؟! حەزدەکەم سبەینێ وەکی دەرکەم کردەوە، لە پێش هەموو چشتەکی مەیتی توو لەو کۆڵانەی ببینم و سەگ و پشیلە هەناوتیان دەرهینابی.

بە لەرزە لەرز و خەمناکانە پشتم کردە ماڵیان و نائۆمێدانە هەنگاوی سست سستم بۆ ڕێگایەکی نەزانراو هەڵهێنا... دڵم لە خۆم داما و لە هەر کاتێکی دی زیاتر هەستم بەبێکەسی کرد... ویستم بگریم، بەڵام نازانم چی نەیهێشت فرمێسکەکانم بەناو چرچیی ڕوومەتمدا بێنە خوارێ و لەسەر زەویی تەزیوی نێوان پێیە لەرزۆکەکانم ببنە گۆمیلکەی گەرم... ئاخ خوایە گیان من بەپیری چەندێ ناشیرین و قێزەونم، تەنانەت تاقە کچەکەشم دەمبوغزێنێت... دالّدەم نادات و بەجنێو ڕیسوام دەکات... ئای ئەو دیوارانەی جاران لە هەر شتێکی دی زیاتر ڕقم لێتان بوو و دەمویست وەکو کراسی تەنگ لەبەر خۆمتان دادڕم، ئێستا لەم شەوە تووش و تاریکەدا چەند پێویستم پێتانە... بەوەش ڕازیم بۆم ببنە گۆڕ و ساتێ لەو سەرما تۆقێنەرەم بپارێزن... پیرەمێردێکی زەلیل و داماوم، هێندەی ئەو کرمە نەرمە وەنەوشەییەیش دەستەڵاتم نییە، کە ناوی سێوێک دادەڕووخێنێت و دەیکاتە ماڵی خۆی... پێم بڵێن منی لانەواز و بێوار بۆ کام لا سەر هەڵگرم...؟! مامۆژنم دوای ئەوەی کۆتاییی بەچیرۆکی ڕیشۆڵە باڵشکاوەکە دەهێنا، دەیوت: ئەوەی ماڵی نەبێت، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشووری لەلا وەک یەک وایە... ئەگەر بەدرێژاییی ژیانی ڕێگا ببڕێت، ناگاتە هیچ ئاوەدانییەک... هاوڕەگەزەکانی پۆل پۆل بەئاسمانی بێگەرددا فڕین و بۆ شوێنی فێنک کۆچیان کرد... ئەویش لەو چۆڵەوانییە بەملا و بەولادا هەنگاوی ڕووارییانەی دەنا و نەیدەزانی کام لا بگرێتە بەر... ڕاست دەفەرمووی ئامۆژن، ئەی ڕووپاکی چیرۆکبێژ، ئێمە تەنها بەماڵەکانمانەوە دەزانین ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور دەکەونە کوێوە... ڕیشۆڵەی باڵشکاو بەجێما... زەوی وردە وردە دەکولا و بنی پێی ناسکی وی دەسووتاند... تیشکی خۆری ناوەڕاستی ئاسمان چاوەکانی هەڵدەکۆڵی و پێستی دەبرژاند... چەندێ گەرم بوو مامۆژن گیان بەر ئەو عەلائەدینەی بەتاقە چاوێکی شینی ئاگراوییەوە لێمان ڕادەما و گوێی دەدایە چیرۆکی تۆ... ئینجا وردە وردە خەو دەیبردەوە و تۆز تۆز ڕەنگی گلێنەی زەرد هەڵدەگەڕا... ئاوایە ڕۆحی من...!! شتەکان لە گۆڕاندان... ئەوەتا منیش پیری هێزی لێ بڕیوم و وەختە بیرم بچێتەوە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان منداڵێکی گەڕەکی «سەیداوە» بووم و باوەشی تۆ زۆر بەئاسانی



دەیتوانی بمشارێتەوە...

دەنگی کردنەوەی دەرگای ماڵی «سامیە»ی کچم خەیاڵی پچڕاندم... ئاوڕم دایەوە... دەستەکانی بەسنگیەوە گرتبوو... بانگی کردم:

– بابە... بابە... بگەڕێوە.

ئینجا هات و لە باوەشی گرتم... دەگریا... بەڵێ، بەڕاستی دەگریا... فرمێسکم بەسەر ڕوومەتەکانیەوە دەبینی... بردمیە ژوورێ و نانی بۆ دانام.

لێم پرسی:

– ئەوە ئەتوو بەڕاستی دەگرییێ...؟

بە پشتی دەستی فرمێسکی چاوانی سڕی و وتی:

– کورە نا... نا، گەمەیە... ئەوە جێم لۆ ڕایەخستی، وەرە بنوو.

– نانووم سامیە... نانووم... ئەوە ئەتوو لۆ دەگرییێ...؟

– گەمەکەی بەو پرسیارەی تێکمەدە... بلێ نانووم، ئەگەر ئەتوو دانەنیشی و ئەمن سەرم لەسەر ڕانت دانەنێم.

– نانووم، ئەگەر ئەتوو دانەنیشی و ئەمن سەرم لەسەر ڕانت دانەنێم.

قژی لوولی لە پەنجەکانی ئاڵاند و وتی:

– ئەگەر داکمت نەکوشتبا، نەدەکەتیە کۆڵانان و ئێستا لە ماڵی خۆت دادەنیشتی.

سەرم لەسەر ڕانی هەڵبڕی و پرسیم:

– ئەمن داکتم کوشتیە سامیە...؟ ئەمن...؟!

بەشێوەیەک وام وت، وای زانی ڕاستیە، بۆیە ناوچەوانی گرژ کرد و پێی وتم:

– کورە گەمەیە گەمە گێلە... بلێ کوشتم، چونکە خۆشینەدەویستم.

– کوشتم، چونکە خۆشینەدەویستم.

ئینجا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ڕەوتی یارییەکە خاو نەکەمەوە، باقیی چیرۆکەکەی پێ وتم و دیالۆگەکانم لەبەرکرد:

– ئەوەی خۆشینەوێی، دەبی ئەوها وەکی داکم بیکوژی...؟

– ئا، دەیکوژم.

– وەی ئەمن دەترسێم...!!

– مەترسێ سامیە، ئەمن دەزانم ئەتوو ئەمنت خۆشدەوێ... ئەمنیش خۆشمدەوێی.

– دەستت زۆر ئێشا، ئەوەندەی لە دەرکەمان بدەی...؟

– ئا، زۆر زۆر...!!

– بینە با ماچی بکەم... لێرەوە هەر لەو ماڵەی دەژی و ئەمن هەموو چشتەکت لۆ دەکەم... ناهێلم لە هیچت کەم بی.

- ئەوە ئەتوو بەراستی دەگریی سامیە...؟
- کورە نا... نا... گەمەیە گەمە...!! ئەتوو لۆ تێناگەی...؟!
- ئەدی لۆ فرمێسکت دێتە خوارێ...؟!
- ئۆف لە توو...!!

دوای ئەو یارییە هەرچەند «مام ڕەزا»م دەبینی، بەزەییم پێدا دەهاتەوە و لەو هەستە تێنەدەگەیشتم... وامدەزانی گوناهێکی گەورەم دەرهەق کردووە و ناشتوانم تێیبگەیەنم، کە من زۆر زۆر پەشیمانم... چەند مندالێکی بۆگەن و پیسم، پیاوێکی ئاوا هێمن و بێوەیم کردە کەسێکی بکوژ و تاوانبار... ئێستا دوای مردنی «سامیە» لە هەر کاتێکی دی زیاتر دڵم بۆی هەڵدەقرچێت... ئاخ «مام ڕەزا» چەند گوناحە...!! تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان وێرابێت بچێتە سەر جێگای ژنەکەی و لەگەڵی نووستبێت...؟! «هیمداد»ی کوڕی، کە دوو ساڵ لە من گەورەترە، کتومت خۆیەتی و زۆر هێمنە، بەڵام «نەجات» وەکو دایکی دەستوەشێنە... ئەو ڕۆژە کاتێ وتی «یەحیا» دەکوژێت، «عیماد»ی ئامۆزای باوەڕی نەدەکرد بەڕاستیی بێت... دەیویست ڕێگایەکی وا بدۆزێتەوە، هەستی پێ نەکەن، ئەگینا هەر لەوێ چەقۆی گیرفانی دەردەهێنا و ورگی هەڵدەدڕی... پیرەژنێکی بینی مریشکێکی مرداربووەوەی بۆ ئەو زبڵدانە دەبرد... بەو پیاوەی خزمیانی وت:

- ئەو بووکەم هیچم بەقسە ناکا... پێم گۆت سەری ببڕە، با مندار بیخۆن... گێی نەدامێ.

- باشتر، چونکە ئەو مریشکە تووشی دەردەکی پیس بووە، هەموو قالبی میقرۆبە... ئەوەی بیخواردبا، پێی دەمرد.

«نەجات» چەقۆی گیرفانی دەردەهێنێت و سەری دەبڕێت... دەیبات لەو دەشتە پەڕەکانی لێدەکاتەوە و هەناوی هەڵدەدڕێت... لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «ئەگەر بەزندیتی میقرۆب بی و خەڵکی بکوژی... ئەدی هەوکە مردیە، چ لە...؟!»... لێرە و لەوێ چیلکەدار دەهێنت و ئاگر دەکاتەوە... بە«هیمداد»ی برای دەڵێت:

- هەتا ئەمن دەیبرژێنم، ئەتوو بڕۆ یەحیام لۆ گاز بکە.

کاتێ ئەو وەکو ورچ بەلاپە لاپ هات، مریشک مۆخی ناو ئێسقانیشی نەمابوو، چونکە هەرچەند لەسەر ئەو ئاگرە سوور هەڵدەگەڕا و بەزەکانی چز چز دەتکان، ئاو دەزایە دەمی «نەجات»ەوە و تەفرەی دەدا... ئەنجام نیشتە سەری و قرەی بڕی... ئینجا دڵی تێکهەڵدەهات و دەترسا بمرێت... لە داخا وەرگەڕایە گیانی «یەحیا»ی بەستەزمان و لەژێر پێلەقەی نا.

بەهاری شەستوهەشت تەمەنی «یەحیا» خۆی لە دوانزدە ساڵ دەدا و خاڵەکانی فێری پایسکیلیان دەکرد... ئەمیان لەملا و ئەویان لەولا دەیانگرت و بەردەوام پێیان دەوت:

- تەمەشای دوور بکە و هیچ مەترسێ.

دەم نا دەم یەکێ لە پوورەکانی دەهات و هەر لەوێ شتێکی دەئاخنیە دەمیەوە... ملّچ ملّچ دەیخوارد و



گووپەکانی بەشێوەیەکی سەیر دەلەرینەوە.

«مامۆستا حەمدی ڕەواندزی» دوای ئەوەی زانی دەوڵەت نیازی وایە بیگرێت، بۆ کۆڵانی ماڵی «نازیلە ئینگلیز» گوێزایەوە و خۆی لەوێ شاردەوە، بەڵام سیخوڕانی ڕژێم پێیان زانی و دوای سێ ڕۆژ هاتن لە ماڵەوە دەریانهێنا... هەرچەند لە زیندان بەقامچی و کێبڵ لێیان دەدا، ئەم دیمەنی ئەو کوڕە قەڵەوەی دراوسێیانی دەهێنایە بەرچاوی و قسەی دوو پیاوەکەی بیری خۆی دەخستەوە: «تەمەشای دوور بکە و هیچ مەترسێ»... هێز و توانایەکی گەورە لە غەیبەوە دەخزایە گیانیەوە و ئەشکەنجە و لێدانی زۆر ورەیان نەدەڕووخاند... لە ماوەی شەش مانگدا ددانی بەهیچ شتێ دانەنا و ناچار بەریاندا... بەپێویستی دەزانی بەر لە ژنەکەی و «ئەرخەوان»ی تاقە کچی، ئەو کوڕە و دوو پیاوەکە ببینێت و ئەملا و ئەولایان ماچ بکات... بەڵام کاتێ هەمان دیمەنی پێشووی بینیەوە، تەزووێکی سارد بەدەمارەکانیدا گەڕا و هەستی بەڕەشبینیەکی بێئەندازە کرد:

- تەمەشای دوور بکە و هیچ مەترسێ.

پایزی حەفتاوچوار «یەحیا» لای خاڵەکانی جێگای بۆ کرایەوە و بووە سیخوڕ... ئەو مرۆڤە دەستەپاچەیەی هەمیشە مایەی ڕابواردنی خەڵک بوو، پیشەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیەوە و لەم بوارەدا کەس شانی لە شانی نەدەدا... ئێرە سەرەتای ژیانێکی دیکەی «یەحیا»یە و دواتر دەبێتە یەکێ لە جەربەزەکانی شار... ئێمە ئێستا وازی لێ دەهێنین، بەڵام ئەگەر بکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا دەچینە خزمەتی و خۆی چیرۆکی ژیانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پڕیەتی لە سەرچڵی و بەدەیان لاپەڕە تەواو نابێت... خراپ نییە ئەگەر لەم پەنایەدا باسی ئەو ئێوارەیەی پایزی حەفتاوشەش بکەین، کاتێ یەکێ لەو خاڵانەی «یەحیا» لە بازاڕ دووکانێکی گەورەی بۆ کاروباری کۆنتەراتی گرتبوو و دەیویست ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە... لە ڕاستیدا بۆ ئیشی سیخوڕییش بەکاریدەهێنا... دەیان ناویان هێنا و هیچیانی نەچووە دڵەوە... «نازیلە ئینگلیز» پێی وت:

- وەکی ئەمن بزانم دووکان چی تێدا بفرۆشرێ، ئەو ناوەی لێ دەندرێ... ئەوجا ئەتووش ناو لەوەی خۆت بنێ کوردستان.

* «عارەب یابە» لە «تەیراوە»ڕا هات و لە کۆڵانی «نازیلە ئینگلیز» ڕێک لە خانووی کرێی ماڵی «مامۆستا نافیع حوسێنی» دانیشت... هێشتا کەلوپەلەکانی لە پشتی پیکابەکە دانەگرتبوو، کاتێ نازناوی «کوردستانی»یان پێ بەخشی و ئەم بۆ ئەوی دەگێڕایەوە... دەستی دەدایە هەر کارێ، بەزیانی زۆرەوە لێی دەردەچوو و هەمیشە کونەپەپوو لەسەر تەرازووی دەیخوێند... «مێرەم عەبابەیلێ»ی ژنی هەر زوو زوو پەنای بۆ «مامۆستا نافیع حوسێنی» دەبرد و پێی دەوت فریایان کەوێ... ئەویش هەموو شتێکی بەجێدەهێشت و خەمی ئەوانی دەخستە ئەستۆی... من شایەتیی ئەوە دەدەم، کە مامۆستا ئەو پارەیەی بۆی خەرجدەکرد، زۆر زیاتر بوو لەو کرێیەی لێی وەردەگرت.

ڕەمەزانی حەفتاویەک «عارەب یابە کوردستانی» نانی ڕەقی لە ماڵدا نەما و مەرگ دەرگای لێ

گرت... چی مابوو لە نوێن و قاپوقاچاغ بردنیە مەزاتخانە و بڕێ پارەی هاتە دەست... بەیارمەتیی هەردوو زوڕناژەنی بەناوبانگ «سەید کەریم» و «مام دێوانە» دەهۆڵێکی کۆنی لە «سوورە دۆم» کڕی... پارشێوان بەو سەرمایە دەچوو لەو گەڕەکانەی «ئیسکان» و «کۆماری» دەیکوتی و موسڵمانانی بەئاگا دەهێنا... دوای حەفتەیەک نەخۆشی خستی و تای گەرم لە جێدا تلی پێ دا... «مێرەم عەبابەیلێ» نیوەی شەو بەپیشەی هەمیشەی پەنای بۆ «مامۆستا نافیع حوسێنی» برد و خۆی و ژن و منداڵەکەی لە خەو هەستاند:

– دەخیلت بم برای نازدارم، عارەب گەلەک نەخۆشە، دەشقەم ئەتوو ئەوشۆ لەباتی وی بچی.

ئەو لە پێشدا قاقایەکی بەرزی لێدا و بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– ئەمن بچم لە کۆڵانان دۆڵی لێبدەم...؟! ئەمن...؟!

بەڵام کاتێ «مێرەم» گریا و وتی:

– دە ئەخر ئەو غەریبە پێی ناکرێ... ئەگەر نەشچی، ئەو چەند ڕۆژەی چووشە، لۆی عیساب ناکەن... مەراقیب بەغاییبی دەنووسی و مارمان وێران دەکاتن... بەلەدیە قایل نابی عارەب ڕۆژی جێژنەی جێژنانەی لە خەرکی وەربگری... ئێ ئەمەش هەموو تەمایەکمان بەو قیچە ڕزقەیە.

ئەوسا ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و بەدەم سەربادانێکەوە وتی:

– قیرِی سیا ئەوەشتان لۆ دەکەم.

پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستی چەند جارێ ڕاشەقاند و بەکەمێ تووڕەبییەوە پێی وت:

– بەس نابی یەک کەس بزانی...!!

مامۆستای چوارشانە دەیەوێت جلەکانی «عارەب یابە کوردستانی»ی کورتەبنە لەبەر بکات، بەڵام بۆی نابن و ناچار قاتە بێجییەکەی خۆی دەپۆشێت... پاڵتۆی درێژی بەسەردا دەهێنێت و یاخەی زلی لەملا و لەولاوە تا ئاستی گوێچکەکانی ڕادەکێشێت... دەهۆڵ دەکاتە ملیەوە و دوو دارە لووسەکەی بەم دەست و بەو دەستیەوە دەگرێت:

– دەترسێم ڕۆژی جێژنەش عارەب پێی نەکرێ جێژنانەی لە خەڵکی وەربگری و ئەمن بنێرن... ئەوجا بیننە بەرچاوتان دۆڵم لە ملی کردیە و دەرکە بەدەرکەی ماڵان دەگەڕێم... منداڵی کۆڵانان بەدووم کەتینە و دەستم لۆ درهەمی جێژنانەی پاندەکەمەوە.

قاچی لە دەرگای حەوشە دەباتە دەرێ و لەسەر نەغمەی ڕڕڕەپڕڕڕەپ ڕڕڕەپڕڕڕەپ ڕڕڕەپڕەپڕڕڕاپ/ ڕڕڕەپڕەپڕڕڕاپ ڕڕڕەپڕڕڕەپ هەنگاو دەنێت... کۆڵان کۆڵان دەگەڕێت و دەیکوتێت.

«مامۆستا نافیع حوسێنی» و هاوڕێکانی شەوانی هەینی لە ماڵی یەکێکیان کۆدەبنەوە و سەریان گەرم دەکەن... لەپاڵ گفتوگۆی سیاسیدا، گاڵتەوگەپیش شوێنی خۆی هەیە... نوکتە بۆ یەکتر دەڵێن و قاقای پێکەنینیان دەگاتە ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵان... وا ڕێککەوتوون هەر کامێکیان بەسەرهاتێکی سەیری



واقیعیی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوا هەموو خواردن و خواردنەوەکەی بەلاش ڕادەوەستێت... جاری پێشوو «مامۆستا حەمدی ڕەواندزی» بردیەوە، بەڵام بێگومان حەفتەی داهاتوو سەرکەوتن هی خۆیەتی... بەو شێوازە تایبەتیەی چرکە چرکەی ئەو شەوە دەگێڕێتەوە، کە لە پارشێوێکی ئاوادا بەسەری بردووە... لێرە و لەوێش بۆی زیاد دەکات و چیرۆکێکی بەلەزەتی لێ دەخوڵقێنێت... ئاخر هەموویان دەزانن ئەم لە گێڕانەوەی ڕووداودا چەند لێزانە... «فەوزیە»ی هاوسەری دەیان جار پێی وتووە شێوەی ئاخاوتنی سەرنجی ڕاکێشا... قسە نوقڵیەکانی لەودیو دەیبیستن، باوەڕیان پێ هێنا، کە ئەو کوڕەی لێی دەگەڕێت، دراوسێیانە... ئەوەتا هێندە نزیکە، ئەگەر دەستی درێژبکات، بەپەنجەی ناسکی تاڵەکانی قژی خاوی دەگرێت... ڕەنگە شەوان بەتەنیشت یەکترەوە بنوون و تەنها دیوارێکیان نێوان بێت.

لەپڕ دەرگای ماڵێک کرایەوە و دوو سێ گەنجی لێ هاتە دەرێ... دەیانویست پەلاماری بدەن و دەهۆڵەکەی لێ بشکێنن، چونکە خەویانی زڕاندبوو... بەڵام کاتێ بەقاتی کەشخە و پاڵتۆی نایابییەوە بینیان و لێی وردبوونەوە، حەپەسان و نەیاندەزانی چی پێ بڵێن... لێیان پرسی ئاخۆ ئەم بەڕاستی دەهۆڵژەنە یان مەبەستێکی دیکەی هەیە... مامۆستا نەیدەوێرا خۆی ئاشکرا بکات... ئەنجام لەسەر ئەوە ڕێککەوتن جلەکانی لەبەر دابکەنن و بەرووتی بینێرنەوە... دوایی بەهۆی پسولەی گیرفانیەوە زانیبوویان کێیە، بۆیە بەیانی لە ڕۆژنامەیان پێچان و بۆیان هێنایەوە.

«مێرەم» هەمیشە دەیویست «عارەب یابە کوردستانی»ی مێردی لەناو خەڵک دیار بێت و لە گەڕەک حیسابی بۆ بکرێت، بۆیە پێش ئەوەی بچنە میوانداریی دراوسێکان، قسەی لەبەر دەنا و پێی دەوت چی بڵێت و چۆن چۆنی دەربیانبڕێت... ماڵی «ئازاد سلێمانی» تازە هاتبوونە گەڕەک و تەنها ئەمان بەخێرهاتنیان نەکردبوون... هەرکە «ئاریان»ی کوڕیان خەتەنە کرا، «مێرەم» پێی وت:

– عەیبە عارەب با ئەوشۆ بچین و چشتەکیشان لەگەر دەستی خۆمان لۆ ببەین.

«کوردستانی» لە ناوی «ئاریان»ی کوڕ و «بازیان»ی دایکدا لێی تێکچوو... دوای ئەوەی پیاڵەی چاکەی بەردەمی تێکدا، ئاوا سەرەتای قسەکانی دامەزراند:

– گەلەک لەمێژە بەتەمابینە بێین مامۆستا، بەس هەر ڕێکنەدەکەت... ئەوڕۆ زانیمان بازیان سونەت کرایە، گۆتمان دەبی هەر بچین.

ئەوان بە«مێرەم»یشەوە ڕەنگیان تێکچوو و سەریان داخست... «بازیان خان» لەسەر ئەم حاڵەیشەوە پێکەنینی لێ پژا و دەستی گرت بەدەمیەوە... ئەویش تا پێشانیان بدات قسە دەزانێت، فڕێکی تری لە چاکەی دا و ئەمەشی هاویشتە بانی:

– هەموو شەوێ پێش ئەوەی بنووی، بەمەرعەمی جوان جوان لۆی چەورکە، چونکو بەس ئەمن دەزانم چەند ناسکە.

هاوکات بەئاماژەیش تێیدەگەیاند... دوو پەنجەی دەستی ڕاستی لە ناولەپی چەپی دەخشاند و تەمسیلی شێوەی چەورکردنەکەی بۆ دەکرد.

ئەمان وا ئارەقیان لێ دەچۆڕێتەوە و ئەویش لەسەر ئامۆژگارییەکانی بەردەوامە:

– نێلی ئاوی پێ بکەوی، دەنا دەزەپکێ و لێی پیس دەکـاتن... چەند ئاگـات لێی بی، هەر کـمـە مامۆستا.

شتێکی سەیری دیکەی «عارەب کوردستانی» ئەوەبوو، کە بەمانگ خەوی لێ نەدەکەوت... شەوان تا کازێوە بەپێوە دەوەستا و دەیڕوانیە حەوشە نیمچەتاریکەکەیان، کە گلۆپی هەیوانی ماڵی «مامۆستا نافیع حوسێنی» گوزەرێک تیشکی کاڵی پێ دەبەخشی و کەمێ ڕووناکی دەکردەوە... دراوسێکان چەند جارێ بردیانە ئەم دکتۆر و ئەو دکتۆر و چارەسەریان نەدۆزیەوە... «مێرەم» هەمیشە لە کۆڵان بۆی دەگریا... «ئەستیلە» لێی پرسی:

– لەگەڵ تووش نانووی...؟!

– با، بەس خەوی لێ ناکەوی.

– ئەوجا ئەوە خراپە...؟!

«نازیلە ئینگلیز» وتی ئەم دەتوانێ بیخەوێنێت... «فەرید حەیدەری»ی مێردی «ئاوریشم»ی ئامۆزای لە دەرگای خۆیانەوە گوێی لێ بوو و پێی وت:

– بەچ دەینوێنی نازیلە ئینگلیز...؟! ئەوە دکتۆر دەستیان لێی شووشتیە... مەگەر...

لەبەر ئێمە قسەکەی بڕی و بەئاماژەی دەست و دەموچاوی تەواوی کرد... ئەوسا «نازیلە ئینگلیز» پێی وت:

– ئەگەر نەمتانی بینوێنم، کرێی ئەو مانگەی خانییەکەی لۆ دەدەم، بەس هەتیم ئەگەر تانیم، دەبی ئەتوو لە بارکی خۆتی دەربینی.

«فەرید حەیدەری» بەقایم لە سنگی خۆی دا و وتی:

– ڕازییمە.

دوای نیوەڕۆی بەهار بوو و خۆری ناوەڕاستی ئاسمان پێستی هەمووانی ختووکە دەدا.. «نازیلە ئینگلیز» «عارەب کوردستانی»ی بردە سەر شارەمێروولەیەک و بەزمانێکی خاو، کە دەتوت بەدەم خەوەوە وشەکان دەردەبڕێت، پێی وت:

– گێت لێ بی عارەب یابە کوردستانی...!! مانگێ بیست دیناری وەردەگری و ڕۆژێ هەشت سەعات لێرە دادەنیشی... هەر مێرووستانەک هاتە دەرێ یان چووە ژۆرێ، بیژمێرە... بەس چەند چشتەکت پێ دەرێم، باش ئاگات لێیان بی... هەیانە دێتە دەرێ و دەچتەوە ژۆرێ... دەچتەوە ژۆرێ و دێتەوە دەرێ... بەبێ ئەوەی هیچ ئیشەکی هەبی، دێتە دەرێ و دەچتەوە ژۆرێ... دەچتەوە ژۆرێ و دێتەوە دەرێ... سەرەکی دەکێشی و دەچتەوە ژۆرێ... دیسان دێتەوە... هەندەک دەخولێتەوە و خۆی لە کونێ دەنێتەوە... لەوێش گیر نابی و دیسان دێتەوە... بەچاردەوری شارێدا دەخولێتەوە... دەخولێتەوە... دەخولێتەوە و



دەچتەوە ژۆرێ... ئەتوو نەکەی لە یەکجار زیاتری بژمێری... هەقت نەبی... با هەر بێتە دەرێ و بچتەوە ژۆرێ... بچتەوە ژۆرێ و بێتەوە دەرێ... بخولێتەوە و بخولێتەوە و بخولێتەوە... کەیفی خۆیتی دێتە دەرێ و دەچتەوە ژۆرێ... دەچتەوە ژۆرێ و دێتەوە دەرێ... دەخولێتەوە و دەخولێتەوە و دەخولێتەوە... جارەک بیژمێرە و تەواو... لەوانەیە برێی هاتنەدەرێیە و چوونەژۆرێش، هەر هاتنەدەرێیە و چوونەژۆرێیە، لۆ نەیژمێرم...؟ بەس لێی گەڕێ، با هەر بێتە دەرێ و بچتەوە ژۆرێ... بچتەوە ژۆرێ و بێتەوە دەرێ... مەیژمێرە... یەکەکیان هەیە، هەندەک، زۆر نا، سەری لەهی ئەوانی دی گەورەترە، بەس لاقەکانی، یەک قیچ، بەعاستەم، لە لاقی وان کورتترن... ئەوەیان مەژمێرە... ئەگەر زانیت لە دەقەکی سەد جار هاتە دەرێ و چۆوە ژۆرێ... چۆوە ژۆرێ و هاتەوە دەرێ... لە چاردەوری شارەکەی خولاوە و خولاوە... خولاوە و چۆوە ژۆرێ، مەیژمێرە... ئەو دنکەجۆیەکی لەوسەری دەینی و دەیباتە ژۆرێ... بەناو ئەو تاریکاییەی بن عەردیدا دەڕوا و پێچاوپێچەکان دەبڕی... دەگاتە دەرکەی عەمبارێ و لەهیکڕا پەشیمان دەبیتەوە... پەشیماندەبیتەوە و دەگەڕێتەوە... لە خۆی دەپرسی: مەعقوولە ئەمن لەوسەری دنکەجۆی بەنقەنق بینم و بیهاوێمە سەر ئەو دنکەجۆیانەی، وەکی نازانم کێ هینایینی و بەچەند شەقاوان گەیاندیتیانە ئێرە...؟! باشە ئەمن کوو بزانم سبەینێ ئەوەی خۆمم بەبەر دەکەویتەوە...؟! ئەوە بەبەریشم کەتەوە و خواردم، چم پێ دەبڕێ...؟! هەر ئەوە نییە دەبی جارەشکە دنکەجۆیەکی دی لەوسەری بینمەوە و دیسان پێچاوپێچە تاریکەکان ببڕم...؟! پێچاوپێچە تاریکەکان دەبڕی و نایەوێ تەمەشای ئەو مێرووستانەی دی بکا، وەکی دنکەجۆیان پێیە و گورج گورج لۆ عەمبارێیان دەبەن... لەوسەری بەبەتاری دەگەڕێنەوە... گێیان ناداتێ و تێدەپەڕی... دەرێ: ئەمن لە هەردوو سەران بارم پێیە، بەس نازانم وەکی دێم ڕاستم، یان وەکی دەڕۆم... هەرچەند لێم ڕۆن نییە کیهان لا هاتنە و کیهان لا چوونە... هەر کووەکی بی ئەمن لەوان باشترم، چونکە شکم لەو ئیشەی خۆم هەیە، بەس ئەوان باریان پێیە و دەنقێنن، دەستیان بەتارە و بەگۆرانییەوە دەچن هیتکە بینن، بەبێ ئەوەی یەک جاریش بەفکریاندا هاتبی چ فەرقەک لە بەینی ئەو دوو چشتەیدا هەیە... ئەمن نامەوێ یەک قسەیان لەگەر بکەم، نەخۆ پێم برێن ڕاست نییمە... ئەوان بەچ هەقەکی ئەوەی بەمن برێن... وەختەک بارم پێیە و بەئیتیجاهی وان دەڕۆم، لۆیان نییە، هیچ قسەکی بکەن... لەوسەریش نابی بەغەرەتم بزانن، وەکی ئەمن بەباری قورسەوە ڕێی دەبڕم و ئەوان دەستیان بەتارە... لەناو ئەو مەمەڕە پێچاوپێچانەدا گۆرانییەکانیان دەنگدەدەنەوە و بێزم لەو کەلیمانەیان دەبیتەوە، وەکی بەڕابردی و پاشەڕۆژی خۆیاندا هەردەرێن... پێم ناکرێ بارەکەم دانێم و کونی گێیەکانم بگرم... باشتر...!! ئەوجا دەزانم چ نیعمەتەکی گەورەیە دایمەن بارەکی لەوەش قورسترت پێ بی و نەتانی خۆت بەوەی بخەرەتێنی، گۆیە بێجگە لە ئێستا، وەختەکی دییش هەیە... هەر بەو وەهمەش عومرەکی لۆ خۆت دروست بکەی و وەبزانی ژیانت بەردەوامە... دەنگت هەربڕی و گۆرانیی پێدا هەربڕێی... ئەو ماندیتی و ئازارە هەموو فکرەکانت لەناو سەری دەیننە خوارێ و لە بنی پێیەکانتی خڕدەکەنەوە... چیتکە خەیارت بەولا و بەولایدا ناچی... ئەمن دەتانم زمانم بگرم و هیچی پێ نەرێم، بەس پێم ناکرێ گێم قەپاتکەم و چاوم بچووقێنم... لۆیە وەختەک ئەوان لەو دوو ڕێیەی زەفەرم پێ دەبەن و دەبنە خەمی من، چاکتر پێیەکانم لە عەردی گیر

دەکەم، هەتا بەتەواوی ئازاری ئەو بارە قورسەی بمڕەتێنی و فکرەکان لۆ سەرەوە هەرنەکشێن... شەقاوەکانم بەچاکی داوێم و چاوەکانمیان لەسەر هەرناگرم... دەمەوێ قەناعەت بەخۆم بینم لەو دوو لاقەی پێشەوە زیاترم نییە... ئەوانیش لۆ ئەوەی خولقاینە، هەتاهەتایە عەزابی بخۆن... دەگاتە ئەو جێیەی دنکەجۆیەکەی لێ هێنایە و پەشیماندەبیتەوە... پەشیماندەبیتەوە و بەخۆی دەرێ: ئەگەر داینێمەوە، مێرووستانەشکە دەیهێنی و دەیهاوێتە سەر دنکەجۆیەکانی تکە، ئەوجا ئەمن ئەوکاتی چووزانم بەچەند شەقاوان گەیاندیتیە وێندەرێ و...

«عارەب یابە کوردستانی» لە پێشدا کۆمەڵێ باوێشکی دا و هێندەی نەبرد، ڕاکشا... خەوی هەموو ئەو ماوەیەی بۆی نەهاتبوو، بەجارێ نیشتنە سەری و تا نزیک مردنیان هانی... «فەرید حەیدەری» بیست دیناری دایە «مێرەم» و لە «نازیلە ئینگلیز»ی پرسی:

– بەس پێم بڵێ، ئەو فێڵەت کوو دیتەوە...؟!

– ئەمن ئەو کابرایەی زۆر چاک دەناسم... ئەنگۆ ئەوها تەمەشای مەکەن دەستکورتە و لە سێ جەمان، یەکەکی ناخوا... نییە ئەوەندەی وی دری بەدنیای خۆش بی... هەر لۆیێ خەوی لێ ناکەوی... بەس هەوکە ڕاستییەکەم پێ گۆت و هەموو چشتەکم لە بەرچاوی یەخست... وەکی بەخەبەر دێ، ڕکی دنیای لە پارەی دەبیتەوە و بێزی نایێ ئەو چشتانە بخوا، وەکی پێیان دەکرێ.

ئینجا ئەو خەونانەی بۆ گێڕاینەوە، کە بەباوەڕی ئەم ئەوسا «عارەب» دەیبینین... لەمەوە نەک «کوردستانی»، بەڵکو زۆربەی خەڵکی گەڕەک، شەوان هەرکە دەچوونە سەر جێگا و دەیانویست زوو خەویان لێ بکەوێت، ئەو شارەمێروولەیەیان دەهێنایە بەرچاویان و بیریان لە وشەکانی «نازیلە ئینگلیز» دەکردەوە.

چەند ڕۆژێکی برد و «مێرەم» زانی وا پاش دوانزدە ساڵ شووکردن سکی هەیە... هەر بۆیە بە«نازیلە ئینگلیز»ی وت کچ بێت یان کوڕ، دەبێ خۆی ناوی بنێت... کیژێکی جوان دەرچوو و «نازیلە» «کوردستان»ی پێ بەخشی... کاتێ لە سیمای خەمناکی ڕادەمایت، دەتتوانی هەموو پارچەکانی کوردستانی بەسەرەوە ببینی و هاوکات لەوە تێدەگەیشتی «نازیلە» چەند وەستایانە ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردووە... هەر بۆیە لە دەرفەتێکدا خۆی سەربردەی ژیانی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پڕیەتی لە بەسەرهات و بەشی ڕۆمانێک ڕووداوی تێدایە... ئەوەی لێرەدا دەیڵێین، هەر ئەوەیە، کە «کوردستان» لەوە دەچوو کچی ناو خەونی «عارەب یابە» بێت و لە واقیعدا بوونی نەبێت... ئەو خەونەی دوای نیوەڕۆی بەهارێک لە قەراغ شارەمێروولەیەکدا بینی.

* ناویان لە پیاوێکی نەگبەتی ئەوبەرمان نابوو «عەولا ڕیوی»... هەر دەیانبینی، بانگیان دەکرد:

– عەولا ڕیوی، واڕ ویڕ.

ئیتر ئەو شێت و هار دەبوو و جنێوی بەدار و بەرد دەدا... شەوان منداڵی ئەو دەوروبەرە و هی گەڕەکەکانی تر کۆدەبوونەوە و هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵەکەی... تێکڕا هاواریان دەکرد:



– عەولا ڕیوی، واڕ ویڕ.

بە بەرد ڕاوی دەنان و ئەوانیش کەیفیان بەو بەزمە دەهات... دەمی کەفی دەکرد و دیمەنێکی چەند بڵێی سەیری دەنواند... دەستەکانی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەپاڕایەوە... ماڵێکی کورد، کە هەموو ژیانیان لە بەغدا بەسەربردبوو و لە مفاوەزات گەڕانەوە هەولێر... لە یەکێ لە کۆڵانەکانی گەڕەکی ئێمەدا خانوویان کڕی... کوردییان نەدەزانی و هەر بەعەرەبی دەدوان... کوڕێکی ڕۆحسووکی هاوزای منیان هەبوو... حەزی دەکرد ئەویش وەکو منداڵانی دیکە بەشداریی لەو یاریە فەنتازییەدا بکات، بەڵام چونکە تازە بوو و کوردییشی نەدەزانی، لە ڕووی نەدەهات و ناچار پەنای بردە بەر دایکی... «پوورە سەنیە» چەند بڵێی ژنێکی میهرەبان بوو زۆر ڕێزی لە خەڵک دەگرت... ئەگەرچی سەرەتا پێش ئەوەی فێری زمانی کوردی ببێت، زۆربەی دانیشتوانی گەڕەک لێی تێنەدەگەیشتن و لێیان تێنەدەگەیشت، بەڵام هونەرێکی سەیری هەبوو لە چوونەناو دڵی گەورە و بچووکەوە و ناچاری دەکردی خۆشتبوێ... ئەو ئێوارەیە کوڕەکەی بردە لای کوڕێکی خزمیان و بەلەفزە شیرینەکەی خۆی پێی وت:

– فدوە أروح لک، أخذ ابنی ویاک وعللمە شلون یگول عولە ڕیوی وار ویر. «بە قوربانت بم کوڕەکەم لەگەڵ خۆت بەرە و فێریکە چۆن بڵێ عەولا ڕیوی واڕ ویڕ».

وایزانیبوو ماڵی «عەولا ڕیوی»ی داماو سێرک و «مدینە العاب» و شتی وایە... ئەو ژنەش گیانی نوکتەی لێ هەڵدەوەرا... کاتێ لەگەڵ خەڵکی کۆڵان دادەنیشت و ئەوان بەپەلە دەدوان، هیچ تێنەدەگەیشت و داڵغەی دەڕۆیی... ئاگای لە دەوروبەری خۆی دەبڕا و باوێشکی دەدا... «نەجمەی فەتاح چەخماخچی» چارەی نەدەویست و پێی ڕادەبوارد... لەپڕ دەستی دەخستە سەر شانی و زۆڵانە دەیوت:

– ئەوە بەحسی گامێشەکانی بن پردی سەیداوەی دەکەین.

ئەویش خۆی نەدەشکاندەوە و دەیگۆت:

– دەزانم دەزانم، ئەوە فکر دەکەم لە حەلیبە دەسەمەکەی.

* «ڕابیعە ماوان»، ئەو بێوەژنەی بەکرێ لە خانووی «جەوادی حەسەن شێلم»دا دەژیا، بۆڕی هەموو ژنە هارەکانی ئەو دەوروبەرەی دابووەوە... لە ترسی ئەو، کەم کەس دەیوێرا بەو کۆڵانەدا تێپەڕێت... لە کاتی تووڕەییدا ئیلهامی بۆ دەهات و شیعری داشۆرینی دەوت... ڕۆژێکیان من و «سوداد ڕەمزی» و «هۆشەنگ وەزیری»ی هاوڕێم بەدرۆ پێیمان وت خاوەنی خانووەکەی نیازی وایە کرێی لەسەر زیاد بکات... ئەو بۆ ساتێک سەری داخست و لەپڕ هەڵیبڕی... دەستەکانی ڕاشەقاند و بەوپەڕی تووڕەییەوە وتی:

با گێی لێ بی جەوادی حەسەن شێلم
وا تێنەگا ئەمن ژنەکی نەزان و گێلم
ماڵ ماڵی خۆمە و تێیدا دەژیم
بە قوەتی فیرعەونیش جێی نایێلم
تەمای وەیە کرێی زیاد کا و بەدەرمنێ...؟!

«...»ی کەری دنیا بە«...»م، ئەگەر بهێڵم

* سەوزەفرۆشێکی تر هەبوو، ڕۆژێ بەلای ڕاست و ڕۆژێ بەلای چەپدا دەشەلی و هەمیشە بوختانی بۆ ئەوانی دیکە دەکرد... ئەمیان دزە و ئەویان بێنامووس... کچی ئەمیان ئاوا جووڵایەوە و ژنی ئەویتریان ئاوا چوو... لە ماڵەوەش دووکانێکی بچکۆلەی هەبوو و هەر سەوزە و میوەی تیادا دەفرۆشت... لەپڕ نەخۆشی خستی و لەناو جێدا تلی دەدا... دراوسێکانی هاتن بۆ لای و ئەم لە تاوی ئەوەی، کە نەیدەتوانی شتەکانی بفرۆشێت، ئاگای لە دنیا بڕا... هەموو خەیاڵێکی لای ئەوان بوو... یەکێکیان زمانی سووتا و پرسی:

– کاک عەباس هەندەکت نەشێلم...؟

ئەو بەحاڵ سەری هەڵبڕی و بەدەنگە کزەکەی وەڵامی دایەوە:

– شێلم...؟! ئەدی کوو نیتم... بڕۆن پێنج کیلۆی لۆ بینن.

منداڵەکانی چوون و بۆیان هێنا... میوانێکی دیکە لێی پرسی:

– تات لێ نییە...؟

– توور...؟! هەستن دوو دەسکی باشی لۆ بینن.

پیاوێکی خەڵکی بناری کەرکووک، ڕووی کردە ژنی کابرا و پێی وت:

– بەچواردەستە بیبەینە دختۆر...؟

ئەو لەوێوە هەڵیدایە:

– چار کیلۆ بیبەری سۆر...؟! زووبن لۆی بینن.

هەر قسەیەکیان لە دەم دەردەچوو، ئەو لێی دەبووە ناوی یەکێ لە سەوزە و میوەکانی... تا وای لێهات هەر میوانە و شتێکی بەسەردا ساغکرایەوە... «عیززەدین لووراندی» پیاوێکی زۆر پیسکە بوو و لە سووچێکی ژوورەکە چای بەلاشی هەڵدەقووڕاند، کە ژنی کابرای نەخۆش بەدزییەوە لێی نابوو و پیاڵە لەسەر پیاڵە دەیخستە بەردەمیان... زمانی هەڵنەدەهێنایەوە، نەوەکا ئەویش وەکو ئەوانی دیکە پێوە ببێت... ئاخر ئەو نینۆککەری نەدەکڕی و لە ماڵان نینۆکی خۆی و ژن و منداڵەکەی دەکرد... کچ و کوڕەکانی لە کۆڵان بەپێی پەتی دەسووڕانەوە و دڵی نەدەهات چەند پەنجاییەکیان بۆ بدات بەپێڵاو... بەڵام خۆ ئەو پیاوەش لە پیسکەییدا لە ئاوەکانی پشتی ئەو پەڕیبووەوە و لەوبەر خۆی لە بەرهەتاوی بەلاشدا هەڵخستبوو... ئایا ئەو ڕۆژە توانی هیچ یەکێ لە سەوزە و میوەکانی بەسەردا ساغکاتەوە...؟! پەلەمان چییە... کەمێکی دیکە دەیزانین... جارێ با زیاتر بەباگڕاوەندی ئەو کارەکتەرە سەیر و سەمەرەیە ئاشنابین.

«عیززەدین لووراندی» بەخەڵکی دەوت بە«عەزە» بانگی بکەن و کەس لەوە تێنەدەگەیشت... ئەو جارە باوکم بەپیاوێکی هاوڕێی خۆی وت، ڕەنگە لەوە بترسێ ڕۆژێ دەوڵەت یاسایەک دەرکات و بەپێی ئەو یاسایە خەڵک لەجیاتی هەر پیتێکی ناوی خۆیان، شتێ باج بدەن... ئیتر ئەو لە ئێستاوە باری شانی خۆی سووک دەکات... هاوڕێکەی باوکم وتی، ئەگەر دەوڵەت پەنجا فلسی باج لێ وەرگرێت، ئەو بەفێڵەکانی خۆی دوو قاتی ئەوە لە خەڵکی گەڕەک دەستێنێتەوە.



چونکە هەمیشە خەیاڵی لای کۆکردنەوەی ماڵ و پاشەکەوتکردنی بوو، بۆیە بەبێ ویست دوای هەر ژمارەیەک وشەی پارەی لە دەم دەردەچوو: «پیری و هەزار دینار»... «ئەو نەجمەدینەی برام بیست و چار درهەم سەرخۆشە»... «کچێ ژنێ سەد فلسم پێ گۆتی مادام باران دەباری، ئاوی بەلووعەی بەکار مەینە».

ڕۆژێ لە ڕادیۆکەیانەوە دەنگی کۆمەڵێ گۆرانیی زۆر خۆش یەک لە دوای یەک بەرزدەبوونەوە و دەگەیشتنە کۆڵان... «پەلکەزێڕینەی ئێوارەی بەهار»ی «سەمیرە نادر» تەواوبوو و «جوانین ئێمە جوانین کیژی کوردستانین»ی «پەخشان» و «ژیان» جێگای گرتەوە... ئەو کۆتاییی هات و «لە مەیدانی بەهارە شارەکەی کۆ»ی کۆرسی باواجیی کۆیە دەستی پێکرد... کوڕێکی هەژاری دراوسێیان چوو ئەو ڕادیۆیە خراپەی بەنرخێکی زۆر لێ کڕی... کاتێ لێیان پرسی بۆچی، خۆ دەیتوانی بەو پارەیە دووانی زۆر چاک بستێنێت... ئەو وتی توخوا حەیف نییە ئەو گۆرانییە خۆشانە و ئەو هەموو دەنگە ناسکە بچنە ماڵی «عیززەدین لووراندی».

منداڵەکانی خۆی بە«قەرسەقولی بابە» بانگدەکرد... من وامدەزانی ئەوە جنێوێکە تەنها بۆ ئەوان... دوایی کوڕێکی هاوڕێم وتی، کەوا من بەهەڵە تێگەیشتووم، بەڵکو مانای ئەوەیە خۆی کەرە و منداڵەکانیش تەرسەقولەکەین... ئەو هەمیشە خۆی سووک و چرووک دەکرد و هیچ پێی ناخۆش نەبوو بەناشیرینترین شێوە باسیان بکردایە، بگرە کۆڵێ ئاسوودەش دەبوو... بەڵام جارێکیان «خالید جنجڕ»ی مریشکفرۆشی ڕیسوا کرد و پێی وت:

– هەر کێ قسەم پێ دەرێ با بیرێ، بەس لە توو و لە برا منجڕەکانتی قەبوور ناکەم، چونکە ئەنگۆ هەتا بەخۆتان ڕادەگا، مریشک و کەرەبابەکانیشتان درۆزنن... بریا لەباتیی تڕی، درۆ بۆنی بهاتبایێ، بەشکوو ئەوەی درۆی دەکرد، یەکسەر ئاشکرا دەبوو... ئەوجا دەمزانی ئەنگۆ کوو لەوەش زیاتر عەیاتان دەچوو.

ئەو برایانەش سەیر بوون... ئەگەر پەیوەندییان خۆش بووایە، هەڵبەستی یەکتریان دەپۆشی و ئەمیان لەجیاتی ئەویان سوێندی دەخوارد، بەڵام کاتێ تێکدەچوون، یەکتریان بەدرۆ دەخستەوە و خەڵک پێیان پێدەکەنین.

«عیززەدین لووراندی» هەمیشە دالغەی لێدەدا و زۆر کەم ئاگای لە دەوروبەرەکەی خۆی بوو... کاتێ دەڕۆیشت، بەبێ ویست دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژ دەکرد و سەری پەنجەکانی دەنووساندن بەیەکترەوە... هەر دەتوت خۆی بۆ مەلە ئامادەکردووە... واتدەزانی گۆمێ، یان ڕووبارێ لە بەردەمیایەتی و ها ئێستا نا ساتێکی تر خۆی هەڵدەداتە ناویەوە... لە ڕاستییشدا وابوو... ئەو هەمیشە لە ماسیگرەیەک دەچوو و زوو زوو بۆقێ، یان ماسییەکی لەو گۆم و ڕووبارانە ڕاو دەکرد.

هەر کاتێ پیاوان باسی سیاسەتیان دەکرد، ئەو گوێی دەگرت و بەشێوەیەکی زۆر سەیر سەری دەلەقاندەوە... لەپڕ دەرفەتی دەهێنا و دەیپرسی:

– شێخ سەعیدی پیران ئیعدام کرا... وە نییە...؟

ئەگەر بە«ئا» وەڵامیان بدابووایەتەوە، دەگەشایەوە و بەکەشوفشەوە دەیڕوانییە ئەملا و ئەو لای خۆی، بۆ ئەوەی پیشانییان بدات، کە ئەویش سەری لەو قسە و باسانە دەردەچێت... هەر چەند هیچ پەیوەندیەکیشی بەمەسەلەکەوە نەبوو... ئینجا بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە دەیوت:

– ئەگەر ئیعدامیان نەکردبایە، بەس ئەمن دەزانم هەوکە ئەمە دەبووینە چ و دەگەیشتینە کێندەرێ.

بەڵام هەرکە یەکێ بیوتایە:

– ئیعدامی چ...؟!

تووڕە دەبوو و دەیوت:

– دە فەرموو گێتان لێ بی، دەرێ شێخ سەعیدی پیران ئیعدام نەکرایە... کورە وەرن لە خەفەتی خەرکی کەر بمکوژن و گەردەنی خۆتان و باب و باپیریشتان ئازابی... بەخوا بابە دنیایەکی هیچە، پیاوی گەورە لەناو دەچن و گێل و مێلیش دەمینێنەوە.

ئینجا کەمێ هێمن دەبووەوە و کابرای فێری مێژوو دەکرد:

– توخوا ئەگەر ئەتوو نەزانی شێخ سەعیدی پیران لە ساری هەزار و هەشتسەد و سیوپێنج لەو دەربەندی بازیان و سولێمانیەی شەڕی ئینگلیزی کافری کرد و لە مەهاباد عوکمەتی کوردیی دامەزراند... بووە سەرۆکی کوردان و لە هەموو دنیایێ دەنگی داوە... دوایێش ڕووسی سەگباب بەفیتی ڕۆمی هەرچیوپەرچی گرتی و ئیعدامی کرد، ئەدی پێم نارێی چ دەزانی...؟!

لەمەوە کردبوویانە پەند و هەر کەسێ قسەی بێسەروبەر و ناماقووڵی بکردایە، خوێندەوارانی گەڕەک دەیانوت: «مێژووە و دکتۆر عیززەدین لووراندی دەیگێڕێتەوە».

ئەو جارە «موحسین مەراقمە یەک جار سینەمەی ببینم» لێی پرسی:

– ئەگەر بەقرۆشەکی توو دەستیان لە ئیعدامکردنەکەی شێخ سەعیدی پیرانی هەربگرتایە، دەتدا...؟!

– نەء، چونکە شێخ سەعید، کە ڕازیی نەدەبوو ژیانی خۆی بەپارە بفرۆشی، ڕازییش نەدەبوو بەپارە بیکڕتەوە.

پێیان وابوو ئەمە چاکترین قسەیە، کە بەدرێژاییی ژیانی لە دەمی دەرچووە... بەڵام «جەلال نادر»ی دراوسێیان، کە هیچ کەسێ بەقەدەر ئەوی نەدەناسی، وتی:

– مەسەلەکە ئەوها نییە... شێخ سەعید چاک دەیزانی ئەگەر ئەوڕۆ بەقرۆشەکی قوتاری بکا، ئەوە سبەینێ بەدوو قرۆشی دیکە دەیباتەوە بەر قەنارەکەی... ئەوکاتی ئەو ڕێزەشی نەدەما، کە هەوکە هەیتی.

کەمێ دوای ئەوە منداڵێک بەوێدا تێپەڕی و چلوورەی دەخوارد... «سالم»ی کوڕی «عیززەدین لووراندی» بەپێی پەتی دوای کەوتبوو و بەردەوام لێی دەپاڕایەوە:

– یەک مژ... یەک مژ... توخوا یەک مژ... یەک مژ و بەس... بەسەری بابم گەزەی لێ نادەم... هەر بەعاستەم سەری زمانمی پێدا دەینم... دەی بەقوربانت بم یەک مژی گچکە... زۆر عەزم لێیتی... ئەدی ئەمە



خزم نیینە...!! داپیرم ناوکی تووی نەبڕیە...؟! هەها ئەوێ جاریش داکم هاتە مارتان و ئەمن و توو لە سەربانەکەتان بەردمان لە مارێ مام سەلامی جیرانتان گرت...!! پلکە عەتیە تووڕە بوو و گۆتی کورە هەی قەعپەداکینە، لە دەوی بابتان ڕیم، پیارەکانمان شکان... خۆمان شاردبۆوە و پێدەکەنین... چەند خۆش بوو...!! لەبیرتە...؟! دەی یەک مژ... توو سەری بابت یەک مژ... بەس تامی دەکەم... خۆ کفر نییە... ئۆء، ئەوە چییە...!! چەند لێت پاڕامەوە... ئەمنیش گوناعم... ئەوێ جارێ نەخۆش بووم... وەخت بوو بمرم... هەدیەی خوشکم گۆتی ئەمن لە پاش توو هەر دەگرییێم و هاوینان سەر قەبرەکەت بەئاوی سارد دەڕشێنم... جلکەکانت دەکەمە بالیف و شەوان هەتا سبەینێ فرمێسکیان لەسەر دەڕێژم... خۆ ناو قەبریش زۆر تاریکە، بەس چبکەم ناتانم برێم مەمبەن ئەمن بەتەنێ لەوێ دەترسێم... دەزانی ئەگەر بمرم، ئەتوو غەریبیم دەکەی و دەرێیی لۆ نەمهێشت یەک مژی لە کرێمستیەکەی من بدا... هەموو شەوێ دێمە خەونت و لە پەنجەرەکەتان تەمەشات دەکەم... دوایێ وەکی بەخەبەر دێی، زۆر دەترسێی و خۆت لەبن لێفەی دەنێی... دەلەرزی و خەوت لێ ناکەویتەوە... یەک مژ... یەک مژ... توخوا یەک مژ... بەقوربانی بنی پێت بم یەک مژ... ئەگەر جارەشکە دەعوام کرد، داکم قەعپەیە و بابم گەوادە... گێت لێ بوو چم گۆت...؟! گۆتم داکم قەعپەیە و بابم گەوادە، ئەگەر لە یەک مژی زیاترم ویست... دەی توخوا هەتا خلاست نەکردیە، مژەکم بدێ... یەک مژ... یەک مژ... دەرێم یەک مژ... خۆ زیاترم ناوێ... ئۆء، چەند پاڕامەوە...!! مادام نامدەیێ، وەکی تەواوبووی، دارەکەی فڕێ مەدە، بیدە من... لۆخۆم دەیلێسمەوە... باشە...؟! برێ بەسەری بابم فڕەی نادەم...؟!

«نازیلە ئینگلیز» دەیوت «عەزەدین لووراندی» وایزانیوە قسەکردن و بیرهەڵکەندن وەکو یەک وان... ئێمەی منداڵ لەوە تێنەدەگەیشتین، بۆیە ئەو جارە بۆی شیکردینەوە: «ئەگەر بمانەوێت لەو زبڵدانەی لای گۆڕستانی چراغ بیرێک هەڵکەنین، ئەوا سەرەتا شتی پیس پیس لەژێر زەوی دەردێت، بەڵام وردە وردە دەگەینە خۆڵێکی پاکی شێدار و ئەنجام ئاوێکی سازگارمان دەستدەکەوێت... عەزەدین لووراندییش وایزانیوە ئەگەر بەردەوام قسەی هەلەقومەلەق بکات، ئەوا ڕۆژێ دێت گەوهەری لێ هەڵدەقولێت».

جارێکیان «پلکە بەسێ بەسیکە»ی دایکی «عیززەدین لووراندی» تاکێکی نەعلی لاستیکی ونکرد و ژیانیان لێ تاڵ بوو... ئەو پیاوە داماوە شەوان دوای ئەوەی درەنگ درەنگ لە ئیش دەهاتەوە، دەرگا بەدەرگا بۆی دەگەڕا... ئەوەندە ئەم ماڵ و ئەو ماڵی کردبوو و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە لێی پرسیبوون، هەر دەیانبینی، پێش ئەوەی دەم بکاتەوە، ئەوان پێیان دەوت:

– نا، بەخوای نەماندیتیە.

دوای مردنی دایکیشی تاکەکەی تری فڕێ نەدابوو، بەشکو ئەوی دیکەیش بدۆزێتەوە و ژنەکەی لە پێیان بکات... بەمنداڵەکانیشی وتبوو هەر کەسێ هاتە پرسەکەی، ئەوان پرسیاری ئەو تاکە نەعلەی لێ بکەن، ئێ ئەوە دنیایە یەکێ دۆزیبێتیەوە... هەر زوو زووش ئاخی هەڵدەکێشا و دەیوت:

– ئەی خوایە ئەو نەگبەتیە چبوو شانی گرتم، تاکە ڕاستەکەش بوو، چەپەیانی بایە هەر قەیدی

نەدەکرد.

ئەوەندە ئەو جووتە نەعلە لەیەکدابڕاوەی لەناو خەیاڵەکانیدا تاووتوێ کردبوو، دەیان چیرۆکی سەیر سەیری دەربارەیان هەڵبەستبوو و زۆر لێزانانە بۆ ئەم و ئەوی دەگێڕانەوە... چۆن تاکی چەپ گلەییی لێ کردووە، کە ئەو وتوویەتی خۆزگە ئەم بووایە لەجیاتی ئەویان... تاکی ڕاست ڕەدوو تاکی چەپی پیاوێکی گەڕەکی ئەوبەر کەوتووە... تاکی چەپ ڕۆژانە بۆ تاکی ڕاست دەگریەت و بیری دەکات... دووانە بوون و یەکتریان زۆر خۆشدەویست... ژنێکی ساویلکە هەبوو لە سووچی کۆڵانەکەیان، باوەڕی بەهەموو شتێ دەکرد و بەجووتێ نەعلی تازەی خۆی لەگەڵیدا گۆڕیەوە... ئیتر «عیززەدین لووراندی» ئۆخەی هات و هەر تاکێکی نووساند بەلایەکی سنگیەوە... دەیگوشین و سەدان ماچی کردن... نەخشەکانی سەری دەلستنەوە و بەساقە و بەقوربانیان دەبوو.

لە جەژنی ڕەمەزان «سالم»ی کوڕی بەجەژنانەی خزم و دراوسێ تەپڵێکی بچووکی کڕیبوو... «عیززەدین لووراندی» لە ژوورەوە لای میوانەکانی دانیشتووە و چاوەڕێیە دەقەیەک زووتر بڕۆن، نەوەکا شت بخۆن و زیانی لێ بدەن... ئەو پیاوانەی وەکو ڕەوە کوللەیەک و ماڵەکەی خۆیشی بەکێڵگەی دەغڵودان دەهاتە بەرچاو و ئاخی قووڵ قووڵی هەڵدەکێشا... ئەگەرچی ئەوان گیرفانی ساردی منداڵەکانیشیان گەرمکردبوونەوە... لەپڕ «هەدیە»ی کچی بەهەڵەداوان هاتبووە ژوورەوە و پێی وتبوو:

– بابە سالە «قو...» ڕوعبەکی بەدمبک دایە.

«عیززەدین لووراندی» هەر تەواو شپرزە بوو و ئاگای لە دنیا نەما... هەرچۆنێ بوو هێزی خستە بەر قاچەکانیەوە و بەلاپە لاپە خۆی گەیاندە دەرگای حەوشە... میوانەکانی لەو کەسانە بوون، کە ئامێری مۆسیقایان بەناشیرینترین شت دەزانی و کڕینی تەپڵێکی ئاوا وەکو ئەوە وابوو پیاوێکی عەشیرەتگەر پەنجا جار کچەکەی ڕەدوو ئەم و ئەو کەوتبێت و وەریگرتبێتەوە... بۆیە وایانزانی بوو «عیززەدین لووراندی»یش هەر لەم تێڕوانینەی ئەوانەوە پێی ناخۆشە... ئەو «پووره خەیلان»ەی دراوسێشمان هەر ئیشێکی هەبووایە، بانگی منی دەکرد و بۆ ئەملا و ئەولای دەناردم... بەجارێ ناخۆشی کردبوو... تەنانەت دوای ئەوەی لەگەڵ دایکیشم تێکیدابوو و قسەی لەگەڵدا نەدەکرد، هەر وازی نەدەهێنا... ئەو جارە پێی وتبووم بچم بانگی «مام نامیق»ی مێردی بکەمەوە، کە لای دایک و باوکی بوو لە کۆڵانی ماڵی «عیززەدین لووراندی»... ئەو بەبۆنەی جەژنەپیرۆزەکردنەوە بۆ سەعاتێ مۆڵەتی لێ وەرگرتبوو و لە کاتی خۆی نەهاتبۆوە... ئیتر «پووره خەیلان» شێت بووبوو و پێی ڕاگەیاندم، کە بەو بڵێم دنیایەک میوانیان هاتووە... منیش لە میانەی دەرگا کراوەکەی حەوشەیانەوە گیانلەبەرم لە ژوورەکاندا نەدەبینی و خشپەی هیچ شتێکم تیادا نەدەبیستن، بۆیە پێیم وت، کوا میوان، ئەوەتا ماڵەکەیان چۆڵوهۆڵە... پاڵێکی قایمی پێوەنام و وتی:

– برۆ ڕانەوەستی سەرکەستوور... هەی جوانەمەرگ بی خوایە... ئینشاللا لە مارەکەی خۆشم محاسەبەم دەکەی... برۆ ملت بشکێنە و پێی برێ هەر ئەلحان نێتەوە، بەخۆم دەزانم چ دەکەم... ئەیرۆ منداری ئەو



عالەمەی لۆ ئەوەندە بێئەدەبن...!! بەڕەللای دەرێیان دەکەن و تەربیەتیان نادەنێ... عەمرتان نەمینێ ڕۆژێ هەتا هێواریێ لە کۆرانان دەسووڕێنەوە و وەکی سەگی هار بەخەرکی دەوەڕن... پێشم دەرێن شەڕانی... توخوا ناهەقمە قسەی لەگەر داکی ئەو مزیرەی نەکەم و بەو جێژنەیەش خۆمی تێنەگەینم...؟! ئەی خوایە بەسەلامەتی بگاتە ئەوێ و هیچی بەسەر نەیێ، بەس لە گەڕانەوەی زیلەکی عەسکەری لێی بدا و پارچە پارچەی بکاتن... سایەقەکەی عەرەبەکی تکریتی بی و هەر ڕاشنەوەستی... شەرتبی نەچمە تازیەکەی و بەدرۆش سەرخۆشی لەو داکە ڕەزاگرانەی نەکەم... توخوا ئەوە لۆ چ باشە...!! دەرێن ئەمن مندارم نابی، لۆیێ شەڕی بەخەرکی دەفرۆشم... شەڕیشم بەکێ فرۆشتیە...!! ها...؟! بەکێم فرۆشتیە...؟! بەس قەبوور ناکەم بەشەر غەدرم لێ بکا... لۆ قەبوور بکەم...؟! وەللا نایکەم و هەردوو چاوی ئەو کەسەی دەردەینم، کە بەخراپی تەمەشام بکا... دەستی لە قوڕگی دەنێم و هەر بەخنکاندن دەیخنکێنم... لۆ باپیرەگەورەی تەمبێی دەکەم و بەعەشیرەتەوە لەو شارەی بەدەردەنێم... خوا لێم نەستینی کۆمەرەکم برا و ئامۆزا هەیە و خۆیانم لەسەر بەکوشتن دەدەن... باسی خارۆزا و پلکزاش هەر ناکەم... ئەگەر بزانم لەو گەڕەکەی یەک کەس نامینێ قسەی لەگەر بکەم، لە هەقی خۆم خۆش نابم و حیساب لۆ شایان ناکەم... دە وەڵاهی دوازدەی وەکی ئەو پیسەم هەبی، هەر خۆم بەوجاغکۆر دەزانم... داک و بابیشی دریان پێی خۆشە... دەبا هەر دریان بەو چشتە جوانەی خۆش بی توخوا ئەتووش...!! غاردە دەی لۆ ئەوها سەبر دەڕۆی عەمرکورت، خۆ هێلکەیان لەبن پێت ڕوونەکردیە... هەتا دەگەیە وێندەرێ، ئاگات لە خۆت بی... لە جادان تەمەشای ئەولا و ئەولات بکە، بزانە قەمەرە و ماتۆڕ دیارنینە، ئەوجا بپەڕەوە... ئاقر بە... لەگەر منداران شەڕی نەکەی و هەتا ئەوێ ڕانەوەستی... برێ پلکم خەیلان گۆتی زوو بێتەوە و مێوانەکان چاوەڕێی دەکەن.

کاتێ من گەیشتمە ئەو کۆڵانە، «عیززەدین لووراندی» تەپڵی لە کوڕەکەی وەرگرتبوو و خستبوویە ژێر یەکێ لە باڵەکانیەوە... من ئەوسا لە پۆلی سێیەم بووم، لە کتێبی قیرائەی عەرەبیدا وێنەی ورچێکی پەڕۆین کێشرا بوو و دەهۆڵی دەکوتا... «عیززەدین لووراندی»م وەکو ئەو دەهاتە بەرچاو و لە پێکەنینا بووراببوومەوە... بەشێوەیەک ئەو تەپڵەی لێ دەدا، کە دەتوت لە هەموو ژیانیدا مەشقی لەسەر کردووە و لە مانای کرۆش و دەبڵکرۆش و شتەکانی دیکەی تەپڵلێدان تێدەگا... «دەمب بەمب بەمب بامب» دەنگی لێ بەرزدەکردەوە و وڕێنەی دەکرد:

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– ڕوبعەک.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– ڕۆیی.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– مارم.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– وێران بوو.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– پشتم.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– شکا.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– داکم.

– دەمب بەمب بەمب بامب.

– بەگان چوو.

هەرچی خەڵکی ئەو کۆڵانەیە بەمیوانەکانی خۆشیانەوە هاتبوونە دەرێ و قاقایان لێ دەدا... منداڵان لە ئاست ئەو دەنگەدا تەواو سەرسام بووبوون... چاوڕەشێکیان لە تەپڵەکەی خۆی دەڕوانی و لەگەڵ ئەوەی ئەودا بەراوردی دەکرد... بۆی دەرکەوت هی ئەو باشترە، بۆیە وتی:

– مام عەزەدین لەگەرم دەگۆڕیەوە...؟!

– بڕۆ کورە... بڕۆ... گۆڕینەوەی چ...؟ هەر ئەوە مابوو...!!

منداڵێکی تر لێی نزیککەوتەوە و پێی وت:

– دەیفرۆشی...؟!

«عیززەدین لووراندی» ڕەنگی هاتەوە بەر و وتی:

– ئا، بەشەش درهەمی.

– بینە.

ئیتر ئەو شەوە «عیززەدین لووراندی» لە ترسا لای ئەو سەوزەفرۆشە نەخۆشە دەمی هەڵنەدەهێنایەوە و متەقی لە خۆی بڕیبوو، نەوەکا شتێکی بەسەردا ساغکاتەوە... پیاوەکە ماوەیەک بوو دەنگی لێوە نەدەهات و لەوە دەچوو نووستبێت... «عیززەدین» ئەمەی بەهەل زانی و لەسەرەخۆ بەمیوانەکانی دیکەی وت:

– جەماعەت دەرێم هەتا کاک عەباس نووستیە، با بڕۆین.

ئەو سەری هەڵبڕی و وتی:

– بەڕوو...؟! بڕۆن یەک فەردەی لۆ بینن.

* «جەلال نادر»ی دراوسێی ماڵی «عیززەدین لووراندی» لە بازاڕ دووکانێکی هەبوو و کاتژمێری تێدا دەفرۆشت... ئەو لە پەنجاکان و شەستەکاندا شەقاوەیەکی زۆر ناقۆڵا بوو و ناوبانگی لە هەموو شاردا بڵاوبووبووەوە... قەڵافەتێکی تێکسمڕاوی هەبوو و دەمارەکانی لەشی وەکو تەلی ستوونی کارەبای سەر شەقامی شەستی دەرپۆقیبوون... لە شەڕێکیدا لەگەڵ کوورەچییەکان، نۆیانی کەللەپاچە کردبوو و ئەوانی دیکە تا سەر قەڵا نەوەستابوون... لە یەکێ لە بەندیخانەکاندا دەبێتە هاوڕێی دوو سێ گەنجی شیوعیی خەڵکی سلێمانی و فێری خوێندنەوەیان کردبوو... مێشکیان بەقسە و باسەکانیان ئاودابوو و تەواو



گۆڕیبوویان... کاتێ ئازاد کرا، خەڵک باوەڕیان نەکردبوو ئەوەی بەرچاویان «جەلال نادر»ە بەڵایەکەی جاران بێت، کە لەبەر بزێوی لە قوتابخانە دەریانکردبوو و گەورە و بچووک لێی دەترسان... خانووێکی پەڕپووت و ناوماڵێکی خراپ و کۆمەڵێ کتێبی باشی هەبوو... ڕۆژانە لە گەڕەک و لە بازاڕ باسی شێوەکانی چەوسانەوەی بۆ ئەم و ئەو دەکرد و هەرچی لەو گەنجە سلێمانییانە و لە دووتوێی لاپەڕە ڕەنگهەڵبزڕکاوەکاندا فێری بووبوو، بۆی دەوتنەوە... دوو کوڕە زۆر چوختیەکەی هەمیشە تووشی تەنگوچەڵەمەیان دەکرد و ڕۆژانە لەملا و لەولاوە دەهاتنە سەروگوێلاکی... حەزی لە شەڕ نەمابوو و بەلەفزە شیرینەکەی دڵی ئەو دایک و باوکانەی دەهێنایەوە شوێنی خۆیان، کە منداڵەکانیان بەدەستی ئەوان لێدانیان خواردبوو... جارێکیان پیاوێکی فەرمانبەر لە گەڕەکێکی ترەوە بۆ سکاڵاکردن هاتبوو... هەرکە ئەو بەشێوازە تایبەتیەکەی خۆی لەگەڵیدا کەوتە قسەکردن، کابرا ئەملا و ئەولای ماچکرد و پێی وت:

– وەڵلاهی بەنیازی شەڕێ هاتبووم، چونکە کوڕەکەم جێی ساغی نەمایە، بەس هەوکە دەڵێم بەخوای باش بوو، ئەگەر ئەوها نەبا ئەمن کەسەکی وەکی تووم نەدەناسی.

هەرچەند چەورەیەک، ترسنۆکێک پییایدا هەڵدەشاخا و ئەو بەدڵی فرەوانەوە لەگەڵی دەدوا، خەڵک پێیان ناخۆش بوو و سەرزەنشتیان دەکرد، کە ڕازیی دەبێت و بیریان دەخستەوە ئەو کێ بوو... ئەم پێی دەوتن، کاتێ دەتوانێت ئاوا لە ئاستی تووڕەیی و سووکایەتیی کەسێکی بێهێزدا بێدەنگ بێت و پەلاماری نەدا، وا دەزانێت لە هەموو کاتێکی دیکەی تەمەنی ئازاترە.

ڕۆژێکیان پیاوێکی لەخۆبایی و تووڕە گوێی لەو قسە شیرینانەی نەگرت و هەڕەشەی لێ کرد... پێی وت سبەینێ لەگەڵ خزم و کەسە زۆرەکانی لەناو بازاڕ لە بەرچاوی ئەو حەشاماتە ڕیسوای دەکەن... ئەو پیاوە یەکێ بوو لەوانەی بەدەستی «جەلال نادر» لێدانی چاکی خواردبوو و دەیویست تۆڵەی ئەوسای لێ بکاتەوە... لەگەڵ دووانی دیکەی وەکو خۆی شەڕیان بەکچێک فرۆشتبوو... باوکە پیرەکەی چووبووە سەریان و ئەوان ناو دەمیان پڕکردبوو لە خوێن... «جەلال نادر» سەری هەرسێکیانی خستبووە ناو جۆگەلەیەکی گەورەی چڵپاوەوە و بەلەقە تێیان کەوتبوو... دەیان وت ئەو پیاوە کاتێ ڕایدەکرد و منداڵەوردکە هووهایان بۆ دەکێشا، کتومت لە بزنمژێکی قوڕاویی دەچوو و خوا خوای بوو پەنایەک بدۆزێتەوە، خۆی تیادا حەشار دا... جا ناهەقی نەبوو دوای ئەو هەموو ساڵە ئەمەی بیرنەچووبێتەوە و بەتەنیا نەوێرێت بچێتە سەری... کۆمەڵێ پیاوی دیکەی وەکو خۆشی بردبوو... «جەلال نادر» وا وەکو هەموو ڕۆژێکی تر لە دووکانەکەیەتی و کاتژمێر بەکڕیارەکانی دەفرۆشێت... ئەوان دەردەکەون و پەلاماری دەدەن... دوو کوڕەکەی بەدزییەوە هاتوون و سەر و گوێزانیان بەدەستەوە گرتووە... لە دواوە بەسووکی بەنەخوێنی یەک بەیەکیان دەپچڕێنن... ئیتر هەر پیاوە و دەست بۆ شەرواڵەکەی دەبا و بەدوای پەنایەکدا دەگەڕێ... لەو کەسانەشن، کە دەرپێی کورت لەپێ ناکەن... دیمەنێکی چەند بڵێی سەیریان هەیە و هەرچی خەڵک هەن پێیان پێدەکەنن... «جەلال نادر» نازانێ مەسەلە چییە و کاتێکیش تێدەگات، لە قاقای پێکەنین دەدا و بەکوڕەکانی دەڵێ:

– ئەمن بەزمانی خەڵکی ئاقڵ دەدوێم و خۆم لە شەڕەکانیان بەدوور دەگرم، ئەنگۆش بەزمانی ئەو نەفام و ترسنۆکانە قسەی دەکەن و دەتانن لە گێچەڵەکانیانم بپارێزن... پاکمان لە پاک.

* «فەوزی نانەکەلی» هاوڕێیەکی نزیکی «جەلال نادر» بوو و زۆر جار بەجووتە لە یانەی فەرمانبەراندا سەری خۆیان گەرم دەکرد... ئەو مرۆڤێکی تا بڵێی ڕۆحسووک بوو، بەڵام گاڵتەی لە هەموو شتێ دەهات... دەیتوانی بەدوو وشە سەرتاپای ئەو شتانەی تۆ دڵت پێیان خۆشە و شێلگێرانە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانیان دەدەی، لە بەرچاوتیان بخات و قێزیان لێ بکەیتەوە... لەودیوی هێڵە سپیەکانی یاریگا دادەنیشت و وەکو زلوونگەر زلوونگەی لەسەر یاریەکە دەدا:

– ئەلف تۆپەکەی لە بێ سەند... ئینجا چییە...؟! بەرەو گۆڵەکەی برد... ئەوە بردیشی، یانی چی...؟! لە جیم و دالیشی تێپەڕاند، بەڵام بۆچی باشە...؟! ئەوا شووتێکی قایمی لێ دا و گۆڵی کرد... چی پێ برا...؟! جەماوەر چەپڵە لێدەدەن... با هەر لێی دەن، چی لێ پێکدێ...؟! قسەی قۆڕ... خەڵک لەوەتەی هەن چەپڵە لێدەدەن، کەچی هیچ شتێکیش ڕوو نادا... ڕووش بدا، هەر وەکو ئەوە وایە ڕووی نەدابێ.

باوەڕی بەپەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان نەبوو و بەئاشکرا دەیوت ئەو کەسی خۆشناوێ... هەر بۆیە زۆربەی کات بەتەنیا دەژیا و کەم تێکەڵی کۆڕ و کۆمەڵەکان دەبوو... لەبەر ئەو بیرە سەیر سەیرانەی و لەبەر ئەوەیش، کە بەشێوازی ئاخاوتنی هەولێری نەدەدوا، خەڵک ڕقیان لێی بوو و ڕێزیان بۆ دانەدەنا... لە سەرتاپای شاردا لەگەڵ «جەلال نادر» هەڵدەستا و دادەنیشت و کەس نەیدەزانی چی ئەو دووانەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە... بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان نەماندی زیان بەهیچ ڕۆحلەبەرێک بگەیەنێت... ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەمین وەکو «فەوزی نانەکەلی» ڕقیان لە یەکتر بووایە، ئەوا ژیان بەپێچەوانەی ئێستا پڕیدەبوو لە خۆشەویستی و لەسەری دەڕژایەوە.

کاتێ دوو کەس یەکتریان دەناسی، ئەم دەیوت:

– فلان و فیسار بوونە دوژمن.

ئەوان بۆیان ڕاستدەکردەوە:

– نەء، کاکە بوونە دۆست.

ئەم بەرپەرچی دەدانەوە:

– ڕۆژانە سەدان کەس لە بازاڕ دەبینین و ڕقمان لە هیچیان نییە، بەڵام هەر ئەوانە کاتێ دەبنە دراوسێ، یان ناسیاو و هاوڕێمان، سەرەتا بۆ ماوەیەکی کورت خۆشماندەوێن، ئینجا وردە وردە ڕقمان لێیان هەڵدەستێت و بەدەستمان بێت خوێنیان بکەینە کاسەوە... ئێمە هەرگیز دان بەنەزانیی خۆماندا نانێین، تەنها ئەو کاتە نەبێت، کە دەمانەوێ ڕابردوومان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بسڕینەوە و بەشێوەیەکی تر دەریخەین... «من چەند نەفام بووم، کە پێم وابوو فلان کەس چاکە و نەمدەزانی ئەوەندە بێقیمەتە».

بەڕێزان خۆشەویستی ئەو هەستەتە بۆگەنەیە، کە بۆ ئەوە لە دڵماندا هەڵدەقوڵێت، تا لە ڕێگایەوە



دەست بەسەر ئەوانی تردا بگرین و بچینە ناو ناخیانەوە، بەو مەبەستەی لە نهێنییەکانیان تێبگەین.. جا کاتێ ڕووتمان کردنەوە لە لوغزەکانیان و شتێکی شاراوەیان نەما، ئەو هەستەی ئێمەیش کۆتایی دێت.

ئەو گاڵتەی لە خۆشەویستی دەهات و بەهیچی دەزانی، بۆیە ژنی نەدەهێنا و بەتەنیا لەگەڵ دایکە پیرەکەیدا دەژیا... پێی وابوو گەورەترین درۆ ئەوەیە، کاتێ یەکێک دەڵێ خێزانێکی بەختەوەر پێکدەهێنێت:

– خێزان هەر خێزانە... ئیتر ئاسوودە چییە و نائاسوودە کامەیە... لای موسڵمانی خواپەرست مەی هەر مەیە و هەموویان حەرامن... پێویست ناکات باسی وێسکیی گران و ئارەقی هەرزانی بۆ بکەیت... ڤۆدگا و بیرە بەقەدەر یەک خراپن... ژیان هەر نییە، بەڵام با وای دابنێین هەیە... جا ئەگەر باوەڕمان بەوە هێنا، ئەوا دەبێ بەشتێکی دیکەشی بێنین، ئەویش ئەوەیە خەڵک ئەو وەختە دەمرن، کە دەبنە هاوسەری یەکتر، کەچی کەسوکار ئەو کاتە بۆیان دەگرین، کە دەیانخەنە تابووت و گۆڕەوە... کەواتە هەر بەپێی ئەو گریمانە مردووەکانن بۆ یەکتر دەگرین و ئاخ بۆ ژیانێک هەڵدەکێشن، کە ئەوان لە دەستیان چووە و خۆیشیان نییانە... بەڵێ، دوو جۆر خەڵک هەن، ئەوانەی هاوسەری یەکترن و مردوون... ئەوانەی بەئاواتن ببنە هاوسەر و کۆتایی بەژیانیان بێنن... ئەگەر دڵدارێکی نائومێد بۆ دڵخوازە لەدەستچووەکەی بگری، وەکو ئەوە وایە ئەو هیوا بخوازێ مرۆڤێک بکوژێت... کەواتە عاشقە بەناوبانگەکانی مێژوو ئەوانەن، کە هەوڵی زۆریان داوە کەسێک بکوژن و بۆیان نەلواوە... چی لەوە بێماناترە بۆ کوشتنی خەڵک بگرین و فرمێسکی دنیا هەڵڕێژین... شیعریان بۆ هەڵبەستین و گۆرانییان پیادا هەڵبڵێین... ئەگەر کەمێ ئاسوودەیی هەبێت، لە بەلاوەنانی ئەو گریمانەیە و باوەڕهێنانە بەوەی ژیان نییە... مردن پێچەوانەی ژین نییە... کۆتاییی ڕۆحەکانیش نییە، بەڵکو هەر خۆی بەتەنیا هەموو شتێکە... مادام کات تێدەپەڕێ و ناگەڕێتەوە، هەڵەیەکی مەعریفیی گەورەیە باسی ئاسوودەیی و ڕزگاری بکەین... کتێبی مێژوو بکەرەوە، پڕیەتی لەوانەی ڕزگاریان بووە... ئەوانە ڕۆژگارێ کۆیلە بوون... خەباتیان کرد و ئازادییان بەدەست هێنا... وتیان ئێمە ئازادین... ئەم بەوی دەوت: تۆ ئازادی... تۆ ئازادی... کات تێپەڕی و ئەوان مردن... کەسانێکی دی هاتن و وتیان ئەوان ئازادبوون... چیدی نەدەکرا بڵێین ئەوان ئازادن.

ئەو ئێوارەیەی هەورەتریشقە لە «جەودەت سەعاتچی»ی دا و سووتاندی، کوڕانی گەڕەک لە ماڵی «ئەکرەم کاکەسوور» گفتوگۆی قەزا و قەدەریان دەکرد... «فەوزی» هاتە ژوورەوە، تا کلیلی ماڵەوە لە «رابیعە»ی دایکی وەربگرێت، کە وەکو زۆر ئێوارەی تر لەوێ دانیشتبوو... لێیان پرسی، ئاخۆ ئەو چۆنی لێ تێدەگات... بەپیشەی هەمیشەی سەرێکی بادا و وتی:

– تا وەڵامی ئەوەمان دەستنەکەوێت، ئاخۆ ئێمە بەکاتدا تێدەپەڕین، یان کات بەئێمەدا تێدەپەڕێت، ناتوانین شتێک لە بارەی ژیانەوە بڵێین.

جارێکیان دوو سێ کەس لە خوێنگەرمەکانی گەڕەک باسی ژمارەی کوردیان دەکرد... «فەوزی نانەکەلی» سەری بادەدا و ئاخی هەڵدەکێشا... دوایی لەپڕ هەڵیدایە و وتی:

– ڕۆژانە بەئارەزووی خۆمان یەکتر دەکوژین و بەخەیاڵماندا نایە، کەچی بەلامانەوە گرنگە ژمارەمان زۆر بێت و شانازیی پێوە دەکەین... ئەوەندەی دان بەژمارەی یەکتر دادەنێین، بەبوونی یەکتری دانانێین.

پیاوێکی ڕەوەند لای ماڵی ئێمە پێنج خانووی بەجارێ دامەزراندبوو و وەستا و کرێکاری دنیا ئیشیان تێدا دەکردن... ڕۆژێک منداڵێ لەسەر بلۆکە کەڵەکەکراوەکان سەرگەرمی یاری بوو و لەپڕ ڕیزێک لە ژێریدا هەرەسی هێنا... یەک دوو بلۆک کەوتنە سەر قاچی و دەیقیژاند... «فەوزی نانەکەلی» بەوێدا تێپەڕی و فریای کەوت... دوای ئەوە هەرچەند ئافەرینیان پێ دەوت، کە ئەو ژیانێکی لە مردن ڕزگار کردووە، ئەو دەیوت، کارێکی بێمانای ئەنجام داوە و تەنها غەریزە و عادەی جووڵەی لەش پاڵیان پێوە ناوە وا بکات، نەک هەستە بەئاگاکانی... ئەگەر جارێکی دیکە ڕووداوێکی ئاوا دووبارە ببێتەوە، ئەو هەوڵدەدات بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و زۆر ئاسایی لێی بڕوانێت... مادام مردن هەیە، ژیان نییە... ئیتر چۆن شتێک ڕزگار دەکرێت، کە هەر لە بنەڕەتدا بوونی نییە...؟!

ئێوارەی نەورۆزی حەفتاوپێنج کاتێ تایە هەڵچنراوەکانی پشت «قوتابخانەی قازی محەمەد» بەدووکەڵی ڕەشیان نەخشی سەیر سەیریان لەسەر ڕووی ئاسمانی بێگەرددا دەکێشا، لێیان پرسی ئاخۆ ڕۆژێ دێت کوردستانمان ڕزگار ببێت و چەوسانەوە نەمێنێت، ئەو بەپیشەی هەمیشەی خۆی سەرێکی بادا و وتی:

– با بڵێین لەوبەر گەڕەکێک هەیە خەڵکەکەی مەڕ بەخێو دەکەن و ئەمە تاقە سەرچاوەی داهاتیانە... ڕۆژێک پیاوانی شارەوانی دێن و هەموو مەڕەکانیان دەبەن... دەیانخەنە قەفەزێکی زۆر زۆر گەورەوە و دەرگایان بەسەر دادەخەن... ئەو خەڵکە نازانن مەڕەکانیان دەدرێتەوە یان نا، بەڵام بۆ ئەوەی نەمرن، ناچارن لەودیوی تەلەکانەوە ئاو و خۆراکیان بدەنێ... دیارە هەر کەسە و دەیەوێ بیداتە هی خۆی، نەک هی ئەوانی تر... ئەمەش ئاسان نییە، چونکە مەڕەکان خاوەنیان ناناسنەوە... ئیدی شەڕ لەنێوانیان هەڵدەگیرسێت و کوشتن و بڕین دێتە کایەوە... بەڵێ، ئێوەش هەر هێندەی خاوەنی مەڕەکانی ناو ئەو قەفەزە خاوەنی کوردستانی خۆتانن... شەڕەکانیشتان لە شەڕی ئەوان دەچێت.

«جەمال عەلی قەشقەیی»، کە ڕێک بەپێچەوانەی «فەوزی نانەکەلی» هەمیشە خوێنی ناو دەمارەکانی بۆ شۆڕش قوڵپی دەدا و هاوڕێکانی بە«سەعدی گچکەی دووەم» بانگیان دەکرد، پرسی:

– باشە ئەو خەرکە لۆ لەجیاتی شەڕ بکەن و یەکتر بکوژن، ناچن قەفەزەکەی بشکێنن و مەڕی خۆیان ببەنەوە...؟!

– وا ناکەن، چونکە ئەوان لە باپیرەگەورەیانەوە بۆیان ماوەتەوە هۆی سەرەکیی مەسەلەکان بەلاوە بنێن و بەشتی لاوەکییەوە بنووسێن... چەند ساڵێک دوای مردنی زەردەشتی پێغەمبەر لە یەکێ لە مەملەکەتەکاندا پیاوێکی ئاینی خەونی دیبوو، کە هەر کاتێ خەڵکی ئەوێ فیل ڕابگرن، ئەوا خوا نەفرەتیان لێ دەکات و چیدی خێر و خۆشی بەچاو نابینن... لەمەوە چی فیل هەبوو، کۆیانکردنەوە و گڕیان تێبەردان... هەموو ئەو دیوارانەیان ڕووخاند، کە وێنەی ئەو گیاندارەیان بەسەرەوە دەبینرا... ئەو



قاپ و قاچاغانە وردوهەڕا کران، کە وێنەی فیلیان لەسەر نەخشاندبوون... ئیدی بەتەواوی تۆویان بڕینەوە... ڕۆژێکیان پیاوێکی سەیر لە دووری دوور دوورەوە هات و فیلێکی زۆر زلی هێنا... فیلەکە کچێکی چەند بڵێی جوانی لەسەر بوو و بێدەنگ بێدەنگ قاچەکانی بەملا و بەولایدا شۆڕکردبووەوە... کابرا گەیشتە ئاوەدانی و بەئیشارەت خەڵکەکەی تێگەیاند، کە دەیەوێ ئەو فیلە بفرۆشێت... ئەوان بوونە دوو بەش، بەشێکیان سەرپێچییان لەو پەیمانە کرد، کە نەدەبا کەس فیل ڕابگرێت، بەشەکەی تریان دژیان وەستان... فیل خرایە مەزادی ئەوانەی ویستیان بیکڕن و دەوڵەمەندترینیان بردیەوە... ئەوانەی دژی فیل بوون، دایانە کێو و جارِی شەڕیان لە دژی ئەوانی دی دا... ژنی ئەو پیاوەی فیلەکەی کڕی، ڕەدوو سەرۆکی یاخییەکان کەوت... ئەو دوو بەشە بوونە دوژمن و بەردەوام لە یەکتریان دەکوشت... بازرگانی شوێنە دوورەکان ڕۆژانە کچیان سواری فیلەکان دەکرد و لەوێ دەیانفرۆشتن... هەر پیاوێ فیلێکی بەردەکەوت، ژنەکەی بەجێیدەهێشت و دەچووە باوەشی یەکێ لە پیاوی کێوەکان... شاخنشینەکان لەوساوە تا ئێستا شارییەکان بەوە تاوانبار دەکەن، کە لە فەرمانی گەورەترین پیاوچاکی خۆیان دەرچوون:

– ئێوە ئەوانە نیین، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، فیلتان هێنایە مەملەکەت...؟!

– باوکانی ئێوە نەبوون، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، فیلیان هێنایە مەملەکەت...؟!

– باپیرانی ئێوە نەبوون، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، فیلیان هێنایە مەملەکەت...؟!

– باپیرەگەورەکانی ئێوە نەبوون، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، فیلیان هێنایە مەملەکەت...؟!

– ئێوە نەوەی ئەوانە نیین، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، فیلیان هێنایە مەملەکەت...؟!

شارییەکان پێیان وابووە فیلەکان خێروبەرەکەتیان بەسەر ئاوەدانیدا باراندووە و ئەو گیاندارە بەوەفایانە زۆربەی ئیشەکانیان ڕادەپەڕێنن، بۆیە هەمیشە بەشاخنشینەکان دەڵێن:

– ئێوە ئەوانە نیین، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، ڕازیی نەدەبوون فیل بێتە مەملەکەت...؟!

– باوکانی ئێوە نەبوون، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، ڕازیی نەدەبوون فیل بێتە مەملەکەت...؟!

– باپیرانی ئێوە نەبوون، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، ڕازیی نەدەبوون فیل بێتە مەملەکەت...؟!

– باپیرەگەورەکانی ئێوە نەبوون، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، ڕازیی نەدەبوون فیل بێتە مەملەکەت...؟!

– ئێوە نەوەی ئەوانە نیین، کە زۆر بێشەرمانە و بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی خەڵک، ڕازیی نەدەبوون فیل بێتە مەملەکەت...؟!

سەیر لەوە دایە بەدرێژاییی مێژوو تاقە کەسێک باسی ئەو کچە جوانانەی نەکردووە، کە لەسەر پشتی فیلەکان بوون و لەگەڵیاندا دەفرۆشران... ئەو ژنانەی ڕەدووش دەکەوتن، ناویان بەسەر زماناندا نایەت... ئێمە ئێستا هیچ لە بارەی ئەوانەوە نازانین.

«فەوزی نانەکەلی» خۆی دەمودەست ئەو چیرۆکەی هەڵبەست و بەجوانترین شێوەیش گێڕایەوە... ئاخر ئەم لەپاڵ ئەو بیرە پێسیمیستیسک و سەیرانەیدا وەکو چیرۆکبێژێکی بێوێنەیش دەناسرا... «سەفین عومەر»ی خوشکەزای لە مووسڵ بۆ من و «عەزیز حەسەن مەولان»ی هاوڕێمی گێڕایەوە، کە خاڵی بەچەند مانگ خەریکی نووسینی کتێبێک دەبوو و دەیان جار پاکنووسی دەکرد، کەچی لەپڕ دەیسووتاند و نەیدەهێشت هیچ کەسێ بیبینێت.

«جەمال عەلی قەشقەیی» خۆشیدەویست، بەڵام هەمیشە بەربەرچی ڕاکانی دەدایەوە... ئەو جارە کتێبی «پارتیزانی»ی «گیڤارا»ی بۆ «سەرتیپ عومەر»ی خوشکەزای هێنابوو و گفتوگۆ لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە دامەزرا... «نانەکەلی» وتی:

– شەڕ تاقە وشەیەکە، ئەگەر وشەیەکی تری بۆ زیاد بکەی، ماناکەی ناگۆڕێ، بۆیە جەنگی ڕەوا و جەنگی ناڕەوا دوو زاراوەی هیچن... دەوڵەتێک بەشێکی سەرووی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە داگیر کرابوو... لە بەشی خواروودا مەشقی بەسوپاکەی دەکرد، بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات و بتوانێت چی زووترە ئەو پارچە ئازیزەی لەژێر چەپۆکی دراوسێ چەوسێنەرەکەیدا دەربێنێت... ڕۆژێک بەبێ مەبەست گوللەی تۆپێک لە سنوور پەڕیەوە و لەودیو بەر هۆڵێکی گەورەی بەندیخانەی شاری وڵاتێکی دۆستی کەوت، کە زیاتر لە سەد زیندانیی سیاسیی تێدابوو و چەند سەعاتێکی تر لە سێدارە دەدران... هەموویان مردن و یەکێکیان بەموعجیزەیەکی سەیر دەرچوو... سەرۆکی ئەو دەوڵەتە شەڕی هەڵگیرساند و هەمیشە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا دەیوت خوێنی ئەو هاووڵاتییە بێتاوانانەی بەفیڕۆ ناچن، کە دوژمن لەسەر خاکی خۆیان لەناوی بردن... سەرۆکی دەوڵەتی ئەولاش لەگەڵ دراوسێ داگیرکەرەکەیدا پەیمانێکیان بەست... لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئەم واز لەو پارچەیەی بێنێت، بەو مەرجەی ئەو لەو شەڕەیدا پشتی بگرێت.

«جەمال قەشقەیی» کە لە تووڕەییاندا دەمارەکانی ملی دەرپۆقیبوون... سەرێکی ناڕەزایی بادا و بەتەوسەوە پرسی:

– تەواو...؟!

– نەء... ئەو شارەی یەکەم تۆپی بەرکەوت، چونکو لەسەر سنوور بوو، هەر زوو داگیر کرا و دانیشتوانی بەجێیانهێشت... من ئێستا چیرۆکی ئەو زیندانییەت بۆ دەگێڕمەوە، کە دوای ئەوەی بەندیخانەکەی تۆپ لێی دا، تەنها ئەم بەزیندوویی دەرچوو... ئەو لەو پاشاگەردانییەدا دەیتوانی بەئاسانی



دەرباز بێت، بەڵام وای نەکرد... نەیدەویست ناپاکیی لە نیشتیمانێکی بریندارى داگیرکراو بکات، بۆیە گەڕا و جەللادەکەی دۆزیەوە... وەکو هەزارەها کەسی دی بەپێ ڕێگای شارێکی تریان گرتە بەر... جەللاد هەر زوو پەکی کەوت و گیراوەکە کردیە کۆڵی... نەخۆشییەکی قورس خستی و ئەو گەیاندیە ئەشکەوتێک... لەوێ بەدزیی سەربازانی دوژمنی داگیرکەر دەچوو ئاو و خواردنی بۆ دەهێنا... دەسڕی تەڕی دەخستە سەر ناوچەوانی و پلەی گەرمای گیانی دادەبەزاند... هێنایەوە سەر دۆخی جارانی و لەناو ئەو ئەشکەوتەدا چاوەڕێ بوون ئاسایش بۆ وڵات بگەڕێتەوە... ئاخیان بۆ ئەو ڕۆژگارە هەڵدەکێشا، کە لە زیندانی ئەو شارەی ئێستا وا لەژێر پۆستاڵی وڵاتێکی داگیرکەردا دەناڵێنێت، بەسەریانبرد:

– ئێمە هەر دەبێ دوژمن لەو شارە دەرکەین و بۆی بگەڕێینەوە... تۆ چونکە ماوەیەکی زۆر بوو دەرەوەت نەدەدی، نازانی پێش داگیرکردنی چەند خۆش بوو، بۆیە ئەوەندەی من بیری ناکەی.

– ڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەوێ چاوم هەڵێناوە و کارەساتێکی ئاوا ئازارم دەدا... چۆن بیرم دەچێتەوە، کە بەبەرچاومەوە هاوڕێکانم تۆپیان بەرکەوت و خوێنیان ڕژا.

– مەگری چاوەکەم مەگری... خوێنی ئەوان بەفیڕۆ ناچێت... ورەت بەرز بێت... ڕاستە ئێستا ئێمە لێرە هیچمان لە دەست نایەت، بەڵام دڵنیابە سەربازانمان سەرشۆڕییان پێ قەبووڵ ناکرێت و بارگەوبارخانەی دوژمن دەپێچنەوە... ئاسایش بۆ شارمان دەهێننەوە و ئێمەش دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان.

– بیرت نەچێت ئێمە لەگەڵ دوو دەوڵەت شەڕ دەکەین، بۆیە دەترسم بەو ئاسانییە ڕزگارمان نەبێت.

– پێم وتی ورەت بەرز بێ گیانی من، مادام لەسەر هەقین، سەردەکەوین... هەموو شتێ لە جاران چاکتر بنیات دەنێینەوە... قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، زیندانەکەی خۆمان.

«جەمال قەشقەیی» لەوە زیاتر بەرگەی نەگرت و تەقیەوە... نەیهێشت چیرۆکەکەی تەواو بکات... بۆ یەکەمین جار سنووری ئەدەبی بڕی و قسەی ناشیرینی پێ وت.

«فایزی وەستا ئیدریسی»، قسەخۆشی گەڕەک و چاکترین یاریزانی شەترەنج دەیوت ئەگەر ماڵی «جەمال عەلی قەشقەیی» لە خراپترین شوێنە، ئەوا ماڵی «فەوزی نانەکەلی» و «عەزەدین لووراندی» لە باشترین جێگان و هیوادارە هەرگیز لەوێ لانەچن... کاتێ دەیانپرسی بۆچی، ئەم ئاوا وەڵامی دەدانەوە:

– ئەمن و جەمال عەلی قەشقەیی دیوارەکمان بەینە... هەرچەند دەیبینم، یان گێم لە قسە ئاگراوییەکانی دەبی، خینم دەکولێ و بەبێ یەک و دوو ڕوو لە شاخان دەکەم... بەس وەکی دەگەمە پێش دەرکەی ماڵی فەوزی نانەکەلی، هەندەک سارد دەبمەوە و شەقاوەکانم خاوتر داوێم... بچم...؟! نەچم...؟! بچم...؟! نەچم...؟! ئەرێ بەشەهیدبوونی من، دنیا دەگۆڕێ...؟! ئەوە گۆڕاش...!! لۆ چ باشە...؟! هەر بەو داڵغانەوە دەگەمە پێش ماڵی عەزەدین لووراندی و بەخۆم دەڵێم: بگەڕێوە گێلە، لۆ کێی دەکەی...؟!

هەبوون دەیانوت «فەوزی نانەکەلی» دوای چارەنووسی «ڕەمزی»ی تاقەبرای ئاوای لێهاتووە، بەڵام ئەو جارە «پوورە ڕابیعە»ی دایکی بەوردی سەربردەی ژیانی وی بۆ گێڕاینەوە، کە چۆن هەر لە منداڵییەوە خۆی لەوان دوور دەخستەوە و بەمانگ ورتەی لە دەم دەرنەدەچوو... تەنانەت لەگەڵ «دەلیلە»ی

خوشکەگەورەی و «رەمزی»ی برابچووکیشی یاریی نەدەکرد... لە منداڵانی کۆڵان ڕانەدەما و ناوی کەسیانی نەدەهێنا... سەرەتا کەم دەچووە دەرێ... زۆربەی کات پشتی دەدایە دیوارێک و چوارمشقی دادەنیشت... پەنجەکانی لە یەکتر هەڵدەکێشان و دەیخستنە ژێر چەناگەیەوە... دوایی کاتێ کەمێ هەراش بوو، دەچوو ئەو سەندووقە سێوانەی لەو گومرگەی پشت ماڵمان دەهێنا، کە عەرەبانچییەکان فڕێیاندەدان... لە سووچی هەیواندا خانووچکەی پێ دەکردن و بێدەنگ بێدەنگ تێیاندا دەژیا... لەوێ خەو دەیبردەوە و ئاگای لە دنیا دەبڕا... ئەو دیمەنە ئازاری دەدام... ترسێکی گەورەی دەخستە دڵمەوە... بەدیاریەوە دەگریام... ئەی هاوار خەڵکینە ئەم منداڵەی من چییەتی...!! دەمویست بەباوەش بیهێنمە ژووری و لەسەر دۆشەگ پاڵی بخەم، بەڵام بۆم نەدەکرا... چاوی هەڵدێنا و بەشێوەیەکی سەیر لێم ڕادەما... نەمدەزانی ئەو سەرنجانەی چ مانایەکیان دەگەیاند... ئەوەی تێیدەگەیشتم، لەوە تێنەدەپەڕی، کە ئەم نایەوێ ئەوێ بەجێ بهێڵێت... لەوێ کتێبەکانی دەخوێندەوە و هەر لەوێ وەزیفەی دەنووسیەوە... لەوێش نانی دەخوارد... سەرما و گەرمای نەدەناسی... شەوان بەهەزار ئەملا و ئەولا دەمهێنایە ژوورەوە... لە داخا سەندووقەکانم لەژێر پێلەقە دەنا و پارچەکانیانم فڕێدەدانە دەرێ... بەڵام سبەینێ هی تری دەهێنایەوە و لەسەر هەمان نەخشە دایدەڕشتنەوە... هەندێ جار کە قسەی نەرم و نیان دادی نەدەدا، قژیم دەگرت و بەدوای خۆمدا ڕامدەکێشا... ئەرکێکی قورسم لە ئەستۆ بوو و بەتەنیا بۆم جێبەجێ نەدەکرا... باوکی ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق و درەنگ درەنگ مۆڵەتی وەردەگرت... لەبەر «فەوزی» نەبا، شەوان دەچووینە ماڵی «مەلا عەلی»ی باوکم... لەگەڵمان نەدەهات و خۆی لەتوکوت دەکرد... ئامادە بوو بەتەنیا لە ماڵی چۆڵ و تاریکدا بمێنێتەوە، بەڵام ئاوەدانی نەبینێت... باوکی کاتێ دەهاتەوە، لەیستۆک و جلی جوان جوانی بۆ دەهێنا، بەڵام مەحاڵ بوو بچێتە باوەشیەوە و وەریانبگرێت... خۆ ئەو چەند ماچەی بەهەزار حاڵ لەملا و لەولای ڕوومەتی دەکرد، وەها پێیان سەغڵەت دەبوو، سەعاتێ دوای ئەوەش بەنینۆک شوێنەکانیانی دەڕنینەوە و کۆمەڵێ هێڵی سووری لەسەر دەنەخشاندن... هەر زوو زوو دەیڕوانیە پەنجەکانی و قێزی دەکردەوە... لە خۆمم دەپرسی ئەو منداڵە چۆتەوە سەر کێ، لە کاتێکدا نە من وام و نە باوکی... «قانیعە»ی خوشکم تاقە بنیادەم بوو، کە دەیتوانی بیدوێنێت، بگرە دەیهێشت بیباتە حەمام و بیشوات... یان لە بەرامبەر زۆپای ژووری نووستندا سەری بخاتە سەر ڕانی و تا چاوانی دەچێتە خەو، هەقایەتی بۆ بڵێت... بەڵام هەر ئەوەندە «محەمەد خەلیل» ناردیە خوازبێنی و «مەلا عەلی»ی باوکم ڕەزامەندیی نیشان دا، «فەوزی» گۆڕا و لە ئاستی ئەمیشدا دەمی داخست... نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بێدەنگییەکی خەستتر نیشتە سەر ڕووی... ئێستا دوای شووکردنی «دەلیلە»ی کچم و گومبوونی لەپڕی «رەمزی»ی کوڕم، من و ئەو بەتەنیا لە ماڵێکی چۆڵدا ماوین و ژیانێکی ئێجگار سەیر دەگوزەرێنین.

* «بەگیسی ئی دریتە» ناوی ژنێکی هەزەلی بوو و شێوەی بەس بوو بۆ پێکەنین... دڵپاک، ڕۆحسووک، بەڵام شپرزە، جرپن، هەرچۆنێ دەجووڵایەوە، شتێکی سەیری دەکرد و مردووی سەربەقوڕی دەهێنایە پێکەنین... ناوە فۆلکلۆرییەکەی و نازناوە فەنتازییەکەی ئەوەندەی دیکە سیمای کۆمیدییان پێ بەخشیبوو و سەرنجی گەورە و بچووکی ڕادەکێشا... دەیانوت لە بنەچەدا ئەڵمانییە و باپیرەگەورەی هاتۆتە



کوردستان، بەڵام وانەبوو و خۆی هەمیشە نکوولیی لێ دەکرد... قژزەردێکی سووروسپیی چاوشینی باڵابەرز بوو... نەیدەزانی، یاخود نەیدەپەڕژا، باشتر وایە بڵێین نەیدەویست دەست بەخۆیدا بێنێ، ئەگینا جوانییەکەی بێوێنە بوو... بۆ خۆشییش دەیانوت ئەوە لەگەڵ «شەماڵ سائیب»ی هونەرمەندی بەتوانا و ڕۆحسووکدا گۆرانیی وتووە... جا چونکە زۆر گوێی بەناخۆشیەکانی ژیان نەدەدا و کەم خەفەتی دەخوارد، سیمای زیاتر لە کچێکی هەرزەکار دەچوو و نەتدەزانی شووی کردووە و دایکی سێ منداڵە... لە ڕاستییدا - بەینی خۆمان بێ - تەنها دوو کوڕەکە هی خۆی بوون و باوەژنی کچەکە بوو، بەڵام چونکو ئەمیانی لە هەردوو جگەرگۆشەکەی خۆشتر دەویست و لە دایکی خۆی زیاتر نازی دەکێشا، خەڵکیش بەهی ئەویان دەزانی و سەریشیان لەو پەیوەندیەی نێوانیان سوڕ مابوو... ئەو «هەتاو»ە مەیموونە هەرگیز خۆی بەدایکمردوو نەدەزانی و لە ناز و نیعمەتدا دەژیا... ئەوی لە باوکی زیاتر خۆشدەویست و ئێمەش هەستمان پێ دەکرد.

«بەگیسی ئی دریتە» ئەوەندە مرۆڤدۆست و ڕووخۆش بوو، بچووایە بۆ هەر شوێنێ، کۆمەڵێ خەڵکی تازەی دەناسی و لە دڵەوە خۆشیاندەویست... تەنها لە ژووری چاوەڕێکردنی عیادەی «دکتۆرە ئومیە»دا زیاتر لە بیست هاوڕێی ژنی گرت و بەگەرمییش هامشۆیان دەکرد... ئەوە بێجگە لە حەمامی ئیسکان و نانەواخانە و لای بەرگدرووەکان و پینەچیە هەزەلیەکەی ئەوبەر، کە لە هەر یەکەیاندا کۆمەڵێ دەستەخوشکی تری ناسی... بەحەفتە لای دەمانەوە و وەکو ئەندامی خێزانەکە لەناو ماڵەکەیدا هەڵدەسووڕان... مێردەکەی زەڕەنگەرێکی زۆر شارەزای شار بوو و پارەی چاکی دەستدەکەوت... «بەگیسی ئی دریتە» پشتی بەو قایم بوو و بەم دەست و بەو دەست بەبای هەرچوار لایدا دەدا... هەر ئەو ژنانەش دەچوونە لای مێردەکەی و ئاڵتوونی زۆریان لێ دەکڕی... دەرگای ماڵی «بەگیسی ئی دریتە» لەسەر پشت بوو و هەموو کەسێ بۆی هەبوو خۆی پیادا بکات... کەلوپەلەکانی ناوی گشتیی بوون و دەتتوانی بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی بکەیت، بەکاریانبهێنیت... گەورە و بچووکی ئەمسەر و ئەوسەری گەڕەک تەلەفۆنیان لەوێدا دەکرد و خۆی پارەی فاتوورەکانی دەدا... ژنان کراسەکانیان لێ دەخواست و لە ئاهەنگەکاندا خۆیان پێ دەنواندن، هەندێ جار دەیانهێنانەوە و هەندێ جاریش نەء... مەنجەڵ و چینی و سێتی پەرداخە گرانبەهاکانیان لێ قەرز دەکرد و لەگەڵ خراپەکانی خۆیان بۆیان دەگۆڕی.

وتەیەکی «بارزانی» هەبوو، ئەو لە باوکمەوە فێری بووبوو، بۆ هەموو کەسێکی دەوتەوە: «مرۆڤی چاک، چونکە کەس چاوەڕێی خراپەی لێ ناکات، کاتێ خراپەیەکی لە دەست دەردەچێ، ڕقیان لێی هەڵدەستێ و لەناوی دەبەن... مرۆڤی خراپیش، چونکە باوەڕناکرێت شتی باش بکات، کاتێ بەرێککەوت چاکەیەکی بچکۆلەی لێ دەبینن، خۆشیاندەوێت و دەیپەرستن»... ڕەنگە ئەویش ترسابێت، ڕۆژێ لەپاڵ ئەو هەموو چاکەیەدا، بەبێ ویست خراپەیەکی بچووک بکات و لەناوی بەرن... زۆر جاریش چیرۆکی «سینمار»ی بۆ گێڕابووینەوە، ئەو ئەندازیار و وەستا بلیمەتەی گەورەترین و سەیرترین کۆشکی بۆ «نوعمان»ی پاشای «حیررە» بنیات نا و ئەو لە پاداشتەکەی کوشتی، نەوەکا نهێنیەکانی لای خەڵک بدرکێنێت، یان کۆشکێکی گەورەتر بۆ یەکێکی دیکە دروست بکات.

هەندێ وشەی بەکاردەهێنا ، کە لە هیچ دیالێکتیکێکی زمانی کوردیدا نەبوون... هەر شتێکت بوتایە ، ئەو دەمی دادەپچڕی و دەستەکانی دەگرت بەملا و بەولای ڕوومەتەکانیەوە... کەمێ لێت ڕادەما و بەنەغمەیەکی زۆر سەیر و تایبەت بەخۆی پێی دەوتی:

– ئەوە ئەتوو ئی دریتە...؟!

واتە ئەوە تۆ بەراستتە ، یاخود لە دڵەوە وا دەڵێی... زیاتر لە زمانی ئیسپانیی دەچوو ، نەک ئاخاوتنی کوردی هەولێر... ماوەیەک ئەو وشانەی لەنێوان دانەکانیدا دەگوشی و دواییش زۆر بەزەحمەت بەرەڵلای دەکردن... ئێمەش شتی سەیر سەیرمان هەڵدەبەست و بۆمان دەگێڕایەوە ، هەر بۆ ئەوەی بەشێوە خۆشەکەی خۆی پێمان بڵێ:

– ئەوە ئەتوو ئی دریتە...؟!

– ئیدریمە.

– ئیدریت نییە.

– بەدیکوو ، ئیدریمە... ئیدریمە.

– ئیدری ئی دریتە...؟!

– ئیدری ئیدریمە... ئیدری ئیدریمە.

– هەر ئیدری ئی دریتە...؟!

– هەر ئیدری ئیدریمە... لۆ ئیدریم نییە...؟!

– چزوانم ، دەرێم نەخۆ ئیدریت نەبی.

– ئیدریمە... ئیدری ئیدریمە.

– وەی ئیدریتی...!! ئیدری ئیدریتی...!!

نیوەڕۆیەک لە حەمامی ماڵەکەیان خۆی دەشت و جلی لوولکراوی لێ بووە پشیلە... بەرووتی ڕایکردە کۆڵان و زرووکاندی... ڕەنگی بەبەرەوە نەما و خەریک بوو شێت بێت... ژنانی دراوسێ دایانپۆشی و بۆ ماڵەوەیان بردەوە... چەند ڕۆژێ لەناو جێگادا کەوت و زارەترەکانە لەژێر لێفەدا هەڵدەلەرزی... وڕێنەی دەکرد و هەموومانی خستبووە پێکەنین... دانی بەجیڕەوە دەبرد و دەستەکانی درێژ دەکرد... پەنجەکانی کەمێ دەنووشتاندنەوە و بۆ دەموچاومانی دەهێنان ، گوایە لاسایی پشیلەکە دەکاتەوە ، کە چۆن ویستوویەتی لەو حەمامە تاریکەدا پەلاماری بدات.

جارێکی تر قژە زەرد و درێژەکەی کردبووەوە و لە کۆڵان ڕاوی کوڕە پێنج شەش ساڵانییەکەی خۆی دەنا... ئەو قژەی با لێی دەدا و لەسەر شان و ملی ئەملا و ئەولای دەکرد... تیشکی خۆری نیوەڕۆی ئەو بەهارەش بریقوباقی پێ خستبوو و دەتوت پۆلێ ئەستێرەی پڕشنگداری لەسەر هەڵنیشتووە... کوڕێکی گەنجی «سەیداوەی ئەوبەر» بینی و بەدەم هەڵکێشانی ئۆففێکی زۆر قووڵی زۆڵانەوە پێی وت:

– ئەوها لە بەرچاوم غار مەدە ، وەختە شێتت ببم و لەناو ئەو کۆڕانەی پڕتدەمێ.



ئەو لەناکاو وەستا و بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێی وت:

– بەخوای دەزانم کاکە ، بەس چبکەم ، ئەتوو لەو مارەی لەگەر من ناژی و نازانی ئەو کوڕە چ دەردەکم دەداتێ...!!

«نیهاد»ی کوڕی ون بوو و وەکو شێت بەکۆڵاناندا دەسووڕایەوە... لە خۆی دەدا و قسەی سەیر و سەمەرەی دەکرد... ئێمەش لەگەڵی دەگەڕاین و نەشماندەتوانی پێنەکەنین... چووینە مزگەوتی «حاجی بەکر» ، تا مەلا جاڕی بۆ بدات... لە دەرگای حەوشە خۆی دا بەئەرزدا و لە پەلوپۆ کەوت... هەینی بوو و پیاوان بەدەم خوێندنی وێرد و دووعاوە پۆل پۆل لە نوێژی خوتبە دەهاتنە دەرێ... ئەو تێکەڵی ژنە سواڵکەرەکان بووبوو و لە هەموویان ڕووت و ڕەجاڵتر دەهاتە بەرچاو... هەر پیاوێ بەلایدا تێدەپەڕی ، شتێکی دەخستە ناو دەستی و ئەویش وەریدەگرت:

– ئەی خوا لە قەزا و بەرای دنیایێت بەدوور بێخی.

کاتێ کوڕەکەی دۆزرایەوە و سەیری ناو دەست و گیرفانەکانی خۆی کرد ، پڕببوون لە وردە و بەحەپەساویەوە لێی دەڕوانین... لە دووکانێکی ئەوێدا سەر و ئایسکرێمی بۆ کڕین و ئەویتری بەسەر سواڵکەراندا بەخشیەوە.

ئەو جارەش «فەریاد»ی کوڕی جنێوی بەپیاوێکی حەماڵ دا و ئەویش بەزللە ناو دەمی پڕکرد لە خوێن... «بەگیسی ئی دریتە» ، کە لە ژیانیدا لەسەر خۆی و منداڵەکانی تووڕە نەدەبوو و دڵی کەسی نەدەڕەنجاند ، لە شانسی ئەو پیاوە داماوە ، وا هەڵچوو ، بەهەموو هێزی خۆیەوە دارێکی بەناوگەڵیدا کێشا... ئیتر ئەو لەسەر عارەبانەکەی ڕاکشا و دەستی پێوە گرت... دەیناڵاند و ڕەنگی بەبەرەوە نەما... «بەگیسی ئی دریتە» پەشیمانبۆوە و بەزەیی پیادا دەهاتەوە... شپرزە بوو و هەموو گیانی دەلەرزی... جار جار لێی نزیکدەکەوتەوە و لە بەرخۆیەوە دەیوت:

– ئەی خوایە چم بەخۆم کرد... چی لێ بکەم... جێیەکەشی گەلەک عاسێیە ، ئەگەر نا هەندەکم لۆ دەشێلا.

لەوەش ترسا خەڵک ئاوا کابرا ببینن و خەیاڵیان بۆ شتێکی خراپ بچێت ، بۆیە بەهێزتر لە جاری پێشوو دارێکی دیکەی بەتەپڵی سەریدا کێشا ، بەشکوو دەستەکانی لەوێ لابەرێت و بیانگرێت بەوێوە... ڕێگایەکی سەرکەوتوو بوو و حەماڵ بەهەردوو دەست ئەملا و ئەولای سەری خۆی گرت... ئەویش سووک سووک بۆی دەشێلا و پێی دەوت:

– هیچ نییە برای خۆم هیچ نییە... عەفوومکە نەمزانی... ڕەببی دەستم بشکێ و چاوم کۆرەبی... دە هەستە دەی بابەکەم ، هێواش هێواش برۆ و لە بیر خۆتی ببەوە... گەلەک سەلامیش لە منداران بکە... چاوی یەک بەیەکی ئەو خزمانە ماچ دەکەم.

دیارە ئەگەر یەکێ ئەو ژنەی نەدیبێ و گوێی لە قسەکانی نەبووبێ ، نازانێ ئەو دیمەنانە چەند پێکەنیناویین.

«بەگیسی ئی دریتە» ژنێکی ڕاستگۆ بوو و هەرگیز درۆی نەدەکرد... ماڵەکەیان بەرماڵی تێدا نەبوو و لە ڕەمەزانانیش ژەمەکانی گۆڕانیان بەسەردا نەدەهات... لە هەموو ژیانیدا نە باسی کەسی بەخراپە دەکرد و نە ڕازییش دەبوو کەس باسی خەڵکی لا بکات... ئەگەر بیبیستایە یەکێ غەیبەتی ئەویتری کردووە، شێت و هار دەبوو و دەچووە سەری... ئەمە تاقە شتێک بوو ئەو خەفەتی لێ بخوات و پێی سەغڵەت بێت... ئەوە لە کاتێکدا خەڵکی وا هەبوون بوختانی زۆر ناشیرنیان بۆ خۆی هەڵبەستبوو و ئەم گوێی پێ نەدابوون... کەچی ڕازیی نەدەبوو قسەی ناشایستە بەکەسانی تر بوترێت... بەجورئەتیش بوو... لەسەر ئەم و ئەو هەڵیدەدایە و شەڕەکانی دەکردن بەهی خۆی... لەوێ پیاوێکی چوارشانەی تووڕە شەڕی بەدراوسێکانی دەفرۆشت... ئەوانیش زەندەقیان لەو قەڵافەتەی چوو بوو و خۆیان لێی دەپاراست... لە گەڕەکێکی ترەوە هاتبوو و لەوێ هەشت نۆیەکی کەللەپاچە کردبوو... باوکم ناوی نابوو «م. سەرکۆنکریت»، چونکە پێی وابوو سەرە زلەکەیان بەقاڵبی چیمەنتۆ داڕشتووە... هاوینان تا درەنگ لەو سەربانە هەڵنەدەستا و دەیپرخاند... هەناسەکانی دەمنادەم لە دەمی دەردەچوون و دەنگێکی وەکو «پفففففففف»یان دەردەکرد... هەر دەتوت دەیەوێ گڕی ئاگرێک بکوژێنێتەوە... «فەریاد» بەیانییان دەچوو فڕفڕۆکەیەکی دەهێنا و لە نزیک دەمە زلەکەی ڕایدەگرت... بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، دەیخولاندەوە و ئێمەش لە سەربانی ئەوانەوە لێی ڕادەماین... ئەو جارە هەندێ کەفاوی تایدی کردە شووشەیەک... بەچاپاڵێو دەریدەهێنا و بۆ نزیک دەمی ئەوی دەبرد... بڵقی گەورە و بچووکی دەخولقاند و بەو ناوەدا بڵاودەبوونەوە... لەپڕ لە هەوادا دەتەقینەوە و دیمەنێکی چەند بڵێی سەیریان دەنواند... نیوەڕۆیەکی هاوین کوڕێکی هاوڕێمان تۆپێکی هێنا و بەشەق لە دیواری ئەوانی دەدا... ئەویش لە ژوورەکەی نووستووە و بەو تەپەتەپە هەراسان بووە... ئیتر کاتێکمان زانی چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو و شێتانە بەدەم جنێودان بەخوا و پێغەمبەرەکانەوە لە ماڵ دەرپەڕی... تۆپەکەی تەقاند و بەزللە کەوتە گیانی ئەو منداڵەوە... باوکی کوڕە مامۆستایەکی بێوەی بوو و لە دەرگای خۆیان سەری دەرهێنا... ئەو جنێوی پێ دەدا و دەیویست مامۆستا شتێکی لە دەم دەرچێت، بۆ ئەوەی پەلاماری بدات و لە بەرچاوی هەموومان ڕیسوای بکات... من هەرگیز دیمەنی ئەو کچە بچکۆلەیەم بیرناچێتەوە، کە لە پەنا دیواری ماڵیان دەستەکانی توند توند گرتبوو بەم چاو و بەو چاویەوە و وەکو مشکی زارەترەک هەڵدەلەرزی... تەنانەت بەترسیشەوە دەگریا و جورئەتی نەدەکرد دەنگی هەڵبڕێ... نەیدەویست باوکی ببینێت، کاتێ ئەو بەهەموو هێزی خۆیەوە دەیخاتە ژێر ئەژنۆ زلەکانیەوە و بەشەق و بەبۆکس تێی دەکەوێت... خوایە هیچ ماڵ و کۆڵان و گەڕەکێ بێ «بەگیسی ئی دریتە» نەکەی... ئامین... بەگیسی گیان هاوارە و بەفریامان کەوە... ئازایانە لە بەردەمی مامۆستای زارەترەک و ترساو بۆی وەستا و پێی وت، هەر ئێستا بێدەنگ نەبێت، کارێکی پێ دەکات ژنەکەی لە پێش هەر کەسێکی دیکەوە پێی پێبکەنێ... کابرا سڵی کردەوە و جار جار بەزمانێکی تێکئالاوەوە دەیوت لەبەر خاتری ئەو لێیان خۆشدەبێت... «بەگیسی ئی دریتە» بەو درۆیانە نەخەڵەتا و پێی وت ئەو خراپەی کردووە، بۆیە پێویستە ئەویش داوای لێبوردن بکات... پێشی وت تا ئێوارە دەبێ تۆپێکی دیکە بۆ کوڕەکە بکڕێتەوە... تەریقببووە و بەهیچ شێوەیەکیش نەیدەتوانی خۆی لەو هەڵوێستە ناخۆشە



بدزێتەوە... باوکیشم، کە زۆر ڕقی لێی بوو، پشتی «بەگیسی ئی دریتە»ی گرت و ئەو ئەوەندەی دیکە کەوتە پاشەکشە... داوای لێبوردنی بکردایە زۆر باشتربوو لەوەی ئاوا وەکو کەڵەشێری بەزیو سەری خۆی شۆڕ بکات و بەبۆڵەبۆڵی نارۆشەن و بێسەروبەر بچێتەوە ماڵەکەی... هەر ئەو ڕۆژە منداڵەکە تۆپێکی چاکتر لەوەی خۆی بۆ هات و بەبێ ترس لە کۆڵان یاریی پێ دەکرد... ماوەیەکی کەم دوای ئەوە کابرا لەو گەڕەکە باری کرد و گێچەڵەکانی برد بۆ شوێنێکی دیکەی شار.

لەو دەوروبەرە هەندێ کەس بوختانی دنیایان بۆ یەکتر هەڵدەبەست... سەرۆکەکەیان جاشێک بوو بەناوی «شەهاب دۆغەوا»، کە ژنی خۆیشی وەکو سۆزانی دەردەخست... هەر زوو زوو تەڵاقی دەدا و دەیهێنایەوە... گوایە پەنجا دۆستی هەیە و سەری شۆڕکردووە... ئەو جاشە ئەگەرچی هیچ کەسێکی بەپاک نەدەزانی و پێی وابوو سەرتاپایان دز و خوێڕی و بێشەرەفن، وەکو جارێکیان گەنجێک وتی زمانی سۆزانیخانەیە هەر ژنێ ڕێی تێبکەوێت، دەبێتە سۆزانی و هەر پیاوێک بچێتە ناویەوە، دەیوتێکی لێ دەردەچێت، کەچی کاتێ بیویستایە بەگژ یەکێکدا بچێت و قسەی بۆ هەڵبەستێ، دەبووە هاوپەیمانی ئەوانەی، کە تۆمەتی زۆر ناشیرینی دابوونە پاڵ... ژنەکەیشی، ئەو کاتانەی لای بووایە، یارمەتیی دەدا، چونکە ئەو مامۆستای بوو و دەیزانی چۆن چۆنی ئەزموونەکانی بخاتە کار... دەچوونە بن کلێشەی خەڵکی دڵپاک و لە خشتەیان دەبردن... هەندێ خزم و کەسیان کردبوو بەگژ یەکتردا، کە لە هەمو ژیانیاندا بەتەبایی ژیابوون و نەیاندەزانی ڕق و بوغز چییە... هاوینی حەفتاوچوار قسەی بۆ ژنی مامۆستایەک هەڵبەست و بەچپە لە پەنادیواران بۆ یەک دوو کەسی وەکو خۆی گێڕایەوە... ئێوارەیەکیان چەکی کردبووە شانیەوە و دەچووە مەقەڕەکەی نزیک گومرگ... ئەو ژنە، کە فەرمانبەری بانک بوو و لە دەوام دەهاتەوە، لە نزیک تانکیی سەیداوە چووە بەردەمی و هەزار جنێوی سووکی پێ دا... ئەو دەلەرزی و دەپاڕایەوە... ملی شۆڕ کرد و لە ترسا پەنای بۆ مەقەڕی «یاسین ئاغا» برد، کە ماڵی «شەهید سەعدی گچکە»ی فەرماندی بەتالیۆن بوو... دوای ئەوەی چووە شاخ، ئەوان دەستیان بەسەردا گرت... «بەگیسی ئی دریتە» لە خەڵکی گەڕەک نەدەچوو و دڵی بەپەندی سواو ئاوی نەدەخواردەوە، تا بڵێت: «لە جێگای شێران، ڕێوی دەکەن گێران»، بەڵکو هەر جارێ بەلای ئەو خانووەدا تێدەپەڕی و جاشەکانی دەبینی، دەیوت وەکو ئەوە وایە دەنگی گۆرانیبێژێکی گەورە لەسەر کاسێتێک سڕابێتەوە و ناخۆشترین سەدایان لە شوێنیدا تۆمار کردبێت... بەڵام «شەهاب دۆغەوا» کاتێ لە بەردەرگا دەوەستا، وایدەزانی «قەڵای باستیل»ی گرتووە... جارێکیش بۆ ئەوەی ناوی خێزانێکی زۆر بێوەی بزڕێنێت، بووە هاوڕێی ماڵێک، کە ماوەیەک لەمەوبەر پێی وتبوون دزن و دەستیان بەسەر پارە و شتومەکەکانی داگرتووە... بەگەرمی هامشۆی دەکردن و بەئارەزووی خۆی چیرۆکی سەیر سەیری بۆ ئەو خێزانە هەڵدەبەست... ئەگەرچی ئەوان مێش میوانیان نەبوو و بێزیان نەدەهات وەڵامی بدەنەوە... ئەو دوو ماڵە لای ئەم و ئەو دەیانوت، گوایە ئەوان خزمی یەکترن... خەڵک بەو خزمایەتیە پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکردن... وەکو نوکتەیەکی خۆش دەیانگێڕایەوە و قاقایان لێ دەدا... کردبوویانە پەند و هەر شتێکی ناماقووڵیان بدیایە، یان بیانبیستایە، دەیانوت وەکو خزمایەتیەکەی فلان و فیسار وایە... کوڕێکی گەنج لەو کۆڵانە کتێبی سایکۆلۆژیای دەخوێندەوە و زۆر

چاک لەو جۆرە کارەکتەرانە تێدەگەیشت، پێی وابوو ئەو «شەهاب دۆغەوا»یە لە منداڵی و هەرزەکاری تووشی ڕووداوی ناخۆش بووە و دەیەوێت بەو هەڵسوکەوتانەی ئەمە لەبیر خۆی و خەڵکیش بەرێتەوە... دەرکەوت بەراستی وایە و یەک دوو شەقاوە لە دواوە پیس دەستیان لێ وەشاندبوو... ئەو کوڕە دەیوت ئەو جۆرە کەسانە هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوە دەترسن و مەحاڵە بتوانن شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ کەڵەشێرێکیشدا بکەن، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێ لەبەر هەر هۆیەک لە ئاستیاندا نەرمیی پیشانبدات، ئەوان دەیخۆن و هەموو ترس و لەرزی گیانیانی پێ هەڵدەڕێژن... نموونەی وا دەهێنایەوە، ئەگەر سبەینێ یەکێ لە خەڵکی گەڕەک بەپایسکیل یان ئۆتۆمۆبێل لە منداڵێکی ئەو لۆمپینە بدات و ناچاربێت داوای لێبوردنی لێ بکات، ئەوا ئەو بەئاسانی لێی خۆشنابێت و لەو ڕێگایەوە دەیەوێت هێزی خۆی پیشانی خەڵک بدات و لەزەتی دنیاش لەو هەڵسوکەوتەی دەبینێت... پیاوێکی قاچاغچیی دراوسێیان هەندێ کەلوپەلی قاچاغی لەناو دیواردا شاردبۆوە و شەوێکیان ویستی دەریانبهێنێت... ئەو جاشە لەگەڵ دەنگی کوتەکەکانی خەبەری بووەوە و لە سەربان خۆی هەڵدایە خوارێ... وایزانی پێشمەرگە شالاویان بۆ هێناوە... لەمەوە منداڵان دوای دەکەوتن و گاڵتەیان پێ دەکرد... سیفەتێکی دیکەی ئەو جۆرە کارەکتەرانە وەکو ئەو کوڕە دەیوت، دووفاقی و دژایەتیە لە هەڵوێستیاندا... چاکی بۆ چووبوو... ئەو خڵتەیە ژنەکەی تەڵاقدەدا و لای خەڵک وەکو سۆزانیەک دەریدەخست... تا سەر باپیرەگەورەی دەکرد بەخوێڕی و هیچوپووچ... کەچی لەپڕ دەیهێنایەوە و پلانی بۆ ژیانی ئایندەیان دادەڕشت... کچەکەی بەمانگ ڕەدوو ئەم و ئەو دەکەوت و حاشای لێ دەکرد... لەپڕ دەهاتەوە و وەریدەگرتەوە... هاوکات ئەگەر گەنجێ چارلستۆنی لەپێ بکردایە و زوڵفی درێژی هەبا، کە لە حەفتاکان باوی بوو، ئەو هەزار و یەک شتی ناشیرینی دەخستە پاڵ خۆی و باوک و باپیریشی... هەر زوو زوو دەیوت فڵان شت و فڵان شت لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریدا ناگونجێن... دەبێ باسی کچی ئەم و کوڕی ئەو بکات، بۆ ئەوەی خەڵک بیانناسن... ناویان نا سەگی بەردەرگای کۆمەڵگای کوردەواری... ئەو کۆمەڵگایەی ئەو چەکی لە دژ هەڵگرتبوو... ناوەڕاستی حەفتاکان هەندێ پسپۆڕ و کرێکاری ڕۆمانیی کۆمپانیای «ئەرکۆم» لە گەڕەکمان دەژیان... پیرەژنێکی ڕۆح سووکیشیان لەگەڵدا بوو و خزمەتی دەکردن... دەچوو بۆ ماڵان و فێری کوردی بوو... ئەو کابرایە حەزی لێ کرد و وازی لێ نەدەهێنا... ئەویش خێزانەکەی لێ ئاگادار کردەوە و بووە فەرتەنە، کەچی خۆی ئەوەندە دڵی لەو ژنەی پیس بوو، نەیدەهێشت سەیری تەلەفزیۆنیش بکات... کاتێ دەچوو بۆ دەرەوە، وەکو سیخوڕ بەدزییەوە هەنگاو هەنگاو دوای دەکەوت و دەیویست لە قافا بیگرێت... لە ماڵەوە ڕیکۆردەری بۆ دادەنا و دەنگی تۆمار دەکرد... هەموو شەڕ و دەمەقاڵێیەکانی خۆی و ئەو ژنەی خستبووە سەر کاسێت، کە هەندێکیان کەوتنە دەست خەڵکیش... من خۆم لەگەڵ منداڵان گوێم لە یەک دوانێکیان گرت و پێی تەریقبوومەوە... باسی ڕابردووی یەکتریان دەکرد و ناوی دەیان کەسیان دەهێنا... هەر جارێکیش تەلاقی دەدا و دەیهێنایەوە، کۆڵێ خەفەتی دیکەی بۆ زیاد دەبوو و پێیانەوە دەتلایەوە... ئەگەر ئەو پارانە نەبوونایە، کە لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکی دەیهێنانەوە، ئەوا زۆر زووتر گیانی دەردەچوو... ئاخر ئەو دڵپیسی و وەسواسیە وا پەرێشانیان کرد، ڕۆژێک ئۆتۆمۆبیلەکەی بەسەر شۆستە کەوت و خۆی



بەدرەختێکی ئەستووری ناوەڕاستی هەردوو سایدی شەقامی شەستیدا کێشا... فریای نەخۆشخانە نەکەوت و دەمودەست گیانی دەرچوو... کوڕەکانی فێر دەکرد لە منداڵی خەڵک بدەن و زۆر پێی ئاسوودە دەبوو... ئەوان بەگژ هی لە خۆیان منداڵتردا دەچوون و لە ئەنجامیشدا لێدانی چاکیان بەردەکەوت... ئیتر خۆیشی تێیان دەکەوت و سەرزەنشتی دەکردن، چونکە ئەوەندە گرینۆکن و بەهیچ کەسێ ناوێرن... ئەوان تاوانیان نەبوو و باجی ئەو دایک و باوکەیان دەدا... خەتای هەندێ لە خەڵکەکەش بوو، کە لەوەتەی پێیان گرتبوو، وای بۆ چووبوون کەسانی سەرشۆڕیان لێ دەردەچێت و لە دایک و باوکیان چاکتر نابن... هەمیشە لێیان تووڕەدەبوون و ئاوایان پێ دەوتن... شەقاوەی گەڕەکە میللیەکانیش زۆر زوڵمیان لێ دەکردن و بەزەییمان پیایاندا دەهاتنەوە... ئەو کوڕە شارەزایە ئەمەیانی بۆ منداڵیی ئەو دەگێڕایەوە، کە هەمیشە حەزی کردووە ئازار بەخەڵکی دیکە بگەیەنێت و بۆی نەلواوە... بەپێچەوانەوە تێیانهەڵداوە و خشتیان پێ بڕیوە... ئیتر دەیەوێت کەسێتیەکی جیا لەواندا بخوڵقێنێت... دوایی زانیم ئەم ڕایەی لە «بنیامێن سبۆک» وەرگرتووە، کە پێی وایە ئەو جۆرە باوکانە حەز دەکەن منداڵیان دەستوەشێن دەربچن... بەهەر حاڵ ئەو کوڕە شارەزاییەکی سەیری لە سایکۆلۆژیادا هەبوو و ئێمەی خەڵکی ئەو گەڕەکە قەرزاری ئەوین... ئەگەرچی وازی لە هەموو ئەو شتانە هێنا و دوای پەیداکردنی پارە کەوت... هەڵوێستێکی ناشیرینیشی نواند و خوشکی باجەکەی دا... ئەو «شەهاب دۆغەوا»یە نەخۆشەی کردبووە نموونە و تیۆری سایکۆلۆژیی لەسەر دادەڕشت... ئەو جاشە پێش مردنی فێری ئەوە بووبوو بەگژ خەڵکی ناسراودا دەچوو، بۆ ئەوەی ناوی لەگەڵ ئەواندا بێت و ئەو ڕابردووەی خۆی لەبیر خەڵک بەرێتەوە... ئەوە بوو وازی لەو ماڵە نەدەهێنا و هەر ڕۆژێ بوختانێکی بۆ هەڵدەبەستن، تەنها لەبەرئەوەی هەر یەکەیان بەهرەیەکی گەورەی هەبوو و جیاوازتر لە خەڵکی ئەو سەردەمە دەژیان.

«بەگیسی ئی دریتە»، کە لە هەموو ژیانیدا پێنەدەکەنی و بەکەسانی ئاوا بێمانا سەغڵەت دەبوو... ئیتر لەوە زیاتر نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێت و چووە سەروگوێلاکی... هەندێ شتی جوانی فێرکرد و پێی وت:

– بەس خەرکی باش بەشەڕ بینە... وازبینی باشترە، دەنا ئەمن بزانم زۆر خراپ دەکەوتەوە و پەشیمانی دادت نادا... هەڵۆیەکی گەورە بەچڕنووکەکانی بەرخەکی ساوای هەرگرت، قەلەرەش لاساییی کردەوە و پڕی دا بەرانەکی... نینۆکەکانی لە تیسکی خوریە درێژەکەی گیر بوون و شوانەکە هات گرتی... لەناو دەستی سەری خۆی کز کرد و هەردەلەرزی... بردیەوە و کوڕەکەی لێی پرسی ئەو تەیرە بەستەزمانە چییە و ناوی چییە بابە...؟ ئەو پێی گۆت: ئەوە قەلەڕەشە و حەز دەکا پێی برێن پاشای هەڵۆیان... ئەوەی وابزانی پڕبداتە کەسی گەورە، پێی گەورە دەبی، ئەوە زۆر کەمزانە، دەبتە قەشمەرجاڕی خەرکی وەکی خۆی و ناوی لەگەر کەسە گەورەکەی نایێن.

«بەگیسی ئی دریتە» ئەو قسانەی پێ وت و ڕووی لێ وەرگێڕا... دوایی لەپڕ ئاوڕی دایەوە و ئەمەشی خستە سەر:

– ئەو خزمایەتیەی لەگەر ئەو عالەمەی دایدەمەزرێنی، هەر لە بلووری ناو لانک و قۆدیی میزەکەی

بنی دەچی.

خەڵک سەریان لەو قسەیەی دواییان سوڕ مابوو و نەیاندەزانی چ پەیوەندیەک لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە... لە بەرخۆیانەوە دەیانوت: بلوێر، بێشکە، قوتوو، میز، خزمایەتی...؟! ئەم شتانە چین...؟! «مامۆستا ئەمجەد ڕەزا یاوەری» یادی بەخێر، کە یەکێک بوو لە کەسە خۆشەویستەکانی گەڕەکمان، دوایی بەداخەوە لە «٧٦» گیرا و ئێستاش نەمانزانی چی بەسەرهات، دەیوت، گوایە ماناکەی ئەوەیە، منداڵەکە گەورە دەبێت و بێشکەکە بەجێدەهێڵێت... ئیتر بلوێر و قوتوو دەمێننەوە و ڕۆژانە بەنائومێدییەوە باسی ڕابردووی میزاویی خۆیان بۆ یەکتر دەکەن. ئەوەندەی دەڵێنەوە، تا تەواو بێزار دەبن و خۆشیان قێز لە خۆیان دەکەنەوە... چاوەڕێشن منداڵێکی دیکە لە دایک ببێت و بەکاریانبهێنێتەوە... ئیتر منداڵ لە دوای منداڵ گەورە دەبن و کەسی بەکەڵک و بەهرەداریان لێ دەردەچێت، کەچی ئەوان هەر بلوێر و قوتووە میزاویەکەن و هیچ ناگۆڕێن... مەگەر لەناو میزدا دابڕزێن... دیارە دارزانیش هەر گۆڕانە، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە... من ئەمەم بەلاوە سەیر بوو و لە خۆمم دەپرسی: چۆن بلوێر و قوتووی میز دەتوانن بدوێن و ئاوا بیر بکەنەوە...؟! لە بلوێر و قوتووی میزی بێشکەی برا بچووکەکەم و هی منداڵانی دراوسێ ڕادەمام و لە خەیاڵەکانمدا ڕۆدەچووم... بیرم لێ دەکردەوە و کاتی خۆمم لەگەڵدا بەسەر دەبرد... زیاتر لە فیلمی کارتۆن و هەقایەتە خورافیەکان دەچوو و بۆ منی منداڵ شتێکی بەلەززەت بوو... هەر ئەو پیاوە شەهیدە خەڵکی گەڕەکی ئاگادار دەکردەوە، کە کاری خراپ نەکەن، نەوەکا بکەونە سەر زمانی «بەگیسی ئی دریتە»وە و بۆ هەتا هەتایە غەرقی ناو لوغزە هەزار بەهەزارەکانی بن... دەیوت ترسنۆکانە و بەدزییەوە باسی یەکتر نەکەن، نەبادا ئەو ئازایانە و بەئاشکرا ریسوایان بکات... هەبوون گوێیان دەگرت و خۆیان دەپارست، بەڵام هەندێ چاوقایم سەرپێچییان دەکرد و دەبوونە گاڵتەجاڕی منداڵەکانی خۆشیان.

«بەگیسی ئی دریتە» دەربارەی ئەو پەیوەندیە ساختانەی بۆ شکاندنی خەڵکانی دیکە دادەمەزران، دەیوت، گوایە شتە نارێکەکان بەپێچەوانەی شتە ڕێکەکان هەرگیز ناتوانن یەکتر بگرن... دەستی بۆ خانووەکەی ڕاکێشا و پێی وتن، سەیری ئەم خشتە سوورانە بکەن، کە ئەو دیوارانەیان پێ هەڵچنراوە... ئەگەر ئاوا ڕێک نەبوونایە، هەر زوو دەڕووخان... دەبڕۆن ئەو بەردە نارێکانە بێنن، بزانن بەهەمموو گەچ و چیمەنتۆی دنیا دیواری ئاوایان لێ دروست دەکرێت و دەبنە خانوو...!! ئەو جۆرە کەسانەش بەو هەموو نارێکییەی خۆیانەوە، ناتوانن تاسەر بەیەکەوە بژین و ئاشکرایشە چی کۆیکردوونەتەوە... هەر بزانن پشتیان کردەوە یەکتر و دەهۆڵی بوختانەکانیان کوتایەوە... ڕاستە بەردتاش دەتوانێت بەردی نارێک بسازێنێت و وای لێ بکات بەکەڵکی دیوار بێت، بەڵام هەموو بەردێک داناتاشرێت... هیوادارم ئەوانە لە بەردە سپییەکانی شاخ بن و دابتاشرێن... ئەوسا واز لە خراپە دەهێنن و هەمووومان ڕێزیان لێ دەگرین.

«بەگیسی ئی دریتە» «نیتشە»ی فەیلەسووفی نەدەناسی، بەڵام ئەویش وەکو «نیتشە» باوەڕی وابوو خوورەوشتەکان شتێکی جێگیر نین و دەشێ بگۆڕێن... «ڤۆڵتێر»ی نەدەناسی، بەڵام وەکو «ڤۆڵتێر» دژی چەوسانەوەی ئاینی و ڕەگەزی بوو و دوژمنانی خۆی لە سەرکوتکردن دەپاراست... چاوەڕێی گۆڕانی لە



هەمموو کەسێ دەکرد و ڕابردووی خراپیانی لەبیر خۆی دەبردەوە... ئاشتبوونەوەی دوژمنەکانی بەمەحاڵ نەدەزانی و ئەو پەندە عەرەبییەی بەلاوە ڕاست نەبوو، کە دەڵێت: «كيف أعاودكَ و هذا أثر فأسكَ»... پێی وابوو دەکرێت و زۆریش گونجاوە ئەو پیاوەی مارەکە بەبرای وەدابوو و کوشتبووی، لێی خۆشبێت و لەگەڵیدا ئاشت بێتەوە... هاوکات مارەکەش ئەوە بیر خۆی بەرێتەوە، کە ئەو پیاوە براکوژراوە بەهەموو هێزی خۆیەوە تەورەکەی بۆ ڕاوەشاندبوو و بەردەکەی لەگەڵ کردبووە دوو لەتەوە... ئیتر بۆ خۆیان دۆستانە بژین و ژیانێکی دیکە دەستپێکەنەوە... ژنێکی تۆلەرانس بوو و حەزی لە ژیانی پڕ لە جیاوازیی دەکرد لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستیی هەمەلایەنە... پێی وابوو کەسەکان لە پەیوەندیی نێوانیاندا یەکسانن و ئەمیان لەوی دیکەیان مافی زیاتر و کەمتری نییە... دڵی زۆر گەورە بوو و دەیتوانی دوژمنانی خۆی خۆشبوێت... ئەمانەی دەرنەدەبڕی، بەڵام دەمانبینی... هەستمان پێی دەکرد و نەشماندەتوانی چاوی لێ بکەین... بگرە بەلاوازییمان دەزانی و لە بەهاکانی تێنەدەگەیشتین... ئاخر ئەمە توانا و جورئەتێکی زۆری دەویست و بەئێمە نەدەکرا... ئێستا تەنها دەتوانم بڵێم: وشە بەوشە و دێڕ بەدێڕی نووسینەکانم بەقوربانی هەناسەیەکت بن ئەی ژنە میهرەبانەکەی، تا ئەم ساتەش لە خورافە دەچیت و لە ئاستتدا تەواو حەیران و سەرسامم... هانێ ئەوە دەستەکانی خۆمت دەدەمێ و برۆ بیانخەرە ناو دەستی هەمموو ئەوانەی، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبەر جیاوازیی بیرورا، یان هەر شتێکی دیکە دڵیانم ڕەنجاندووە و قەبووڵم نەکردوون... بیانخەرە ناو دەستی ئەوانەیش، کە ئازاریان داوم و پەشیمانبوونەتەوە، یاخود دەیانەوێ پەشیمانببنەوە... وابزانە دەستەکانی خۆتن و بەئارەزووی دڵی پڕ لە خۆشەویستیت بەکاریانبهێنە... من دەستم لای تۆ بێت، یەک دەنک نیگەران نییم و دڵنیام هیچیان بەسەر نایەت... لەجیاتی من بەتوندی یەک بەیەکیان لە باوەش بگرە و ئەملا و ئەولایان بەگەرمی ماچ بکە... چی هەیە جوانتر، پاکتر لە ماچە پەشمەکیەکانت...!! من لەم ساتەوە لەبەر دڵی تۆ لەگەڵ هیچ کەسێکدا دوژمن نیم و داوای لێبوردن لە گەورە و بچووکیان دەکەم... دایک و باوک و خوشک و برا و خوشکەزا و برازا... مام و خاڵ و پوور... ئامۆژن و خاڵۆژن... ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا... لە دراوسێکانی «سەیداوە» و «رووناکی»... لە هاوڕێیانی ڕۆژگاری خوێندنم هەر لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ... لە هەر کەسێ ڕۆژێ لە ڕۆژان دیومە و چوومەتە ماڵی، یان هاتۆتە ماڵم... داوای لێبوردن لە تۆش دەکەم، نەوەکا ڕۆژێ لە ڕۆژان ئازارم دابێ... لێرەشدا نهێنیەکت بۆ ئاشکرا دەکەم، ئەویش ئەوەیە باوکم هەمیشە لەجیاتی «بەگیسی»، دەیوت «بەگیسکی»، بەڵام بڕوا بکە ئەمەی بۆ خۆشیی بوو و تۆی بەژنێکی زۆر باش دەزانی... ئەو جارەش، کە ڕووبەرووی ئەو پیاوە شەڕانیە بوویتەوە، ئەو لەناو هەمموو خەڵکی گەڕەکدا هەڵیدایە و وتی، کە ئیشێکی ناماقووڵی کردووە و ئەمە سیفەتی مرۆڤی ئازا نییە... تۆ شێتی قسەکانی ئەو بوویت و هەموویانت لەبەر دەکردن... بۆ ئەم و ئەوت دەگێڕانەوە و دەستپاکانە سەرچاوەکەیانت دەستنیشان دەکرد... جا تکایە بیبوورە... ڕەنگە پێشی ناخۆش بووبێت ناوی تۆ لە ناوی ژنەکەی خۆی خۆشترە و لەویش جوانتر بووی، ئیتر لە داخا وای وتبێت... لەگەڵ ئەوەشدا بەچاوی ڕێزەوە لە تۆی دەڕوانی... پێی ناخۆش بوو بچم بۆ ماڵی خەڵک، کەچی بۆ لای تۆ هیچ تووڕە نەدەبوو... زۆر جاریش ئەگەر لە شوێنێکی تر

بوومایە، بۆ ئەوەی لێدان نەخۆم، پێیم دەوت لای تۆ بووم... ڕەنگە ئەمە تاقە خراپەیەک بێت، کە من دەرهەق بەتۆم کردبێت... وا نەبووایە دارکاریی دەکرام و شەوەکانم لێ ژەهراویی دەبوون... تۆ بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێت، بەفریام دەکەوتی و خۆتت بۆ دەکردمە قەڵغان... من وا دەستەکانی خۆمم پێ بەخشیوی و جارێکی دیکەش داوای لێبوردنت لێ دەکەم... هیوادارم هەموو کورد بەجارێ وەکو من دەستەکانیان بدەن بەتۆ و یەک بەیەکیان ئاشت بکەیتەوە... بەشیری مەمکەکانت، کە لە دوای «نیهاد»ەوە هیچ منداڵێ مژی لە سەرگۆکانی نەداوە و بەدەرزیی تۆقەی قژە زەردەکەت، کە ئێستاش تاڵێکی سپی نەبووە و هەروەکو جاران لە بەرتیشکی هەتاودا دەبریسکێتەوە، «نەفرەت لە شەڕ و بژی جیاوازیەکان»یان لەسەر بکوتە و ئینجا بۆمان بگەڕێنەرەوە... ڕەنگەکانت بۆ دەهێنین و هەموویان تێکەڵ بەیەکتر بکە... ڕەنگی دیکەیان لێ بخولقێنە و جارێکی تر خۆت بۆمان دابەش بکە، بۆ ئەوەی تا ماوین شەڕیان لەسەر نەکەین و چیتر خوێنیان لە پێناودا نەڕێژین... لێرە بەدواوە هەر منداڵێکی کورد لە هەر کوێ لە دایک بوو، لەگەڵ ناوکبڕین ئەو وتەیەی تۆی لەسەر مەچەکی دەکوتین و کۆتایی بەشەڕی چەکداری دەهێنین... ئەو جەنگانە هەڵدەگیرسێنین، کە تا ئێستا نەمانکردوون و نازانین چەند چێژێکی سەیریان هەیە... دەستت بەپشتمدا بێنە و دووعا لەسەر پەنجەکانم بخوێنە دایکە میهرەبانەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بەچاکی بنووسم و ناوە خۆش و نازناوە جوانەکەت بەخەڵکی ئەمسەر و ئەوسەری دنیا بناسێنم... هەر ئەمە وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی دەیانوت چاکە و خراپە وەکو یەک وان و گوم دەبن... با ناوی تۆ ببێت بەسومبولی ئاشتی و تۆلەرانسی و لێتەوە فێری خۆشەویستی ببین... ئەی ئەو ژنەی، کە تەنها لە سیمای تۆدا دەزانم من چ منداڵییەکی جوان و بەنرخم لە دەست چووە و دەبێ تا ماوم هەر ئاخ و ئۆفی بۆ هەڵکێشم... واااای چیتر منداڵیم ئاسکێک نییە و بەسەر پەلکەزێڕینەکانی ئاسمانی سەر ماڵی تۆدا بازبازێن ناکات، کە هەر لە خانووی ناو تابلۆ سوریالیەکانی «شاگال»ی هونەرمەند دەچوو و هەستێکی فەنتازیانەی لە دڵمدا دەخولقاند... جارێکیان لە خەونمدا «فەیروز»ی هونەرمەندم لەسەر دوا پلەی قادرمەکەتدا بینی و بەدەنگە خورافییەکەی گۆرانیی «بكتب أسمكَ يا حبيبي» و «لا تعتب علي»ی دەوت... لەناو چیمەنەکە بۆم گێڕایتەوە و کۆڵێ ئاسوودە بوویت... شێتی «ئەسمەهان» بوویت و دەیان جار بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە چیرۆکی ژیانەکەیت بۆ وتبووینەوە... ئەو ژنە هونەرمەندە یاخییەی لەناو ئاو، لەسەر پشتی کەشتییەک لە دایک بوو و لەناو ئاودا خنکا، یان وەکو خۆت هەموو جارێ بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە دەتوت خنکاندیان... تۆ نەبوویتایە من لە کوێ دەمتوانی مانایەکی تەواو جیاواز بەناوی باوەژن ببەخشم، کە بەڕاستی جوودا بێت لەوەی کۆمەڵگای ئێمە لێی تێگەیشتووە... کەم چیرۆکم هەیە باوەژنێکی جیا لە باوەژنی تەقلیدیی تێدا نەبێت... ئەگەرچی خۆم سەدان باوەژنی دڵڕەقم بینیوە... لە تۆوە فێر بووم خێزانی نائاسایی پێکبهێنم و باس لە نهێنییەکانی ئەو ژیانە بکەم... هەر لە تۆشەوە فێر بووم باس لە پێکەوەژیانی شووناسە جیا جیاکان بکەم و بەدوای نهێنیی مانای ئینتیگراشیۆندا بگەڕێم... ئاخر هەر هەموومان ئێرەییمان بە«هەتاو»ی کچت دەبرد، کە ئەوەندەت خۆشدەویست و لە سایەی تۆدا بەختەوەرترین منداڵی گەڕەکمان بوو... لای تۆ خەڵکی شوێنی جیا جیامان دەبینی و زمانی جۆراوجۆرمان دەبیست... تا سەر ئێسقان



مەلایی بوویت و دەیان جەلالی و شیوعی و بێلایەنیش هامشۆی ماڵەکەتیان دەکرد... بێئاگا لەوەی چی لە دەوروبەر ڕووی دەدا، گوێیان لە قسە خۆشەکانت دەگرت و دەتریقانەوە... تۆ چەند ژنێکی سەیر بوویت و من چەند پێت سەرسام بووم... باشترین سیستەمت هەبوو و لەسەری نەدەنووستی... ئاوێنەی باڵانوومات بەدیوارەوە هەڵواسی بوو و تێیدا سەیری خۆتت نەدەکرد... شانەی عەنتیکە عەنتیکەت دەکڕی و قژتت پێ دانەدەهێنان... عەتری گرانبەهات هەڵدەبژارد و لە گەردن و لا ملتت نەدەدان... لەسەر مۆدێل کراست دەبڕی و لەبەرت نەدەکردن... بەباوەش ئاڵتوونی دووکانی مێردەکەتت بۆ ژوورەکەت گوێزابووەوە، کەچی پەنجە باریکەکانت بێ ئەموستیلە و مەچەکە لووسەکانت بێ بازن و ملە سافەکەت بێ ملوانکە و گوێچکە کریستیاڵیەکانت گوارەیان تێدا نەبوو... پارەی زۆرت بەپێڵاو دەدا و لە پێت نەدەکردن... گۆرانیی هەموو گۆرانیبێژەکانت لەبەر بوو و بۆت نەدەچڕین... دڵت پڕیبوو لە نووکتە و قسەی خۆش و بەجوانترین شێوە بۆت دەگێڕاینەوە، کەچی پێنەدەکەنی... دەزانی من دەتوانم هەموو شتەکانی تۆ وەکو خۆی بێنمەوە بەرچاوم، بەڵام هەرگیز بزەیەک، پێکەنینێکتم لەبیر نییە...؟! ئەوە بۆچی پێنەدەکەنی...؟! توخوا، توو سەری من بۆچی پێنەدەکەنی...؟! پێم ناڵێی...؟! باشە باش...!! قەیناکا پێم مەڵێ... خۆ تۆ گرژ و مۆن نەبوویت... بەپێچەوانەوە تا بڵێی ڕووخۆش بوویت... ئەی بۆ پێنەدەکەنی...؟! ئەمەش مەتەڵێکی ترە... چۆن دەتتوانی بەبێ بزە و پێکەنین، ئەو هەستەمان لا بخولقێنی، کە خۆشتدەوێین و حەزناکەی ماڵەکەت بەجێبهێڵین...؟! بەبێ ترس دەستم دەکرد بەچەکمەجەی کانتۆرەکانتدا و کەلوپەلەکانی ناویانم هەڵدەڕشتن... دەچوومە سەر کورسیەکان و پەنجە بزێوەکانم لەناو تاقەکاندا دەگێڕان، کەچی لێم توورە نەدەبووی و هەر ڕووشت گرژ نەدەکرد... ئاخر بۆیە من بەنهێنیی هەموو شتەکانتم دەزانی و لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر پێت سەرسام بووم... چەندی دەمکرد و دەکۆشام لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی ئەوەندە بیرم لە منداڵیی تۆ دەکردەوە و هیوام دەخواست لەگەڵتدا گەورە بوومایە... لە دڵی خۆمدا دەموت خۆزگە کوڕی کۆڵانەکەتان بوومایە و ماڵمان بەتەنیشت ماڵتانەوە بووایە... لەسەر دیواری نزمی حەوشەکەمانەوە سەرنجم لە جووڵە سەیرەکانت بدابووایە و لەگەڵیدا بچوومایەتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە... دایکتم دەبینی لە هەیواندا قژی بۆ شانە دەکردی و لەملا و لەولای ملتەوە بەدوو تۆقەی قاز دەیبەستن... دەیان جار خەون و زیندەخەونم بەماڵەکەتانەوە بینیبوو و هێنابوومە بەرچاوم... دڵنیابووم ئەوەی من لە خەیاڵی خۆمدا کێشابووم، زۆر جیا بوو لەوەی تۆ بەڕاستی تیایدا ژیابووی، بەڵام هەر دەتوت دەمەوێ ڕابردووێکی دیکەت بۆ بخولقێنم و لە پێش تۆوە خۆمی پێ ئاسوودەکەم... مەبەستم بوو لە تەمەنی خۆم و لە تەمەنی تۆ ژیانێک پێکبهێنم و بەرێکی و عادیلانە بەسەر خۆمانی دابەش بکەین، کە نە لە ئێستا بچێت و نە لە ڕابردوو و نە لە داهاتووش و وەکو ئەوانەی پێشوومان کات ڕێی پێ نەبات... بەدزیی چاوی ڕۆژژمێرە دڵڕەقەکانەوە یۆتۆپیایەک بخولقێنین و تا ئەبەد تیایدا دەرنەچین... یەکەمجار خانووەکەتانم بینی و سەرم بەناوداگرت، وا چووە ئەقڵمەوە سەردەمێ کووخێک بووە لەناو دارستانێکی چڕدا و شەوان بۆتە شوێنی کۆڕ گەرم کردنی ئەو دڵدارە دێوانە و دەنگ خۆشانەی، کە دوای نائومێدیی، ژیانی ئاوەدانییان بەجێهێشتووە و لەو دارستانەدا گیرساونەتەوە... کاتێکیش ڕاوی تاوس دەستی پێکردووە و ویستوویانە

قڕیان بکەن، ئەوان پۆل پۆل هاتوون و بێجگە لە باڵیان هەموو پەڕەکانی دیکەیان لەوێدا بەجێهێشتووە، تا کێشیان سووک بێت و بتوانن بەچاکی ڕێگای هاتونەهات ببڕن... کۆچیان کردووە بۆ شوێنێکی دوور دوور و چاوەڕێن هێمنی و ئاسایش بگەڕێتەوە... ئەوسا دێنەوە و هەر یەکەی پەڕی خۆی دەباتەوە... حەزم دەکرد ئەو ڕۆژەی تاوسەکان دێنەوە و هەموویان بەجارێ لە سەر دیوار و ناو حەوشەکەتاندا هەڵدەنیشن، من لەوێ بم و بەچاوی خۆم ئەو دیمەنە ببینم، کە لە خەونی بەرەبەیانی پاییزێکی فێنکی درەنگوەختی سەربانی خۆمان دەچێت و دواتر بەدەم گریان و گۆرانییەوە نەبێت، ناکرێت بۆ کەسی بگێڕمەوە... لە بیرتە هەموو جارێ لەسەر گردەکە دادەنیشتین و لەو ئەسپە سوورە ڕادەماین، کە هەر دەتوت لە بۆیەی نینۆک هەڵکێشراوە و هەمیشە لە بەرتیشکی هەتاودا یاڵەکانی دەبریسکانەوە...؟! عەرەبانەیەکی لاکێشەییی ڕەشی کەمێ قووڵی پڕ لە کەللەسەری سپیی لەسەر ڕێگایەکی سەهۆڵبەنداندا ڕادەکێشا و قەلەرەش و داڵە زلەکان پۆل پۆل دوای دەکەوتن... تیژ تیژ غاری دەدا و قرقەی ناڵی قاچە زلەکانی تەقتەتەق تەقتاق تەقتەق تەقتاق لە هەموو ماڵ و دووکان و قوتابخانە و حەمام و مزگەوت و کۆڵان و گەڕەکێکدا دەنگی دەدایەوە... داڵ و قەلەڕەشەکان سرەوتنیان نەبوو و غەتغەت غەتغات غەتغەت غەتغات بەدوایدا ڕێگایان دەبڕی... ڕۆژێکیان لەپڕ بەبێ ئەوەی شتێ لەو خێراییەی بگۆڕێت، خۆی کرد بەکەنیسەیەکی گەورەی شارۆچکەیەکی هێمنی قەراغ دەریادا و لە دەرگا ساجەکەی ئاودیو بوو، بەڵام عەرەبانەکەی پێوەنەچوو و عاسی ما... ئەو لەودیو تەکانی دەدا و تایەکانی لە دەرەوە و لە هەوادا دەخولانەوە... دەخولانەوە و بەشێوەیەکی چەند بلێیی سەیر دەردەکەوتن... داڵ و قەلەرەشەکان پەلاماری کەللەسەرەکانیان دا و بەدەنووکی تیژیان چاو و مێشکی یەکە بەیەکەیان دەرهێنان... ئەسپەکە چەند شەو و چەند ڕۆژ هەر تەکانی دەدا و دەیویست ئەو عەرەبانەیە بەرێتە ژوورەوە، بەڵام نەیتوانی و وردە وردە هێزی لێ دەبڕا... ئەنجام گیانی دەرچوو و لاشەکەی بۆگەنی کرد... ئەو کەنیسەیە هەر لە زووەوە چۆڵکرابوو و خەڵکی شارەکەش بۆ شوێنێکی دوور دوور سەری خۆیان هەڵگرتبوو... تاقە قەشەیەکی ڕەشپۆش لەوێ مابۆوە و کز و خەمناک پشتی بەدیوارە سپییەکەی دابوو... بەدەستی چەپی قیبلەنومایەکی گەورەی شکاوی گرتبوو و دەستی ڕاستی وەکو سواڵکەر پانکردبووەوە... منداڵێکی حەوت هەشت ساڵان، کە قژی لە پەڕی قەلەڕەش دەچوو و چەرمی خۆشکراوی سمۆرەی کردبووە پێڵاو، هەموو ئێوارەیەک پێش خورائاوا بەراکردن دەهات و بەردێکی لووسی وەکو هێلکەشەیتانۆکەی دەخستە ناو ئەو دەستەی... ئەو لێیی ڕادەما و بەشێوەیەکی زۆر سەیر سەری بادەدا، کەچی هیچی نەدەوت و باری وەستانەکەیشی نەدەگۆڕی... بێزەوقانە بەردەکەی هەڵدەدا و تەقەیەکی زۆر سەیری لێ بەرزدەبۆوە... جارێک بۆ لای چەپ و جارێک بۆ لای ڕاست... تا وای لێ هات لەملا و لەولایەوە بوونە دوو گردۆلکەی وەک هێلکەشەیتانۆکە و خۆی لە ناوەڕاستیان لە بتی سەردەمە زووەکان دەچوو... دوایی چەند هەوڵم دەدا ئەو دیمەنە لەسەر لاپەڕەی دەفتەری نیگارکێشانەکەم بکەم بەتابلۆیەک و لەپێش هەر کەسێکەوە تۆی پێ سەرسام بکەم، بەڵام بەداخەوە نەمدەتوانی و زەحمەت بوو هیچ شتێک بتوانێت تەعبیر لە چرکەساتی ئاوا بکات... لە پشتی ئەو کەنیسەیەش بەردێکی گەورەی ڕەش ڕەش هەبوو و لە گۆڕی ئەسحابەکان دەچوو... لووس لووس و



چەند بلێیی جوان بوو... لە بەرهەتاودا دەبریسکایەوە و زۆر جار وەکو پەڕی سەر و ملی مراویی نێر مەیلەو سەوز خۆی دەنواند... دەنکە تەرزەکان بەسەریدا دەبارین و چزز دەتوانەوە... باڵندە سپییەکان لەسەری هەڵدەنیشتن و چزز دەتوانەوە... ئاسکە کێویە سوورەکان خۆیان هەڵدەدایە سەری و چزز دەتوانەوە... کچە کۆچەرە ڕەشپۆشەکان لەسەری دادەنیشتن و چزز دەتوانەوە... تۆ دەیان جار باڵەکانت لەملا و لەولاوە دەکردنەوە و بەراکردن بەرەو لای دەچووی... حەزت لێ بوو خۆت بدەی بەسەریدا و هەر خێرا گیانت وەکو بەزی دووگی بەرخی قەڵەوی ناو تاوەی داخبووی سەر تەباخی زلی چێشتخانەکان چززززز بتوێتەوە، بەڵام نەدەگەیشتی و ئەو ڕێگایە هەر نەدەبڕایەوە... وردە وردە هێزت لەبەر دەبڕا و هەناسەت تەنگدەبوو... دەکەوتی و هەرچۆنێ بوو هەڵدەستایتەوە... سستر ڕاتدەکرد و تاوێکی تر دەکەوتیتەوە... هەڵدەستایتەوە و دەکەوتیتەوە... دەکەوتیتەوە و هەمدیس هەڵدەستایتەوە... بەزەحمەت هەڵدەستایتەوە و دەستبەجێ دەکەوتیتەوە... دەکەوتیتەوە و هەڵنەدەستایتەوە... لەسەر تەختی نووستنەکەی خۆتدا چاوە خوێنتێزاوەکانت دەکردنەوە و ناولەپ و سەرئەژنۆکانت لە تاوی ئازار دەیانتریواند... بەقاچ چەرچەفەکەت لەسەر خۆت لادەبرد و بەردەوام دەتوت:

– ئاخ ئەمن کەینێ دەگەمە ئەو بەردەی و لەسەری دەتاوێمەوە...!!

دایکت سووک سووک ناوچەوانی بۆ دەشێلایت و بەدەنگێ، کە هەنسکی گریانی بەسۆز تەواو گۆڕیبووی و لەرەی زۆر ناسکی منداڵانەی تێکەوتبوو، پێیی دەوتی:

– هیچم لە دەست نایێ لۆتی بکەم کچە جوانەکەم... بەخوای هیچم لە دەست نایێ.

جارێکیان هەر لەسەر ئەو گردە کاتژمێرێکی زۆر جوانت کردە مەچەکی دەستی چەپمەوە و پێی شاگەشکە بووم... شەو لە خەونمدا بوو بەگۆمێکی گەورە و ژمارە و هێڵە ورد ورد و ڕەش ڕەشەکان وەکو سەرەمێکوتە تیایدا مەلەیان دەکرد... میلە سپییەکانی بووبوون بەسێ حاجی لەقلەق و بەدەنووکی درێژیان سەرەمێکوتەکانیان هەڵدەلووشی... ئێمە لەسەر لمی کەمێ داخبووی ئەو قەراغە دانیشتبووین و قاچەکانمان خستبووە تەنکاییەکەیەوە... لێیان ڕادەماین و دەمانکرد بەشڵپوهووڕ... چەند دیمەنێکی سەیر بوو و چۆن لەزەتەکان شوێنە نووستووەکانی هەموو جەستەمانی بەئاگادەهێنایەوە... قاچەکانتم لەو ئاوە هێنانە دەرێ و بەڕەنگی گیای ئەوێ لە سەری پەنجەکانتەوە تا قولاپەپێتم بۆیە کردن... بوون بەدوو قاز و خۆیان هەڵدایە ناو گۆمەکەوە... تا دەهات لە بەرچاومان دووردەکەوتنەوە و بچووکدەبوونەوە... دواجار ئەوەندەی قازی ملوانکەکەتیان لێ مایەوە و وردە وردە لەناو تەمی ئەوسەری گۆمەکە دەتوانەوە... هەر لەوێدا، لە قەراغی ئەو گۆمەدا چرنووکی ئەم دەست و ئەو دەستت لە مەچەکی ڕاست و چەپم گیر کرد و نینۆکەکانت بەسەریاندا بەجێمان، کە لەسەر هەر یەکەیان بەڕەنگی سووری تۆخ تۆخ ژمارەیەکت نووسی بوو... ئای کچە دراوسێ چەند ئازارت پێ گەیاندم، بەڵام دڵنیابە پێیی ئاسوودە بووم... ئەمانە دوو کات«نە»ژمێری سەیر بوون و تەنها من دەمزانی بیانخوێنمەوە... لەجیاتی کات، پەیوەندیی نێوان شتەکانیان پیشاندەدا و دەمتوانی بەهۆیانەوە لە جیاوازی و لەیەکچوونەکانیان تێبگەم... زمانم لە بناغەوە هەڵتەکا و ئەوەندەی دیکە قسەکانم لەگەڵ یاساکانی گراماتیک و لۆژیکەکانی زانستدا کەوتنە

ناکۆکیەوە... ئاخر بیرکردنەوە و باسکردنی ئەوێ، شێوەیەکی تری زمانی دەویست و هەرگیز بەو زمانەی جاران نەدەکرا... چەند بێمانایە و قێزی گوێگرەکانم دەکاتەوە، ئەگەر بڵێم نینۆکەکانی تۆ بەسەر مەچەکەکانمەوە بەجێماون و دوو کات«نە»ژمێریان پێ بەخشیوم... کاتژمێری ناو جامخانەی کانتۆرەکەت هەمیشە ئەو زیندەخەوەیان بیردەخستمەوە و لە خەیاڵەکانمیان نغرۆ دەکردم... لەم شارەی ئێستا «دەڵێن!!» تیایدا دەژیم، پردێک هەیە و شەمەندەفەرێکی بەسەردا تێدەپەڕێ... من هەرچەند لە ئێستگەی پاسەکەی خوارەوە لێی دەڕوانم، شەمەندەفەری سەر کانتۆرەکەتم بیردەکەوێتەوە و خەڵکی ژێر ئەو پردەم لێ دەبێتە بووکەشووشەی ناو جامخانەکەی... پڕ بەدڵ حەزدەکەم لە باوەشیان بگرم و ئەملا و ئەولایان ماچ بکەم... لووتم بخەمە ناو قژی زەردیانەوە و بۆنی قووڵ قووڵیان بکەم... تێر تێر بگریم و فرمێسکەکانم داباڕێنمە سەر شان و ملیانەوە، بەڵام هێشتا من ئەوەم لەبیرە، کە بۆم نییە هەر لەخۆمەوە، بەبێ پرس و ڕا، خەڵکم خۆشبوێت و ڕایانموسم... گوایە چیتر ئەو منداڵە بزێوە نییم، کە بەبێ ترس شتومەکی ماڵەکەتم هەڵدەڕشت و کەس بۆی نەبوو لە سنووری خۆمدا بموەستێنێت... «دەڵێن!!» گەورەبووم و لە ئاستی هەڵسوکەوتەکانمدا لێپرسراوم... لێرە یاسا هەیە و لەسەر کاری ئاوا سزام دەدەن... پۆلیس لە مانای نۆستالۆژیا تێناگات و بەتۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر نامووس، دەمخەنە زیندانەوە... وێنە ڕەزاگرانەکەم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ڕەنگینەکاندا چاپدەکەن و سەدان دێڕی کورت کورت و درێژ درێژ لە بارەی ژیانە بێماناکەمەوە دەنووسن... تۆ بزانە ئەو ژیانە قەڵپەی من تا ساتێ لەمەوبەر هیچ مانایەکی نەبوو و سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا، کەچی ئەوەتا لەپڕ دوای ئەوەی تاوانێکم لە دەست دەرچوو و دڵی یاسام ڕەنجاند، نرخی پەیدا کردووە و بایەخی پێ دەدەن... ئەوان نازانن من منداڵێکی حەوت هەشت ساڵانم و ئەقڵم بەو شتانەدا ناشکێت... ناسنامەکەم دەکەنە بەڵگەی گەورەبوونم و لە تاڵە سپییەکانی لاجانگم مێژوویەکی درێژ دەخوێننەوە، کە من هەرگیز تیایدا نەژیاوم و بێجگە لەو چەند ساڵەی منداڵییم، ئەوانی تر بەهی خۆم نازانم... تا ئێوارە هاوارکەم: من هەر منداڵەکەی جارانم و پێشم خۆشە لە گۆڕی منداڵیمدا بمنێژن، ئەوان گوێم لێ ناگرن و بەدەم بزەیەکەوە پێم دەڵێن: یاسا لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە و دەبێ ملمی بۆ کەچ بکەم... بەڵام «بیلیندا لابرۆسە Belinda Labrosse» ئافرەتێکی ڕۆشەنبیری دانمارکییە و حەزدەکات من هەمیشە باسی منداڵیی خۆمی بۆ بکەم... ئەو دەتوانێ سەرتاپای منداڵیمم بیر بخاتەوە و هەر ئەویش هانی دام ئەم چەند لاپەڕەیە بنووسم... هەموو جارێ باسی ئەو کەسە سەیر سەیرانەی بۆ دەکەم و بەتەمسیل و بەهونەری پانتۆمایم جووڵەکانیان دەخەمە بەرچاوی... بۆ هەندێکیان قاقا لێ دەدات و بۆ هەندێکیان ئاخ هەڵدەکێشێت... دەربارەی هەر ڕووداوێکیش زلوونگەی خۆی هەیە و گفتوگۆیان لەسەر دەکەین... ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە چاکتر دەزانم، کە تۆ چەند میهرەبان بوویت دایکە ڕۆحەکەم... دەزانی خۆشمدەوێی...؟! دەزانی بیرت دەکەم...؟! زۆر... زۆر... زۆر... زۆر... زۆر بیرت دەکەم زۆر...!! لە یادتە هاوینی پار بەرێککەوت لە «مەرجە»ی سوریا تۆم بینی و چۆن وەکو منداڵەکەی ئەوسا خۆم هەڵدایە باوەشتەوە...؟! دە بڕوا بکە تەواویش لام ڕوون نەبوو تۆی... دەترسام ژنێکی نەدی و نەناس بێت و لەناو ئەو بازاڕە تەریقم بکاتەوە... سەدان ماچی ئەو ڕوومەتانەتم



کرد... زۆر گریام وا نییە...؟! بەڵام تۆ لە پێشدا گریایت... کێ باسی مەینەتیەکانی منی بۆ کردبووی و چۆنت دەزانی من کۆستم کەوتووە...؟! چۆنت دەزانی تەنیایی تا بینەقاقام هاتووە و لەگەڵمدا هەنگاو هەنگاو ڕێ دەکات...؟! بەڵام من بۆ تۆ گریام، نەک بۆ خۆم... بڕوابکە بۆ تۆ گریام:

– ئەوە ئەتوو ئی دریتە...؟!

ئی دریمە... ئیدری ئی دریمە... دڵنیابە ئی دریمە... ئاخر بیرم دەکردی... دەمێک بوو نەمدیبووی... وام دەزانی ساڵانی حەفتایە و لە گەڕەکەکەی خۆمانین... کاتێ سواری تاکسیەکە بووین و ویستمان بچین بۆ ئوتێل، شوفێرەکە فێڵی لێ کردین و زۆر زۆر دووری خستینەوە... دەیگێڕاین و شەقام لە دوای شەقامی دەبڕی... پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستی خستبووە سەر ناوچەوانی، گوایە بیر دەکاتەوە لە کوێیە و لە کوێ نییە... ئەگەرچی شوێنەکە زۆر ناسراو بوو و هەموو کەسێ پێی دەزانی... تۆش بەشێوە خۆشەکەی خۆت پێت وت، کە هەندێ لەو شوفێرانە هەر کاتێ ئێمەی بێگانە دەبینن، بەئەمری خوا تووشی فقدان زاکیرە دەبن و ماڵ و گەڕەکی خۆشیان نادۆزنەوە... بەوە باشە هاتن بۆ ئەم وڵاتە ئاسان نییە، ئەگینا سەر ئەو شەقامانە پڕدەبوون لە کەسانی بێهۆش و شێواو... من و «هەتاو خان»ی کچت و «تیشکۆ شەماڵ سائیب» چەند پێکەنین، کەچی تۆ هەر بزەیەکیشت نەهاتێ... «تیشکۆ»ی کوڕی ئەو هونەرمەندە قۆزەی، کە جاران لە گەڕەک بڵاویان کردبۆوە تۆ لەگەڵیدا گۆرانیت وتووە، یەکەمجار بوو دەیبینی، کەچی بەقەدەر دنیا خۆشیویستی... ئەوە کوڕی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بوو، کە خۆشەویستی لە دڵە فراوانەکەی دەڕژایەوە و لە ڕۆژگارە مردووەکاندا بۆ ژیانێکی تازە زیندووترین گۆرانیی دەوت... نازانم ئەویش خراپەیەکی لە دەست دەرچوو، یان نا، بەڵام ڕقمان لێی هەستا و لە ناومان برد... گۆرانییە خۆشەکانیمان لە دڵمان دەرکرد و لەجیاتی ئەوە بوغز و ڕقمان تێکرد... ئەویش بەشێکی منداڵیی منی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵ و تا ماوم ئاخی بۆ هەڵدەکێشم... ئای ئازیزەکانم ئێوە هەر کامێکتان لەپڕ چاوتان ئاوا دەبێت و ئەم دنیایە بەجێدەهێڵن، بەشێکی منداڵیی من لەگەڵ خۆتاندا دەبەن و بۆم ناگەڕێننەوە... ئێوە لەپڕ و بەجارێ دەمرن و منیش بەش بەش... خۆم نامرم، ئێوە بەمەرگی خۆتان لەناوم دەبەن... تۆ سەیرکە ئێمە پیاوێکی چەند جوانمان کوشتووە و هێشتا وازناهێنین... کێ باوەڕی دەکرد دەستمان بچێتە خوێنی «شەماڵ سائیب»ی ناسک و هەموو «هیوا هیوا» و «بەردە بەردە» و «هاتی بۆ هاتی»یە شیرینەکانی لە چاوترووکانێکدا لەناو بەرین...!! تۆ «نەزیرە خان»ی دایکی «تیشکۆ»یش لە زووەوە دەناسیت... تا سەر ئێسقان بەقسە نوقڵیەکانت سەرسامە و هەموویانی لە بیر ماون... بەڕادەیەکیش شێوەتان لە یەکدی دەچێت، خەڵک وادەزانن دووانەن... ئەویش ژنێکی ئێسکسووکە و زۆر شتی لە تۆ دەچێت... ئافرەتێکی ئازایە و لە شەستەکان، لەو سەردەمەی زۆربەی ژنی کورد پەچەیان دەگرتەوە و خوێندن کوفرێکی گەورە بوو، ئەو زانکۆی بەغدای تەواو کردووە و تا ئێستاش دڵی پڕە لە خۆشەویستی... نیوەی کاتی خۆی بۆ مەسەلەی یەکسانیی نێر و مێ تەرخان کردووە، بۆیە بەکەمی دەکەوێتە ماڵ و لە پەنجا تەلەفۆن ئینجا جارێ دەیگرم... پێم دەڵێ ئەو بەرگری لەو پیاوانەش دەکات، کە لە دەرەوە بەدەست ژنەکانیان دەچەوسێنەوە و بەهەڵە لە مافی جیابوونەوە تێگەیشتوون... هەموو جارێ دەپرسێ ئەگەر ئەوان ئەوەندە

بەتەنگ مافی خۆیان و هاوڕەگەزەکانیانەوەن، بۆچی لە کونجی ژوورەوە دانیشتوون و هیچ چالاکیەکیان نییە...؟! بۆ ئەوەی من خراپ لەوە تێنەگەم، دەڵێ ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو هەق بەو ژنانە نادا، کە مێردەکانیان بەناشیرینترین شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن و هەموو هەقێکیان لێ زەوت کردوون... بەسەعات قسە بەیەکەوە دەکەین و هیچ پێی ناخۆش نییە، کە من ئەوەندە لەو جیاوازم و هەموو ڕایەکی پەسەند ناکەم... منیش لەوەدا تەنها گەورەییی ئەو دەبینم و ڕێزی دنیای لێ دەگرم... تا ئێستاش شانازیی بەباوکی منداڵەکانیەوە دەکات و کتێبێکی دەربارەی ژیانی ئەو نووسیوە، ئەگەرچی لە یەکتریش جیا بووبوونەوە... ئەمە یەکێکە لە کارە جوانەکانی ئەم و من جورئەتێکی مەزن و هەستێکی شارستانیانەی تێدا دەبینم، کە بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا وێنەی کەمە... هەرچەند دەڵێ:

– باوکی مناڵەکانمە و ئەبێ ناوەکەی بەرز ڕاگرم.

من تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دێت و فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس دەمێنن... لەناو لەرەکانی دەنگیدا خۆشەویستیی ورد وردی کریستاڵی دەبینم... ئەوسا حەز دەکەم دەستەکانم درێژ بکەم و وەکو پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکانی منداڵیم کۆیان بکەمەوە... ئەو باسی کەسێکم بۆ دەکات، کە من لەوەتەی هەم پێی سەرسامم و خۆشمدەوێ.

«ئی دریتە»کەی دڵم «تیشکۆ» تا ئێستاش قسە خۆشەکانت دەگێڕێتەوە و هەر زوو زوو نوکتەی ئەو پیاوەم بیر دەخاتەوە، کە لە یەکێ لە کەمپەکانی ئەڵمانیا لە ژنەکەی دەدا و تۆ بەتەمسیل بۆت گێڕاینەوە... هەرچی بکەوتایەتە بەردەستی، تێی دەگرت و هاوکات جنێوی ناشیرینی پێ دەدا... ڕۆژێکیان لە کاتی تووڕەبووندا تۆ ئەو پیاوە باغەیەت خستبووە ناو دەستی، کە ئەگەر قورمیشت بکردایە، ماوەیەک بەسەر یەکەوە دەیوت:

– I love you.. I love you خۆشمدەوێی... خۆشمدەوێی.

ئیتر جنێوەکانی ئەم و قسەی پیاوە باغەکە تێکەڵ بەیەکتر بووبوون و دیمەنێکی زۆر کۆمیدییان لێ خولقابوو... کابرا خۆیشی دەستی کردووە بەپێکەنین و لەگەڵ ژنەکەی ئاشتبۆتەوە... ببوورە، کە من نەمزانی وەکو تۆی بگێڕمەوە و لە نرخی بەرزی ئەو نوکتەیە و ئەو مەبەستە جوانەتم کەمکردەوە... هەموو ئەمانە بخەرە لاوە و پێم بڵێ، تۆ خۆت پێکەنی و بەشداریی ئەوانت کرد...؟! باوەڕ ناکەم... کاتێ بۆت گێڕاینەوە، من و «تیشکۆ» پچڕاین و هەناسەبڕکێمان پێ کەوتبوو، کەچی هەر بزەیەکت نەهاتێ... «تیشکۆ» بەئاواتی ئەوەیە جارێکی دیکە بتبینێتەوە و هەمیشە پێم دەڵێ ئەو ژنە وریا و قسەخۆشە چی بوو ناسی... منیش پێی دەڵێم ئەو چی بینیوە... ئینجا تۆ لەبەر کچەزاکانت زۆر نەتدەپەرژا بێیت بەلامانەوە و کاتی زیاترمان بۆ تەرخان بکەیت... چەندم بەلاوە سەیر بوو، کە بووبووی بەنەنک، چونکە من ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم، کە تۆ پیربوویت و من چیتر منداڵەکەی ئەوسا نیم... ئەگەرچی قژە زەردەکەت ئێستاش هەر دەڵێی وەکو جاران بەئاوی ئەستێرە پرشنگدارەکان شۆراوە و لە ڕەونەقی خۆی نەکەوتووە... هەرچەند لە تەلەفۆن گوێم لە دەنگت دەبێ، خۆم بەکوڕە حەوت هەشت ساڵانییەکەی جاران



دەزانم... حەز دەکەم سەرم بخەمە سەر یەکێ لە ڕانەکانت و بیر لەو ڕۆژگارە بەسەرچووە بکەمەوە... ئەگەرچی دەزانم چەند خەفەتهێنەرە و دڵنیام بەرگەی ئەو قورساییە ناگرم.

بەڕاستی «بەگیسی ئی دریتە» کارەکتەرێکی زۆر گونجاوی ڕۆمانە و هەر لەو گەڕەکە فەنتازیەی ئێمە دەهات... کۆمەڵێ شتی دژ، بەڵام جوان لەودا کۆبووبوونەوە وەکو گاڵتە و جددی، زیرەکی و تەمەڵی، شارەزایی و نەشارەزایی... ئەمانە لە هەڵسوکەوتەکانیدا دەردەکەوتن و ژیانی پڕبوو لە موفارەقەی سەیر سەیر... چەند ساڵێکی کەمی لە قوتابخانە خوێندبوو، بەڵام ئەوەندەی کەسێکی ڕۆشەنبیر زانیاریی هەبوو... بەزمانی عەرەبی و کوردی دەینووسی و تورکییشی بەچاکی دەزانی... «ئینشا»ی بۆ دەنووسین و مانای وشەی ئینگلیزیمان هەر لەو دەپرسی... لەپڕ وا دەردەکەوت، کە تازە لە ئەشکەوتەکاندا هاتۆتە دەرێ و هیچ سەر لە ژیانی شارستانیی دەرناکات... هەندێکیش پێیان وابوو ئەو هەڵوێستە کۆمیدیانە ئەنقەستن و دڵی پێیان ئاسوودە دەبێت... ئاخ چۆن ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو، کە لەگەڵ هاوڕێکانم لەناو ماڵ و لە بەردەرگای ماڵی «بەگیسی ئی دریتە»دا یارییمان دەکرد و بەقسە نوقڵیەکانی هەموو شوێنە نووستووەکانی ڕۆحمانی بەئاگا دەهێنایەوە... جار جار دەهات و بەشداریی یاری و قسەکانی دەکردین... وەکو منداڵ قاچەکانی ڕادەکێشا و لەگەڵمان ڕەسمڕەسمێنە و شێروخەتی دەکرد... دەبووە گۆڵچی و خۆی بۆ تۆپەکە هەڵدەدا.

ئێستاش لە بیرمە، کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ «فەریاد»ی کوڕی چووم بۆ ماڵەکەیان، ئەو کردمیە باوەشیەوە و ماچی کردم... پرتەقاڵێکی گەورەی باخەکەی خۆیانی بۆ لێ کردمەوە و دایمێ... من لە شەرما وەرمنەدەگرت... زۆر هەوڵی دا و ڕازیی نەبووم... ئینجا پێی وتم، با لێی وەرگرم و بیکەمەوە بەدرەختەکەوە... من دەمزانی ئەمە فێڵێکە و وام نەکرد، کەچی فێڵێکی دیکەی لێ کردم و لە خشتەی بردم... پێی وتم، کاتێ ئێمەش لە باخی خانووە تازەکەماندا پرتەقاڵمان ڕواند و پێگەیشت، ئەو دێ لەجیاتی دانەیەک، دووان بۆ خۆی لێ دەکاتەوە... دوایی شەرمم لێی شکا و وەکو کەسێکی خۆشەویستی گەڕەک لەگەڵیدا هەڵسوکەوتم دەکرد.

هەموو ئەو دێڕانەی لەسەرەوەش دەربارەی وتراون، بەرەزامەندیی خۆی و «هەتاو خان»ی کچی و «کاک فەریاد» و «کاک نیهاد»ی کوڕیەتی، کە ئەوەتا ماوەیەکی زۆرە لە ئەڵمانیا پەنابەرن و بەردەوام پەیوەندیی بەیەکترەوە دەکەین... دیارە چیرۆکی ژیانی ئەو زۆر لەوە زیاترە و خۆم دەزانم کەی سەرتاپای دەنووسمەوە... پشت بەو دەبەستم و شەڕەکانی خۆم هەڵدەگیرسێنم... دەمەوە بەمنداڵەکەی ئەوسا و بەرگریی لە بەهاکانی ژیانی خۆم دەکەم... بەگژ ئەوانەدا دەچمەوە، کە مەبەستیانە لەبەر گوناهێک، نازانم کەی کردوومە، لەناوم بەرن.

هەرچۆنێ بوو ئەو گەڕەکەش بۆ من جوانیی خۆی هەبوو و وردە وردە خۆشیمدەویست... سەرەتا من هەستم دەکرد ماڵی ئێمە هەموویان بۆ ئەو خانووە تازە و ئەو گەڕەکە تازەیە گوێزاویانەتەوە، بەڵام من هەر لەوێ لە خانووە کۆنەکە و گەڕەکە کۆنەکەدا ماومەتەوە... من لەوێ لە دایک بووبووم و شەش ساڵی تێدا ژیابووم... لە دوو ساڵییی خۆمەوەم بیر بوو تا ئەو ڕۆژەی بارمان کرد... کەس باوەڕی نەدەکرد، کە من دوو

سالّییی خۆمم بیربێت... بەلێ، بەڕاستی بیرم بوو... براکەم دوو سالّ و چەند مانگێ لە من منداڵتر بوو و ڕۆژی لەدایکبوونەکەیم بیر بوو... ئامۆزایەکم لە هەیوانەکەی ئێمەدا دانیشتبوو و من لە بەردەمیا یاریم بەمیزەڵدانێ دەکرد... نەنکم و ئامۆژنەکانم لای دایکم بوون لە ژوورەوە... دواییش بەدیار ئەو منداڵە ساوایەوە دانیشتبووم و دەنک دەنک نۆکی برژاوم کردبووە دەمیەوە... بانگی دایکمم کردبوو و پێم وتبوو:

– ناخوا دایە.

دایکم هەر خێرا نۆکەکانی دەمی دەرهێنابوو و لە مردن ڕزگاری کردبوو... من ئەمەیانم بیرنییە و دایکم زۆر جار بۆی گێڕاومەتەوە... لە بیرمە دوای ئەوە دایکم تووشی نەخۆشیەکی زۆر سەیر بوو و من بەو منداڵیەی خۆمەوە تارماییی مردنم لە ماڵەکەماندا دەبینی... لە ژوورەوە، لە هەیوان، لە ناندینەکە، لە سەر پلەکانی قادرمە، لەسەر دەموچاوی باوکم و خوشکە گەورەکەم... ڕۆژێ ئەو خاڵەم، کە مامۆستای سەرەتایی بوو، هات دایکم و خوشکە گەورەکەم و برا ساواکەم و منی خستە ناو ئۆتۆمۆبیلێک و بردینی بۆ ماڵەکەیان لە گەڕەکی «کۆماری»... باوکم لەسەر قسەی نەنکم گیسکێکی کڕی بوو و پشتێنەکەی خۆی کردبووە ملیەوە... بەیەکێ لە شیشەکانی پەنجەرەکەی بەستەوە، تا دوایی سەریان بڕی و کردیانە خێر... من هەرچەند دەموت لەدایکبوونی براکەمم بیرە، دایکم باوەڕی نەدەکرد، بەڵام کاتێ هەموو ئەو شتانەم پێ دەوت، ئینجا دەیوت:

– ئەتوو فکرت تیژە و زەینیشت گەلەک ڕۆنە...!!

بەلێ دایکە گیان، «بەدریە»کەی ڕۆحم، من بۆ نەگبەتی بیرم تیژ و زەینم ڕوونبوو و شتەکانم لە بیر دەمان... زۆربەی خەونەکانی منداڵیم وەکو خۆی بیرماون و دەتوانم ناوی یەکە بەیەکەی ئەو قوتابیانە بڵێم، کە لە پۆلی یەکەم لەگەڵمدا بوون و دەزانم لە کوێ دادەنیشتن... هەموو وانەکانی «ئەلف و بێی نوێ»م بیرماون و دەزانم هەر یەکەیانم لە کوێی ماڵەکەدا نووسیوەتەوە... دەزانم ئەو ڕۆژە باران بوو، یان هەتاو... دڵمان خۆشبوو، یان ناخۆش...!!

دیمەنی ئەو قەرەجانەم بیرناچێتەوە، کە ماوەیەک لە پشت ماڵەکانی ئێمەدا ڕەشماڵیان هەڵدابوو، لە گەڕەکەکاندا وردەواڵەیان دەفرۆشت و سواڵیان دەکرد... شەوێکیان دز چووبووە سەریان و ئێمە لە سەربانی خۆمانەوە زروکوهووڕیانمان دەبیست... لە خەو هەستاین و خەمناک خەمناک لێیان ڕادەماین... چراکانمان دەدین و کز کز لەناو دەستیان دەسووتان... لە دزەکان دەگەڕان و گوێمان لە قیژەقیژیان بوو... دوای ئەوە بارگە و بارخانەی خۆیان تێکنا و چوون بۆ ئەوپەڕی شار... لەنێوان دوو ڕەشماڵدا دارێکی بەرز دەردەکەوت و سەرەکەی پەڕۆی تێوە پێچرا بوو... لە شەمشەمەکوێرەیەکی زل دەچوو، لەملا و لەولاوە باڵەکانی کردبێتەوە... دەتوت چاوەڕێی تیرهاوێژەکانە بێن و بیکەنە نیشانە... لەمەوە هەموو ڕەشماڵێک شەمشەمەکوێرە و هەموو شەمشەمەکوێرەیەک ڕەشماڵی بیردەخستمەوە و هێندەی دیکە جیاوازی و لەیەکچوونی شتەکان دەبوونە خولیام.

«خازیان» ناوی کچەقەرەجێکی ژیکەڵە بوو و قژی زۆر ڕەشی لەشێوەی پیتی «لا» دەکردە کەزی،



ڕۆژانە بەپشتی پەنجە قاوەییەکانی لەم دەرگا و لەو دەرگای دەدا و بەنانێکی تیری، یان چەند فلسێک خۆشترین گۆرانیی دەچڕی... دەنگی ئێجگار ناسکی «مریەم خانیانە»ی لێ هەڵدەبڕی و سیمای کۆڵانی تەواو دەگۆڕی... لەگەڵیدا دەستەکانی چەند بڵێی جوان دەجووڵاند و خەمناکانە چاوەکانی دەنووقاند... دەینووقاندن و هەر خێرا هەڵیدەهێنانەوە... ئێوارەیەکی پایز، کاتێ خۆری دامێنی ئاسمانە بێگەردەکە لە سەماوەرێکی ئالتوونی دەچوو و وردەتیشکەکانی وەکو دڵۆپەئاو سووک سووک دەتکان، دەتکان و شتەکانی سەر زەوییان ڕەنگدەکرد، ئەو کەروێشکێکی سپیی لە باوەش گرتبوو و بەلایلایە دەیلاواندەوە... بەسەر ئەو توولەڕێگایەی پشت ماڵماندا هەنگاوی کورت کورتی دەنا و بۆ ڕەشماڵە دوورەکانی قەراغ شار دەگەڕایەوە... من ڕۆڤانێکی دڵناسک بووم، بەڵام زمانم لە ئاستی ئەو دیمەنەدا لاڵ بووبوو و هیچم بۆ نەدەوترا... نەدەکرا بانگی دایکم بکەم و پێی بڵێم:

– وەرە بەقوربانت بم لەگەڵ خازە بەو کەروێشکە بمگۆڕەرەوە، با تا ئەبەد سەرم بنووسێنێ بەسنگیەوە و بەگۆرانیەکانی هەموو ڕابردووی خۆمم بیر بەرێتەوە.

حەزم دەکرد هەنگاو هەنگاو بەدوایدا بڕۆم و ئەو ڕێگایە وەکو مافوور قەد بکەم، قەدی بکەم و بۆ هەتاهەتایە لەناو خەیاڵەکانی خۆمدا دایبخەم... پێشتر سەدان کەس بەوێدا ڕۆیشتبوون و نەیانتوانیبوو تۆزقاڵێ جوانیی پێ ببەخشن، کەچی ئەوەتا «خازە» دەیەوێ بەگۆرانییەکانی خۆشترین ناوی لێ بنێت و ئەوەندەی دیکە ژیانی من تێکەڵی خورافە بکات... ئەی کچە قەرەجەکەی، هەر جارێ ڕەشماڵەکەت لە شوێنێکی دوورر دوور دوور لە ئاوەدانی هەڵدەدەیت و هیچ شار و لادێ و وڵاتێکی ئەم دنیایە بەهی خۆت نازانی، تۆ کە سیمای ئەو گەڕەکەی ئێمەت گۆڕی، دە بەنەغمەی یەکێ لە گۆرانییەکانیشت پێم بڵێ، ئەگەر گوم بووم و لێیان پرسیم ماڵەکەمان لە کوێیە، چ وەڵامێکیان بدەمەوە...؟!

نەدەبووایە لەسەر ئەو ڕێگایە بجووڵێم، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێ دوو جار بەیانی و ئێوارە، لە هاتن و گەڕانەوەدا، بەچاوی خۆم بیبینم، بەڵام چی لەو دەنگە دەکەی، کە لەناو سەرمدا دەزرینگایەوە:

– وەرەوە دەی شەوە، دەرێ بەس نییە...؟!

– وا هاتم بابە... وا هاتم.

ڕۆژێکیان «خازیان»م دی دەگریا و فرمێسکی ورد وردی هەڵدەڕشت، کەچی زۆری نەبرد، لە دەرگایەک پێنج فلسیان خستە ناو دەستی و دەنگی زوڵاڵی لێ هەڵبڕی... وشەکان بەفرمێسک تەڕ بووبوون و بەسەر دەموچاوماندا پڕووشەیان دەکرد... ئاوازەکان هەنسکیان هەڵدەدا و سۆزیان دادەباراند... لەمەوە زانیم گریان و گۆرانی چی یەکترن.

ماوەیەکی کەم بەر لەوەی خانووە بچکۆلەکەمان بفرۆشین و لەو گەڕەکە بگوێزینەوە، ئێواران هەر لەسەر ئەو ڕێگایەدا پیاوێکم دەبینی بەجلێکی شڕەوە هەنگاوی سست سستی دەنا... دەستی چەپی لە دواوە دەگرت بەپشتیەوە و ڕاستەی بۆ پێشەوە درێژ دەکرد... سەرەتا وامدەزانی کەڕولاڵە و لە دوای منداڵە ونبووەکەیدا دەگەڕێت... بەئاماژە لە خەڵک دەپرسێ ئاخۆ نەیاندیوە... پاشان بۆم دەرکەوت ئەو نە ژنی

هەیە و نە منداڵ، بەڵکو بەتەنیا لە کەلاوەیەکدا دەژی و سێ ڕۆژ جارێ دەمی بەر نانی ڕەق ناکەوێت... لێی نزیکبوومەوە و جوان سەرنجم لە سیمای دا... مرۆڤێکی نەخۆش لە گیانەڵایە، بەڵام نامرێت و ئەو حاڵەتەی بەڕووخساریەوە دەرکەوتووە، دەبێتە حاڵەتێکی ئەبەدی و تا ماوە لێی نابێتەوە... بەڵێ، ئەو مەرگ دەنوێنێت و ئێمەش بینەری هەمیشەیین... بەمانایەکی دی تۆزقاڵێ لەملایەوە ژیان دەمرێت و قولانجێ لەولایەوە مردن زیندوودەبێتەوە... ئەوەی سەیرە منم، کە نازانم چییم و دەکەومە کوێی ئەو هاوکێشەیەوە... حەیران و سەراسیمە لێی ڕادەمێنم... بەحاڵ درزێک دەخاتە چاوانیەوە، بۆ ئەوەی دیمەنی شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز ببینێت و لەگەڵیاندا بچێتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە... بەدەنگی نزم خۆشترین گۆرانی دەچرێت و لەناو وشە مۆسیقاوییەکانیدا دەمتوێنێتەوە.

مامۆژنی گیان و دڵم تۆ جەستەم دەکەیە لانک و ناخم ڕادەهەژێنیت، کاتێ پێم دەڵێی:

– ئەو پیاوە بەگۆرانی لۆ «منداری»ی خۆی دەگریێ.

ئێوارەیەکی هاوینیشم لە بیرە، کە ژنێک و کوڕە هەرزەکارەکەی بەسواری گوێدرێژێکەوە لە یەکێ لە لادێکانی قەراغ شارەوە هاتبوون و لە نزیک ماڵی ئێمە ڕێک لە پشت شەقامی شەستی، مینێک لەژێر لاقی کەرەکەیاندا تەقیەوە و هەپرون بەهەپروون بوون... قاچەکانی گوێدرێژەکە بەحاڵ دەجوولانەوە و ئێمە هەر لە سەربانی خۆمانەوە دەمانبینی... هەموو ڕۆژێ دوای ئەوەش من دەچوومە سەربان و سەیری ئەوێم دەکرد... چەند مانگ دوای ئەوە لاقەکانی کەرەکە هەر دەجوولانەوە... دیارە ئەمەیان تەنها چاوی خەیاڵی منداڵیی من ئاوای دەبینی و زەحمەت بوو بیرم بچێتەوە.

سەربانی ئێمە بەرز نەبوو، بەڵام ئەوسا شار چۆڵ بوو و دەمتوانی ئاسۆکانی هەرچوار لا ببینم و خەیاڵەکانمیان تیادا بگێڕم... جارێکیان لە دووری دوور دوورەوە چاوی خەیاڵەکانم دوو ئاسکیان بینی، کە بەسەر پەلکەزێڕینەی ئەو بەهارەدا بازبازێنیان دەکرد و خۆیان لە ڕەنگەکانی هەڵدەسووی.

ئێوارەیەکیش هەر چاوی خەیاڵەکانم کچێکی سپیپۆشیان بینی لەودیوی ئاسۆ شینەکەوە هاتە دەرێ و ڕەوەیەک مانگای ڕەشی بەپێش خۆی دابوو، مەبەستم ئەو شوێنەیە، کە من وامدەزانی قەراغی ئاسمان وەکو سەرقاپی مەنجەڵێکی گەورەی خورافی بەسەر لێواری زەویدا دادراوەتەوە و شەوانە ڕۆژ لەوێ دەنوێت... سووک سووک نزیکدەکەوتەوە و دەم نا دەم شەپازللەیەکی سووکی بەپشتی یەکێکیاندا دەکێشا... ئەوە چ ناز و مەکرێکی سەیر بوو لەگەڵ ئەو جووڵەیەیدا دەریدەبڕی و منی منداڵی لەم دنیایە دادەبڕی... شوێنپێی مانگاکان لەسەر ئەو لمە نەرمە چەشنی شووشەی گوڵاو بەجێدەمان و هاوکات ئاوێکی سازگاریان لێ هەڵدەقوڵا... دوای ئەوە چەند چاوەڕێم کرد بگاتە بەردەرگامان و لە نزیکەوە خۆی و مانگاکانی ببینم، کەچی هەر نەدەگەیشت و وەکو خەونێکی کەسنەدیو بۆ هەتاهەتایە سەرسامی نەدەکردم... لە ڕووم نەدەهات بەدایکم بڵێم شەوان جێگایەکی دیکە لە تەنیشت جێگاکەم دابخات، چونکە کچەگاوانێک بەڕێوەیە و لای من سەرخەو دەشکێنێت، بەڵام هەمیشە قۆڵێکم دادەنا و دەمویست سەری بخاتە سەر... مانگاکانیش، کە ئەوەندە خۆیان لە خۆرەکە هەڵسوویە، هەموو گیانیان بۆتە تیشک،



لە بەردەرگاکەماندا پاڵدەکەون و ئەو دەوروبەرە لە جوانترین ڕووناکیدا نوقووم دەکەن... ژنە لادێییەکان بەسەتڵی مسەوە دێن و دەیاندۆشن... ئای لە پاکیی ئەو شیرەی لە گوانی ڕەوەمانگای ئەودیوی ئاسۆ دوورر دوورەکانەوە دێتە خوارێ و بەنێوان ئەو پەنجە ناسکانەدا فوارە دەکات... خاوەنیشیان، کە قژە درێژەکەی بەلێزمەبارانە یەک لە دوای یەکەکان شتووە و بۆنی سەدان گوڵی کێویی لێدێت؛ دوای بڕینی ڕێگایەکی درێژ درێژ درێژ وا لەگەڵ کوڕی ئەو ماڵە چۆتە خەوی قووڵ قووڵەوە.

«جیهانە شێت» ئافرەتێکی نەگبەت بوو و بەسەری تاشراو و پێی پەتیەوە لە کۆڵانان دەسووڕایەوە... ئەو چیرۆکانەی خەڵک لە بارەی ژیانی وی هەڵیانبەستبوون، ترسیان دەخستە دڵمەوە و تەزوویان بەگیانمدا دەهێنا... دەیانوت ئەو ژنە هەر منداڵێکی لە دامێن کەوتۆتە خوارێ، دوای حەفتەیەک کوشتوویەتی و گۆشتەکەی لە شیش داوە... زۆر شەو هەر لەو سەربانەی خۆمانەوە بۆ دووری دوور دوور دەمڕوانی و دەمبینی بەرووتی لەسەر گردێکی زۆر بەرزی وەکو هێلکەشەیتانۆکەی ئێجگار زلدا دەوەستا و ئاسمانە ساف و بێگەردەکەی ماچدەکرد... دەمی پێوەدەنووساند و مژی قووڵ قووڵی لێ دەدا... شیلەیەکی پرتەقاڵیی کەمێ خەست لەنێوان لێوە سوورەکانی و بنکی ئەستێرەیەکی ڕەونەقداردا دەتکا و بەسەر گەردن و مل و سنگیدا دەچۆڕایەوە... لەوێوە بەرەو پەنجەکانی قاچی ڕێچکەی دەبەست و تەزوویێکی سەیر بەناو دەمارە ورد و درشتەکانیدا دەگەڕا... شیلەکە وردە وردە لە کەڵەموست و قولاپەپێییەوە بەرەو لای سنگ و سەریەوە هەڵدەکشا و دوای ماوەیەک تەواوی گیانی دادەپۆشی... لە قاڵبی دەگرت و سیمای دەگۆڕی. ئەمە جەستەیەکی تر بوو و هەستی پێدەکرد... نیمچە ئارامییەکی پێ دەبەخشی و بۆ ماوەیەک هەڵکشان و داکشانەکانی ناخی دەوەستاند... بەڵام کاتێ بیری لە جیاوازیی نێوان خۆی و فریشتەکان دەکردەوە و لەناو خەیاڵەکانیدا لێکیدەدایەوە، گوناهەکانی ناو خەون و ئاگاییەکانی تێکەڵ بەیەکتر دەبوون و هەستی دەکرد ئەو گیانەی بەڕادەیەک پەرێشان بووە، کە لەناو دوو جەستەی جوانیشدا جێگای نابێتەوە و لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر بوونی خۆی لێ دەبووە بەڵا.

ئەو سیستەرە ڕووسییە ڕۆحسووکەم بیر ماوە، کە «ناریّ»ی ناوبوو و پیاوێکی بارزانی لە یەکێتیی شۆرەوییەوە هێنابووی... نۆبەرەکەی لە تەمەنی من بوو... دەرگای ماڵەکەیان دەیروانیە باخەکەی «مام مستەفا» و زۆر جار لەگەڵ دایکم دەچووین بۆ لای... کوردیی وەکو ئێمە دەزانی و هەموو جارێ بەدایکمی دەوت:

– ئەو کوڕەی توو خینی زۆر شیرنە، بەرام گەلەک شەرمنە.

هەر خۆیشی دەیوت:

– ئەمن دەزانم گەورە بی، زۆر بێشەرم دەردەچی... دە بزانە قسەکەی من ڕاستە، یان نا...؟![8]

ئەو ژنە سواڵکەرەم هەرگیز بیرناچێتەوە، کە دەستی ڕاستی شەش پەنجەی پێوەبوو و بەشێوەیەکی زۆر سەیر لە دەرگای ماڵانی دەدا... ئاخ من چەند هەوڵم دا لاسایی بکەمەوە و هەر نەمتوانی...!! مەحاڵ بوو وەکو ئەو تەقەی لێ هەڵستێنم و ئەو ئاوازەی پێ دەرکەم... بەباوەڕی خۆم ئەو ژنە سواڵکەرە شەوان لەسەر

تەختێکی داری کەمێ بەرزی بەزنجیربەستراوی بەردەم سەروپێخانەی سووچی ئەوسەری قەیسەرییە تاریکەکە لەناو پشیلە چلێسەکاندا دەنووست و تا بەیانی لەژێر پەتووێکی تەنکی شڕی ڕەنگبواردوودا هەڵدەلەرزی... بەرمیلەکانی بەرامبەری، کە پڕبوون لە کەللە و ڕیخۆڵەی مەڕ و مانگا و بەبەرزاییی نیو مەتریش لەسەریان کەڵەکەکرابوون، ئەگەر چاوەکانی خێل بکردنایە و لەو نیمچە تاریکییەدا لێی بڕوانینایە، ئەوا ڕێک وەکو دەستەیەک تیرهاوێژی سەردەمە زووەکان دەکەوتنە بەربینایی و دیمەنێکی تابلێیی سەیریان هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو لە سەرما و لە برسا، لە هیلاکی و لە ترسا نەیدەتوانی تەماشایان بکات و لەگەڵیدا بچێتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە... من لەژێر لێفەکەی خۆمەوە دەمبینی و سەرنجم لێی دەدا، کەچی نەمدەتوانی هەڵیستێنم و بەجووتە لەو دیمەنە بڕوانین... بەنهێنی چەند بۆی گریام و بەدزیەوە چەندم فرمێسک بۆی ڕشت، کە نەمدەتوانی چمکی لێفەی خۆمی پێدا بدەم و تۆزێ گەرمی بکەمەوە... من دەڵێم چمکێ، ئەگینا ئامادە بووم تەواوی لێفەکە لەسەر خۆم لابەرم و ئەوی پێ داپۆشم... ئاخ باوکە گیان لە بەرچاومدا هەڵدەلەرزی و دانەچۆقەی پێکەوتبوو، بەڵام دەستەوستان بووم لەوەی بۆ ساتێ گەرماییی پێ ببەخشم و بۆ خۆی چاوترووکانێ بەئاسوودەیی بنوێت.

زستانێکیان دوو شوانی عەرەب ڕانە مەڕێکیان هێنا و لە پشت ماڵی ئێمەیان ڕاگرت... لەژێر ئەو لێزمەبارانەدا دانەچۆقەیان پێ کەوتبوو و ئێمە لە پەنا دیوارەکانەوە سەیرمان دەکردن... مەڕەکان دەزان و بەرخەکان لە سەرما هەڵدەلەرزین... لەناو ئەو گۆمیلکە ئاوانەدا شڵپەشڵپێکیان دەکرد و دوای تاوێ دەخنکان... بەپەنجا فلس دانەیەکیان دەفرۆشت... لەژێر ئەو لێفەیەشم چەند بۆ ئەوان و بۆ مەڕ و بەرخە برسی و سەرمابردەڵەکانیان گریام... یەکە بەیەکە دەمهێنان و خوریە تەڕەکانیانم وشکدەکردنەوە... لە باوەشمم دەگرتن و بەلێفە دامدەپۆشین... دەستم بەپشتیاندا دەهێنا و ئاخم بۆ هەڵدەکێشان... گوێم بەوە نەدەدا، کە سەر دۆشەگەکەمیان پڕ دەکرد لە پشقلی ورد ورد و بەیانی دایک و باوکم لێم تووڕەدەبوون...!![٩]

لەسەر سووچی یەکێ لە کۆڵانەکانی ئەولامانەوە خانووێک هەبوو ئێستاش دەڵێم لە پەشمەک دروست کرابوو، نەک لە خشتی ئاسایی و لە قووڵاییی خەونی بەرەبەیانێکی فێنکی سەرەتای پاییزی منداڵێکی خەوخۆشدا بۆ ئەوێیان ڕاگوێزابووەوە... تەنها چاوەکانی من دەیانتوانی ببیبێن و خەڵکانی ئاسایی هەستیان پێ نەدەکرد... پەنجەرەی یەکێ لە ژوورەکانی بەسەر کۆڵانەکەدا دەکرایەوە و پەردە ڕەشەکەی بەقازی ورد وردی سپی نەخشا بوو... جارێکیان کچی ئەو ماڵە پەنجەرەکەی ئاوەڵا کردبووەوە و هەردوو ئانیشکی خستبووە سەر تاقەکەی... ناولەپە جووتکراوەکانی بۆ گەردنی کردبووە جۆلانە، بەڵام ڕاینەدەهەژاند... ئەوە کاروان بۆچی ڕاینەدەهەژاند...؟! نازانم... بەخوا نازانم... ئەی چاوەکانی بۆ نەدەترووکاند...؟! ئەوەشیان نازانم... وازم لێ بێنە و هیچ پرسیارێکم لێ مەکە... ئەو تەنها مەبەستی ئەوەبوو لەناو خەیاڵەکانی مندا شوێنێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە و تا ماوە وەکو بت لەوێ بمێنێتەوە... دەیویست لەگەڵ بینینی هەموو دیمەنێکی جواندا، ئەوم بیر بکەوێتەوە و بەچپە پێی بڵێم بەقوربانت بم کچە پەشمەکیەکەی ناو جوانترین خانووی زۆر دڵگیری سەر سووچی کۆڵانە ئێجگار خۆشەکەی گەڕەکی چەند



بڵێیی خۆشەویستی منداڵیم هێشتا تۆ جوانتری... لەگەڵ «نازخان»ی پووری دایکم بەلایدا تێدەپەڕین و من تا تەواو دوورکەوتمەوە، ئاوڕم دەدایەوە و لێیی ڕادەمام... لەمەوە زانیم جوانترین خانوو ئەوەیە، کە پەنجەرەی ژوورەکانی بەسەر کۆڵاندا بکرێنەوە و کچی نەشمیل نەشمیل لێیانەوە سەیری دەرەوە بکەن... ئاوا خێرا مەڕۆ پووره ڕۆحەکەم و بەجێم مەهێڵە... لەگەڵ تۆمە پووره دڵەکەم گوێم لێ بگرە: من ناتوانم چیتر هەنگاو بنێم و هاکە زانیت بەدەمدا، یان بەپشتدا کەوتم... پڕبەدڵ حەز دەکەم ئەو ئێوارە زەردەم بۆ بکەی بەکفن و لە بەردەمی ئەو پەنجەرەیەدا بمنێژی... ئەی خەڵکینە ئەگەر دەتانەوێ دنیا پڕی بێت لە خۆشەویستی، تا زووە خانووەکانی خۆتان هەڵوەشێننەوە و لەسەر شێوەی ئەو خانووە فەنتازیە دایانڕێژنەوە... کچەکانتان فێرکەن ئێواران لە پەنجەرەکانەوە بەناز بەناز بڕواننە کوڕانی دەرەوە... لێیان مەترسن و دڵنیا بن هیچیان بەسەر نایەت، چونکە لە ئاستی دیمەنی ئاوادا مەحاڵە هیچ کوڕێ جووڵەی بۆ بکرێت... هەروەکو چۆن من بۆم نەکرا.

لەبیرمە ئێوارەیەک لە دەوروبەری گەڕەکمان بووە تەقە و خەڵک خۆیان لە ماڵەوە حەشار دا... دەرگا و پەنجەرەکانیان داخست و لە کونجی ژوورەکاندا هەڵدەلەرزین... لەپڕ لە دەرگای ئێمە درا و دایکم چوو کردیەوە... پیاوێکی شپرزە، کە هەر دەتوت لە دووتوێی هەقایەتە خورافی و ناو کتێبە مێژووە کۆنەکاندا هاتۆتە دەرێ و بەو ژیانەی ئێمە نامۆیە، هاتە حەوشەکەمانەوە و بەزمانێکی بچڕپچڕ داوای ئاوی کرد... تا دایکم هاتە ژوورەوە و ویستی بەفراوی بۆ بەرێت، ئەو هەر خێرا جامی ئاوی مراویەکانی نا بەسەر دەمی خۆیەوە و لە دەرگا ئاودیو بوو... ئێمە نەمانزانی ئەو پیاوە پێشمەرگە بوو، یان جاش، مەلایی بوو، یان جەلالی، شیوعی بوو، یان کاژیک، پێشکەوتوخواز بوو، یان کۆنەپەرست، بەڵام دیمەنێکی زۆر خەمناکی هەبوو و هەمووومان لە دڵەوە بۆی گریاین... لەمەوە زانیمان کاتێ بمانەوێت فریای مرۆڤێکی تینوو بکەوین، زۆر پرسیار هەن بیرمان دەچێتەوە لێیی بکەین.

ئەو گەڕەکەمان شوێنی ڕووداوی سەیر سەیر بوو و خەڵکەکەیشی بەکولەمەرگی دەژیان... ڕۆژ نەبوو بەچاوی خۆم کارەساتێکی گەورە نەبینم... لە کۆڵانەکەمان پیاوێک شێت بوو و قسە هەلەقومەلەقەکانیم ئێستاش بیر ماون... لەپڕ دەهاتە دەرێ و بەبەرد ڕاوی دەناین... هۆی شێتبوونەکەیان ئاوا دەگێڕایەوە، گوایە شەوێک لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوی دیکە لە ماڵێکدا دانیشتوون و ئاوەڵزاوەکەیشی لەوێ دەبێت... ئەو ئاوەڵزاوایەی پیاوێکی تا بڵێیی بەسام بوو و خەڵکانی دژ بەبیروباوەڕەکەی خۆشیاننەدەویست... سەردەمی شەڕی براکوژیی بوو و شارەکەمان سیمایەکی ترسناکی هەبوو... هەر زوو زوو دەبووە شەڕ و یەک دوانێک گیانیان لە دەست دەدا... دوایی ئەو پیاوە بەسامە لە شۆڕشی تازەدا یەکێ بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و شەهیدیش کرا... ئەو دراوسێیەمان لەو دانیشتنەدا دیبووی و بەرێککەوت چاویان بڕیبووە چاوی یەکترەوە... هاتبووەوە و لە ڕێگا هەڵیبزڕکاندبوو... دەستی لەرزۆکی هەڵبڕیبوو و پڕ بەدەنگی خۆی وتبووی:

– بژی بابی کوردان... بژی مەلا مستەفای بارزان.

ئەوانەی لەگەڵی بوون، ڕایانکردبوو... ئەو پیاوە داماوە لەمەوە شێت بوو و دکتۆری دنیایان پێ کرد...

لە بیرمە هەندێ قەلەموونیان هەبوو، بۆیان فرۆشتن و پارەکەیان بۆ ئەو دەدا بەحەب و دەرزی:

– سەری لە کارەبا دەدەن...!!

بۆ یەکەمجار منی منداڵ ئەم ڕستە ترسناکەم بیست و داچڵەکیم... «وەی خوایە دەبی کوو سەری لە کارەبا بدەن...!!»... لە یەکێ لەو جارانە باوکم و دوو پیاوی تری گەڕەکی لەگەڵدا دەبێت و تاکسیەکیان گرتووە... لەسەر پردی سەیداوە پەڕۆیەکی زەرد لە گیرفانی دێنێتە دەرێ و تا تینی تێدایە هاوار دەکات:

– کێتان دەوێ لە کوردان...؟! مەلا مستەفای بارزان.

خەڵک سەیری پەڕۆ زەردەکەیان کردبوو و گوێیان دابووە ئەو هوتافانە... ئیتر باوکم و برادەرەکانی هەر زەندەقیان چووبوو... لەگەڵ بەیاننامەی یانزدەی ئازار هێمنتربووەوە و ئێمەش وەکو جاران لێی نەدەترساین، بگرە زۆر حەزمان لە قسەکانی دەکرد و بەپەرۆشەوە گوێمان لێی دەگرت... ڕۆژێکیان من و خوشکی گەورەم لە بەردەرگای خۆمان دانیشتبووین و سەیرمان دەکرد، لەپڕ بانگی ژنەکەی کرد و پێی وت:

– وەرە کچێ گێسکی بینە و ئەو هەتاوانەی پێش ئەو دەرکەیەی ڕامارە، بۆن بۆگەنیی لێ دێ و وەختە بڕشێمەوە.

هەر کاتێ من لووتم دەکرد، یان بۆ شتێ وڕکم دەگرت، خوشکم بۆ ئەوەی بمهێنێتە پێکەنین و ئاشتم بکاتەوە، ئەو قسەیەی بیردەخستمەوە، کە میتافۆرێکی جوان بوو و هەستێکی سوریالیانەی لە دڵدا دەخولقاند... ئەگەر بەزمانی ئەدەبی بینووسینەوە، ئاوای لێ دێت: وەرە گوڵم هەتاوی بەردەرگاکە ڕامالە، کە بۆگەنی کردووە و خەریکە بڕشێمەوە.

ئەو پیاوەیش وەکو باوکم زۆر حەزی لە خوێندن بوو و ئەو کوڕەی خۆی کوشتبوو، کە یەکێ بوو لە تەمەڵەکانی گەڕەک و بەپێچەوانەی خوشکە زۆر زیرەکەکانی، بەدوو ساڵ پۆلێکی نەدەبڕی... نا، نا کەس نەدەگەیشتە باوکی من... حەزی ئەو لە خوێندن سنووری نەبوو... تەنانەت لە پشووی زستانانی نیوەی ساڵ و هاوینانی سەری سالانیش ڕازیی نەدەبوو یاریی بکەین، چونکە پێی وابوو لەسەر ئەو حالە ڕادێین و کاتێ قوتابخانەش دەست پێ دەکاتەوە، وازی لێ ناهێنین... منیش وەکو منداڵانی دیکە و بگرە زیاتریش حەزم لە یاریی تۆپتۆپێن بوو... لە پۆلی سێ دەرچووم و دەبووایە باوکم دیاریەکم بۆ بکڕێت... من داوای تۆپم کرد و دوای گریان و مانگرتنێکی زۆر بۆی کڕیم... ئینجا من بەقەدەر تەقینی تۆپەکە لە تەقینی گیانی خۆم دەترسام، بۆیە زۆر ئاگام لێی بوو و نەمدەهێشت بکەوێتە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبیلی سەر شەقامی سی مەتری... کاتێ دووگۆڵیمان پێ دەکرد، هەمیشە دڵم لێی دەدا، نەوەکا لەگەڵ شووتێکی قایم ببێت بەدوو لەتەوە... هەرکە لە گۆڵەکەی ئێمە نزیک دەکەوتەوە، کە ڕێک لە قەراغی شەقامەکە بوو، من هاوارم دەکرد:

– لێی مەدە...!! لێی مەدە...!! گۆلتان لۆ حیساب دەکەین.

دەترسام بکەوێتە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبیلێک و پارچە پارچە بێت، چونکە دەیان تۆپ لە پێش ئەوەی



منەوە تەقیبوون... بەڵام ئەوان لە من تێنەدەگەیشتن و گوێیان لێ نەدەگرتم... دوایی هەر خۆم بەچەقۆ کردم بەدوو لەتی یەکسانەوە و زۆریش بەلای باوکمەوە ئاسایی بوو... دووریش نییە پێی خۆشبووبێت، چونکە بەدوژمنی کتێب و خوێندنی دەزانی... تمەز من ئەوەندە دەترسام، نەمدەتوانی سنووری شتەکان لە یەکتر جیا بکەمەوە... ماڵەکە بۆ من زیاتر لە ئۆردووگایەک دەچوو و دەبووایە وێنەی سەربازێکی تەواو گوێڕایەڵ ئاگام لە ئیلتیزامەکانی خۆم بێت... چ قودرەت بوو وەکو منداڵانی دیکە دوای ڕۆژئاوا دەهاتمەوە، لە بەردەرگا، یان لەسەری کۆڵان بۆم دەوەستا و بەزللە دەیبردمەوە... لە پشت ماڵی ئێمەدا گۆڕەپانێکی گەورە هەبوو و ناوی «مەلعەبی ئیسکان» بوو... خولی تیپە میللییەکانی شار کرابووەوە و ئێواران هەرچی خەڵک هەیە لەوێ کۆدەبوونەوە... من مەراقم بوو یەک جار تا کۆتاییی یاریەکە بتوانم بمێنمەوە... دەبووایە لە نیوەیدا بەجێیبهێڵم و بەتەنیا و بەوپەڕی بێزاریەوە ڕێگای ماڵەوە بگرم... باوکم خۆیشی زۆر حەزی لە بینینی یاریی تۆپی پێ دەکرد و هەمیشە دژی تیپی عێراق بوو... لە بەرامبەر شاشەی ئەو تەلەفزیۆنە دادەنیشت و چاوەڕێی دۆڕانی عێراقی دەکرد... کاتێ یاریکەرێکی عێراقی دەکەوت، دەیوت:

– ئەی ملت بشکێ و ڕاستنەبیەوە.

بەڵام ئەگەر یەکێ لە یاریکەرەکانی دژەکەی، گرنگ نەبوو کێ بێت، بکەوتایە، دەیوت:

– ئەڵلا... ئەڵلا... دەی هەستە هیچ نییە.

ئینجا خۆ ئەگەر تیپی دژی عێراق جلی زەردیان پۆشیبا، ئەوا وەکو شەڕی نێوان پێشمەرگە و دەوڵەت لێی ڕادەما و ئەنجامەکەی بەهەردوو باردا کاریگەریی خۆی دەبوو.

جارێکیان لەو ستادیۆمە دانیشتبووم و بەحەزەوە سەیری یارییەکەم دەکرد، لەپڕ دەستێکی ڕاست توند مەچەکی دەستی چەپی گرتم، ڕاچڵەکیم و سەرم هەڵبڕی... باوکمم بینی و بەڕقەوە لێم ڕادەما... ئۆتۆماتیکی هەستام و بەترسەوە لەگەڵی ڕۆیشتم... چاوەڕێ بووم بەو دەستە قورسەی تێمبکەوێت... هەر زوو بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە لێی پاڕامەوە و پێم وت:

– بابە بەقوربانت بم بەس لێرە لێم مەدە، لە ماڕێ بمکوژە.

ئاخر شەرمم دەکرد لە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە لێدان بخۆم و ڕیسوا بکرێم... ئەو گۆڕەپانە هەزاران منداڵی دیکەی هاوتەمەنی من و بچووکتر و گەورەتری لێبوو و بەتەنها من جیاکرامەوە... ئەوان بەپێچەوانەی منیشەوە لە شوێنی زۆر دوورەوە هاتبوون... باوکم نەیدەتوانی بیرکاتەوە ئاخۆ ئەگەر باوکی هەر هەموویان بەجارێ بێن و بەو شێوەیە منداڵەکانیان بەرنەوە، چی ڕوودەدات... ئەوسا ئەو مەلعەبەی شوێنی خۆشی و یاریە، دەبێتە چی... بەتەنها باوکی من ڕاستە و باوکی ئەوان هەڵە... من بەو بچووکیەی خۆمەوە چ تاوانبارێکی گەورەم و نەمزانیوە... ئاخ چەند بەتوندی مەچەکی گرتووم و هیچیش ناڵێت...!! دەستی چەپم، پایەتەختی هەمیشەییی ڕۆحم، لەلایەن دەستی ڕاستی باوکم، سەرکردەی هێزی گشتیی گیانیەوە، داگیرکراوە و دەبێت ملم کەچ بکەم... بەڵام من هەر بەورياییەوە لە دەستەکەی تری ڕادەمێنم، بۆ ئەوەی کاتێ بەرزدەبێتەوە و بەهێزێکی زۆرەوە ئاڕاستەی ڕوومەت و ناو دەمم دەکرێت، خۆم لادەم و

دەستە ئازادەکەم بکەمە قەڵغان... ئەگەرچی ئەویش ئازاد نییە و وەکو تەواوی جەستەم دیلێکی هیوابڕاوە... لەگەڵیدا بەترسەوە هەنگاو دەنێم و بیرم لە خەونی ماوەیەک لەمەوبەرم دەکەمەوە... بەسەر ڕێگایەکی چۆڵدا دەڕۆیشتم و جەردەیەکم تووش هات... داوای دەستەکانمی کرد و ناچار دامێ... پێی وتم ئیشێکیان پێ دەکات و بۆمیان دەهێنێتەوە... بەدەستی ڕاست دەستی چەپم و بەچەپەی ڕاستەیانمی گرت و ڕۆیشت... کاتێ چەند هەنگاوێکی نا، لەپڕ لای کردەوە و بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێی وتم:

– وەختەک لۆتیان دەینمەوە، ئەتوو گەورە بووی... ئەگەر بشتدەمەوە، ناتەوێتنەوە، چونکە وەکی کەنغەرت لێدێ.

دەگریام و دەنگم دەرنەدەچوو... کاتێکم زانی باوکم هات و لێیانی سەندەوە... بۆمی هێنانەوە و دەیویست بیانخاتەوە شوێنی خۆیان... نەدەکرا و لە داخا بۆم دەگریا... جێگۆڕکێی بەشوێنەکانیان دەکرد و هەر سوودی نەبوو... جەردەکەیش لەولاوە لێمان ڕادەما و قاقای لێ دەدا... پەنجەکانم بووبوون بەچەند ماسییەکی ورد و بەحاڵ دەمیان دەکردەوە... بەزەحمەت هەناسەیان دەدا و بەئاستەم گیانیان تێدا مابوو... بەباوکم وت خێرا بیانخاتە ئاوێکەوە تا نەخنکاون... ئەو لەو چۆڵەوانییە ڕایدەکرد و دەیویست گۆمێ بدۆزێتەوە... جار جار ئاوڕی بۆ من دەدایەوە و بەدەم گریانێکی باوکانەوە پێی دەوتم:

– ئاوی لێ نییە... ئاوی لێ نییە... لە بەختی مە، هەموو دنیا بوویتە بیابان.

– بەقوربانت بم بابە زووبە ئەو ماسیانەی دەستەکانم بگەینە گۆمەکی، با نەخنکێن.

– هەموو دنیا بوویتە بیابان... هەموو دنیا بوویتە بیابان... ئاو قات بووە.

کاتێ خەبەرم بووەوە، زۆر ترسام و خۆم لەژێر لێفەکەمدا گرمۆڵە کرد... هێشتا نەدەچووە ئەقڵمەوە دەستەکانم بەجەستەمەوە مابن... چۆن خۆم دڵنیا بکەم...؟! ئەو جەردەیە چی بوو لێم پەیدابوو...؟! ئەو خەونە چی بوو من دیم...؟! لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر دەستەکانم خۆشدەویستن و بەزەییم بەپەنجەکانمدا دەهاتەوە... دڵم نەدەهات بۆ دایکم و باوکمی بگێڕمەوە، چونکە خەفەتیان دەخوارد و دوور نەبوو بگرین... پێیان دەوتم نەچم بۆ دەرەوە، نەوەکا شتێکم بەسەر بێت... من حەزم لە ماڵەوە نەبوو و دەمویست لەگەڵ هاوڕێکانم یاریی بکەم... بەڵام باوکم بانگی دەکردمەوە و لە ژوورەوەی دەنام... یان وەکو ئەو جارەی ستادیۆمەکە دەهات بەشوێنمدا و دەیبردمەوە... چەند بەتوندی دەستی گرتووم و چۆن ناوچەوانی گرژکردووە...!! دیلێکی دەستەپاچەم و لەگەڵیدا لەسەر ڕێتمی هەنگاوە توورەکانی ئەو، هەنگاوی ترساو و زارەترەک دەنێم... بیر لەوە دەکەمەوە، کە من هەمیشە بەشی چەپی گیانم لە هی ڕاستم گوناحتر و چەوساوەترە و لەو زیاتر ئازاری پێ دەگات، چونکە باوکم ڕاستلەرە و دەستی ڕاست و قاچی ڕاستی زیاتر بەکاردەهێنێت... ئەوانیش بەئاسانی ئاڕاستەی لای چەپم دەکرێن و دەتوانن چاکتر زەبر بوەشێنن... هەر بەم پێیەش بەشی چەپی جەستەی ئەو هێمنترە و کەمتر ئازار بەلای ڕاستم دەگەیەنێت... بەشی چەپی من و بەشی ڕاستی ئەو چی یەکترن...؟! لای ڕاستم و لای چەپی ئەو دەبنە چی یەک...؟! چاوی چەپی چۆن لە لای ڕاستم دەڕوانێ و هی ڕاستی بەچ شێوەیەک بەشی چەپم دەبینێت...؟! ئەی



چاوەکانی من چۆن ئەملا و ئەولای ئەو لە یەکتر جیادەکەنەوە...؟! گوێچکەی چەپ و هی ڕاستی چۆن دەنگی من دەبیستن...؟! گوێچکەکانم بەچ شێوەیەک لای خۆیان جێگا بۆ دەنگی ئەو دەکەنەوە...؟! چی بوون ئەو شتە بێسەروبەرانە هەمیشە بەخەیاڵمدا دەهاتن و دەمویست لێیان تێبگەم...؟! زەحمەت بوو... زۆر زەحمەت بوو هیچ شتێکم بۆ دەرکەوێت... وای ئەو جارە لە یاریگاکەوە تا ماڵەوە پەنجەکانی دەستی ڕاستی چەند بەقایم مەچەکی چەپیان شەتەک دابووم...!! لە کۆڵان خەڵک سەیریان دەکردین و چاوەڕێ بوون وەکو زۆر جاری دیکە بەبەر شەق و زللەم بدات... هەندێکیان پێیان خۆشبوو و هەندێکیشیان بەزەییان پیامدا دەهاتەوە... کوڕەکانی ئەوانیش لە ستادیۆمەکە بوون و دوای ئێوارە دەهاتنەوە... بەڕووی خۆشەوە دەرگایان لێ دەکردنەوە و چێشتەکانیان دەخستە بەردەمیان... کچێکی دراوسێمان، کە بەرێگا تایبەتیە منداڵییەکەی خۆمان یەکترمان خۆشدەویست و دەیان جار گوڵی باخچەکەمانم پێشکەش بەخۆی و بەخوشکە گەورەکەی کردبوو، بەشەرمەوە لێی دەڕوانیم و لە دەموچاویدا زۆر شتم دەخوێندەوە... گەیشتینەوە ماڵ و من چاوەڕێ بووم بەڕاستی بمکوژێت، بەڵام بەرەڵلای کردم و هیچی نەوت... من چونکە نەدەچووە ئەقڵمەوە ئاوا بەئاسانی وازم لێ بهێنێت، بۆیە نەمدەتوانی لە شوێنی خۆم بجووڵێم... بەرامبەر بەدەستەڵاتی باوکم هیچ پەرچەکردارێکم نەبوو و هەمیشە ملکەچانە بۆی دەوەستام... دوو کوڕی زۆر چوختی لە خانووە کۆنەکە دراوسێمان بوون، هەر کاتێ باوکیان لێیی دەدان، ئەوان بوختانێکیان بۆی هەڵدەبەست و لە گەڕەکدا بڵاویان دەکردەوە... ئیتر وای لێهاتبوو باوکیان لەسەر کاری زۆر خراپیش تێیهەڵنەدەدان و چەند بلێیی بەپارێزیشەوە ئامۆژگاریی دەکردن... جارێکیان ماڵێکی دراوسێمان کاتژمێرێکی دەستییان لێ ونبوو... زۆر بۆی گەڕان و نەیاندۆزیەوە... وا ڕێککەوت چەند ڕۆژێ دواتر، ئەو کوڕانە لە کۆڵان بەدەستی باوکیان دارکاریی کران... گەورەکەیان بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێی وت:

– بیهێنە دەرێ... بیهێنە دەرێ... سەعاتی مارێ «مام...»ی بینە دەرێ.

باوکی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و دەمی بووە تەڵەی تەقیو... بچووکەکەیان قاقایەکی لێ دا و وتی:

– چ بینتە دەرێ هەی غەشیم، بردی لە دەرارخانەی فرۆشتی و پارەکەی هاویشتە بەرکی.

من هەرگیز کاری ئاوام دەرهەق باوکم نەدەکرد و ئەمیش چاک ئەو ڕاستیەی دەزانی... من هەمیشە شەرمم بەوە بوو، کە هاوڕێکانم بزانن باوکم لێم دەدا... هەرگیز بەلای باسی ئەو شتانەدا نەدەچووم، بگرە لە قوتابخانە بەشێوەیەک ماڵی خۆمانم وەسف دەکرد وەکو ئەوەی حەزم لێی بوو، نەک وەکو ئەوەی دەبینرا... چیرۆکی سەیر سەیرم لای هاوڕێکانی قوتابخانەم هەڵدەبەست... ئەگەر ئەو ماڵەی من لە خەیاڵمدا کێشابووم و بۆ هاوڕێیانی قوتابخانەم باسدەکرد، لەگەڵ ڕاستەقینەکەدا بەراوردت بکردایە، دوو شتی تەواو جیاواز بوون... بەخێوکردنی باڵندە لە واقیعدا قەدەغە بوو، کە من حەزی دنیام لێ دەکرد، بەڵام لەو ماڵە یۆتۆپیایەی خۆمدا هەموو جۆرە باڵندەیەک هەبوو و ئەوان بەئاوات بوون وەکو من بژیانایە، یان یەک جار بیانبینیایە... هەندێ جۆری باڵندەم خەڵق کردبوو، کە بەراستی سەیر بوون و زەحمەت بوو لە سرووشتدا هی ئاوا هەبووبێت، کەچی زۆربەی هاوڕێکانم بەتەما کردبوو بێچووەکانیان بۆ بێنم و بۆ خۆیان بەخێویان بکەن... لە ماڵە کۆنەکەدا چەند جارێ مریشک و مراویمان بەخێو کردبوو، بەڵام لەو ماڵە

تازەیەدا، قەدەغە کرابوو... هەر جارێکیش دەمهێنانەوە، دەبووە فەرتەنە و دەبووایە خێرا لە ماڵەکەیان ببەمە دەرێ... لە بیرمە جارێکیان لە خانووە کۆنەکە باوکم کەروێشکێکی بۆ هێنابووم و زۆرم خۆشدەویست... بەڵام ئەو جارە لەگەڵ دایکم چووین بۆماڵی نەنکم و کەروێشکەکەمان لە ماڵەوە بەجێهێشت... جا چونکە مانگی تەمووز بوو و دنیا چەند بڵێی گەرم بوو، زۆر تینووی بووبوو و بۆ خۆی خنکا... زەحمەتە لاشەکەیمان بیربچێتەوە، کە لە بەر بەلووعەکە کەوتبوو... لەوێ تکەتکی ئاوەکە شوێنێکی چاڵکردبوو و هەمیشە لە کانیەکی بچکۆلە دەچوو، ئەو هەر لەوێ ئاوی دەخواردەوە، کەچی ئەو ڕۆژە لە بەختی ئەم و هی من لە بەرتینی هەتاوی گەرمی تەمووزی ساڵی «٦٨»دا وشکی کردبوو و خنکابوو...[١٠]

هەندێ مراوییشمان هەبوو و ڕۆژانە لەگەڵ سەدان مراویی دیکە لەو گۆمەی پشت ماڵمان مەلەیان دەکرد... لە خۆشییان بەیانییان زوو هەڵدەستام و دەمبردنە کۆڵان... فێری لاساییکردنەوەی دەنگیان بووبووم و خەڵکی گەڕەکم پێ سەرسام دەکردن... ئەوەندە لەگەڵیان ژیابووم و سەرنجم لە هەڵسوکەوتیان دابوو، شارەزاییەکی سەیرم لە نهێنیەکانیان پەیدا کردبوو... هەر جووڵەیەکیان دەکرد، دەمزانی دوای ئەوە چی تریش دەکەن... بەهاوین سەری مراوی بخەرە ژێر لەقە و بیپلیشێنەرەوە، بەڵام پێی مەڵێ مەلە بکات، چونکە بەگەرما ڕقی دنیای لەناو ئاوە و پێی قارس دەبێت... هەر ئەوسا بۆم دەرکەوت ئەگەر دوو باڵندە شەڕ بکەن و یەکێکیان ببەزێت، ئەوا ئەو بەزینە ئێجگارەکیە و بەزیو تا ماوە ملکەچی براوە دەبێت، بەڵام لە مراویدا جیاوازە... ئەوەی ئەمڕۆ زاڵە، بەیانی ملکەچە... دۆڕاو و براوە شوێنی جێگیریان نییە... کام کۆترەی زۆر شەڕانی و دەندووکوەشێنە، ئەگەر بیبەیتە ناو کولانەی دەستەپاچەترینیان، ناجەنگێت و بەپەلەپڕووزێ دێتە دەرێ.

ئەو پشت ماڵەی ئێمە پڕیبوو لە قەل و مریشک و مراوی و هەموویانم دەناسی... دەمزانی هەر یەکەیان هی کێیە... هەر زوو زوو کۆمەڵێکی ئەوبەرم دەهێنا و لەگەڵ ئەوانەی لای خۆمان دەمکردن بەگژ یەکدا... لەزەتێکی زۆرم لە تەماشاکردنیان دەبینی... بەدەنووک و چڕنووک پۆپنەی یەکتریان لە خوێندا سووردەکرد و لە بەرتیشکی هەتاودا بەشێوەیەکی سەیر دەبریسکانەوە... لە کاتی پێکدادانەکاندا سرووشتی خۆیان وندەکرد و سیمایان تەواو دەگۆڕا... ئەو دەنگانەی لەو کاتەدا لە قوڕگیان بەرزدەبووەوە، هەرگیز کاتی تەبایی بەخۆیانەوە نەدیبوو... هەر باڵندەیەک لەسەر خاکی خۆی دووربکەوتایەتەوە و لەسەر خاکی ئەویتردا شەڕی بکردایە، گومانی تێدا نەبوو دەبەزی... لە پێشدا کەمێ بەرگریی لە خۆی دەکرد، بەڵام هەر زوو کۆڵی دەدا... ئێوارەی بەهارێک مریشکێکی جانانە لە کۆڵانی ماڵی «نازیلە ئینگلیز» ئەو لۆژیکەی بەدرۆ خستەوە... دوای ئەوەی وەکو بووک حەفتەی چوو، «پوورە سەفیە باداوەیی»ی خاوەنی بەڕەڵلای دەرێی کرد... ملی هەڵبڕی و بەکەشوفشەوە لەملا و لەولای خۆی ڕوانی... دەزانم بۆ مریشک ناز و مەکر دەوترێت نەک کەشوفش، بەڵام ئەوەیان شازە و هەر بۆیە چیرۆکی ژیانیشی لە هاوتوخمەکانی جوودایە... کەڵەشێرێک لە دوورەوە بینی و هەر خێرا بۆی هات... برووسکەئاسا بەلای ئێمەدا تێپەڕی و هەناسەکانی لە شێوەی دەنگی ئەو کزە بایەی پایزان دەخزایە گوێچکەمانەوە، کاتێ لەپڕ خۆی دەکات بەناو لقوپۆپی



درەختەکاندا و گەڵاکانیان دەلەرێنێتەوە... ئەمەیە سیفاتی کەڵەشێری ئازا و چاپووک... وەختێ مریشکێکی تازە دێتە گەڕەک، گرنگ نییە بارۆکە بێت یان سەرەمر، جوان بێت یاخود ناشیرین، پێویستە دەمودەست هەموو مریشکەکانی خۆی بەجێبهێڵێت و بەتووڕەیی هێرشی بۆ بەرێت... ئەویش دوو ڕێگای لە بەردەمدایە و ئەنجامیشیان هەر یەکێکە... یان ڕادەکات و ئەو دوای دەکەوێت، تا لە پەنایەکدا دەیگرێت و بەسەریدا دەتسێت... یاخود بێقرە هەڵدەنیشێت و بەئاسانی خۆی بەدەستەوە دەدات... بەڵام وا ئەم شابەندەرە ڕێگای سێیەمیان هەڵبژارد... قاچەکانی لەسەر زەوی قایم کردووە و ئامادەیە بەرەنگاری بێتەوە... ئێستا کەڵەشێرەکە لە باوەشمدایە... ڕاستە پیربووە، بەڵام ئەقڵی لە دەست نەداوە... با لە زمانی خۆیەوە ڕووداوەکە ببیستین:

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە من توانای نووسینم نییە، ئەگینا ژیانم پڕیەتی لە بەسەرهاتی سەیر سەیر و هەموویان لە کتێبێکدا تۆمار دەکەم... هیچ لە تەکنیکی چیرۆکیش نازانم، بۆیە پەنا بۆ گێڕانەوەی ئاسایی دەبەم... دڵنیاشم ئەو شێوازە باوی نەماوە و حەزتان لێی نییە... بەهەرحاڵ با درێژەی پێ نەدەم، نەوەکا هاوڕێ کۆنەکانم گوێیان لێم بێت و پێم بڵێن من بەپیریش واز لە زۆربڵێیی و درێژداڕیی ناهێنم... ئەم ڕستەیەی دواییم دەرگایەکی باشی بۆ کردمەوە، تا دەسپێکێکی چاک بۆ ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیەم دامەزرێنم... ئاخر کاتێ ئەو مریشکە جانانەیە لەپڕ کەوتە بەربینابیم، من فشەم بۆ ئەوانەی خۆم دەکرد... دەمەوێ ئەوە بزانن، کەڵەباب بۆ ئەوەی هەیبەتی نەشکێت و مامر بەچاوی ڕێزەوە لێی بڕوانن، دەبێت بەردەوام چیرۆکی سەرنجڕاکێش بۆ خۆی هەڵبەستێت و لێزانانەیش بیانگێڕێتەوە... دیارە لێرەدا دەنگیش ڕۆڵی خۆی دەبینێت... ئەوەی قوڕگی نێرانەی نەبێت، چەندیش سەربردەی گرنگ هەڵبەستێت، کەس گوێی لێ ناگرێت... ئێستا چیرۆکی ئەو ڕۆژەی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام نابێت بەبێ پرسی من بۆ منداڵان بکرێتە فیلمی کارتۆن:

جارێکیان قاچیان بەزنجیر بەستمەوە و فاقەیان لە دەندووکم دا... لەگەڵ دوو کەڵەشێری زۆر شەڕانی خستمیانە قەفەزێکی گەورەوە... مریشکی دنیا لەودیوی تەلەکانەوە لێمان ڕادەمان و چاوەڕێ بوون، ئاخۆ من دەبەزم یان ئەوان... بێجگە لە «مام مەردان»ی خاوەنم، ئەوانی دیکە تێکڕا لەو باوەڕەدا بوون من بەزیندوویی نایەمە دەرەوە... ناهەقیشیان نەبوو... ئاخر بەچی شەڕم بکردایە...؟! زنجیری پۆڵایین قاچەکانمی توند توند شەتەکداوە و ئەو فاقە ئاسنە ناهێڵێت دەندووکم هەڵبێنمەوە... ئەوان نەیاندەزانی باوکم چاوی دەیان گای دەرهێناوە و سەدان ماری گەورە لەژێر چڕنووکە بەهێزەکانیدا لەتوکوت بوون... چۆتە سەر ڕێی کاروانچییەکان و دەستی بەسەر دانەوێڵەکانیاندا گرتووە... هەر لەو ڕۆژەی سەرم لە هێلکە جووقاوە، لەسەر شەڕ ڕایهێناوم و فێڵی سەیر سەیری فێر کردووم... دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو هێلکەیە هی مریشکێک بووە، کە بێجگە لە باوکم هیچ کەڵەشێرێ نەیوێراوە بڕوانێتە چاوانیەوە... بەڵێ، من ڕۆڵەی ئەو دایک و باوکەم... خۆشم بەردەوام تەکنیکی دیکەم دادەهێنا و ڕۆژ بەڕۆژ کەڵەشێری گەڕەکمانم دەبەزاند... ئینجا بەهی شوێنانی دیکەدا هاتم و چاوی کەڵەبابی هەموو شارم شکاند... دواجار باوکم پێی وتم لەگەڵی بێمە مەیدانەوە... خۆرهەڵاتێ بەرەنگاری یەکدی بووینەوە و بەچڕنووک و

بەدەندووک وەرگەڕاینە گیانی یەکترەوە... جەستەمان خوێنی لێ دەچۆڕایەوە و بەملا و بەولادا دەیپڕووشاند... هەندێ جار لەنێوان ئەو جۆگەلە خوێنانەی لە ملی خۆم و هی باوکمەوە فیچقەیان دەکرد، دیمەنی شتەکانم لێ دەگۆڕان و بەشێوەی زۆر جیاواز دەمبینین... دایک و خوشکەکانم دەموچاویان دەڕنیەوە و سنگیان دەکوتا... لێمان دەپاڕانەوە بوەستین... خۆرئاوا باوکم هێزی لێ بڕا و لرخەلرخی قوڕگی لە دوورەوە دەبیسترا... بەحاڵ تارماییی خاوەنەکەمانم دەدی، چەقۆی بەملی باوکمدا هێنا و ژنەکەی خستیە ناو تەشتێکەوە... لەمەوە چاوم بەرایی نەدا و شاری خۆمانم بەجێهێشت... هاتمە ئەم شارە و ئەوەتا دەبینن هیچ کەڵەشێرێ لەمسەر بۆ ئەوسەر ناوێرن لێم نزیکببنەوە... ئینجا ئەو ڕۆژەیش لەناو ئەو قەفەزە لەگەڵ دوو کەڵەشێرە شەڕانییەکە بەهەمان جورئەتەوە تێهەڵچووم... سنگم لە زەوی جووتدەکرد و لەپڕ وەکو ئیسپرینگ بەرزدەبوومەوە... لەملا و لەولاوە باڵە بەهێزەکانم پێدا دەکێشان و بەو تەلە ڕەقانەمدا دەدان... جارێک و دووان و دە، هەتا تەواو لە جووڵەم خستن... ئینجا گرەو لەسەر پارەیەکی ئێجگار زۆر بوو و توانیم کۆشکی گەورە و ماڵی باش بۆ خاوەنی خۆم بەدەست بهێنم... دوایی نەمویست...

هێشتا کۆتاییم بەچیرۆکم نەهێنابوو، کاتێ ئەو مریشکە جنجرە منجرە لەو ماڵەی سەری کۆڵان هاتە دەرێ... پڵنگ چۆن شاڵاو بۆ نێچری بێدەسەڵات دەبات، ئاوا شاڵاوم برد، بەڵام نایشارمەوە هەرکە نەجووڵا و بەغەزەبەوە چاوەڕێی گەیشتنمی کرد، دڵم داچڵەکی و هەنگاوەکانم خاو بوونەوە... بەسەر خۆمم نەهێنا و تینم خستەوە بەر قاچەکانم... ئاخر بێجگە لە مریشکەکانم، خەڵکی کۆڵانیش لەملا و لەولاوە چاوەڕێ بوون ئەنجامەکەی ببینن... هیوام دەخواست بەردی یەکێ لەو منداڵە هاروهاجانە بەر دڵم بکەوێت و نەگەمە لای... یان دیوارێکی پەڕپووت بەسەرمدا هەرەس بێنێت و ئاسەوارم نەهێڵێت... تۆ بڵێ گوللەی وێڵ کوناودەرم بکات و کۆتایی بەو ژیانەم بێنێت، کە ئێستا نا ساتێکی تر مریشکێکی لە ئۆمەت نەچوو مانای تێدا ناهێڵێت... ئەو خەیاڵانە و لە هێرشی بێهوودەی خۆشم بەردەوامم... گەیشتمە بەردەمی و نەمویست وای پیشاندەم، کە حیسابێکی جیا لە مریشکی دیکەم بۆی کردووە... بگرە هەوڵم دا خۆم لەوە گێل بکەم، کە ئەو هیچ نارەزاییەک بەسیمایەوە دیارە... بەترسێکی شاراوەی زۆرەوە بەرزبوومەوە، گوایە دەمەوێت بچمە سەر پشتی و سنگی بنووسێنم بەزەوییەوە، بەڵام داخی گرانم وا نەکەوتەوە... هاوکات ئەویش بۆم بڵند بوو و بەچڕنووک تێیهەڵدام... گوێم لە دەنگی قاقای دانیشتوانی کۆڵان بوو و هێندەی دی گیانم داهێزرا... ئەگەرچی زیاتر توانای ئەوم بۆ دەرکەوت و تەواو لە دڵمدا چەسپی دەرەقەتی نایەم، بەڵام هێشتا ویستم بەچاوی کەمبایەخەوە لێی بڕوانم... هەستامەوە و هەمان جووڵەی پێشووم دووبارە کردەوە، لەگەڵیا قیقەیەکم لە قوڕگم دەرپەڕاند... بەڵام چونکە ترس هەموو گیانمی تەنیبوو، ئەو دەنگە ئەوەندە بەکزی دەرچوو، لە شێوەی پاڕانەوەوە کەوتە بەر گوێچکەی خۆشم، چجای هی ئەم و خەڵکی گەڕەک... لەمەوە ئەژنۆم شکا و نەمتوانی یەک چڕنووکی دیکە بوەشێنم... پشتم تێکرد و بەناو کۆڵاندا هەڵاتم... پێی نەگیرام و خۆم گەیاندەوە لای مریشکەکانم... منداڵان لە هەموو لایەکەوە هووهایان دەکێشا و ژنان و پیاوان قاقایان لێ دەدا... مریشکەکان مەکربازانە پێیان دەوتم:

– گوێیان مەدەرێ، چیرۆکەکەتمان بۆ تەواو بکە.



عەیارترینیان چاوەکانی دەنووقاند و دەیوت:

– چیرۆکی چی کچێ ئێوەش...!! ئەوە ڕاستیە ڕاستی...!!

لەمەوە وەکو ئەوان هەڵسوکەوتم دەکرد... نەمدەقووقاند... باڵەکانم لێکنەدەدان... هەقایەتیشم نەدەگێڕایەوە... هەقم بەسەر هیچ شتێکدا نەبوو... ئێستا «کاروان» تۆ باسی قەلە زەردە نێرەکەی پشت ماڵی خۆتانمان بۆ بکە:

ئەوە هی ژنێکی کۆڵانی ئەوبەرمان بوو، کە ناوی «فاتمە ڕەوەند» بوو و دایکی کوڕێکی برادەری منداڵیم بوو... ئەو قەلە دوو ئەوەندەی قەلی ئاسایی بوو و بەهەموو قەلەکانی دیکە دەوێرا... هەر کچانی بدیایە، پەلاماری دەدان و بەباڵە بەهێزەکانی و دەنووکە تیژەکەی تێیاندەکەوت... ئیتر لە ترسا دەیانکرد بەزرووکە زرووک و ڕەنگیان بەبەرەوە نەدەما... ئێمەش حەزمان لەو بەزمە بوو و چەپڵەمان بۆ قەلەکە لێ دەدا... کەچی لەگەڵ کوڕان وانەبوو و شاڵاوی بۆ نەدەهێنایین... «پوورە فاتمە ڕەوەند»ی خاوەنی دەیوت، بۆیە ئاوا ڕاوی کچان دەنێ، چونکە جلی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر دایە و پێیان سەغڵەت دەبێت.

ئێوارەیەکیان دایکم کنگری زەرد دەکرد و مەنجەڵێ ئاوی گەرمی بەدەستەوە بوو، لەو کاتەدا مراویەکانمان هاتنەوە، دایکم هۆشی لای خۆی نەبوو، مەنجەڵە ئاوە زۆر گەرمەکەی ڕۆکردە سەر ئەو کۆنکرێتەی ژێر قاچیان و پێی وتن:

– بیخۆنەوە لۆ خۆتان بەقوربان... دەی بیخۆنەوە.

هەر هەموویان قاچیان سووتا و کەوتن... نەیاندەتوانی بڕۆن و چەند ڕۆژێ بەمەرەکەب و بەدەرمانێکی سوور بۆی تیمار دەکردن... بۆیان دەگریا و فرمێسکی هەڵدەڕشت... ئیتر لەمەوە هەر بەجارێ وازی لە بەخێوکردنی پەلەوەر هێنا... جارێکیان لە خانووە تازەکە جووتێ کۆترم لە کوڕێکی دراوسێمان وەرگرت و لە حەوشە بەخێوم دەکردن... ڕۆژێکیان زۆریان لێ کردم بیانفەوتێنم... ئەوەندەم پێ ناخۆش بوو، حەفتەیەک بۆیان گریام... قاقەزێکم هێنا و باسی ئەوەم کرد، کاتێ گەورە دەبم و دەبمە خاوەنی ماڵی خۆم، چۆن پڕی دەکەم لە باڵندەی جۆراوجۆر و لەگەڵ ژنەکەم بەجوانترین شێوە بەخێویان دەکەین... ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو، ئەوەندەی باسی جیابوونەوەم کردبوو، نیو ئەوەندە بەلای باسی بەخێوکردنی باڵندەدا نەچووبووم... ئەمەیان خەتای دایکم بوو، بەڵام باوکیشم بەدڵی بوو، چونکە تەنها لەگەڵ خوێندن و قوتابخانەدا بوو... دەیویست من زیرەکترین قوتابیی قوتابخانە و هی گەڕەک بم، بەڵام هەرگیز ئەو ئاواتەی نەدەهاتە دی... من ساڵ بەساڵ خراپتر دەبووم و نمرەکانم دادەبەزین... تا دەهات پتر ڕقم لە قوتابخانە هەڵدەستا و زیاتر بەدوژمنی خۆمم دەزانی... مامەڵەی هەندێ لە مامۆستاکانم بەدڵ نەبوو و خۆشمنەدەویستن... شێوەی وانەوتنەوەکانیان پەستیان دەکردم و ڕۆژ بەڕۆژ لە کتێبەکانیان دووردەخستمەوە... جارێکیان مامۆستای عەرەبی لە پۆلی چوار سێ جار تەختەرەشەکەی بەباسی پشیلە پڕکردەوە، دەبووایە ئێمەش لەسەر دەفتەرەکانمان بمانووسیایەتەوە و بۆ بەیانیەکەی لەبەرمان بکردایە، چونکە خۆی حەزی لە بەخێوکردنی پشیلە دەکرد و پێی وابوو جوانترین ئاژەڵی دنیایە... ئێواران خۆی و

«غالّب مقەللەم»ی هاورێی لە «گازینۆی قەرداران» دادەنیشتن و بەسمێڵی جوان و تووکی نەرم و چاوی تیژی کتکیاندا هەڵدەوت... «ئازاد...ن» کوڕی بێوەژنێکی داماو بوو، ئەو ڕۆژە کتێبەکانی هەڵگرت و بەئێمەی وت چیتر نایەتەوە، چونکە ناتوانێت بەزمانی عەرەبی ئەو هەموو شتە لەبەر بکات و بەرگەی زللەکانی ئەو مامۆستا زاڵمەش ناگرێت... لەناو بازاڕ بووە دەستفرۆش و وازی لە قوتابخانە هێنا... من لە ترسی مامۆستا و باوکم لەبەرم کرد و ئێستاش هەندێکم بیرماوە... یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەوەیە لە کاتی ڕۆیشتندا دەنگی پێی نایە... لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، کە ئەو ساڵە بوو بەعس لە گفتەکانی پەشیمانبووەوە و شۆڕش هەڵگیرسایەوە، من بەشێوەیەک خراپ بووم، لە پێش نیوەی ساڵ لە شەش وانەدا دەرنەچووبووم... لە بیرمە پێش ئەوەی کارت وەربگرمەوە، ڕۆژانە هەر مقەبا و پارچە کاغەزێکم بەدەست بکەوتایە، نمرەی تاقیکردنەوەکانی خۆمم لەسەر لێکدەدانەوە و دابەشم دەکردن، تا بزانم لە چەندیان دەکەوم و کۆستەکەم تا چ ئەندازەیەک گەورەیە... هەندێ جار خۆمم دەخەڵەتاند و بەهەر شێوەیەک بووایە دەمگەیاندنە پەنجا... کەمێ ئەو دڵەم هێمن دەبووەوە... هەرچەند باوکم ڕقی دنیای لە پەنجا بوو... تەنانەت زۆر کەیفی بەشەست و حەفتاش نەدەهات... کەچی زۆری نەدەبرد پەنجاکان دادەبەزینە خوارێ و دڵم دەکەوتەوە ختووره... بەڕادەیەک دەترسام، ڕەنگم بەبەرەوە نەمابوو... چەند جار بیرم لەوە کردەوە خۆم بکوژم، بەڵام سەری نەدەگرت... ئێوارەیەکیان چوومە سەربان و ویستم خۆم هەڵدەمە خوارێ، کەچی بەزەییم بەدایکم و باوکم و خوشک و براکانمدا دەهاتەوە... لەوە دەترسام بەرگەی ئەو کۆستە گەورەیە نەگرن و خوانەخواستە دوای من بمرن، بۆیە دابەزیم و بەدزیەوە لە مووبەق زۆر زۆر گریام.

کۆبوونەوەی باوکان بوو و من نەمدەویست بەباوکمی بڵێم، بەڵام برا زیرەکەکەم ترسی نەبوو، بۆیە نەیشاردەوە و پێی وت... تا باوکم هاتەوە، من لەناو مووبەقدا هەڵدەلەرزیم و کتێبێکیشم هەر بۆ چاوبەست بەدەستەوە گرتبوو... کاتێکم زانی باوکم پەیدا بوو و دایکم پرسی، ئاخۆ ناوی منیان لەگەڵ تەمەڵەکاندا نەخوێندۆتەوە، هەرکە ئەو بەنەخێر وەڵامی دایەوە، من ڕەنگم هاتەوە بەر و دڵنیاش بووم ناوی منیان بیرچوو بوو... ئەگەرچی ئەو دڵخۆشیە کاتیە و دەزانم ڕۆژی کارتەکە دارکاریەکی عەنتیکە دەکرێم.

ئەو سەردەمە لە قوتابخانە وا بڵاوبووبووەوە، گوایە مامۆستایەکمان حەزی لە دایکی قوتابییەکی پۆلی شەش کردووە و ئەو کوڕە بەپارە نمرە بۆ قوتابییان زیاد دەکات... بەپەنجا فلس وانەیەکت بۆ دادەپۆشێت... من ئەو کوڕەم بەناسین نەدەناسی، بەڵام ئەوەندە لە قوتابخانە باس کرابوو، لای هەموومان ناسراو بوو... جارێکیان بەڕێککەوت لە نانەواخانەیەکی نزیک «حەمامی ئیسکان» بینیبووم و قسەم لەگەڵدا کردبوو... سوور و سپییەکی ڕۆحسووک بوو، باڵای لە من بەرزتر بوو... بەحاڵ سەرم دەگەیشتە شانی... من زوو چووبووم و سەرەم لە پێشەوە بوو... ئەو پرسی:

– ئەتوو لە مەکتەبی زێوەر نی...؟

– با.



– لەگەر خۆت نانی لۆ منیش وەردەگری...؟

– ئا، بینە.

بیرم لەوە کردەوە بەو کوڕە بڵێم چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە و لەو چورتوومە گەورەیەم دەرباز بکات... دەبووایە بۆ شەش وانە بەلایەنی کەم شەش پەنجاییم کۆ بکردایەتەوە... ڕۆژانە بیست و پێنج فلس زیاترم وەرنەدەگرت... ئەوە پارەیەکی زۆر بوو، دوو قاتی ڕۆژانەی هەندێ لە دراوسێکانمان بوو... ئیتر ئەو بیست و پێنجیانەم کۆدەکردەوە و بەدزیەوە دەمخستنە ژێر ئەو بنکە دارەی، کە تەباخە غازەکەمان لەسەری دانابوو... ماڵێکی لادێیی هاتبوونە کۆڵانەکەمان و لە ترسی شەڕی نێوان سوپای بەعس و پێشمەرگە، لادێکەی خۆیان بەجێهێشتبوو و خانووی ماڵە پێشمەرگەیەکیان بەکرێ گرتبوو... هەموو ڕۆژێ بەیاریی هەڵماتێن ئەو دەفلسەم لێ دەبردەوە، کە خوا بزانێت دایکە بێوەژنە کلۆڵەکەی بەچ حاڵێ پەیدای کردبوو... من کە لە هەموو ژیانمدا لە هەڵماتێن دۆڕابووم، لە شانسی ئەو دەمبردەوە... کوڕێکی داماو بوو، ئەو هەموو پاکییە لە ناو دڵیدا جێگایان نەبووبووەوە، هەندێکیان هاتبوونە دەرێ و لەسەر دەموچاوی هەڵنیشتبوون... دەمتوانی بەسووکی دەستم درێژ بکەم و وەکو باڵی تەنک و شەفافی پەپوولە بیانگرم... ئەگەر لادێ ناوێک نەبووایە، بۆ چەند خانووێکی قوڕی پەرپووتی چۆڵەوانییەک و خەڵکێکی ساکار، ئەوا ئەو وشەیە بۆ ئەو کوڕە زۆر گونجاو بوو و دەتتوانی هەموو لادێ لە ڕووخساریدا ببینیت... من غەدرم لەو فریشتەیە دەکرد و لە ناخەوە بۆی دەگریام... شەش پەنجاییم پاشەکەوت کرد و عەسرێکیان چووم بۆ لای ئەو کوڕەی دەیتوانی بەپارە دەرتچوێنێت... ماڵەکەیانم ڕێک پێ نەدەزانی و بەپرسیار دۆزیمەوە... لە قوتابخانە ئەوەندە باسیان کرابوو، منیش وەکو هەر کەسێکی دیکە زانیاریی زۆرم لەسەریان هەبوو... ئیتر دەمزانی ئەوەی من وا لە بەردەمیدا وەستاوم، ماڵێکە پێکهاتووە لە ژن و پیاوێکی گەنج، تاقە کوڕێکیان هەیە و لە «زێوەر»ە... لە دەرگام دا و زۆری پێنەچوو ژنێکی باڵابەرز کردیەوە... ماکسییەکی سووری لە بەر بوو و ڕۆبێکی درێژی بەسەرداهێنابوو... قژە کورتەکەی بەحاڵ دەگەیشتە سەر شانی... لەسەر مۆدێلی ئەوسا بڕیبووی و بەشانە ڕێکیخستبوو... لە دڵی خۆمدا دەموت: «ئا ئەوەیە شەوان لەگەر مامۆستا «...»ی دەنووی... وەڵڵاهی دەرێی ئەسمەهانی گۆرانیبێژە... ئەو پرچەیە مامۆستا... بۆنەکەی هەردەمژی و لە پەنجەکانی خۆی دەئارێنی... ئەو ڕوومەتانەیە ئەو هەموو شەوێ لۆ خۆی ماچیان دەکا».

لە میانەی دەرگا کراوەکەی حەوشەوە ناو ماڵەکەیانم لێ دیار بوو... بچووک بوو، بەڵام زۆر شارستانیانە ڕێکخرابوو و بەئاسانی لە هەر ماڵێکی دیکەی ئاساییی هەولێری جیا دەکرایەوە... سەرم هەڵبڕی و بەشەرمەوە پرسیم:

– «...» لە مارێیە...؟

بەڕووێکی خۆشەوە پێی وتم:

– نا، بەقوربان لە مارێ نییە.

– ئەدی نازانی کەینێ دێتەوە...؟

– بەخوای نازانم... بزانە لە دووکانی «مام...» نییە...!!

ئەوێی بۆ گەڕام و نەبوو... ئێوارە جارێکی تر چووم و لە دەرگام دا... هەمدیس خۆی کردیەوە و بەبێ ئەوەی بپرسم، وتی:

– «...» هاتیتەوە... وا گازی دەکەم.

بە پەڕۆیەکی سپی ئەو ناوچەوانەی بەستبوو و جوانتر لە جاری پێشوو دەردەکەوت... من زۆڵانە و بەچاوی پیاوێک سەیریم دەکرد و لێی ورددەبوومەوە... بەرەو ژوورەوە دەچوو و دەیوت:

– «...» وەرە ئەو کوڕە دیسان هاتیتەوە.

«...» بەدەستێ بیجامەی پاکەوە هاتە دەرێ و بەحەپەساویەوە لێم ڕاما... لەوەدەچوو لە هەموو ژیانیدا باوەڕی نەکردبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان من لە بەر ئەو دەرگایەی خۆیاندا ببینێت و ئیشم پێی بکەوێت... لێی پرسیم:

– ئەمنت لۆ چییە...؟

دەمم تێکئالابوو و نەمدەزانی بەچ شێوەیەک پێی بڵێم... هەرچۆنێ بێت ئەوەم تێگەیاند، کە هەندێ بچینە ئەولا و ئیشێکم پێیەتی... لەوێ پارەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و ناشیانە و بەشەرمەوە پێم وت:

– زانیتم داکت و مامۆستا «...» حەزیان لە یەکدی کردیە و ئەتوو بەپارە دەرەجەی لۆ تەلەبان زیاد دەکەی... ئەمن شەش درهەمت دەدەمێ و...

یەک بۆکسی بەناوی دەممدا کێشا، سەرم لەگەڵ خولایەوە و چاوم کەوتە ڕەشکەوپێشکە... یەکسەر خوێن فیچقەی کرد و دەستم پێوە گرت... دوو سێ شەقی لە ڕانەکانم دا و چوومە شارای مەرگەوە... جنێوی پیس پیسی پێ دەدام و نەیدەبڕیەوە... پیاوێکی دراوسێیانماڵی ئاوابێ لەژێر دەستیدا دەریهێنام و دڵنەوایی دامەوە... دایکی هاتە دەرێ و بەحەپەساویەوە سەیری کردین... بەبێ ئەوەی بزانێ چییە، شالاوی بۆ کوڕەکەی برد و هەزار جنێوی پێ دا... کەچی ئەو بەدایکی نەدەوت لەسەرچی ئاوا تێیهەڵداوم... هەر دەیوت:

– ئەدی لۆ لە خۆڕا جوونم پێ دەدا...؟!

دایکی سەرزەنشتی دەکرد، کەوا دوو ئەوەندەی منە و لێی داوم... دەیوت ئەگەر ئازایە با بەهاوتەمەنی خۆی بوێرێ... منی بردە ماڵەوە و لە حەمامەکەیان دەموچاومم شت... دەستی تەڕم بەیاخەی قەمسەڵە مشەمماکەمدا دەهێنا و خوێنەکەم دەسڕی، نەوەکا لە ماڵەوە باوکم بیبینێت... ئەگەرچی بەو لێوە قلێشاوەمدا دەزانێ شەڕم لەگەڵ کەسێکدا بووە و بەلێدان وام لێدەکات دان بەسەرجەمیدا بنێم... ئەوسا هەموو شتەکانم بەجارێ ئاشکرا دەبن و زیاتر پۆخڵەواتەکانم دەردەکەون.

ژنەکە هەر زوو زوو ئاخی هەڵدەکێشا و دەیوت:

– ئەی دەستت بشکێ... وەڵلاهی بابت بێتەوە، دەبی بتکوژی.

لە هەیوانەکە سەیرێکی کردم و بۆ دڵنەوایی وتی:



– لێی گەڕێ ئەو بێقیمەتە، بزانە چی لێ دەکەم... دە بەخوای ئەمن هەر ئەتووم دیت، لە دری خۆمدا گۆتم چەند کوڕەکی هێسکسووکی.

دوایی بەکوڕەکەی وت:

– وەرە دەستی لە ملیکە و ماچی بکە، ئەوە برای تووە.

هەر ئەویش پێی وت تا سەر شەقامی شەستی بەڕێم بکات... هەردووکمان بەشەرمەوە دەڕۆیشتین و هیچمان نەدەوت... دوایی هەرچۆنێ بوو ئەو دەستپێشکەریی کرد و وتی:

– ئەمن دەزانم کێ ئەو دیعایانەی لۆ من کردیە، ئەوە «...»ی جیرانمانە... ئەو خوشکحیزە کەیفی بەمن نایێ و لای عالەمێ قسەم لۆ هەردەبەستی.

ئینجا سەیرێکی کردم و وتی:

– شتەک هەیە بەکەسم نەگۆتیە، بەرام بەتووی دەرێم... «...»ی خوشکی هەموو جارێ وەکی ئەمن لەسەربانی دەخینم، ئەو لە حەوشەی خۆیان ئیشارەتم لۆ دەکا و ماچم لۆ داوێ... یان ماکسیەکەی هەر دەکا و ڕانەکانی بەمن پشاندەدا... ئەوێ جارێ قۆچپەکانی سەر سینگی کراسەکەی کردەوە و مەمکی خۆی پشان دام... بەسەری بابم ئەگەر بمەوێ هەموو شتەکی لەگەر دەکەم.

بەداخەوە و لە شانسی من ئەو ژنە میهرەبانە وا دەرنەچوو و هەرچی دەربارەیان وتبوو، بوختان بوو و ئاگای لە مەحموودی بێزەوال نەبوو... ئیتر من ئەو هیوایەشم نەما و ئەوەندەی دیکە ڕیسوا بووم... بەترسەوە هەنگاوم دەنا و بەرەو ماڵ دەبوومەوە... بیرم لە درۆیەکی کەمێ ماقووڵ دەکردەوە و دەمویست خۆمی پێ دەرباز بکەم... جارێکیان لەگەڵ برایەکم شەڕم بووبوو، کە دوو ساڵ لە خۆم منداڵترە، بەڵام لە من بەهێزتر بوو و دەستی زۆر قورس بوو، یەک بۆکسی هەر لەو شوێنەم دا و بەقەدەر هەڵماتێ ئاوسا... خوێنی تێدا زا و زۆر ئازاری دەدام... هەردووکمان لەوە ترساین باوکمان بزانێت و لێدان بخۆین، بۆیە هەر خێرا ئاشتبووینەوە و کەوتینە بیرکردنەوە لە چارەسەرێک... ئەو لە سەربانی خۆمان پەنجەی لەسەر دادەنا و تا هێزی تیابوو فشاری دەخستە سەر... دیارە ئازارێکی زۆرم هەبوو، بەڵام دەبووایە دان بەخۆمدا بگرم، باشتربوو لەوەی باوکم بزانێت و لێدانی ئەویشی بێتە سەر... خۆشبەختانە ڕێگایەکی سەرکەوتوو بوو و نیشتەوە... ئیتر نەیزانی و دەرباز بووین، بەڵام ئەمجارەیان زۆر جیاوازە و بەهیچ شتێ ناشاردرێتەوە... ئەی خوایە گیان من تووشبووم و تۆ فریام بکەوە... وەکو زۆر جاری دیکەش فریام کەوتووی... جەژنی قوربان بوو دایک و باوک و مام و خاڵ جەژنانەی زۆریان دابوومێ... دەمانچەیەکم کڕی و لە کۆڵانی ئەودیومان قومارم پێ دەکرد... چەند مەتر لەولای خۆمەوە دارێکی باریکم چەقاند... هەر منداڵێک بیتوانیایە لێی بدات، من بیست و پێنج فلسم دەدایە، بەڵام ئەگەر نیشانی نەپێکایە، پێنج فلسم لێی دەسەند... چەند پەنجاییەکم کۆکردەوە و دڵم خۆش بوو... لەپڕ منداڵێ دەرکەوت، کە ناوی «هەژار» بوو و تازە هاتبوونە گەڕەک... دەمزانی ئەو کوڕە لە قوتابخانە بەرادەیەک زیرەکە، مامۆستاکان لە ئاستیدا سەرسامن، بەڵام نەمدەزانی لە شانسی من ئەوەندەش نیشانی ڕاستە... هەر چۆن دەیهاویشت، بەر ئەو

داره، وا چاکتره بلێیم بەر کولەکەی دڵم دەکەوت و بیست و پێنج فلسی لێ دەسەندم... بیانووم پێ گرت و وتم با زیاتر دوورکەوێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو... چاویشی بنووقاندایە، هەر نیشانی دەپێکا... دیواریشم لە بەردەمیدا هەڵبچنیایە، دەیسمی و لەودیو زرمەی لێ هەڵدەستاند... بۆڕی «ترەنتی»یشی دابووەوە، کە ئەوسا لای خەڵکی گەڕەکی ئێمە یەکێ بوو لە ئەکتەرە سینەماییە خۆشەویستەکان و حەزمان لە فیلمە سەیر سەیرەکانی دەکرد... بینیم وا گیرفانم بەتاڵ دەبێت، بۆیە وازم هێنا... کۆمەڵێ منداڵی دیکە لەولاوە شێروخەتیان دەکرد و خۆم گەیاندنێ، بەشکوو بەو یاریە پارەکانم بهێنمەوە و بوێرم ڕوو لە ماڵەوە بکەمەوە... قسەی قۆڕ...!! چاوترووکانێکی پێچوو، هەموویم دۆڕاند... وەکو مشکی زارەترەک هەڵدەلەرزیم و بیرم لە چارەسەرێک دەکردەوە... «شادە»ی خوشکمم بینی لە دووکانی «مام سەدیق» دەهاتەوە و میزەڵدان و شتی دیکەی کڕیبوو... پێیم وت با پارەکانی بۆ بژمێرم... بیست فلسم لێی دزی و تێهەڵچوومەوە... نەک مایەی خۆم، بەڵکو زۆریشم بردەوە... «شادە»ی خوشکم نەبووایە، ئەو ڕۆژە من کوژرابووم و وەکو منداڵێکی قومارچی لە گۆڕیان دەنام... بەڵام ئێستا نەک «شادە»، هیچ کەسێ ناتوانێت لەژێر دەستیدا دەرمبهێنێت... تەواو... من ئەمڕۆ کۆتایی بەم ژیانە بۆگەنەم دێت و ئیتر هاوڕێکانم نامبیننەوە... خوایە گیان هیچ شوێنێ نییە ڕووی تێکەم، بۆیە ناچار دەچمەوە و وەکو سەربازی ئابلۆقەدراو خۆم بەدەستەوە دەدەم... توو گەورەییی خۆت، با لەگەڵ یەکەم زللە گیانم دەربچێت و ئەوەندە ئازاری سەرەمەرگ نەبینم... خۆ من لەپاڵ ئەو هەموو خراپەیەمدا، چاکەشم کردووە... ئەو ڕەمەزانەی پار بەبێ پارشێو بەڕۆژوو بووم، بەڵام بەملی شکاوم لەگەڵ «عومەری مام ئەحمەد» و «هەندرێنی شەفیق ئاغا» لەسەر ئەو شەقامەی سیمەتری ئەوەندەمان یاریی بەتۆپ کرد، خەریک بوو لە تینووا دەخنکام... هێشتا ویستم دان بەخۆمدا بگرم و ئێوارە لەسەربان، هەرکە «دەروێش برایم»ی مزگەوتی «حاجی قەرۆ» بەو دەنگە ئێجگار خۆش و گەورەیەی وتی «ئەڵلاهوئەکبەر»، بەربانگ بکەمەوە، بەڵام خەتای ئەو پیاوە ئەزبەری فرۆشە بەڕۆژووە بوو، کە بەو ئەزبەریە پرتەقاڵیە تەزیوەی تەفرەی دام و خۆم بەدەستەوە دا... هەرچەند دەیوت:

– کەوکەو بارد... سارد و شیرنە کەوکەو.

من گوێچکەی خۆمم توند توند دەگرت، کەچی دەنگی تیژی پەنجەکانی دەسمی و لەودیو ختووکەی ناخی دەدام... ڕۆژی جەژنیش چەند خۆم بەتاوانبار و شەرمەزار دەزانی، کە هیچ ڕۆژێکم نەگرتبوو... ئێستاش شەرمەزارم... پەشیمانم... داوای لێبوردن دەکەم... بەزەییم لێت دەوێ... با لەگەڵ یەکەم زللە گیانم دەربچێت و ڕیسوا نەکرێم... ئەوا پەنا بەتۆ بۆ ماڵەوە دەچمەوە و بزانم چارەنووسم چی دەبێت.

هەرچۆنێ بوو بەئەسپایی دەرگای حەوشەم کردەوە و چووم بۆ حەمامەکە... لەو ئاوێنەیە لە دەموچاوی خۆمم ڕوانی و زیاتر ترس دایگرتم... ئەو لێوە قڵیشاوەم هی ئەوە نەبوو بشاردرێتەوە... ئەوان لە یەکێ لە ژوورەکانی لای سەروو دانیشتبوون و چاوەڕێی دایکم و خوشکە گەورەکەمیان دەکرد نانی ئێوارە لەسەر سفرەکە دابنێن... من چووم بۆ ژوورەکەی تر و کتێبی «مێژووی عەرەب و ئیسلام»م لە جانتاکەم هێنایە دەرێ... بەدەنگ «شەڕی جەمەل»م دەخوێندەوە، کە دوای کوژرانی «خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان»،



لەنێوان لەشکری «ئیمامی عەلی» و «حەزرەتی عائیشە»ی دایکی موسڵمانانندا ڕووی داوە و هەزاران جەنگاوەر لەملا و لەولا شەهید کراون... لە ڕاستیدا ئێمە نەگەیشتبووینە ئەوێ و بۆ بەیانیەکەی مێژوومان هەر نەبوو، بەڵام من دەمزانی باوکم «ئیمامی عەلی»ی زۆر خۆش دەوێت و چەند بڵێیی پێی سەرسامە... هەر بۆیە ناوی لە من نابوو «حەیدەر» و بەبانگکردنم کۆڵێ ئاسوودە دەبوو، ئەگەرچی دایکم زۆری پێ ناخۆش بوو... پێیی وابوو «بارزانی»یش زۆر سیفەتی تێدایە، کە لە «ئیمامی عەلی»یدا هەبووە، وەکو ئازایەتی، بەخشندەیی، لێبوردوویی، پشتگیرییکردن لە هەژاران.

بۆ نانخواردن بانگیان کردم و وتم:

– لێمگەڕێن، ئەمن دەخینم، سوندم خواردیە لەوڕۆوە هەر دەخینم و هەتا سەری سارێ سەر لەسەر کتێبەکانم هەرناگرم.

لە ڕاستیدا هەتا ئەو ڕۆژەی لێوم چاک دەبۆوە و ئەوان هەستیان پێ نەدەکرد، نەک تا سەری ساڵ... دایکم هی ئەوە نەبوو فێڵی لێ بکرێت، هاتە ژوورەوە و وتی:

– ئەوە قەت ئەتوو نی، هەبی و نەبی لە ئیمتیحانەکی ساقیت بووی.

لە دڵی خۆمدا وتم: «هەر یەک...؟! شەش... شەش...!!» سەرم لەسەر کتێبەکە هەڵنەبڕی و وتم:

– ئەمن ساقیت دەبم...؟! وەڵلا دەبی یەکەم بم.

– دەباشە دەی وەرە نانەکەت بخۆ... دوایێ بخینە سیحرباز.

دایکم هەر کاتێ هەڵسوکەوتێکی سەیری لە من دەدی و لێم دەکەوتە گومانەوە، پێیی دەوتم سیحرباز... تەنانەت لای خزم و کەسوکار ئەمە بووبووە نازناوم... بەبێ ئەوەی سەیری بکەم، پێیم وت:

– بڕۆن ئەنگۆ نانی خۆتان بخۆن، ئەمن جارێ برسیم نییە.

دایکم پێکەنینێکی پڕ لە مەغزای کرد و چووە ئەودیو... باوکم بانگی کردم بێم نانەکەم بخۆم، چونکە مەحاڵ بوو لەزەتی لە نانخواردن ببینیایە، ئەگەر یەکێکمان لەسەر ئەو سفرەیە کەم بووینایە... هەمیشە لێمان ڕادەما، ئاخۆ تێرمان خواردووە یان نا... ئایا حەز لەو چێشتە دەکەین، یان بەناچاری دەیخۆین... هەر زوو زوو هەندێ لە بەشەکەی خۆی دەدایە یەکێکمان... منداڵانی گەڕەک بەخیلییان بەئێمە دەبرد، کە باوکێکی ئاوامان هەیە و ناهێڵێت لە هیچمان کەم بێت... ئەگەرچی من ئامادە بووم هەمووی بەدەقەیەک سەربەستیی برسیترین و ڕووتترینیان بگۆڕمەوە.

نەدەکرا لەوە زیاتر پێ لەسەر نەچوون دابگرم و هەرچۆنێ بوو چووم... دەستم بەشێوەیەک بەدەممەوە گرتبوو، کە هەستی پێ نەکەن، بەڵام چونکە گومانیان لێ کردبووم و بەدیقەتەوە سەرنجیان لێ دەدام، هەستیان پێ کرد... خوشکی گەورەم، کە زۆر مەراقی بوو بەردەوام پیشانی باوکمی بدات گوێڕایەڵە و هەرگیز لە قسەی ئەو دەرناچێت، مێشێکی دەکردە گامێشێک و ئێواران هەموو پۆخڵەواتەکانی ئێمەی بەکۆمەڵێ زیادەوە بۆ دەگێڕایەوە... وشەی کاریگەری بەکاردەهێنا و زۆر لێزانانە دەیگەیاندن... هەر

ئەویش لێپرسراوی تەلەفزیۆنەکە بوو و خۆی بڕیاری دەدا کەی دایگیرسێنێت و کەی بیکوژێنێتەوە... ئەگەر کۆشکردنەکەی ئێمەی بەدڵ نەبووایە، داینەدەگیرساند و سزایەکی تا بڵێی ناخۆش بوو... سەیرێکی کردم و بەسەرسوڕمانەوە وتی:

– وەی...!! ئەوە لێوت بەچ ئەوهای لێ هاتیە...؟!

باوکم هەستا و بۆم هات... ڕامکردە ئەو مووبەقەی، کە یەکێک بوو لەو شوێنانەی من خۆمم لێ دەشاردەوە و بەشێکی تەمەنم تیادا بەسەر بردبوو... دەرگام بەسەر خۆم داخست و ئەو لە پەنجەرەوە پێی دەوتم:

– پێم بڵێ کێ لێی دای...!!

سەرەتا وتم کەوتووم، بەڵام باوەڕی نەکرد... دوایی وتم، گوایە لەگەڵ پێنج شەش کوڕی گەڕەکی «تەعجیل» شەڕم بووە و ئەوانیش دەستپێشخەربوون... بۆیەش «تەعجیل»م وت، چونکە گەڕەکێکی دوور بوو و نەدەکرا بچن بەدوایاندا بگەڕێن... دۆزینەوەیان زەحمەت بوو... جوانیش نەبوو بۆ من لێیاندابم و دەستم نەکردبێتەوە، ئەمە ئەوەندەی دیکە باوکمی تووڕە دەکرد و لێدانەکەشم خەستتر دەبوو، بۆیە وتم سەری یەکێکیانم شکاند و ئەوانیش لێوی منیان بریندار کرد... ئینجا لێکۆڵینەوەی پۆلیسیانە دەستی پێکرد:

– بەچڕا زانیت تەعجیلی بوون...؟ خۆ لەسەر نێوچەوانیان نەنووسرا بوو.

– وەکی هەراتن، یەکەکیان گۆتی ئەوەی سەری تەعجیلیەکی بشکێنی، ئەمە ناو دەوی دەشکێنین.

– لە کێندەرێ ڕێیان لێ گرتی...؟

– لە پشت جادەی شێست مەتری... لە کن ئاشەکەی.

– لۆ لەوێ بووی...؟

– دەمخیند.

– کەس چاوی لێبوو...؟

– نازانم.

– درۆیە.

– لۆ درۆیە...؟!

– بڕێ بەسەری بابم ئەوەی گۆتم ڕاستە.

مەحاڵ بوو سوێندی ئاوام بخواردایە، هەتا ئەگەر پێشی دەرباز بوومایە... ئەویش چاک ئەمەی دەزانی و بۆیەش هەمیشە بەو سوێندە دەیبەستمەوە... سەیرە کەسێ بیەوێت لێت بدات و ئازاری دنیات پێ بگەیەنێت، کەچی داواشت لێ بکات سوێند بەسەری ئەو بخۆیت...!! باوک...!! بەڕاستی تا ڕادەی



پەرستن خۆشیمدەویست و ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم نایەت ڕقم لێی بووبێت... هاوینان کاتێ کارەبا دەبڕا و ئەو دەنووست، من بەسەعات باوەشێنیم دەکرد و ماندوو نەدەبووم، بگرە کۆڵێ هەستم بەئاسوودەیی دەکرد، کە دەمبینی نووستووە و گەرمای نییە... کەمێ نەخۆش بووایە، سەری دنیام لێ دەهاتەوە یەک و بەدەم ئازارەوە بۆی دەتلامەوە... جا چۆن بەدرۆ سوێندم بەسەری دەخوارد...!! بێ دەنگ بووم و وەڵامی پرسیارەکانیم نەدەدایەوە... وازی لێ هێنام و ساردبووەوە... دوایی وەکو زۆر جاری دیکە دایکم هات و بەکۆڵێ گلەییەوە هێنامیە دەرێ... نانەکەیان بۆ دانام و خواردم.

کاتێ ترسەکەم ڕەویەوە، بیرم لەو کوڕە و دایکە میهرەبانەکەی دەکردەوە... بیرم لەو کچەش دەکردەوە، کە لەناو حەوشەکەی خۆیانەوە ماچی بۆ ئەو کوڕە هەڵداوە و چمکی ماکسیەکەی تا سەر ڕانەکانی هەڵکردووە... شەویش لەناو پێخەفەکەم دیمەنەکەم دەهێنایە بەرچاوم و زیندەخەونم پێوە دەبینی... ئاواتم دەخواست کوڕی ئەو ماڵە بوومایە و ئاواشی بۆ من بکردایە.

جارێکیان لە زەماوەندی خزمێکماندا دەیان کچی جوان بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە هاتبوون... کوڕێکی گەڕەکە کۆنەکەمانم لەوێ بینی، کە لە من گەورەتربوو و یەکێکیش بوو لە تەمەڵەکانی گەڕەک و قوتابخانە... پێی وتم:

– ئەمن برۆم لە کیژان هەردەتەکێنم.

ئەمەم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی چۆن چۆنی دەکرێت... سەیرێکی چاوەکانیم کرد و پەرۆشانە پرسیم:

– کوو...؟!

ئەو برۆکانی خۆی هەڵتەکاند و وتی:

– ئەوها...!!

– ئەوجا ئەوە مەعنای چییە...؟

– یەعنی خۆشمدەوێن و عەزیان لێ دەکەم.

– ئێ...!! لۆ چ باشە...؟!

– همم...!! دەرێ لۆ چ باشە...!!

ئەو قسانە لە خەیاڵمدا وەکو پەپوولە هەڵدەفڕین و ختووکەیان دەدام... شەوێکیان بیرم لە کچێکی ئەوسەری کۆڵان کردەوە، کە تازە لە «بەغدا»وە هاتبوون و لە قوتابخانەیەکی عەرەبی دەیخوێند... کەمێ لە من گەورەتر بوو و جوانیەکەی ناخۆشی کردبوو... کوڕێکی گەڕەکی ئەوبەرمان ناوەکەی لەسەر قۆڵی کوتیبوو و ڕۆژانە بەپایسکیل بەبەردەمی ماڵیاندا دەڕۆیشت... ئەمەم پێ ناخۆشبوو و هەستم دەکرد هەڕەشەیەکە بۆ سەر من... ئەو دەوروبەرەی ماڵی ئێمە ئەوەندەی خەڵک لێبوو، لە شارە عەرەبیەکان ژیابوون و گەڕابوونەوە، زمانی عەرەبی دووەم زمانی ئەوێ بوو... ئەوە بێجگە لە یەک دوو ماڵی عەرەب و کۆمەڵێ ژن و پیاوی ڕۆمانیی هی «کۆمپانیای ئەرکۆم»... دیارە تورکمانیشی لێ بوو... بەیانی هەستام و قژم بەشانە داهێنا... چوومە دەرێ و چاوەڕێ بووم لە ماڵ بێتە دەرێ... هات و لەسەری کۆڵانی خۆمان چوومە بەردەمی... برۆکانم لێی هەڵتەکاند و پێکەنی... لە پێکەنینەکەیدا دیار بوو، کە تەواو لەو

ئیشارەتە تێدەگات و زۆری پێخۆشە... ئیتر من لەوەوە بەبێ ترس دوای دەکەوتم و سەیریم دەکرد... لەزەتێکی زۆرم دەبینی و ئاگام لە دەوروبەری خۆم بڕا بوو... لێی نزیکدەکەوتمەوە و بەردەوام برۆکانم لێی هەڵدەتەکاند... ئەوەندەم سەرەوخوار بەو برۆیانەم کردبوو، چاوەکانم کەوتبوونە ڕەشکەوپێشکە و ناو سەرم دەخولایەوە... بەڵام مەحاڵ بوو واز بێنم... تا نزیک قوتابخانەکەیان هەر ئاوام لێ دەکرد و هیچیشم پێی نەدەوت... ئەو سووک سووک بێزار دەبوو و ڕووی گرژ دەکرد... تەمز برۆهەڵتەکاندن هەر یەک جارە و دوای ئەوە شتی تر دێت... بەداخەوە من لەوە تێنەگەیشتبووم و ئەو کچە جوانەی دراوسێی خۆمانم نائومێد کرد... دەسا خەتای ئەو کوڕەش بوو، بەچاکی فێری نەکردبووم... بەعەرەبی وتی:

– جوز من عندی. «وازم لێ بێنە».

وازم نەهێنا و لەسەر ئەو جوولە بێتام و بێمانایەی خۆم بەردەوام بووم:

– أگول جوز من عندي، والله اگول لأبوكَ یكتلكَ. «دەڵێم وازم لێبێنە، بەخوا بەباوکت دەڵێم تێتهەڵبدات».

وەی...!! ڕاکە باوکت هات...[11]

من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ئافرەت بوو و بیرم لێ دەکردنەوە... «ئەیاد»ی هاوڕێم لەو گەڕەکە تازەیە حەوزێکی هەبوو پڕاوپڕ لە ماسیی جوانی، من خەیاڵم حەوزێک بوو لێوانلێو لە ژن... دەستی سەرنجم پیادا دەکرد و هەر جارێ یەکێکیانم دەهێنایە دەرێ... دەمگرتنە باوەشمەوە و ڕامدەمووسین... شوێنپێی ماچەکانم بەسەر ڕوومەت و گەردن و لاملیانەوە بەجێدەما و وەکو نەخشی جوان جوان دەردەکەوتن... وای بۆ بارانێکی سووری چەشنی ئەوەی ناو خەونەکانم لەپڕ دایبکردایە و گەچی ڕەق و کۆنکرێتی مکۆم و شیشی بتەوی بنمیچەکەی ببڕیایە... دڵۆپ دڵۆپ بەسەرماندا بتکایە و وەکو نقێم لە خۆی بگرتینایە... من هونەرمەندێکی سەرشێت بووم، کە هیچ قوتابخانەیەکی هونەری وەرینەدەگرتم... لە هەموو شێوازەکان یاخیبووم و یەک لە دوای یەک بەلاوەم دەنان... ئەو فۆرمەی ئێستا دەمخولقاند و پێی شاگەشکە دەبووم، تاوێکی دیکە هەڵمدەوەشاندەوە و قێزم لێی دەهاتەوە... ئەو ژنە ڕشکن و چاوڕیپۆقاوی و چڵکنانەی گەڕەکەکەم و ئەوانی دەوروبەریم وا گۆڕیبوو، کەس نەیدەناسینەوە... هەر دەمێ بەشێوەیەک دەردەکەوتن و هەر جارێ لە شتێ دەچوون... دەبووایە بەهەموو ئەو پێناسانەدا بچیتەوە و سەرلەبەر هەڵیانوەشێنیتەوە، کە پێشتر بۆت کردبوون و واتزانیبوو نیشانت پێکاوە... لە چاکترین بازاڕدا جل و پێڵاوم بۆ دەکڕین و هەر زوو زوو دەمبردنە لای «پوورە فەریدە»ی دەلاک... هەندێ جلوبەرگیان دەپۆشی و بەجۆرێک هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئەگەر کەسوکاریان بیانزانیایە، گۆشاوگۆش سەریان دەبڕین و منیشیان بەسەر دنیاوە نەدەهێشت... جار جار کە بەراوردی ئەو ژنە ڕاستەقینانە و ئەوانەی ناو خەیاڵم دەکرد و ئەو جیاوازیە گەورەیەم دەبینی، پێکەنینم دەهات و نەشمدەتوانی بۆ کەسی بگێڕمەوە... «نەسرین»ێک هەبوو، زۆر جوان بوو و ئەو چاوانەی هەر جارێ بەشێوەیەک هەڵدەهاتن، کە من لە ئاستیاندا تەواو سەرسام بووم و نەمدەزانی چ ناوێکیان لێ بنێم، بەڵام گوێی بەهیچ نۆرمێکی شارستانیی نەدەدا و ئەوەی



ناوی زەوقی هاوچەرخە لەو کچەدا نەبوو... ئەو قژەی دەئاڵۆزکاند و لە ناوەڕاستی سەریدا کۆیدەکردەوە... بەتۆقەیەکی ژەنگاوی دەیبەست و دەهاتە دەرێ... ماکسیەکی ڕەنگبواردووی دەپۆشی و بیجامەیەکی دایلۆنی هێڵداری پرتەقاڵیی لە پێ دەکرد... ڕۆژێک بردمە لای «پوورە فەریدە» و پێیم وت قژی لەسەر دوا مۆدێل ببڕێت... دەستێ جلی زۆر باشم بۆ کڕی و گەیاندمە «بەغدا»... لەوێش چەند تەنوورە و کراس و عەتری گرانبەهام بۆ هەڵبژارد و بوو بەکچێکی دیکە... لەسەر تەختی نووستنی ژووری ژمارە نۆی ئەو ئوتێلە نایابانە سەری دەخستە سەر شانم و زۆر بەناز قسەی لەگەڵدا دەکردم... وشە ناسکەکانیم بەماچ هەڵدەگرتەوە و لە بنکی دڵمدا جێگام بۆ دەکردنەوە... دوای ئەو زیندەخەونە، زۆر پەرۆش بووم بەڕاستی بیبینم... ڕۆژێکیان لە کاتی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ کارتۆنێکی گەورەم کڕیبوو و دەچووم بۆ ماڵی مامم، تا ئامۆزاکانم نیگارێکی جوانی لەسەر بکێشن و بیدەمە مامۆستای نیگار... بەلای ماڵی «نەسرین»دا تێپەڕیم و بینیم... کلکی مشکێکی مردووی بەپەنجەگەورە و دۆشاومژەی دەستی ڕاستی گرتبوو و وەکو جنۆکە دەیبۆڵاند...[12] لەپڕ دوو سێ ژنی خزمیان لە سووچی کۆڵان دەرکەوتن و ئەو لە خۆشیا بیری چوو مشکەکە بخاتە تەنەکەی خۆڵەوە... بەرەو پیریانەوە دەچوو و دەیویست هەر بەو مشکەی دەستییەوە لە باوەشیان بگرێت... ئەوان ڕایاندەکرد و دەیانزڕووکاند... دیمەنێکی چەند بڵێی کۆمیدیی هەبوو... بۆ ئامۆژنم گێڕایەوە و پچڕا لە پێکەنینا... ئەو نەیدەزانی من چەند پێوەی ماندوو بووم و دنیایەکم پارە بۆ خەرجکردووە، هەر بۆ ئەوەی بگۆڕێت و نرخی ئەو جوانییەی خۆی بزانێت... بەداخەوە نەیزانی و خەونەکەی منی بەتاڵکردەوە... باش بوو دوایی فیلێکی دیکەم دۆزیەوە و نەمهێشت لە دەستم بچێت... ژنێکی ناشیرین هەبوو لە کۆڵانی مەسیحیەکان و هەموو ڕۆژێ لە نانەواخانە دەمبینی... ڕێک بەپێچەوانەی «نەسرین» ئێجگار هونەرمەندانە دەستی بەخۆیدا دەهێنا و لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا شارەزاییەکی سەیری هەبوو... قژی لەسەر شێوەی کارێ دەبڕی و بەعەتر دەیڕشاند... وشەی زۆر تازەی بەکاردەهێنا و بەناسکییش دەریدەبڕین... ئەو و «نەسرین»م کرد بەیەکێک و ئافرەتێکی تا بڵێی نموونەییم لێ خولقاند... بوومە خاوەنی و شەوان تا بەیانی لەناو باوەشی خۆمدا دەمنوواند.

لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، لە خانووە کۆنەکە، ژن و پیاوێک لە کۆڵانەکەمان تازە ژیانی هاوبەشیان پێکەوە نابوو و «بەختەوەرانە!!» لە خانووێکدا دەژیان... ڕۆژانە من لە بەردەرگاکەیان لەسەر سک پاڵدەکەوتم و لەژێریەوە سەیری ناو ماڵەکەیانم دەکرد، بەشکوو شتێکم بەرچاو بکەوێت و کەمێ لەزەتم پێ ببەخشێت... بەرقاپییان زۆر فێنک و خۆش بوو... جارێکیان لەوێ خەوم لێ کەوت و ژنەکە – عەیب و شورەیی – بەباوەش بۆ دایکمی بردمەوە... بۆنێکی سەیر لە قژی ئەو ژنە دەهات و هەوەسی دەبزوواندم... ماڵەکەیان پڕی بوو لەو بۆنە و تیایدا هەستم بەئاسوودەیی دەکرد... جارێکیان لە مووبەقی خۆیاندا مراویەکی سپیی ئاوەڕووتدەکرد و من نۆبەرەکەیم بۆ ژێردەکردەوە، کە لە بێشکەدا بوو و کوڵلەکەی لەسەر چاوی لادابوو... کاتێ تەواو بوو و دەستە سپی و ناسکەکانی خۆی بەسابوونی جەمال شت، ماچی کردم و خەریک بوو بۆنی قژی شێتم بکات... ئەو ژنە تا ئەم دواییەش لای ژنانی گەڕەک شانازیی بەوە دەکرد، کە من بەمنداڵیی شەیدای بووبووم و وتبووم:

– «...» جوانترین بووکە.

لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لە خانووە تازەکە، بەخەیاڵ دوانزدە ژنی زۆر جوانم هێنابوو، کە هی دەوروبەری ماڵەکەمان بوون و شەوان بەنۆرە لایان دەنووستم... هەمووشیان عازەب بوون و ڕێک سێ بەقەدەر من بوون، بۆیە دەبووایە هەر بەخەیاڵ خۆمم گەورە بکردایە و شێوەمم تەواو بگۆڕیایە... لەسەر من دەیانکردە فڕکان فڕکان و هەر یەکەیان بۆ ژووری خۆی ڕایدەکێشام... بەناز و مەکرەوە قسەیان بۆ دەکردم و تەفرەیان دەدام... لەسەر زەوقی من قژیان دەبڕی و دەبووایە خۆشم لە بەرامبەر ئاوێنەی باڵانوومای ژوورەکانیان بۆیان دابهێنم... حەزیان دەکرد خۆم سووراوەکانیان بۆ بکەم و لەسەر زەوقی من جل و پێڵاویان هەڵدەبژارد... گوارە و ملوانکەکانیان هەر من بۆم دەکڕین... لە خێزانی جیا جیاوە هاتبوون و سەر بەچین و توێژی جۆراوجۆر بوون... لە کچی کۆنتەراتچی و بازرگان و مامۆستا و فەرمانبەرەوە تا کچی شوفێری تاکسی و دووکاندار و هی بێباوکیان تێدا بوو... من جیاوازیم لەنێوان ئەم و ئەویتریاندا نەدەکرد و بەیەک چاو لێم دەڕوانین، بەڵام «جوان» هونەری خۆشیرنکردنی هەبوو و دەیتوانی لەوانی دیکە زیاتر خۆیم لێ نزیکخاتەوە... زمانێکی لووسی پێوەبوو و قسەکانی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەردەبڕی... بەحوکمی نزیکیی لێمەوە، ناخی خوێندبوومەوە و دەیزانی بەچی شێتم بکات... دەیزانی چۆن لە دەوروبەرەکەمم دابڕێت و لەناو خەیاڵی خەیاڵەکانمدا گەوزم پێ بدات... هەموو شتەکانی ئەو هەر لە بۆنی قژە خورماییەکەی و بۆیەی سووری نینۆکە درێژەکانیەوە تا ئەموستیلەی پەنجە باریکەکانی و بازنەکانی ئەم مەچەک و ئەو مەچەکی زۆر ناسکی تایبەت بوون و پڕاوپڕ بوون لە نهێنی... جووڵەکانی جوانییان لێ دەڕژایەوە و کەس نەیدەتوانی لاساییان بکاتەوە... چاوەکانی بەشێوەیەک هەڵدەهێنا و دایدەخستنەوە، کە لەگەڵیدا گۆپکەی هەوەسەکانی بنکی دڵم دەتەقینەوە و لەزەتەکان تا ئاستی سەر زمانم فوارەیان دەکرد... جار جار بەجووڵەیەکی ئێجگار جوان ئەو پەرچەمە خاوەی سەر چاوی لادەدا و بەجووڵەیەکی زۆر جوانتر دەیخستە سەر گوێچکەی... ئینجا بەسووکی پەنجەکانی تێدەخست و لەگەڵیدا بەزمان لێوەکانی تەڕدەکردەوە... خووێک بوو گرتبووی و منی پێ تەفرەدەدا... خاکی شێداری بنکی دڵمی هەڵدەکۆڵی و تیایدا ڕۆدەچوو... بەو پێڵاوە بەرزانەیەوە باڵای جوانتر دەردەکەوت و هەنگاوە ڕێکەکانی لەسەر کاشیەکانی حەوشە و ژوورەکان تارماییی نازێکیان بەدوای خۆیاندا بەجێدەهێشت، کە تەنها من دەمبینین و دەمتوانی گۆڕی خۆمیان لەسەر هەڵکەنم... گۆڕی ئەو منداڵەی وا نەفرەت لە منداڵی و دەستەپاچەییی خۆی دەکات و بۆ گەیشتن بەتەمەنێکی گەورەتر و لەزەتی زیاتر، دەیان پلەی خەیاڵ دەبڕێت و دنیایەک فێڵ و تەکنیکی سەیر سەیر دادەهێنێت... ئەو هەموو خۆشی و لەزەتە لەناو دڵمدا جێگایان نەدەبۆوە و دەبووایە هەندێکیان بکەمە دەرەوە... لەناو چیمەنەکە تا تینم تیابوو دەنگم هەڵدەبڕی و دەموت:

– جوان ئەی ژنە ئازیزەکەم من چەند بەختەوەرم، کە تۆم هەیە و خۆشمدەوێی... دڵم پێت خۆشە و لە پێناوتا دەمرم.

ئیتر ژنەکانی دیم وەکو کای کۆن گریان دەگرت و لووتیان دەکرد... هەر یەکەی پشتی دەدا بەدیوارێکی



ماڵەکەوە و متەقی لە خۆی دەبڕی... ئاخی قووڵ قووڵیان هەڵدەکێشا و وێنەی منداڵی زۆر بەناز لچیان هەڵدەهێنایەوە... حەوشەیەکی پڕ لە ژنی تۆراوم دەبینی و سەرنجم لە سیمای گرژ و مۆنیان دەدا... گرژ و مۆن بوون، کەچی هەر جوان بوون... هەر دڵگیر بوون... خۆم ئاوام دەویست خۆم... دەمویست لە هەموو حاڵەتەکاندا بیانبینم و نهێنیی جوانیی هەموو کون و کەلەبەری ڕۆح و جەستەیان بدۆزمەوە... ئاشتبوونە کارێکی زەحمەت نەبوو، بگرە ئەویش حاڵەتێکی جوانی دیکەی ژیانی بەیەکەوەبوونی ئێمە بوو و دەبووایە پێی بگەین... یەکە بەیەکە دەستم دەکردە ملیانەوە و ڕامدەمووسین... وشەی ئاودار و پڕ لە خۆشەویستیم دەچپاندە گوێچکەکانیانەوە و مەستم دەکردن... بەچاوە جوانەکانیان، بەقژی خاو و هی لوولیان، هی ڕەش و زەرد و هی خورمایی و حەڵواییان سوێندم بۆ دەخواردن، کە هەر هەموویانم بەقەدەر یەک خۆشدەوێن... ئیتر وردە وردە ڕەنگوڕوویان دەگەشایەوە و گڵۆپە سوورەکانی سەر لچ و لێویان دادەگیرسان... سەرو دیاریم بۆ دەکڕین و پێی شاگەشکە دەبوون... کاتێ لە بازاڕ لەگەڵیان پیاسەم دەکرد و لەم دووکان و لەو دووکان، لەم کۆڵان و لەو کۆڵان دەمگێڕان، خەڵک بەحەپەساویەوە لێم ڕادەمان و ئێرەییان پێ دەبردم، کە شەشیان لەملا و شەشیان لەولامەوە دەبینی... هەر زوو زوو دەمبردن بۆ سەیران و لەناو گژوگیای دەشتی ئەو بەهارەدا بەدوای یەکدا ڕاکەراکمان دەکرد... لە دەستبازیی تێرنەدەبوون و بەدەنگە ناسکەکانیان دەتریقانەوە... زرووکە زرووکەکانیان، کە پڕبوون و لە مەکر و نازی دڵگیری ژنانە، تێکەڵ بەجریوەی دەیان باڵندەی ئەو دەوروبەرە دەبوون و بۆ ماوەیەک لە دڵیان دەچەسپاندم، کە من مێردێکی بەختەوەری دوانزدە ژنی جوان و میهرەبانم... دوانزدە ژنی هەڵبژاردەی ئەو گەڕەکە دڵگیرە... لەسەر سفرە بۆ نانخواردن دادەنیشتین و دوانزدە کەوچک بەجارێ بۆ ناو دەمم درێژ دەکرا... دوانزدە قۆڵی ڕووتی ناسکم بەجارێ لە پشت ئەو ملاکانەوە دەبینی و بەراوردم دەکردن... نەمدەزانی دڵی کامیان ڕازیی بکەم و هی کامیان بڕەنجێنم... چاوەکانم دەنووقاندن و دەمم بۆ دەبردن... کردبوومانە یاریەکی خۆش و کاتێکی ئاسوودەمان لەگەڵدا بەسەر دەبرد... هەر هەموومان بەیەکەوە گۆرانیمان دەوت و چەپڵەمان لێ دەدا... دەستمان دەگرت و هەڵدەپەڕین... هەلهەلەمان دەکێشا و دەتریقاینەوە... دوای ماندووبوون خۆم هەڵدەدایە بان سەوزەگیاکە و ئەوان سەریان دەخستە سەر سنگ و ڕان و شانەکانمەوە... گوێم لە هەناسەکانیان دەگرت و لە خەیاڵە قووڵ قووڵەکانم ڕۆدەچووم... دوای تاوێ هەڵدەستاینەوە و خەریکی یاریی و دەستبازیەکانمان دەبووینەوە... کاتێکم دەزانی وا دەستیان ناوەتە قژی یەکترەوە و دەموچاویان خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە... ئەمەش لەزەتی خۆی هەبوو و لە شەڕەکانیاندا خۆمم بەگەورەیی دەبینی... دەبووایە من ناوبژییان بکەم... ئەی چۆن...!! من مێردیان بووم... بەرپرسیاریان بووم... لێیان تووڕە دەبووم، بەڵام هەرگیز دڵم نەدەهات جنێویان پێ بدەم و لێیان بدەم... جنێو و لێدانی چی...؟! خۆشمدەویستن و نازیانم هەڵدەگرت... نازی دوانزدە ژنی ناسکی عەیار بەجارێ... واااای کە خۆش بوو...!! دوایی لە باوەشم دەگرتن و بەماچ ئاشتم دەکردنەوە... یەک دوانێکیان ئەوەندە دڵیان ناسک بوو، دوای ئاشتبوونەوەش، هەر دەگریان و فرمێسکی ورد وردیان هەڵدەڕشت... وەکو قازی شووشەی ئاویی بچووک بچووک بەسەر ڕوومەتی ناسکیاندا دەهاتنە خوارێ و بۆ ساتێ لەسەر چەناگەیان ئارامیان دەگرت...

دوایی لەپڕ خۆیان هەڵدەدایە ناو سنگیانەوە و لە بەرچاوم وندەبوون... ونیش نەدەبوون و دەمبینین... هەموو شتێکیانم دەبینی و سنوور لەنێوان ئاشکرا و نهێنیدا نەمابوو... سەریان دەخستە سەر شانمەوە و پەنجەکانم دەخستە قژیانەوە... هەندێ جار لەزەتی تۆرانی لەپڕ و خۆشیی ساتی ئاشتبوونەوەم بیردەچووەوە و بەدەم ئازارەوە دەتلامەوە... بەدزیەوە دەگریام فرمێسکم هەڵدەڕشت... دەبووایە بەدزیەوە بگریم... چ قودرەت بوو کەمێ بەخەمناکیی بیانبینیمایە، شێت دەبوون... خۆیان دەکوشت... هەر هەموویان دەستیان دەکردە ملمەوە و بەساقە و بەقوربانم دەبوون... نا... نا نەمدەهێشت بزانن بۆیان دەگریم... نەمدەویست بزانن لە داخی ئەوەی لێیان توورە بووم و دڵیانم ڕەنجاندووە، خەریکە شێت دەبم و ئازاری دنیا دەچێژم... هەر بەدزیەوە پیشم دەخواردەوە و بڕیارم دەدا، لەمەودوا هەر چییان کرد، لە گوڵ کاڵتریان پێ نەڵێم، بەڵام بەڕاستی ئەوانیش زۆر چەتوون بوون و تووڕەیان دەکردم... بەیەکەوە ڕێکنەدەکەوتن و ئاژاوەیان دەخستە ماڵەکەمەوە... بەوە باش بوو منداڵیان نەبوو، ئەگینا هەر شێت دەبووم بەدەستیانەوە.

لە پۆلی چوارەمیش، جارێکیان دەچووم بۆ قوتابخانە، لە کۆڵانێکی ئەولامانەوە دەرگایەک خرابووە سەر پشت و دوو کچی عازەبم لەناو حەوشەی خۆیاندا بینی... قژیان کردبووەوە و لە بەرخۆری ئەو بەهارە دانیشتبوون... لە بەرامبەریان وەستابووم و لێیان ڕادەمام... وەکو پەیکەر نەدەجووڵام و ئاگام لە دنیا نەمابوو، تا گەورەکەیان، کە یەکێک بوو لە دوانزدە ژنەکەی ناو خەیاڵم، تووڕە بوو و پێی وتم:

– تەماشای چ دەکەی...؟! چاومۆن...!!

نەدەکرا... بەخوا نەدەکرا لە ئاست جوانیی ئاوادا منی منداڵ چاوم مۆن و سەدان شتی دیکەی وەکو مۆن نەبێت... سەیری جیاوازیی نێوان خەیاڵ واقیعیش بکەن... ڕۆژ نەبوو لایەکی سەری بەسووکی نەخاتە بان یەکێ لە شانەکانمەوە و بەنەغمەیەکی چەند بلێیی خۆش پێم نەڵێ:

– وەی بەقوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم، بەخوای بەس بەخۆم دەزانم چەندم خۆشدەوێن...!!

ئەوسا من ماچیم دەکرد و توند توند دەمگوشی بەخۆمەوە... ئیتر ئەو دەرفەتی دەهێنا و بەنازێکی منداڵانەوە، بەڵام بەڕاستی زۆر خۆش بوو و هەر لە خۆی دەهات، پێی دەوتم:

– بەس دەزانم ئەتوو جوانە مەیموونت لە من خۆشتر دەوێ...!!

– هەمووتانم بەقەدەر یەک خۆشدەوێ چاوەکەم... هەمووتانم بەقەدەر یەک خۆشدەوێ... جوونیشی پێ مەدە، خۆش نییە.

– هەها ئەوت خۆشتر دەوێ...!! خۆ ئەگەر ئەو هەزار قسەی بەمن برێ، ئەتوو هیچ پێت ناخۆش نییە.

– کەس حەددی نییە، بەخراپەش باسی توو بکا بەقوربانی یەک بەیەکی هەناسەکانت بم.

– ئا ئا کەس حەددی نییە...!! دەزانم ئەمنت خۆشناوێ...!!

– ئەوە چییە ئەو قسانە...؟! ئەمن ئەتووم خۆشناوێ...؟! لە ڕووحی خۆمم خۆشتر دەوێی... ئەوەی یەک قسەی ناشیرینت پێ برێ، هەردوو چاوی دەردەینم... باشە...؟! ئمممم پپە...!!



– لاکۆ... لاکۆ ماچم مەکە...!! هیچ خۆشتناوێم... دەزانم ئەمنت پێ جوان نییە... قەیناکا ئەمن ناشیرنم...!!

– ئەوە چتە...؟! هم...؟! شێت بووی...؟! ئەمن ئەتووم پێ جوان نییە...؟!

– ئەتوو، ئەدی کێ...؟!

– دە بەسە توخوا... هیچ حەزم لەو قسانەت نییە...!!

– دەستت لابە لەسەر شانم، ئەمن دەڕۆم... گازی ژنە جوانەکەت بکە، با ئەو بێتە باوەشت.

– حەزناکەم گێم لە قسەی وەها بی... خەفەتی دەخۆم.

– وەیە وەیە خەفەتی دەخۆی...!!

– ئەدی وەنییە...؟! خەفەتی ناخۆم...؟! ئەرێ وەڵڵا ئەوەندەی خەفەت دەخۆم، هەتا شێت دەبم... حەز دەکەی خەفەتی بخۆم و شێت بم...؟! ها...؟! حەز دەکەی...؟!

– ئەمن چەندم خۆشدەوێی، بەس ئەتوو هەر خۆت لە من دووردێخیەوە... بەناشیرنم دەزانی.

– خۆم دوورنایەخمەوە چاوەکەم، بەس دەمەوێ لەگەر هەمووتان بم... خۆ هەر ئەتوو نی، ئەدی ئەوان...؟! هەر ئەوەندە پێڕادەگەم بەقوربان... ئەوە هالەیە، ئەوە سەوسەنە، ئەوە ئاوازە، ئەوە جوانە... ئەوە...!!

– ئا دەزانم لەبەر جوانی ئاگات لە من نمایە... قەیناکە ئەمن ناشیرنم، هەر بڕۆ لای وی.

– کەس لە توو جوانتر نییە... ئەگەر دەزانی چەندم خۆشدەوێی...!! بەسەعات تەماشای ئەو چاوانەت بکەم، لێیان تێرنابم.

– بڕۆ دەی ملت بشکێنە، لۆ تەماشای ماری عالەمێ دەکەی...؟! ڕەزاگران...!!

دەبووایە بڕۆم و ملم بشکێنم... دەبووایە بڕۆم و چیتر سەیری نەکەم... منی ڕەزاگران نەمدەتوانی تێیبگەیەنم، کە چەندم خۆش دەوێت و پێش ئەوەی ڕامچڵەکێنێ، بیرم لە جوانترین کاتی بەیەکەوەبوون دەکردەوە... ئەی خوایە گیان چۆن ئەو ماڵە خۆشەی قەراغ شاری دڵگیری ناو خەیاڵی شەوانی پێش نووستنم ئاوا لەپڕ وێران بوو و ژنەکانم هەر یەکەی پەرتەوازەی لایەک بوون... دەیانبینم و بەشەرمەوە لێیان دەڕوانم... خێسەم لێ دەکەن... چەمۆڵەم لێ دەنێن... گاڵتەم پێ دەکەن... بووزم پێوە دەکەن... جنێوم پێ دەدەن... خۆیانم لێ نەناس دەکەن... لێیان دەترسم و پشتیان تێدەکەم... بەتەنیا لە ماڵێکی چۆڵوهۆڵدا مامەوە و بەیادی ئەو ڕۆژگارە ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشم... تەنانەت لە ئاست گریانیشدا دەستەوستانم... زەحمەتە من «جوان»م بیربچێتەوە، کە وازی لێ هێنام و گەڕایەوە ماڵی باوکی... لە گەڕەکەکە باریان کرد و ئێستاش ئێستاش نەمزانی چوون بۆ کوێ... بزانن من لەم شارەی خۆماندا چەند دۆست و ئازیزمم ونکردووە و نایاندۆزمەوە...!! دەڕۆن و دوای ماوەیەک شێوەیان دەگۆڕێ... بەلامدا تێدەپەڕن و نایانناسمەوە... دڵنیام ئەوان من دەناسنەوە، بەڵام چارەیان ناوێم و لێم نزیک نابنەوە... کەچی هەر

خۆشیشمدەوێن و بەپەرۆشەوە بەدوایاندا دەگەڕێم... لای ئەم و ئەو باسیان دەکەم و پیایاندا هەڵدەدەم... بەحەزەوە یادیان دەکەمەوە و بەجوانترین شێوە لەناو خەیاڵەکانمدا پەروەردەیان دەکەم... گەورە ببم و فێری هونەر و تەکنیکی نووسین ببم، دەیانکەم بەکارەکتەری چیرۆک و ڕۆمانەکانم... بەخەڵکی شارەکەم و شارەکانی تریان دەناسێنم... خۆیان لەناو کتێبەکانمدا دەبیننەوە و پێی ئاسوودە دەبن، کەچی هێشتا هەر خۆشیاننناوێم و لەگەڵم ئاشت نابنەوە... خۆزگە ڕۆژێ لە ڕۆژان چیرۆکێکم ڕێی دەکەوێتە ماڵی «جوان» و دەیخوێنێتەوە... ئەدرەسەکەم لە کارەکتەرەکان وەردەگرێت و دێ بۆ لام... بەپەنجە ناسکەکانی لە خەوێکی قووڵ بێدارم دەکاتەوە و بەماچە یەک لەسەر یەکەکانی قەرەبووی ئەو هەموو دووریەم دەداتەوە... ئەگەرچی من خۆشم ئەدرەسی خۆم نازانم و هەست ناکەم کوڕی هیچ ماڵێکم... دەشزانم تا ئەو کاتەی من گەورە دەبم و دەگەم بەو تەمەنە، «جوان»یش پیر دەبێت و تاقەتی خوێندنەوەی چیرۆکی منی نامێنێت... ئێستا تەمەنی لە سەرووی بیست ساڵە و مامۆستایە... بەڵام لە کام قوتابخانەیە...؟! نازانم... بەخوا نازانم... ئای لەم شارەی من چەندێ سەیرە، لەپڕ «جوان»ەکانمی تیادا ون دەبێت و بەهیچ ڕێگایەک نایاندۆزمەوە...!!

کچێکی دیکەی زۆر جوانیش هەبوو لە گەڕەکمان و چوار پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو... لە قۆناغی ناوەندی بوو و لەسەر دوا مۆدێل جلی لەبەر دەکرد... ئەگەر حەزدەکەن بزانن چاوەکانی لە چی دەچوون، ئەوا دوو قاپی بچکۆلەی پڕ لە ئارد بێنن و سەرو دەنک خورمای ئەشرەسیی گەییویان لەسەر دانێن... بڕوا بکەن ئاوا دەکەوتنە بەربینایيم و هەرگیز بیرم ناچنەوە... دوو گلێنەی زۆر ڕەشی سەر ئەو سپێنە گەورانە، پێیان دەوتم من تێدەگەم و لەزەت لە جوانیی دەبینم... هونەرمەندم و نهێنیی شاراوەی ناخی شتەکان دەدۆزمەوە... هیچ سەیر نەبوو ئەگەر دوای بینیان بڕۆمەوە ماڵ و وڕک بۆ خورما بگرم... قاچەکانم توند توند لە زەوی بکوتم و بەکوڵ بەکوڵ بگریم... ئەگەرچی ئەوسا من گەورەبووبووم و هی ئەوە نەبووم گرناگە بگرم و بۆ ئەم شت و ئەو شت بگریم... هەر جارێ دەچوومە ماڵیان و کۆللارەم بۆ برا بچووکەکەی دروست دەکرد، ئەو دەرفەتی دەهێنا و یارییەکی زۆر خۆشی لەگەڵ دادەمەزراندم... دەبووایە زمانم بخەمە ناو دەمی و بنێشتەکەی دەربهێنم، کە تامێکی خۆشی هەبوو و هیچ لە بنێشتی ئاسایی نەدەچوو... زەحمەتێکی زۆرم دەکێشا و گیانم بەژێر ئارەقەدا دەکەوت، تا ئەو بنێشتەم لێ دەسەند، بەڵام بەراستی یارییەکی خۆش بوو و لەزەتێکی چەند بڵێی سەیرم لێ دەبینی... هەستم دەکرد ئەو هەر بەجارێ مەست بووە و چاوەکانی بەحاڵ هەڵدەهاتن... هەموو شوێنێکی ناو دەمی تامی بنێشتەکەیان گرتبوو، بۆیە زۆر جار زمانم یارییەکەی بیردەچووەوە و حەیران و سەراسیمە بەملا و بەولادا دەڕۆیشت... هەر ئەوەندە من بنێشتەکەم لێی دەسەند، ئەو خێرا بەزمان دەیبردەوە و دەبووایە جارێکی دیکە لێی بسەنمەوە... براکەیشی ئەو گەمەیەی پێ خۆش بوو و دەیویست بەشداریمان بکات، بەڵام ئەو ڕازیی نەدەبوو و پێی دەوت کۆللارەکە بەسە بۆ ئەو... دوو ڕۆژ دواتریش زمانم هەر دەیەشا، بەڵام پێی ئاسوودە بووم، چونکە تەنها ئازار دەیتوانی ئەو دیمەنەم بۆ تازەکاتەوە و لە دڵمدا بچەسپێنی، کە یارییەکە کۆتاییی نەهاتووە و بەردەوامە... بەردەوامە و درێژەی هەیە... بەناو دەماری ساڵەکانی تەمەنمدا هەڵدەکشێ و لەگەڵمدا هەنگاو



هەنگاو ڕێ دەکات... سەیر بوو... من قێزم لە هەموو شتێ دەهاتەوە و خواردنی دەستی کەم کەسم دەخوارد... ئەدی چۆن بنێشتی ناو دەمی ئەوم بەپیس نەدەزانی و ئەو تامە خواوەندیە چی بوو لەوم دەچێشت...؟! کچ...!! بەڵێ، کچ...!! بەڕاستی لەگەڵیاندا ئاسوودە بووم و ئەوانم بەداهێنەری یاریی پڕ لە حەز و ئەوین دەزانی، بەڵام بەداخەوە شەرمنیەکەم ڕێگای هەموو شتێکی لێ گرتبووم.

کاتێ لە پۆلی شەشەمیش بووم، کچێکی تری زۆر جوان بەفێڵێکی ئێجگار سەیر، فێڵێک کە تەنها کچان دەزانن بیکەن و جوانی و پاکیی خۆیانی تیادا بتوێننەوە؛ وێنەی خۆی دامێ و بۆ ماوەیەک لە خۆم و لە دەوروبەرەکەمی دابڕیم... دایبڕیم و لەناو گێژەنی کاتەکاندا گومی کردم... لە پێشدا چەند جارێ لێم ڕاما و بەروومەوە پێکەنی... داویی لەپڕ و بەشێوەیەکی زۆر سەیر پشتی تێکردم و چووە ژوورەوە، کە وامزانی تۆرا و لە هەموو ژیانیدا نایەتە دەرەوە... بەڵام چەند چاوترووکانێکی پێچوو و هاتەوە... زەرفێکی نایلۆنی بەدەستەوە بوو و بانگی کردم... پێی وتم لەو سەموونخانەیەی ئەوبەرمانەوە سەمموونی بۆ بکڕم... بەو دەنگە ناسکەی، کە لەرەیەکی تێکشکاوی تێدا بوو و لە قوڵپی گریان دەچوو، بەڵام ئەوە تەنها نازێک بوو و هەر من لێی تێدەگەیشتم، وتی:

– پارەکە لەناو عەللاگەکەیە، ئاگات لێی بی...!!

دوای چەند هەنگاوێ دەستم پیاکرد، بۆ ئەوەی بیهێنمە دەرێ و بیخەمە گیرفانمەوە، وێنەکەیم بینی لە بنکی زەرفەکەدا لەسەر پشت ڕاکشا بوو... ئێستاش نازانم چۆنم هەڵگرت و چۆن لە چاوەکانم نزیک کردەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم هەموو شتەکانی سەر ئەو شەقامە لە بەربیناییمدا وەکو تارمایی دەردەکەوتن و بەترسەوە هەنگاوی کورت کورتم دەنا... دەمویست دەست لە یەکە بەیەکەیان بدەم و خۆم دڵنیا بکەم، ئەوە خەونێک نییە وەکو هەموو خەونەکانی پێشترم... سەرەمێکوتە بزێوەکان لەناو دڵمدا دەجووڵانەوە و خەیاڵی سەیر سەیر بەمێشکمدا گوزەریان دەکرد... وای باوکە من گەورە بووم و کچان چاوم تێدەبڕن...!! بیرم لێ دەکەنەوە و خۆشیاندەوێم...!! خۆشیاندەوێم و وێنەی خۆیانم دەدەنێ...!! ئەو شەقامەم هەرگیز بەو شێوەیە نەبینیبوو... لەودیوی ئەو هێڵە ڕەش و سپیە زۆر زۆر باریکانەی دەکەوتنە بەربیناییم و وەکو دەزووی جاڵجاڵۆکەی قەد دیواری بەرزی قوتابخانە دەلەرینەوە، دیمەنی خەڵکەکەم چەند بڵێی جوانتر دەبینی، کەچی لێیان دەترسام و زیرەم کردبوو... وامدەزانی هەموویان بەو نهێنیەیان زانیوە و سەرنجم لێ دەدەن... کەمێکی دی باوکی من و باوکی ئەو کچەش ئاگادار دەکەنەوە و بەکارەساتێکی گەورە، کۆستێکی لەپڕ و چاوەڕواننەکراو کۆتایی بەهەموو شتێ دێت... کەچی ناشتوانم بوەستم... بگەڕێمەوە... بۆی بەرمەوە... خۆشم نازانم بۆچی لەپاڵ ئەو هەموو خۆشەویستیەدا، بەزەییم پێیدا دێتەوە... هەست دەکەم تاوانێکی زۆر گەورەم لەگەڵدا کردووە... سیمای تەواو گۆڕاوە و زۆر داماو دێتە بەرچاوم... هەر دەڵێی ئەو کچە هاروهاجە نییە، کە من و کوڕانی تری گەڕەک دەیناسین و هەمیشە بەچپە باسی دەکەین... یەکێکە لە قوتابییە بزێوەکانی قوتابخانەکەیان و لە ئاهەنگەکاندا بەدەنگی بەسۆزی خۆشترین گۆرانییان بۆ دەڵێ... چ پەیوەندیەک لەنێوان خۆشەویستی و تاواندا هەیە، من لێی تێناگەم خودایە...!! ئەو پارانەی ناو دەستمم خۆشدەوێن و دڵم نایەت بیانخەمە گیرفانمەوە... سەیریان دەکەم... لێیان وردەبمەوە...

دەیاننووسێنم بەلای چەپی سنگمەوە... بەقوربانیان دەبم... گۆرانییان پێدا هەڵدەڵێم... شیعریان بۆ دەخوێنمەوە... ماچیان دەکەم... بۆنەکەیان هەڵدەمژم... بەزەییم پیادا دێنەوە... لە پارەی ئاسایی ناچن... زۆر جیاوازن زۆر...!! نایاندەمە دەست ئەو نانەوایەی هیچ لێیان تێناگات و تێکەڵی پارەی تریان دەکات... ئاخر نابێ خەرجیان نەکەم... چاوەڕێی سەموونە و دەبێ بۆی بەرمەوە...!!

لە سەرەم داناون... سەیرم دەکەن... دیقەتم لێ دەدەن... لێم وردەبنەوە... چاوم لێ دەنووقێنن... ئاخم بۆ هەڵدەکێشن... بۆم دەگرین... بۆیان ناگریم... دان بەخۆمدا دەگرم... گەورەم... منداڵ نییم... عاشقم... گاڵتەم پێ دەکەن... تەریقمدەکەنەوە... هووهام بۆ دەکێشن.

ئەوا نانەواکە دەستی بۆ برد... هەڵیگرت... بەرزیکردەوە:

– ئەوە هی کێیە...؟!

هی من نییە... بەخوا هی من نییە... بەسەری باوکم هی من نییە... وای دایکە دەترسم بڵێم هی منە... بەڵام هی من نییە... هی ئەوە... ئەی هی ئەو نییە...؟! کوا هی منە...؟! من خۆشم هی ئەوم:

– ئەوە هی کێیە...؟!

لەناو دەستیدا سەیرم دەکەن... خەریکە ئەوان لەجیاتی من بێنە دەنگ... وای خۆشمدەوێن... توخوا بەجێممەهێڵن... ناکرێ... ناکرێ... چارم نییە:

– هی منە.

– ئەدی لۆ سەعاتەکە قسەی ناکەی...؟! نووستبووی...؟!

قسەی چی بکەم...؟! لەگەڵ خۆمی دەکەم... ئیتر لەگەڵ کەستانی ناکەم... نووستنی چی...؟! من چیتر نانووم... خۆشم بنووم، چاوەکانم نانوون... ئەو زەرفەم بدەرێ... وای چەندێ گەرمن...!! چۆنیان بەرمەوە...؟! چۆن بیانخەمە ناو دەستی...؟! ئەی وێنەکە...؟! چی پێ بڵێم...؟! دەیدەمەوە... ئا، ئا دەیدەمەوە... ناوێرم بۆ ماڵەوەی بەرمەوە... پێم دەزانن... هەڵمدەواسن... لە کوێی بشارمەوە...؟! چەند ساڵێ لەمەوبەر ماسیەکی بچکۆلەی بەقەدەر پەنجەی باڵابەرزەی خۆمم کڕیبوو و بەدزیەوە لەناو شووشەی دۆشاوی تەماتە بەخێوم دەکرد... بەدزیەوە ئاوەکەیم دەگۆڕی... بەدزیەوە وردەنانم دەدایێ... بەدزیەوە سەرنجم لێ دەدا... بەدزیەوە لەزەتم لە جوانیەکەی دەبینی... بەدزیەوە لەژێر لێفەکەم بیرم لە جووڵە سەیرەکانی دەکردەوە و تێکەڵ بەهێڵە باریکەکانی بەرچاومم دەکرد... دڵم لەناو مستمدا بوو، کەی ئاشکرا دەبێت و تێمهەڵدەدەن... شەوێک لەسەربان سەرمای ئەو زستانە سەختە ئاوی ناو شووشەکەی بەستبوو و کردبووی بەزوقم... ماسیەکەش تیایدا ڕەقبووبۆوە و گیانی لە دەست دا... بەدزیەوە بۆی گریام و بەستۆڕەیەک فرمێسکم بۆی ڕشت.

ئاخ ئەو وێنەیە لە کوێ بشارمەوە...!!

دایکە گیان هەرچۆنێ بێت تۆ لێم تێدەگەیت و ڕێگای هەموو شتێکم لێ ناگریت... گوێچکەت بێنە، با



بەچپە شتێکت پێ بڵێم... بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی دایکە...؟! بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی...؟! دڵم ناسک بووە و ترس گیانمی کردووە بەهێلکەشەیتانۆکە... ئیتر لە هەموو شتێ دەترسم... لە سیمای جوانی تۆش دەترسم دایکە... لە سیمای جوانی تۆش... ئاوا بەحەپەساویەوە سەیرم مەکە، ئەگینا ناتوانم زمانم هەڵبێنمەوە و نهێنیەکەی ناو دڵمت بۆ بدرکێنم... هێمن بەرەوە... باش...؟! ئاوا...!! ئێستا خۆشمدەوێی... ئێستا لێت ناترسم... دەی گوێچکەت بێنە «بەدریە»کەی ڕۆحم... گوێچکەت بێنە، با بەچپە شتێکت پێ بڵێم: «کچێکی زۆر جوان خۆشیدەوێم و وێنەی خۆی داومەتێ... هانێ لای خۆت بۆمی هەڵگرە... جار جار بمدەرێ و چەند ماچێکی دەکەم... توند توند دەینووسێنم بەسنگمەوە... بۆنی قووڵ قووڵی دەکەم... بەکوڵ بەکوڵ بۆی دەگریم... فرمێسکی ورد وردی بۆ دەڕێژم».

ناکرێ... ناکرێ... لە ڕووم نایەت... لە ڕووشم بێت، هەر پێی ناڵێم... ئەویش دەترسێت... لە باوکم دەترسێت... بۆ خۆی دەگەڕێنمەوە... با وەکو وردەماسیەکەی بەسەر نەیەت... شێت دەبم... ئارامم نامێنێت، ئەو ئاوا ببینم... نا... نا دەیدەمەوە دەست خۆی و با بیخاتەوە ناو ئەلبومەکەی.

ئەوە دەرگاکەیانە، کە هیچ کاتێ ئاوا جوان نەکەوتۆتە بەرچاوم و هەرگیز ئەوەندەم خۆشنەویستووە... بەسووکی لێی دەدەم:

– ئەوە سەموونەکەیە.

– سوپاس.

ئەی وێنەکە...؟! باسی نەکەم...؟! سەیرم دەکا... ئەو بزەیەی ئاسایی نییە... قسەی کوڕێکی هاوڕێمم بیردەکەوێتەوە، کە دەیان جاری پێ وتووم: «کچ بەردەوام کوڕان تاقیدەکەنەوە»... کەواتە باسی دەکەم، نەوەکا خراپ بکەوێتەوە... بەترسەوە دەست دەگەیەنمە ناو گیرفانم و بەقوڕگی تاساوەوە پێی دەڵێم:

– ئەو ڕەسمەی توو لەناو عەللاگەکەی بوو.

جوانتر لێم وردەبێتەوە، بەڵام مەبەستی خراپ نییە... چاوەکانی بەحاڵ هەڵدێنێت، بەڵام ئەوە نازێکی دڵگیرە... ڕەنگی گۆڕاوە، بەڵام جوانتر دەردەکەوێت... دەترسێ، بەڵام خۆشیدەوێم... نایشارێتەوە، بەڵام بەرێگا تایبەتیەکەی خۆی دەیدرکێنێت... تێدەگەم، بەڵام دەترسم:

– مادام ئەوەندە کوڕەکی پاکی، با لۆ خۆت بی.

وااای دایکە ئەوە چۆنی وت...!! خۆ من زۆر ویستم لاسایی بکەمەوە و هەر نەمتوانی... بینیت دایکە...؟! بینیت...؟! دەمیت بینی ڕێک لە هێلانەی سەر یەکێ لە درەختەکانی «باخی گڵکەند» دەچوو...؟! ئەی وشەکانت بینی چۆن وەکو کەناری هەڵدەفڕین...؟! نەتبینی...؟! چۆن...!! من بینیم من...!! ترسەکەم تاوی سەند دایکە... ترسەکەم تاوی سەند... دڵم لەپێش هەنگاوەکانمەوە ڕێگا دەبڕێت و لەسەر ئەو شەقامە حەیران و سەراسیمە، ترساو و زارەترەک سەرنج لە شتەکانی دەوروبەر دەدات... خۆشم بوێرم بڕۆمەوە ماڵ، ئەو ناوێرێت... سەرهەڵدەگرێت و دەداتە دەشت و کێو... ئەگەر باوکم بزانێت دڵمم لەگەڵ خۆم نەهێناوەتەوە، چییم پێ دەڵێت...؟! دەمکوژێت... بێگومان دەمکوژێت... من بەبێ دڵ چی لەو وێنەیە

بکەم...!!

تاوێ دواتر زانیم ئەوە تەلیسمی ئەو کچە هەرزەکارە بوو دڵمی لە خۆم جیاکردەوە و کردیە هی خۆی... بەبەرچاومەوە لە دەرگاکەیان ئاودیو بوو و چووە ژوورەوە... لێرە دەرگایەک و لەوێ یەکێکی دی... من خۆم بکەم بەکامیاندا و کوڕی کام ماڵەم... نەدەکرا بچمە هیچ کامێکیان و دەبووایە بەخۆم و وێنەی گیرفانمەوە بدەمە دەشت و کێو... لێرە باوکی ئەو و لەولا باوکی خۆم... لەسەر ئەم شەقامەش دەیان باوکی دیکە بەلامدا تێدەپەڕن و لە هەموویان دەترسم... لە ساتێکی ئاوادا باوکەکان چەند ترسناکن و ئێمە چەندێ گوناح و دەستەپاچەین...!! دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان و هیچ چاری ترم نییە... ناکرێ نەڕۆمەوە...!!

خۆم دەکەم بەم کون و بەو کوندا و وێنەکە دەشارمەوە... تاوێکی پێدەچێت و دەریدەهێنم... دەترسم بیدۆزنەوە... دەیبەم بۆ شوێنێکی دیکە و دوای کەمێ بیرکردنەوەی تر، لەوێشی لادەبەم... نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بڕستیان لێ بڕیوم و گیانم تەواو داهێزراوە... ئەی خوایە ئەو ماڵە گەورەیەمان بۆچی جێگای وێنەی کچێکی تێدا نابێتەوە...!! ئاخۆ ئەو لە ماڵی خۆیان چۆن جێگا بۆ دڵی من دەکاتەوە و لە کوێی حەشار دەدا... نا... نا... ئەو لە من ئازاترە، شەو لە ناولەپی خۆیدا پاڵیدەخات و تا چاوی دەچێتە خەو، بەو دەنگە بەسۆزەی لایلایەی بۆ دەکات و گۆرانیی بۆ دەچڕێت... بەڵام من لێرە لەژێر ئەو لێفەیەی لە ترسا وەکو کیسەڵ چوومەتە ناویەوە و کردوومە بەقاوغ، خەوم لێ ناکەوێت و هەموو خەیاڵێکم لای کتێبی جۆگرافیاکەمە، کە دواجار خستمە نێوان لاپەڕەکانی و لەسەر تاقی ژوورێکی بچکۆلەی لادێی قەدپاڵی شاخێکی بەرزی کێشوەرێکی دووری ئەوێم دانا.

هەموویان نووستوون و ماڵ کشوماتە، کەچی هەر دەترسم و ئارامم لێ بڕاوە... هەرچەند بۆ ساتێکیش چاوم دەچێتە خەو، خەونی پێوە دەبینم و ڕادەچڵەکم... هەر زوو زووش قسەکەیم بیردەکەوێتەوە و لەناو سەرمدا دەزرنگێتەوە:

– مادام ئەوەندە کوڕەکی پاکی، با لۆ خۆت بی.

وام پێ مەڵێ... وام پێ مەڵێ... توخوا وام پێ مەڵێ... من پاک نیم... ترسنۆکم... شەرمنم... دەستەپاچەم... ئەوەتا لەگەڵ خۆم دەتبەم بۆ قوتابخانە و لە ترسی مامۆستاکان هەموو گیانم دەلەرزێت... دەترسم بتبینن و لەناو جۆگرافیا بەقژ بتهێننە دەرێ... خوێندنگای کوڕانە و قەدەغەیە کچ دوو پێی تێبخات... بەبەرچاومەوە تێتهەڵدەدەن و منیش لەولاوە دەستەکانم دەکەم بەقەڵغانی دەموچاوم، نەوەکا زللەیەکم بەرکەوێ... تفێکی زل بکەوێتە سەر لێوم... بەڵغەمێک پێڵوی چاوێکم داخات... هەی داوەشێم... پێم نەوتی من ترسنۆکم...؟! پاک نیم... پاک نیم بەساقە پاک نیم... پاک نیم ئەی ئەو کچەی لە کارەکتەری چیرۆکە خورافی و میتۆلۆژیەکان دەچییت و کوڕێکی ئازا و جەربەزەت دەستناکەوێت، هەڵتگرێت و بێباکانە ملی خۆیت بۆ لە کێردەکان بسوێت... لە کێوەکاندا عاسی بێت و شەڕی لەشکرەکانت لەسەر بکات... من دەترسم... زۆر دەترسم... جا کەی نەترساوم...!! لە باوکم و لە مامۆستا و بەڕێوەبەر و کارگوزار و قوتابخانە و جاڵجاڵۆکەی قەد دیوارەکانی قوتابخانە دەترسم... تۆ



لەوێ لەناو لادێی ئەو کێشوەرە دوورەی ناو جۆگرافیا خۆت بێدەنگ بکە و من بەچپە و بەدزیی مامۆستاوە چیرۆکێکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە... ساڵی پێشوو لە نزیک ماڵمان خانووێکیان دەکرد و تەنها تەماڵەکەی تەواو بووبوو... حەوزێکیان هەڵکەندبوو و پڕیان کردبوو لە ئاو... برای بچووکی کچێکی قژزەردی گەڕەکمان کلیلەکانی ماڵەوەی خستبووە ناو حەوزەکە و بۆیان دەرنەدەهات... ئەو کیژەش حەددی نەبێ لە ڕووی خۆت جوانییەکەی بێوێنە بوو و شەڕی بەکوڕانی ئەو دەوروبەرە دەفرۆشت... بانگی کردم، تا کلیلەکانی بۆ دەربهێنم... بەداخەوە من مەلەم نەدەزانی، چونکە لە ترسی باوکم نەمدەوێرا لەگەڵ هاوڕێکانم بچمە مەسبەحی مەلعەب... چەند جارێکیش لێدانم خواردبوو، چونکە خۆم خستبووە ناو ئاوی حەوزی ئاواوە... نیوەڕۆیەکیش بۆ ئەوەی زوو جلەکانم وشکببنەوە و باوکم ئاوا نەمبینێت، لەسەر ئاسنێکی داخبووی بەرهەتاوی ناوەڕاستی تەمووز دانیشتم... نەمزانی بوو ئەو ئاسنە ژەنگی هەڵێناوە و ئاوا جلەکانم ژەنگاویی دەکات... کاتێک سەیری خۆمم کرد و شمەکەکانم ئاوا بینی، دڵم کەوتە خوارەوە و نەمدەوێرا بچمەوە ماڵ... نەشچوومایەتەوە ماڵ، چییم بکردایە و بۆ کوێ سەری خۆمم هەڵگرتایە... دەبووایە هەر بڕۆمەوە و هیچ چاری دیکەم نەبوو... ئەو جارەیش دوور لە گیانی تۆ بەقوربان... دوور لە گیانی تۆ، هەزاران شەق و زللەیان لێ دام... باش بوو نەنکم لە ماڵمان بوو و بەفریام کەوت، ئەگینا دەیانکوشتم... ئیتر لەمەوە زانیم من هەرگیز فێری مەلە نابم و تەواو زەندەقم لە ئاو چوو...[١٣] ئاخ چ شکستێکی گەورە بوو من لە بەرچاوی ئەو کچە جوانە بڵێم مەلە نازانم...!! ئەوە لە کاتێکدا ئەو چاوەڕێیە وەکو کوڕی ئازای فیلمەکان هەر بەجلەوە خۆم هەڵدەمە قوڵاییەوە و دوای تاوێ بەدەم بزەیەکەوە بیخەمە ناو دەستی... ئەو بزەیەی، کە دەتوانێت پەیوەندیەکی گەورەی پڕ لە حەز و خۆشەویستیمان لەنێواندا بخولقێنێت... بمانکات بەدڵخواز و دڵدارێکی ئەفسانەیی و لەپێناوی یەکتردا بمرین... من ڕێگایەکی تەقلیدیم بەکارهێنا، کە هیچ لە هی کوڕی جەربەزە و دڵدار نەدەچوو و سەرنجی ئەوی ڕانەدەکێشا... سەتڵێکم هەڵگرت و ئاوەکەیم دەردەهێنا... بەڕاستی بەقەدەر کرێکارێکی بەهێز خۆم ماندوو کرد و بنکی ئەو حەوزەم بەدیار خست... بەڵام ئەمە هیچ شێوازێکی عاشقانە نەبوو و خاڵی بوو لە زەوق و توانای کوڕی ئازا... کلیلەکانم بۆ دەرهێنا و ئەو ناوەم بەجێهێشت... لەگەڵ کوڕانی هاوڕێم لە پەنا دیوارێکدا دانیشتبووم، کاتێ پیاوێکی مۆنی ڕەزاگران هات و بەپەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستی ئیشارەی بۆ دەکردم... یەک دووانێک لەپێش منەوە بەترسەوە پرسیان:

– ئەمن...؟!

ئەو وتی:

– نەء.

هەرکە من وتم:

– ئەمن...؟!

وتی:

– ئا، ئەتوو.

چووم و توند گوێچکەی گرتم... خاوەنی خانووەکە بوو و چاوەکانی گریان لێ دەباری... تەمز من ئاوی ئەو حەوزەم کردووە بەژێر کیسەی چیمەنتۆکاندا و هەر هەموویان تەڕ بوون... چووبووە سەروگوێلاکی ماڵی ئەو کچە قژزەردە و ئەویش خەتاکەی خستبووە سەر من... ڕاستیشی دەکرد، خەتای من بوو، ئەگەر بەجلەکانمەوە خۆم هەڵدابووایە ناوی و لێزانانە یەکێ لە پەنجەکانم لە ئەڵقەی کلیلەکان هەڵبکشایە... لەوسەر سەرم دەربهێنایە و بمخستایەتە ناو دەستی، بۆچی ئەوە ڕووی دەدا، کە ڕووی دا... چەندێ جوانە کاتێ کوڕێ بەجلی تەڕەوە لە بەرامبەر کچێکی خورافیدا وەستاوە و دڵۆپ دڵۆپیش ئاو لەو قژە لوولەی دەتکێن، کە ئەڵقە بچکۆلە بچکۆلەکانی لە کۆمەڵێ ئەموستیلە دەچن و دەشێ ئەو پەنجە باریکەکانیان تێبخات، ئەو پەنجانەی وا بەسوورێکی تۆخ تۆخ نینۆکەکانی بۆیە کردوون و لەژێر تیشکی ڕۆژی ناوەڕاستی ئاسمانەکەی سەرمان جوان جوان دەدرەوشێنەوە...!! من وام نەکرد و ئەویشم وەکو دەیانی تر نائومێد کرد... دڵی ڕەنجا و دامیە دەست ئەو پیاوە ڕەزاگرانەی تەنها بیری لە چیمەنتۆ و کۆنکرێت دەکردەوە... بەو پەنجە ڕەقانەی، کە لە کلکی بڕەند دەچوون و تەنها پارەی پێ دەژماردن، گوێچکەی گرتبووم و بێبەزەییانە ڕایدەکێشا... بردمی بۆ لای باوکم و هەر خۆم دەزانم چ فەلاقەکاریەک کرام... جا چۆن نەترسم و زیرە نەکەم... بەڵێ، ئێستاش دەترسم... ئەوەتا دەستم لەسەر کتێبی سەر تەختەکەی بەردەمم دەلەرزێ و نازانم دەموچاوم کام ڕەنگەی گرتووە... دەترسم لەپڕ مامۆستا کتێبەکەم لێ وەرگرێت و بتبینێت... خۆت لەوێ گرمۆڵە بکە و متەق لە زمانت ببڕە، با نەزانن لەگەڵم هاتووی بۆ قوتابخانە... دەنگت لەناو دەنگی ئەو هەموو کوڕەدا دەناسرێتەوە و زوو هەستت پێ دەکەن... ڕیسوات دەکەن و لەم شارەت بەدەردەنێن... ئەوا وانەکە تەواو بوو و ئۆخەی نەیانبینی... یەکێکی تر و دووانی تریش تەواو بوون و خۆشبەختانە پێیان نەزانی... بەڵام ناوێرم چیتر بۆ ماڵەوەت بەرمەوە... ئێستا لەناو ئەو دڕکانەی سەر ڕێگا لەتوکوتت دەکەم و لەبیر خۆمت دەبەمەوە... وەکو شاگردی قەساب گۆشاوگۆش سەرت دەبڕم و بەسەر دنیاوەت ناهێڵم... تۆش کوڕی ترسنۆک و شەرمنی وەکو من لە خەیاڵی خۆت دەرکە و ببڕای ببڕای بیرم لێ مەکەرەوە... بەڵام بڕوا بکە باوکم و مامۆستا و قوتابخانە ئاوا فێری شەرمیان کردووم و جورئەتیان تیادا نەهێشتووم...!!

شەرمنترین قوتابیی ئەو قوتابخانەیە بووم و هەمیشە هەقم خورابوو.

کارگوزاری قوتابخانە لە وانەی پێنجەمدا دەهات و پۆل بەپۆل دەگەڕا... قاقەزێکی دەدایە مامۆستاکان، بۆ ئەوەی ناوی منداڵە نەخۆشەکان بنووسن و بیاننێرن بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی، کە چەند هەنگاوێک لە قوتابخانەی ئێمەوە دوور بوو... جا قوتابییەکان بۆ ئەوەی قوتابخانە بەجێبهێڵن و خۆیان لە وانە ڕەزاگرانەکان بدزنەوە، بەدرۆ خۆیان نەخۆشدەخست و لەسەر ناونووسین دەبووە شەڕ... دەچوونە سەر کورسیەکان و تا دەکرا دەستیان هەڵدەبڕی... دەیانکرد بەیەک گەڕەلاوژە و تەنها گوێت لە وشەی مامۆستا مامۆستا دەبوو، کە بەجارێ لە دەمی هەموویانەوە دەهاتە دەرێ و لەناو پۆلدا دەنگی دەدایەوە... مامۆستاش بەئارەزووی خۆی چوار پێنج ناوی دەنووسی و دەیناردن بۆ لای بەڕێوەبەر... جارێکیان مامۆستایەک لەو هەڵسوکەوتەی قوتابیان تووڕە بوو و بەڕیز سەر و چوار داری زۆر قایمی لە هەموویان



دا... من چونکە لەپێشەوە ئاقڵانە دانیشتبووم و ئەویش بینیبوومی، لێی نەدام و بەوانی وت:

– بەس ئەوە ئاقر بوو و هەرای نەکرد، لۆیێ لێی نادەم و ناوی وی دەنووسم.

من لە هەموو شتێ زیاتر لە خەستەخانە و دکتۆر و سیستەر و دەرزی دەترسام... لچم هەڵهێنایەوە و زۆر داماوانە گریام، بەڵام ڕاپێچی لای بەڕێوەبەریان کردم و لەوێ ئەوەندەی دی خوێنم وشک بوو... نەمدەتوانی پێیان بڵێم من نەخۆش نیم و نامەوێ بچم بۆ خەستەخانە... کوڕێکی پۆلی شەش هەر هەموومانی برد و لە ڕێگا گاڵتەی پێ دەکردم، کە ئەوەندە ترسنۆکم و زیرەم کردووە... لەوێ «سیستەر حەسیبە»ی خوشکی مامۆژنم دڵنەواییی دامەوە، کەچی نەمتوانی بەویشی بڵێم و تا لای دکتۆر نەیانوەستاندم... ئەو هەر دەیوت:

– لە چ دەترسێی...؟! حەبی بخۆی چاک دەبیەوە، ئەگەرنا هەر دەبی بنارێنی... ئەتوو گەورە بووی... پیاوی پیاو.

دەرکەوت هەر بەڕاستی نەخۆشم و کۆمەڵێ حەبیان بۆ نووسیم... ئەوان نەخۆشیان خستم و لە ترسی حەب و دەرزی تام لێهات.

من لەسەر ئەم حاڵەیشەوە زۆر نەگبەت بووم... وەکو نەنکم هەموو جارێ دەیوت بەردێ لە ئاسمانەوە بکەوتایەتە خوارەوە، بەر سەری من دەکەوت...ساڵی دوای شکستی شۆڕش ماڵێکی عەرەبی سەر بەڕژێم لە پشت ماڵمان بوون و کوڕێکیان هەبوو ناوی «مەیموون» بوو... دیارە باوکی نەیزانیوە ئەو ناوە، کە بەعەرەبی واتە پیرۆز و بەشکۆ، بەکوردی مانایەکی دیکەی هەیە و شایانی پێکەنینە... یاخود نەیزانیوە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەوڵەت بەمەبەستی تەعریب کردن وەکو ئامێرێک لەو شوێنەی دادەنێ... ئەو «مەیموون»ە لە قوتابخانەی عەرەبی بوو... کاتێ دەچوو بۆ دەوام، چی منداڵی ئەو گەڕەکە هەبوون لە ڕێگا بە«مەیموون مەیموون» دوای دەکەوتن... لە مانای ناوەکە تێگەیشتبوو و داماوە شێت بووبوو... فریا نەدەکەوت یەک بەیەک وەڵامیان بداتەوە، بۆیە بەردەوام دەڕۆیشت و دەیوت:

– أنتو قرود... أنتو قرود. «ئێوە مەیموونن... ئێوە مەیموونن».

دەگریا و جانتاکەی فڕێ دەدا... ڕۆژێکیان لە شپرزەییان لەسەر شەقامی شەستی کەمێ لە دووری ماڵەکەیان خۆی بەئۆتۆمۆبیلێکدا کێشا و مەترێ لەولاتر کەوت بەپشتا... سەری شکا و خوێن فیچقەی کرد... شوفێر خێرا بردی بۆ نەخۆشخانە و دوای چەند ڕۆژێ چاکبۆوە... بەباوکی وتبوو، گوایە من منداڵانم فێرکردووە و بەهۆی منەوە ئاوای لێ هاتووە... کاتێکم زانی دەستێ پشتی ملی گرتم و دەستەکەی دی بۆ ناو دەمم... جنێوی پیس پیسی دەدا و منیش هاوارم دەکرد... دایکم شێت و هار بوو و چووە سەریان... کارەکەرەکەیان، کە کەڕ و لاڵ بوو، دەرگای کردەوە... دایکم بەتاکێ پێڵاو تێیکەوت و دەموچاوی سوورهەڵگەڕا... ئیتر باوکم تێیهەڵدەدام و سەرزەنشتی دەکردم، کە من هەر بەوەوە ناوەستم پشتم کردۆتە کتێبەکانم، بەڵکو لەگەڵ ماڵی ئەمنی عەرەبیشدا شەڕی بۆ هەڵدەگیرسێنم... کەچی باوکی کوڕەکە ڕۆژێکیان دەستی کردە ملم و ماچی کردم، چونکە زانیبووی بوختانیان بۆ هەڵبەستبووم... دوای ماوەیەک

ڕۆیشتن و ئەوێیان بەجێهێشت، چونکە منداڵان وازیان لە «مەیموون» نەدەهێنا و شێتیان کردبوو... باوکم لەبەر سێ شت ڕقی لەو ماڵەبوو: یەکەم غەدریان لە من کردبوو، دووەم بەعسی بوون، سێیەم بۆ تەعریبکردن و چەوساندنەوە هاتبوون، بۆیە دەیوت:

– بریا هەرچی عەرەب هەیە لەو کوردستانەی ناوەکی ئەوهای هەبا، بەشکوو هەر بەچەپرە دەریاندەکردن.

باوکم هەرگیز ڕقی لە هەموو عەرەبێک نەبووە و تەنها بەعس و ئەوانەی بەدوژمن زانیوە، کە دان بەبوونی نەتەوەی کورددا نانێن و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن... ئەمە یەکێکە لە سیفەتە جوانەکانی ئەو و من خۆشمدەوێ... چەند بڵێی دڵیشی بەپێشمەرگە عەرەبەکانی شیوعی دەکرایەوە و پێی وابوو ئەو بەشەی کوردستان تەنها لەژێر سایەی ڕژێمێکی شیوعیدا ئازاد دەبێت... جارێکیش یارمەتیی کەسوکاری یەکێ لە لێپرسراوەکانی دابوو و زۆریش لە بەرچاویان بوو.

من چ لە قوتابخانە و چ لە گەڕەک هەمیشە لە پەراوێزدا بووم و کەس بایەخی پێ نەدەدام... هیچ بەهرەیەکم نەبوو سەرنجی ئەوان ڕابکێشێت و یەک مامۆستا ناوی منی نەدەزانی... بێجگە لە یەک دوو خاڵم و مامم و ئامۆزاکانم، کە بەراستی خۆشیاندەویستم و یارمەتییان دەدام... بەتایبەتی ئامۆزا گەورەکانم لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا زۆر بەکەڵکم هاتن و هەر شتێ لە کتێبەکانم تێنەگەیشتمایە، ئەوان بۆیان ڕووندەکردمەوە و کتێبەکانی خۆیان بەلاوە دەنا، ئەگینا زۆربەی خزمەکانی ترم بەچاوێکی تا بڵێی سووک لێیان دەڕوانیم... هەندێکیان هەر نەیاندەناسیم و ناویان نەدەزانیم... تەنانەت ئەوانەی بۆ خێزانی ئێمەش دڵسۆز بوون و چاکەشیان هەبوو بەسەرمانەوە، هەر منیان خۆشنەدەویست و وەکو کەسێکی ڕۆح لەبەر حیسابیان بۆ نەدەکردم... ئەوانەی بەڕاستی و لە کاتی تەنگانەشدا بەکەڵکمان دەهاتن، بەشێوەیەکی جیا لە ئەندامانی خێزانەکەمان لە من ڕادەمان... هەر بۆیە شەرمێکی سەیرم لێ دەکردن و لە ڕووم نەدەهات قسەیان لەگەڵدا بکەم... کەچی کاتێ دەهاتن بۆ ماڵمان، باوکم و دایکم ناچاریان دەکردم بەخێرهاتنیان بکەم... ئاخر من دەیان جار دەستم بۆ تۆقە درێژ کردبوو و ئەوان تەریقیان کردبوومەوە... خێسەیان لێ کردبووم و چەمۆڵەیان لێ نابووم... ناخۆشترین شت لای من ڕۆژانی جەژن بوو... لە ژوورەوە خۆم دەشاردەوە و بەزۆر دەیانهێنامە دەرێ... تەنها کاتێ ناوی من دەهات، ئەگەر بیانویستایە باسی کەسێکی بێبەهرە بکەن و هاوکات بەشانوباهووی منداڵەکانی خۆیاندا هەڵبدەن... کەسیان باوەڕیان نەدەکرد بگەمە پۆلی شەشی سەرەتایی و پێیان وابوو من دوارۆژێکی زۆر خراپم دەبێت... هەموو ئەوانەش پتر باوکمیان دەترساند و فشاری ئەو لەسەر من زیاتر دەبوو... هەر زوو زوو پێی دەوتم، کە من دەبم بەبۆیاغچی و پێڵاوی فلان کەس و فلان کەس بۆیاغ دەکەم... چاوم دەکەوێتە دەستی خوشک و براکانمەوە و دەبمە بار بەسەریانەوە:

– داوەشێی دەرێی نەعامەی، نە بەتەیری دەچی و نە بەحوشتریش.

واتە نە وەکو باڵندە دەتوانم بفڕم و نە وەکو حوشتریش بارم پێ هەڵدەگیرێ... چەند پەندێکی تۆقێنەرە



و چۆن ئەژنۆی دەشکاندم... ئەمەم تەنها لەو بیستبوو... دوای هەموو دارکاریەکیش پێی دەوتم:

– ئەوە لێدان نییە، بەس دەمەوێ قوفل و کلیلی لۆ گێت بکەم.

ئەوسا من خۆم بەدەرگایەکی ئاسن دەزانی، کە ئاسنگەرێک دەیەوێت بەقەدەر شوێنی کێلۆنێک کونی تێبکات... هەر بۆیە کاتێ تابلۆ بەناوبانگەکەی «ولیام فرێدی»ی هونەرمەندی سوریالیم بینی، ئەوەی مرۆڤێک ڕوومەتی کلیلی پێوەیە، هیچ بەلامەوە سەیر نەبوو.

لە نیگارکێشان و تۆپی پێ سەرکەوتوو نەبووم، چونکە باوکم ڕازیی نەدەبوو کاتی خۆمیان لەگەڵدا بەسەر بەرم... ماوەیەک خووم دایە خۆشنووسی و دەمویست ببمە خۆشنووس... لە ماڵەوە گاڵتەیان پێ دەکردم، گوایە هەرگیز فێری ئەو هونەرە نابم... پێیان دەوتم، کاتێ دووکانێکی خۆشنووسیی دەکەمەوە، دەبێت پلێتی ناونیشانەکەی بەرم بۆ لای خۆشنووسێکی تر و بۆم بنووسێت... یان بەدەستوخەتێکی زۆر ناشیرین دەینووسم و کەس قێزی نایەت سەیری بکات... ئیتر ئەمە هەر خۆی بەڵگەیە، کە من خۆشنووس نیم و بازاڕم نابێت... بەراستی ئەمە لە کاریکاتێر دەچوو و پێکەنینم بەحاڵی خۆم و دوارۆژە پڕ لە نائومێدیەکەم دەهات.

ماوەیەک وا چووبووە ئەقڵمەوە، کە هەر کەسێ لەم دنیایەدا ڕۆحێکی دیکەی هەیە و لە شوێنێکی تر دەژین... هەمیشە بیرم لە ڕۆحەکەی ترم دەکردەوە، ئاخۆ ئەویش وەکو من دیلکراوە و بۆی نییە بەئارەزووی خۆی بجووڵێتەوە، یان جیایە و لەوپەڕی ئاسوودەییدا دەژی... ئاخۆ باوکی ڕۆحەکەی دیم ئاوا ڕێگەی هەموو شتێ لەو ڕۆحەم دەگرێت، یان کەسێکە دژ بەخوێندن و قوتابخانە و هیچ یاریەکی قەدەغە نەکردووە... چەند حەزم دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ماڵی ڕۆحەکانی ترمان بیبینم و لەو نهێنیە تێبگەم... دایکی ڕۆحەکەی ترم، خوشک و برای ڕۆحەکەی ترم چۆن دەژین و چۆن بیردەکەنەوە... هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەوان وەکو ئێمە بژین و ئێرەییم پێ دەبردن.

هیچ شوێنێ نەمابوو لەو ماڵەی ئێمەدا منی لێ ڕیسوا نەکرابم و لێدانم تیادا نەخواردبێت... ڕۆژ نەبوو من چەند سەعاتێ خۆم نەخەمە ژوورێ لە ژوورەکان و وەکو مشکی زارەترەک تیایدا هەڵنەلەرزم... لەگەڵ کوڕێکی دراوسێمان بەشەڕ هاتبووم و لووتیم پڕکردبوو لە خوێن... باوکم باوکی ئەو کوڕەی زۆر خۆشدەویست و شەو تا توانی لێیدام... ئەگەرچی ئەوان نە سکاڵایان لای کردبوو و نە هیچ نارەزاییەکیان دەربڕی بوو... دایکم هەرچۆنێ بوو لەژێر دەستیدا دەریهێنام و پشتم بەدیواری مووبەقەکە دا... باوکم لەسەر یەکێ لە کورسیەکانی ناو چیمەنەکە دانیشتبوو و بەرووی گرژەوە گوێی لە ڕادیۆ دەگرت... من چەند سەعاتێ هەر ئاوا وەستابووم و پشتم لە دیوارەکە نەدەکردەوە... دانەدەنیشتم، نەوەکا لەپڕ پەلامارم بدات و نەتوانم خۆم بگەیەنمە مووبەقە گەرمەکە... ماندوو بووبووم و خەوم دەهات، بەڵام نەمدەوێرا بجووڵێم... جار جار بۆ ساتێ خەوم لێ دەکەوت و قاچەکانم دەخزین... دەکەوتم و هەر خێرا و بەترسەوە هەڵدەستامەوە... ڕۆژێکیان خۆم لە مووبەق نابوو و دەرگاکەم داخستبوو... باوکم پێی دەوتم بیکەمەوە و خۆم بەدەستەوە بدەم، بەڵام وام نەکرد و کۆڵم نەدا... چوارچێوەی پەنجەرەی ئەو مووبەقە دار بوو و بەچەند

شیشێک ڕایەڵ کرابوو... کاتێ خانووەکەمان کرد، ماڵی نەنکم ئەوەیان لێ زیاد بوو و دایانە ئێمە... یەکێ لە خوشکەکانم، بەمنداڵیی چووبوە ناو ئەو مووبەقە و دەرگاکەی بەسەر خۆیدا داخستبوو... ئیتر نەیزانیبوو بیکاتەوە و عاسی مابوو... دەگریا و داماوە لە ترسا ڕەنگی بەبەرەوە نەمابوو... دایکم لە حەژمەتا چەپک چەپک قژی خۆی دەردەهێنا و بەنینۆک دەموچاوی دەڕنییەوە... من تەگبیرم کرد یەکێ لەو شیشانە دەربهێنین، ئەوسا دەتوانین برا بچکۆلەکەمانی پیادا بەرینە ناوەوە و ئەو بیکاتەوە... ڕێگایەکی سەرکەوتوو بوو و خوشکەکەمان ڕزگار کرد... بەڵام نەمدەزانی ڕۆژێک هەر ئەوە دەبێتە مایەی ڕیسوابوونی من و کەس بەفریام ناکەوێت... باوکم ئەو جارە بەخوشک و براکانمی وت، کە بچن لە کۆڵان بەردی بۆ بێنن و لەو کونەوە بیانگرێتە من... ئەمە یارییەکی چەند بلێیی خۆش بوو و ئەوان زۆر حەزیان لێی کرد... هەر خێرا ڕایان کردە کۆڵان و بەدەست و بەگیرفان بەردیان هێنا... خێرا خێرا دەیاندایە دەست باوکم و ئەویش ئازا ئازا دەیگرتنە من... بەڵام منیش سینییەکی زۆر گەورەم کردە قەڵغان و هەمووی هەر بەر ئەو دەکەوتن... بەریاندەکەوتن و دەگەڕانەوە... هەموو جارێکیش لە ترسی ئەوەی نەوەکا بەردەکە بەر ئەو پەنجانەم بکەوێت، کە لەملا و لەولاوە قەراغی سینییەکەم پێ گرتبوون، لە دەستم دەکەوتە خوارەوە، بەڵام هەر خێرا هەڵمدەگرتەوە و دەمکردەوە سوپەری گیانم... باوکم فێڵەکەی دۆزیەوە و تاکتیکی خۆی گۆڕی... بەدیوارەکەیدا دەکێشا و بۆم دەگەڕایەوە... واتە لە پشتەوە بەرم دەکەوت و نیشانی خۆی دەپێکا... خوشک و براکانم بەردەوام بەردی خۆیان دەهێنا و وەستانیان نەبوو... برایەکم دەیوت:

– بابە ئەوە باشە...!! ئەوە گەورەیە...!!

– نا، بابە، ئەوەی من باشترە... هەر کوو پێی بکەوی، جێیەکی دەشکێنی.

برایەکی ترم گلەیی دەکرد و دەیوت:

– بابە ئەوە دوو جارە لە شادەی خوشکمی وەربگری و لە منت وەرنەگرتیە.

– وەڵڵاهی وەنییە... نۆرەی خۆمە.

– ئاقر بن، شەڕی لۆ چییە، لە هەمووتانی وەردەگرم... دەی بڕۆن بینن.

لە حەمامەکەدا دوو عەللاگەی تەختەی جلهەڵواسین هەبوون، کە هەر یەکەیان مەترێک درێژ دەبوو... من و برام کاتێ خۆمان لەو حەمامەدا حەشار دەدا، موعاناتەکانمان لەسەر تۆمار دەکردن و لەژێریان دەماننوسی: «بیرەوەریەکانی دوو بێتاوان لە زینداندا».

بەڕاستی زیندان بوو و ئێمەش بێتاوان بووین... هەموو گوناهەکەمان ئەوە بوو دەمانویست پراوەی حەزەکانی خۆمان بکەین و بەزیندوویی لە قۆناغی منداڵییماندا بژین.

باوکی من لەچاو هەندێ باوکی دی زۆر باشتریش بوو... باوکم دژی زۆر شت بوو... یەکێ لەوانە مۆسیقا بوو، کە من حەزی دنیام لێی دەکرد... دیارە زیاتر لەبەرئەوەی خوێندن بۆ ئەو هەموو شتێک بوو، بەڵام بەلایەوە کوفر نەبوو ئەگەر بەقوتووی شیری نیدۆ و بەتەلی زۆر باریک ئامێرێکی مۆسیقام دروستبکردایە...[١٤] بەڵێ، بۆ خۆم و بۆ زۆر لە منداڵانی دیکەی گەڕەکیشم دروستم کرد و تیپێکی



مۆسیقای منداڵانمان پێکهێنا... من سەرۆکی ئەو تیپە بەقەستیە بووم و هەرچۆنێ بوو کەمێ تینوویەتیی دەشکاندم... لە «کاک ڕێبوار حەوێز کۆیی»ی دراوسێشمان فێری ژەنینی شمشاڵ بووبووم و ڕۆژ بەڕۆژ شارەزاییی زیاترم لەو ئامێرە ساکارەدا پەیدا دەکرد... شەوێکی زستان زەنگی ماڵمان لێدرا و وەکو زۆر جاری دی من چووم دەرگای حەوشەم کردەوە... کچێکی دراوسێمان یەکێ لەو ئامێرە بەقەستیانەی بەدەستەوە بوو، کە من بۆ منداڵانم دروستکردبوو... لەناو مستی نام و بەگلەییەوە وتی:

– ها بگرە... بابم زۆری لە «...»ی برام دایە، هەر کوشتیتی... ڕازیی نابی هیچکە «...» بێتە فرقەی مۆسیقای.

باوکی ئەو کوڕەش وەکو باوکی هەزارانی تری شارەکەمان، بەمەبەستی گۆڕینی ئەو بارودۆخە نالەبار و پڕ لە چەوسانەوەیە و هێنانەدیی ژیانێکی بەختیار و پڕ لە سەربەستی و خەونی جوان، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول چووە شاخ و بووە شۆڕشگێڕ... کۆڵانی ئێمە چۆڵ بووبوو و زۆر دیمەنێکی ترسناکی دەنواند... خەڵکی تر لەملا و لەولاوە هاتبوون و جێگای ئەوانیان گرتبووەوە... باوکی من هەرگیز چەکی هەڵنەدەگرت و بۆ گەشتوگوزاریش حەزی لە شاخەکان نەدەکرد، بەڵام لە یەک کاتدا هەم دەترسا و هەم دڵیشی بەو هێزە بێشومارە خۆش بوو... شەوان ڕادیۆی «دەنگی کوردستانی عێراق»ی دەکردەوە و گوێی لە هەواڵەکانی شۆڕش دەگرت... ئێمەش وازمان لە هەموو شتێ دەهێنا و دەمانویست ئەو دەنگە ببیستین، کە تەشویشی بەعس نەیدەهێشت بەئاسانی دەربچێت و هەموومانی بێزار کردبوو... باوکم هەر پێی دەکرا ئەملا و ئەولا بەشەپۆلەکە بکات و ڕووی ڕادیۆکە بسووڕێنێت... ئێمە ئەگەر گوێشمان لە ڕادیۆکە نەگرتایە، لە دەموچاوی باوکماندا دەمانتوانی هەواڵەکان بەروونی بخوێنینەوە... هەندێ جار بەدڵی خۆشەوە سەری هەڵدەبڕی و دەیوت:

– ئەی بەقوربانتان بم پێشمەرگە قارەمانەکان... خوایە بارزانیمان لۆ بپارێزی.

کەچی هەندێ جار بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە دەیوت:

– موئامەرەیە... ئەو کوردە قەت نابتە هیچ... هەمووی خاینە... ئەو خاکە هەمووی فرۆشرایە... لۆ سەیرانێ چووینە... شەڕی ناکەن... داوەشێن.

شەوێکیان «بارزانی» لە ڕادیۆ دووانێکی دابوو و بەیانیەکەی دایکم بۆی باسکردم... دەگریام و گللەییم لێ دەکردن، کە منیان خەبەر نەکردبووەوە... خۆشەویستترین کەسم قسەی بۆ کردبووین و من گوێم لێی نەبووبوو...!!

ساڵی حەفتاوچوار بۆ ئێمە پڕبوو لە ناخۆشی... باوکم لەپڕ دەمی تووشی ئیفلیجی بوو و نەیدەتوانی بەچاکی بیجووڵێنێت... ئامۆزا گەورەکەم «پەیمانگای مامۆستایان»ی تەواو کرد و ئەو ساڵە کرا بەسەرباز... بردبوویانە ڕەبیەیەکی «سپیلک» و هێزی پێشمەرگە ئابلۆقەی شوێنەکەیان دابوو... ئازووقەیان پێ نەدەگەیشت و دەترساین لە برسان و لە سەرما ڕەقبێتەوە... هەواڵەکە زۆر لەپڕ گەیشتە ئێمە و باوکم ئاوای بەسەرهات... پێشتریش ئامۆزایەکی دیم، کە ئێستا مێردی خوشکە گەورەکەمە و نۆبەرەکەیان لە

«کۆلیژی بزیشکی» دەخوێنێت، ئەوسا قوتابیی «پەیمانگای مامۆستایان» بوو و بەموعجیزە لە مردن دەرباز بووبوو... ئەم و هاوڕێکانی هامشۆی گازینۆیەکیان دەکرد و بەعسیش دەیزانی ئەوانە کۆمەڵێ لاوی خوێنگەرمی دژ بەرژێمەکەین، مینێکی بۆ دانابوون و چەند قوتابییەکی ئەو پەیمانگایە شەهید بوون... یەکێ لەوانە «ئەسعەد»ی ناو بوو و ماڵەکەی لە ئێمەوە دوور نەبوو... ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدە لەلایەن قوتابیان و خەڵکی شارەوە زیاتر لە هی سەرکردەی وڵاتێک دەچوو... ئەمە نارەزایییەکی بەئاشکرای جەماوەر بوو دژ بەو تاوانە... ئەو ئامۆزایەم بەرێککەوت هاوڕێیەکی بانگی کردبوو و کەمێ دوورکەوتبووەوە... تەنها پرپشکی بەرکەوتبوو و بریندار بووبوو... ئیتر باوکم بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشییەی نەگرت و دەمی ئیفلیج بوو... تا چاک بۆوە، دەیان دکتۆرمان پێی کرد و حەب و دەرمانی دنیایان پێ تاقیکردەوە... ڕەنگی مردوو لەسەر ڕوومان نیشتبوو و ڕۆژانە بۆی دەگریاین... ترسێکی سەیر ئابلۆقەی ماڵەکەمانی دابوو و لەو شارە چۆڵەی، کە تەواو سیمای گۆڕابوو و لە چۆڵەوانیی دەچوو؛ هەستمان بەبێکەسیی دەکرد... ئێستاش زۆربەی ئەو خەونە ترسناکانەم بیرن، کە ئەوسا دەمدین و سەغڵەتیان دەکردم.

نەخۆشی وازی لە باوکم هێنا و منی خست... کەس باوەڕی نەدەکرد چاکببمەوە و قوڕگیەشە و تای گەرم لەناو جێدا دەیانتلاندمەوە... لە ترسی دکتۆر و دەرزییش ئەوەندەی دی ڕۆحم چووبوو... ڕۆژێکیان بەتەواوی تەمایان لێ دانام و بەحاڵ گوێم لە دەنگی دایکم بوو بۆم دەگریا... بەباوەش خستمیانە ناو تاکسیەک و بردمیان بۆ لای «دکتۆر یاکۆب»ی پسپۆڕی نەخۆشیی منداڵان... بەهەزار ئەملا و ئەولا لەسەر تەختەکەی پاڵخستم و ملیۆنێ جنێوم بەخۆی و بەباوک و باپیری دا... بەتاکسیەکی تر هێنایانم بۆ لای «خاڵس»ی موزەمید لە نزیک «حەمامی ئیسکان» ، بۆ ئەوەی دەرزیم لێ بدات... شوفێر خزمی خۆمان دەرچوو و لەگەڵ باوکم کردمیانە باوەش... هەرکە دایاننام، من بەو نەخۆشیە بەکۆڵاندا هەڵدەهاتم و ئەوان دوام کەوتبوون... دوایی هەمیشە دەیانگێڕایەوە، کە من چۆن دەتوت لە گۆڕ هاتوومەتە دەرێ و بەزەحمەت توانیان بمگرن.

لەگەڵ هەموو ئەو ناخۆشی و چورتوومانەشدا، باوکم هەر خەمی ئەوەی بوو دەرنەچم و فشارەکانی زیاتر بووبوون... من وەکو باسم کرد لە پێش نیوەی ساڵ شەش سفرم تیابوو و ئەمە ترسێکی گەورەی خستبووە دڵمەوە... دایکی ئەو کوڕەش وا دەرنەچوو و من ئەو هیوایەشم نەما... ئیتر چاوەڕێی کارتەکم دەکرد، کە دەبووایە بەشەش خەتی سووری جوانەوە پیشانی باوکمی بدەم.

ئەو ساڵە قوتابییان هەر بەگشتی خراپ بوون و کەمیان هەبوو حاڵیان لە من چاکتر بێ... ئەتمۆسفێری شار و هی قوتابخانە تەواو گۆڕابوون و هەستمان بەترسێکی لە ڕادەبەدەر دەکرد... هەواڵی لەسێدارەدانی سەدان کەسمان بیستبوو و بەچاوی خۆمان تەرمەکانمان دەبینین... «بۆتان موحسین» هاوپۆلێکی خۆمان بوو، ئەو ساڵە باوکی و مامێکیان لە سێدارە دا و هەموومان بۆ ئەو هاوڕێیەمان خەفەتبار بووین... ڕۆژانە لەسەر ئەو شەقامەی شەستی هێزی بەعسمان دەبینی و بەرەو شاخەکان دەچوون... زنجیری دەبابەکان دەرگا و پەنجەرەکانیان دەلەراندینەوە... سەرباز و جاشەکانمان دەبینی و بەرقەوە سەرنجمان لێ



دەدان... بەبەرچاومانەوە دەستیان بەسەر ماڵی بەجێماوی پێشمەرگەکاندا دەگرت و کەلوپەلەکانیان دەبردن... جنێویان بە«بارزانی» و بەشۆڕشەکەی دەدا و نەماندەوێرا نارەزایی دەربڕین... ئیتر چۆنمان ئاگا لە خوێندن دەما و چۆن دەمانتوانی بەلای کتێبەکانماندا بچین... ئەوەندە هەبوو ئەوان بەو ڕادەیەی من لە باوکیان نەدەترسان.

«ئەکرەم شینە» ، کە لەجیاتی «بەڵێ» دەیوت «هۆ» ، لە هیچ وانەیەکدا دەرنەچووبوو... تەمەڵییەکەی ئەویش سەیر بوو... هەر ئەو ساڵە ئێمە لە «جوگرافیا» ئیقلیمەکانمان دەخوێند... هەر یەکەمان ناوی «ئیقلیم»ێکمان دەوت و مامۆستا لەسەر تەختەڕەش دەینووسین... لەپڕ «ئەکرەم شینە» هەستایەوە و وتی:

– مامۆستا ئیقلیمی عارفی.

لە ڕاستیدا «ئیقلیم» ژنێکی زۆر وریای دراوسێی ئێمە بوو و مێردەکەی «عارف»ی ناوبوو... ئەو سەردەمە ئۆتۆمۆبیلێکی هەبوو و بۆ خۆی لێی دەخوڕی... جا ئەو «ئەکرەم شینە»یە دوای دەوامی قوتابخانە، شێلم و پاقلە و ئەزبەری و شتی لەم بابەتانەی دەفرۆشت و دەهاتە گەڕەکی ئێمە... ئەو ژنەی بەهۆی منداڵەکانیەوە دەناسی و دەیویست بیخاتە ڕیزی ئیقلیمەکانەوە... «هەژار»ی برای «ئیقلیمە»ش هاوڕێیەکی نزیکی من و تەممەڵێکی تری وەکو خۆمان بوو لە پۆلەکە و دەستی کرد بەجنێودان.

«ئەکرەم شینە» لەپاڵ ئەو تەمەڵییەیدا کوڕێکی بەجورئەت بوو و ناهەقیی قەبووڵ نەدەکرد... هەتا ئەگەر ئەو ناهەقیە لە مامۆستاکانیش بووایە... لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی هەر هەموومان «پشە پشەی ڕەنگینم»مان لەبەر کرد و تێکرا بۆ مامۆستا «ئەلیاس»مان دەوتەوە، بەڵام ئەو لە بەری نەکرد و یاخیبوو... مامۆستا چەند جار لێی دا و سوودی نەبوو... دەیوت:

– بڕۆن پشیلەی کۆرانان تەمبێ کەن، چیتکە جووچکە و کۆترمان نەخۆن، ئەوجا لە کتێبان بەعسی تووکە نەرم و سمێرە جوانەکانیان بکەن.

بێگومان لەودیوی ئەو قسە سادانەوە کۆمەڵێ بیرۆکەی ئاڵۆز هەن... «ئەکرەم شینە» ویستوویەتی بڵێ خۆشەویستی نایەتە کایەوە، ئەگەر تەواوی شتەکان نەگۆڕێن و پەیوەندیەکان بەپێی «پەیمانێکی کۆمەڵایەتی» دانەمەزرێن... من دەمهێنایە بەرچاوی خۆم، چۆن مامۆستاکان لەبەر خاتری «ئەکرەم شینە» بەقات و بۆینباغەوە، تێلایەک، یان قامچیەکیان گرتووە بەدەستەوە و لەم سەربان بۆ ئەو سەربان ڕاوی پشیلە دەنێن... بەڕاستی دیمەنێکی سەیرە و مرۆڤ دەهێنێتە پێکەنین.

هۆیەکی دیکەی لەبەرنەکردنی ئەو شیعرە، ڕەنگە ئەوەش بووبێ، کە لەگەڵ تەمەنی ئەودا نەدەگونجا... بەڕاستی نەدەکرا ئەو بەو تەمەنە و بەو دەنگە نێرەیەوە ئەو وشە ناسکانە بڵێتەوە... ئێمە کاتێ هەموومان تێکرا و بەدەنگی بەرز وانەکانمان لە دوای مامۆستا دەوتەوە، یان گۆرانیمان دەچڕی، دەنگی ئەو لەناو دەنگی ئێمەدا زۆر نەشاز دەردەکەوت و بەئاسانی دەناسرایەوە.

هەڵوێستێکی تری «ئەکرەم شینە» لە ئاستی ناهەقیدا لە پۆلی چوارەم بوو... ئەوسا «مامۆستا شێرکۆ» وانەی «کۆمەڵایەتی»ی پێی دەوتین، کە باسی بابەتی جیا جیای دەکرد و یەکێ لەو باسانە «نەبوو خوز

نەسر»بوو... هەر هەمووومان لەو مامۆستایە دەترساین و نەماندەوێرا بەڕێکیش هەناسە بدەین، بەڵام قوتابیی زیرەکی زۆر خۆشدەویست و بەردەوام هانی دەداین بخوێنین... ئەو ڕۆژەش لە ترسا وەکو زۆربەی ڕۆژەکانی تر ئەو دوو لاپەڕەیەمان لە بەرکردبوو و بەسەرە بۆیمان دەوت... بەڵام «ئەکرەم شینە» لەپڕ هەستایەوە و دەستەکانی خستە سەر تەختەکەی بەردەمی... ڕووی کردە مامۆستا و پێی وت:

– ئەوە ئەنگۆ قەشمەریی بەمە دەکەن...؟!

مامۆستا هەرگیز باوەڕی نەکردبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان قوتابییەکی لە بەردەمیدا هەستێتەوە و ئاوا بەو شێوەیە قسەی لەگەڵدا بکات... سەیرێکی کرد و بەتووڕەییەوە پێی وت:

– ئەوە چتە کورە...؟!

بەڵام «ئەکرەم شینە» نەترسا و وتی:

– ئەمە چ پێویست دەکا بەعسی کەسەکی بکەین و پێوەی ماندی بین، کە نەبووە...!!

– ئەوە چتە ئەتوو...؟! کێ نەبووە...؟!

– خوز نەسر... ئەدی ئەوە بەدەوی خۆتان نارێن نەبوو خوز نەسر، مادام نەبووە لۆ لە کتابان دەینووسن و ئەمەی پێ دەکوژن...؟! بەعسی یەکەکی بکەن هەبی... لۆ بەعسی «مەلا مستەفای بارزانی»ی ناکەن، هەمووومان خۆشماندەوێ و بابی کوردانە...!!

ئینجا مامۆستا تێگەیشت و دەستی کرد بەپێکەنین... خۆیشی «بارزانی»ی خۆشدەویست و دڵی بەو قسە و باسانە دەکرایەوە... لە حەفتاوچوار ئەم و «مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی»یش چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە.

ئەگەرچی «ئەکرەم شینە» یەکێ بوو لە کوڕە گەورەکانی قوتابخانە و تەمەنی شتێ لە خوار تەمەنی باوکمانەوە بوو، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان ئازاری نەداین، بگرە بەقسە خۆشەکانی هەمیشە دڵخۆشی دەکردین.

باوکی هەندێ لە قوتابییە تەمبەڵەکان فێربووبوون کەبابیان بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستاکان دەکڕی و هەر کاتێکمان دەزانی بۆنی کەباب خۆی بەپۆلەکاندا دەکرد... ئێمە ئەوەمان پێ خۆشبوو، چونکە مامۆستاکان لە خۆشیا ئاگایان لێمان نەدەما... کوڕی مامۆستاکانیش بانگدەکران و بەشدارییان لەو خواردنە بەلەزەتەدا دەکرد... ئەو جارەیش بانگیان کردن و دوای تێرخواردن هاتنەوە... «ئەکرەم شینە» لە پشووی نێوان وانەکاندا بۆ خۆشیی پێی دەوتن:

– تێر بوون لە کەبابی واستەی...؟!

ئەوان پێدەکەنین و قاقایان لێ دەدا... بەڵام یەکێکیان لە پۆلێکی خوار خۆمان بوو و شارەزای گاڵتەکانی نەبوو، بۆیە تووڕە بوو و جنێوی پێ دا... کوڕی مامۆستا بوو و دڵی ناسک بوو... بەردەوام جوونی دەدا و نەیدەبڕیەوە... ئەو سەرەتا دەنگی نەکرد و پێی دەوت گاڵتەی لەگەڵدا کردووە... دوایی



پەلاماری دا و چاکی تێهەڵدا... کوڕەکە هاواری لێ بەرزبووەوە و باوکیان لە ژووری مامۆستایان بانگ کرد... ئەو مامۆستایە «ئەکرەم شینە»ی زۆر خۆشدەویست و بەچاوێکی جیا لە قوتابییەکانی دی لەوی دەڕوانی، چونکە کوڕی پیاوێکی هەژار بوو و دوای دەوام لە کۆڵانان شتی دەفرۆشت... «ئەکرەم شینە»یش ئەوەی چاک دەزانی و زۆر ڕێزی لێ دەگرت... کوڕەکە لە بەرچاوی باوکی خۆی ئازا کرد و پەلاماری دا... «ئەکرەم شینە» سەرێکی بادا و بەدەم سەیرکردنی مامۆستاوە بەکوڕەکەی وت:

– کورە هەی سەگی سەگباب، ئەمن لەبەر خاتری مامۆستای لێت نادەم، ئەگەرنا داکت دەگێم.

من هەر «ئەکرەم شینە»م بدیایە، پێکەنین دەیگرتم... ئەویش خۆی پێی خۆش بوو، چونکە زۆر حەزی دەکرد وەکو کەسێکی قسەخۆش و کۆمیدی دەرکەوێت... جا بەڕاستییش وابوو و نکوڵی لەوە نەدەکرا.

من وەکو زوو دەگریام و درەنگ ژێردەبوومەوە، زووش پێکەنین دەیگرتم و درەنگ بەریدەدام... شتی وا لای من سەیر بوون، کە لای ئەوانی دی زۆر ئاسایی بوون و پێکەنینیان هەڵنەدەگرت... جارێ لە پۆلدا هەموو دەنگ و جووڵەیەک دەیخستمە پێکەنین... دەستم دەگرت بەدەمی خۆمەوە و بیرم لە هەزاران شتی ناخۆش دەکردەوە، بۆ ئەوەی بەرم بدات و نەتەقێتەوە، بەڵام زۆر جار دەتەقیەوە و لێدانم دەخوارد... مامۆستایەکی خەڵکی «کفری»مان هەبوو و «سابیر»ی ناوبوو... وانەی «بیرکاری»ی پێ دەوتین و توانایەکی سەیری لە وتنەوەیدا هەبوو... نموونەکانی هەمیشە لەسەر «شەکر» دەهێنایەوە... ئینجا دەیوت «شەکەر» و من بەلامەوە سەیر بوو... لەسەر ئەو وشەیە دەیان جار لێدانم خواردووە.

مامۆستا «سالح ئەحمەد بەنناء»ی جێگری بەڕێوەبەر و هی وانەی «ئینگلیزی هەر جارێ دەیوت «سمایل» واتە «خەندە»، من «مام سمایل»ی شێلمفرۆشم بیردەکەوتەوە، کە پیاوێکی ڕۆحسووکی هەزەلی بوو و لە کۆڵان قسەی سەیر سەیری دەکرد... ئەو مامۆستا قسەخۆشەمان یاریزانێکی زۆر لێهاتووی پەنجاکان بوو و لە تیپی مۆسیقای هەولێریش دەفێکی بچکۆلەی لێ دەدا... ئێمە کاتێ لە تەلەفزیۆن دەمانبینی، زۆرمان پێ خۆشدەبوو، کەچی نەنکم هەموو جارێ پێی دەوتین، لە هەولێرەوە بۆ ئەوەندە چووە بۆ بەغدا...؟! بۆ ئەو دەفە بچکۆلەیە، کە ئەوەندەی قاپی منداڵانە...؟! ئیتر من ئەمەم بیردەکەوتەوە و پێکەنینم دەهات.

لە کتێبی ئینگلیزیدا وێنەی شت کرابوو و لە تەنیشتی ناوەکەی نووسرابوو... مامۆستا دەیخوێندەوە و یەکێ لە قوتابییەکان ماناکەی دەوت... لە ڕاستیدا وشەکان زۆربەیان هەر ئەوانە بوون، کە خۆشمان لە زمانی کوردیدا بەکاریاندەهێنین... هەرکە گەیشتە «چۆکلێت»، من خێرا دەستم هەڵبڕی و وتم:

– بالیف.

هەر هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا... من وێنەی چوکلێتەکەم لێ بووبوو بەوێنەی ئەو سەرینانەی لەسەر ئەستێرکی نێونەکانی ژووری نەنکمدا هەڵچنرابوون.

ڕۆژێکیان لە گەڵ دایکم لە بازاڕ پیاوێکی زۆر لاوازمان بینی و میزەڵدانی پڕ لە غازی دەفرۆشت... پەتی میزەڵدانەکانی گرتبوو بەدەستەوە و بەدەنگە سەیرەکەی هاواری دەکرد:

– دەبدەبە... دەبدەبە... دەبدەبەی غاز.

بەشێوەیەک ئەو وشانە لە دەمی دەردەچوون، کە لەگەڵیدا دەهەژایەوە و هەستت بەکاریگەریەکەیان دەکرد... باوەڕم وابوو هەر کەسێ سەد جار ئەم ڕستەیە بەسەر یەکەوە بڵێتەوە، وەکو مەل باڵدەگرێت و بەئاسماندا دەفڕێت... چجای ئەو پیاوە لاوازەش... دیمەنێکی چەند بڵێی پێکەنیناویی هەبوو... من خۆم بەدایکمەوە گرتبوو و قاقام لێ دەدا... چاوەڕێ بووم ئەو هەموو میزەڵدانە بەرزیکەنەوە و بیبەن بۆ ئاسمان... ئیتر ئەو لەو بەرزاییەوە بەو شێوە خۆشەی خۆی بڵێ:

– دەبدەبە... دەبدەبە... دەبدەبەی غاز.

حاجی لەقلەقەکانی سەر منارەی مزگەوتەکەش پەلاماری بدەن و بەدەنووکە تیژەکانیان یەک بەیەک میزەڵدانەکانی بتەقێنن... ئینجا ئەو دەست و قاچە باریکەکانی لە هەوادا دەکەونە جوولە و شلپەی لێوە دێ... دوایی من هەمیشە ئەمەم بۆ خوشک و براکانم دەگێڕایەوە و ئەوان پێدەکەنین... قوتابخانە دەستی پێکردەوە و من بووم بەپۆلی چوار... مامۆستایەک هاتە پۆلەوە و من لێی وردبوومەوە... ڕێک لە میزەڵدانفرۆشەکە دەچوو و هەر وامدەزانی خۆیەتی... دیمەنی ئێستا و هی ئەو ڕۆژەی بازاڕ تێکەڵ بەیەکتر دەبوون و پێکەنین دەیگرتم... لەپڕ تەقیمەوە و قاقام لێ دا... ئیتر مامۆستا هات و یەکەم زللەی خۆی لەم قوتابخانە تازەیە وەشاند... دواتریش ناوی چووە ڕیزی مامۆستا زاڵمەکان.

«ئازاد» ناوێک چوار پێنج ساڵ لە پۆلی شەش مابووەوە و خووی بەخواردنی قەراغی کتێبەکانیەوە گرتبوو... سمێڵێکی ڕەشی جوانی هەبوو و لەملا و لەولاوە تا نزیک چەناگەی هاتبووە خوارێ... بەڵام حەزی لە ڕیش نەبوو و هەموو بەیانییان پێش ئەوەی بێت بۆ قوتابخانە، دەیتاشی... زوو زوو خەیاڵی دەڕۆیشت و نەیدەتوانی گوێ لە مامۆستا بگرێت... هەر پێیان دەکرا تەباشیری تێبگرن و بەئاگای بهێننەوە... بانگی بکەن و شانەکانی ڕابتەکێنن... من پێم وابوو کەس لەو زیرەکتر نییە، بەڵام داڵغەکانی ناهێڵن تێبگات... ئەگەرچی هەرگیز نەمدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە و چۆن ئاوا بەجارێ ئاگای لە دەوروبەری دەبڕێت... من لە خەیاڵی خۆمدا چارەسەرەکەیم دۆزیبووەوە، ئەویش ئەوە بوو فەراشێکی دی بێنن بۆ ئەو قوتابخانەیە و لە تەنیشت ئەوی دابنێن... بەردەوام بەگوێچکەیدا بچپێنێت:

– داڵغەی لێ مەدە... داڵغەی لێ مەدە... گێت لە مامۆستای بێ... ئەوە قسەی لۆ تووە دەکا... هەر مەکتەبت بەکەلک دێ کوڕم... ئەویدکە هەمووی فشەیە... تەمەشای من بکە لە سبەینێ هەتا هێوارێ بەدیار تەمبەرەکی وەکی تووە دادەنیشم و بەئاگات دەینمەوە... توخوا ئەوە ژیانە ئەمن هەیتم... تفوو لە هەزار ژیانی وەها... تفوو لەو ڕزقەی... گووم تێکرد... شەوێ هەتا سبەینێ هوڕێنەی دەکەم و دەرێم داڵغەی لێ مەدە... داڵغەی لێ مەدە... گێ بگرە... کوڕە گێ بگرە... ژن و منداڵەکەم قەشمەریم پێ دەکەن و لۆ خزمان دەگێڕنەوە... نازانم کێ ئەو ئێشەی لۆ من دیتەوە و تووشی ئەو عەزابەی کردم... داڵغەی لێ مەدە... لەگەر توومە... کوڕە ئەتوو گێ لە قسەکانی منیش ڕاناگری... پێت دەرێم واز لە داڵغەی بینە... ئەوە مامۆستایە، خۆ بەردی چیای نییە... گەمەی لەگەر سمێرت مەکە... بەس ئەو کتێبەی بخۆ... خۆ چێر و بزن



نی... ئەو قەرەمەی بەدەستەوە بگرە و لەسەر دەفتەرەکەت چشتی بنووسە... گێ بگرە... کوڕە پەژیوان دەبیەوە... دوایێ دەزانی خیندن چەند باشە... تەلەبەک لە وەختی ئیمتیعانی سەری سارێ مردبوو... داکی لە خۆی دەدا و دەیگۆت: خەمی ئەوەم نییە مرد، بەرام ئیمتیعانەکانی لە دەست چوو... پلکی دری دەداوە و پێی دەگۆت: مەگریێ خوشکم مەگریێ، قابیلە لۆی نەکەنە ئینجازە...!! بەخوای کوڕی من نەخۆش بوو و پوختە و جوان لۆیان تەعجیل کرد... پێمەکەنە... کوڕە پێمەکەنە... لۆ ئەوەم نەگێڕاوە، پێبکەنی... مەخسەدم ئەوەیە بزانی خیندن چەند باشە... پێمەکەنە عەمرکورت... مامۆستا بتبینی، لێت دەدا... هەردوو چاوت دەردەینی و لۆ باپیرەگەورەتت تەمبێ دەکا... قوڕگم درا... مردم... کەینێ گێ دەگری... یاخوە ئەوەی ئەو ئیشە بێمەعنایەی لۆ من دیتەوە، قەت قەت ئۆخەی نەکا.

دیمەنەکەی دەهاتە بەرچاوم و بەڕاستی هەستم پێ دەکرد... پێکەنینم دەهات و توند دەمی خۆم دەگرت... لەپڕ دەردەچوو و دەمکردە کۆکە... مامۆستام بەلاڕێدا دەبرد و گیانم لە لێدان دەپاراست... «ئازاد» نەیدەتوانی پۆلی شەش ببڕێت و وازی هێنا... لە بازاڕ بووە حەماڵ و خێزانەکەیانی دەژیاند... ڕۆژێکیان هاتبووەوە قوتابخانە و لە پەنجەرەوە سەیری دەکردین... مامۆستای بیرکاری لێی تووڕە بوو و پێی وت، بڕوات و ئەو ناوە بەجێ بهێڵێ... ئەو بەشێوەیەکی زۆر سەیر وتی:

– لۆ بڕۆم مامۆستا...؟! لۆخۆم گێ لە دەرسێ دەگرم.

من هەر جارێ ئەو دیمەنەم بیردەکەوتەوە، پێکەنینم دەهات و خوا خوام بوو چرکەیەک زووتر زەنگەکە لێ بدات.

«یونسە قەڵەو»یش دراوسێی ماڵی «ئازاد» بوو... ئەو لە ڕاستیدا بۆ خوێندن نەدەهات، بەڵکو ناو تەختەکەی پڕکردبوو لە وردەواڵە و دەیفرۆشتن... ئێمە قەڵەم و قەڵەمدادەر و لاستیکی بۆندار و نوقڵ و شتی دیمان هەر لەو دەکڕی... جار جار کۆتر و ڕیشۆڵە و جووچکیشی دەهێنا و بەسەر قوتابییەکاندا ساغی دەکردنەوە... ئیتر ئەو پۆلەی ئێمە هەر ڕۆژێ دەبوو بەکۆڵانێکی ناو بازاڕ... ڕۆژێک مەیدانی مریشکان و ڕۆژێ قەیسەری عەتارەکان... ڕۆژێ مەزاتخانە و ڕۆژێ شتێکی تر... ئەوەندە شارەزا بوو، دەیتوانی شوێنپێکانی خوتت پێ بفرۆشێتەوە و کۆڵێکیش سوپاسی بکەیت... ژیشکێکی هێنابوو و من بەبیست و پێنج فلس لێیم کڕی... بیرم دەکردەوە چۆن بەدزیی دایک و باوکمەوە بیگەیەنمە سەربانەکەمان و لەوێ بەنهێنی بەخێوی بکەم، بەڵام دوای تاوێ پێی وتم، دەچێ بەبەڕێوەبەر دەڵێت من ژیشکم لەگەڵ خۆم هێناوە... مەبەستیشی ئەوەبوو بیدەمەوە و پارەکەیش بۆ خۆی... من لە ترسا ڕازیی بووم و هەر خوا خوام لێیم وەرگرێتەوە... دەرکەوت ئەو ڕۆژە دەستی بیستی تری وەکو منی بڕیوە... ئەو «یونسە قەڵەو»ە لەگەڵ هەر قسەیەکیدا بەهەق و ناهەق دەیوت:

– ئەو شتانە هیچی وەنییە، بەس با لەبەر خاتری برام وەبی.

شیعری کوردی و عەرەبی لەبەر دەوتەوە و لەنێوان هەر دێڕێکدا ئەمەی بۆ زیاد دەکرد... گۆرانیی دەچڕی و هەر بەو ئاوازەوە لەنێوان بەندەکاندا دەریدەپەڕاند... مامۆستاکان زۆر هەوڵیان لەگەڵ دا وازبێنێت...

بەدار ناولەپەکانیان داڕزاند و بەزللە پەناگوێکانیان وێران کرد، بەڵام مەحاڵ بوو... ناردیان بەشوێن «مام ئەسعەد جەبار»ی باوکیدا... بینیان ئەویش هەمان خووی لەگەڵدایە... کاتێ لێیان پرسی بوو ئەمە مانای چییە و لە کوێ هاتووە... ئەو بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە پێی وتبوون چیرۆکی خۆی هەیە و ناکرێ بۆیان بگێڕێتەوە... وتبووشی دەبێ منداڵی منداڵی ئەم قسەیە بڵێنەوە و وەکو داخێکی گەورە لەگەڵیاندا بژی... ئیتر لەمەوە زانیان کارەساتێک لەودیوی ئەو قسەیەوە هەیە و ناچار وازیان هێنا... دوای ئەوە «یونسە قەڵەو» بۆی هەبوو بەئارەزووی خۆی وا بڵێت... مامۆستا «حەمەدەمین»ی وانەی ئاین هەرگیز داوای لەو نەدەکرد سورەتی قورئانی بۆ بڵێتەوە، چونکە دەیزانی تووشی کوفرمان دەکات و بەهەزار تۆبە و ئەستەغفیرەڵلاش لەژێریدا نایەینە دەرێ... دوای کارەساتی حەفتاوپێنج لە وانەی خوێندنەوەی عەرەبیدا بابەتێک هەبوو بەناوی پەیمانی یانزدەی ئازار... باسی ئەوەی دەکرد، کە چۆن شۆڕشی «١٧- ٣٠» تەمووز هەموو مافێکی داوە بەکورد و ئێمە لە سایەی ئەو ڕژێمە عادیلەدا بەختەوەرانە دەژین... بۆ نەگبەتی ئەو ڕۆژە مامۆستایەکی بەعسیی زۆر زاڵم بەمیوانی هاتبوو و دەبووایە یەک بەیەک بۆی بخوێنینەوە... «یونسە قەڵەو» دوای هەر دێڕێک دەیوت:

– ئەو شتانە هیچی وەنییە، بەس با لەبەر خاتری برام وەبی.

مامۆستا شێت و هار بوو و بەشەق و بۆکس تێیکەوت... ئینجا داوای لێکرد بەڕاستی بیخوێنێتەوە... ئەو داماوە بەدەم گریانەوە دەیخوێندەوە و بەردەوام دەیوت:

– ئەو شتانە هیچی وەنییە، بەس با لەبەر خاتری برام وەبی.

«فاخیر عەلی» ڕقی لە شیعر بوو و هەرگیز لەبەری نەدەکردن... دەیانهێنایە بەردەمی تەختەڕەش و سەدان داریان لێ دەدا... زیرەی لێ هەڵدەستا و دەبوورایەوە، بەڵام سوودی نەبوو... جارێکیان شیعری «دایک»ی ئاوا بەدەم گریانەوە بۆ مامۆستا وتەوە:

«مندارەکی پیسی چرکن بووم... توخوا وەکی هەوکە بووم...؟! کورە نەوەڵلا... لۆ هەق نەرێم...؟! داکم بەخێوی کردم، دەنا بەگۆڕی بابم هەر ئەو ڕۆژی دەمردم... بەس بریا بەخێوی نەکردبمایە و نەگەیشتبمایە ئەورۆ... ئەوە ژیانە ئەمن تێیدامە...؟! هەموو ڕۆژێ بێمە مەکتەبێ و مامۆستا بەداران تێمکەوی...؟!».

«ڕەشاد حسێن»یش پەپوولەیەکی تر بوو و بەدە ساڵ و هەشت مانگ و نازانم چەند ڕۆژێکیش گەیشتبووە پۆلی چوار... هەموو جارێ باسی کۆتاییی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی بۆ دەکردین و ئاخی بۆ ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووە هەڵدەکێشا... لە پشووی نێوان وانەکاندا بەردەستیی فەڕاشەکانی دەکرد و لەوان چاکتر هەڵدەسووڕا... چای بۆ مامۆستایان دەبرد و سەر مێزەکانی پاکدەکردەوە... هەرچەند تەمەڵ بوو، بەڵام قوتابخانەی لە هەموو شتێ زیاتر خۆشدەویست و حەزی دەکرد خزمەتی بکات... ئەگەر یەکێ بەقەڵەم شتی لەسەر دیوارەکان بنووسیایە، ئەو دەگریا و دەیوت قوتابخانەیان پیس کردووە و خوا غەزەبمان لێ دەگرێ... پەڕۆی تەڕی دەهێنا و دەیکوژاندەوە... منیش بۆ ئەوەی ئاوا بکات و گوێم لەو قسە خۆشانەی بێت، لەسەر دیوارم دەنووسی: «ڕەشاد ڕەشیکەوە»، واتە «ڕەشاد بیکوژێنەرەوە»، یاخود



بیسڕەرەوە... بە«قواعد»ی دەوت «وەقاعید» و زەحمەت بوو فێری ئەو ناوە ببێت... باوکی بەکەر و عەرەبانە سەوزە و میوەی دەفرۆشت و ئەو سەری کەرەکەی بۆ ڕادەکێشا... «شادە»ی خوشکم هەموو جارێ دەیوت ئەو لە ڕۆڵی کەرەکە تێدەگات، کە عەرەبانەکە ڕادەکێشێت، بەڵام نازانێت «ڕەشاد» چ دەورێک دەبینێت... هەمیشە بیری لێ دەکردەوە و سەری لەو هاوکێشە پێکەوەبیە دەرنەدەچوو... بەمنی دەوت، کە بچم بەباوکی بڵێم با ئەو کوڕە داماوە لەگەڵ خۆی نەهێنێت، چونکە ئەگەر ئەویش نەبێت، کەرەکە ئاقڵ و سەنگین عەرەبانەکە ڕادەکێشێت، بەڵام من لە ڕووم نەدەهات وای پێ بڵێم و جورئەتم نەدەکرد بەگژ ئەو چەوسانەوەیەدا بچمەوە... ئەگەرچی نەشمدەویست دڵی خوشکە ئازیزەکەم بشکێنم... مامۆستایەک پێی ڕادەبوارد و دەیهێنایە بەردەمی تەختەڕەشەکە، بۆ ئەوەی لاساییی زەڕەزەڕی نێرەکەرەکەیان بکاتەوە و ئێمە پێی پێبکەنین... ئەو مامۆستایە جنێوی زۆر ناشیرینی بەقوتابییەکان و بەدایک و باوکیان دەدا... جارێک لە کۆبوونەوەی باوکاندا لێپرسراوێکی شۆڕشی ئەیلوول هەستابووەوە و وتبووی، لەبەر خاتری ئەو باوکانە نەبێت، ئێستا دەریدەهێنێت و ڕیسوای دەکات، چونکە جنێوێکی زۆر عەنتیکەی هەوەسبزوێنی بەدایکی کوڕەکەی دابوو... ئەو مامۆستایە هەر کاتێ لە یەکێکمان توورەدەبوو، پێی دەوتین:

– پێم نارێی چ سەگبابەک ئەتووی گەیاندە ئێرە...؟!

جا چونکە قوتابی دەبووایە هەر خێرا وەڵامی هەموو پرسیارێکی مامۆستا بداتەوە، بۆیە ئێمەش ناوی مامۆستای پۆلی پێشوومان دەوت.

هەندێ لە مامۆستاکانمان بەڕاستی بۆ شتی باش هانیان دەداین، لەوانە «مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی»، کە دواتر کرا بەراهێنەری تیپی هەڵبژاردەی هەولێر... لەپاڵ نوکتە و قسە خۆشەکانی، حەزی دەکرد خەریکی وەرزش بین... «مامۆستا تایەر باپیر گەردی» سەرگوزشتە و چیرۆکی خۆشی لابوو و بۆ شانۆ و تەمسیل هانی دەداین، کە ئەو کاتە شتێکی کەم نەبوو... «مامۆستا ساڵح بەننا ء»یش ڕووخۆش و قۆشمەچی بوو و باسی مۆسیقای بۆ دەکردین... «مامۆستا سابیر کفریی»، کاتێ خەفەتی هەبووایە، لەسەر کورسیەک دادەنیشت و بەدەنگە ئێجگار خۆشەکەی گۆرانیی بۆ دەوتین... کرێچی بوو و هەر زوو زوو لە خانوو دەریاندەکرد... سەد نمرەی لە وانەی بیرکاری دەدایە هەر قوتابییەک، کە خانووێکی بۆ بدۆزیبایەتەوە... جارێکیان من و «ئەکرەم شینە» ویستمان ئەو هەلە بقۆزینەوە و بۆ یەکەمجار سەد بەسەر کارتەکانمانەوە ببینین، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرت... بەڕێوەبەر زۆر ڕقی لەو مامۆستایەمان بوو و هەمیشە دژایەتیی دەکرد... ئەگەرچی ئەم لە وتنەوەی وانەی بیرکارییدا زۆر باش بوو، کەچی ئەو دەهاتە پۆلەوە و تەباشیرەکەی لێ وەردەگرت، گوایە خۆی دەیەوێت فێرمان بکات... ئەو سەردەمە باوی قژی درێژ بوو و هەر زوو زوو ناچاریان دەکردین سەرمان بتاشین... بەیانیان مامۆستاکان لە حەوشەی قوتابخانەدا فێری ڕەوشتی جوانیان دەکردین، هەزار جنێوی سووکیان بۆ ئەو هەرزەکار و گەنجە سەرەڕۆیانە دەنارد و دایک و باوکیان دەخستنە بەر لێشاوی نەفرەتەوە، کە چارلستۆنیان لە پێ دەکرد و زوڵفیان هێنابووە خوارێ... هاوکات هێرشیان بۆ ئیمپریالیزمی ئەمبەر و ئەوبەر دەبرد و ڕیسوایان دەکردن، کە دەیانویست لە خشتەمان بەرن و دەستمان بەسەردا بگرن... بەڕێوەبەر لەگەڵ چەند قوتابییەکی لاساری تردا بەمەقەست

قژی کوڕی ئەو مامۆستایەی بڕی و ئەتکی کرد... ئیتر ئەم لە داخا کەوتە گۆرانیوتن و هەموومانی خستە گریان.

سەربانی ماڵێکی کوترباز دەیڕوانیە ناو حەوشەی قوتابخانەکەمانەوە... بەیانیان کاتێ مامۆستاکان قسەیان بۆ دەکردین، یان قوتابییە دەنگخۆشەکان گۆرانییان دەوت، ئێمە بەهەموو هێزی خۆمانەوە چەپڵەمان لێ دەدا، بۆ ئەوەی ئەو هەموو کۆترە بفڕن و سەیریان بکەین... مامۆستایەکمان هەمیشە شیعری بەسەر عێراقدا دەوت و بەگژ ئیمپریالیزمەکاندا دەچووەوە، ئێمە چەپڵەمان لێ دەدا و هاوارمان دەکرد:

– دووبارە... دووبارە.

کۆترەکان هەناسەبڕکێیان پێ دەکەوت و نەماندەهێشت بنیشنەوە... کابرای کۆترباز شێت و هار دەبوو و دەستی بۆ ڕادەشەقاندین... ئەوە جنێوێکی زۆر ناشیرین بوو بۆ هەموومان، بەڵام یاریەکی خۆش بوو و وازمان نەدەهێنا... لەولاشەوە مامۆستا ئەوەندەی هاوار کردبوو، ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە گوێمان لێی گرتبێت و هیچی لێ تێگەیشتبین... من بۆ دەرمان ئەم دوو دێڕە لە شیعرێکی تێگەیشتبووم و ئێستاش بیرم ماون: «بێگانە خەیاڵی خاوە... ئەوڕۆ دۆلار قیمەت ناکا».

مامۆستایەکیشمان هەبوو فشەی بۆ دەکردین و هەمیشە بەشانوباهووی کەسوکاری خۆیدا هەڵدەدا... ڕۆژێکیان باسی پایسکیلی کوڕێک بوو، کە زۆر جوان بوو و هونەرمەندانە ڕازاندبوویەوە... ئەو چاوی پێ هەڵنەهات و وتی، گوایە ئەوان پایسکیلێکیان هەبووە، ئەوەندە سەیر بووە، سەرنجی هەموو خەڵکی ڕاکێشاوە... بەشێوەیەک وەسفی کرد، کە بەو گێڕ و ئیستۆپ و سەقف و دەرگا و چوار تایە ئەستوورەیەوە لە ئۆتۆمۆبیل دەچوو، نەک لە پایسکیل... «ڕەقیب سلێمان»، کوڕێکی چوختی و قسەخۆشی پۆلەکەمان بوو و دواتریش یەکێ بوو لە پێشمەرگە جەربەزەکانی شۆڕشی تازە، هەستایەوە و بێشەرمانە پێی وت:

– ئەوجا مامۆستا ئەوە تڕوومبێل بووە، پاسکلی چ...؟! پاسکل کوو ئەوهایە...!!

ئەو دەمی تێکئالاَ و وتی:

– ئم... ئوو... ئا... ئێ... ئئئـ... ئەخر... ئا... بەخۆی سەیارەبوو، بەس ئەمە لەبەر خۆشەویستی ناومان لێ نابوو پاسکل.

خوا هەڵناگرێ دوای ئەوە بەتەواوی وازی لە فشە هێنا، بگرە زۆر جار دەیویست تۆڵەمان بۆ بکاتەوە... ئەوەبوو بەپێچەوانەی پێشوو بەهەق و ناهەق خۆیانی دەشکاند.

ئەو «ڕەقیب سلێمان»ە لەشێکی بتەوی هەبوو، بۆکسی لە هەر کێ بدابووایە، دەیبووراندەوە... خۆشبەختانە منی زۆر خۆشدەویست، چونکە ماڵی نەنکی دراوسێمان بوون... نەک لێی نەدەدام، بەڵکو لەسەریشی دەکردمەوە... پێنجشەممەیەک تیپێک لە خەستەخانەوە هاتبوون و قوتابیانی قوتابخانەکەمانیان دژی نەخۆشیی مەلاریا کوتا... هەر هەموومان کەوتین و لەتاوا شەو وڕێنەمان دەکرد... شەممە بەنەخۆشی هاتینەوە و نەماندەتوانی دەستمان بجوولێنین، کەچی «ڕەقیب سلێمان» بەبۆکس لە شوێنی دەرزیەکەی سەر قۆڵی چەپی خۆی دەدا و گاڵتەی پێ دەکردین... ئەویش وەکو من ڕقی لە



قوتابخانە بوو و باوکی بەزۆر دەینارد... جارێکیان لە پۆلی سێیەم «مامۆستا عەزیز»ی عەرەبی پرسی بەکوردی بەقیتار دەڵێن چی... ئێمە هەموومان پێکەنین، واماندەزانی ئەو وشەیە کوردیە، کەچی ئەو «ڕەقیب سلێمان»ە زانی و وتی شەمەندەفەر... من لە ماڵەوە بۆ دایکم گێڕایەوە و ئەو بەگاڵتەپێکردنەوە وتی:

– عالەمی پێشان بەقیتاریان دەگۆت شەمەندەفەر.

من هەموو نیوەڕۆیەک، کە دەنگی شەمەندەفەرم دەبیست، «ڕەقیب سلێمان»م بیردەکەوتەوە و وا چووبووە ئەقڵمەوە ڕۆژێک ئەو یان دەبێت شوفێری شەمەندەفەر، یانیش دەبێت بە«تیتی» و کۆنترۆلی بلیتی نەفەرەکان دەکات.

ئەو قوتابخانەیەی ئێمە کەسانی سەیر سەیری تیابوو، کە من تا سەر ئێسقان بەبەهرەی هەندێکیان سەرسام بووم و بەهیوابووم پێیان بگەم... دیارە من هەرگیز بەخیلیم بەوانە نەدەبرد، کە لە وانەکان زیرەک بوون و نمرەکانیان فوول بوون، کەچی لە ئاستی بەهرەکانی تردا دەحەپەسام... «عومەر خورشید» کوڕی پیاوێکی هەژاربوو و تا بڵێی تەمەڵ بوو... لەسەر کورسیی دواوەی ڕیزی ناوەڕاست لە تەنیشت «ئەکرەم شینە»ی هاوتەمەنی خۆی دادەنیشت... ئیسکانی بوو، بەڵام لە گەڕەکی ئێمە جۆلانەیەکی دانابوو، کە لە هەولێر پێی دەڵێن لەیلووک و دوای دەوام بەپارە و بەنۆرەیەکی عادیلانە منداڵانی تێدەخست... مامۆستاکان بانگی سەر سەکۆکەی حەوشەیان دەکرد و بەقوڕگ زوڕنای لێ دەدا... بێگومان زوڕنای بەڕاستی و دەیان ئاوازی دەردەکرد... جا زۆر جار دەیوت ناتوانێ، چونکە برسیەتی... ڕاستی دەکرد برسیی بوو و کەس نرخی ئەو بەهرەیەی نەدەزانی... دڵنیام ئێستاش برسیەتی و بەهرەکەیشی لە دەست داوە.

هاوڕێیەکی ڕۆحسووکی ترمان لە پشووی نێوان وانە ڕەزاگرانەکاندا بەشێوەیەکی ئێجگار سەیر سەمای دەکرد و هەموومانی دەخستە حاڵەتی مەستبوونەوە... لاساییی «سوهێر زەکی»ی سەماکەری بەناوبانگی میسریی دەکردەوە و ڕێک وەکو ئەو بەنازێکی کچانەی زۆر ناسکەوە دەیوت: «دلعنی یا گمیل فی فرح بلدی»... دوو سێ کوڕی دیکەش بەتەختەکانی بەردەمیان دەهۆڵیان لێ دەدا و بۆیان دەسەندەوە: «واسمع کمان اگمل ألحان... منک یا وهبه یا شازلی گمال»... کاتێکی چەند بڵێی ئاسوودەمان لەگەڵدا بەسەر دەبرد.

«ئازاد حەمید سەبری» لەناو گوش ڕایدەکرد و هەموو ساڵێ کاسێکی دەبردەوە... من گوشێکم دەهێنا و دەمویست لەو بەر دەرگایەی ماڵی خۆمان لاساییی بکەمەوە... زۆر بەربوومەوە و سەر ئەژنۆ و ناولەپەکانم ڕووشان، کەچی هەر فێر نەبووم... دواجار بەدەمدا کەوتم و لچ و لێوم هەڵتۆقین... وازم هێنا و مەحاڵ بوو من فێری هونەری ئاوا بەرز بم.

«برووسک حەیدەر» بێجگە لەوەی کوڕێکی چوختیی قسەخۆش بوو، چاکترین یاریکەری تێنسیش بوو و لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکانی شاردا بەیەکەم دەردەچوو.

قوتابییانی قوتابخانەی ئێمە هەر هەموویان بەهرەدار و هونەرمەند بوون، بەڵام «ئەسکەندەر قولی»

یاریکەرێکی موعجیزە بوو و لە کەس نەدەچوو... ئەو لە بوونەوەرە سەرەتاییەکانی گەردوون بوو و بەدرێژاییی چاخەکان بەنهێنیی دەژیا... بەردەوام لەودیوی ئاگاییی نەوە یەک لەدوای یەکەکاندا مەشقی دەکرد و پەرەی بەتواناکانی خۆی دەدا... لە سەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوت و هەر هەموومانی بەخۆیەوە سەرسام کرد... دەیان چیرۆک و سەرگوزشتەی خورافی و میتۆلۆژیی بیردەخستینەوە و لەناو خەیاڵە ئاڵۆزەکانماندا نغرۆی دەکردین... کۆمەڵگای کوردی ئەو مەخلووقە ئەفسانەییەی پێ پەسەند نەدەکرا و هەوڵی لەناوبردنی دەدا... «ئەو شتانەی سەیرن و لێیان تێناگەین، دەبێ لەناو بچن و کۆتایی بەموشتومڕەکانی ناخمان بێنین»... ئاوای دەوت و پیلانی کوشتنی ئەوی دادەڕشت... منیش بەوە غەدری لێ دەکەم، کە دەمەوێت دەربارەی بنووسم و بەو وشە سواوانە تەعبیر لە توانا ئێجگار گەورەکانی ئەو بکەم... نا، زەحمەتە... ئەوە لە دەست من نایەت... ئاخر «قولی» وەکو چۆن لەناو گۆڕەپانەکەدا بەهیچ یاریکەرێکی دی نەدەگیرا و کەس بۆی نەبوو تۆپەکەی لێ بستێنێ، لە نووسینیشدا خۆی بەدەست هیچ وشەیەکەوە نادات و لە ناولێنان یاخیە... من شێتی ئەوانەم و تا سەر ئێسقان پێیان سەرسامم، کە بەگەورەیی و بەوپەڕی هێزەوە دەردەکەون و بەگەورەیی و بەوپەڕی هێزیشەوە گومدەبن...!!

پۆلی دووەمی سەرەتایی بووین و لەپڕ دەرگا کرایەوە... بەڕێوەبەر هاتە پۆلەوە و دوو قوتابیی هێنابوو... لەسەر دوو کورسیی ناوەڕاستی لای دیوار دانیشتن... «مامۆستا محەمەد کەرکووکی»، مامۆستای «خوێندنەوەی کوردی» پێی وتین ئەمانە دوو قوتابیی تازەن و بران... «ئەسکەندەر» و «دلاوەر»یان ناوە... پێی وتین بەخێرهاتنیان بکەین... کاتێ زەنگەکە لێی دا، ئیسکانییەکان باسیان کرد، کە ئەوانە یاریزانن و ناوبانگیان هەیە.

«مام ئەحمەد»ی باوکیان ئەندامێکی زۆر ناسراوی پارتی بوو و لای خەڵکی ئیسکان ڕێزێکی سەیری لێ دەگیرا... هاوڕێی مامۆستاکانمان بوو و هەمیشە قسە خۆشەکانیان دەگێڕایەوە... «ئەسکەندەر» و «دلاوەر»یش وابوون و ڕۆحیان بەرادەیەک سووک بوو، کە ئێرەییت پێ دەبردن و بەبێ ویست لاساییی هەڵسوکەوتەکانیانت دەکردنەوە... بەتایبەتی «ئەسکەندەر»، کە برا گەورەکە بوو و ئەوسا تەمەنی لە دوانزدە ساڵ کەمتر نەبوو... باڵایەکی بەرزی هەبوو و یەکێ بوو لە کوڕە گەورەکانی ئەو قوتابخانەیە... زیرەکیش بوو... لە یەکەمەکان بوو... پشتی هەموو ئەو قوتابییانەی دەگرت و لەسەری دەکردنەوە، کە لەلایەن بەهێزەکانەوە غەدریان لێ دەکرا... ڕۆحی یارمەتیی تیا بوو و منداڵەکانی بەبرای بچووکی خۆی دەزانی... یەکێ لەوانە من بووم... زۆر خۆشی دەویستم و ئەوانی تریش ئەوەیان دەزانی، بۆیە نەیاندەوێرا شەڕم پێ بفرۆشن... بەدایکمی دەوت، کە من برای بچووکی ئەوم و هیچ ترسی لێم نەبێت... جارێکیان لە پۆلی دووەم، کە تەمەنم شەش ساڵ بوو، وانەی وەرزشمان هەبوو و دەبووایە بەفانیلە و دەرپێی کورت لە گۆڕەپانە فرەوانەکەی بەردەمی قوتابخانە وەرزش بکەین... کاتێ تەواو بووین و هاتینەوە پۆل، جلەکانمان لە بەر دەکرد و دەبووایە بچینەوە ماڵ... هەموو جلەکانیان لەبەرکردبوو، تەنها من مابووم، چونکە زۆر منداڵ بووم و دایکیشم بۆ ئەوەی سەرمام نەبێ، چوار پێنج پارچەی لەبەرکردبووم، نەمدەزانی لەبەریان بکەم... بیرم لەوە دەکردەوە دەرگای قوتابخانە دادەخەن و من ئەمشەو لێرە بەتەنیا دەمێنمەوە... قوتابخانە



بەڕۆژی ڕووناک ئەوەندە ترسناکە، ئاخۆ بەشەوی تاریک و نووتەک چۆن بێت...!! هەر زەندەقم چووبوو و ڕەنگم بەبەرەوە نەمابوو... «ئەسکەندەر قولی» هەستی پێ کردبووم و لێی پرسیم:

– چییە... ئەتوو نازانی جلکی خۆت لەبەرکەی...؟!

دەستم کرد بەگریان و ئەو جلەکانی لەبەرکردم.

ڕۆژانە لە ڕێگای قوتابخانە و شەوان لەسەر جێگا پێش ئەوەی خەوم لێ بکەوێت، بیرم لەو دەکردەوە و حەزم دەکرد برام بووایە... هەمیشە بەخەیاڵ دەمکرد بەبرای گەورەی خۆم... بەڵام ئەو چونکە لە تەمەنی من نەبوو، لێم نزیکنەدەکەوتەوە و زۆر کەم قسەی لەگەڵدا دەکردم... منیش بەڕاستی خۆشیمدەویست و شەرمم لێی دەکرد... پێی سەرسام بووم و بیرم لە توانا بەرزەکانی دەکردەوە.

یەکێ لە وانەکانمان نیگار بوو و دەبووایە لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ و سەری ساڵدا هەر قوتابییەک نیگارێکی لەسەر کارتۆنێکی گەورە پێشکەش بەمامۆستای نیگار بکردایە... مەرج نەبوو ئەو نیگارە خۆمان بمانکێشایە... «ئەسکەندەر» ناوەکەی بەئەلف دەستی پێدەکرد و خرابووە پێش ناوی «ئەکرەم شینە»یش، یەکەم کەس بانگیان کرد و نیگاری خۆی پیشان دا، کە وێنەی «بارزانی» بوو و بەخەنجەرەکەی بەر پشتێنییەوە زۆر هونەرمەندانە کێشابوویان... «مامۆستا...» سەیری کرد و چاوی چووە پشتی سەری... ڕێک و ڕەوان، بەبێ ترس پێی وت:

– ئەوە نابی.

دوایی نازانم چۆن لێی وەرگرت و خستیە سەر ئەو کەلێندەرەی پۆل، کە لە داری ساج دروست کرابوو و جامخانەیەکی هەبوو... ئەوسا ئێمە لە پۆلی سێیەم بووین... ئەو مامۆستایە هی قوتابخانەکەی ئێمە نەبوو، بەڵام هەر خۆی بەمیوانیی دەهات و زاڵمی وەکو ئەو لە هەموو دنیادا نەبوو... ئەو ڕۆژەی ئەو بهاتایە، زۆر ئاسایی بوو هەر هەموومان میزمان بەخۆماندا بکردایە... دەنگێکی بەراستی ترسناکی پێوەبوو و بەردەوام دەیقیژاند... لە دەرەوەش بماندیایە، ڕاماندەکرد و خۆمان دەشاردەوە... جارێکیان جلێکی مغاویریی لەبەربوو و لەسەری کۆڵانەکەی ئێمەوە دەرکەوت... هەرچی منداڵ هەبوو ڕایانکرد و چوونە ژوورەوە... تمەز دەچوو بۆ هەموو قوتابخانەکان و قوتابییانی هەموو شارەکەی تۆقاندبوو... زۆرن ئەوانەی پەتپەتێن دەکەن و هەر ڕۆژێ ئەندام و لایەنگری حیزبێکن، بەڵام ئەم لە منداڵییەوە بەعسی بوو و نەدەگۆڕا... بەلاوەنانی وێنەی «بارزانی» و بەدەستی «ئەسکەندەر قولی»یش جورئەتی دەویست، بەڵام بەڕاستی ئەو مامۆستایە ئازابوو و دەیتوانی.

«ئەسکەندەر قولی» لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، چووە شاخ... چییتر قوتابخانەی ئێمە لە یاریی تۆپی پێدا نەیدەتوانی یەکەم بێت و کاسەکە بەرێتەوە... لە هاوینی حەفتاونۆ گەڕایەوە و بەتەواوی وازی لە وەرزش هێنابوو... من لە حەفتاوچوارەوە تا کاتی نووسینی ئەم بیرەوەریانە نەمدیوە، بەڵام هاوڕێکانم زۆر جار باسیان کردووە، کە ئێستا هەر کەسێ بەو ورگەیەوە بیبینێ، باوەڕناکات ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر قاچیشی بەر تۆپ کەوتبێت... بۆیە دوورنییە منیش سەدان جار دیبێتم، بەڵام نەمناسیبێتەوە... بەڵێ،

یەکێ لە شەوەکانی ساڵی نەوەد لەگەڵ برادەرێکم بەسەر شەقامی ئیسکاندا دەڕۆیشتین و دوو پیاو بەلاماندا تێپەڕین... من سەرنجم لێ نەدان... دوایی ئەو هاوڕێیەم وتی، کە ئەوەی لای ڕاست «ئەسکەندەر قولی» بوو... من لەپڕ لام کردەوە و تەنها تارماییەکەیم لەو تاریکاییەی نزیک «مونەزەمەی یەرمووک»دا بینی... من لە «رووناکی» و ئەو لە «ئیسکان» زەحمەت نەبوو، ئەگەر بمویستایە ببیبینم، بەڵام بەڕاستی نەمدەویست... نەمدەویست و چاوم بەرایی نەدەدا سیمای تێکشکاوی ئەو پاڵەوانە خورافیە ببینم... ببوورە «قولی» گیان ئێمە دڕندانە بەهرەکانی تۆمان کوشت و زۆر دوژمنانە خەونەکانتمان قەلاچۆکرد... ئێمە سیمای جوانی تۆمان تێکشێواند و لە یاریزانێکی زۆر لێهاتووەوە بۆ پیاوێکی ورگنی دەستەپاچە گۆڕیمانی... ببوورە «قولی»یەکەی ڕۆحم لەگەڵتدا دڵڕەق بووین و چاومان بەتوانا بەرزەکانت هەڵنەهات... جاران لەو مەلعەبەی هەولێر ڕاکردنی هەموو دنیا بەرگەی چەند چرکەیەکی ئەو قاچانەتیان نەدەگرت و ئێستاش لەو گازینۆیەی ئیسکان بەتەممەڵی ڕایاندەکێشیت... ماندووبوونەکانت یەک لە دوای یەک ماندوو دەکرد و هەناسەبڕکێت پێ دەخستن... لەودیوی هێڵەکانەوە وەکو ڕەوەیەک ورچی شەکەت دەکەوتن و ئاومان بەدەمیانەوە دەکردن، بەڵام تۆ ماندوو نەدەبوویت و لە ڕاکەراکی خۆت نەدەکەوتی... هەموو شتێ لە بەر چاوی تۆدا شێوەی گۆڕەپانی یاری و تۆپی پێیان بەخۆیانەوە دەگرت و خەیاڵەکانت لەپێش جەستەتەوە مەشقیان دەکرد... فێڵ و تاکتیکی تازەیان دادەهێنا و شاگەشکەیان دەکردی... دواجار زۆر لێزانانە لەو گۆڕەپانە پیشانت دەداین و لە دڵمانت دەچەسپاند، کە ئێمە بەختەوەرین و هاوڕێ و هاوپۆل و هاوقوتابخانە و هاوشار و هاووڵاتی گەورەترین یاریزانین... ئەی ئێستا بیر لە چی دەکەیتەوە...؟! تەواو «قولی» گیان تەواو... ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو و کاسەکانت لەسەر تاقی ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەی زێوەر ژەنگیان هەڵهێنا... وەکو خۆت سیمایان گۆڕا و لەبیرچوونەوە... وێنەکەت لە قەدی دیوارەکانی ئەو ژوورە و هی «یانەی وەرزشی ئیسکان» تێکشێوا و خۆشت نایناسیتەوە... تۆ ئێستا خاوەنی جەستەیەکی داهێزراویت و ئێمە ناتوانین وەکو ئەوسا چەپڵەت بۆ لێ دەین... ئافەرینت لێ بکەین و خۆمان بەقوربان و بەساقەت بکەین... چیتر ناتوانین دەنگمان بکەین بەیەک و تا تینمان تیایە هاوارکەین:

– قولی... قولی... بڕۆ... بڕۆ... دەی دەی دەی... ڕاکە... ڕاکە... لێیدە... لێیدە... گۆڵ گۆڵ گۆڵ...!!

ئینجا لە خۆشییا هەر هەموومان بەجارێ هەستینەوە سەر پێ و بڵێین:

– بەقوربانت بم...!! بەقوربانت بم...!!

چاوەڕێی هیچمان لێ نەکەیت «قولی» گیان، تکایە چاوەڕێی هیچمان لێ نەکەیت... تۆمان بیرچووەوە و ناتوانین هیچ شتێکت بۆ بکەین... تەنانەت ناتوانین ناوەکەت لە یانەیەکی وەرزش، تیپێکی تۆپی پێی گەڕەک، گۆڕەپانێکی بچکۆلەش بنێین... چیتر حەز لەو ناوە خۆشەی جارانت ناکەین، کە لە حەفتاکان ڕێگای ماڵی هەموو گوێچکەکانی پێدەزانی و بەبێ وەرگرتنی ڕوخسەت خۆی پیادا دەکردن... ئیتر تۆ گیانێکی تەمەڵ و سیمایەکی ناشیرین و ناوێکی ناخۆش و نازناوێکی ناخۆشترت هەیە و لەو گازینۆ لاچەپە سەری خۆت کزکە... پارەت هەیە چا و قاوەی پێ بخۆیتەوە، یان نییتە، کەیفی خۆتە و بەئێمە



چی... ڕۆژگار گۆڕاوە و پێویستمان پێت نەماوە... نە بۆ شیعری ئێمە دەستدەدەیت و نە بۆ گۆرانیمان... نە بەکەڵکی چیرۆکمان دێیت و نە هی ڕۆمانمان...!! ئاخر نەبۆتە باو لە ئەدەبدا باس لە پاڵەوانێکی وەرزش بکرێت «قولی» گیان... نەبۆتە باو و بەڕاستییش جوان نییە... بۆچی لەجیاتی فودبۆڵ، چەقۆیەک، خەنجەربۆکسێک، خەنجەرێکی دەبان، شمشێرێ، تەورێ، تاپڕێ، دەمانچەیەک، تفەنگێکت هەڵنەدەگرت و خەڵکت پێ نەدەکوشت...؟! بۆچی لە یەکێ لە زیندانەکاندا خەریکی جەللادی نەدەبووی...؟! بۆ ئەوەی ئێستا من بیبلۆگرافیایەکی ئەو هەموو شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەم بکردایە، کە دەربارەیان نووسیبووی.

چییە تووڕەبووی...؟! پێت ناخۆشە بڵێم پیاوکوژ و جەللاد بوویتایە...؟! ببوورە ئەی ناسکترین ناوی سەرتاپای شارە دوور دوور دوورەکەم... ئەی جوانترین کارەکتەری ناو خەیاڵە قووڵ قووڵ قووڵەکانی منداڵیم... من لە تووڕەییا ئاگام لە خۆم نەماوە... زمانم تەتەڵە دەکات و قسە هەڵدەبزرکێنم... تووڕەم چاوەکەم تووڕەم... لە خۆم و لە ڕابردووم و لە ئێستام و لە هەموو شتێ تووڕەم... هەڵەشەم... شپرزەم... پەشۆکاوم... شێتم... ئا، بەخوا شێتم... کەمێکی تر هێمن دەبمەوە، وەک نە بام دیبێت و نە باران، نوکتە دەگێڕمەوە و قاقا لێ دەدەم... بەخەیاڵە تێکشکاوەکانی منداڵیم دەژیم و ئەوان هەڵم دەسوڕێنن... گەورە نابم... نە بەخوا گەورە نابم... ئەو سەرسامیە ناهێڵێ گەشە بکەم... نەوە لە دوای نەوە بەلامدا تێدەپەڕن و گەورە دەبن... بەبچکۆل بچکۆل بانگم دەکەن... بەمامە مامە و خاڵە خاڵە دوایان دەکەوم... ناشتوانم هەنگاو بنێم... قاچەکانم لە لیتەی ساڵانی سەرەتای حەفتادا ڕۆچوون و جووڵەم بۆ ناکرێت... تا ڕۆژێ لە شوێنی خۆم ڕەقدەبمەوە و وەکو پەیکەری ئێسقانی دەعبایەکی سەیر و سەمەرە دەردەکەوم... نەوەیەکی تر و دوانی تر و دەی تریش دێن و بەجێم دەهێڵن، من هەر وەکو خۆمم و ناگۆڕێم... ئامۆژگاریم دەکەن... سەرزەنشتم دەکەن... چەمۆڵەم لێ دەنێن... بووزم پێوە دەکەن... گوێچکەم ڕادەکێشن... لێم دەدەن... گەورە نابم و هەر منداڵەکەی ئەوسام... «دادە نادیە» و «دادە تاڤگە»ی خوشکم، زۆر دوای من لە دایک بوون و دەیان جار لەجیاتی دایکم بێشکەکانیانم ڕاهەژاندووە، کەچی ئێستا دەست بەسەرمدا دێنن و دڵنەواییم دەدەنەوە... بە«برا بچکۆلەکەم» بانگم دەکەن و دەمکەنە قەڵاندۆشکانیان... «شادە»ی خوشکم هەر چیرۆکێ بۆ منداڵان دەنووسێت، لەپێشدا بۆ منی دەخوێنێتەوە و تەمسیلی جووڵەی گیاندار و باڵندەکانم بۆ دەکات... «دوارۆژ»ی کوڕم و «ڕۆژیار»ی کچم و «ڕەهەند» و «ڕۆڤان»ی برازاشم گەورەبوون و باسی ئەزموونی ژیانی هەرزەکاری و گەنجێتیی خۆیانم بۆ دەکەن، من هەر منداڵەکەی جارانم و ناگۆڕێم... برازاکانی ترم «مەنار» و «ڕەندە» و «ئاسار» و «مەسار» شوویان کرد و بوون بەدایک، من هەر لەو شوێنەی خۆمم و جووڵە ناکەم... وەکو «ئۆسکار»ی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی «تەپڵی تەنەکە»ی «گۆنتەر گراس»م لێهاتووە و گەشە ناکەم... تا ماوم هەر بەمنداڵی دەمێنمەوە... «قولی» گیان ئەی برا گەورەکەی منداڵیم، تۆ لەناو خەیاڵەکانمدا تێکشکاوی و لەوساوە حەیران و سەراسیمە لە پارچەکانت دەڕوانم... تازە ئەگەر هەمووشیان کۆکەمەوە و بتکەمەوە بەوەی جاران، کە دەزانم هەرگیز هەرگیز نابیت، بەڵام من هەر لەو حەپەسانە ئەبەدیەدا دەمێنمەوە و هەر ئاوا منداڵانە هەڵسوکەوت دەکەم... ساڵ هەر ساڵی حەفتا و حەفتاویەک و حەفتاودوو و حەفتاوسێ و سەرەتای حەفتاوچوارە و هیچ ناگۆڕێ...

«نیلس لوندڤال Niels Lundvall»ی هاوڕێم، کە ژۆرنالیست و نیگارکێشێکی ناسراوی دانیمارکییە، ڕقی لە تۆپی پێیە، چونکە پێی وایە سیمایەکی نێرانەی بەخۆیەوە گرتووە و یاریەکی هیۆمانیستیی نییە، بەڵام من تۆم لەوێدا ونکردووە و بەدواتا دەگەڕێم... «نیلس لوندڤال» بۆیە وای وت، چونکە من باسی تۆم بۆی کرد... ئێستا باسمان کردی... ئەو دێڕانەی سەرەوەم دەربارەی تۆ دەنووسی و هەستی بەحاڵەتە نائاساییەکەم کرد... پرسیاری لێ کردم و بەراستی وەڵامیم دایەوە... هێنایتیە بەر چاوی... سەرنجی لێ دایت... لێت وردبووەوە... ئەبڵەق بوو... حەپەسا... پێت سەرسام بوو... خۆشیویستی... دنیایەک ئاخی بۆ شکستی تۆ و بۆ نائومێدیەکانی من و بۆ نەهامەتیەکانی نەتەوە ژێردەست و لەتلەتەکەمان هەڵکێشا... هەر خێرا بە«ئینگا Inge»ی ژنی ناساندی... دەبووایە زووتر لە ڕێی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە بتناسن، نەک لە زمانی منەوە... من کوا دەتوانم باسی تۆ بکەم...!! چۆن دەتوانم لاساییی جووڵە هونەریەکانت بکەمەوە...!! کەس ناتوانێت کەس... خۆشت ناتوانیت... تۆمان لە دەست چوو «قولی» گیان تۆمان لە دەست چوو... براگەورە و هاوڕێ و هاوپۆلی من نەبوویتایە... قوتابیی قوتابخانەی زێوەر نەبوویتایە... ئیسکانی نەبوویتایە... هەولێری نەبوویتایە... کورد نەبوویتایە... ڕۆژهەڵاتی نەبوویتایە... تاقە «قولی»ـەکەی ئەم سەردەمە زاڵم و بکوژە نەبوویتایە...!!

کورد دەزانێت شۆڕشێکی گەورەی نوشستی هێناوە، بەڵام نەیزانیوە یاریزانێکی جیهانییشی لە دەست چووە... «قولی» ئەگەر کوڕی ئێمەی کورد نەبووایە، ئێستا «ئەلیکساندەر»ێک یان «ئەلیخاندرۆ»یەک دەبوو... زۆربەمان خۆشماندەویست و وێنەکەیمان بەدیواری ماڵەکانمانەوە هەڵدەواسی.(١٥)

مێژووی ئێمە ناتوانێت و ماقووڵیش نییە، کاتێ باسی زیانەکانی ئەو هەرەسە بکات، «ئەسکەندەر قولی»یشی بیربێت، بەڵام بەڕاستی هەق وایە ئەدەبی ئێمە ئەو ناوەی لە یاد نەچێت.(١٦)

«قولی» بۆ من وێنەیەکی نموونەیی بوو و تێکشکا... ئاخر ژیانی من پڕیبوو لە وێنەی تێکشکاو... ئەو شەوەی لە تەنیشت باوکە خەمبار و ڕووخاوەکەم، لەو ڕادیۆیە وەکو ملیۆنان ملیۆن کەسی دیکە هەواڵی هەرەسی شۆڕشم بیست، تەمەنم تەنها یانزدە ساڵ بوو... دەگریام و دایکم و باوکم لەسەر حاڵی خۆیانەوە دڵنەواییی منیان دەدایەوە... ئەگەرچی مەحاڵ بوو بتوانن ئەو کۆستە گەورەیەم لە خەیاڵ دەرکەن... چیتر ئەو ڕادیۆیە لەوەی جاران نەدەچوو و مات و زەلیلانە لە باوەشی باوکمدا خۆی بێدەنگ کردبوو... نەیدەتوانی هیچ شتێکمان پێ بڵێ... خۆی بەشەرمەزار دەزانی... فێڵی لێ کردبووین... تەفرەی دابووین... دەستخەڕۆی کردبووین... بەڵام وا درۆکانی دەرکەوتن و هیچی دی گوێی لێ ناگرین... هیچیشی نەماوە پێمانی بڵێ... شەپۆلە کورتەکانی، درێژەکانی، ناوەنجیەکانی، ژمارە ورد و درشتەکانی، هەر هەموویان دوژمن دەرچوون و ناپاکییان لێ کردین... کەچی باوکم هێشتا لە ئاستیدا دڵنەرمە و بەشەق نایکاتە دەرەوە... ئێمە لەسەر شتی چەند بچووک تێمانهەڵدەدرا و بەسەعات دەکراینە ژوورەوە، ئەی ئەو ڕادیۆ ناپاکە بۆچی لە گوڵ کاڵتری پێ ناوترێ و شاربەدەری ناکەن... ئای کە درۆزن بوو...!! ئای کە بێویژدان بوو...!!



لە پایەتەختی ئەو وڵاتەدا ئێمە و شۆڕشەکەمانیان فرۆشتووە، کە من خۆشیمدەوێت و دەیان شەو لەژێر لێفەکەمەوە بۆ «جەمیلە بوپاشا»ی قارەمان گریاوم... بۆ مەمکە جوانەکانی فرمێسکی دنیام ڕشتووە، کە جەللادەکانی فەرەنسا بەئاگری جگەرە سووتاندوویانن و تەواو سیمایان گۆڕیون... ئامۆزایەکم بۆی باسکردووم و چیرۆکی ژیانەکەی بۆ خوێندوومەتەوە... دەیان جار بەسۆزەوە لە وێنەی خۆی و «نەفیسە»ی خوشکی و دایکی و باوکی ڕاماوم و ماچم کردوون، کە لە پێشەکیی کتێبەکەی «سیمۆن دی بۆڤار» و «جیزیل حەلیمی» لە لای ئەو ئامۆزایەمدا بینوومن... یەکێ لە وێنەکانی «جەمیلە»، «پیکاسۆ» کێشاویەتی و لە سەیرکردنی تێر نەدەبووم... گوێچکەکانم کەڕبن و هیچ شتێ نەبیستن، بەڵام گوێم لە دەنگی باوکە پیرەکەی «جەمیلە» نەبێت، کاتێ لەو زیندانە لە جەللادەکان دەپاڕێتەوە و پێیان دەڵێت:

– کەمێ ئینسانیەت.

ئەوانیش خراپتر ئەشکەنجەی دەدەن و بەسەریدا هاوار دەکەن:

– لەگەڵ عەرەبدا ئینسانیەت نییە.

چاوەکانم کوێربن و ڕۆشناییان تیادا نەمێنێ، بەڵام جەستەی ناسکی «جەمیلە» نەبینم، کاتێ بەتەوژمی کارەبا تێکدەشێوێنرێت و دایکی خۆیشی نایناسێتەوە... منداڵێکی یانزدە ساڵانی خوێنگەرمی چەپڕەوم و هیچ پەشیمان نییم... دژی هەموو شێوە چەوسانەوەیەکم، جا هی خۆمان بێت، یان هی دراوسێ و بێگانە، بەڵام سەدان «جەمیلە»ی ئێمە لەپڕ هەناسەسارد کران و کەس باسیان ناکات... «دادە سیمۆن دی بۆڤار» و «دادە جیزیل حەلیمی» «جەمیلە»کانی ئێمە بە«جەمیلە» نازانن و بەرگرییان لێ ناکەن...(١٧) «پیکاسۆ»کان، هونەرمەندانی چەوساوەکان نیگارکێشانیان بیرچۆتەوە و نازانن وێنەی یەکێ لە «جەمیلە»کانی ئێمەش بکێشن... بەیانی ناچم بۆ قوتابخانە... ئاخر بۆچی بچم... توخوا بۆچی بچم... پێم بڵێن بۆچی بچم و کێ ببینم... ڕۆژانی تر بەچپە هەواڵەکانمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە و باسی کوشتنی سەدان سەرباز و ئەفسەری گەورە و کەوتنەخوارەوەی دەیان فڕۆکەمان دەکرد...(١٨) ئەی بەیانی چی بەیەکتر بڵێین... نەدەکرا نەچم، باوکم ڕازیی نەدەبوو... بەم حاڵەیشەوە من و کتێب و مامۆستا و قوتابخانەی بیرنەدەچوو... لە قوتابخانەیشەوە چووین بۆ لای «مزگەوتی ئیسکان»، کە زیلەکان هەزاران پێشمەرگەیان تێکردبوو و چاوەڕێ بوون ناوەکانیان بخوێننەوە، ئینجا بچنەوە ناو ماڵەکانیان... مەراقم بوو پێشمەرگە ببینم... وامدەزانی ئەوەی دەچێتە شاخ و ناوی پێشمەرگەی لێدەنێن، ڕۆحێکی دیکەی لە خواوە بۆ دێت و دەبێتە کەسێکی تر... هەر ئەوانەی ڕۆژانێک دراوسێمان بوون و هەرگیز سەرنجیان ڕانەکێشابووم، کاتێ چووبوونە شاخ و چەکیان کردبووە شان، بۆ من بووبوونە پاڵەوانی ناو چیرۆکە میتۆلۆژیەکان و حەزم دەکرد بیانبینم، بەڵام نەمدەدین... چۆنم بدینایە... بەڵێ، دیمن... بۆ یەکەمجار لەو مزگەوتە دیمن... لەسەر دیوارەکەوە دیمن... هێشتا هەر خۆشمدەویستن... هێشتا هەر شەرمم لێ دەکردن... باوەڕم بەهەرەس و ئاشبەتاڵ و نسکۆ و تێکشکان و هیچ ناوێکی دی نەبوو... بەجامانە دەموچاویان پێچابوو و کز و خەمناک چاوەڕێی خوێندنەوەی ناوی خۆیان دەکرد... پێشمەرگەی زەلیلم بینی... زۆر جیابوون لەوانەی ڕادیۆکە پێی وتبووین... خەونی چەند ڕۆژ لەمەوبەرم بیردەهاتەوە.. ئەوەتا لەگەڵ

ئامۆژنم بەگەڕەکێکی چۆڵدا تێدەپەڕین.. دەرگای خانووەکان دەفی زل زلن.. دەستیان لێدەدەین و دەنگی سەیریان لێ هەڵدەستێت.. گۆزەی ڕەش ڕەشی بچووک و بچووکتر، گەورە و گەورەتر لەسەر دیوارەکان ڕیز کراون و تک تک دڵۆپە ئاوی سپی سپیی ورد و وردتر، درشت و درشتتریان لێ دێتە خوارێ.. دواتر تێکەڵ بەیەکتری دەبن و لەناو کۆڵانەکاندا جۆگەی گەورەی سوور سوور پێکدەهێنن.. سووک سووک ئاو بەرز دەبێتەوە و شتەکان نقوم دەکات.. پەیتا پەیتا بەباڵای دیواراندا هەڵدەزنێت و زیاتر ترس دەخاتە دڵمەوە.. نازانم چۆن ئاوا گەیشتوومەتە ترۆپکی منارەیەکی بەرز و وا لەوێوە لەسەربانی ماڵەکان ڕادەمێنم.. ئەو سەربانانەی، کە پیاوە ڕەشپۆشە لەیەکچووەکان بەڕیز دەستیان لەسەر پەرژینە سپییەکان داناوە و ناوچەوانیان شل و خاو خستۆتە سەریان.. هەر دەڵێی سوێندیان بەهەموو کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمان و زەوی خواردووە، ئیتر هەڵیان نەبڕن و تا ماون وەکوو پەیکەر جووڵە نەکەن.. قژی ژنانیان لە لوولەی چەکەکانیان ئاڵاندووە و فڕەیان داونەتە پشت خۆیانەوە.. دەسا من زۆر دەستم گرت بەملاو بەولای دەممەوە تا تینم تیابوو هاوارم کرد:

– ئاگاتان لە خۆتان بی مامەکانم..!! ئاگاتان لە خۆتان بی..!! ئەوە لۆ گێم لێ ناگرن..؟! وەختە لافاو ڕاپێچی ناو......

کەچی ئەمان نەجووڵان و نەجووڵان.. گۆزەکان بەژێر ئاوی خۆیان کەوتن و سیمای گەڕەک گۆڕا.. ئەمان نەجووڵان و نەجووڵان.. لافاو گەیشتە سەربان و تا تەوقی سەریان هات.. ئەمان نەجووڵان و نەجووڵان. پۆلیسێکی عەرەب لە بەردەرگای مزگەوت وەستابوو و دەیوت:

– ئەمن کوردی نازانی.

بەو خەڵکانەی دەوت، کە دەیانویست چی زووترە بانگی باوک و کوڕەکانیان بکەن و لە ئامێزیان بگرن... هەر ئەو ڕۆژە ڕوویان لە ماڵەکانیان کردەوە و مزگەوتەکە چۆڵ بوو.

ڕۆژنامەکانم بینی... ڕیزێ پێشمەرگەی بێچەکم بینی بەدوای ئەفسەرێکدا دەڕۆیشتن و بەرەو زیلەکان دەچوون... «ڕزگاری مامۆستا عەبدوللا»ی دراوسێمان ئەفسەرەکەی بەمەقەست لەوان جیاکردەوە و لێیان ڕادەما... بەڵام هێشتا هەر خەمبار و زەلیل دەهاتنە بەرچاوم... «ئەکرەم حەسەن»، کە باوکی هەر زوو لە شەڕێکدا شەهید بووبوو و لەگەڵ دایکیان هاتبوونەوە ناو شار، تا تینی تیابوو جنێوی دەدا و «بژی مەلا مەسەتەفای بارزانی»ی لەناو کۆڵانەکەدا دەوت... کۆڵانی چی...!! چۆڵ چۆڵ... بێدەنگ و بێچرپە... تەواو سیمای گۆڕا بوو و نەماندەناسیەوە.

من ئەوسا ساڵی دووەمم بوو لە پۆلی پێنجەم... بەڵێ، پار دەرنەچووم و نمرەکانم لە سی و چل بەسەرنەکەوتن... پێش نیوەی ساڵ لە شەش وانە دەرنەچووم، بەڵام کارتەکەم پیشانی باوکم نەدا... چەند دەترسام لەپڕ ئەو جانتایەم بکەنەوە و بیهێننە دەرێ... بۆ بەیانیەکەی براکەم، کە ئەوسا پۆلی دوو بوو و دواتر بەمن گەیشت، زانی کارتمان وەرگرتۆتەوە، بۆیە من لە ماڵەوە وتم، بەڵێ وەرمانگرتەوە، بەڵام هەر خێرا لێیان سەندینەوە... نەموت کارتەکەم دوێنێ شەو وەکو ئاسکێکی خەڵتانی خوێن لە ژوورەکەمدا



گەوزی دەدا و ئێوە نەتاندەبینی... شەش ڕاوکەر بەتاپڕ نیشانیان لێ گرتبوو و سەر و گوللەیان لێ دابوو... گوێتان لە لرخەلرخی قوڕگی نەدەبوو و لە ڕەنگی هەڵبزڕکاوی مندا هیچتان بەدی نەدەکرد... پێم وتن لە «بیرکاری» دەرنەچووم، ئەو بابەتەی، کە ڕقی دنیام لێی بوو و هەمیشە من و باوکمی دەکرد بەگژ یەکدا... هەرکە باوکم زانی لە دەرسێ کەوتووم، تەواو ڕەنگی گۆڕا و دەترسایین شتێکی بەسەربێت... ئەوە یەکەمجار بوو من بکەوم... نەیدەزانی لە من بدات، یان لە خۆی... خۆم لە ژوورێ نابوو و دەرگاکەم داخستبوو... جنێوی بەخۆم دەدا... بەدایکمی دەدا... بەخۆی دەدا... بەهاوڕێکانی کۆڵانەکەمان و هی ئەودیومانی دەدا... هەڕەشەی دەکرد... شاڵاوی دەهێنا... ئینجا وەرە بیزانیایە لە پێنجی تریش کەوتووم... جا بۆ نەیزانی...؟! نیوەی ساڵ ئەو شەشەی پێشوو و هەشتە تازەکەیشی بینی... وەی وەی وەی چی ڕووی دا...!! ئەی سەری ساڵ بۆ ناڵێی...؟! پێویست ناکا بیگێڕمەوە، چونکە دیارە چی کردووە.

ساڵی دواتر زۆر زیرەک بووبووم و نمرەکانم بەرز بوون... ئاخر نەدەکرا ساڵێکی تریش دەرنەچم، بۆیە کۆششم دەکرد... ئەگەرچی کتێبەکانیشم کۆن بوون و هەر یەکەیان لە سەرەتا و کۆتاییەکەیان چەند لاپەڕەیەکیان کەم بوو، بەڵام چار نەبوو و هی هاوڕێکانم دەهێنا... لە «سەفین سابیر»[١٩]م وەردەگرت و دێڕ بەدێڕ لەبەرم دەکردن... ساڵی پێشوو کاتێ کتێبەکانیان لێ دەسەندینەوە، ئەگەر کۆن بوونایە، دەبووایە پارە بدەین... جا من کتێبی مێژووم چونکە لە ترسی باوکم زۆر بەدەستەوە گرتبوو و دەیان جار لە کۆڵان لە کاتی یاریکردن فڕێمدابووە ناو قوڕ و خۆڵەوە، تەنها چەند لاپەڕەیەکی مابووەوە... منیش یەک بەرگی جوانم بۆ کرد و پێیان نەزانی... بەڵام ساڵی دواتر، کە دەرنەچووەکان دەبووایە کتێبی کۆن وەربگرن، هەموویان بردین بۆ ژووری ژێر قادرمەکە و بۆ خۆمان کتێبمان بژار دەکرد... من هەر چاوم بەبەرگی ئەو کتێبە کەوت، خێرا پەلاماریم دا و کردمە باوەشم... دوایی کاتێ لە پۆلەکە لێی وردبوومەوە و زانیم هی خۆمە، پێکەنینم هات و دەیان چیرۆکی فۆلکلۆریم بیرکەوتەوە.

باوکم دوای شکستی شۆڕش زۆر لە جاران خراپتر بەخوێندن و قوتابخانەوەی گرتبوو و دەیویست هیچ نەبێت لەو ڕێگەیەوە بەشێ لە ئاواتەکانی بێتە دی... من ئەو ساڵە زۆر باشبووم و سەری ساڵ بەنمرەی چاکەوە هاتمەوە... بەڵام لە پۆلی شەشەم، کە ئەوسا بەکالۆریا بوو، بەرەو خراپی چوومەوە و سەری ساڵ و خولی دووەمیش لە بیرکاری گەڕامەوە... ساڵی دواتر باشبووم و بەپلەی زۆر بەرز دەرچووم... ئەو ڕۆژەی کارتی سەری ساڵیشم وەرگرتەوە، دایکم کچێکی زۆر جوانی بووبوو و باوکم لە خۆشیا نەیدەزانی چی بۆ من و بۆ دایکم بکات... ناوی «نادیە» بۆ ئەو ڕۆژە زۆر گونجاو بوو و هەموومان لەسەری ڕێککەوتین... دڵنیام باوکم هەر ئەو ڕۆژە بیری لەوە کردبووەوە، ئاخۆ ئەو کۆرپەیە کەی گەورە دەبێت و دەچێت بۆ قوتابخانە... ئاخۆ زیرەک دەردەچێت، یان تەمەڵ... چی تەواو دەکات و دەبێت بەچی...؟! یەکێ لە خوشکەکانم لە قوتابخانە هاوپۆلێکی بۆی باسکردبوو، کە هەر جارێ دایکی کچی بووبوایە، باوکی تێیهەڵدەدا و خۆی و منداڵە ساوەکەی لە حەمام دەکرد... باوکی ئێمە لە هەموو ژیانیدا نەیزانیوە جیاوازیی نێوان کچ و کوڕ چییە و هەموومانی بەقەدەر یەک خۆشدەویست... ئەگەر دایکم سووکە تایەکی لێ بهاتایە، سەرتاپای دکتۆرەکانی «بەغدا» و «مووسڵ»ی پێ دەکرد و بەردەوام دڵنەواییی دەدایەوە...

شەو تا بەیانی بەدیار سەریەوە دادەنیشت و نەدەنووست... خوێندن و قوتابخانە نەبوونایە، بۆ خۆمان ئاسوودە دەژیاین و ڕۆحمان بەسەر سەری یەکترەوە دەردەچوو، بەڵام ئەوان وازیان لێ نەدەهێناین و هەر زوو زوو دەیانکردین بەگژ یەکدا... ئاژاوەیان دەخستە ماڵەکەمانەوە و پەیوەندیی نێوانمانیان دەپچڕاند.

باوکم جنێوێکی خۆشی بۆ من داتاشیبوو و پێی دەوتم «ساقیتباب»... «کەمال عوسمان» هاوڕێیەکی خۆشەویستی منداڵیمە و زۆر بەو جنێوە سەرسامە... پێی وایە ئەمە داهێنانێکە لە بواری جنێوی کوردەواریدا... تا ئێستاش باسی دەکات و لە نامەکانی خۆیدا بۆمی دەنووسێت.

ساڵی یەکەم لە پۆلی شەش هەر سەیری کتێبەکانم بکردایە، خەو بەرچاوی دەگرتم و مەحاڵ بوو لەژێر دەستیدا دەربچم... هیچ شتێ لەوە خۆشتر نەبوو کاتێ لە بەرامبەر عەلائەدینەکە سەرم دەخستە سەر ڕانی دایکم و دەنووستم... ئینجا دوای پشتکردنە خوێندنی ئەو کتێبە ڕەزاگران و بێتامانەش... ئای کە خۆش بوو...!! لەنێوان هەردوو گەڕەکی ئاگایی و نائاگاییمدا گەڕەکێکی دیکە هەبوو، نەمدەزانی ناوی چییە و نەدەکرا لە کەسیشی بپرسم... ماڵی «پوورە دلارام»ی بەرگدروو بۆ ئەوێ گوێزابوویانەوە و خانووێکیان لەو قەراغە بەکرێ گرتبوو، کە دەیڕوانیە دەشتێکی کاکیبەکاکی و درەختە دوور دوورەکان لەناو تەمە کەمێ چڕەکەدا وەکو کۆرسی گۆرانی دەردەکەوتن... تیپێک دەفژەنم دەبینی، دەفەکانیان بەئاگرێکی کزی ئەوێ گەرمدەکردەوە و نەمدەزانی کەی دەیکەنە بەزمی خۆیان... لەولاتر کۆمەڵێ ژنی قەرەج لەسەر شەختەسەهۆڵەکان تیتکی خۆیان دەڕنیەوە و سنگیان دەکوتا... ئاخ پوورە ئازیزەکەم چەندم خۆشدەویستی و چ دەستێکی ڕەنگینت هەبوو...!! لێت ناشارمەوە کاتێ قەدەرت دەگرتم و پەنجە بزێوەکانم بەر شانە گۆشتنەکانت دەکەوتن، تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دەهات و وامدەزانی گوناهێکی گەورەم لەگەڵدا کردووی... بەخوا بەدەست خۆم نەبوو...!! مەبەستم ئەوە نییە خەتاکە لەسەر خۆم لابەرم... نە بەخوا مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام تۆ بەبێ ویست منی منداڵت دەورووژاند و ئارامت لێ دەبڕیم... ئاخر بەڕاستی زۆر جوان بوویت و شێتی ئەو وشە ناسکانەت بووم، کە هیچ کەسێ نەیدەزانی ئاوا وەکو تۆیان دەربڕێ و لە شوێنی شیاوی خۆیاندا بەکاریانبهێنێت... ئەو لەرەیەی ناو دەنگت بەشەونمی زیویی سەرەتای پاییزی سەر گەڵای زەردی وەریوی درەختە بەرز بەرزەکانی قەراغ شار شۆڕابوو و کەنارییە ڕاوکراو و ڕاونەکراوەکان ئێرەییان پێ دەبردی... هەرکە قۆڵ و باسکەکانت لەملا و لەولاوە بەشلی لە کەمەرم دەئاڵاند و زۆری نەدەما دەمم بچێتە ناو قژە نەرمەکەتەوە، بیرم دەچووەوە من منداڵێکم و پانزدە شانزدە ساڵ لە تۆ بچووکترم... خەیاڵەکانم لە دەوروبەرمیان دادەبڕیم و دەیانخستمە سەر کەڵکەڵەی کارێکەوە، کە هیچ لەگەڵ توانا و تەمەنمدا نەدەگونجا و دەیانویست تووشی گۆبەندم بکەن... بەو مەقەستە ڕەشەت دەکەوتیتە گیانی خەیاڵە چڕەکانم و دەیان پارچەی سەیر سەیرت لێ دەبڕین... ئەو مەقەستەی ئەگەر ئەملا و ئەولایت لێکبکردایەتەوە، کتومت لە کۆترێکی فڕیو دەچوو و پەنجەگەورە و دۆشاومژەی دەستی ڕاستت بەشلی تێهەڵدەکێشان... هەر بەقوماشی خەیاڵە پڕ لە هەوەسەکانم دەیان کراس و بیجامەت بۆ دووریم و بەختەوەرانە دەمپۆشین... ئەگەر ئێستا لێم بپرسی ئاخۆ بەدڵم بوون، دەڵێم زۆر زۆر، بەڵام مەپرسە ئەوسا بۆچی هەر جارێ بەبیانوویەک دەمهێنانەوە و پێم دەوتی فلان شت و فیسار شتیان ماوە:



– پوورە دلارام دایکم دەڵێ دەستت خۆش بێت، زۆر جوانە، بەڵام گیرفانەکەی بچووکە و لە دوو مەقام و بەستەیەک زیاتر ناگرێت.

– پوورە دلارام ڤیانی دراوسێمان گاڵتەم پێ دەکات و دەڵێ بیجامەکەم ڕەنگی پرتەقاڵیە و تۆ بەوشەی شینی ئاسمانی دووریوتە.

– پوورە دلارام بۆیە هاتووم، چونکە ئەو مانایانەی بەو کراسەمت داگرتوون، زۆر قورسن و هیچ لێیان تێناگەم.

– پوورە دلارام، پانتۆڵی ڕزگاری هاوڕێمت جوانتر دووریوە، سەیرکە هی ئەو بەشیعر دادەخرێت، هی من بەچیرۆک.

– پوورە دلارام تووڕەم لێت، حەز لەو سەمایە ناکەم، کە تۆ کردووتە بەنەخشی سەر قۆڵەکانم.

– پوورە دلارام با ئاشتببینەوە، ئەوەتا هەقدەستی کراس و بیجامەکەمم بۆ هێناوی... هانێ ئەوە پێنج چۆلەکە، بێنە زەڕنەقووتەیەک باقیم بدەرەوە.

«پوورە دلارام» لە حەفتاوچوار کاتێ خۆت و «مام نازم»ی مێردت و «شیلان»ی بچکۆلەی ڕۆحسووک وەکو هەزاران هەزار کوردی دیکە ڕووتان لە شاخ کرد، من لە هەموو دراوسێکانمان زیاتر بیری تۆم دەکرد و چاوەڕێ بووم زوو بێیتەوە... هاتیتەوە، بەڵام لەوەی جاران نەدەچووی... باڵندەیەکی ناسکی خوارفی بوویت و لە شوێنێکی دوور دوورەوە هاتبووی... نابەڵەدانە خۆت خستبووە ناو ئاوی لیخنی گۆمێکی ژەهراویەوە و بەهەزار حاڵ گیانتت تیادا دەرباز کردبوو... پەڕوباڵت وەریبوون و چاوە جوانەکانت بێجگە لەوەی ڕەنگی خۆیان ونکردبوو، بەزەحمەتیش دەتتوانی هەڵیانبێنی... بۆم باسمەکە چۆن مێردەکەت شەهید کرا، چونکە خۆم پێشتر لە خەوندا دیبووم و ورد ورد بۆ دایکمم گێڕابووەوە، بەڵام تێمبگەیەنە بۆچی هەموو ئەوانەی من خۆشمدەوێن، ئاوا لە ژیان نائومێد دەبن و تا ماوم لەگەڵ ئازارەکانیان دەتلێمەوە... هەست بەگوناه دەکەم و قێزم لە خۆشەویستیی خۆم دێتەوە... میکرۆبە میکرۆب بچێتە گیانی هەر کەسێکەوە، دایدەڕزێنێت و لە پەلوپۆی دەخات... بەخۆڕایی نەبوو من ئەوەندە دڵسۆزیی خۆمم پیشانی «شیلان»ی کچت دەدا و وەکو براگەورەی نازیم دەکێشا... بەسەعات یاریم لەگەڵدا دەکرد و لە تۆم دووردەخستەوە، بۆ ئەوەی بتوانی چەند پارچە جلێک بۆ ئەم و ئەو بدووریت و شتێ پارەت بێتە دەست... هەمیشە بیرم لە ئێوە دەکردەوە و لە دڵەوە بۆتان دەسووتام، بەڵام کاتێ لە بەردەمی ئەو عەلائەدینە سەرم دەخستە سەر ڕانی دایکم و لە ئاگری جار جار شین و جار جار زەردی ناو گلێنەکەی وردەبوومەوە، چاکتر تێدەگەیشتم و دەمزانی مرۆڤی دوای شکستەکان، مرۆڤی دوای هەرەسی شۆڕشەکان چەندێ گوناحن... چەندێ بێ پشت و پەنا و زەلیل و بێهیوان... ئەو داخانە تەنگیان پێ هەڵدەچنیم و خەویان لێ دەخستم... دایکم دڵی نەدەهات ڕانی خۆی بجوولێنێت، نەبادا سەرتاپای خەونەکانم هەرەس بێنن و دار و بەردی خانووەکەتان لەو گەڕەکەی ئێستاش نەمزانی ناوی چی بوو، بەسەریەکدا برمێن... منیش منداڵێکی دەستەپاچە بووم و باوکم و مامۆستاکانم لە پەلوپۆیان خستبووم،

بۆیە نەمدەتوانی بەڵێنتان پێ بدەم، کە جوانییە لەدەستچووەکانتان بۆ دەگەڕێنمەوە و ئەو ژیانە فەنتازییەی ناو خەیاڵەکانمتان بۆ دەکەم بەراستی... کاتێکیش پشتم ڕاستکردەوە و شتێکی کەمێ کاریگەرم لە دەست دەهات، تۆ نەمابوویت و لەو گۆڕستانە کشوماتەدا نێژرابوویت، کە گوڵاڵەسوورەی سەر گۆڕەکانی هەمیشە دەمیان بۆ دڵۆپەباران کردبووەوە... شەوان لەسەر چێورمەی گۆڕەکەت بەپێوە دەوەستایت و باڵات زۆر زۆر لە جاران بەرزتر خۆی دەنواند... شوێنەواری مەمکە براوەکەی لای چەپت وەکو خۆڵەمێشی نێوان سێکوچکەی ژێر مەنجەڵی ژنە کۆچەریەکان دەردەکەوت و دەستی ڕاستیشت توند توند بەمەمکە ساغەکەتەوە دەگرت... دەتگوشی و شیرێکی کەمێ خەستت لە کونی سەرگۆکەی دەهێنا... دەتگوشی و بەدەنگێ، کە شەماڵێک بوو و هاڕەی شووشە ناسکە وردوخاشبووەکانی ناخی ناختی هەڵگرتبوو دەتوت:

– ڕێککەوت نییە... ڕێککەوت نییە، کە من بەئاگام و ئێوە نووستوون...!! ئاخر ئێوە نووستنی ناو ژیانتان هەڵبژاردووە و من بەئاگایی ناو مردن...!!

«پووره دلارام» سوێند بەگۆڕەکەت ئێستاش ئەگەر لەبەرامبەر ئەو عەلائەدینە سەرم بخەمە سەر ڕانی دایکم، دەتوانم هەموو مێژووی ژیانت لەناو گلێنەکەیدا بخوێنمەوە، بەڵام بەداخەوە ناتوانم... ڕقم لە ڕستەی سواوە، ئەگینا دەموت: دایکە گیان چەند حەز دەکەم وەکو ئەوسا لای ڕاستی سەرم بخەمە سەر ڕانی چەپت و بەهەموو خەیاڵەکانی منداڵیمدا بچمەوە... بیجامەکەم تا سەر ئەژنۆ و قۆڵی کراسم تا ئانیشکم هەڵکەم... وەکو چۆن لەگەڵ منداڵانی گەڕەک بەپێی پەتی دەچوومە ناو گۆمەکەی پشت ماڵمان، ئاوا بچمە ناو خەون و زیندەخەونە بەجێماوەکانمەوە و بیکەمە شڵپوهووڕ... بەدەم گۆرانیەکی بێسەروبەر لەمسەریەوە بۆ ئەوسەری بچم و بەتۆڕی سەرنجەکانم وردە تیشکی سەر بڵقی ئاوەکان ڕاو بکەم... ئاخ ئاگرە تەزیوەکەی ناو چاوی عەلائەدینی سەردەمی منداڵیم چەند بیری خەوی بەردەمی تۆ دەکەم...!! تکایە با ئەو قسانە بەینی خۆمان بێت و بۆ دایکمی مەگێڕەرەوە، نەوەکا تا دێمەوە لە بەرامبەرت دانیشێت و بەگریان سەرقاڵت بکات.

جارێکیان هەر لەوێ لە خەونمدا باوکم هەموو کتێب و دەفتەرەکانمی کردمە زەنبیلەیەکی گەورەوە و بەزللە بۆ قوتابخانەی بردم... زەنبیلەکەی لە بەردەمی بەڕێوەبەر دانا و پێی وت:

– بگرە کتێبەکانتان، ئەمن چیتکە ناهێلم کوڕم بێتە مەکتەبێ.

بەڕێوەبەر پەشیمانی کردەوە... ئیتر ئەو زەمبیلەکەی دایە دەست من... هەرچی قوتابی هەبوون لەو قوتابخانەیە گاڵتەیان پێ دەکردم و دەیانوت:

– یی...!! یی...!! بەزەمبیلەی هاتیتە مەکتەبێ...!!

من لە شەرما ئارەقم کردبووەوە و نەمدەزانی ڕووبکەمە کام لاوە... قوتابیەکان وازیان نەدەهێنا و دوامدەکەوتن... فیکەیان لێ دەدا و هووهایان بۆ دەکێشام.

لە ڕاستیدا شەرمم بەزۆر شت بوو و تەریقبوونەوە هەستێکی سەیر بوو لە مندا، کە تەواو پەرێشانی



دەکردم و پێوەی دەتلامەوە... ئەوسا گەورە بووبووم و زیاتر شەرمم لەوە دەکرد هاوڕێکانم بزانن باوکم ڕێگەی هەموو شتێکم لێ دەگرێت... ئەگەرچی ئەمە هی ئەوە نەبوو بشاردرێتەوە و هەستیان پێ دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی گەڕەکی خۆمان... ئەوان هەمیشە گاڵتەیان پێ دەکردم... کاتێ باوکم بەوێدا دەڕۆیشت، بەدەنگی بەرز باسی منیان دەکرد و بوختانیان پێ دەکردم... ئەو شتانەیان دەوت، کە دەیانزانی ئەو لە منی قەدەغە کردوون و لەسەریان بەتووندی سزا دەدریم... لە کاتێکدا هەر ئەو شتانە بۆ ئەوان ئاسایی بوون و کەس ڕێی لێ نەدەگرتن... کاتێ لەو گۆڕەپانەی لای ماڵی خۆماندا دووگۆڵیمان دەکرد، من کتێبێکم بەدەستەوە بوو و دوای کەمێ یاریکردن، تا سەر شەقامەکە دەچووم، بۆ ئەوەی بزانم باوکم دیار نییە... ئەگەر دیارنەبوایە، جارێکی دی دەستم پێ دەکردەوە... ئەمە بۆ من زۆر ناخۆش بوو... بێجگە لەوەی گاڵتەیان پێ دەکردم، نەشیاندەهێشت من بەم حاڵەوە لە یاریەکەدا بەشداربم... بۆم نەبوو دووربکەومەوە و لەسەری کۆڵانەکەی خۆمان ئەولاتر بچم.[٢٠]

زستانم خۆشنەدەویست، کە ڕۆژەکانی ئەوەندە کورتن و دەبووایە زوو بڕۆمەوە ماڵ... ئەگەرچی ڕۆژە درێژەکانی هاوینیش بۆ من هەر کورت بوون و هەرگیز بەشیان نەدەکردم... هەرچۆنێ بێت لە زستان باشتر بوو... ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر دەفتەرێک دەمنووسی، کە ئەمڕۆ چەند دەقە ڕۆژ درێژدەبێتەوە... گرنگ ئەوە بوو من لە دوای ڕۆژئاوابوون نەیەمەوە ماڵ، چونکە لە دەرگا، یان لە سووچی کۆڵان بۆم دەوەستا و بەزللە و شەق دەیبردمەوە... دەیبردمەوە و دەبووایە بەدیار ئەو کتێبە ڕەزاگرانانەوە دانیشم.

جارێکیان بەدزییەوە هەندێ پارەم لای خۆم پاشەکەوت کرد و چوومە بازاڕ، بۆ ئەوەی وەکو منداڵانی تر ئەو وردبینانە بکڕم و بەتیشکی ڕۆژەکە لە گەڕەک و لە حەوشەی قوتابخانەدا قاقەزی پێ بسووتێنم... ئینجا شتە ورد وردەکانی پێ گەورە بکەم و لەزەت لە دیمەنی جوانیان ببینم... دووکان بەدووکان دەگەڕام و دەمپرسی، بەڵام نەمدەدۆزیەوە... لەپڕ کوڕێکی گەورەی خزمی خۆمانم دی و دەستی بۆ تۆقە درێژ کرد... من ئاگام لە دنیا نەمابوو و لەجیاتی تۆقە، پارەکانم خستە ناو دەستی... ئەو لێیان ڕادەما و هیچ تێنەدەگەیشت... ئیتر لەویشم پرسی و نەیزانی... کاتێکم زانی وا ڕۆژ ئاوا دەبێت و ئەوەندەی تر شپرزە بووم... خۆم گەیاندە لای ئێستگەی پاسی «ئیسکان» و سوار بووم... دەستم بەکوشینەکەی بەردەمی خۆمەوە گرتبوو و پاڵم پێوە دەنا... دەمویست زووتر بگەم... ئەگەرچی دڵنیابووم ئەوەی من دەمکرد، زۆر بێمانا بوو، بەڵام ترس هەموو شتەکانی لێ گۆڕیبووم... خۆ من لە هاتندا پێویستم بەوردبینێک بوو تا شتە وردەکانی پێ گەورە بکەم و وا لە گەڕانەوەیشدا ئامێرێکم دەوێ دەستەڵاتی باوکمی پێ بچووک بکەمەوە... بەڵام ئاخ هیچیانم دەستناکەوێت.

ماوەیەک فێربووبووم بەدرۆ یەکێ لە خەڵکی گەڕەکم نەخۆش دەخست و دەموت بیستوومە لە سەرەمەرگدایە، بۆ ئەوەی باوکم بچێت و کتێبەکەم فڕێدەم... دەهاتەوە و دەیوت، کێ پێی وتووم ئەو نەخۆشە، لەو ساغترە و بەڵای لێ نییە... منیش دەموت لە منداڵانم بیستووە.

گیانێکمان لەوە بوو، کە باوکم لە دایکم زیاتر ڕادیۆکەی خۆشدەویست و لەو پتر بایەخی پێ دەدا... ئیتر ئەو هەوێیەی دایکم دەیتوانی کەمێ سەرقاڵی بکات و سەرنجەکانی لە ئێمە دوورخاتەوە... پەنجا

میوانمان هەبووایە، گوێی لە مۆنتیکارلۆ و لەندەنی خۆی دەگرت...

من و براکەم هەر جارێ درەنگ بکەوتینایە، بەدرۆ بەباوکمان دەوت، گوایە لە فلان شوێن کۆمەڵێ جاش و سەرباز بەدەستی پێشمەرگە کوژراون... باوکم دەگەشایەوە و دەیوت:

– کووتان زانی...؟!

ئیتر ئێمەش نیوەکەی تری ئەو درۆیەمان تەواو دەکرد... ئەوسا هەناسەیەکی ئارامی هەڵدەکێشا و دەیوت:

– دەستی پێکردەوە...!! شۆڕش دەستی پێکردەوە...!!

دەبووایە بیزانیایە، کە هەر کاتێ ئێمە درەنگ بێینەوە ماڵ، ئەوا کۆمەڵێ لە سوپای بەعس کوژراون... ئەگەر بمانوێرایە چەند ڕۆژێ بەسەریەکەوە درەنگ بێینەوە، ئەوا ڕژێمی بەعس بەتەواوی هەرەسی دەهێنا و ئاواتە گەورەکەی دەهاتە دی، بەڵام بەداخەوە نەماندەوێرا... دایکم دەیزانی ئێمە درۆ دەکەین و خۆمانی پێ دەپەڕێنینەوە، بەڵام چونکە ئەو زۆر لە باوکم جیاواز بوو و بەڕاستییش بەرگریی لە مافەکانمان دەکرد، بەدرۆی نەدەخستینەوە و هەر بۆ خۆشیی دەیوت:

– ئا، ئا، شۆڕش دەستی پێکردەوە... هەر بزانە بەغداش گیرا.

خۆش ئەوە بوو باوکم ئەو هەواڵانەی دەگەیاندە دراوسێکانی لە دووکان و دەیان گوێچکە و زمانی تریشیان دەکرد.

دووکانەکەی باوکم لەناو یەکێ لە قەیسەریەکان بوو و هەندێ جار دەبوایە بچین بۆ یارمەتیدانی... بەتایبەتی ئەگەر قوماشی بۆ بهاتایە... ئەو یەک دوو ڕۆژەش، کە دەچوو بۆ «بەغداد»، من و براکەم دووکانەکەیمان بۆ بەڕێوە دەبرد... بێگومان ئەگەر هاوین بووایە، ئەگینا لە کاتی دەوام دایدەخست و ڕازیی نەدەبوو ئیشی بۆ بکەین... هەر لە زووەوە ئەو دژی ئیشکردنی ئێمە بوو... من لە منداڵی مەراقم بوو وەکو ئەو منالانەی تری گەڕەک دۆڵدرمە و ئەزبەری و پەشمەک بفرۆشم... لە بیرمە لە خانووە کۆنەکە بەسەعات دەگریام و لە دایکم دەپاڕامەوە، کە ڕێگام بدا و نەیدەدا... هەزار جار پێم دەوت توخوا، توو سەری خاڵم جەوهەر و خاڵم عەلی و خاڵم عومەر، بەڵام مەحاڵ بوو ڕازیی بێت... ئینجا بەردەوامیش دەیوت:

– بەقوربانی سەریان بم... بەقوربانی سەریان بم.

باوکم دەچوو بۆ «گەلاڵە» و قوماشی ئێرانیی دەهێنا... نوقڵ و بستەیشی بۆ ئێمە دەهێنایەوە... جارێکیان لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، نوقڵەکانم خستە ناو قاپێک و وەکو منداڵانی تر دەمفرۆشتن... دوایی خەڵکم بینی بەو بەهارە دەچوون بۆ سەر گۆڕستانی «سەید مەعرووف» لە «باداوە» و منیش بەگەڵیان کەوتم... بۆ ئەوەی لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکە نوقڵەکانم بفرۆشم... ئەوەی بیرم نەبوو باوکم بوو... نەمزانیبوو دنیام بۆ گەڕاوە و تەواو شپرزە بووە... ئێوارە گەڕامەوە و لە دوورەوە بینیم... لەنێوان هەردوو سایدی شەقامی شەستی وەستابوو... هەرکە دیم، خێرا بۆ لای چووم... «ئەی چۆن باوکم نییە...؟! من



کوڕە گەورەکەی ئەو نییم...؟! ئێستا دەمکاتە باوەشیەوە و ئەملا و ئەولام ماچ دەکات... پەنجەکانمان لە یەکتر هەڵدەکێشین و بەجووتە بەرەو ماڵ دەبینەوە... لە ڕێگا باسی گژوگیای ئەو بەهارەی بۆ دەکەم، کە ئاسوودە ئاسوودە بەناویاندا دەڕۆیشتم و شەونمەکانی سەریان قاچەکانمیان تا ئاستی ئەژنۆم ئاوپڕژێن دەکرد... فێنکیان دەکردمەوە و تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دەهات... لێی دەپرسم، ئاخۆ دایکم چێشتی چی لێناوە و لە کوێی ماڵەکە سفرە دادەخەین... هەر خۆمانین، یان میوانیشمان هەیە»... هەر ئەوەندەم زانی هەڵیبڕیم و بەزەوییدا کێشام... دەستێکم لە جێ چوو و بوورامەوە... هەرگیز نەمزانیبوو من تاوانێکی ئەوەندە گەورەم کردووە، چونکە ئەقڵم پێی نەشکابوو... کاتێ لە هەیوانەکەدا چاوم کردەوە، لەسەر دۆشەگێ پاڵیانخستبووم و گیانم دەیتریواند... مامە گەورەکەم، کە بەتەواوی لە باوکم جیاواز بوو و لە هەموو ژیانیدا باوەڕی بەلێدانی منداڵ و هیچ ڕۆح لەبەرێکی تر نەبوو، کردمیە باوەشیەوە و ویستی ببات بۆ ماڵی خۆیان، چونکە ئامۆژنیشم منی بەکوڕی خۆی دەزانی و زۆربەی ژیانی منداڵیی خۆمم لەگەڵ ئەودا بەسەربردووە... مامم لە دەرگای حەوشە بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە بەباوکمی وت، کە ئیتر تا ماوە ناهێڵێت چاوی پێم بکەوێتەوە... ئینجا باوکم دەستی بەگریان کرد و هات منی لێ سەندەوە... مامم زۆر سەرزەنشتی کرد و پێی وت، کە هەرگیز ئەوەی ئەو دەیکات، کارێکی ڕاست نییە.(٢١)

منداڵان فێربووبوون یانسیبیان دروست دەکرد و دەیانفرۆشت... کاغەزی بچکۆلە بوون و لوولکرابوون... بەزۆری سفر دەردەچوون... منیش ڕۆژێکیان لاساییم کردنەوە و لە کۆڵانان دەمگێڕا... هاوارم دەکرد:

– یانسیب پارە دەردەچی... یانسیب پارە دەردەچی.

هەر لە کۆڵانی خۆمان چەند دانەیەکم فرۆشت و سفر دەرچوون... ژنێکی «سەیداوەی ئەوبەر» سێ چوار منداڵی لەگەڵ بوو، وڕکیان بۆ یانسیب گرت و ناچار بۆی کڕین... منداڵەکان قاقەزەکانییان خستە گیرفانیانەوە و ڕۆیشتن... نەیانکردەوە ئاخۆ دەرچووە، یان نا... وا دیاربوو لە ماڵەوە هەڵیاندەپچڕین و پارەکەیان لە باوکیان دەسەند... بەو شتە پێدەکەنیم و هاوارم دەکرد:

– یانسیب پارە دەردەچی... یانسیب پارە دەردەچی.

لەپڕ باوکمم بۆ دەرچوو و هەر خێرا گرتمی... پارە و زەرفی یانسیبەکەی فڕێدا و بەزللە تێمکەوت... باوکم ڕازیی نەدەبوو شتی چاک بفرۆشم، ئینجا یانسیبیش...!!

جارێکیان کوڕێکی دراوسێی ماڵە کۆنەکەمان پەشمەکی دەفرۆشت، کە لە هەولێر پێی دەڵێن «شەعرلبەنات»... بۆ ئێمە و دایکمانی باس دەکرد، کەوا بەیانییان پێش ئەوەی دنیا ڕووناک بێتەوە، ئەو دەچێت لە بەر ئەو دووکانە سەرە دەگرێت... جارێکیان ئەوەندە زوو چووە، هێشتا دەستیان بەئیش نەکردووە... گوشێکی لەسەر ئەو شۆستەیە داخستووە و لەسەری نووستووە... دایکم دوای ئەوە هەمیشە دەیگێڕایەوە و ئاخی هەڵدەکێشا... من دیمەنەکەیم دەهاتە بەرچاو و زۆر کاری تێ دەکردم... دەستەکانیم دەبینی جووتی کردبوون و لایەکی سەری خستبووە سەریان... قاچەکانی گرمۆڵە کردبوون و ئەژنۆکانی زۆریان نەمابوو بگەنەوە لای دەمی... چاوەکانی نووقابوون و لە خەودا هەڵدەلەرزی... ژنانی دەبینی لە

قەراغ گۆمێکی پڕ لە تیشکی خۆردا منداڵەکانیان ڕووت کردبووەوە و دەیانشتن... جامە سپی و شەفافەکانیان دەکردە ناویەوە و دەریاندەهێنان، تیشکەکان ڕەنگی پەشمەکە پرتەقاڵییەکانیان هەبوو... کاتێ بەسەریاندا دەکردن و بەشان و ملیاندا دەهاتنە خوارێ، پڕیشکیان بەر جەستەی ئەم دەکەوتن و ڕادەچڵەکی... چاوەکانی لەناو ئەو بازاڕە ساردوسڕ و چۆڵوهۆڵەدا هەڵدێنا و لە دەڕابەی دووکانە داخراوکانی دەڕوانی... حەزم زۆر لەو شێوە ئیشکردنە بوو و خەونم پێوە دەبینی، بەڵام چەند لە دایکم دەپاڕامەوە، ڕێم بدات منیش ئاوا ئیش بکەم، ئەو ڕازیی نەدەبوو.

من هەرگیز شتەکانی خۆمم بەباوکم نەدەوت، چونکە شەرمی من لەو سنووری نەبوو... باوکم لە ماڵەوە ئاوا بوو، کەچی لەگەڵ خەڵک بەقسەخۆش ناسرا بوو و لە دووکان گاڵتەی سەیر سەیری لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکرد... هەندێ گاڵتەی لەگەڵ ژناندا دەکرد، من دەترسام ڕازیی نەبن، کەچی ڕازیی دەبوون و زۆریشیان بەلاوە خۆش بوو. باوکم جارێکیان بە«مامۆستا ئیسماعیل»ی هاوڕێی وت، کە قوماشفرۆشتن هەر خۆی گاڵتەیەکی خۆشە: «بەری پانە... بەری تەسکە... دەچێتە ئاو... ناچێتە ئاو... ڕەنگی کاڵدەبێتەوە... ڕەنگی کاڵنابێتەوە... دە بێنە با تفی لێ دەم، بزانم ڕەنگی کاڵنابێتەوە...!! هانێ بیگرە و بەئارەزووی خۆت تفی لێ دە... لووسە... زبرە... ڕەقە... ڕەق نییە... دە تۆ دەستی لێدە بزانە ڕەقە، یان نا...!! ڕاستدەکەی، بەڵام تەڕیکەی، نەرم دەبێت... بیپێوە... کەمێ زیاد... کەمێکی دیش... دەی مەعمیلی خۆتم... ئەوە چییە...؟! ئەمسەر و ئەوسەری جووتکە، با خوار نەبێ... بۆم بگرە... با بیبڕم... بینووسە... بیخەرە سەر ئەوی تر... سەری مانگ دەتدەمێ».

«بژار ئەنوەر» کوڕێکی گەنجی دراوسێی دووکانەکەیەتی و زۆر یەکتریان خۆشدەوێ، هەر جارێ دەیبینیم، پێی دەوتم، کە من چەند بەختەوەرم ئەو باوکە قسەخۆش و نوکتەچییەم هەیە...

جارێک دوو پیاو لەسەر مەسەلەیەک دەمەقاڵێیان بووبوو و باوکم ویستبووی ڕێکیان بخات... هەر وتبووی:

– هەوکە نە شیش بسووتێ، نە...

ئەوان دەرفەتیان نەدابوو قسەکەی تەواو بکات... چەند جارێ ئاوای وتبوو و گوێیان لێ نەگرتبوو... لەو کاتەدا سواڵکەرێ پەیدابووبوو و دەستی لە بەر باوکم پان کردبۆوە... ئەو هەر خێرا نیو دیناری لە گیرفانی دەرهێنابوو و پێی وتبوو:

– بگرە... برۆ یەک نەفەر کەبابی پێ بکڕە... خۆ ئەمن شێت بووم لۆ کەبابی.

جارێکیش پیاوێکی زۆر تووڕە ڕێی کەوتبووە دووکانەکەی و لەسەر مەسەلەیەک بۆڵەبۆڵی کردبوو... باوکم پێی وتبوو:

– ئەوە ئەمن دوو شاگردم ڕاگرتیە و ڕۆژانەیان دەدەمێ، بەس لۆ ئەوەی شەڕم لۆ پەیا کەن، ئەتوو بەپێی خۆت هاتی...؟! یاخوە بەخێربێی سەر هەردوو چاوم.

«حەسەن وەلی» بەرگدرووێکی ماستاوچی بوو... زۆر حەزی دەکرد خۆی لە ئاغاکان نزیک بخاتەوە...



دووکانەکەی بدابووایە بەئەفسەرێک یان عەریفێک، هەر بۆ ئەوەی دوو وشەی لەگەڵ بڵێ، بەلایەوە ئاسایی بوو... جارێک یەکێ لەو پیاوماقووڵانە لەگەڵ دووکاندارێکی ئەوێ دەوەستێت... «حەسەن» لێی ڕادەمێنێ و بەباوکم دەڵێ، کە باڵای چەند جوانە و مەراقیەتی ڕۆژێک دەستێ جل بۆ پیاوێکی ئاوا بدوورێت... باوکیشم پێی دەڵێ:

– دەڕێی چ پێی برێم ئەتوو حەلاقەکی زۆر باشی...؟!

ئەو لە خۆشیان دەڵێ:

– وەللا هەزار جار...!!

باوکم پێی دەڵێ:

– بەس ئەتوو کا حەلاقی...!!

ئەو دووکاندارانەی لای باوکم هەر هەموویان قسەخۆش بوون و حەزیان لە گاڵتە دەکرد... هەر دەتوت تیپێکی شانۆن و خەریکی نواندنن... من لەوێ خەڵکی جیا جیام دەبینی و هەمیشە گوێم لە قسەکانییان دەگرت... لێیان ڕادەمام و سەرنجم لە سیما و هەڵسوکەوتیان دەدا... کەچی باوکم لە ماڵەوە شتێکی تر بوو و بەدەگمەن گاڵتەی لەگەڵدا دەکردین... هەمیشە تووڕە دیار بوو و نەماندەوێرا سەیری چاوەکانی بکەین... بۆیە هەر خەریکی داهێنانی تەکنیکی خۆپاراستن بووین لە زەبرەکانی.

باوکم دوای هەموو دارکارییەکی ئێمە، ئاخی قووڵ قووڵی هەڵدەکێشا و زۆر خەمناکانە دەیوت:

– خەونم دیتبوو، دەبایە چشتەک لەو مارەی بقەومێ.

ترسێکی زۆری لە خەون هەبوو و هەمیشە کارەکتەری خەونەکانی بەڕێوەیان دەبرد... لەسەر لێکدانەوەی خەونەکانی ژیانی خۆی و هی ئێمەی دادەڕشت... بەیانیان، کاتێ بەرچاییمان دەخوارد، بەترسەوە لێمان ڕادەما و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە پێی دەوتین:

– خەونم دیتیە، زۆر ئاگاتان لە خۆتان بی... دوور نەکەونەوە.

جا باوکە گیان تۆ کەی خەونت نەدیوە و ئێمە کەی زۆر ئاگامان لە خۆمان نەبووە و کوا دوورکەتووینەتەوە...؟! ئەمەش نەگبەتیەکی دیکەی ئێمە بوو و زیاتر سنوورەکانی سەربەستیمانی تەسکدەکردەوە... بەڕاستییش هەندێ لە خەونەکانی سەیر بوون و بەدیاریەوە دەحەپەساین... بەیانیەکیان بەترسەوە سەیری کردین و بەمن و براکەمی وت، کە ئەمڕۆ نەچین بۆ قوتابخانە و لە ماڵەوە بمێنینەوە... ئەوە بەلای ئێمەوە زۆر سەیر بوو و بەحەپەساویەوە لێی ڕامایین... ئەو ئەگەر بەدەستی بووایە لە ڕۆژانی هەینی و پشووی و نیوەی ساڵ و سەری ساڵیش دەیناردین، ئەی بۆ ئەمڕۆ ئاوا دەڵێت...؟! کاتێ لێمان پرسی، وتی گوایە لە خەونیدا ئەو پلێتە ئاسنەی، کە ناوی قوتابخانەکەمانیان لەسەر نووسیبوو و بەدیواری دەرەوەی باڵکۆنەکەوە هەڵواسرابوو، لەسەر یەکێ لە شەقامەکانی بەغدایان داناوە و کۆمەڵێ پیاوی عەگالبەسەر کردوویانە بەنیشانی کلاشینکۆفەکانیان... هەزارەها کونیان تێکردووە و تەواو

سیمایان گۆڕیوە... کەچی دوایی لە چێشتخانەیەکدا بینیویەتی وەکو قیمەکێش گۆشتیان لەسەر جنیوە... چەند ڕۆژێ دوای ئەو خەونەی باوکم، ناوی قوتابخانەکەمان لە «زێوەرە»ەوە کرا بە«عێراق»...[٢٢]

ئەمە بەشێک بوو لە سیاسەتی تەعریب و دوای هەرەس ناوی زۆربەی قوتابخانەکانیان گۆڕی... «قازی محەمەد»ی دراوسێشمان کرا بە«یەکگرتن»... ئەوسا من پۆلی «شەشەم»ی سەرەتایی بووم و وەکو زۆر قوتابیی تر ئەمەم بەلاوە ناخۆش بوو.

من ئەو شکستە گەورەیەی شۆڕشم بیرنەدەچووەوە و هەمیشە لە خەیاڵمدا تاووتوێم دەکرد... ڕقێکی سەیرم لە بەعس بوو و ڕۆژانە لەگەڵ هەندێ لە منداڵانی گەڕەکەکەمان بەزمانە ساکارەکەی خۆمان باسی کوردایەتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕشمان دەکرد... «رزگاری مامۆستا عەبدوڵڵا» و «بارامی حاجی کەریم» دوو کوڕی گەڕەکەکەمان بوون و جورئەتێکی سەیریان تیابوو، کە دواتر ڕۆڵێکی گەورەیان لە خۆپیشاندانەکانی قوتابیاندا بینی و هەردووکیشیان گیران... من زۆر گوێم لێ دەگرتن و دڵم پێیان دەکرایەوە.

بەیانییان زوو زوو پێش هەتاوکەوتن دەچووم بۆ نانەواخانە و لە ڕێگا بەتەباشیر لەسەر هەموو دیوارەکانم دەنووسی: «بژی کوردستان... بژی مەلا مستەفای بارزان»... دایکم و باوکم هەمیشە ئافەرینیان لێ دەکردم، کە ئەوەندە ئاقڵم و بەبێ قڕە دەچم نانیان بۆ دەکڕم... کوڕێکی لە خۆم گەورەتر، کە زۆر ڕقی لە پارتی و بارزانی بوو و یەکێک بوو لە قوتابیە بەعسیەکانی «ناوەندیی...»، گومانی لە من کردبوو... ڕۆژێکیان ڕێی لێ گرتم و پێی وتم، کەوا دەزانێ من ئەو شتانەم نووسیوە... من نکووڵیم لێ کرد و ئەو جنێوی بەبارزانیی دا... ئینجا بەمنی وت، کە وەکو ئەو جنێوی پێ بدەم... هەر چۆنێ بوو خۆم دەربازکرد، بەڵام نەموێرا هیچی تر ئەو کارە بکەم... «ئەو کوڕە لە دوای ڕاپەڕین بەشێوەیەک گۆڕا، کە بەلای هەموومانەوە سەیر بوو».

هەرچەند «پوورە مەرجان مووسڵاوی»یم دەبینی و سەرنجم لەو سیما خەمناکەی دەدا، لە ناخەوە دەورووژام و هەستم دەکرد دڵ و گورچیلە و سیەکانم خراونەتە سەر ئاگری مەنقەڵیەک... سووک سووک دەبرژێن و تک تک دەتوێنەوە... ئا ئەوەتا کۆمەڵێ مرۆڤی سپیپۆشی سەیر سەیر، نازانم ژنن یان پیاو، دەمامکی خۆیان داوە و بەردەوام بەباوەشێنی ڕەش ئەو پشکۆیانە گەشدەکەنەوە... جا شەوان کاتێ چاوەکانم دەبوونە دوو بەردی داخبووی بەر هەتاوی گەرمی ناوەڕاستی تەمووز و خەو وەکو پەڕەسێلکەی ناسکی ترساو نەیدەوێرا لەسەریان هەڵنیشێت، ئەوا دەبووایە دوو ئەستێرەی ئاسمان داگرم و لە شوێنیان دانێم... دەمتوانی ئەوان بکوژێنمەوە، بەڵام چاوەکانم نەء... دەمویست پشت لە شار بکەم و بەدەم گۆرانیەکی دڵتەزێنەوە بگریم... بگریم و بەهەنگاوەکانم ئەم دەشت و ئەو دەشت ببڕم... لەودیوی ئاسۆ دوور دوورەکانەوە خۆم گومکەم و چیدی ڕووخساری تێکشکاوی پوورە ئازیزەکەم نەبینم... «کاک ئەیووب»ی مێردیان بەجلی خەوەوە لێ جیاکردبووەوە و ژیانیان لە ترسێکی گەورەدا هەڵکێشا بوو... ڕۆژانە «تاڤگە»ی بچکۆلەی لای دراوسێکاندا بەجێدەهێشت و ئەم دەرگا و ئەو دەرگای دەکوتا... لەم و لەو دەپاڕایەوە، بۆ ئەوەی سۆراغێکی بکەن... سۆراغ...؟! لە کوێ...؟! ئاخ چ ژیانێکی پڕ لە ناسۆری بەسەر



دەبرد پوورە دڵەکەی من...!! بازن و گوارە و ملوانکەکانی فرۆشت و گیرفانی دەستەڵاتدارانی پێ گەرمکردنەوە، بەو هیوایەی بەریدەن و جارێکی دیکە چاو و دڵی بەبینینی ڕۆشەنبێتەوە... کەلوپەلە چاکەکانی ناو ماڵی دەبردە مەزاتخانە و نانی ڕەقی پێ دەکڕین... کەسوکاری حاشایان لێ کردبوو و بەهی خۆیان نەدەزانی، چونکو ڕەدوو «کاک ئەیووب» کەوتبوو و ئابڕووی بردبوون... پارەی زۆریشیان لەسەر وەرگرتبوو، بەڵام نەیاندەتوانی قەبووڵی بکەنەوە... لە شەرمان هەولێریان بەجێهێشت و بۆ مووسڵ گەڕانەوە... «نەزار»ی برای «مەرجان»، کە تەمەنی چواردە پانزدە ساڵ بوو، بەدزیی باوکی و برا گەروەکەی دەهات بۆ سەردانیان و بەحەفتە لە لایان دەمایەوە، گوایە چووە بۆ ماڵی مام و پوورەکانی لە دهۆک... ئاشکرا بوو و چەند ڕۆژێ بەقامچی لێیان دا... هێشتا وازی نەهێنا و هەر دەهات، بەڵام لە بەختی ئەوان لە ئاهەنگێکدا حەزی لە خوشکی هاوڕێیەکی خۆی کرد و شەو بەیەکەوەیان بینیبوون... هەر لەوێ بەچەقۆ تێیکەوتن و دوای پێنج دەقە گیانی دەرچوو... ئەمە تەنها چەند مانگێک پێش گیرانی «ئەیووب» بوو.

خۆشەویستیی «مەرجان» و «ئەیووب» هەر لەوانەی ناو میتۆلۆژیاکان دەچوو و هەموو سنوورەکانی ماقووڵ و ناماقووڵی بڕیبوو... «مەرجان» خوێندەواریی نەبوو و نەیدەتوانی نامەی دڵداریی پێ بنووسێت، بەڵام وشە ناسک و گۆرانیە ئاودارەکانی خۆی لەسەر کاسێت تۆمار دەکرد و بەهۆی دەستەخوشکێکیەوە بۆی دەنارد... «ئەیووب» لەو دەشتە پانوپۆڕەی باداوە، کە هەمیشە بۆ خوێندن ڕووی تێدەکرد، گوێی لێ دەگرت و بەدیاریەوە فرمێسکی هەڵدەڕشت... کتێبی قوتابخانە و مرۆڤی دڵداریان نەوتووە، بۆیە «ئەیووب» نەیدەتوانی چیدی بیانگرێت بەدەستەوە و بەرگەی ژیانی بێتامی ناو پۆلی ساردوسڕی نەدەگرت... لە وزەیدا نەبوو لەسەر کورسیەکی ڕەق دانیشێت و بڕوانێتە ئەو تەختەڕەشەی، کە ڕێک دەڵێی بۆ ئەوە خوڵقاوە سنوور بۆ هەرچی خەیاڵی ڕۆمانسیانەیە دابنێت و بەردەوام بەدەنگی بڵحی بقیژێنێت: «من هەموو شتێکم و لەودیومەوە جیهان فەزایەکی بۆشە»... وازی هێنا و هەموو ژیانی بۆ ئەو عەشقە تەرخانکرد... کەچی «مەرجان» بەپێچەوانەوە، کاتێ زانی گۆرانیەکان بەتەنیا ناتوانن گوزارشت لە هەموو بەها و نهێنیی خۆشەویستیەکەی بکەن، خۆی فێری خوێندن کرد... ئەو کچە بادینیەی سێ بەشی ژیانی لە شاری مووسڵ بەسەربردبوو، بەدیالێکتیکی سۆرانی جوانترین نامەی دڵداریی بۆ «ئەیووب» دەنووسی... یەکێکیانی لێ گیرا و وشە وشەیان خوێندەوە... توورە بوون و دەستیان بۆ چەکەکانیان برد... لە دواوە تەقەیان لە خۆشەویستەکەی کرد و بەسەختی بریندار بوو... تا بەردەم ماڵی مەرگ چوو و گەڕایەوە... «مەرجان» لە ژوورەوە کرا و بۆی نەبوو لە پەنجەرەش بڕوانێتە دەرەوە... دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دا و سەری نەگرت... وەکو دیل هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا و ڕۆژی تەنها یەک کەڕەت بۆ تەوالێت دەرەوەی دەبینی... هەر زوو زوو بەشێکی جەستەیان داخدەکرد و ئازارەکان تا ئەو شوێنەی دڵی ڕۆدەچوون، کە گۆرانیە ئێجگار ناسکەکانیان لێ هەڵدەقوڵا و بۆ سەر زمانی فوارەیان دەکرد... «دادە بەفرە»ی «کەریم خۆشناو» بێوەژنێکی هەژار بوو و بەپارە نانی بۆ دەکردن، جار جار دەچوو بۆ لای و دڵنەوایی دەدایەوە... هەر ئەویش پەیامی ئەم و خۆشەویستە بێهیواکەی دەگەیاندە یەکتر و هێزی

دەخستنە بەر... بۆ ئەوەی زوو زووش بیبینێت، فێڵی عەنتیکە عەنتیکەی ڕێکدەخست و تا ناو ژوورە داخراوەکەی نەدەوەستا... جارێکیان وتبووی فریشتەکان لە خەوندا پێیان ڕاگەیاندووە مانگێکی ڕەبەق بەخۆڕایی کونوکەلەبەری ماڵەکەیان بۆ پاکبکاتەوە و بێشکەی منداڵیان ڕاژەنێت... هەر ئەویش یارمەتی دا و شەوێکیان بەدزیەوە گەیاندیە لای «ئەیووب»... شاریان بەجێهێشت و هۆزێکی کۆچەری کوێستانەکان داڵدەی دان... ئەو دوو دڵدارە بەشێوەیەک لای ئەو خەڵکەی ئەوێ خۆشەویست بوون، کە تێکڕا بڕیاریان دا بەرگرییان لێ بکەن و نەهێڵن خوێنیان بڕێژن... هەر بەهۆی ئەوانیشەوە ڕێککەوتن و بەپارە چارەسەری مەسەلەکەیان کرد... هاتنەوە ناو شار و خانووێکیان لە بەرامبەر ئەو دەشتە کڕی... سەرەتا «بەختەوەرانە!!» دەژیان و بێئاگا لەوەی چی لە دەوروبەر ڕوودەدات، پیلانیان بۆ داهاتوو دادەنا... «ئەیووب» کرێکارێ بوو ڕۆژی هەشت سەعات و بگرە زیاتریش دەچەوسێنرایەوە، بەڵام هیچ پێوەی دیار نەبوو و لە زەوقی خۆی نەدەکەوت... قسە خۆشەکانی دەیان کەسی دیکەیان بەختەوەر دەکرد و پێکەنینە سەیرەکەی هەیبەتێکی گەورەی پێ بەخشیبوو... بەپێچەوانەی زۆربەی پیاوی کوردەواری بەبێ ژنەکەی بۆ کەم شوێن دەچوو و ژیانێکی شارستانییان دەگوزەراند... تاقە شتێک جار جار ناخۆشیی دەخستە نێوانیانەوە، ئەو خواردنەوەیە بوو، کە «ئەیووب» خووی پێوە گرتبوو و نەیدەتوانی وازی لێبێنێ... هەرچەند «مەرجان مووسڵاوی» سەرزەنشتی دەکرد، ئەو پێی دەوت:

– ئەمن لە ڕێی گۆرانی ئەتووم ناسی، لە ڕێی تووش خواردنەوە... ئەگەر بمەوێ واز لە خواردنەوەی بینم، دەبی لە پێشان واز لە تو بینم، لۆئەوەی واز لە تووش بینم، دەبی پێشتر واز لە گێگرتنی گۆرانی بینم... بەڕاستیت پێ بڕێم ناتانم واز لەو سێ چشتەی بینم.

«ئەیووب» ڕاستی دەکرد، ئەوی لە ڕێی گۆرانیەوە ناسی... من خۆم ئەمەم زۆر چاک لە بیرە... لەو ئاهەنگەی بەبۆنەی دەرچوونی «عادیل»ی پوورزای «مەرجان» لە کۆلیژی مافەکان و ڕامیاریەوە ڕێکخرا بوو و کچان و کوڕان لەسەر شێوەی ئاهەنگی فیلمە میسریەکان بەدەم سەماوە بەسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی گۆرانییان دەوت، یەکتریان بینی و لە پەناوپەساری وشەکان دڵیان گۆڕیەوە... لەناو تۆنەکاندا یەکتریان ڕامووسی و لە ژێرزەمینی ئاوازەکاندا ئەمیان لەویان توایەوە... ئەو ڕۆژە «مەرجان» بەو دەنگە خورافیەی سەرنجی گەورە و بچووکی لەسەر یەک خاڵدا کۆکردەوە، کە ئەویش دەمی خۆی بوو... نەدەکرا بێجگە لەو دوو لێوەی، لە شوێنێکی دیکە بڕوانیت و واتدەزانی لە دەرەوەی ئەوێ، دنیا کۆتاییی پێهاتووە... کاتێ دەنگی «فەیرووز»یانەی لێ هەڵدەبڕی و بەدەست هێمای بۆ وشەکان دەکرد، گیانت پڕی دەبوو لە خۆشەویستی و دەتویست هەموو دنیا بەجارێ ماچ بکەیت، بەڵام وات نەدەکرد، نەبادا وابزانیت کاریگەریەکەی تەواو بووە...

«ئەیووب» هاوڕێی نزیکی «عەدنان»ی برابچووکی «عادیل» بوو و بەهۆی ئەویشەوە بانگهێشت کرابوو، بەڵام من و «ڕزگار»ی دراوسێمان بەڕێککەوتێکی زۆر سەیر گەیشتینە ژوورەوە... دەیان منداڵی وەکو ئێمە لەو بەردەرگایە وەستابوون و دەپاڕانەوە، تا ڕێگایان بدەن، بەڵام مەحاڵ بوو... «ڕزگار» و ئەو دوو کوڕەی منداڵانیان دەردەکرد، لێیان بووە شەڕ... ئەو هاوڕێیەم سەرەتا هەندێ بەرگریی کرد، بەڵام



زۆری نەبرد خستیان بەپشتدا و بەهەردووکیان تێیکەوتن... دایانپڵۆسی و دەموچاوی خوێنی لێ دەچۆڕایەوە... کوڕێکی گەنج هات و «ڕزگار»ی بردە حەوشە... برینەکانی تیمار کرد و بۆ دڵنەوایی هێشتی لە ژووری بمێنێتەوە... «ڕزگار» پێی وتبوو منیش لەگەڵ ئەوم و دەبێت بانگم بکەن... سەرو پیپسی کۆلایان داینێ و لە قەراغی باخە فرەوانەکە لێی دانیشتین، کە کوڕ و کچ بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە گۆرانییان تێدا دەوت و بەدەم سەماوە نیگا شەهوانیەکانیان لە چاوی یەکتردا دەڕواند... ئای لە دڵگەورەیی ئەو هاوڕێیەم، چۆن لەو کاتەشدا منی بیرنەچووبوو و بەشایانی ئەو بەختیاریەی دەزانیم... سەرزەنشتی نەکردم، کە بەبەرچاومەوە لێیان دا و وەکو هەر منداڵێکی تر لێیم دەڕوانی... دیارە دەیزانی من لە ترسی باوکم دەبووایە خۆم لە شەڕ بەدوور بگرم و لەسەر هیچ هاوڕێیەکیشم نەکەمەوە... جارێکیان بۆم گێڕابووەوە، کە لە خەونمدا دوو عزرایل هاتن و ویستیان ڕۆحم بکێشن، من پێم وتن: «باوکم ڕازیی نابێت» ، ئەوان وتیان: «باوکت کێیە...؟! ئێمە لە لای خودای گەورەوە هاتووین»... «ڕزگار» هەموو گیانی سۆز و بەزەیی بوو و لە کەسمان نەدەچوو... ڕۆژانەکانی خۆی بەسەر سواڵکەراندا دەبەخشیەوە و لە گەڕەک و قوتابخانە جلەکانی بەری بۆ منداڵە هەتیوەکان دادەکەند... پیرەمێردێکی هەژار ڕۆژانە لە گۆڕەپانەکەی ئەوبەری کۆڵانی ئاغاکان لگاوێکی دادەنا و نیوەڕۆیان لەسەر تەختی دەرەوەی گازینۆکەی «فاتم نانەوا» ، نانێکی ڕەقی بەجامێ ماستاوەوە دەخوارد... جا چونکە لە بەیانیی زوو زووەوە بەدەستە لەرزۆکەکانی بەردەوام ئەو زارە قورسەی لەناو ئەو قوتووە دەخولاندەوە و مشتومڕی گەرمی لەگەڵ قومارچییەکان دەکرد، دیارە بۆ جۆش و خرۆشی یارییەکەش دەبووایە هەمیشە بڵێت: «زۆر دانێن و زۆر ببەن... زۆر دانێن و زۆر ببەن» ، بۆیە داماوە کفت دەبوو و هەر خێرا خەو دەیبردەوە... بەحاڵ فریای ئەوە دەکەوت پێڵاوەکانی بخاتە ژێر سەریەوە... «ڕزگار» بەمەقەبایەک باوەشێنی دەکرد و نەیدەهێشت مێشەکان لەسەر دەموچاوی بنیشن... دواییش ڕەنگی سەر کارتۆن و زارەکەی بۆ تۆخدەکردەوە، بۆ ئەوەی چاوە کزەکانی بتوانن بەچاکی بیانبینن و ئەو زۆڵانە گزیی لێ نەکەن... هیوای دەخستە دڵە لاوازەکەیەوە و گوێچکەکانی بەمژدەی سەرکەوتن ئاو دەدا... کەسمان نەماندەزانی ئەو پیرەمێردە کوێندەرییە، چونکە زمانی تەنها بەلوغز هەڵدەهێنایەوە و لێی تێنەدەگەیشتین... بۆ هەر شتێک دەمودەست چیرۆکی خۆی هەڵدەبەست و زۆر هونەرمەندانە دەیگێڕانەوە... درەنگ درەنگ بۆمان دەرکەوت ناوی «شاکر کافر»ە و دەبووایە لەسەر داوای خۆی بە«مام کافر» بانگی بکەین... هەر زوو زوو دەیوت:

هاتم لە لای بەستۆڕە
هەر قسەکی دەکەم، قۆڕە

– ئەتوو خەرکی بەستۆڕەی...؟

– بەستۆڕەی چ...؟! وەکی ئەمن پیاو بووم، هەولێر شەش کەسی تێدا بوو، سێیان بێوەژن بوون و سێیەکەی دیان نێرەمووک... بەس چ لەو زەمانەی دەکەی ئەمنی ئەوها لێکرد.

– ئەوە مەعنای چییە...؟

– قسەی من مەعنایان نییە، هەرچی بێتە سەر دەوم، نایگێڕمەوە.

«قاسمی مەلا ئەسعەد» ، ئەو منداڵە ئاینپەروەرەی لای باوکی قورئانی دەخوێند و دەیتوانی لە شوێنی شیاوی خۆیدا ئایەتەکان بلێتەوە، هەمیشە هەوڵی لەگەڵ ئەو پیرەمێردە دەدا و دەیویست واز لەو لگاوەی بێنێت، بەڵام ئەو پێی دەوت:

– خۆت لەگەر من ماندی مەکە، ئەمن گوناعەکی ئەوەندە گەورەم کردیە، قەت بەهەشتی بەچاوی خۆم نابینم.

– بەس خودای گەورە زۆر بەرەحمە، هەر کەسەک تۆبەی بکا، لە گوناحەکانی خۆش دەبی.

– دەزانم خوا چەند گەورەیە و چەندیش بەڕوعمە، هەر لۆیێ، باوەڕناکەم لەو گوناعەی من خۆش بی.

– لۆ ئەتوو چت کردیە...؟

– بەعس ناکرێ. ئەوەی ئەمن کردیتم، هەتا هەوکە نە کەس کردیتی و نە کەسیش دەیکا... ئەگەر پێت برێم، باوەڕ ناکەی.

– دە پێم برێ، بەخوای باوەڕ دەکەم.

– لێمگەڕێ، با هەر لە دری خۆم بی.

– ئێ دە واز لەو لگاوەی بینە، ئەخر ئەتوو دەزانی ئەوە چەند گوناحەکی گەورەیە...؟!

– لۆ من لگاو و هەر ئیشەشکە وەکی یەکن... وا لۆ خۆم هەتا دەمرم و ئاودیوی جەهندەمێ دەبم، پێی دەژیم.

ڕۆژێکیان لەژێر سێبەری تانکییە گەورەکەی سەیداوە چووبووە خەیاڵی قووڵەوە و لەپڕ پرسی:

– دەزانن ژیان بەچ دەچی...؟!

ئێمە هەر یەکەی شتێکمان دەوت و ئەو سەری بادەدا... ئەوەی من وتم، ئەوەندە بێمانا بوو، تێکڕا قیزیان هاتەوە و تەریق بوومەوە... دوایی خۆی دەستی بۆ ئەو جۆلانەیە ڕاکێشا، کە هی «عومەر خورشید»ی هاوپۆلی من بوو و بەپارە منداڵی گەڕەکی سوار دەکرد... ئەو کوڕەی دەیتوانی بەقوڕگ زوڕنا لێ بدات و دەیان ئاوازی پێ دەربکات... ئەوسا تەختە لاکێشەییەکەی خستبووە سەر پایە بەرزەکان و بەپەت بەستبووی، بۆ ئەوەی منداڵ نەتوانن دایبگرن و سواری بن... ئیتر «مام کافر» ، کە لە بەرامبەری دانیشتبوو و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە وتی:

– بینە بەرچاوی خۆتان، هەوکە مندارەک دێت و ئەو لەیلووکەی دەینیتە خوارێ، هەتا سواری بی و خۆشیی لێ ببینی... دیارە دەشترسێ ساعێبەکەی لەهیکڕا بێت و دارکاریی بکاتن، چونکو هی خۆی نییە و بەبێ پرسی وی سواری بووە... ئەوجا ئەو مندارە ناشزانی ئەو لەیلووکە هی کێیە، لۆیە دەبی ئاگای لە خۆی بی و هەموو دەمێ تەمەشای ئەولا و ئەولای بکا... هەر کەسەکی دەبینی، دری لێدەدا و وەدەزانی ئەوە ساعێبەکەیتی و هەوکە بەلەقان دەیهێننتە خوارێ... دەبینین ئەو مندارە لە بیری چووە لەناو لەیلووکی دانیشتیە... نەک هیچ خۆشییەکی لێ نابینی، بەرکوو ئەوەندە دەترسێ، زراوی دەڕژێ... هەوکە ساعێبەکەی ڕەنگە نووستبی، یان بەچشتەکی وەها خەریک بی، هەر نەزانی لەیلووکیشی هەیە، بەس دەبی برێین ئاگای لێیە... مادام کەسەک هەیە و فکری لێ دەکاتەوە... دەترسێ عەقابی بداتن، مەعنای



ئەوەیە دەیبینی... ئەگەر ئەو پیاوە ملوێنەک لەیلووکی هەبی و ملوێنەک مندار سواری بن، هەموویان بەیەک جاری دەبینی... ژیان بەو لەیلووکەی دەچی و ئەمەش وەکی ئەو مندارەی سواری بووینە، لۆیە بەهی خۆمانی نازانین... دەزانین هی خوایە، بەس نازانین خوا کەینێ عزرایلەکانی دەنێری و لەسەری دەمانهێنیتە خوارێ... ناشزانین ئەو عزرایلانە کێنە و شکلیان کووە... ژیان خۆشە، بەرام چونکە هەموو دەمێ چاوەڕێ دەکەین، لێمانی بستیننەوە، ناتانین لەزەتی لێ ببینین.

من پێیم وت:

– ئەو لەیلووکە هی کوڕەکیە ناوی عومەر خورشیدە، ئەوەندە باشە، ئەگەر بێ و بشیبینی، لێی نادا.

«مام کافر» پێکەنی و وتی:

– هەوکە ئەتوو بەوانە دەچی، وەکی هەر لە خۆڕا مزگێنیی بەهەشتێمان دەدەنێ... کوڕم ئەتوو عومەرت لە مەکتەبێ دیتیە، بەس چووزانی هەرکە چاوی بەو مندارەی دەکەوی، وا لەیلووکەکەی داگرتیە، تووڕە نابی و هەزار زللەی لێ نادا...!!

«ڕزگار» وتی:

– منداری وەها هەنە، ئەوەندە هارن، لە کەس ناترسێن... ئەگەر مندارەکی وەها سواری ئەو لەیلووکەی بی، لەوانەیە بەبێ ترس گەمەی پێ بکا و هەر وجوودی کەسیش نەزانی.

– قەت وەنییە... ئەو زیاتر دەترسێ، بەس بەسەر خۆی نایینی... ئەو مەلایەی وا لەو مزگەفتەی ئەوبەرمان پێشنێژیی پەنجا کەسی دەکا، بەچارێگی من لە خوای ناترسێ.

«ڕەمزی عوسمان» لێی پرسی:

– ئەدی مادام لۆ ناچی نێژی بکەی و واز لەو لگاوەی بینی...؟!

– ئەوەیان چشتەشکەیە و با بیبڕینەوە... هاتم لە لای بەستۆڕە هەر قسەکی دەکەم، قۆڕە.

ئێمە دوایی زانیمان پارەکانی بۆ گیرفانی خۆی نەبوو و هەمووی بەسەر خەڵکی هەژار و لێقەوماودا دەبەخشیەوە... دەیویست نیوەی زیاتر بداتە «جاوید» ، بەشکوو بۆ ساتێکی کورت هەست بەتارماییی ژیان بکات، بەڵام ئەو وەرینەدەگرت و باوەڕی بەوە نەبوو هیچ شتێک بەپارە بکڕێت... «جاوید» ، کە بە«جاوە» بانگ دەکرا و سێبەریشی لە هی مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو، عاجباتیهەکی ئەم دنیایە بوو و ناکرێ ئەگەر ناویت هێنا، بەئاسانی لێی تێپەڕی و بەسەرسوڕمانەوە نەڵێی: «بەڕاست ئەو سەردەمەی جاوەی تێدا ژیاوە، ناوی چییە...؟!»... بەڵام چۆن و کەی لە دایک بووبوو...؟! کێ باوکی بوو...؟! ئەو ناوەی چۆن لێنرابوو...؟! لە کوێوە هاتبوو...؟! سەر بەچ ئاین و نەتەوە و وڵاتێک بوو...؟! ئەمانە هیچیان گرنگ نین، بەڵکو ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە، ئەم بەبێ شوناس دەیتوانی هەبێت... ئەگەرچی سنووری بازنەییی کات و شوێنەکانی بڕیبوو، بەڵام خەوشی زمان لە گێڕانەوەی ڕووداودا ئەوەیە، لە وزەیدا نییە ئەو چوارچێوانە تێکبشکێنێت و لە ئاسۆ دوور دوورەکان تێپەڕێت... زمان هەرچی بێت و چەند سەرچڵی

بکات، هێشتا ناتوانێ دەستبەرداری ئەو پیت و دەنگ و تۆنە سواوانە بێت، بۆیە دەڵێین یەکەمجار «جاوە»مان لە شێوەی منداڵێکدا بینی، کە تەمەنی لە دە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد و جلوبەرگی سیمای هیچ نەتەوە و میللەتێکیان دەرنەدەخست... ڕەنگەکانیان لە بینینمان یاخیبوون و خۆیان بەدەست هەستەکانمانەوە نەدەدان... ئەم هەر زوو تێکەڵی فەنتازیای بەکۆمەڵی ئەو گەڕەکە بوو و ڕۆژ بەڕۆژ چیرۆکە میتۆلۆژیەکان دەربارەی ژیانە سەیرەکەی زیاتر دەبوون... لە ڕێگای ئەفسانەوە ڕابردووی ئەو مەخلووقەیان پێکدەهێنا و گێڕانەوەکان لە یەکدی نەدەچوون... هەر بۆیە دوور نییە ئەو «جاوە»یەی من باسی دەکەم، زۆر جیاواز بێت لەوەی کەسێکی تری شارەکەم دەیناسێت، ئەگەرچی وشەی «ناسین» بۆ ئەو، هەموو ڕەهەندەکانی خۆی لە دەست داوە:

زستانی «١٩٦٣» ، سەردەمی کودەتای ناسیۆنالیستە شۆفینیستەکان، کۆمەڵێ چەکدار بەسەر ماڵێکیان دادا، بەڵام ئەوانەی مەبەست بوو بگیرێن، چەند ڕۆژێ پێشتر خۆیان دەرباز کردبوو... ئەو کچە جوانەی بەتەنیا لەگەڵ دایکە پیرەکەی لەو ژوورە مابووەوە، سەرنجی ئەو عەریفە ڕەشتاڵەیەی ڕاکێشا و گیانی پڕکرد لە شەهوەت... هەر خێرا پەلبەست کرا و گەیاندرایە ژوورەکەی دی... جارێک و دووان و دە تینوویەتییان نەدەشکاند و ڕۆژانە دەهاتەوە بۆ لای... «جاوە»ی ساوا کوڕی دایکێکی چواردە ساڵانی جوان بوو، بەڵام نەیدەتوانی دەمە بچکۆلانەکەی بەو سەرگۆی مەمکانەیەوە بنێت و تێر تێر مژیان لێ بدات... پەنجە نەرمەکانی بۆیان نەبوو یاری بەو تەڵەقژانە بکەن، کە لەملا و لەولاوە بەسەر ئەو سنگە سپیەدا دەهاتنە خوارێ و وەکو نەخش دەردەکەوتن... جارێکیان لە کتێبێکی فۆتۆگرافیدا تیمساحێکی زلم بینی لەسەر پووشی وشکی زەردی قەراغ دەریادا بەخەوتوویی کلکی هێنابووە لای دەمی و بازنەیەکی نارێکی پێکهێنابوو... لەناو بازنەکەدا چوار بێچووە تیمساح لە چوار هێلکە و جووچکێ لە پێنجەمدا سەری جووقابوو... جووچکەکە خۆی لەوان جیاکردبووەوە و حەیران و سەراسیمە لە تیمساحە خەوتووەکەی دەڕوانی...[٢٣] ئەو دیمەنە «جاوە»ی بیرخستمەوە و ویستم بگریم... فرمێسکەکانم داباڕێنمە سەر ئەو لاپەڕانە و سیمای هەموو وێنەکانیان پێ بگۆڕم، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە، چونکو گریان تەنها بۆ ئەو شتانەیە، کە لێیان تێدەگەین و ماناکانیان ئاشکران... «جاوە» بۆ نەگبەتی مرۆڤ بوو و قۆناغەکانی گەشەکردنی لەچاو باڵندەدا، سستر ڕێی دەکرد، بۆیە زۆری دەویست تا بگاتە ئاستی تێگەیشتنی ئەو جووجەڵەیە و لە سیمای دایکی بڕوانێت... تەنانەت ئەو دەستە چرچانەشی بیرنەدەهاتەوە، کە لە ڕۆژێکی باراناویی پایزێکی درەنگوەخت لە قەراغ چێورمەی گۆڕێکی زۆر کۆنی گۆڕستانی «چراغ»دا هەڵیانگرتەوە و بەرەو ماڵێکی پەڕپووتیان بردەوە... ئەوە دەستەکانی ئەو پیرەژنە چەلەبیە بوون، کە بیست ساڵ لەمەوبەر بەزمانی شڕی ئاژاوەیەکی گەورەی نابووەوە و گیانی چوار برای پێ فەوتاندبوو... لەمەوە دڵ و سی و جگەری بۆ چەند پشکۆیەکی ئەبەدی گۆڕا بوون و جەستەی هەمیشە لە مەنقەڵێکی شەقوشڕ دەچوو... گوناحەکان دەیانتلاندەوە و ئارامیان لێ بڕیبوو... دوای مردنی «عەبدوللا چەلەبی»ی مێردی، سامانە ئێجگار زۆرەکەی بەسەر هەژاراندا بەخشیبووەوە و لە کوخێکی بچووکدا ژیانی بەسەر دەبرد، کە ڕۆژانە تێیدا نوێژی دەکرد و ناوی پێغەمبەرەکانی دەهێنا... دەگریا و دەکڕووزایەوە... لەبەر



خوای تاق و تەنیا دەپاڕایەوە لەو خەتا گەورەیەی خۆشبێت و تا ماوە لەناو ئاگری زۆر بەتینی دۆزەخدا نەیسووتێنێت... شەوان بەسەر گۆڕەکاندا دەسووڕایەوە و فاتیحا و دووعای دەخوێند... دەستی لە ملی کێلەکان دەئاڵاند و ڕایدەمووسین... فرمێسکەکان بەقەدیاندا دەهاتنە خوارێ و دەبوون بەگۆمیلکەی بچووک بچووک... بەسەعات لەو تاریکاییەدا واوەیلای بۆ حاڵی پەرێشانی دەکرد و ئاگای لە دەوروبەرەکەی نەدەما... دەنگی دەگەیشتە ئاوەدانی و منداڵەکان لە ترسا خۆیان دەخزاندە باوەشی دایکیانەوە... دەیویست گیانی پاککاتەوە و بیرۆکە ترسناکەکان لەوە زیاتر ناو سەری هەڵنەکۆڵن... هەڵەی ئەویش ئەوە بوو نەیدەزانی هێنانەدنیای مرۆڤێکی وەکو «جاوە» و لە ڕۆژگارێکی ئاوادا لەگەڵ لەناوبردنی جیاوازیی نییە... ئێستا «جاوە» ڕۆڵەیەکی یەکرۆژیی پیرەژنێکی پەککەوتەیە، بەڵام هیچ لە «ئیسحاق»ی کوڕی حەزرەتی «ئیبراهیم خەلیل» ناچێت، کە «دایکە سارە»ی نەزۆک زۆر بەپیری بووی و وەکو موعجیزەیەک لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی کراوە... تەنانەت ناتوانێت لە ڕووی جیاوازییەوە ئەو تابلۆیەی «خاتوو فریدا کاهلۆ»ی هونەرمەندی بەناوبانگی مەکسیکیشمان بیربخاتەوە، ئەوەی مرۆڤێکی بەتەمەن لە باوەشی ئافرەتێکی گەنجدایە و مژ لە سەرگۆی مەمکی دەدات... لێوەکانی «جاوە» سەرگۆی مەمکی هیچ ئافرەتێکیان نەدەمژی و بەمەمکەمژە گەورە دەکرا... زانایەکی سایکۆلۆژی پێی وایە ئەگەر «هیتلەر»ی زۆڵی دوور لە سۆزی دایک بەمنداڵیی بیتوانیایە پەنجەی قاچی بخاتە دەمیەوە و تێر تێر بیمژیبا، ئەوا هەرگیز ئەو شەڕە خوێناوییەی هەڵنەدەگیرساند و لەززەتی لە کوشتنی کەسانی دیکەدا نەدەبینی... ئایا «جاوە» ، کە ناوەڕاستی حەفتاکان لە کەند و کۆندڕەکانی ئەوبەری شەقامی شەستی، لەناو سێگۆشەی «سەیداوە» ، «ئیسکان» ، «بەلاشاوە»دا دەژیا و ڕاوی باڵندە و بۆق و کوللەی دەکرد، لەبەرئەوە بوو لەززەتی لە کوشتندا دەبینی، یان برسیەتیی پاڵی پێوە دەنا...؟! ئەوەی بۆ من ڕوونە، هەر ئەوەیە ئەم نیشانەی زۆر ڕاست بوو، تەنانەت دەیتوانی بەدارلاستیک ئەو بۆقە سرکانەش بکوژێت، کە ئەوەندە بەخێرایی قەڵەمبازیان هەڵدەدا، لە هەوادا ڕەنگی خۆیان وندەکرد و وەکو تارمایی دەردەکەوتن... من تەنها ئەوەندەم دەبینی، چونکە هەرگیز نەمدەتوانی وەکو هاوڕێکانم سەرنج لەو دەستانەی بدەم، کاتێ هەڵیاندەگرتنەوە و دەیانخستنە قووتوویەکی شیری نیدۆوە... سەیر بوو...!! خۆ هەر باڵندە و بۆقێکی بکوشتایە، لە پێشدا دەیخستە ناو قوتووی شیرەوە، تا زۆر دەبوون و لەسەر چیلکەدار دەیبرژاندن، یان دەیکولاندن... چۆن دەیتوانی قوتووێک بۆقی کولاو بخوات، لە کاتێکدا من تەنها بەبیستنی لە زمانی هاوڕێکانمەوە دڵم تێکهەڵدەهات و چەند ژەمێک دەمم لە هیچ نەدەدا...؟! کاتێکیش لێیان دەپرسی، چۆن بۆی دەخورێت و ئەو لە وەڵامدا دەیوت:

– هەموو چشتەک بەئاگری خاوێن دەبیتەوە... بنیادەم بەو هەموو پیسیەی خۆی، کە خوا دەیسووتێنی، خاوێن دەبیتەوە.

من گوێچکەکانم توند توند دەگرت و نەمدەویست ئەو دەنگە پیسەی ببیستم... هەستم دەکرد وشەکان دەچنە دەممەوە و لەوێ بۆ چەند بۆقێکی زیندوو دەگۆڕێن... ئەمانە لە قسەی کەسێکی ئاوا نەدەچوون، بەڵام نەماندەزانی کێ فێری کردبوو... دەیانوت لە غەیبەوە بۆی دێ... ئاخر ئەو هیچی لە مرۆڤی ئاسایی

نەدەچوو... ڕەنگە ویستبێتی لە ڕێگەی هەستی قێزکردنەوەوە خۆمان و شتەکانی دەوروبەرمان ببینین و بزانین ئێمە لە چ سەردەمێکدا دەژین... شەوانێکی زستان فێری ئەوە بووبوو بەدزییەوە لەناو ئەو تەویلە بچووک و شێدارەی بەردەرگای ماڵی پیاوێکی نەوتفرۆشی گەڕەکی بەلاشاوەدا بنوێت... خۆی بەسەر پشتی ماکەرەکەدا دەدا و دەستەکانی توند توند لە ملی دەئاڵاند... هەر زوو خەوی لێدەکەوت و خەونی بەژیانێکی لەوەی خۆی سەیرترەوە دەبینی... هەرکە بەیانی پێش هەتاوکەوتن «دەروێش برایم»ی مزگەوتی «حاجی قەرۆ» لەوبەریەوە بەدەنگی ئێجگار بەرزی بانگی دەدا، ئەم بێدار دەبووەوە و دەبووایە بچێتە دەرێ، بۆ ئەوەی خاوەنی کەرەکە نەیبینێت و بەبەر شەقی نەدات، کە دوای دوو ڕەکعات نوێژ، دەهات و دەچوو لە بەنزینخانە نەوتی دەهێنا... بەو سەرمایە لە بەرباران هەڵدەلەرزی و هیچ شوێنێک داڵدەی نەدەدا... هاوینێک فێر بووبوو ئاوی ساردی لە سەلاجەی ئەو مزگەوتە دەخواردەوە و هەندێکیشی بەسەر سنگیدا دەپڕژاند، بەڵام دوای ئەوەی مجێورەکە بینی و بەدارێک تێیکەوت:

– بڕۆ هەی لە سەگی گڕوو گراوتر، جارەشکە لێرەت نەبینم.

ئیتر نەیویست ڕووی تێبکاتەوە و تینوێتیی خۆی لە ئاوی گەرمی ئەو گۆمەدا دەشکاند... تەنها وتمان گەرم و باسی پیسیمان نەکرد، چونکو لای ئەو هیچ شتێک لە مرۆڤ چەپەڵتر نەبوو... ئەو کە دەچوو ئاوی مزگەوتی دەخواردەوە، لەبەرئەوە بوو سارد بوو، نەک پاک... کەری ئەو پیاوە نەوتفرۆشە دەیتوانی شەوان بەدزییەوە هەندێ گەرمی و سۆزی پێ ببەخشێت و دڵنەوایی بداتەوە، بەڵام بەداخەوە خاوەنەکەی هیچی لەو ئیشەی دەستنەدەکەوت و تاقەتی چوو... وازی هێنا و بووە فەراشی قوتابخانە... تەویلەکەی هەڵوەشاندەوە و ئەوی بەڕەڵڵا کرد... منداڵە چەقاوەسووەکان دەستیان بەسەردا گرت و ڕۆژانە سواری دەبوون... بەدار تێیدەکەوتن و هەموو لەشیان داڕزاند... شەوێکیان لە قەراغی ئەو گۆمەی سەرچاوەی ژیانی «جاوە» بوو، گیانی دەرچوو و لاشەکەی بۆگەنی کرد... «جاوە» بەتەنەکەی ژەنگاوی کولانەیەکی پێکەوەنا و لە تەختەدارێک دەگەڕا سەری پێ بگرێت... بەچەند ڕیشۆڵەیەک، کە بەداو گرتبوونی، یەک دوو منداڵی ڕازیی کرد ئەو تاتەشۆرەی مزگەوتی بۆ بدزن... ئەو تاتەشۆرەی هەزاران مردووی لەسەر شۆرابوو و دنیایەک چیرۆکی خوێناویی دەزانی، دەیتوانی کەمێ گیانی «جاوە» لە باران و سەرمای وشک بپارێزێت، بەڵام کاتێ پێیانزانی، هاتن بردیانەوە و ئەم ئەوەندەی دی بەر نەفرەت کەوت... ئاسکێک شەوان لەو دەشتەوە دەهات و تا بەرەبەیان گوانی پڕ لە شیری دەخستە دەمیەوە... ئەو لە خەودا دەمیژی و خەونی بەپەیژەیەکەوە دەبینی، کە نەیدەزانی سەری لە کوێیە... پێیدا سەردەکەوت و نەدەگەیشتە هیچ شوێنێ... کاتێ دەکەوتە خوارێ و بێداردەبووەوە، بەدەم بیرکردنەوە لە جیاوازیی نێوان پەیژە و گریان سەرنجی لەو ئاسکە دەدا و تێکەڵ بەتارماییی شتەکانی ناو خەونەکەی دەبوو... بەیانی بەشیری وشکبووەوەی سەر جلەکانی دەیزانی ئەوە ئاسکێکی ڕاستەقینەیە و ئەمی تێرکردووە... تا ئێوارە برسیی نەدەبوو و هیچی بۆ نەدەخورا... شەوێکیان هەورەتریشقە گرماندی و برووسکێک بەر ئاسک کەوت... بەرزیکردەوە و پارچەکانی لە هەوادا وەکو چەند تیلمە قوماشێکی باریکی گڕگرتوو دەردەکەوتن... هەر خێرا کوژانەوە و کۆتایی بەو دیمەنە کورتخایەنە هات... بەیانی سم و شاخەکانی لە بەردەرگای کولانەکەیدا



بینی و برسێتیەکی سەیر لە ناخەوە هەژاندی... دەستەکانی بەملا و بەولای قەپرغەیەوە گرت و خەمبارانە بەخۆی وت:

– چەند خۆشە لە ڕۆژی بارانان برادەرەکت لەگەڵ بی و گۆشتی لەسەر مەقەڵەی ببرژێنی...!!

پیرەژنی بیرکەوتەوە... «دامین»ی پێ دەوت... کورتکراوەی «دایە ئامین» بوو... هێنایەوە بەرچاوی... لە ژوورە بچووکەکەی ئازووقەدا مەنقەڵێیەکی پڕ دەکرد لە خەڵووز و هەر لەوێ کەمێ نەوتی بەسەردا دەپڕژاند... شقارتەکەی دەخستە گیرفانی کەواکەی و بەوی دەوت:

– دەی جاوەکە ئەو قاپە گۆشت و باوشینەیەی هەڵگرە.

ئەم لە پێشەوە هەنگاوی کورت کورتی دەنا و ئەو بێدەنگ بێدەنگ دوای دەکەوت... هەر ئاوا بوو... یان لە پێشیەوە، یان لە پشتیەوە دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا نەکات... نەیدەویست هیچی لەگەڵدا بڵێ، کەچی دەقەیەکیش بەبێ ئەو نەدەحەوایەوە... تا دەگەیشتنە قەراغی گۆڕستانی «چراغ»، «دامین» چەند جارێ مەنقەڵێیەکەی دادەنا و ماندووی خۆی دەحەساندەوە... هاوکات مەبەستیشی ئەوە بوو «جاوە» پێی بگاتەوە و کەمێ بیدوێنی، بەڵام ئەویش قاپەکەی دەخستە سەر ڕانی و دەوەستا... لە کاتی گۆشتبرژاندنیشدا پیرەژن بەدەم باوەشێنکردنەوە دەیان سەرگوزشتەی بۆ دەگێڕایەوە... باسی ئەو مردووانەی بۆ دەکرد، کە ڕۆژگارێ ناسیبوونی... لەگەڵ زۆربەیان شەڕی بووبوو و ددانی بەخەتاکانی خۆیدا دەنا... داوای لێخۆشبوونی لەوان و لە خوای گەورە دەکرد... «جاوە» وای پیشاندەدا گوێی لەو نەگرتووە و چۆتە خەیاڵەکانی خۆیەوە، بەڵام لە ناخەوە دەهەژایەوە و چێژێکی سەیری دەبینی... ئەوسا لە پلەگۆشتەکانی دەڕوانی، کە لە ترسی ئاگرەکە خۆیان بەشیشەکانەوە دەنووساند و تک تک دەچزانە سەر خەڵووزەکان... بیرۆکەکان لەناو سەریدا تێکدەقژقژان و تارماییی دنیایەکی سەیر بەبەرچاویدا گوزەری دەکرد... دەیتوانی دەستی درێژکات و دەیان شت بەو پەنجە بزێوانەی بگرێت، کە لە هەر یەکێکیاندا نهێنیی جۆراوجۆر خۆیان حەشار دابوو و دەبووایە بەدوایاندا بگەڕێت... وەختێ لە نزیک گۆڕێک دادەنیشتن و قاپەکەیان دەخستە بەردەمیان، ئەم بیری لەوە دەکردەوە بۆچی «دامین» تەنها لەکاتی گۆشتبرژاندن و لەم گۆڕستانە چۆڵوهۆڵەدا هەقایەت و سەرگوزشتەکانی بۆ دەگێڕێتەوە... ئەو هەموو زەحمەتەشی بەبرژاندنیانەوە دەکێشا، کەچی دەمی تێوە نەدەدان، چونکو ئەو چەوریی لە خۆی حەرام کردبوو و زۆر کەم شتی دیکەشی دەخوارد... لە حەفتەیەکدا شەش ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو... ئینجا پلەگۆشتەکانی دەکرد بەچەند وردکەیەک و بۆ باڵندەکانی هەڵدەدان... کاتێک دەیانویست بۆ ماڵ بگەڕێنەوە، «دامین» دەستی بۆ ئەو گۆڕەی سووچی ئەوسەر ڕادەکێشا و پێی دەوت:

– لە پارچەپەڕۆیەکیان پێچابووی و لەوێندەرێیان فڕێدابووی... ڕۆژی پێشتر خۆشەویستی عەرد و عاسمانم لە خەوندا دیت و پێی گۆتم: منداڵەکت دەبی و ناوی جاویدی لێ بنێ... کورە ئەمن ئەگەر پێت دەڵێم جاوە، ئەو خوایە پێ عالیمە، لەبەر خۆشەویستیمە.

دوای تاوێ ئەمەشی دەخستە سەر:

– خوا دەزانی ئەگەر پێت دەڵێم فرەیاندابووی و هەڵمگرتیەوە، مەقسەدم نییە منەتت لەسەر بکەم، بەس نامەوێ بەدرۆ هیچت پێ بڵێم... لە زمانی خۆم بیزانی باشترە لەوەی یەکەشکە پێت بڵێ... ئەگەر مردم، گەردەنم ئازاکە... لۆم بەڕۆژی بەو فەقیر و هەژارت لە بیرنەچی... بەمنداڵی منداڵت بڵێ لە نێژ و دووعایان ناوم بینن، بەشکوو ئەو خوایە لێم خۆشبی... کورە ئەمن بارم گەلەک گرانە، ئاگات لێم بی.

فرمێسک لە چاوە کزەکانیەوە بەرەو چاڵوچۆڵیی ڕوومەتەکانی جۆگەلەی باریکیان دەبەست و بەچمکی کراسەکەی دەیسڕین... «جاوە» دڵی پڕدەبوو، کەچی بەسەر خۆی نەدەهێنا... بەناچاری پارووەکانی دەگلاند و لەوی نەدەڕوانی... ڕۆژێکیان لە کۆڵان هاتەوە و سەرنجی لە ڕووخساری دا... زۆر داماو کەوتە بەرچاوی و بۆ دواوە گەڕایەوە... دەرگای حەوشەی ترازاند و منداڵەکانی گەڕەکی بینی، چاوشارکێیان دەکرد و بەزاقوزیق ئەو ناوەیان هێنابووە هەژان... خۆیشی نەیزانی بۆچی ئاوا لەپڕ تەقیەوە و بارتەقای دە ساڵ فرمێسکی ڕشت... ئەو هەرگیز تێکەڵیان نەدەبوو و ئەوانیش زۆر زۆر کەم دەیاندواند... یاریی نەدەکرد و وەکو ئەوان هەڵبەزودابەزی نەدەزانی... زۆربەی کات بەتەنیا بوو... بەڵام لەناو خەیاڵەکانیدا هەزاران کەس دەژیان... لەوێ گەمەی دەکرد و لەگەڵ ئەوان دەدوا... تەنانەت پێی وابوو هیچ کەسێ بەقەدەر ئەو قسە ناکات... ئیدی ئەو نەیدەپەرژا تێکەڵی منداڵانی گەڕەکی خۆی بێت و «دامین»یش ئەمەی پێ باش بوو، چونکو بەباوەڕی ئەو یاری سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی شەهوەت و ڕابواردنە... «هەر ئەمەش زیاتر دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی، کە دەتوانم لە منداڵییەوە بەهاکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لە دڵدا بچەسپێنم و بزانێ چاکە و خراپە چین... تەمەنی تەنها چوار ساڵ بوو، کاتێ ویستم فێری پیتەکانی بکەم، بۆ ئەوەی وەختێ دەچێت بۆ حوجرە، بەخێرایی قۆناغەکان ببڕێت... من خۆم و خوشکەکانم لە یەکەم دەستەی ئەو کچانەی هەولێر بووین، کە لە قوتابخانە خوێندبوومان... من دوای چەند ساڵێ وازم هێنا، بەڵام خوشکەکانم بوون بەکەسانی ناسراوی شار... دوای تۆبەکردن، مەرجم بۆ ئەمان و هەموو خزم و ناسیاوەکانم دانا، کە خۆیان و کچەکانیان بەقاچی ڕووت و بەبێ لەچک پێ نەخەنە ماڵەکەم... ئیدی لەمەوە هیچیان هامشۆیان نەکردم و بەتەنیا مامەوە... یەک دەنک بیرم نەدەکردن و نەمدەویست بەدەقە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بم، کە پشتی کردبێتە خوای خۆی... با ئەوە دایک و باوک و خوشک و براشم بووایە... دەمزانی لەو دنیا لێپرسینەوەم لەگەڵ ئەوانەدایە، کە خۆشمویستوون و لەگەڵیاندا ژیاوم... من خانووەکەمم لەسەر شێوەی پەرستگایەک دامەزراندبوو... تەلەفزیۆنەکەم بەچەکوش وردوخاشکرد، چونکە پێم وابوو لەگەڵ بت جیاوازیی نییە... وێنەکانی خۆم و مێردەکەمم سووتاند و ماڵەکەم لە هەموو شتێکی حەرام پاککردەوە... فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستە ئەو شوێنەی لەم جۆرە شتانەی تێدا بێت، فریشتەکان ڕووی تێناکەن... دیوارەکانم بەئایەتەکان نەخشاند و سەر تاقەکانم پڕکرد لە قورئانی پیرۆز و کتێبی ئاینی... دەمویست جاوەش هەموو ئەو شتانە بزانێت، هەر بۆیە پەلەم لێ دەکرد و دەمویست زوو پێی بگەیەنم... کتێبم بۆ دەخوێندەوە و چیرۆکە ئاینیەکانم بۆ دەگێڕایەوە... پیتەکانم بەگەورەیی بۆ دەنووسی و پێم دەوت لاسییان بکاتەوە»... بەڵام «جاوە» ڕازیی نەدەبوو و هەرگیز ئەو قەڵەمەی بەدەستەوە نەدەگرت... بۆیە «دامین» لە پێنجساڵیی بردی بۆ مزگەوتی خانەقا و بە«مەلا شەریف



ڕەمەزان»ی سپارد، بەشکوو ئەو فێری قورئانی پیرۆزی بکات و لە دوارۆژ مەلایەکی چاکی لێ دەربچێت... لەسەر گۆڕەکەی سوورەتەکان بخوێنێت و بەدەنگی پڕسۆزی گوناحەکانی بشواتەوە... مانگانەی یەکەمی خستە ژێر بەرماڵەکە و بەجێیهێشتن... ئەم گوێی دەگرت، کەچی هیچی نەدەوت... مامۆستا هەر زوو زانی بەکەڵک نایەت، بەڵام لەبەر دڵی پیرەژن ماوەیەک لای خۆی هێشتیەوە... لە حوجرە دادەنیشت و گوێی لە هەموو قسە و باسێک دەگرت... بیری لێ دەکردنەوە و دەیهێنانە بەرچاوی، بەڵام وا دەردەکەوت هیچ فێرنەبووە... ناچار پیرەژن بەبۆڵەبۆڵ بردیەوە... ئەمجارە هێنایە قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان» و ناونووسی کرد... لەسەر کورسییەکی دواوەی دواوە دادەنیشت و وەڵامی کەسی نەدەدایەوە... مەگەر جار جار بەمامۆستای بوتایە:

– لەسەر مەکتەبێ ماڵی خۆمانم لێ دیارە، بەس ئەوە ماڵی مە نییە.

منداڵەکان قاقایان لێ دەدا و ئەو پێی دەوتن:

– ئەنگۆ لۆبێ پێدەکەنن، چونکە ماڵتان لەسەر مەکتەبێ دیار نییە، بەس دەزانم ئەوە ماڵی خۆتانە.

ڕاستی دەکرد... ماڵی ئەوان لەوێوە بەچاکی دیار بوو و درەختەکەی بەردەرگاش لە پاسەوانێک دەچوو... تەنها دوو ژووری بچکۆلەیان هەبوو، بەڵام بەشی دەکردن... جاران پێش ئەوەی پیرەژن مێردەکەی بمرێت و تۆبەی ئەبەدی بکات، ژن و پیاوە کارەکەرەکەیانی تێدا دەژیان... خۆشیان لەو خانووە گەورەیەی تەنیشتیان... لە جوولەکەیەکی دەوڵەمەند کڕیبوویان و دیوارەکانی نەخشی جوان جوانیان بەسەرەوە بوو، بەڵام کاتێ خانووەکان و سەرجەمی دووکانەکانی ناو بازاڕی فرۆشت و بەشێکی هەرە زۆری پارەکەی بەسەر هەژارانی ئەم گەڕەک و ئەو گەڕەکدا بەخشیەوە، ئیدی ئەو خانووە بچکۆلەیەی لە کارەکەرەکان سەندەوە و یەکێکی لە نزیک «منارەی چۆڵی»ی خستە سەر ناویان... پێی وتن:

– گەردەنم ئازاکەن، ئەمن بەخۆم خزمەتکاری خوای گەورەیمە و حەددم نییە کارەکەرم هەبی... ئەو لەقەبی چەلەبیەشم فڕێدایە و هەر بەئامین گازم بکەن... ناوی داکی فەخری عالەمە و هەر حەرفەکی هەموو چەلەبیی دنیایێ دەینی... خانیی گەورەم ناوێ... پیرەژنەکم بەناشکوری ناڵێم منداڵیشم نییە... سبەینێ دەمرم و دوو مەتر عەرد و سێ گەز خامم بەنەسیب دەبی.

قاوەچیەکەشیان کۆشکێکی چاکی لە پشت «مزگەوتی حاجی بەکر» بەرکەوت و لە خۆشییان هەر زوو ژنێکی دیکەی هێنا... بەڕێوەبەری قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان» دراوسێی ئەو قاوەچیە بوو و بەچاوێکی میهرەبانیانەی جیاواز لە «جاوە»ی دەڕوانی، ئەگینا هەر زوو دەردەکرا و هیچی لە قوتابی نەدەچوو... مامۆستاکان بەگشتی «دادە ئامین»یان دەناسی و ڕێزیان لێ دەگرت... هەموو جارێ لە ماڵەکەی لایاندەدا و سەریان ماچ دەکرد... بەو دەستە لەرزۆکانەی چێشتی بۆ لێدەنان و چا و قاوەی دەخستە بەردەمیان... لێیان دەپاڕایەوە ئاگایان لە «جاوە» بێت و دڵی ڕابگرن... ئەوان هەمیشە پێیان دەوت، ئەو چەند بڵێی کەمدووە و زەحمەتیشە هیچ فێربێ... بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان نەیاندەزانی «جاوە» ڕادەی تێگەیشتنی جێگای سەرسوڕمانە... ئەو هەر زۆر زوو لای «دامین» فێری خوێندن و نووسین بوو... لای «مەلا

شەریف»یش توانی هەموو جزووی عەممە لەبەر بکات... هەر ڕۆژی یەکەمیش لە قوتابخانە دەیتوانی «ئەلفوبێی نوێ» لە بەرگەوە بۆ بەرگ لەبەر بڵێتەوە و بەچاکی بیاننووسێت... لاساییی وێنەکانی دەکردەوە و وەکو خۆی دەریدەهێنان... حەزی دنیای لە وانەی «داو» بوو... بەسەعات لێی ڕادەما و خەیاڵی بەملا و بەولادا دەگێڕا... قەڵەمی دەهێنا و بەجوانترین شێوە ئەو وێنەیەی دەکێشا... بەڵام بەدزییەوە... ڕۆژانە مامۆستاکان تێیدەکەوتن و بەدار ناولەپەکانیان دادەڕزاند، کەچی سوودی نەبوو... نەیدەخوێندەوە... نەیدەنووسی... لە دوایاندا نەیدەوتەوە... ئەو ساڵە مایەوە و ساڵی دواتر و سێی دیکەیش هەر ئاوا... «مامۆستا سیراج»ی ماتماتیک پیاوێکی تووڕە بوو و هەر هەموویان لێی دەترسان... «جاوە» ڕۆژانە بەدەستی ئەو دارکاریی دەکرا و گیانی شین و مۆر هەڵدەگەڕا... کاتێ بەگوێچکە هەڵیدەبڕی و بەشەق لە ئەژنۆکانی دەدا، قوتابییەکان چاوی خۆیان دەگرت و نەیاندەوێرا لێی بڕوانن... دواییش دەهێنایە بەردەمی تەختەڕەش و دەبووایە تا زەنگەکە لێدەدا، لەسەر یەک قاچ بوەستێت... ئەو جارە پێی وت:

– ئەتوو ئەوە پێنجەمین ساڵتە لەو سنفەی، دیارە بەتەمانی لێی دەربچی... بەس ئەوەی لێرە دەیکەی، دەبایە لە زگی داکە شەریفەکەت بتکردبا و بەڕووی ڕەشەوە نەهاتبایە دنیایێ.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گەیشتبووە ئاستێک، لە ماڵەوە کتێبی ناو تاقەکانی بەدزییەوە دادەگرت و چەند سەعات سەری بەسەردا دەژەندنەوە... ئەو پارچە کاغەزانەی ژێر پێی ڕێبوارانی هەڵدەگرتەوە و لە ماڵەوە بەدزیی پیرەژنەوە دەیخوێندنەوە... هەندێ جار لەو لاپەڕە پەرتەوازانەدا چیرۆکی خۆشی دەستدەکەوت و دەیویست پارچەکانی دیکەشیان بدۆزێتەوە... بەسەر ئەو شەقامەدا دەڕۆیشت و وەکو شێت دەستی لەناو تەنەکە و بەرمیلە خۆڵەکاندا دەگێڕا... ئەوسا هەستی دەکرد ئەو بەڕاستی لە کۆمەڵێ مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە دەگەڕێت، کە لەناو ئاپۆرەی ئەو شارە دا ون بوون و دۆزینەوەیان ئەرکی سەر شانی ئەمە... ئاخۆ کۆتاییی ئەم چیرۆکە چی بێت...؟! ئەو ژنە بۆ کوژراوە...؟! کێ ئەو منداڵەی فڕاندووە...؟! ئەم کچە، کە ئەو کوڕەی خۆشناوێ، ئەی دڵی بەکێ وەیە...؟! ئەو مەڕە چۆن خۆی لە دەست گورگەکە ڕزگار دەکات...؟! بەڵام بەداخەوە نەیدەدۆزینەوە و ئەوەندەی دیکە لێی دەبوونە مەراق... ناچار خۆی بۆی تەواو دەکردن و لەمەوە فێری خولقاندنی چیرۆک بوو... دەشیزانی «دامین» حەز لەو بابەتانە ناکات... ئەگەر بیانبینێ، دنیا هەڵدەگێڕێتەوە... جارێکیان لە سووچی کۆڵانەکەیان پێچی کردەوە و گەیشتە سەر شەقامێکی بازاڕ... ملی پێوەنا و خۆی لە بەردەمی ئەو کتێبفرۆشانەدا بینیەوە، کە پەڕتووکی کۆنیان لە پەنادیواری قەڵات دادەنا و بەهەرزان دەیانفرۆشتن... شاگەشکە بوو... بەتیلەی چاو لێیانی دەڕوانی و بەرگەکانی دەخوێندنەوە... بەفێڵێک، کە زیاتر لە سیحر دەچوو، چوار پێنجێکی دزی و لە گیرفان و ناو باغەڵی نان... هەستی بەلەزەتێکی سەیر کرد... ئەمە هێزێکی گەورە بوو و خستیە سەر کەڵکەڵەی خەیاڵێکی تەواو نامۆوە... دەیویست لەو دووکانانەی سەر ئەم شەقامە دەیان شتی دیکە بدزێت... هەر ئەو کراس و پانتۆڵ و کاسکێت و چاویلکانەی دەیان جار پیرەژن ویستبووی بۆی بکڕێت و ئەم بەلچەهەڵقورتاندن، یان شانهەڵتەکاندن پێی وتبوو نایەوێت، ئێستا وا حەزی چۆتە سەریان و خەریکە سوێی بۆیان دەبێتەوە... لە ڕێگا بەدزییەوە کتێبەکانی دەردەهێنان و پەیتا پەیتا سەرنجی لێ دەدان... شەویش هەرکە «دامین» چووە



گۆڕستان و تا بەیانی بۆ نوێژ هاتەوە، هەر دەیخوێندنەوە و لێیان تێر نەدەبوو... دوایش لە پەنا باوەڵەکانی شاردنەوە و چەند جاری دیکە پێیانداچووەوە... ئاوا شێتی خوێندنەوە و نووسین بوو، کەچی هەر جارێ ئەو پیرەژنە داماوە پێی دەوت:

– بەقوربانت بم جاوەکە زەینی خۆت بدێ... کورە با فێری خیندەواریی بی... با بەس منداڵی عالەمێ بەجێتبێڵن.

ئەم تەنها یەک جار ئاوا وەڵامی دایەوە:

– بەجێم دێڵن...؟! لۆ بەجێم دێڵن...؟! ئەوانیش بەجێم بێڵن، هی تکە دێن... ئەدی هەموو ساڵێ منداڵان قەید ناکەن...؟! خۆ ئەو سنفە بەتاڵ نییە... ئەتوو خەمی منت نەبی دامین، بەتەنێ نامینێمەوە... ئەوساڵ لە پار زیاتر منداڵم لەگەڵە... پاریش سنفمان لە پێراری زیاتر تێدا بوو... ساڵ بەساڵ قەڵەباڵغتر دەبی... ژن ڕۆژ بەڕۆژ منداڵیان دەبی... خۆ ئەوانە ئەگەر نەمرن، گەورە دەبن... پاش چەند ساڵەکی تکە دێنە مەکتەبێ... هەر لەو گەڕەکەی خۆمان بیستوسێ ژن منداڵیان لە زگیە.

پیرەژن حەپەسا و پێی وت:

– ئەوە چییە ئەو قسە بێتامانە جاوە...؟! یەک چشتت پێ دەڵێم، باش گێت لێ بی... ئەو قسەیەی کردت، زۆر عەیب بوو... ئەرێ وەڵڵا ئەوەندە عەیب بوو، نەبیتەوە...!! تەمەشای ژنان نەکەی... حەرامە... چشتەشکەت پێ دەڵێم، ئەوەی چاوی لە فعلی خراپ بی، دوایێ پەشیماندەبتەوە و دەزانی چ گوناحەکی گەورەیە... ئەمن ئەگەر ببمەوە منداڵەکی وەکی توو، هەردوو چاوی خۆم دەگرم... دەوم دەبەستم... ئەمن ئەو ئەفعالانە لە ڕێی خێریان لادام... باش بوو جارەشکە عەقڵم هاتەوە سەری و ڕووم لە خوای خۆم کرد... بەقوربانی ئەو خوایەی بم... هەوکە هەر ئەوی دەناسم و شەهادەی هەر بەپێغەمبەری خۆشەویست دەینم.

– ئەتوو خوات زۆر خۆشدەوێ...؟!

– بەقوربانی بم، لە خۆمم خۆشتر دەوێ.

– چونکە لێی دەترسێی... وەنییە...؟!

– ها...؟! لێی دەترسێم...؟! ئەدیکوو لێی ناترسێم...!!

– ئەگەر لێی نەترسێی، خۆشتدەوێ...؟!

– ئەوە چییە ئەو قسانە جاوە...؟! کێ فێری کردی...؟! ئەتوو لە مەکتەبێ کەس دەبینی...؟! لە ڕێیێ لەکن کافران ڕادەوەستی...؟! گێ لەو نەفامانە دەگری، وەکی لەسەر جادان قسەی هەلەقومەلەق دەکەن...؟! هەوکە جوابی چت بدەمەوە...؟! ها...؟! جوابی چت بدەمەوە...؟! ئەوە چ بوو لە دەوت دەرچوو...؟! ئەوە کەینێ فێری ئەو چشتە هیچوپووچانە بووی...؟! پێنج ساڵە لە سنفی یەکی، نازانی ناوی خۆت بنووسی، ئەدی پێم ناڵێی ئەوە چ بوو گێم لێبوو...؟! بڵێ ئەستەغفیرەڵڵا... دەی زوو بیڵێی باشترە.

– ئەتوو حەز دەکەی خودا هەبی...؟!

پیرەژن بەدەست خۆی نەبوو تفێکی کردە چاویەوە و گۆچانەکەی بۆ هەڵبڕی، بەڵام دڵی نەهات پیایدا بماڵێ... هەرگیز لێی نەدەدا... لە دایکی خۆی چاکتر نازی دەکێشا، ئەگەرچی ئەو لە ژیانیدا نازی نەدەکرد... «دامین» گۆچانەکەی بەدیواری هەیواندا کێشا و پێی وت:

– ئەتوو ئەورۆ چت بەسەرهاتیە...؟! هیچ لێت تێناگەم... بێدەنگ بەبا هەندەکت دووعا لەسەر بخینم.

پاش تاوێ «جاوە» وتی:

– دامین ئەتوو هەر لە خۆڕا لە من تووڕە بووی... وەتزانی قسەکی خراپ دەکەم، بەس وەنییە... ئەمن چونکە منداڵم، ئەقڵم تێکنەچووە، دەزانم خودا هەیە و حەزیش دەکەم هەبی، بەس ئەتوو لە خوای دەترسێی و هیچ حەزیش ناکەی هەبی، چونکە قەت باوەڕ ناکەی لەو گوناحانەت خۆش بی... لێی دەپارێییەوە و بەقوربانی دەبی... شەڕی لەسەر دەکەی، بەس دەزانم ئەتوو ئەگەر...

– بیبڕەوە... بیبڕەوە... ئەمن دڵی چم پێت خۆش بی... هەوکە لە هەموو دەمێ زیاتر لە ئاگری جەهەندەمێ دەترسێم... نائومێدت کردم... وەمدەزانی دەبیە پیاوچاک و لە پاش مردنم بەخێر و خێراتت، بەدووعا و نێژت گوناحەکانم کەمدەکەیەوە... نەمدەزانی زیاتریان دەکەی... ئەوها بڕوا ئەتوو پشت لە نێژ و ڕۆژیی دەکەی و لێم دەبیە شیوعی... دەزانی شیوعی چییە...؟! ئەو کافرانەنە تۆبە ئەستەغفیرەڵڵا بەجاحێڵی بەگژ خوا و پێغەمبەرەکاندا دەچن و بەپیرییش ڕوو لە مزگەفتێ دەکەن... بەس لەوێش ئەگەر یەکەک قسەی بەڕەنگی سۆر بڵێ، تووڕە دەبن... هیچ دوور نییە نێژی خۆیان بەتاڵ بکەن و لەسەر گاوری ڕووسیا و ئەڵمانیا و ئەمەریکای بەشەڕبێن.

– ئەمن قەت نابمە شیوعی دامین... بنیادەم بەمنداڵی بمری باشترە، لەوەی سبەینێ شک لە بوونی خوای بکا... دوایش هەر بەو شکەوە لێی بپارێتەوە... منداڵ زۆر لە گەورەکان زیاتر خوایان خۆشدەوێ... بڕوا بکە ئەمن یەک بەخۆم حەزم لێیە هەر هەوکە لە بەرچاوی توو بمرم، بەس نامەوێ بەگەورەیی لە خوای بپارێمەوە لە گوناحم خۆشبی... ئەو کەسەی لە خوای دەپارێتەوە، هەتا لە گوناحی خۆشبی، ئەوە هیچ خۆشی ناوێ و پڕ بەدڵ حەز دەکا ئەو هەر وجوودیشی نەبی... هەندەک تەلەبەمان هەیە لە ماڵێ دەرسی خۆیان نانووسنەوە، دوایش لە مامۆستای دەپارێنەوە، لێیان نەدا... بەچ سوندت لۆ بخۆم هەتا هەوکە یەک جار لە مدیریش نەپاڕامەوە... دەستەکانم ڕادەگرم و لێدانی خۆم دەخۆم... جاری وەها هەیە پێم دەڵێن ئەگەر بڵێم سبەینێ دەینووسمەوە، لێم نادەن، بەس ئەمن سەری خۆم بادەدەم و وەناڵێم... ئەوجا خراپتر لێم دەدەن... ئەگەر بڵێم نایەشی، درۆی دەکەم.

– وەی لەو قسانە...!! ئەوە ئەتوو عومرت بووە دە ساڵ، دە کەلیمەت لەگەڵ نەگۆتیمە... ئەدی پێم ناڵێیی ئەورۆ چت لێ قەومایە...؟! دەبی ئەمن بتهینمەوە سەر ڕێێ، دەنا گوناحکار دەبم... ئەرێ وەڵڵا وەها گوناحکار دەبم، نەبیتەوە...!! کورە کوڕم شەیتانی بەنەعلەت بکە و گێم لێ بگرە... هەموو کەسەک غەڵەت دەکا و خواش بەرەحمە، ئەگەر لێی بپارێتەوە، لە گوناحی خۆشدەبی و دەشیباتە بەهەشتێ... چما



بنیادەم لۆ ئەوەی خولڤایە، هەر لە جەهەندەمێ بمینێتەوە...؟! ئەوەی گوناحی گەورەشی کردبی، بەئاگری خاوێن دەبیتەوە.

– ئەمنیش دەڵێم ئەو قسانە ڕاستن دامین... بنیادەم بەو هەموو پیسییەی خۆی، وەکی خوا دەیسووتێنی، خاوێندەبیتەوە... ئەوەی بەئاگری بسووتێندرێ، دەترسێ و دەپاڕێتەوە، بەس خۆ ناتانی کەسی خۆشبوێ... ئەوانەی گوناحیان کردیە و لەناو جەهەندەمێ دەسووتێن، لە خوای دەپاڕێنەوە و بەقوربانی دەبن، بەس قەت خوایان خۆشنەویستیە... ئەوجا خوا هەقی خۆیان لێ دەستینیتەوە و دەیانباتە بەهەشتێ... چما ئەتوو وەدەزانی ئەو تەلەبانەی سروودی «مامۆستای خۆشەویست هەر تۆ باوکمانی» یان لەبەر کردیە و لە ئیمتیحانان و دەیلێنەوە، ئەوە لە خۆشەویستیی مامۆستایە...؟! قەت وەنییە... هەمووی لە ترسانە... دە وەرە تەمەشایان بکە کوو دەلەرزن... زۆر جار پێکەنینم دێ وەکی ئەو شیعرەی بەلەرزەلەرز دەڵێنەوە... ئەگەر ئەو کەلیمانەیان بەڕاستیە، لۆ ئەوها زراویان چووە...؟! ئەوان مەدحی مامۆستای دەکەن، خۆ جوونی پێ نادەن... بەس ئەوەی لە دەرێ، لەودیوی پەنجەرەی تەماشایان بکا و گێی لێیان نەبی، هەر دەموچاویان ببینی، وەدەزانی ئەو لچ و لێوانە وەکی دەجووڵێن، چشتی ناشیرنیان لێ دێتە دەرێ... ئەوجا ئەگەر ناجیح دەبن و دەچنە سنفەشکە، ئەوە چشتەشکەیە... ئەوەی مامۆستای خۆشدەوێ، با لە دەرێ شیعری بەسەردا بڵێ... ئەمن هەموو ڕۆژێ تەمەشای ئەو منداڵانەی کۆڵانی خۆمان دەکەم، گۆرانیی دنیایێ دەڵێن، بەس هەتا ئێستا کەسیانم نەدیتیە ئەو سروودەی گۆتبی... ئەو منداڵانە زۆر لەو عەسکەرانەش باشترن وەکی بەیەک دەنگ سروودی «سەرۆک تەنها لە سایەی تۆدا بەختەوەرین» دەڵێن... جارەک ئەوانم لە تەلەفزیۆنی ئەو چایەخانەیەی مام بەکری دیت و لە پێش ڕەئیسی ئەوهایان دەگۆت... ڕەنگیان وەها زەرد هەڵگەڕا بوو، دەتگۆت دەیانەوێ ئینقیلابی بەسەردا بکەن... ئەوانە ئەگەر ئەوەندە لە سێبەری سەرۆکی خۆیان دڵخۆشن، ئەدی لۆ ئەوها چۆکیان دەلەرزی...؟! ئەوەی خوای خۆشدەوێ، با قەت فکر لەوەی نەکاتەوە، ئەو جەهەندەمی هەیە و خەڵکی تێدا دەسووتێنی... ئەوانەی خوایان لە ترسان خۆشدەوێ، قەت وەکی ئەوانەی نیینە لەبەر گەورەیی خۆشیان دەوێ.

«دامین» ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

– قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژەک قسەی وەهات لە دەوی دەردەچی، کە ئەمن نازانم باشن، یان خەراپ...!!

بە ڕوومەتی خۆیدا کێشا و ئەمەشی خستە سەر:

– هەی وەی شێرە بەئێتغە سۆزلار، ئۆشەغلارن داجیلتە، بیۆچتە بوسزلارە. «هەی وەی شێرە ئەوانەی گۆتی، هی منداڵان نەبوون...!! گەورەش نازانن ئەوها بدوێن».

«دامین» ئەو شەوە زۆر زووتر لە کاتی خۆی قورئانەکەی هەڵگرت و دەرگای حەوشەی ترازاند... بەدەم خوێندنی دووعاوە بەرەو گۆڕستان چوو و وەکو هەموو شەوێکی دی ئەمی بەتەنیا لە ماڵێکی چۆڵوهۆڵدا بەجێهێشت، کە زیاتر لە ئەشکەوت دەچوو و هیچ بنیادەمێ نەیدەتوانی دوای ڕۆژئاوا سەری بەناودا

بگرێت... کەچی «جاوە» نەک هەر نەدەترسا ، بەڵکو باوەڕی نەدەکرد لە هیچ شوێنێکی دی بتوانێت بمێنێتەوە... ئەو شەوە بیری لەو قسانەی خۆی دەکردەوە ، کە بە«دامین»ی وتن و تەواو سیمایان گۆڕی... خەوی زڕا و ترسێک لە دڵیدا هەڵتۆقی... پێش بەرەبەیان لە ژوورەوە لەژێر ڕۆشنایی گڵۆپە کزەکەی بنمیچە شێدارەکە پیاسەی دەکرد و بەردەوام بەدەنگێکی کەمێ بەرز دەیوت:

– خوایە چەندم خۆشدەوێی... نامەوێ بنووم ، نەخۆ خەونەکی ببینم و ئەو قسەیەی بەکەسەکی غەیری توو بڵێم... لۆیەش ئەوهات پێ دەڵێم ، چونکە هەست بەلەززەتەکی زۆر خۆش دەکەم... ئەی خودایە هیچ بنیادەمەک نییە ئەوەندەی من بڵێ ، بەس هەتا هەوکە هیچ قسەکم نەکردیە لەوەی جوانتر بی... قەت باوەڕ ناکەم ئەوەی بەهیچ کەسەکی دی بڵێم... حەز دەکەم کاتەک ڕووحم بکێشی ، وەکی ئەو قسەیەت پێ دەڵێم... خوایە خەڵک کەیفی خۆیانە عەشقی کێنە ، بەس ئەمن عەشقی توومە... بەدەست خۆم نییە چاوم بەچشتی گچکە تێر نابی و شێتی گەورەییمە... هیچم لەو کەونەی نەدیت قابیلی من بی و تەماعم لە خۆشەویستیی توو کرد... حەز ناکەم کەس ڕقی لێت بی ، بەس ناشمەوێ هیچ کەسەک ئەوەندەی من خۆشی بوێی... بەمنداڵی بمبەوە ، با عەقڵم تێکنەچی... با زمانم نەشێوێ و قسەی هەڵەقومەڵەقی پێ نەکەم.

لەپڕ تەپەیەک لە حەوشەکەوە هات... سەرەتا وای بۆ چوو «دامین»ە لە گۆڕستان گەڕاوەتەوە ، بەڵام هەر خێرا زانی ، کە ئەو هێشتا زۆری ماوە بێتەوە... بۆ ساتێکی کورت بیری کردەوە و زانی یەکێک لەسەر دیوارەکەوە خۆی هەڵداوەتە حەوشەوە... هێندەی نەبرد تەپەیەکی دیکەشی هەر لەو شوێنە بیست... ئینجا دەنگی هەنگاوە هێواشەکان هاتنە گوێچکەیەوە و گومانی نەما دز بەسەر ماڵەکەیانیدا داوە... ها ئێستا نا ساتێکی دیکە هەر چییان ماوە لە پارە و ئاڵتوون ، دەستیان بەسەردا دەگرن... دوور نییە ئەمیش بکوژن... هەموو جارێ «دامین» دەستی بەناو باوەڵەکەدا دەکرد و خشڵەکانی دەردەهێنا... پیشانی ئەوی دەدا و بەدەنگێکی لەرزۆک پێی دەوت:

– وەنەزانی حەزم لێیانە... بەخوای هەر لۆ ئەوەم هێشتینەوە ، پێیان بژین... ئەوها پیر و خەرۆ نەبام ، هەموویانم بەسەر فەقیر و لێقەوماواندا دەبەخشیەوە و دەچووم لەو دەڵاڵخانەیەی کەونەجلکم دەفرۆشت... ئەتووش ئەوەی لە داکی خۆت فێر بە ، قەت چاوت لێیان نەبی... ڕەنگە بڵێیی لۆ لە جێیەکی باش تەقەتیان ناکەی...؟! ئەگەر لێیان دزین...؟! بەس نایکەم... بیاندزن باشترە لەوەی ئەمن وەبزانم ئەوانە ئەمە دەپارێزن... ئەوە کوفرەکی گەورەیە جاوە... ئەگەر بەعاستەمیش وەهات بەمێشکیدا بێت و وەبزانی بێجگە لە خوای چشتەشکە هەیە دەتانی ئەمە لە ناخۆشی قوتار بکا ، گوناحە... ئەوە ئەمەینە ئەوان دەپارێزین... قاسەی ئاسنیان لۆ دەکەین... لەناو دیوارەکانییان دەشارینەوە... شەوان بەخەیاڵیان دەنووین... خەونیان پێوە دەبینین... سوێندیان بەدرۆ لەسەر دەخۆین... شەڕیان لەسەر دەکەین... خەڵکییان لەسەر دەکوژین... هەموو چشتەکیان لەسەر دەکەین و دەیانپارێزین... دوایش دەرێین ئەوان ئەمەیان پاراست... ئەوانە وەختەک دەتانن بمانپارێزین ، ئەگەر بەهی خۆمانیان نەزانین و لە ڕای خوای بیانبەخشینەوە... ئەمن یەک چشتی لە پارەی تێگەیشتیمە ، بەهی خۆتی نەزانی ، بەکەڵکت دێ... بەهی خۆتی بزانی ، ماڵت



وێران دەکا .

ئەو جارە «جاوە» بەخەیاڵ پێی وت:

«– ئەمن ئەگەر چشتەکت پێ بڵێم ، ئەتوو لەوانەیە وەبزانی ئێستا هەڵم بەستیە ، بەس سوندت لۆ دەخۆم دوونێ لە مەکتەبێ سەد جارم پێ گۆتی بەقوربانت بم دامین... پێنج فلسەکەی ئەتوو پێرێ داتمێ ، ویستم لوقمی پێ بکڕم ، چونکە ئەوەندەم برسی بوو ، وەمدەزانی ناگەمەوە ماڵێ... کوڕەکی سنفی شەش لە پێش ئەو حانووتەی هەر لە خۆڕا پاڵەکی قایمی پێوەنام و سەری بەدیواری دادام... ئەگەر دەزانی چەند هێشا ، هەر باوەڕ ناکەی... چونکە برسییشم بوو ، چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد و چۆکم دەلەرزی... دەترسام لە خۆ بچم... ئەوجا بەمنداڵەکانی تکەشی گۆت ئەو کوڕە ئەگەر ناوی داک و بابی خۆی بزانی ، ئەمن چشتی لۆ یەک بەیەکتان دەکرم... هەموویان پێکەنین و ئەمن بەسەر خۆمدا شکامەوە... هێشتا لێم نەگەڕا و گۆتی: ئەگەر بزانی لە چ پەنادیوارەکیشیان فڕێدابوو ، هەر قەیناکە... کوڕەکی برادەری لێی تووڕە بوو و پێی گۆت: ئەتوو ئەوە شەش ساڵە لەو مەکتەبەی ، نەتتانیە یەک پسکیتیش لۆ خۆت بکڕی... وەکی سەگی برسی تەماشای دەستی منداڵان دەکەی و بەدزیی لیکاوی ناو دەوت قووتدەدەیەوە ، هەوکە خۆت لەسەر ئەو بەستەزمانەی هەڵدەکێشی...؟! ئەمن خۆمم لە بیرچۆوە و وەختبوو لۆ وی بگرییم... ئەو کوڕەی لەسەر منی کردەوە ، زۆر لەوی زیاتر دڵمی ناخۆش کرد... دوایێ بەدزیی چوومە کنی و پێم گۆت: ئەمن ئەو پێنج فلسەم لێ زیادە و دەیدەمە توو... لوقمەکی پێ کڕی و خواردی... ئەوجا بەبرادەرەکانی خۆی گۆت: تەمەشای ئەو کوڕەی کەن ، پارەم دەداتێ ، هەتا هیچکە قەشمەریی پێ نەکەم و نەڵێم بیژییە... ئەمن زۆر تووڕە بووم... جەڕەس لێی دا و هەر کەسە چووە سنفی خۆی ، دەنا بەخۆم دەمزانی کوو بەبۆکسان تێیدەکەتم... ئەوەندەم ڕق لێی بۆوە ، فکرم دەکردەوە بەردەکی لە سەری بدەم و بیکوژم... دوایێ ئەتووم بەبیر هاتەوە... گۆتم نەء ، لێی نادەم... دوونێ چووم پێنج فلسی تکەم دایێ ، لەبەرئەوەی نا ، چونکە زگم پێی دەسووتا ، نەء ، هەر لۆ ئەوەی هەتا ڕقم لێی نەبیتەوە... ئەوجا لە فکرم چۆوە کە ئەو غەدری لێم کردیە... ئەدی ئەتوو ناڵێی ئەگەر دەتەوێ دوژمنەکەت بەخەفەتان نەتکوژی ، وەبکە خۆشت بوێ...؟! ئەگەر ئەو لوقمەم لۆی نەکڕیبا ، قەت نەمدەتانی خۆشم بوێ و ئەو هەموو خەمەی لە دڵی خۆم ببەمە دەرێ.[٢٤]

– بزانە جاوە ئەتوو ئەگەر بەو پێنج فلسانە دوو لوقمت بکڕیبا ، هیچیانت پێ نەدەخورا... ڕۆژی یەکەم زگت پێی دەسووتا و ڕۆژی دووەمیش ڕقت لێی بوو... ئینسان ناتانی لەزەت لە خواردنی ببینی ، ئەگەر زگی بەکەسەکی سووتابی یان ڕقی لێی بی... پارەکەشی بەزایەع دەچی... بەشەر مەخلووقەکی گەورەیە جاوە ، بەس ئەو گەورەییەی لەناو دڵی خەڵکی تکە پەرتبووە... ئەوی بیەوێ گەورەییی خۆی بەدەست بکەویتەوە ، دەبی هەموو کەسەکی خۆش بوێ و لەگەڵیان باش بی... ئەمە ئەگەر ئەوانمان خۆشدەوێ ، نابی منەتیان لەسەر بکەین ، چونکە لەبەر خاتری خۆمانە ، ئەوانمان خۆشدەوێ... وا نەبی ناگەینە ناو دڵیان و ئەو گەورەییەی خۆمانمان پێ خڕ ناکرێتەوە... بێجگە لە خۆشەویستی ، چییتکە هەیە ، بتانی بچتە ناو دڵان...؟! جاوەکەی خۆم گەورەیی خۆت لەو دڵانە دەربینە و پێی بژی... سەروەت و سامانت ئەگەر هەبوو ، بەخۆشەویستیی بدە... داکم بەڕەحمەت بی ، ڕەحمەت لۆ مردی هەر باشە ، دەیگۆت وەسیەت بی کچەکانم

ئەگەر پارەتان هەبوو، هەر بەزێڕی بدەن، چونکو هەر وەختەک بیفرۆشنەوە، هەقی خۆی زیاتر دەکاتەوە... هەوکە ئەمن دەزانم ئەو قسەیەی داکم چەند گوناحە... وەسیەتی من لۆ توو هەر ئەوەیە، هەر چت هەبوو، بەخۆشەویستیی بدە، قیمەتی وی قەت ناگۆڕێ... ڕەنگە بنیادەم لە کەلاوەکی بژی و پارەی نانی ڕەقی نەبی، بەس بەو خوایەی هەر لەوێ دەتانی خۆشەویستیی بەدەستکەوی.

– ئەمنیش ئەوەی دەڵێم دامین... هەردوو جارەکە پارەکانم دا وی، بەس ئەوان لۆم گەڕانەوە و بەکەڵکی خۆشم هاتن... سوندیشم خوارد هەتا مابمە بەپارە هیچ چشتەکی نەکڕم.

– ئەوجا مەرگم بەپێشت کەوی هەوکە دەزانی ئەمن لۆ ئەو سەروەتەی خۆمان ناشارمەوە و لە دزان ناترسێم.»

«جاوە» دەیتوانی دەرگاکە بەقوفڵ داخات و ئەوان نەتوانن بەئاسانی زەفەری پێ بەرن... پەنجەرەکەش بەشی خۆی مکۆم بوو و بۆیان نەدەشکا، بەڵام وای نەکرد... لەسەر پیاسەکەی بەردەوام بوو و وشەکانی دەوتەوە... دەرگای ژووری ئەودیو جیڕەجیڕی لێوەهات و دوای تاوێ کرایەوە... هیچی وای تێدا نەبوو بەکەڵکیان بێت، بێجگە لە ڕیکۆردەر و کاسێتەکانی «دامین»، کە زۆربەیان قورئان و وانەی ئاینیی بوون و ڕۆژانە بەدەم گریانەوە گوێی دەدانێ... هەندێ جار بەدیاریانەوە خەوی لێ دەکەوت... ئاخر ئەو بەدرێژاییی شەو بێدار بوو و بەڕۆژ چەند سەعاتێ ئاوا چاوی لێکدەنا... «جاوە» دەهات و بەو لێفە شڕەی سەر ئەو سەندووقە دایدەپۆشی... ڕەنگە ئێستا دەرگاکانی ئەو سەندووقەیان کردبێتەوە و بەڕووناکیی لایت لە پارە و زێڕ و زیو بگەڕێن، بەڵام هیچ نادۆزنەوە و وازی لێ دەهێنن... ئینجا دێنە ئەو ژوورەی «جاوە» و باوەڵەکە بەتاڵ دەکەن... ئەوا گەیشتن... دووانی تێکسمڕاون... دەمامکی خۆیان داوە... چەقۆیان خستە سەر سنگی... خۆی تێکنەدا... ڕێتمی قسەکانی نەگۆڕان... پاڵێکی قایمیان پێوەنا و لە سووچی ئەوسەر خۆی گرتەوە... بەجێیانهێشت... باوەڵەکەیان هێنایە خوارێ... کردیانەوە... شاگەشکە بوون... بردیان... چاویان بەهەموو لایەکی ژوورەکەدا گێڕا... هیچی دیان نەبینی... لە دەرگا چوونە دەرێ... ئەم لەسەر جێگاکەی نووست... نیوەڕۆ بێداربووەوە... «دامین»ی نەبینی... ئەودیوی بۆ گەڕا... نەبوو... ناندین و حەمام و ئاودەست... نەبوو... بەردەرگا و ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵان... نەبوو... ناو قەیسەری و بناری قەڵا... نەبوو... نەیدۆزیەوە... گۆڕستان... پەنا چێورمەی گۆڕی ئەو چوار برایەی بەهۆی ئەمەوە خوێنیان ڕژابوو... ئەوەتا لەوێ بەدەمدا کەوتووە... گیانی دەرچووە... دەستەکانی لەسەر قورئانەکە مردوون... ویستی بگری... دەموچاوی برنێتەوە... سەری بەکێل و پەرژینی ئەو گۆڕانەدا بکێشێت... پڕ بەهەموو دەنگی هاوار بکات، بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەوە... پشتی تێکرد و نەیویست چیتر بیبینێت... بەڕاستی نەزانی هەواڵەکە بەرێتەوە ئاوەدانی و بەم و بەو بڵێ دایکی وا لەو گۆڕستانەدا مردووە... زەحمەت بوو ڕستەیەکی ئاوای لە دەم بێتە دەرێ... تەنانەت چاوەڕێی نەکرد دوای نیوەڕۆ خەڵک بێن و هەر لەو شوێنە بەخێری خۆیان بینێژن... هیچ نەبووایە پێی بوتنایە ئەمە کێیە، تا ناوەکەیان لەسەر بەردێک بنووسیبا... تازە بەبێ ناونیشان لە گۆڕی دەنێن و کەسێک نییە بیریشی لێ بکاتەوە... ئەوەتا «جاوە» بەرەو ئەو شوێنە کەوتە ڕێ، کە ئەم بەیانیە خەونی پێوە دی... سێگۆشەی نێوان «سەیداوە»، «ئیسکان»،



«بەلاشاوە»... قەراغی ئەو گۆمە پیسە... لەوێ ڕووی کردە ئاسمان و مات و زەلیلانە وتی:

– خوایە هەتا دوونێش منداڵ بووم، بەس لەوڕۆوە خۆم بەگەورە دەزانم... ئەخر بنیادەم وەختەک گەورە دەبی، وەکی بێ داک دەمینێتەوە... ئیدی داکم مرد و چیتکە منداڵ نییمە... ئەمن هەر بەگەورەیی لە داکی خۆم ببووم و دامین کردمیەوە منداڵ... تازە قەت باوەڕ ناکەم دامینەشکەم بەدەست بکەوی و منداڵیی من تەواو... لێرەوە هەر دەبی ئاخی هەڵکێشم... هەر دەبی بڵێم بەمنداڵیی چەند گەورە بووم و هەوکە بەگەورەیی چەند گچکەمە... منداڵیم تێپەڕیە و ئەمنیش وەکی دامینی لێت دەترسێم، بەس جێیەکم نییە عیبادەتی تووی لێ بکەم... بستەک عەردی پاک نمایە بنیادەمەکانت پیسیان نەکردبی... دەشزانم عەقڵم تێکچووە و زمانم شێوایە... هەر قسەکی بکەم، بێمەعنایە، بەس هەتا مابمە فکر لە خۆشەویستیی توو دەکەمەوە... خودایە لە ئێستاوە غەریبیی خۆشەویستیی توو دەکەم... خودایە بەبێ خۆشەویستیت ناژیم... شێت دەبم... بەزگ دەدەم.

«جاوە» بوونەوەرێکی دەستەپاچە بوو و تواناکانی بڕیان نەدەکرد، بەڵام خەونەکانی سنووریان نەدەناسی... ئەگەر ژیانی ئەو بکرێت بەچیرۆکێکی کورت یان یەکێکی درێژ، یاخود ڕۆمانێ، ئەوا تەنها ئەم ناونیشانە هەڵدەگرێت: «دۆنکیشۆتێکی بچووک لە سەدەیەکی درەنگدا»... ئەو مەبەستی بوو هەموو ئەو بەها و سیگناڵانە لە خۆیدا بکوژێت، کە دەیکەنە مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ بەبێ ئەمانەش ئەوی قەبووڵ نەبوو... بەکورتی ئەو ئەگەر بشیویستایە، هەر نەیدەتوانی ببێت بەئینسان... ئەو ئینسانەی داهێنەری گەورەترین پۆخڵەواتە، کە ئینسانیەتە... «جاوە» نەیدەویست بمرێت و تەحەدای هەموو میکرۆب و نەخۆشیەکانی دەکرد، ڕەنگە ئەمەشی هەر بۆئەوە بووبێ، تا بەتەواوەتی لە مرۆڤ جیا بێتەوە... بەڵگەش ئەوەیە شەوێک لەناو ئەو سێگۆشەیەدا کوشتیان و هەر لەوێ بەبێ ناونیشان نێژرا... ئەمە ڕووداوێکی ترسناک بوو و نەدەکرا لە بیر خۆمانی بەرینەوە... نەشماندەزانی بڵێین: «خوێنی فەیلەسووفێکی بچکۆلە لە قەراغی گۆمێکی لیخندا ڕژاوە»... ئەگەر «سوێرێن کیەکاگۆرد Søren Kierkegaard»ی فەیلەسووفی دانمارکی و داهێنەری فەلسەفەی ئێکسیستێنتیالیزم لە تافی لاویدا گیانی سپارد، ئەوا «سوێرێن کیەکاگۆرد»ی ئێمە بەمنداڵی تیرۆر کرا... «مام کافر» ئەو نیوەڕۆیە نەیتوانی وەکو نیوەڕۆی ڕۆژانی دی نان و ماستاوەکەی بخوات و لەسەر تەختی ئەو گازینۆیە زۆر زۆر گریا... پێشتر پێی وتبووین گریانی منداڵ جوانییە، هی گەنج عەشقە، هی پیر نائومێدیە... ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەسۆزەوە فرمێسکی هەڵدەڕشت، وای بۆچووین ئەم باوکی «جاوە»یە و گوناحە گەورەکەش، کە نایەوێت باسی بکات، هەر ئەمەیە... تەنانەت هەندێک وتیان هەر خۆشی شەو بەدزییەوە کوشتی، بۆ ئەوەی چیدی درێژە بەو ژیانە ناهەموارەی نەدا و لەوە زیاتر ئازار نەچێژێت... ئاخر کێ لە «جاوە» و لە «مام کافر» و لەو شارەی ئێمە تێدەگەیشت...!!

«مام کافر» لەم دواییەدا چونکە چاوەکانی ئێجگار کزبووبوون، بەچاکی ڕەنگەکانی سەر کارتۆن و زارەکەی بۆ لێک جیا نەدەکرایەوە، بۆیە زۆر جار یان فێڵیان لێ دەکرد، یان ئەو بەناهەق دەستی بەسەر پارەی ئەواندا دەگرت... ئێوارەیەکیان ئەو زاڵمانە ئەوەندەیان لێ دا، دەموچاوی خوێنی لێ دەچۆڕایەوە...

ئیتر لەمەوە وازی هێنا و نەمانزانی چی بەسەر هات... باش بوو «ڕزگار»ی هاوڕێم نەیبینی، ئەگینا زۆر خەفەتی دەخوارد و دڵنیابووم دەشگریا... ئەو ڕۆژەش لەناو ئەو باخەی ماڵی «عادیل»ی پوورزای «مەرجان مووسڵاوی» هەر زوو زوو دەستی دەخستە سەر برینەکانی دەموچاوی خۆی و دەیوت:

– ئەگەر یەک بەیەک دەهاتن، دەتدیت چم لێ دەکردن...!!

زیانەکەی تەنها بەهی خۆی دەزانی، کەچی بۆ قازانجەکەی دەیوت:

– هەر ئەمە بردمانەوە، چونکە وا هاتینە ژۆرێ و بیبسییشمان وەرگرت... وەنییە...؟!

زۆر ڕاستە هاوڕێ خۆشەویستەکەم، وا نەبووایە من نەمدەتوانی ئەو هەموو لەزەتە لە گۆرانیی کچێکی دڵداری وەکو «مەرجان مووسڵاوی» وەربگرم... هەر ئەمەش پاڵی پێوەنام ئەوەندە بیری لێ بکەمەوە و هەمیشە ژیانە تایبەتیەکەی بێنمە بەرچاوم... تۆش پێت وتم ئەوان یەکتریان خۆش دەوێت و بۆت گێڕامەوە چۆن بەنیگای چاو ڕێگا دوورەکانی نێوانیان بۆ چەند چرکەیەک کورتکردۆتەوە... بەڵام دواتر تۆ بەچارەکی منت لە بارەیانەوە نەدەزانی... ئاخر خستبوومە ژێر چاودێریی خۆمەوە و زۆر جار هەنگاو هەنگاو دوایان دەکەوتم... دیارە تۆ دەزانی من هەرگیز لەم کارەم مەبەستی خراپم نەبووە، بەڵکو عەشقی ئەو عەشقەیان بووم و دەمویست لەگەڵیان بژیم... دەبا پێت بڵێم: هیچ کەسێ ئەوەندەی «مەرجان» حەزی لە قسەی خۆش و گاڵتە نەدەکرد... ئەکتەرێکی بەتوانا بوو و دەیزانی چۆن چۆنی بەسەرهاتەکان بگێڕێتەوە... دەشیزانی چۆن هەموو ئەندامەکانی جەستەی بەجارێ بخاتە جووڵە و ڕۆڵی شیاویان بەسەردا دابەش بکات... ئەو جەستەیەی کە تەنها بۆ ئەوە بوونی هەبوو تا سنوور بۆ خورافەکانی ناخی دابنێت... یاخود قاڵبێک بوو و خەیاڵە سەیر سەیرەکانی ئەوی لە خۆیدا هەڵگرتبوو... کاتێ مێردەکەی دەچووە دەرەوە، دەستەکانی دەخستە سەر ئەم شان و ئەو شانی و وەکو دووعا گۆرانییەکی زۆر تایبەتی بەسەردا دەخوێند، بۆ ئەوەی لە ناخۆشی و گرفتەکان بەدوور بێت و بەسەلامەتی بگەڕێتەوە... کاتێ دەگەڕایەوە، باوەشی پێدا دەکرد و گۆرانییەکی دیکەی بەسەردا دەخوێند... ئەمەیان بۆ ئەوە بوو ڕق و کینە و دڵپیسیەکان لە ناخی بچنە دەرێ و ئاسوودەیی لە ماڵەکەیان بەرقەرار بێت... نانخواردن و خۆشتن و یاری و دەستبازی و شتەکانی دیکەش گۆرانیی تایبەتیی خۆیان هەبوو و ئەمیان لەویان نەدەچوو... هەموو نهێنیەکانی ژیانی «مەرجان» لای من بوون... دڵی کاتژمێرێکی گەورەی قەد دیواری کەنیسەیەک بوو و ورد ورد دەمخوێندەوە... تەنانەت دەمزانی شەوانە چەند خەون دەبینێت... ڕەنگە وابزانی من هەر لە خۆمەوە ئەمانەم هەڵبەستووە، بەڵام بڕوا بکە هەمووی ڕاستیە... ئەگەر پێشت بڵێم ئەو خۆی هەندێکیانی لە نووکەوە بۆ دەگێڕامەوە و هەندێکیشیانم بەچاوەکانم دەبینی، ئەوا تۆ دەمت دادەپچڕی و دەپرسی: «چۆن...؟! کەی...؟! لە کوێ...؟!»... من ئەگەر بمەوێ سەرتاپای ئەو ڕووداوانەت بۆ بگێڕمەوە، ئەوا دەبێ لە سەرەتاوە ئەو ڕۆژگارەت بیر بخەمەوە، کە من و تۆ و یەک دوو هاوڕێی دیکەمان لەو دەشتەی بەرامبەر ماڵی «مەرجان مووسڵاوی» کۆدەبووینەوە و بەزمانە ساکارەکەی خۆمان باسی دەیان مەسەلەی جۆراوجۆرمان دەکرد... ئاخمان بۆ شکستی لەپڕی شۆڕش هەڵدەکێشا و دڵنەواییی یەکترمان دەدایەوە... نەورۆزی ئەو ساڵە هەتاوێکی خۆش بوو و خەڵک پۆل پۆل ڕوویان لەو دەشتە دەکرد... شار چۆڵ چۆڵ،



کەست تێدا نەدەبینی... دایکم نەخۆش بوو و ئێمە لە ماڵ ماینەوە... دوای نیوەڕۆ بەتەنیا چوومە ئەوێ و «مەرجان»م لە بەردەرگای خۆیاندا بینی... خەمناکانە دانیشتبوو و لە «تاڤگە»ی کچی ڕادەما... ئەو یاریی بەو بەردە وردانە دەکرد، کە هیچ کامێکیان لە دەنکە زەنگیانەیەک گەورەتر نەبوون... ئاوی باران لە دووری دوور دوورەوە، لەو شوێنەی من تا ئەو کاتەش پێم وابوو مردووەکانی لێ زیندوو دەبنەوە و شەوان ڕۆژ لەوێ سەرخەو دەشکێنێت، هێنابوونی و لە قەراغی ئەو جۆگەلە باریکەدا بەجێی هێشتبوون... ڕەنگی جۆراوجۆریان هەبوو و لە بەرتیشکی هەتاوی سەرەتای ئەو بەهارەدا دەبریسکانەوە... بەپەنجە بچکۆلەکانی کۆیدەکردنەوە و دەیخستنە شووشەیەکی مەیلەوسوورەوە... ئەوسا جوانتر دەردەکەوتن و دەمتوانی دەیان نهێنییان تێدا بدۆزمەوە... ئەوە ئەگەر لە دەرەوە لێیم بڕوانیبا، بەڵام من بەرگەی بینینی دیمەنی ئاوام نەدەگرت، هەر بۆیە خێرا کێشی کردم و وەکو وردەبەردێ خۆم لەناو ئەو شووشەیەدا بینیەوە... ئەوەتا «مەرجان» لێمان دەڕوانێ و چۆتە خەیاڵێکی قووڵەوە... ڕەنگە بیر لە دانانی ئاوازێک بکاتەوە، تا بمانکات بەهەڵبەستی گۆرانییەکی تازەی... گۆرانییەک وشەکانی لە کۆمەڵێ بەردی خورافی پێکهاتووە و بەم نەورۆزە دەیچڕێت... ئێستا من لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر لە «مەرجان» دەگەم و چاکتر پەی بەنهێنییەکانی ناخی دەبەم... «تاڤگە» بەبێ ویست ڕاماندەشەقێنێت و بەر یەک دەکەوین... هەر یەکێکمان تۆنێکی جیاوازمان هەیە و دەیان ئاوازمان لێ دەخوڵقێنێت... بەڵام ئاوازێکی خەمناک... بەڵێ خەمناک تا ئاستی ڕەشبینی... کاتێ شار چۆڵ دەبێت، شتەکان ترسناک دەردەکەون... ئەمە قسەی «خەجیج ساڵەیی»ی نەنکم بوو، بەڵام ئەو ساکارانە ئەمەی دەردەبڕی... نەورۆزی ساڵی حەفتا لە نەورۆزەکانی پێشتر نەدەچوو... هەمووی دە ڕۆژ بوو پەیمانی یانزدەی ئازار مۆر کرابوو... گەورە و بچووک ڕوویان لە «کونەگورگ» کرد و لەوێ ئاهەنگێکی بێوێنەیان گێڕا... شار چۆڵ چۆڵ... نەنکم ترسێکی سەیر دایگرتبوو و دەگریا... خۆ ئەو نابینا بوو و چاوەکانی هیچ شتێکیان نەدەدی... کات و شوێن چ مانایەکیان بۆ ئەو مابوو، هەتا لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر بیرۆکەی چۆڵبوونی شار بیتۆقێنێت...؟! لەگەڵمان نەهات و بەتەنیا لە ماڵ مایەوە... من ئەوسا منداڵێکی شەش ساڵان بووم و لەوە تێنەدەگەیشتم... نەشمدەتوانی بەراوردی نێوان ئەم و ئەو منداڵە بێکەسەی کارەکتەری یەکێ لە چیرۆکەکانی بکەم... ئەوەی شەوان درەنگ درەنگ بەپێی شەقارشەقاری دەچووە ئەو دەشتە و گوڵی دەچنی... بەیانییان زوو زوو لە شارێکی پڕ لە شەڕ و ئاژاوەدا دەیویست بیانفرۆشێت... بەدەنگە ناسکەکەی و بەجوانترین نەغمە هاواری دەکرد:

– گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس نایبینێت... گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس پێی نازانێت.

بەڵام بێهوودە بوو و لێیان نەدەکڕی... هەر دەتوت گوێشیان لێی نییە... ئەوسا هەستی بەچۆڵ بوونی شار دەکرد و زەندەقی دەچوو... بەخۆی دەوت: «ئەرێ ئەوە چشتەکان نەماون، یان چاوەکانی من...؟! کوان ئەو خەڵکە...؟!» تاقە کچێک لە دەرگا بەخەمبارییەوە سەری دەردەهێنا و لێی دەڕوانی... گریان قوڕگی دەگرت و بەئاماژەی پەنجە ناسکەکانی پێی دەوت پارەی نییە، ئەگینا هەموویانی لێ دەکڕێت... ئەو کچە

کوڕێکی هەژاری خۆشدەویست و باوکی ڕازیی نەدەبوو شووی پێ بکات... کوڕەکە دابوویە کێو و نەیدەویست بگەڕێتەوە ئاوەدانی... لەوێ گۆرانیی بۆ دڵدارەکەی دەچڕی و چریکە خۆشەکەی لە ئەشکەوتەکان دەنگی دەدایەوە... کەنارییەکان بۆیان دەسەندەوە و تێکەڵ بەنەغمە دڵگیرەکانی خۆیان دەکرد... ئینجا منداڵە گوڵفرۆشەکە پێی دەوت:

– وەرە بەئارەزووی خۆت چەپکێ هەڵگرە... بەخۆڕایی دەیدەم بەتۆ.

ماڵەکەیان لە شوێنێکی کەمێ بەرز بوو و دوای بڕینی چوار پایەی قادرمە دەگەیشتە بەردەرگاکەی... لەوێ لە چاوە فرمێسکاویەکانی دەڕوانی و پێی دەوت:

– دەستت درێژکە و چەپکێ هەڵگرە... بۆنەکەیان هەڵمژە و با فرمێسکەکانت بڕژێنە سەریان... چی هەیە جوانتر لەو گوڵەی بەفرمێسکی کچێکی عاشقی دڵشکاو شۆرابێت...!!

ئەو هەر بەسەرلەقاندن تێیدەگەیاند، کە دڵی نایەت لەویان بستێنێت... ڕێ و ڕێ دەگەڕایەوە و لە ناوەڕاستی کۆڵان لە پرمەی گریانی دەدا... ئینجا هەر بەو گریانەوە هاواری دەکرد:

– گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس نایبینێت... گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس پێی نازانێت... ئەو گوڵەی کچێکی عاشق ناوێرێت بۆنی بکات.

تا دەگەڕایەوە ئەو کەلاوەیەی لە قەراغی شار بوو و تێیدا دەژیا، فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەگوڵەکان دەیسڕین... ئینجا لەوێ هەڵیدەدانە سەر ئەوانەی ڕۆژانی پێشوو، کە بەبەرزاییی چەند مەتر لەو بەردەمەدا کەڵەکە بووبوون و «کات» دوا تنۆکی شیلەیانی دەمژی... ئەو پیرەمێردەی لەگەڵی دەژیا چەند ئامۆژگاریی دەکرد تا واز لەو پیشەیەی بێنێت، یان هیچ نەبێ لە کاتێکی دیکەدا بیکات، نەک پێش هەتاوکەوتن، کەچی ئەو گوێی لێ نەدەگرت و هەر وازی نەدەهێنا... پیرەمێردی نەگبەت لە دڵەوە ئەوی خۆشدەویست و بەزەییی پێدا دەهاتەوە... زۆر جار کە لەوێ دەنووست و لە سەرمان هەڵدەلەرزی، بەقاپووتە دڕاوەکەی خۆی دایدەپۆشی... هاوین بووایە باوەشێنی دەکرد... یان کاتێ بەداو لەو زبڵدانە گەورەیەی ئەوبەریان چەند باڵندەیەکی بگرتایە، لەسەر چیلکەدار دەیبرژاندن و بەشی ئەویشی دەدا... ئیدی دەیزانی ئەم کارەی ئەو زۆر بێمانایە و ئەگەر دەستبەرداری نەبێت، ژیانی خۆی لە پێناو دادەنێت... پێی دەوت:

– کوڕی خۆم بڕوانە ئەو بازرگانەی ناو ئەو قەیسەریە تاریکە و بزانە چەند ئاقڵە... دەزانێت سەردەمی شەڕ و کوشتارە و خەڵک تازیەبارن، تەنها کوتاڵی ڕەش لە شارە دوورەکان دەهێنێت و ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبێت... هەر لە تەنیشتیەوە بازرگانێکی دیکە هەیە و قوماشە ڕەنگاوڕەنگەکانی تۆزیان لێ نیشتووە... هاکە زانیت لە برسان مرد... خەڵکی زۆرزان دەزانن چی ساغدەبێتەوە، ئەوە دەفرۆشن... تۆ بزانە ئەو بازاڕە چۆن گۆڕاوە...!! ئەو دوو ڕیزە دووکانە دەبینی، کە لەمبەر چەک دەفرۆشن و لەوبەر چەخماخچی چاکیان دەکەنەوە...؟! ئەوانە جاران هی عەتر و پاقلاوە و بولبول و کەروێشک و شتی دیکە بوون... ئەو عەرەبانانەت بینیوە فیشەکدان و کیفی خەنجەر و قایشوقرۆشیان بەسەرەوەیە...؟! ئەوانەت پێش شەڕ لە هیچ شوێنێکدا نەدەبینی.



شەوێکیشیان لەکاتێکدا لەو دەشتە گوڵەکانی دەچنی، لەناکاو پیاوێکی لێ پەیدابوو، کە بەدوو دارشەق بەڕێدا دەڕۆیشت... لەژێر تریفەی مانگی چواردەدا سەرنجی لە سیمای خەمناکی دا و بەزەییی پێدا هاتەوە... ئەو لەشەی وا وشکبووبووەوە، ئێسقانەکانی دەرکەوتبوون... لەگەڵ دارشەقەکانی بنباڵی جیا نەدەکرایەوە و ئەوەی دەیبینی، شتێک بوو لە دار دروست کرا بوو و هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ڕۆح بتوانێت لەناو جەستەیەکی بێکەڵکی ئاوادا بژی... سێبەرەکەی لەسەر زەوی وەکو سەماوەرێکی قووپاو دەرکەوتبوو و ترسی دەخستە دڵیەوە... ئەو لێی نزیککەوتەوە و پێی وت:

– کوڕی شیرینم من دەزانم تۆ لە کەیەکەوە خەریکی ئەو کارەی و دەشزانم ڕۆژێ دێ پەشیمان دەبیتەوە... دیوتە من بەدارشەق دەڕۆم...؟! ئەوە لەبەر ئەو خەڵکە وام لێ هات، کە تۆ دەتەوێ گوڵیان پێ بفرۆشیت... ساڵێک باران نەباری و ئاو ڕۆژ بەڕۆژ کەم دەبۆوە... منیش بەدەمی خۆم نەڵێم لە هەموو شارەکە بەئازا ناسرابووم و دەیانزانی چەند بەهێز و دەستڕەنگینم، لێم پاڕانەوە تا بیرێکیان بۆ هەڵکەنم... براکەمم هێنا و شەو و ڕۆژ ئیشمان تێدا دەکرد... من هەڵمدەکەنی و ئەو لە سەرەوە بەدۆڵچە خۆڵەکەی هەڵدەکێشا... بەڵام چونکو ئاوەکە زۆر لە قووڵاییی زەویدا بوو، هەر پێی نەدەگەیشتم... ڕۆژێکیان ڕەشەبایەک هەڵی کرد و پیرەداری بەرەگەوە لەژێر عەرد دەردەهێنا... بەبراکەمم وت شتێ بخاتە سەر دەمی بیرەکە، نەبادا پڕی بێت لە دار و بەرد و گیانم تێیدا دەربچێت، بەڵام ئەو بەجێیهێشتبووم و خۆی گەیاندبووەوە ئاوەدانی... من لە باوکمەوە چیرۆکێکم بیستبوو و کەڵکم لێ وەرگرت... بۆیە وازم لەوە هێنا عەردەکە قووڵ بکەم، بەڵکو ئەمجارە کونێکم لە تەنیشتەوە کرد، بۆ ئەوەی بچمە ناویەوە و خۆم لە مردن بپارێزم... توانیم تا ناوقەدم بەرمەناوەوە، بەڵام فریای قاچەکانم نەکەوتم... کۆمەڵێک بەرد کەوتنە ناو بیرەکەوە و بەریان کەوتن... ئازارێکی زۆرم هەبوو و نەمدەتوانی بیانجووڵێنم... هەر دوای ئەو ڕەشەبایە، بارانێک دایکرد، لە هەموو ژیانمدا شتی ئاوام نەدیبوو... وردە وردە ناو بیرەکە پڕدەبوو لە ئاو... ئەگەر لێم بپرسی چۆن هاتمە دەرێ، ئەوا نازانم چ وەڵامێکت بدەمەوە... ڕەنگە لە ترسی مردن پاشماوەی هێزی گیانم کۆکردبێتەوە و هاتبێتمە دەرێ، چونکە من مەلەوانێکی باشیش بووم... خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێ خەڵکی ئەو شارە ڕزگاریان کردبێتم، چونکو ئەگەر وابووایە، یارمەتیی دیکەشیان دەدام و ئاوا پشتیان تێنەدەکردم... کاتێکم زانی وا لە بەردەمی بیرەکە کەوتووم و قاچەکانم داڕزاون... دەمویست بەخشکەخشک خۆم بگەیەنمەوە ئاوەدانی... لە ڕێگا کۆمەڵێ قەرەجم بینی... کەلوپەلیان خستبووە سەر پشتی ئێستر و کەرەکانیانەوە و بەلامدا تێدەپەڕین... ئەوانیش لەو خەڵکە نائومێد بووبوون و بۆ شوێنێکی دوور دوور دەیانگوێزایەوە... بانگم کردن... هەڵیانگرتم... زۆر دەستەودامێنیان بووم، بەشکوو لەگەڵ خۆیانم بەرن و لێرەم دووربخەنەوە، بەڵام وتیان: تۆ پیاوێکی باشیت و شاری خۆت بەجێمەهێڵە... ئێ ئەوە دنیایە بتوانی بیانگۆڕی...!! لە بەردەمی کەلاوەکەمیان دانام و ڕۆیشتن... ئینجا لە برا و دراوسێ و لەم و لەو دەپاڕامەوە فریام بکەون، بەڵام کەس گوێی پێ نەدەدام... ئەو بارانە خێر و خۆشیی بۆ هێنان و منیان بیرچووەوە... سواڵیشم نەدەکرد... ئێستاش نایکەم... نەک لەبەرئەوەی شەرمم پێیە، بەڵکو دەزانم خێر لەم شارە نەماوە... تۆش وازبێنە کوڕی خۆم... پەشیمان دەبیتەوە.

منداڵێکی کەللەڕەق بوو و لە قسەی خۆی نەدەهاتە خوارێ... بەپیشەی هەمیشەی شەوان درەنگ درەنگ بەپێی پەتی بەرەو ئەو دەشتە ڕایدەکرد و گوڵی دەچنی... بەیانییان زوو زوو بەڕاکردن دەهاتەوە و کۆڵان کۆڵان دەیگێڕان... تا ڕۆژێ لە گۆڕەپانێکدا برسیەتی زۆری بۆ هێنا و خستی... نەیتوانی هەستێتەوە و گیانی دەرچوو... گوڵەکان لەناو دەستیدا وشکبوونەوە و با هەڵیوەراندن... هیچ کەسێ بەلایدا نەدەچوو و گۆڕیان بۆ هەڵنەدەکەند... تەرمەکەی بۆگەنی کرد و گوڵە بۆنخۆشەکانیش بەسەرچوون... گەڵایەکی وشکبووەوە گەیشتبووە ئەو ئەشکەوتەی کوڕە دڵدارەکەی تێدا دەژیا و هەڵیگرتەوە... بۆنی کرد و هەر خێرا گەڕایەوە... لە دەرگای ماڵی کچەکەی دا و باوکی بەڕووی خۆشەوە لێی کردەوە... کچەکەیان دایە و زەماوەندیان بۆ گێڕا... منداڵان دەچوون لەو دەشتە گوڵیان دەچنی و بەسەر ئەو ژن و پیاوانەیاندا دەباراند، کە لەو گۆڕەپانەی گوڵفرۆشێکی بچکۆلەی تێدا مردبوو، بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە دەستی یەکدیان گرتبوو و دڵخۆش دڵخۆش هەڵدەپەڕین... بازاڕ داخرا و تەنها بازرگانە چاوچنۆکەکە دووکانی کردبووەوە، بۆ ئەوەی بەدیار قوماشەکانیەوە بگری، چونکە خەڵکی شار تێکڕا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون چیتر جلی ڕەش نەپۆشن.

من هەقم بەسەر گۆرانی و هەڵپەڕکێی ئەو خەڵکەدا نەبوو و بۆ ئەو منداڵە گوڵفرۆشە دەگریام... لای من چیرۆکەکە لەوێ کۆتاییی دەهات و ئەو پاشکۆیەی دوای مردنی هیچ مانایەکی پێ نەدەبەخشیم... ئینجا نەنکم سەرمی دەخستە سەر ڕانی و پێی دەوتم:

– مەرگم بەپێشت کەوی، ئەوە هەقایەتە... گریانی ناوێ... لۆیە دەیگێڕمەوە، هەتا پەندی لێ وەربگری.

ئەو ڕۆژە کە بەتەنیا لە ماڵ بەجێمانهێشت و ئەو دەگریا، من نەمدەتوانی دڵنەواییی بدەمەوە و پێی بڵێم:

– نەنکە ڕۆحەکەم ئێمە دەچینە دەشت و ئاهەنگ دەگێڕین تۆ ئەو فرمێسکانە بۆ هەڵدەڕێژی...؟!

ئاخر من وەکو ئەو لەوە تێنەدەگەیشتم، بیرۆکەی چۆڵبوونی شار چەند ترسناکە...!! بەڵام شەش نەورۆز دوای ئەوە کاتێ «مەرجان»م بینی، موفارەقەیەکی سەیرم بەدی کرد... خەڵک دەچن لە دەشت و کێوەکان ئاهەنگ دەگێڕن و چاکترین گۆرانیبێژی نەناسراویشیان لەناو شاردا بەجێهێشتووە...چ ڕۆژێکی سەیر و جیاوازە ئەمڕۆ...!! یەکەمین جارە ئەوەندە لێیان نزیکبکەومەوە و بمەوێت بیاندوێنم... باشە من چیمە لەو ژنە دەوێت...؟! بۆچی ئەوەندە بیری لێ دەکەمەوە...؟! بەزەییم پێیدا دێتەوە، یان خۆشیمدەوێت...؟! حەزم لە خۆیەتی، یان لە دەنگی...؟! شەوانیش تا چاوم دەچێتە خەو، لەناو خەیاڵەکانمدا دەیهێنم و دەیبەم... دەست دەکەمە ملیەوە و دڵنەوایی دەدەمەوە... بەپشتی پەنجەکانم فرمێسکەکانی دەسڕم و سەری دەنووسێنم بەسنگمەوە... لەپڕ هەستێکی سەیر، کە خاڵیی نییە لە گوناح و بێویژدانی، لە دڵمدا هەڵدەتۆقێت و دەمەوێ ماچی بکەم... ترسێک دامدەگرێت و پەشیمانم دەکاتەوە... ئەو ترسە چییە...؟! نازانم... جارێکیان بەپارێزەوە دەمم خستە سەر ڕوومەتی... نەء، لە پێشدا چەناگەمم لەناو قژیدا نوقووم



کرد... تا ئەو کاتەش وامدەزانی دەمەوێت بۆی بگریم، بەڵام نازانم چی بوو لەپڕ وای لێکردم ماچی کوڵمی بکەم... پێش ئەوەی ئەو هیچم پێ بڵێت، هەر خێرا بەخۆمم وت: «چەند ژنێکی گوناحە...!!»... ویستم مەغزای ماچەکە بگۆڕم و ئەو حاڵەتە ناخۆشە لە دڵمدا بکەمە دەرێ... هاوکات ئەو سەیرێکی کردم و ویستی شتێ بڵێت، بەڵام نەیوت و سەری داخست... خۆزگە دەمزانی دەیەوێت بڵێ چی... یان بریا گوێم لە دەنگی ناخی بووایە... پڕ بەدڵ پێم خۆش بوو زللەیەکی قایم تێسرەوێنێت... بزانە چەند ناپاکم...!! چەند بێویژدانم...!! ئەو هەستە پیسە چی بوو لە ناخمدا دەرکەوت و نەمتوانی سەرکوتی بکەم...!! ئەگەر برادەرەکانم بزانن من ژنی شۆڕشگێڕێکم ماچکردووە، کە ئێستا لە زیندان بەناشیرینترین شێوە ئەشکەنجەی دەدەن، چیم پێ دەڵێن...؟! بێگومان ڕیسوام دەکەن... هەقی خۆشیانە... ئەو جارە «جاسمی»ی کوڕی «ئەنوەر خەفاف» چۆن «سەربەستی عەریف فوئاد»ی دایە بەر کەللە، چونکو وتی بەچاوی خۆی بینیویەتی «قومری لەقلەق» چۆتە ماڵەکەی... ئەو قسەیەی چۆن ئاوا بەئاسانی لە دەم دەرچوو...؟! مانای ئەوە بوو «مەرجان» بۆتە سۆزانی و هاتۆتە ڕیزی «مونیرە» و «نەهلە» و «پەروین» و ئەوانی دی... خۆزگە دەقەیەک پێش ئەوە گوللەیەکی وێڵ سەرگۆی دڵمی بپێکابا و لە جووڵەی بخستمایە، بەڵام گوێم لەو چەند وشەیە نەبووایە... ئەو چەند وشەیەی، کە لای من وەکو ژەهر وان، ئەگەر بیانخەیتە ناو دەریای زمانەوە، تانوپۆی ژەهراویی دەکەن و گیانلەبەری تێدا ناهێڵن... کاتێکیش خوێنی دەم و لووتی دەسڕی، وتی:

– دە وەڵڵاهی زۆر چشتی تکەش دەزانم و شایەدیشم لۆ یەک بەیەکیان هەیە.

«جاسم» ئەوەندە تووڕە بوو، چەند جارێ سەری خۆی بەدیواری قوتابخانەی «قازی محەمەد»دا کێشا... وتم ناوچەوانی دەتەقێت و مێشکێ بەو بەردە ڕەقانەوە دەنووسێت... بەس باش بوو هیچی لێ نەهات... کاتێ تووڕە دەبوو، لە شێتێکی تەواو دەچوو و چاوەکانی دەردەپۆقین... ئێمە توند توند گرتبوومان و ئەو خۆی ڕادەپسکاند... دەیویست جارێکی دیکەش دەرفەت بێنێت و لە چرکەساتێکدا ڕۆحی لە کونی لووتیەوە دەربکات... «سەربەست»یش لە تاوی ئازاری دەم و لووتی، نەیدەبڕیەوە و تا دەهات شتی بێماناتری دەوت:

– بڕۆ لێی بپرسە لۆ ڕۆژی بارانەکەی لە کن حەمامی ئیسکان قسەی لەگەڵ حەسەناغەی دەکرد...؟!

– وس بە هەی برای سستەر سوهامی... ئەمن هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم، چونکە دەزانم هیچ چشتەک لە خوشکت پیستر نییە... ئەمن ئەگەر هەر ناوەکی لەو خوشکەت بنێم، مەعنای ئەوەیە گەورەم کردیە... ئەوەندەی بەسە کە ناوی سستەر سوهامە.

بەڵام هەر ئەو «سستەر سوهام»ەش بوو پار و پێرار لەو نەخۆشخانەیەی چۆمان پێشمەرگەی برینداری تیمار دەکرد... شەوانیش خێمە بەخێمە دەگەڕا و دەرزیی لەم و لەو دەدا... من ئەمانەم لە دەمی «جاسم» خۆیەوە بیستووە... ئەدی ئێستا بۆچی ئەو هەموو جنێوەی بۆ دەنێرێت...؟! جارێکیش «نیهاد» لەسەر دەفتەری ڕەسم وێنەکەی کێشا و سەدی بۆ دانرا... بەڵام کاتێ «سەربەست» وتی ئەوە وێنەی خوشکیەتی،

مامۆستا هەر بەجارێ ئاگای لە خۆی برِا... ترساین لەژێر ئەو تەختەرِەشە گیانی دەربچێت و بەسەرماندا ساغبێتەوە... «نیهاد» لە پێشدا نکوڵیی لێ کرد... ئینجا چوار قوتابی شایەدییان بۆ «سەربەست» دا و وتیان «نیهاد» خۆی وتوویەتی ئەوە «سیستەر سوهام»ە... ماچی کردووە و زۆر شتی دیکەش... شتی دیکەی وەکو چی خوای گەورە...؟! خۆزگە دەیانوت... ئای لەو بێناموسە...!! ئەو ئێوارەیەش لە ترسی باران خۆمان دابووە پەنادیواری ماڵی «سەدیقە مولایە»ی پووری و ئەو بەلاماندا تێپەرِی، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و زۆر بێشەرمانە وتی:

– وەی بەقوربانی هەموو شووشە و تەپەدۆری دنیایێ بم، مادام دەستی توویان پێ دەکەوی...!! هەی تووشی سیل و سەرەتانی بم و بەو پەنجانەت دەرمانم بەدەوی وەبکەی...!!

ویستم یەک بۆکسی قایم بەناوچەوانیدا بکێشم و مێشکی رِژاوی بەو دیوارەوە بنووسێنم، بەڵام ئاخ جورئەتم نەدەکرد...!! مامۆستا وەکو من نەبوو و نەیهێشت لەسەری بچێت... دەفتەری رِەسمەکەی درِاند و لەژێر پێلەقەی نا... گوێی بەوە نەدا ئەو چاکترین نیگارکێشی قوتابخانەیە و نازناوی «پیکاسۆ»ی داوەتێ... پێشی وت:

– بێئەدەب...!! ئەوەی ئەتوو کردیتت، کەسەک دەیکا، کە تەربیەتی نەدرابیتێ... خوشکی برادەرت، خوشکی خۆتە.

ئینجا قژی گرت و پێی وت:

– دە جار بڵێ گووم خوارد.

ویستی نەیڵێت، بەڵام ئەو قایمتر رِایکێشا و بەلەقەش لە ئەژنۆکانی دا... ئیدی لە ترسان دووانیشی زیاد وت... «جەمال کەریم» بێشەرمانە هەڵیدایە:

– مامۆستا ئەتوو پێت گۆت دەی بخوا، ئەو دوازدەی خوارد.

– ئەو دووە بەشی توو بوو جەمال، گەردەنی ئازا کە.

– گەردەنی خۆش و ئازابی مامۆستا.

کاتێ وانەکە کۆتاییی هات، «هیمدادی خەجێ بولغاری» بە«نیهاد»ی وت:

– ئەوە لۆیە لێی دای، حەتا دوایێ بچتە خەستەخانەی و لۆ سستەر سوهامی بگێرِتەوە... دەیەوێ بەو فێڵانە خۆی لێ نێزیک بێخیتەوە... ئەدیکوو بابە...!! ئەمن بەخۆم دەزانم ئەوە چی دەوێ...!! هەموو شێتی وی بووینە...!!

لەسەر دیوارەکانیش ناوەکەی دەنووسن و هێمای سەیر سەیر بۆ وشە ئاڵۆشاویەکانیان دەکەن... هەندێکییان فێربوون گۆرانیی «سستەرێ هەی سستەرێ لە خەستەی وەرە دەرێ» دەڵێن و «سەربەست»ی پێ توورِە دەکەن... بۆچی ئەو هەموو کورِە حەزیان لەو کچەیە...؟! جوانە...؟! دەمێکی خوار، لووتێکی پان، دوو رِیز ددانی شاش، جووتێ گوێچکەی شۆرِ و قژێکی بژی هەیە... هەموو ئەمانە سەرێک پێکدەهێنن و ملێکی کورت رِایدەگرێت... کەچی کاتێ لێی دەرِوانی، جوانیی دنیای تێدا دەبینی... ئەو جوانییە لە کوێوە دێت...؟! رِەنگە ئەمە مەسەلەیەکی ماتماتیکی بێت و من سەری لێ دەرنەکەم... ئەی خوایە گیان چۆن کۆی چەند شتێکی «ناشیرین» ئەنجامەکەی «جوان» دەردەچێت...؟! ئینجا زانیم بۆچی من ئەوەندە لە ماتماتیک خراپم و نمرەکانم لە سی بەسەر ناکەون... برِوانن لە ژنێکی عەرەب و پیاوێکی کورد چی خوڵقاوە...!! تمەز ئەو دوو نەتەوەیەی رِووبارێ خوێنیان لە یەکتر رِشتووە، دەتوانن بەخۆشەویستی جوانترین مرۆڤ دابهێنن...!! جلی کەشخە دەپۆشێت و مۆدێلی پێڵاوەکانی زۆر تازەن... چەند بڵێی بەناز هەنگاو دەنێت و رِوون نییە سەیری کام لا دەکات... هەندێ جار وادەزانی شتێکی وردی گرانبەهای گومکردووە و بەدەم رِۆیشتنەوە بۆی دەگەرِێت... هاکە دانەویەوە و هەڵیگرتەوە، بەڵام لەپرِ سەری هەڵدەبرِێت و ئەو هەستەت بەدرۆ دەخاتەوە... ئینجا بەخۆت دەڵێیت باڵندەیەکی خورافیی لە تاقی ئاسماندا بەدیی کردووە و لێی دەرِوانێت... تا تۆ دەتەوێت نیگات ئارِاستەی ئەوێ بکەیت، ئەو فێڵێکی دیکەت لێ دەکات... ئەمجارە وا دەچێتە ئەقڵتەوە کەسێکی خۆشەویستی دیوە و بەپیریەوە دەچێت، کە دوای ماوەیەکی زۆر لێکدابرِان وا لەپرِ لێرە چاوی پێی دەکەوێتەوە... ئێستا دەگاتە لای و باوەشی پێدا دەکات... هەر زوو پەشیمان دەبیتەوە و خەیاڵت بۆ شتێکی دیکە دەچێت... ئیدی برِوا ناکەی ئەمجارەیان بەهەڵەدا چووبیت... ئەوەتا کامێرایەکی پێیە و دەیەوێت وێنەت بگرێت... جوان بوەستە...!! بزەیەک بخەرە سەر لێوت...!! قژت رِێکخە...!! ئەوە بۆچی چاوەکانت داخستووە...؟! بیانکەرەوە...!! دەستەکانت بگرە بەملا و بەولای قەپرغەتەوە...!! نا، ئاوا جوان نییە...!! بیانخەرە گیرفانەکانتەوە...!! بەدڵمە... نەجووڵێی...!! ئەوە چی بوو...؟! ئای لەوە...!! خۆ وای نەکرد...!! بەسە کاروان واز لە مەزەندە بێنە، چونکو ئەو تا ئێستاش نەهاتۆتە دەرێ... وا لە بەرامبەر ئاوێنەی ژوورەکەی وەستاوە و خۆی دەگۆرِێت... ئەوەتا پێڵاوەکانی لە پێ دەکات... بەحاڵ ئاورِێکی کورت دەداتەوە و لە دواوەی خۆی دەرِوانێت... جانتاکەی لە شانی هەڵدەکێشێت و بەسووکی گۆرانییەک دەچرِێت... دەنگیشی خۆشە... وا نییە...؟! نازانم، بەڵام ئەو وشانەی جار جار بەدەم بزەیەکەوە دەریاندەبرِێت، سەرنجرِاکێشن... تۆ وادەزانی ئەوە بزەیە، ئەگینا سیحرێکی دیکەیە و زەحمەتە ناوێکی بۆ بدۆزیتەوە... کاتێ دەیەوێت شتێ بڵێ، جا گرنگ نییە چی بێت، لە پێشدا بیر لە کۆمەڵێ فێڵ دەکاتەوە بۆ دەربرِینی... هەر بۆیە کەم دەدوێت و زۆر دەگەیەنێت... لە رِاستیدا ئەو مەبەستیەتی تەنها لە رِێی زمانەوە دەرکەوێت و ئێمە هەر لەوێدا ببینین... واتە ئەو وەهمێکە... کاتێ زمان نییە، ئەویش ونە... بەمانایەکی تر ئەو قسە ناکات، بەڵکو بەوشە خۆی دەخوڵقێنێت... ئینجا ئەگەر هەر جارێ بەشێوەیەک دەیبینین، ئەوە لەبەرئەوەیە هەرچی ئێستا دەیڵێت، جارێکی دیکە دووبارەی ناکاتەوە... لەوانەیە من رِۆژێ گەورە ببم و قسەی هەموو خزم و دراوسێکانم بیربچێتەوە، بەڵام دڵنیام ئەوانەی «سوهام»م تا مردن لا دەمێنێت... ئەو نیوەرِۆیە بینیت قۆڵێکی بەدەرگای حەوشەوە نابوو و بەشلی رِوومەتی خستبووە سەر...؟! بەبێ ئەوەی یەک دەنک خۆی ببزوێنێت، بانگی خوشکەزاکەی دەکرد... هەرچەند دەیوت:

– ئێ دەوەرە...!! ئێ دەوەرە...!! تاقەتم نییە ئەوەندە لێرە رِاوەستم.

ئەو باڵندەیەم بیردەکەوتەوە، کە بەهاری پار دوای لێزمەبارانێک لەسەر لقی درەختێکی تەڕی ماڵی «ئامین»ی نەنکمدا بینیم... جوان جوان هەڵدەقوونیەوە و دڵۆپەبارانی ورد ورد لە گەڵاکان هەڵدەوەرین... خەریک بوو من لەجیاتی ئەو خوشکەزایەی بچم و باوەشی پێدا بکەم... دەمم بخەمە ناو دەمیەوە و هەموو پیت و دەنگەکانی ناخی بەجارێ هەڵمژم... بێگومان پێشتر هەزاران جار ئەمانەم لە کەسانی دی بیستبوو و نەیانورووژاندبووم، بەڵام ئەو زانای وشەسازیە، نەک سستەری نەخۆش و خەستەخانە و دەزانێت چۆن بەگیراوەی پیتەکان لە پەلوپۆم بخات... لە ڕێگای قوتابخانە جاڵجاڵۆکەیەکی گەورەم بینی... سەرنجی ڕاکێشام... بەدیاریەوە وەستام... دیقەتم لێی دا... تۆڕێکی ورد وردی بەدرکێکی ئەو دەشتەدا ڕایەڵ کردبوو... زیندەوەرێک نەشارەزایانە هات و خۆی لێ دا... جاڵجاڵۆکە بەدەزوولەی باریک باریک شەتەکی دا و لە جووڵەی خست... «سوهام» ئاوا بەوشە من دەتەنێت و پێم دەڵێت: ئەوەی بیەوێت لە جوانیی تێبگات، دەبێ لەناو زماندا نوقووم بێت... من لە تۆدا نوقووم بووم و تا ماوم خۆم بەلاڵ دەزانم... ڕۆژانە قۆڵم دەنێم بەدەرگای حەوشەی خۆمانەوە و ڕوومەتمی دەخەمە سەر... دەڵێم:

– ئێ دەوەرە...!! ئێ دەوەرە...!! تاقەتم نییە ئەوەندە لێرە ڕاوەستم.

گوایە لاساییی تۆ دەکەمەوە، بەڵام مەحاڵە ئەوە بەمن بکرێت... نەنکم دیمی و لێم تووڕە بوو:

– ئەوە چییە...؟! لەگەر کێتە...؟! شێت بووی...؟!

جا خۆ زەحمەت نییە بۆ کەسێ بیەوێت لەوە تێبگات کێ شێتە و کێ ئاقڵ، بەمەرجێ بزانێت کێ تۆی بینیوە و کێ نەیبینیوی... کێ دەنگتی بیستووە و کێ نەیبیستووە... ئەی کچە ناشیرینەکەی گەڕەکی منداڵیم، ئەوە گوێچکەم و بەچپە پێم بڵێ ئەو هەموو جوانییە چۆن لە تۆدا جێگایان بۆتەوە...!! ئێرەییت پێ نابەم، بەڵام لە ئاستدا حەپەساوم... وامدەزانی من ڕۆژێ سەر هەڵدەگرم و تا ماوم ڕوو لە ئاوەدانی ناکەمەوە، کەچی تۆ ڕۆیشتی و نەک هەر گەڕەکەکە، بەڵکو شارەکەشت بەجێهێشت... هەر کاتێکم زانی وا لۆرییەک لە بەرامبەر دەرگاکەتان وەستاوە و شتومەکەکانتانی تێدەکەن... بۆ کوێ دەڕۆی...؟! بەڕاستی دەچیت بۆ سلێمانی و ئیتر ناگەڕێیتەوە...؟! وازم لێبێنە بچکۆڵ گیان... تۆ چی لە ئازارەکانی ناوەوەی من تێدەگەیت...!! ئەگەر دراوسێتان بوومایە، دەمزانی کەی لە دایک بوویت... دەیان جار لە باوەشم کردبووی... ئەو ساڵەی تۆ چاوت هەڵێنا، من تەمەنم نۆ ساڵ بوو... ڕۆژانە دوای قوتابخانە لە بازاڕ شتم دەفرۆشت... خانووێکی پەڕپووتمان هەبوو لە گەڕەکی «تەعجیل»... باوکە نەخۆشەکەم لە سووچێکی ئەو ژوورە چاوەڕێیی مەرگی خۆی دەکرد... «فالیحە عەرەب»ی دایکم لە هەیوانەکە مەکینەیەکی دوروومانی دانابوو... تا درەنگی شەو بەپارەیەکی زۆر کەم جلی بۆ خەڵک دەدووری... «مامە فازیل»م خرابووە زیندانەوە... دەبووایە خەمی ئەویشمان هەڵبگرتایە... بەیانییان لەگەڵ «نەمام»ی خوشکم پێش قوتابخانە دەچووینە لای «حەمۆ خەیات»ی پوورزای دایکت و قوماشمان دەهێنا... دایکم دوو پارچەی بەپێنج فلس دەدووری... ئێواران پێش خۆرئاوا دەمانبردنەوە... ئێمە دەمانویست بەم ئیشە پارە پەیدا بکەین و بۆ باوکە نەخۆشەکەمانی بدەین بەحەب و دەرمان، بەڵام سوێند دەخۆم هەر بەگڕەگڕی ئەو مەکینەیە حاڵی خراپتر دەبوو... جارێکیان بەعەرەبانەی ماڵێکی دراوسێ گەیاندمانە دکتۆر... ڕاچێتەمان بردە دەرمانخانە، بەڵام



پارەکەمان ئەو هەموو حەب و دەرزیەی پێ نەدەکڕا... ئەو ڕۆژە ئەوەندەم بەزەیی بەخۆماندا هاتەوە، لەناو بازاڕ دەگریام، کەچی هەر بەدەم هەنسکەوە بانگم دەکرد:

– ڕێواس... ڕێواس... ڕێواسی ناسک.

پرسیارێک...!! تۆ دەتوانی بۆ دەقەیەک کچێکی نۆ ساڵانی دەستفرۆش بێنیتە بەرچاوت، کاتێ لەسەر شەقامی بناری قەڵات فرمێسکی ورد ورد لە چاوەکانی دێنە خوارێ و تیشکی ڕۆژی ئاسمانی بێگەردیش ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەیان لەسەر دەنەخشێنێت...؟! با بڵێین دەتوانی، بەڵام خۆ هەرگیز نازانی ئەو چۆن بیر لە مەرگی ئازیزێکی دەکاتەوە... کورە بەچی بڕوا دەکەی، من بەشێوەیەک خەیاڵم لەو مەسەلەیە ئاڵا بوو، کە وامدەزانی لە نیوەشەوێکی ئەنگوستەچاو بەناو گۆڕستانێکدا هەنگاو دەنێم... ئەو خەڵکەم وەکو مردوو دەبینی... ترس دایدەگرتم... ئەگەر زوو زووش هاوارم دەکرد:

– ڕێواس... ڕێواس... ڕێواسی ناسک.

ئەوا لەبەرئەوە بوو، دەمویست لە ڕێگەی ئەو دەنگەوە بەخۆم بڵێم: ئێمە ماوین... بەپێچەوانەی ئێوارەکانی پێشوو، کەس لێی نەدەکڕیم... چووم لە بەرامبەر ئەو دەرمانخانەیە وەستام... سەرنجم لە سەر ڕەفەکان دەدا... دەمویست بەمەزەندەی خۆم ئەو دەرمانە بدۆزمەوە، کە باوکم پێویستی پێیەتی... دانەیەکم نیشان کرد... چەند ژن و پیاوێک بەجارێ چوونە ژوورێ... منیش بەدوایاندا، بۆ ئەوەی وا بزانن لەگەڵ ئەوانم... هەموو گیانم دەلەرزی... کەچی بەم حاڵەیشەوە توانیم دەستمی بۆ درێژ بکەم و بیخەمە ناو گیرفانی عەزیەکەمەوە... ئەو عەزیەیەی ڕەنگەکەیم بیرنەدەکەوتەوە و وەکو باڵی پەپوولە تەنک بووبوو... بەئەسپایی چوومە دەرێ... بەسەر ئەو شەقامەدا هەڵدەهاتم... دەموت ئێستا نا ساتێکی دیکە دەستی بەهێزی پیاوێک قژم دەگرێت... بەرزمدەکاتەوە... بەزەویمدا دەکێشێت... ڕێواسەکانم بەو ناوەدا بڵاودەبنەوە... شووشەی دەرمانە سوورەکە دەشکێت... دەرمان بەسەر ئەو شۆستەیەدا دەڕژێت... کاتێ پێچمکردەوە و گەیشتمە بەردەرگای قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان»، ترسەکەم ڕەویەوە، بگرە خۆشییەکی سەیر خزایە دڵمەوە... لە ئاستی ماڵی «ئامین چەلەبی» لە گیرفانم دەرهێنا... وەکو شتێکی زۆر خۆشەویست لێی ڕامام... وامدەزانی ئەم دەرمانەی ناو دەستم، باوکم لە نەخۆشی و مردن دەپارێزێت... بەهەمان خێراییی پێشوو ڕامدەکرد... دەمویست چی زووترە ئەو مژدەیە بگەیەنمە ماڵەوە... پاڵم بەدەرگاوە نا... وەکو هەموو جارێکی دی دایکمم بینی... جلی دەدووری... ئەدی چی بکردبا:

– دەرمانم لۆ بابم هینایە...!!

– چ...؟!

گەیشتمە لای:

– ئەوە دەرمانە، لۆ بابم هینایە.

دامە دەستی... بەحەپەساویەوە لێی وردبووەوە... سەیرێکی کردم... پرسی:

– ئەوە چییە...؟! تێمبگەینە...!!

نەمدەتوانی تێیبگەیەنم... دەبووایە من لە ڕێگا درۆیەکم هەڵبەستایە، بەڵام نیوەی یەکەمی لە ترسان و نیوەی دووەمی لە خۆشییان، نەمپەڕژابوو بیر لەوە بکەمەوە، بۆیە ناچار ڕاستییەکەیم پێ وت... ئینجا دارێکی هێنا و تێمکەوت... خوێن لە دەم و لوتمەوە فیچقەی دەکرد... هەموو جەستەم بەجارێ دەیتریواند... دوایی من زانیم چ کارێکی گەمژانەیە دەرمان بۆ نەخۆش بدزم...!! ئەوەی دزیبووم، دەرمانی شتێکی دی بوو... بەکەڵکی باوکم نەدەهات... ئەمە ڕۆحی داخکردم... هەمیشە دەیتلاواندمەوە، بۆیە دەمویست بەهەر شێوەیەک بێت لە بیر خۆمی بەرمەوە... ئەو شەوە خەونم بەکۆمەڵێ ماسیگرەوە بینی... لە قەراغی ڕووبارێکدا ڕاوی ماسییان دەکرد... سەدان ژنی عەبابەسەر خەمناک خەمناک لە دوایانەوە وەستابوون و سەبەتەی بەتاڵیان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی... ئەوان تۆڕەکەیان هەڵدەدایە ناو قووڵاییەوە... دوای ماوەیەک دەریاندەهێنان... لە شێوەی ڕیشاڵی سوور سوور دەکەوتنە سەر ڕووی ئاوەکە... ئینجا ژنەکان سنگیان دەکوتا... دەموچاویان دەڕنیەوە... بێداربوومەوە... ترسام... خۆم نووساند بە«نەمام»ی خوشکمەوە... دەستەکانم لە ملی ئاڵاند... گەرم گەرم بوو... دەتوت تای لێهاتووە... بەزەییم پێدا دەهاتەوە... ئەوسا بڕیارم دا ببمە دکتۆرێکی زۆر شارەزا و لە سەرتاپای شاردا بناسرێم... «سەروین»ی خوشکی «بەگیسی ئی دریتە» و «ست سەبری»ی کۆڵانی ئاغاکان لە پۆلەکەمان بوون و لێیان بپرسە، بزانە لە هەموو قوتابخانەکەمان کەسێک دەیتوانی لە زیرەکیدا شان لە شانی من بدات... هەموو ساڵێ یەکەم دەبووم... کتێبەکانم لەگەڵ خۆم دەبردە بازاڕ... بەدەم فرۆشتنی شتەکانمەوە دەمخوێندنەوە... زۆر جار لە بەرامبەر عیادەی «دکتۆرە ئومیە» دەوەستام... لەو نەخۆشانە ڕادەمام، کە خەمناک و ڕەنگزەرد دەچوونە ژوورەوە، یان دەهاتنە دەرەوە... لە ڕاچێتەی ناو دەستیان وردەبوومەوە... لە خەیاڵی خۆمدا پلانم بۆ دوارۆژێکی دوور دادەڕشت... عیادەیەکم هەیە... نەخۆشەکان پۆل پۆل ڕووی تێدەکەن... یەک بەیەک دێنە ژوورەوە... دەیانپشکنم... لەسەر ئەو مێزە ڕاچێتەکان دەنووسم... لەپڕ دەنگێک بەئاگای دەهێنامەوە... هاوارم دەکرد:

– بنیشتی ئەبوو ویسام... بەیەک فلس.

ئەوێم بەجێدەهێشت... لەسەر شەقامەکان دەمگێڕان... دەگەیشتمە بەردەمی دەرمانخانەیەک... دیسان دەوەستام... لەودیوی جامخانەکەیەوە سەرنجم لەو دەرمانانە دەدا... بەراوردم دەکردن... لە ماڵەوە بەدیار باوکە نەخۆشەکەمەوە دادەنیشتم... دەست و قاچەکانیم دەشێلان... شەوان بەو ماندوێتییە ئاگام لێی دەبوو... ئاوم بەدەمییەوە دەکرد... لە خەیاڵی کێدا بوو «عەریف فوئاد» ئاوا لە جێدا بکەوێت... لەو ئۆردووگایانەدا سەدان سەربازی لەسەر پەلاماردان و بەرگریی ڕادەهێنا... چوستوچالاک بەو پۆستاڵانەیەوە هەنگاوی دەنا... دەیویست دەستە بەهێزەکانی ئەوەندە بۆ بەرز هەڵبڕێ، لە بەرچاواندا وەکو تارمایی دەرکەون... یان لە جەستەی جیا ببنەوە و وێنەی دوو شاباز لە شەقەی باڵ بدەن... بەو دەنگە گەورەیەی گوێچکە نووستووەکانی بەئاگادەهێنایەوە... ئەژنۆکانی دەلەرزاند... لە دەرەوەش ئەو خەیاڵانە بەریاننەدەدا... جددیەتی لێ دەباری... هەموو شتێک لە دیدی ئەودا خۆی لە پەیوەندیی نێوان مەشقکەر و مەشقپێکراودا دەبینییەوە... ناڵێم گاڵتەی نەدەکرد، بەڵام سنوورێکی دیاریکراو لەنێوان قسە خۆش و



ڕەقەکانیدا نەدەبینرا... لە چرکەیەکدا گەورەترین قاقای بۆ نەڕەیەک دەگۆڕی... هەرگیز باوەڕم نەبووە ئەو هیچ ژنێکی خۆشویستبێت... جا نازانم چۆن دڵی چووە بەدایکمدا:

«شەهاب»ی برام ئەفسەر بوو... هەر جارێ مۆڵەتی وەردەگرت و دەهاتەوە، یەک دوو لە هاوڕێکانی خۆی دەهێنایەوە... لەو ژوورە دادەنیشتن و تا درەنگی شەو دەیانخواردەوە... نە من و نە دایکیشم ئەمەمان بەدڵ نەبوو، بەڵام نەماندەتوانی هیچ ناڕەزاییەک دەربڕین... «کچەکەم ئەگەر عەریفێک یان ئەفسەرێک باوکت بوو، نازی زۆر بەسەردا مەکە... برات بوو، کەم ڕووی بدەرێ... کوڕت بوو دەست لە کاروباری وەرمەدە... مێردت بوو، جڵەوی بۆ شل نەکەیت»... ئەمە وتەیەکە ژنانی بەغدا لەبەریانە... بەڵام ئەو ئێوارەیە کوڕێکی هێنایەوە، لەوانی دی جیاواز بوو... کەم دەدوا و زۆر سەرنجی دەدا... نازانم بۆچی وا تێگەیشتم هاتۆتە خوازبێنیم... لە ڕاستیدا بەهەڵەدا چووبووم... هەر نەشیزانی بوو «شەهاب» خوشکی هەیە... دوو ڕۆژمان لا مایەوە... قسەمان زۆر بەیەکەوە نەکرد... خەتای من بوو... وەکو وتم وامدەزانی بۆ شتێکی ئاوا هاتووە، بۆیە بەپارێزەوە لەگەڵی دەدوام... ڕۆیشت... هەزار دووعام کرد بیبینمەوە، بەڵام بەمراز نەگەیشتم... مەپرسە ئەدی چۆن ئێستا ژنی ئەوم... لە ژیانمدا نەمدەوێرا بەلای شتومەکی برامدا بچم، کەچی بۆ ئەوەی وێنەکەی بدۆزمەوە، ئەو باوەڵانەیم هەموو پشکنی: «ئەوەتا...!! بەقوربانی بم...!! وەرە لای خۆم... دە تۆ لاچۆ شەهاب... چییە ئاوا دەستت کردۆتە ملیەوە...!! بۆ منی واز لێبێنە... ڕووت بکە بەولاوە، دەمەوێت لە باوەشمی بگرم و چەند ماچێکی بکەم»... موچوڕکەم پێدا هات... خستمەوە شوێنی خۆی... دوای ئەوە زوو زوو دەرمدەهێنا و لێی ڕادەمام... هەموو سەری مانگان خۆم دەڕازاندەوە: ئەم کراسەم بەدڵ نییە، ئەوی دیکە دەپۆشم... دایکەنە...!! ئەمەت لێ نایەت... خێرا ئەوەی ناو باوەڵەکە بێنە... کامەیان...؟! سوورەکە...؟! ئا، ئا سووورە نیوقۆڵەکە... قژم دەبەستم، با گوارەکانم دەرکەون و جوان جوان بلەرێنەوە... نەء، دەیکەمەوە... بەملا و بەولای سنگمدا دەیهێنمە خوارێ... کاتێ پەرداخی ئاوەکەی دەدەمە دەست، یان قاپی چێشتەکانی لە بەردەم دادەنێم، بەو جووڵەیەی خۆم دەزانم چۆنە، پەرچەمە خاوەکەم لەسەر چاوم لادەدەم... هاوکات بەشێوەیەک لێوم دەخەمە ژێر ددانەکانم و ئەوەندە بەقایم گازی لێ دەگرم، کە شوێنەکانیان وەکو نەخش بەوێوە دەرکەون و وابزانێت تەنها بەماچەکانی ئەو دەسڕێنەوە... چاوت لێیە ئاوا چەند جوانی...؟! بەشکوو لەگەڵ «شەهاب»ی برات بێتەوە و بەم شێوەیە بتبینێت... نەبوو... کەسانی دی هاتن... دڵیان نەدەکردمەوە... بگرە ڕقیان هەڵدەستاندم... لە جێگای ئەو هێناونی... تێم بگەیەنن بۆچی دیار نەما...؟! ناکرێ لێی بپرسم... لە ڕووم نایەت... ئەگەرچی دڵی پیس نییە و تا ئێستا پێی ناخۆش نەبووە لەگەڵ هاوڕێکانی گاڵتەم کردووە... چەند جاریش بردوومی بۆ سینەما... کاتێ وازم لە قوتابخانە هێنا، زۆر ناڕەزاییی دەربڕی... بەڵام ئەمەیان جیاوازە... خۆم نەگرت... چوومە لای دایکم... لە ناندینەکە چێشتی لێ دەنا... دەبووایە بەشێوەیەک ئەو باسە بکەمەوە، لە مەبەستم تێنەگات... هەرچەند تێبگات باشترە:

– ئاسمان کۆڵەگەی دەوێت، ئەمجارە شەهاب کەسی نەهێناوەتەوە...!!

– چی لێ بکەم...؟! گەنجە و دڵی بەو شتانە خۆشە... ئەگەر پێی بڵێم وازبێنێت، بەقسەم دەکات...؟!

نایکات.

– نازانم ئەو ڕەزاگرانانە لە کوێ دەدۆزێتەوە...!! ئەو کوڕە کوردەت بینی ئەو جارە هێنابووی...؟!

– فوئاد...؟! چی بوو...؟! شەهاب دەڵێ زۆر کەسێکی باشە.

– ئا، فوئادە، فارووقە، نازانم چییە... وی ئێسکی زۆر قورسە...!!

– تۆ کەست بەدڵ نییە فالیحە... وەرە ئەو پیازەم بۆ بجنە.

کەسم بەدڵ نییە، بەڵام شێتی ئەوم... نازانم چۆن ئەمەت پێ بڵێم... تا زووە بۆمی بێننەوە، دەنا دەچم لە بەردەرگای ئەو ئۆردووگایە دەوەستم... هەرکە هاتە دەرێ، خۆم دەخەمە باوەشیەوە:

– ئەگەر پیازەکەت جنی، ترش و خوێش بکە بەو ماسییەوە.

ئەو جارەی «فوئاد»یشمان لابوو، ماسیمان برژاند... دەیخوارد و پەیتا پەیتا ئافەرینی بەدایکم دەوت... ئاخر هەی ناشیرین من دوو ئەوەندەی ئەو پێوەی ماندووبووم، ئەدی بۆ باسم ناکەی...؟! نایکەی...؟! باشە باش مەیکە... بەو خوایە دەبێ بتکوژم... ئەو کوڵمانەت دەگرم و قایم قایم ڕایاندەکێشم... نایەشێت...؟! ئا، ئا نایەشێت...!! دەبا بەم نینۆکە درێژانەم بیانڕنمەوە، بزانە چۆن سوورهەڵدەگەڕێن...!! چی...؟! چی...؟! تۆش وا لە من دەکەیت...؟! ناتوانی... نەء، ڕاناکەم... ڕاکردنی چی...؟! دە تۆ ئەگەر ئازای دەستم بۆ دێنیت، دەبینی چۆن دەتخەمە ژێر خۆمەوە... کوڕە لاچۆ هەتیو بەڕاستیمە... نەیەیتە پێشەوە... بەقسەم ناکەی...؟! منیش ئاوا ملت دەگرم... ناتوانم بتخەم... بوەستە...!! بوەستە...!! وتت چی...؟! نەمتوانی...؟! جارێکی دی وا دەکەیت...؟! ها...؟! وا دەکەیت...؟! هم...؟! بتخنکێنم...؟! دڵم نایەت...؟! بۆ دڵم نایەت...؟! گەلێگم خۆشدەوێیت...؟! دیارە ڕەزات زۆر سووکە...!! بڵێ تۆبە...!! کوڕە بڵێ تۆبە، ئەگینا وازت لێ ناهێنم... هەستم...؟! هەڵناستم... ئازانی...؟! بەخۆت ناڵێی پیاو...؟! لەژێرما وەرە دەرێ... مەکە...!! ناتوانی هیچ بکەیت... لە جووڵەم خستووی... قژم دەگری...؟! بەریدە...!! پێت دەڵێم قژم بەرەڵلاکە...!! بەس ڕایکێشە...!! وی چەند هاری...!! ئەوە لەگەڵ تۆم نییە...؟! گازت لێ دەگرم...!! ئەو ڕوومەتانەت دەخۆم...!! چەناگەت دەکرۆژم...!! قژم لە بنڕا هاتە دەرێ، وازبێنە...!! ئووە...!! قژم بەردە...!! لەگەڵ تۆمە فوئاد...!! هەی زاڵم...!! بەری نادەی...؟! ئاخر کوڕە منیش...:

– پێم نەوتی ئەو ماسییە ترش و خوێ بکە، چییە ئاوا داڵغەت لێ داوە...؟! ئەو دەستە چەورانە بۆ دەخەیتە قژتەوە...؟! شێت بووی...؟!

ئەرێ بەچاوی تۆ شێت بووم... ئەگەر نەیەت، دەدەمە دەشت و کێو... پێم بڵێن چی بەسەرهات...؟! بۆچی جارێکی دی نەهاتەوە...؟! تووڕەتان کرد...؟! قسەی ڕەقتان پێ وت...؟! دەتانکوژم... هی خۆمە... کەس بۆی نییە ئازاری دڵی بدات... وەڵامم نادەیتەوە...؟! ئێستا پرسیارێکی وا دەدۆزمەوە، وەکو تیر بەناختدا ڕۆدەچێت و هەموو نهێنییەکانت بەگۆڕێ وەردەبن... ئەمە ترش نییە دەیکەم بەم ماسییەوە...؟! داری سماق لە شاخەکان نارِوێ...؟! کوردەکان لەوێ ناژین...؟! «فوئاد»ی خۆم کورد نییە...؟! دە گوێ بگرە:



– دایکە خۆت وەستای ماسییت، هەر کەسێ ماسیی دەستی تۆی خواردبێت، سەری سوڕماوە... پێم بڵێ چەندی ترش پێدا بکەم...؟!

– چووزانم تۆش...!! خۆزگە ئەوەندە بەپرسیار نەبوویتایە...!!

سەری نەگرت... ئەگەر وەکو خۆم دەمویست، ئاوا وەڵامی بدابوومایەتەوە، لێم دەپرسی سماق لە کوێ دەڕوێت و باسی کوردان دەکرایەوە... بێگومان ناوی «فوئاد»یش دەهات... «وەی بەقوربانی حەرف بەحەرفی ناوە خۆشەکەت بم کوڕە هەولێرییەکەی نازانم خۆشتدەوێم، یان ڕقت لێمە...!! هەر کامیان بێت، هەر بەختەوەرم، مادام لە خەیاڵتدا هەم و بیرم لێ دەکەیتەوە»... دە وەرە ئەو هەموو مەراییە و تەریقیشت بکاتەوە...!! قەیناکە... کۆڵ نادەم... ناهێڵم لەژێر دەستم دەربچێت... ئەمەش ڕێگایەکی دی:

– باشە تۆ پرسیارت لێ کردووە، ئاخۆ ماسی دەخوات، من وا ئەو هەموو زەحمەتەی پێوە دەکێشم...؟!

– برای خۆت ناناسی...؟! دایک و باوکی ماسییە...!!

– دەیناسم، بۆیە وا دەڵێم... قەت تا سەر لەگەڵ شتێک نامێنێتەوە... وەکو برادەرەکانی... ئەمڕۆ هاوڕێییەک دەگرێت و سبەی بەڕەڵلای دەکات... قسەیەکت پێ دەڵێم، بەڵام توو گۆڕی باوکم با نەزانێت من پێم وتووی.

بە پەرۆشەوە هاتە پێشێ و خێرا پرسی:

– چییە ئەوە...؟! چییم پێ دەڵێی...؟!

– ئەوسا نەنووستبوو...؟! وریێنەی دەکرد... دەستی ڕادەشەقاند و دەیوت: باشە باش فوئاد...!! تۆ ئاوات لەگەڵ من نەکرد...؟! ئەگەر شەهاب بم و شیری حەرامم نەخواردبێت، خۆم دەزانم چۆن هەقت لێ دەکەمەوە.

باوەڕی کرد... دوای نانخواردن پرسی:

– ئەرێ ڕۆڵە دەنگوباسی فوئاد چییە...؟!

وەی دڵم...!! ئاوەکەیم بیست... ئاخۆ چ وەڵامێکی بداتەوە... ئەو ئاخە بۆ...؟! ئەو هەناسە قووڵانە لە پای چی براکەم...؟! نازانی خوشکەکەت بەرگەی ئەمانە ناگرێ...؟! چی بەسەرهاتووە...؟! مردووە...؟! منیش دەمرم... بڕوا بکەن خۆم دەکوژم... قەتیش نازانن بۆ ئەوە... دەی شتێ بڵێ... خێرا... دڵم داهێزرا... ڕۆحم دەرچوو... بۆ ئاوا شڵەژاویت...؟! ڕێک و ڕەوان دەربڕە... دەی:

– بەئەقڵی خۆتان ئەو کوڕە چی دەرچووبێ باشە...؟!

من ئەقڵم نەماوە و دایکیشم کەیفی خۆیەتی... چی دەرچووە...؟! هەرچی بێت، منیش ئەوەم... پیاوکوژە...؟! دەستی خۆش بێت...!! جەردەیە...؟! هەی ئافەرین...!! دزە...؟! ئای کە باشە...!! لە خۆی دێت... بەڵام خێرا پێم بڵێ... نایڵێی...؟! بۆ ئاوا...؟! بۆ...؟!

– بڵێم چی کوڕم...!! چی دەرچوو...؟!

– شیوعی.

هەی بەقوربانی بم... بەمیوانی خاکوخۆڵی سەر گۆڕی «فەهد» بم... برووخێ پاشای کۆنەپەرست...!! بمرێ نووری سەعیدی خۆفرۆش...!! بۆ دەرەوە ئینگلیزی داگیرکەر...!! ئێستا دەچمە دەرێ و پڕ بەم گەڕەکی «باب الشیخ»ە هاوار دەکەم: منیش شیوعیم... بەڵام ئاخ لە سیمایدا کارەسات دەخوێنمەوە...!! هەواڵی ناخۆشی پێیە... دڵم داڕووخا... گیانم داهێزرا... چییم بەخۆم کرد:

– ئەو شەوە لە خەودا گرتیان.

گرتیان...؟! منیش بگرن، ئەگینا بەپشتدا دەکەوم... دەمودەست ڕۆحم دەردەچێت... منیش بگرن، چیتر ئەو قاچانەم ڕاگیرم ناکەن:

– ڕۆڵە خۆ تۆ هیچ پەیوەندیەکت پێیەوە نییە...؟!

– نەء، بەهیچ شێوەیەک.

من هەمە... هەمە و وازیشی لێ ناهێنم... دەرگا بەدەرگای ئەو زیندانانەی بۆ دەگەڕێم... بەسەریاندا دەقیژێنم: دڵدارەکەمتان گرتووە و بمدەنەوە:

– بریا ئەو جارە نەتهێنابا.

– مەترسە دایکە... من لەو شتانە دوورم.

هەی داوەشێی...!! خۆزگە ئەو دوو ساڵە لە من گەورەتر نەدەبووی، بزانە چۆن سەد تفم بەجارێ دەکردە چاوانتەوە... هیچوپووچ... ترسنۆک:

– تۆ بلێی ناوی تۆش نەدا...؟!

– نا نا، بیر لە شتی وا مەکەرەوە... هەتا ئەگەر بیشی دا، من نکوڵیی لێ دەکەم... دەڵێم هەر ناشی ناسم... ئەفسەرێکم و ئەرکی خۆم بەچاکی ڕادەپەڕێنم.

هێندەی نەمابوو بەسەریدا بتەقمەوە و بەچەپۆک تێی بکەوم... نازانم چی پەشیمانی کردمەوە:

– دڵی دایک دەلیلە، هەر زانیم خەمێک یەخەی گرتووی.

ئەمەی وت و هاوکات لە دەموچاوی منی ڕوانی، وەک لەوە بترسێ پێی بڵێم دڵی من بوو، نەک هی تۆ ئاوا هەستی بەو کارەساتە کرد... مەبەستی خۆیشی گەیاند، کە نەکا کوڕەکەی نزیکی ئەو مەسەلە ترسناکانە بکەوێتەوە و هیچی لێ بشارێتەوە... لە داخا چوومە ئەودیو... بەدزییەوە گریام... بەڵام ئەوە گریان نەبوو... بنیادەم چۆن دەتوانێت لە حاڵەتی ئاوادا بگریت...؟! ناوچەوانم خستە سەر تاقی پەنجەرەکە و نائومێدانە پێڵووەکانم داخست... هەر لە منداڵییەوە بەو حاڵە ڕاهاتبووم... هەرکە خەمێک بەرۆکی دەگرتم، یەکسەر دەچووم ئاوام دەکرد... باوەڕێک بوو، نەمدەزانی لە کوێوە خزاوەتە مێشکمەوە... نەمدەویست دەموچاوی ئەو برایەم ببینم... یەکەمجارە ڕقم لێی هەستێت... شەو چووە دەرەوە... بەئەسپایی خۆم گەیاندە باوەڵەکەی... کردمەوە... لە وێنەکە گەڕام... نەمدۆزیەوە... بۆ کوێی بردووە...؟! زانیوبەتی من



دەرمهێناوە...؟! دڵی لێم پیس بووە...؟! نەء، لە ترسان دڕاندوویەتی... لەم ژووره شەق دەبەم... دەمەوێت بچمە دەرێ... بەپێی پەتی بەسەر ئەو ڕێگایانەدا ڕادەکەم... دایکم وا هاتۆتە هەیوانەکە... سیمای گۆڕاوە... ترس دایگرتووە... هەناسەی قووڵ قووڵ هەڵدەکێشێت... خەمی تاقە کوڕەکەیەتی... باوەڕی بەو قسانەی نەهێناوە... وا دەزانێ ئەویش بۆتە شیوعی... بەڵام من دڵم پێم دەڵێت سیخوڕە... وای بۆ دەچم هەر خۆی «فوئاد»ی بەگرتن دابێت... ئای لەو ڕۆژەی تێیکەوتم...!! تا دێ زیاتر شتەکانم لێ ئاڵۆز دەبن... چاکتر وایە کەمێ خۆم هێمن بکەمەوە و ڕوونتر ئەو مەسەلانە بخەمە بەرچاوم... ئێستا من کچێکم، تەمەنم بیست ساڵە... کوڕێکم خۆش دەوێت، تۆ بلێی دەیپەرستم و بەبێ ئەو ناژیم... تەنها دوو ڕۆژ بینیومە و چەند قسەیەکمان بەیەکەوە کردووە... ڕەنگە ئەو بەهیچ شێوەیەک منی بەدڵ نەبووبێت... دوور نییە کەسێکی دی خۆشبوێت... ئەوەندەم لا ڕوونە ژنی نەهێناوە... براکەم بەگرتنی داوە و ئێستا لە زیندانە... خوا دەزانێت بەردەبێ، یان نا... ئەوە با بلێین ئازاد کرا... کەی...؟! دیار نییە... ئەدی کێ دەڵێ من دەیبینمەوە... هەموو ئەو هەقایەتانەی لە دایکم و لەو سێ چوار ساڵەی قوتابخانە بیستوومن، بیر خۆم دەخەمەوە... سەدانی وەکو ئێمە بەیەکدی گەیشتوون و ئاسوودە و خۆشبەخت ژیانیان بردۆتە سەر... گەمژە مەبە...!! چیرۆکی ئێوە جیاوازە... باڵ مەگرە...!! ئەمە زەوییەکی داخبووە و پێیبە پەتیەکانت لە بانی داناوە... ناتوانی بەرزبیتەوە... کەواتە بەرگەی بگرە و لەناخەوە خۆت بخۆرەوە... ئەگینا بەدڵی خەمناکەوە لەسەری هەڵدەپەڕیت و دەبیە گاڵتەجاڕ... ئایا دەتوانم وازی لێ بهێنم...؟! چی...؟! وازهێنان...؟! مەحاڵە... براکەم توانی، بەڵام من ناتوانم... بەم شەوە چوو بۆ کوێ...؟! دەرکەوت ناپاکە و لە دواوە دەستی خۆی دەوەشێنێت... ئەوە دایکم بیر لە چی دەکاتەوە...؟! بۆ ناچێ وەکو شەوانی دی لە سەربان جێگاکەی داخات و لێی بنوێت...؟! با چاوەڕێی من نەبێت... یەک دوو سەعاتی تر بەسەرخۆشی دێتەوە... گوێ لە وڕێنەکانی دەگرم... لە بیرمە ئەو جارە دەستی کردە ملمەوە... دەمی خستە سەر ڕوومەتم... هەناسەکانی دەچوونە گەروومەوە... تا قوولاییی ناخم ڕۆدەچوون... تامێکی سەیریان هەبوو... ترسام سەرخۆش بم، کەچی نازانم بۆچی دەمم دوورنەدەخستەوە... نەمدەتوانی...؟! بۆچی نەمدەتوانی...؟! ئەوە یەکەمجار بوو بخۆمەوە... خۆشیدەویستم، بەڵام هەرگیز ئاوا لە باوەشی نەگرتبووم... نازانم بۆچی ویستم بگریم... ئەویش گریابوو... ئاسەواری فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانییەوە دەبینرا... چاوەکانی زەلیلییان لێ دەتکا... بەخۆمم وت: «پیاوان کاتێ خۆشەویستیی لە ئاستی ژنان دەردەبڕن، چەند گوناح دەردەکەون»... پێم خۆش بوو لەجیاتی ئەوە لێم بدات... لەو هەستە تێنەگەیشتم... ئەو بەزەییە لە پای چی کچێ...؟! باسکە تووکنەکانیم گرتن... ویستم ماچیان بکەم... نەیهێشت... پێی وتم:

– ڕوومەتەکانم نزیکترن، بەڵام ماچیشیان مەکە.

خۆی لەسەر قاچەکانی بۆ ڕانەدەگیرا... بەبێ ئەوەی دەستم لێ بەردا، قنگی خستە بان تەختەکە و وەکو منداڵ لەسەر ڕانی داینام:

– دایکم هەر نەخۆشە... وا نییە...؟! نەخۆشە...؟! ئەمڕۆ زۆر بیرم لەوە کردەوە، کە ئەو نەخۆشە.

– لەوەتەی ئەو حەبانەی خواردووە، تاکە بەری داوە و لەوساوە بێدەنگ لێی نووستووە.

– تۆ ناتوانی باوکم بێنیتە بەرچاو، کاتێ نەخۆش بوو... وا نییە...؟! بیری لێ مەکەرەوە، چونکە ناتوانی... باران تەڕی دەکردم... بەپێی پەتی بەناو گۆمیلکەئاوەکانی حەوشەدا دەڕۆیشتم، بیرم لەوە دەکردەوە، کە پەنجەکانی گەرمداهاتوون، بەڵام تەنها یەک جاریش دەستم لێ نەدابوون... هەر خۆم دەمزانی وایە... ئایا سوورهەڵگەڕابوون...؟! نازانم... دایکیشمم نەبینیبوو بیانشێلێت... بەیانی زوو زوو دەڕۆم و نایبینم... دڵیشم نایەت ئێستا ماچی بکەم... دەترسم هەستێت و خەوی بزڕێت.

من هیچم نەبوو بیڵێم... خۆی درێژەی بەقسە دا:

– دەزانی دەمویست باسی مەسەلەیەکی لەگەڵدا بکەم...؟! ئەو نەخۆشییەی نەیهێشت... تۆ وتت تاکە بەریداوە... ئایا ئەوە مانای ئەوەیە چاک دەبێتەوە...؟! دەبووایە من ئەو باسەم زووتر بکردایەتەوە... ڕەنگە حەزیشی لێ نەکات.

چاوەڕێ بوو بڵێم چییە... نەموت... خۆی درکاندی:

– ڕاجیحە دەناسی...؟!

– ڕاجیحەی ئەسعەد عەجەمی...؟!

– ئا...!!

– ئەدی کچی گەڕەکی خۆمان نییە...؟!

بۆچی بێ دەنگ بوو...؟! ترسا...؟! لە چی...؟! خەوی دەهات...؟! ئەوە نووستن بوو، یان بوورانەوە...؟! یان حاڵەتێکی پیاوانە و من لێی تێنەگەیشتم... چەند جارێ بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە... بەسووکی لەسەر ڕانی هەستام... هەر لەوێ دامپۆشی... بەیانی چۆن بێداربووبووەوە...؟! وامدەزانی چیتر نایبینمەوە... کەچی بەپێچەوانەی جاران زۆر زوو هاتەوە... لە کوڕەکەی ئەو شەوە نەدەچوو... ویستم گوێم لێ بێت، کاتێ ئەو باسە لەگەڵ دایە دادەمەزرێنێت، چونکە لەوە دڵنیا بووم، ئەو لە منی دەشارێتەوە... ئینجا ئەگەر لێی بپرسم، پێم دەڵێت: «هەقی هیچ شتێکی ئەو برایەتت نەبێت»... تەنها شەوێ مایەوە و بەیانی زوو زوو گەڕابووەوە... لە سیمای دایکمدا تێگەیشتم تەنگوچەڵەمەیەک یەخەی گرتووین... «ڕاجیحە» و دایک و باوکیم وەکو جاران نەدەهاتە بەرچاو... خەمبار دیاربوون... چی ڕوویداوە...؟! چەکدارەکان بەشەو «مام ئەسعەد»یان لە ماڵەکەی هێنایە دەرێ... «مەدیحە»ی دراوسێمان لێی پرسیم:

– فالیحە تۆ باوەڕت دەکرد ئەو پیاوە شیوعی بێت...؟!

نەدەچووە ئەقڵیشمەوە برای من بەگرتنی دابێت... ئەوا ئەمڕۆ زانیم... زانیم، بەڵام چییم لە دەست دێت... ئاخ «فوئاد»ەکەی خۆم تۆ لە کوێی...؟! بەچ سیفەتێک لێت بگەڕێم و بتدۆزمەوە...؟! کەمێکی دی برا سیخوڕەکەم دێتەوە و کوڵی دڵمی پێ دادەمرکێنمەوە... بەڵام نەهاتەوە... چی بەسەرهات...؟! لەگەڵ دایکم زۆر بەشوێنیدا گەڕاین... نەبوو... درەنگ درەنگ زانیمان گیراوە... بۆچی گرتیان...؟! بەچاکی ئیشی بۆ نەکردوون...؟!

– شەهاب شیوعییە فالیحە... ئەو منی هێناوەتە ڕیزەوە.



«فوئاد» وای پێ وتم... دەزانی کەی...؟! دوای ئەوەی بەربوو... کەی بەریاندا...؟! دوای سێ مانگ... چۆن...؟! ددانی پێدا نەنا... ئەگەر پێت بڵێم چەندیان ئەشکەنجە دابوو، هەر باوەڕ ناکەی... نەمناسیەوە... لە دەموچاوی ڕامام... بەشەرمەوە سەلامی لێ کردم... لە پرمەی گریانم دا... بۆ کێ گریام...؟! بۆ خۆم یان بۆ ئەو یان بۆ براکەم...؟! نازانم... دایکم باوەشی پێدا کرد... «منیش دەمویست لە پێش ئەو ڕامووسم، بەڵام ئاخ نەمتوانی...!!» دەستی گرت و بۆ ناو حەوشەکە ڕایکێشا... لە برادەرەکانی هەموو شتێکی بیستبوو... دڵنەواییی داینەوە... چەند هیوام خواست ئەو شەوە لامان بمێنێتەوە... خۆزگە دایکم لەجیاتی من ئەو داوایەی لێ دەکرد... زوو زوو دەهات و هەر جارێ سێ چوار زەرفی گەورەی خواردنی لەگەڵ دەستی خۆی دەهێنا... ئەو ئێوارەیە دایکم مەچەکی گرت و پێی وت:

– گوێ بگرە ڕۆڵە...!! لەگەڵ شەهاب فەرقت ناکەم، بەڵام یەک جاری دی شتمان بۆ بێنی، ڕازیی نابم.

ئینجا لە منی ڕوانی و درێژەی بەقسەکانی دا:

– لە خوا بەزیاد بێ لە هیچمان کەم نییە... ئەوەتا فالیحە بەرگدرووێکە لە هەموو گەڕەک ناسراوە... ئێمە دەبێ ئاگامان لە تۆ بێت... گەنجێکیت و...

سوێند دەخۆم دایکم ناڕاستەوخۆ شتێکی گرنگی دەربڕی و چ من و چ «فوئاد»یش لێی تێگەیشتین... لەمەوە پەیوەندیەکەمان تەواو گۆڕا... ئەو گۆڕانەش سەرەتا هەر لە سەرنجەکانماندا دەردەکەوت، ئەگینا بەقسە هیچی وامان دەرنەدەبڕی... ڕۆژێکیان دایکم چەند مەترێ پۆپلینی هێڵداری بۆ کڕی... پێی وتم بەئەندازەی کراسوبیجامەی براکەم بیدوورم، چونکە باڵایان بەقەدەر یەک بوو... هات و پێی بەخشی... ویستی وەرینەگرێ... ئەم پێی وت:

– خۆ بەخۆشیی خۆت نییە.

نەمدەزانی دایکم بۆچی ئەوەندە ئەو کوڕەی خۆشدەویست... شەوێکیان پێی وتم:

– کورد لەگەڵ یەکدی ناتەبان، بەڵام بۆ بێگانە زۆر باشن... هەرچەند فوئاد بەئێمە غەریب نییە.

هەموو جارێ ئامۆژگاریی دەکرد:

– کوڕەکەم باش بوو هیچت لەسەر ساغ نەبووەوە و بەریاندای... کەس نییە ئەو ڕێگایەی گرتبێت و دواییش پەشیمان نەبووبێتەوە... باوکی شەهاب ئەگەر بەڕەحەتی دابنیشتایە، قەت سەری تێدا نەدەچوو و دوو منداڵی هەتیوی بەسەر مندا جێنەدەهێشت... پاش بەربوونی، حەوت مانگ لە جێدا کەوت... خانووێکی گەورەم فرۆشت و لە دکتۆرانم گێڕا، بەڵام وایان لێ نەکردبوو، جارێکی دیکە هەستێتەوە... کوڕی خۆم سیاسیی ئاقڵ و عەمردرێژ ئەوەیە، بەیانییان کاتێ دەچێتە دەرێ، بەڕووی خۆشەوە لە دراوسێکەی بپرسێت ئەمڕۆ کێ حوکمی وڵات دەکات... هەرکە ناوەکەی زانی، ئیدی تا دەگەڕێتەوە ماڵ، هەر بڵێ بژی ئەو.

– زۆر ڕاستە.

دایکم باوەڕی بەقسەکانی دەهێنا... پێی دەوتم:

– شکوور زۆر لەو شتانە دوورە... خۆزگە براکەشت ئازاد دەکرا و وازی دەهێنا.

ئازادیان کرد، بەڵام وازی نەهێنا... ئەوسا من شووم کردبوو و لەگەڵ «فوئاد» لای دایکم دەژیاین... «نەمام» پێی دەخستە دوو ساڵ و تۆ لە سکمدا دەجوڵایت... دوای سێ مانگ چووینە خوازبێنیی «راجیحە» و شاییمان بۆ گێڕان... خانوویێکمان لە ڕیزی خۆمان بەکرێ گرت و ئەوێمان جێهێشت... شۆڕشی چواردەی تەمووز هەڵگیرسا و ژیانمان بەرەو چاکی گۆڕا... دوای ساڵێک ناخۆشییەکان سەریان هەڵدایەوە... گرتن و ڕاونانی شیوعییەکان دەستی پێکرد... لە پلەوپایەی بەرز دایاندەگرتن... «عەبدولکەریم قاسم» دەیان ئەفسەری شیوعیی تەقاویت کرد، کە دەوری گرنگیان لە شۆڕشدا بینیبوو... من بەهۆی «شەهاب»ی برامەوە زۆریانم دەناسی... لەوانە «شاکر الخطیب»ی ئامیری بنکەی حەببانیە و «جلال أحمد الأوقاتی» و «سلمان الحصان» و «خزعل السعدی» و «خلیل العلی»... ڕۆژ بەڕۆژ نەهامەتییەکان زیاتر تەنگیان پێ هەڵدەچنین... لە هیچ خانوویێکدا مانگێ دانەدەنیشتین... دەبووایە خێرا بۆ شوێنێکی دیکە بگوێزینەوە... «مثل أم البزازین کل یوم ببیت: وەکو ئەو پشیلەیەی بێچووی هەیە، ڕۆژانە ماڵەوماڵمان دەکرد»... لە سێ ژەم ژەمێکمان نەدەخوارد... چی کەلوپەلمان هەبوو، بەهەرزان فرۆشتمانن... ئینجا کوودەتای هەشتی شوباتیشی بەسەردا هات و ئەوەندەی دی قوڕەکەمان بۆ خەست بووەوە... گوللە دەباری... خوێن پڕووشەی دەکرد... باوکت لە هەولێر بوو... ئێوەم لای دایکم بەجێهێشت... لەگەڵ «شەهاب» و «راجیحە»ی براژنم خۆمان گەیاندە «کاظمیە»، بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ دەیان شیوعیی تر و خەڵکانی دیی دژی قەومییان بەرگریی بکەین... بەچەکی سووک هێرشمان بردە سەر «مدیریە الشرطە» و «القائمقامیە» و «شرطە النجدە» و «أمانە العاصمە»... ژنانم دەبینی بەچەقۆ و بەرد و دارەوە دەجەنگان... یەکێکیان چووە مزگەوتی «دەروازە» و لە مایکرۆفۆن بانگی خەڵکی دەکرد... ئەو شەڕە چوار سەعاتی خایاند... سێ پۆلیس کوژران و چلیان بریندار بوون... هێزێکی گەورەی تانک و دەبابە هاتن... خانوویان دەڕووخاند... منداڵیان دەکوشت... ئافرەتیان بەتیتک ڕادەکێشا... لەوە زیاتر خۆمان بۆ نەدەگیرا... لە یەکتر دابڕاین... من و براژنم لە سەربانی ماڵێک بووین... ژنەکان هاتن بەپاڕانەوە بۆ ژوورەوەیان بردین... لە ترسی پشکنین، چەکەکانیان شاردینەوە... شۆڕشگێڕان لە «أعدادیە الکاظمیە» و لە «مرکز الشرطە» بەردەوام بوون لە بەرگری... کوودەتاچییەکان بەمایکرۆفۆن هاواریان دەکرد خۆیان بەدەستەوە بدەن... زیاتر لە دە شیوعی هەر لە بەردەمی تانکیی ئاوەکەی «أعدادیە الکاظمیە» شەهید بوون... یەکێکیان «شەهاب»ی خاڵت بوو... دوای شەڕ لەگەڵ براژنم و ژنانی ئەو ماڵە چووین و بەچاوی خۆمان تەرمەکەیمان بینی... چیتر چاوم بەرایی نەدەدا لە بەغدا بژیم... برایان شەهید کردم... دایکم لە داخان بەسکی دا... بۆ هەولێر گوێزامانەوە... ئەو نەخۆشییەی باوکیشت هەر هی ڕۆژانی بەندیخانەیە... سووک سووک حاڵی بەرەو خراپبوون دەچوو، تا لیژنەی پزیشکانی نەخۆشخانەی سەربازیی بەڕاپۆرتێک تەقاویتیەکەیان ڕاگەیاند... ئەنجام لە جێدا کەوت و خەمی هەموو شتێ کەوتە ئەستۆی من... شەوان بەدیاریەوە دادەنیشم... بیری لێ دەکەمەوە... ئاخر لەبەر خاتری ئەوە بڕیارم داوە ببمە دکتۆرێکی شارەزا... نانووم... قاچەکانی دەشێلم... دایکم لەولاوە چۆتە خەوێکی قووڵەوە... بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوە خەو نییە،



بەڵکو جۆرێکە لە بوورانەوە و دەمەوێت ناوێکی تایبەت بەخۆی بۆ بدۆزمەوە... وڕێنە دەکات... گوێی لێ دەگرم... ئەگەرچی ناتوانم هیچیان لێ تێبگەم، بەڵام دەزانم هاواری ناو خەونێکی ترسناکن و دەگەنە دەرەوە... «نەمام»ی خوشکم دوو ساڵ لە من گەورەترە... دەڵێن جوان نییە ئەو لە بازاڕ شت بفرۆشێت، بۆیە ئەوەندەی ئێمە هەست بەماندوێتی ناکات... «سەربەست»ی برام دەگرێتە باوەش... جلەکانی دەگۆڕێت، کە تازە بەسەر پێ کەوتووە... هەندێ جار یارمەتیی دایکیشم دەدا و چەند پارچە قوماشێک دەدوورێت... ئیدی ئەو لە خەویشدا وەکو دایکم ماندوو دیار نییە... من هەر لەسەر قەراغێکی دۆشەگەکەی ئەو دەنووم... بەچمکێکی لێفەکەی قاچەکانم دادەپۆشم... پەنجەکانی پێم دەیەشن... ئازاریان دەگاتە ناو سەرم... دەبێت کەمێ بیانشێلم و خاویانکەمەوە... خەتای ئەو پێڵاوە لاستیکانەمە، کە لە بەیانییەوە تا دوای خۆرئاوا دایانناکەنم... زۆریش پێیان دەڕۆم... هەندێ جار دەچمە گەڕەکەکانی ئەوبەر... دەبێت بەسەر ئەو بەردەبازانەدا بپەڕمەوە، کە لەناو شیوەکە دایانناون... کاتێ باران دەبارێت، ئاوی زۆر دایاندەپۆشێت... ناتوانم هەنگاویان بەسەردا بنێم... جارێکیان قاچەکانم خزان... کەوتمە ناو قووڵاییەوە... ترسام بخنکێم... پیاوێک دەریهێنام، بەڵام لەگەنێک گوڵەبەڕۆژەم ئاو بردی... دەگریام... نەمدەوێرا ڕوو لە ماڵەوە بکەمەوە... ئاخر دایکم ڕازیی نابێت تا ئەوێ بچم... لەو گامێشانە ڕادەمام و ترس دایدەگرتم، کە ماڵە عەرەبەکان لەو ژێر پردە بەخێویان دەکەن... کاتێ بەناو شیوەکەدا دەڕۆن، شڵپەشڵپێکی سەیر لە قاچی زلیان بەرزدەبێتەوە و دەنگی ئاوەکە دەگۆڕێت... ئەگەر چاوەکانم بنووقێنم و گوێیان لێ بگرم، وادەزانم کۆمەڵێک عەرەبانە بەسەر ڕێگایەکی سەهۆڵبەنداندا تێدەپەڕن و شەختە سەهۆڵەکان لەژێر پێچکەکانیاندا تێکدەشکێن... ئەمە ئاوازێکی خۆشە... حەزی لێ دەکەم... چەرمی زۆر ڕەشیشیان کاتێ لە بەرتیشکی خۆردا دەبریسکێنەوە، سەرنجم ڕادەکێشن... وەکو قوماشێکی ئێجگار جوان دەکەونە بەربینایيم... هیوا دەخوازم چەند مەترێکم لەو قوماشە سەیرە هەبێت... دایکم بۆم بکات بەعەزیەیەکی کەشخە... بۆ قوتابخانە بیپۆشم... خۆمی پێوە بنوێنم... منداڵەکانی ئەو ماڵە عەرەبانە زۆر شتم لێ دەکڕن... هەر بەکوردییش دەدوێن... زمانی ئەوانیش دەزانم... کاتێ ماڵمان لە بەغدا بوو زیاتر بەعەرەبی دەدواین... نازانم بۆچی لەوێ مامم بیردەکەوێتەوە... لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر حەزم لێیە بەربێت... ئەو جارە چووین بۆ دیدەنی... لە سەرە وەستابووین... پۆلیسەکان بەقامچی لەو خەڵکەیان دەدا... پێیان دەوتن:

– زمایل...!! «ئێوە کەرن»...!!

چوارشانەیەکیان بەدایکمی وت:

– سکتی گحبە...!! «بێدەنگ بەقەحپە»...!!

دایکم لە ڕێگا پێی وتم، کە ئەو قسەیە بۆ باوکم نەگێڕمەوە، چونکو خەفەت دەخوات و حاڵی خراپتر دەبێت... گامێشەکان بەجێدەهێڵم... بانگی شتەکانم دەکەم... لەوبەری «گۆڕستانی چراغ»یش سەدان کەر و ئەسپ و ئێستر دەبینم... جامبازەکان دەیانفرۆشن... پیایاندا هەڵدەدەن... گوێیان لێ دەگرم... لەبەرخۆمەوە لاساییان دەکەمەوە... کاتێ دەیانکڕن، هەزاران عەیبیان لێ دەدۆزنەوە، بەڵام هەر ئەوانەن

دوای ماوەیەکی کورت دەبنە بووک و پەری... من کچێکی دەستفرۆشم و هەقم بەسەر ئیشی پیاواندا نییە... تەویلەیەکی گەورە لە ناوەڕاستی ئەو دەشتەدا هەیە... جەمەلۆنەکەی سەری لە بەرتیشکی خۆردا دەبریسکێتەوە... هەر چەند چاوم خێلدەکەم و لێی دەڕوانم، وەکو ڕووبارێک دەکەوێتە بەربینایيم و هاژەهاژەکەی دەبیستم... شەپۆلەکان لە شێوەی ورچی زل زل بۆ ئاسمان هەڵدەچن... شڵپ دەکەونەوە سەر ڕووی ئاوەکە... خۆم دەخەڵەتێنم... دەمەوێت بچم لەو قەراغە دانیشم... «خۆزگە هەندێ حەڵوام بهێنایە و بەدەم ڕوانین لەو هەموو جوانییە، بمخواردایە...!!» هەنگاو دەنێم... دەگەمە ناو گۆڕستانەکە... زۆر جار لای «ئامین چەلەبی» دادەنیشم... بنیادەمێکی سەیرە... دەڵێن لە سەردەمی گەنجێتیی ناپاکیی لە مێردەکەی کردووە... چەند جار بەدزیی ئەوەوە لەگەڵ پیاوی بێگانە نووستووە... ئینجا ژەهری داوەتێ، بۆ ئەوەی دەست بەسەر موڵک و ماڵەکەیدا بگرێت... دوایی تۆبەی کردووە... هەموو سامانەکەی بەسەر هەژاراندا بەخشیوەتەوە... ئەو «جاوە» بۆقخۆرە دەبینی لەوبەری ماڵمان لەناو قوڕ و چڵپاودا دەژی...؟! ئەوە لەو گۆڕستانەیان فڕێدابوو... ئەو هەڵیگرتەوە... بەخێوی دەکرد... لە پەڕۆی دەپێچا... لەم ماڵ و لەو ماڵ دەیگێڕا... ژنان شیری خۆیان دەدایە... دەیهێنا بۆ لای دایکم... تێروپڕ مەمکی ویشی دەمژی... لەگەڵ «سەربەست»ی برام شیربران... ئێستا «سەربەست» گوێی لێ بێت، دنیا هەڵدەگێڕێتەوە... پێی نەڵێی من ئەمەم بۆ گێڕاویتیەوە... باش...؟! نەوەکا لێم تووڕە بێت... جا ئەوەی وابزانێت ئەم سەرگۆی هیچ مەمکێکی نەمژیوە، ئەوا بەهەڵەداچووە... «ئامین چەلەبی» شەوان دەیکردە قومات... لەگەڵ خۆی دەیبردە ناو ئەو گۆڕستانە... قورئانێکی پێبوو... تا بەیانی لەوێ دەیخوێند... «جاوە» ئاوا گەورە دەکرا... پێی گرت... هاتە دەرێ، بەڵام تێکەڵی منداڵان نەدەبوو... هەر لە دوورەوە بەڕقەوە لێیان ڕادەما... خێسەی دەکرد... کەسی خۆشنەدەویست و کەس خۆشینەدەویست... گەمژە بوو... یاریی نەدەزانی... لە هیچ شتێ تێنەدەگەیشت... پێنج ساڵ لە پۆلی یەک مایەوە... نەیدەزانی دوو پیتیش بنووسێت... قەڵەم و لاستیکی منداڵانی دەدزی... دەستی لە گیرفانیان دەئاخنی... پارەکانی دەردەهێنان... لەو حانووتە شتی پێ دەکڕین... نەوسن بوو... بۆڕی «ئەشعەب»یشی دابووەوە... خۆ دەزانی «ئەشعەب» کێیە...!! ئەو پیاوە نەوسنەی سەردەمی زوو لە دوورگەی عەرەبیدا دەژیا... بەهیچ شتێ تێر نەدەبوو، کەچی وایدەزانی ئیشتیهای گیراوە... ڕۆژێکیان میوانی ماڵێکی عێراقی دەبێت... بەیەک ژەم هەموو خواردنەکەیان هەڵدەلووشێت... وەختێ دەیەوێت بڕوات، خانەخوێ لێی دەپرسێت، ئاخۆ بەرەو کوێ ئۆغر دەکات... ئەو پێی دەڵێت دەچێ بۆ شام، چونکە دکتۆرێکی شارەزای لێیە، بەشکوو چارەسەری ئەو کەمخۆریەی بدۆزێتەوە... کابرا لێی دەپاڕێتەوە: «بە قوربانت بم ئەشعەب ئەگەر چاکبوویتەوە، بێرەدا نەیەیتەوە...!!» «جاوە» زۆر لەو خراپتر بوو... حەزی لە گۆشتی برژاو دەکرد... لە ماڵەوەش نا، بەڵکو لەو گۆڕستانە... ئەدی شێت یانی چی...؟! ڕەنگە مەبەستێکی زۆر خراپیشی لەوەدا هەبووبێت... دوور نییە حەزی کردبێت بەدیار مردووانەوە لەزەت لە خواردن ببینێت... ئیدی بۆ شێتە...؟! نەء، تاوانبارە... پیرەژن لەوێ مەنقەڵیی دادەنا... شیش شیش گۆشتی بۆ دەبرژاند... دەیخوارد... هەڵیدەلووشی، بەڵام تێربوونی نەبوو... چەند جار بەو چاوانەی خۆم دەمدی دەستی لەناو تەنەکە و بەرمیلی خۆڵدا دەگێڕا... لە خواردن دەگەڕا... دەیویست بەرماوەی



چێشتخانەکانیش هەڵلووسشێت... ئێوارەیەک لە پەنادیواری قەڵات یەک دوو نامیلکەی دزی... پێکەنینم هات... ئاخر ئەو لاپەڕەی یەکەمی کتێبی خۆی بۆ حونجە نەدەکرا، ئەمانەی بۆ چی بوو...؟! دەیویست بەهەموو شێوەیەک زیان بگەیەنێت، ئەگینا ئەم و خوێندنەوەیان نەوتووە... خراپەکاریی لە گیانی دەچۆڕایەوە... ئێستاش هەر وایە... ناگۆڕێ... شەوێکیان لەو گۆڕستانە پیرەژنی خنکاند... ویستی دەست بەسەر موڵک و ماڵەکەیدا بگرێت... پۆلیس بردیان... لێیان دا... هەڵیانواسی... ددانی بەو تاوانەی خۆیدا نەنا... پێی نەوتن پارەکانی لە کوێ شاردۆتەوە... ناچار بەریاندا... یاسای گرتنی بەسەردا نەچەسپا... وتیان منداڵێکی شێتە... ئێوارەی پێش ئەوە دووکاندارێک بەوەی تەنیشتی وت: «ڕۆژێ ئەو منداڵە دەبێتە یەکێ لە چەلەبیەکان و نیوەی شار دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە... من لەو چاوانەیدا تەنها تەماع و خراپەکاری دەبینم»... ئەم پێی وت: «ئەو پیرەژنە بێچووەمار لەناو باغەڵی خۆی گەورە دەکات... نازانێ کاتێ گەورە بوو، پێوەی دەدات... ئەرێ وەڵڵا ئەوە مارە»... وەی دایکە...!! خۆ ئەوە مار بوو...!! بەگۆڕی باوکم درۆ ناکەم... لەناو پووشوپەڵاشی قەراغی ئەو گۆڕستانە بینیم... کەمێ لەولای قاچمەوە خشکەی کرد... زرووکاندم... لە ترسان سینیەکەم لە دەست کەوتە خوارەوە... ئارد و شرووب بەو ناوەدا بڵاوبوونەوە... گریام... هەڵاتم... زرووکاندم... دوو کوڕی چوختیم بینی... پێم وتن... سەرو داریان هەڵگرت... چوون بۆ ئەوێ... دۆزیانەوە... کوشتیان... سینیەکەیان بۆ هێنامەوە... نەمدەوێرا بیگرم بەدەستەوە... ڕاچڵەکیم... خەبەرم بووەوە... لێفەکەم تا سەر چاوم هێنا... هەڵدەلەرزیم... خەوم لێنەدەکەوتەوە... بەیانی بۆ دایکم گێڕایەوە... لێکیدایەوە... پێکەنی... پێکەنینێک هەزار و یەک مانای دەگەیاند... نوقرچێکی لە قۆڵم گرت و وتی:

– گەورە بووی، ئاگات لە خۆت بی.

بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوەی شەو پێیداچوومەوە... هێنام... بردم... هەڵگێڕووەرگێڕم کرد... هەڵمەوەشاندەوە... لوغزی پەناوپەسارەکانیم خوێندەوە... ئاردی سپی... شرووبی سوور... پوشوپەڵاشی زەرد... سینیەکی لووس... دوو کوڕی چوختی... دوو داری ڕەق... مارێکی کوژراو... هەموو ئەمانە لە قەراغی گۆڕستانێکی چۆڵوهۆڵدا... لەزەتم لێ بینی... موچوڕکەم پێدا هات... لێوی خوارەوەم خستە ژێر ددانەکانی سەرەوەم... گازم لێی گرت... ئازاریم دا... چوومە ئەودیو... لە بەرامبەر ئاوێنەکە وەستام... ماچێکی ناودەمی خۆمم کرد... شوێنەوارەکەی لەوێ بەجێما... بەهەڵم داپۆشی... سیمای گۆڕا... منیش گۆڕاوم... زیاتریش دەگۆڕێم... چەند ڕۆژێکی دی دەبمە دوانزدە ساڵ... دوو بەهارە وازم لە شتفرۆشتن هێناوە... بەڵام هەمیشە بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە... هەر بۆیە زوو زوو خەونی پێوە دەبینم... وەکو خەونەکەی دوێنێ شەوم... «گەورە بووی، ئاگات لە خۆت بێت»... ناهێڵن... ناهێڵن... ئەو هەتیوانەی سەر ڕێگای قوتابخانە ناهێڵن... شەرم پێ دەفرۆشن... برۆم لێ هەڵدەتەکێنن... لێوم لێ دەقووچێنن... دوام دەکەون... پلارم تێدەگرن... هەڵبەستی دڵداریم پێدا هەڵدەڵێن... بەجوانێ جوانێ گوێچکەم ئاودەدەن... هەڵمدەفریوێنن... شێتم دەکەن... من کوێم جوانە...؟! ئای لەو مەتەڵە...!! ناوەکەمیان لەسەر قۆڵ و باسکیان کوتیوە... ماچم بۆ هەڵدەدەن... نامەم بۆ فڕێدەن... بەپایسکیلی ڕازاوەیان بەلامدا تێدەپەڕن...

جار جار تیژ و جار جار هێواش... زەنگم بۆ لێدەن... دەنگ هەڵدەبڕن: «ئاخ سوهام...!! ئۆف سوهام...!! گیان و دڵەکەم سوهام...!!»... لەوە زیاتر بەرگە ناگرم... خۆم بەدەستەوە دەدەم... «گەورە بووی، ئاگات لە خۆت بێت»... ناتوانم... ناتوانم... بەوان بڵێ ئاگایان لە خۆیان بێت... خەیاڵیان داگیرکردووم... پشتم کردۆتە کتێبەکانم... جاران لە بازاڕ و لە کۆڵانان بەدەم فرۆشتنی شرووب و گوڵەبەڕۆژە و ڕێواسەوە دەمخوێندنەوە... لە تاقە ژوورێکی پەڕپووت بەدیار باوکێکی نەخۆشەوە لەبەرم دەکردن... ئێستا لەم خانووە تازەیە و لە ژووری خۆشم نامپەرژێ سەریان بەسەردا بگرم... لە بەردەمی عیادە و دەرمانخانەکاندا خەونم دەدی... دەبوومە دکتۆرێکی شارەزا... هەمووی بەسەرچوو... مردنی باوکم کۆتاییی بەو خەیاڵپلاوەم هێنا... مانگێکی دی مەرگ مەودای بدابووایە، دڵی بەئازادبوونی «مامە فازیل»م دەبووژایەوە... مامم لە هەیوانەکە چەند گریا...!! لەسەر گۆڕەکەیشی زیاتر...!! کەچی نەیهێشت ئێمەش بەشداریی ئەو ماتەمییەی بکەین... هەرگیز بیرم ناچێتەوە، کاتێ سەری هەڵبڕی و وتی:

– بەسە...!! توخوا بەسە...!! نەبینم... نەبینم ئێوە بگرین.

مەعاشی سێساڵی بەجارێ وەرگرتبوو... لە «سەعدوناوە» خانووێکمان کڕی... «نەمام»ی خوشکم وتی:

– نازانم لۆ دەبی ئەمە هەر لە نێزیک قەبرستانێ بژین...!!

مامم وەڵامی دایەوە:

– ئەمە تازە لەو دەوروبەرەی ڕاهاتینە و خەڵکەکی زۆر دەناسین... نێزیکی بازاڕیشە... بەسێ شەقاوان دەگەمە مەکتەبەکەشم.

بەڵام ئەوە ڕاستیی مەسەلەکە نەبوو... «لامیعە»ی خۆشدەویست... دەبووایە لێیەوە نزیک بێت... کەس لە پێش منەوە بەم نهێنییەی نەزانی... یەکەم نامەی مامم دوای بەربوونی، من گەیاندمە دەستی... لە ڕێگا وتم بیکەمەوە...؟! نەیکەمەوە...؟! خۆم بۆ نەدەگیرا... بەترسەوە زەرفەکەم هەڵپچڕی... وەی خوایە چی تێدا نووسیبوو...!! نەمدەزانی پیاو ئەگەر بەدزییەوە، نامە بۆ ژن بنێرێت، ئەوەندەی بەقوربان دەبێت... ئەدی «لامیعە» بۆ ناڵێی...؟! چۆن جورئەتی دەکرد ئەو وشانە بنووسێت...؟! من بەخوێندنەوەشی لەرزم لێ دەهات... ئینجا زانیم مامم ناهەقی نییە شەوان تا درەنگ بخواتەوە... میوانی سەیر سەیریشی دەهات... کەسی وا هامشۆی ماڵمانیان دەکرد، کە هەرگیز لە هیچ شوێنێکدا نەمدیبوون... گفتوگۆی سیاسی... ئەدەبی... دڵداری و نازانم چی و چی دادەمەزرا... هەندێ جار دەبووە دەمەقاڵێیشیان... «جەمیل ڕەنجبەر»ی شاعیر، ئەوەی کۆڵانی خۆتان، زوو زوو سەری لێ دەداین... شیعری بۆ دەخوێندینەوە... «یوسف دەرگەلەیی»ی نووسەر بەباوەشێ کتێبەوە خۆی بەماڵدا دەکرد... «عەبدولخالیق مەعرووف» دەناسی...؟! نا، باوەڕ ناکەم بیناسی... کە گەورە بووی دەزانی کێیە... منی زۆر زۆر خۆشدەویست... شیعر و چیرۆکی منداڵانی بۆ دەهێنام... زۆر لە نووسەرانی سلێمانی و کەرکووک و کفری کاتێ دەهاتن بۆ هەولێر، لە ماڵی ئێمە دەمانەوە... ئێوارەیەکیان لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، کوڕێکی زۆر



قۆزم لە ژووری میواندا بینی... لە ڕووم نەهات بچمە ئەوێ... خۆم گەیاندە ئەودیو... «نەمام» وەک بڵێی چەند ساڵ چاوەڕێی من بێت، تا مژدەیەکی خۆشم پێ بگەیەنێت، بەشپرزەییەوە دەمی هێنایە بن گوێچکەم و بەچپە پرسی:

– دەزانی خزمی کێ مێوانمانە...؟!

ئای لەو پرسیارە سەیرە...!! جارێ من نازانم میوانەکەمان کێیە، کەچی ئەو دەیەوێت من خزمەکەیان بناسم... مەراقم زیاتر بوو... بەپەلە وتم:

– نەء، نازانم...!! پێم بڵێ خزمی کێیە...؟!

– مام جەلال...!!

– جەلال تاڵەبانی...؟!

– ئا، خزمی ویە... ئەوە کێوە دەچی...؟!

دەمویست بچم چاکتر لێی وردببمەوە... ئەگەر شەرم ڕێم لێ نەگرێت، چەند ماچێکی ئەملا و ئەولای بکەم... «خزمی مام جەلال هاتووە بۆ ماڵمان...!!» «نەمام» دەستی گرتم و بۆ لای خۆی ڕایکێشام:

– دەزانی ناوی چییە...؟!

– نەء.

– کاک عارف تاڵەبانی...!!

ئێستا «کاروان» زانیت من جەلالییم...؟! فێڵێکی چاکم لێ کردی... ئەگەر لە سەرەتاوە وام بوتایە، هەر خێرا بێدەنگت دەکردم... نەتدەهێشت ئەو بەشەی چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە... وا نییە...؟! دڵنیام بەهەڵەدا نەچووم... هەوکە ئەگەر خۆشم وازبهێنم، تۆ ڕازیی نابی... تازە لە ناخمدا نوقومم کردی و زەحمەتە بەئاسانی بێیتە دەرێ... چەند حاڵەتێکی جوانە مرۆڤ خۆی بێدەنگ بێت و گوێ لە قسەی دوژمنەکەی بگرێت...!! بەڵام ناشیرین پار لەو چۆمانە بەم دەستانەم برینی پێشمەرگەم تیمار دەکرد، بەبێ ئەوەی بۆ چرکەیەکیش ئەوە بەخەیاڵمدا هاتبێت، کێ مەلاییە و کێ جەلالی... شتێکت پێ بڵێم...؟! جەللاد و ستەمکەر وەکو یەک وان... دەزانی لە چییدا...؟! لەوەی هەردووکیان بەبێ جیاوازی دەست دەخەنە خوێنەوە... بەڵام دەزانی لە چییشدا جوودان...؟! «...»... ئافەرین...!! گەورە بووی...!! لە جیاوازی و لەیەکچوونەکان تێدەگەیت... خۆشمدەوێی...!! من ستەمکەرم... ناتوانم ڕق لە دڵ بگرم... بەڵێ، ستەمکەرم... دەستەکانم بەو خوێنانە سوورن، کە جەللاد ڕشتوونی... پەنجەکانم چوونەتە خوێنی «عارف تاڵەبانی»یشەوە... ببوورە کە ئیتر بەدەم گریانەوە ئەم بەشەت بۆ دەگێڕمەوە... ناکرێ من سەربردەی ژیانی ئەو مرۆڤە دڵدارە بگێڕمەوە و نەگریم... پێشتریش بەهەمان ڕادە بۆ «فایزە»ی خۆشەویستی فرمێسکم ڕشتبوو... ئەگەرچی هەرگیز نەمدەتوانی ئەمە بەخۆی بڵێم... ئەو کوا باوەڕی بەو مردنە دەهێنا...!! تۆ بەچاوی خۆت بینیت، چۆن لەو خانووە لەگەڵیدا دەژیا و «دڵپاک» و «سەنگەر» و «دلێر»ی بەخێو دەکرد... دوایی کچێکی دیکەی جوانیان بوو... ناویان نا «دڵگەش»... لە چۆمانیش خێمەیەکیان دەستکەوت... جار جار لەگەڵ مامم و «لامیعە»ی مامۆژنم دەچووم بۆ سەردانیان... لە ئێستگەش

دەمبینی... لەگەڵ نووسەر و ڕۆشەنبیرانی ئەوێ کاری دەکرد... دەیتوانی هەر لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام لەوە تێنەگەیشتم بۆچی ویستی بچێتە شەڕی چەکدارییەوە... برینەکەی قورس بوو... هەر زوو زانیم چاکنابێتەوە... خۆزگە دەمزانی ئەو چۆن مەرگی دەبینی... چۆنی لێکدەدایەوە... من نزیکترین کەسی بووم و پەیم بەو نهێنیەی ناخی نەدەبرد... هیچی لێ نەدەشاردمەوە... گاڵتەی سەیر سەیرمان بەیەکەوە دەکرد... ئەو جیاوازییەی نێوان تەمەنمان نەیدەتوانی ڕێگای ئەو پەیوەندیە بەتینەمان لێ بگرێت... یەکەمجار بینیم، وامزانی هەرگیز ناتوانم ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوم ببڕمە ئەو چاوانەیەوە... کاتی نانخواردنی ئێوارە لە بەرامبەری دانیشتبووم، بەڵام سەرم هەڵنەدەبڕی... بەشەرمەوە پارووەکانم بۆ دەمم دەبردن... بەپارێزەوە دەمجووین... کەچی شەو بەشێوازە تایبەتیەکەی خۆی شەرمی شکاندم... نەدەکرا گوێم لەو قسە خۆشانەی بێت و پێنەکەنم... قاقا لێ نەدەم... هاوکات مستی سووک سووک و هەندێ جار هی قایمیش بەو شان و ڕانانەیدا نەکێشم... بەیانی لە قوتابخانە و دواتر لە کۆڵان بۆ دەستەخوشکەکانم گێڕایەوە، کە کێ هاتووە بۆ ماڵمان و بووە بەخۆشەویسترین هاوڕێم، بەڵام ئەوان لچیان هەڵدەقورتاند... حەزیان لە کەسانی ئاوا نەبوو... بەئاشکرا وایان نەدەوت، بەس دەمزانی چۆن بیردەکەنەوە... بەناپاک لە قەڵەمیان دەداین... ناوی جۆراوجۆریان بۆ داتاشیبووین... ئێمەش ئەوانمان خۆشنەدەویست... بگرە خوێنی یەکدیمان دەکردە کاسەوە... ئۆف دیسان باسی خوێن هاتەوە گۆڕێ...!! نامەوێ هێندە ئەو وشەیە بەکاربهێنم... من کە ڕۆژانە لەو خەستەخانەیە لەگەڵیدا دەژیم، دەبا هیچ نەبێ دوای دەوام کەمێ لە چاوم غافڵ بێت... خەتای تۆیە... ئەگەر بمزانیبا بەدڵی فرەوانەوە گوێم لێ دەگری، هەرگیز پەنام بۆ فێڵ و تەکنیک نەدەبرد... یەکسەر چیرۆکی خۆمم دەگێڕایەوە... باسی «فایزە»م دەکرد، کە چۆن دەچووم بەدوایدا و دەمهێنا بۆ ماڵمان، بۆ ئەوەی «عارف تاڵەبانی» لەو ژوورە ببینێت... دوایش تا بەردەرگاکەیانم دەگەیاند... ئەوسا لە پۆلی پێنجی ئامادەیی دەیخوێند... بەڵام تەمەنی لە سەرووی بیست ساڵ بوو... ببوورە بچکۆل گیان ناتوانم لەوە زیاتر سەربردەی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، چونکە وەکو دەبینی کەلوپەلەکانمانیان لە لۆریەکە بارکردووە و دەبێت بڕۆین... ئەوەتا دایکم و ئەوان تاکسیان وەستاندووە و چاوەڕێی منن... ماڵێکی دیکە دێنە شوێنمان و دڵنیام خۆشتدەوێن... ڕەنگە ئێمەت هەر لە بیرنەمێنێت... ئەوە چییە...؟! دەگری...؟! بۆ کێ...؟! بۆ من یان بۆ خۆت...؟! نامەوێ وەڵامم بدەیتەوە... جوانترین گریان ئەوەیە، هۆیەکەی نەزانی... با ئەو فرمێسکانەی تۆ دوا شتی ئەم شارە بن، کە من بەدەم گریانەوە لێیان بڕوانم... بای بای کاروان عومەر کاکەسوور... شەکردانە چینیە لاکێشەییەکەی «مەرجان مووسلاوی»م خۆشدەویست و حەزم دەکرد بەدیاریەوە بچمە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە، چونکە وێنەی کچێکی چاوبەئەسرینی جوانم بەسەریەوە دەبینی... زەنبیلەیەکی پووشی پڕ لە سێوی سووری لە قۆڵی ڕووتی گۆشتنی هەڵکێشابوو و خەمناکانە بایبای لە دەزگیرانەکەی دەکرد... دەمتوانی ئەو فرمێسکانەی ببینم، کاتێ لەو گلێنانەی دەتکان و بەسەر کوڵمیدا دەهاتنە خوارێ... دەگەیشتنە بنکی چەناگەی و دەچۆڕانە ناو سنگی... دەبوونە جۆگەلەی باریک باریک و بەنێوان هەردوو مەمکی ناسکیدا شۆڕدەبوونەوە... ئەنجام لەسەر ئەو تاقە گۆمێکیان پێکدەهێنا... دوای تاوێک شەکردانەکە وەکو بەلەمێک لەناو ئەو ئاوەدا دەردەکەوت و وردە وردە نقووم



دەبوو، بەڵام نەء، ئەوە چاوەکانی من بوون وەنەوزیان دەدا و شتەکانیان وەکو تارماییی کاڵ دەبینی... من دەڵێم «مەرجان» خۆیشی پەی بەو نهێنیە دەبرد و لەزەتی دنیای لێ دەبینی، بۆیە چی کەلوپەلی ماڵەکەی هەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ دەیفرۆشتن، تا ژیانێکی مەمرەومەژی بۆ خۆی و «تاڤگە»ی کچی دابین بکات و هەرماوەکەی بخاتە گیرفانی دەستەڵاتدارانەوە، بەو هیوایەی سۆراغێکی «ئەیووب»ی مێردی بکات، بەڵام ئەو شەکردانەی بەهیچ شتێ نەدەگۆڕیەوە... جار لە دوای جار خانووەکەیم چۆڵتر دەبینی و شەوان لە ناوەڕاستی ئەو دەشتەدا وەکو تابووتێکی گەورە دەردەکەوت... ئەو تابووتەی چاوەڕێی تابووتێکی دیکەی دەکرد و هەر نەگەیشت... ئاخر بەپێی ئەو یاسایە نوێیە چیتر تەرمی لەسێدارەدراوەکانیان نەدەدایەوە خاوەنی... ئەوسا «مەرجان» لەو مەزاتخانەیە جلی کۆنەی دەفرۆشت و «تاڤگە»یشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد... لەوێ خەڵکی دیکەی ناسی و ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی دەگۆڕا... هاوکارەکانی ڕازییان کرد شوو بکاتەوە و «یوسف ماسیگر»یان بۆی دۆزیەوە... ئەو پیاوە نەگبەتەی لە شۆڕشی حەفتا و چوار ژن و منداڵەکەی بەر تۆپ کەوتبوون و کاتێ فرۆکەی دەبینی، پەنجەکانی دەئاخنیە کونی گوێچکەکانییەوە و وەکو منداڵ دەگریا... لە هەموو شتێ زیاتر شانازیی بەو نازناوەی دەکرد... دەچوو لە مووسڵ یەک دوو ماسیی گەورەی دەکڕی و دەیدایە خەڵکی گەڕەک، گوایە بەقولاپ گرتووینی... شەوان لەگەڵیان دادەنیشت و تا درەنگ ئەزموونەکانی خۆی بۆ دەگێڕانەوە، کە هەر لە منداڵییەوە لەو بوارەدا هەیەتی... دەیوت چاوەکانی ئەوەندە تیژن، دەتوانن ماسی لە بنی ڕووباردا ببینن و بەزمانێکی نهێنییش دەیاندوێنێت... حەزی دەکرد هەمیشە چوار و پێنجی بەدەورەوە بێت و باسی ماسییان بۆ بکات... ئەوان قاقایان لێ دەدا و پێیان ڕادەبوارد... من بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی «مام یوسف» هەر دوای ئەو کارەساتە خووی دایە ماسی و نازناوێکی ئاوای هەڵبژارد... پەیوەندیی نێوان ماسی و فڕۆکە چۆنە...؟! چییان لە یەکدی دەچێت و لە چییشدا جوودان...؟! ئەمیان لەناو ئاو و ئەویان لە ئاسمان... بەکونوکەلەبەری هەردووکیاندا گەڕام و چاوم بەتانوپۆیاندا گێڕا... زۆرم هێنا و برد، تا گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئەم بەبێ ئەوەی بزانێت، دەیەوێت لەو خەمە گەورەیەی ناخی ڕابکات و وەکو مۆرانە داینەڕزێنێت... بەڵام من ناتوانم لەو شارەی پڕیەتی لە کەسانی وەکو «یوسف ماسیگر» و «مەرجان مووسلاوی»، هیچ فێڵێک لە خۆم بکەم و ئەو شکستە گەورەیەی شۆڕشم بیرناچێتەوە... لەوەش زیاترم لە دەست نایەت ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانم بەو زمانە ساکارە و بەدزیی «باوک»مان پلانی شۆڕشێکی دیکە دابنێین.

«شوان سلێمان یابە» یەکێ بوو لە برادەرەکانم... تازە لە لادێوە هاتبوو و لە ماڵی «مامۆستا عوسمان»ی مامی دەژیا، کە دواتر لە خۆپیشاندانی قوتابیان ڕۆڵێکی چاکی بینی... بۆ خۆشیی ناوم نابوو «شوان عارەب» و ئێستاش زۆر کەس وا دەزانن ئەمە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی... بووبووینە هاوڕێی یەکتر و بەبێ ترس باسی ئەو مەسەلانەمان دادەمەزراند... ئەویش بەحەماسێکی لە ڕادەبەدەر و ڕۆحێکی هاوچەرخانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و زانیاریی زۆری دەربارەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش هەبوو... حەزی لە هونەر و ئەدەب دەکرد و زۆر دڵی بەژیانی شارستانی دەکرایەوە... من هەمیشە بەبینینی ئەو گەشبین دەبووم و بەڕاستی خۆشیمدەویست، بەڵام دواتر کە زانیم ئێمە دوو ڕێبازی جیامان هەیە، تا

توانیم خۆمم لێی دوورخستەوە.

من بێجگە لە پارتی و بارزانی، باوەڕم بەهیچ پارت و سەرکردەیەکی تر نەبوو... تەنها ئەوان دەیانتوانی لە دڵما بچەسپێن، کە ڕۆژانی سەرەتای منداڵیم بەسەرنەچووە و بەردەوامە... بەردەوامە و درێژەی هەیە... دەرکەوتنی بیروباوڕی تر و سەرکردەی تر پێش هەموو شتێک هەڕەشە بوو لە منداڵیی من و هەستم بەگۆڕانی سیمای شتەکان دەکرد، کە لای من پیرۆز بوون و نەدەبووایە بگۆڕێن... ئاخر گۆڕانەکان زەندەقیان دەبردم و ڕابردوومیان دەسڕیەوە... هەستم بەنامۆیی دەکرد و لە ناخەوە تێکدەشکام... خەونم بەگەڕانەوەی شکۆی «بارزانی»ی باوکمەوە دەبینی و بەهیوا بووم دەستەڵاتی بەسەرچووی پارتەکەم بگەڕێتەوە... زەرد ئەو ڕەنگە بوو، کە هەمیشە لەگەڵمدا دەژیا و بەزەلیلیم دەبینی... لەناو ڕەنگەکانی تردا بەدەریان نابوو و بەزەییم پیادا دەهاتەوە... ئەو ڕەنگە بوو، کە «پەری»ی جوانەمەرگ کردبوویە ئاڵا و بەدەنگە خورافیەکەی گۆرانیی بۆ وتبوو... ڕەنگی قوتابخانەکەمان و هی کراسی «ئەسکەندەر قولی»ی یاریزان و «ئەکرەم شینە»ی قسەخۆش و زۆربەی قوتابییانی دیکە بوو... هی جلی زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکەشم بوو... ڕەنگی ئەو قژە درێژ و خاوەی «بەگیسی ئی دریتە»ی دڵپاک و ڕۆح سووک بوو، کە ئەستێرە ڕەونەقدارەکان کردبوویان بەهێلانە و شەوان تیایدا سەرخەویان دەشکاند... ئەو ڕەنگە بوو، کە جارێکیان خوشکە گەورەکەم لە سەربانی خانووە کۆنەکەمان بەچپە پێی وتبووم، ئێمە ئەومان خۆش دەوێت و لەگەڵیدا گیانم بەژێر لەزەت و موچورکێکی سەیردا کەوتبوو... ئەمە لە کاتێکدابوو دەستی کردبووە ملمەوە و بەجووتە لە خۆری دامێنی ئاسمانە بێگەردەکە ڕادەماین، کە لە قازێکی خەڵتانی خوێن دەچوو و پەلەقاژەی پێ کەوتبوو... وردە وردە پەشمەکئاسا دەتوایەوە و تارماییەکی کاڵی بەدوای خۆیدا بەجێدەهێشت.

وەکو چۆن «هیتلەر» لەگەڵ شکستی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەتلایەوە و خەونی بەشکۆیەکی تری ئەڵمانیاوە دەبینی، منیش لەگەڵ شکستی «٧٥»دا دەژیام و خەونم بەگەڕانەوەی ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووەوە دەبینی، کە نەمتوانیبوو ئازادانە تیایاندا بژیم و تێریان لێ بخۆمەوە... بەڵام جیاوازیی من و «هیتلەر» زۆر زۆر بوون... ئەو عەریفێکی برینداری شەڕ بوو، کتێبی «خەباتی من»ی دەنووسی و شکۆمەندیی بۆ خۆی دەویست... من منداڵێکی دەستەپاچە بووم و شکۆمەندیم بۆ کەسانی سەرووی خۆم بوو... دواجار «هیتلەر» زۆڵ بوو و من کوڕی شەرعی و ڕاستەقینەی باوکی خۆم... ئەو باوکەی بەچرکە چاوەکانی لێم غافڵ نەدەکرد و تا گەورەتر دەبووم، زیاتر ترسی لێ پەیدا دەکردم... دەیویست منیش وەکو خۆی هەر لە دوورەوە ئەو شتانەم خۆشبوێت و تەنها بەنهێنی لە ڕادیۆوە هەواڵەکان ببیستم... بەڵام نا، من جیابووم و بینین و گوێگرتن تینوویەتییان نەدەشکاندم...(٢٥)



## پەراوێزەکان

(١) تەنها بەپێی ئاگاداریی من لەو چەند قوتابییەی لێرەدا ناویان هاتووە، ئەمانە نەماون: «عەبدوڵڵا» و «کامیل» بوون بەسووتەمەنی شەڕی قادسیە. «عەلی کۆخە»ی برای «عەبدوڵڵا» لە ٣١ی مارتی «١٩٩١»، ڕۆژی گیرانەوەی هەولێر بەدەستی بەعس، شەهید کرا. «موحسین جەرجیس»، کە کوڕێکی هەژاری بێ باوک بوو و هەر لەو ڕۆژەوە دەیتوانی هەنگاو بنێ، لە کۆڵانان دۆڵدرمە و چلوورە و پەشمەکی دەفرۆشت. لەگەڵ «سمکۆ»ی برای، کە ئێستا بە«کاک خەبات» ناسراوە، دوو زیرەکترین قوتابیی قوتابخانەکەمان بوون. گەنجێکی ڕۆشنبیر بوو و هەوڵی زۆر جوانی لە بواری شیعردا هەیە. گیرا و دواتر لە سێدارە درا. «بەختیار ڕەحمان»یش چەپێکی خوێنگەرم بوو، دەیان جار لەسەر شەقامەکان سنگی دابووە بەر گوللەی بەعس و نەیانپێکابوو، کەچی بوو بەقوربانیی کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردەواری و گوللەی تایەفەگەری زەفەری پێ برد. دڵنیام ژمارەی قوربانیەکان لەوە زیاترە و من ئەوانی ترم نەزانیوە.

(٢) بەداخەوە مامۆستا «ئیبراهیم باڵدار»، مامۆستای مامۆستایان لە ١٩٩٨/٧/١٠ لە شاری بەغداد بەبێدەنگی کۆچی دوایی کرد و نەمانتوانی هیچ خەڵاتێکی بکەین. ئەمڕۆ کە کوردستان خەریکە دەبێتە پەیکەرستان، کەچی کەس ئەو داهێنەرە گەورەیەی لەبیر نییە. پێم وایە تاقە کەسێک شایانی ئەوە بێت وێنەی لە پۆلەکانی قوتابخانە هەڵبواسرێت، هەر ئەوە... ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان داوام لێ بکەن ناوی دە کتێبی گرنگی کوردی بڵێم، ئەوا بۆ یەکەمیان پێویستیم بەبیرکردنەوە نییە و «ئەلف و بێ» لە پێش هەموویانەوە دادەنێم.

(٣) ئێستا «شادە»ی خوشکم مامۆستایە و نووسەریشە... چیرۆکی کورت و هی منداڵان دەنووسێت... ئەمە ئەو ناوەیە، کە لە ماڵەوە پێی بانگ دەکەین، بەڵام خۆی ناوی «شادیە»یە و بە«شادیە کاکەسوور» بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە.

(٤) ساڵی «٨٦» لە مووسڵ بیرۆکەی «تەڵەی مشک لە قوتابخانە دەچێت»م کردە چیرۆکێک و لە «٩٧» دەسکاریم کرد، کە بەتەمام لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا چاپی بکەم.

(٥) بۆ ئەوەی قسەکانی «نازیلە ئینگلیز» بەچاکی و بەئەمانەتەوە بگەیەنم و لە ڕووی مێژووییەوە تووشی هەڵە نەبم، دیارە بۆ ئەوەیش بەئینگلیزی چی جنێوی سووکە پێم نەدا، ئەوا پەنام بۆ ئەم سەرچاوەیە برد:

أحمد بهجت، قصص الحيوان في القرآن، دار الشروق، بيروت ١٩٨٧.

نووسەری ئەم کتێبە بەڕاستی شارەزاییەکی سەیری لە ژیانی گیانداراندا هەیە و بەشێوازێکی تا بڵێی سەرسوڕهێنەر ئەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە... دیارە ئەویش دایکێکی وەکو «نازیلە ئینگلیز»ی هەبووە.

(٦) «شەهابەی هەولێری ١٨٩١-١٩٣٩» مەقامبێژ و قورئانخوێنێکی زۆر بەتوانا بووە. ساڵی «١٩٣٢» کاتێ «ئوم کەلسووم» دێتە بەغدا و گوێ لە دەنگی «شەهابە» دەگرێت، بەڕادەیەک پێی سەرسام دەبێت، کە داوای لێ دەکات لەگەڵی بچێتە میسر... «ئوم کەلسووم» لە ژیانی خۆیدا بەوە ناسراوە، کە هەرگیز ددانی خێری بەهیچ گۆرانیبێژێک دانەناوە... زۆر دژایەتیی «ئەسمەهان»ی دەکرد، بۆیە کە ئەو بەڕووداوێکی نارۆشەن کۆتایی بەژیانی هات، وا بڵاوبۆوە دەستی «ئوم کەلسووم» لەو پیلانەدا هەیە. «فەرید ئەترەش»ی برای «ئەسمەهان»یش ماوەیەکی کەم پێش مردنی لە چاوپێکەوتنێکدا گلەیی لێ کرد، کە ڕازیی نابێت ئاوازی بۆ دابنێت... سەیر ئەوەیە هەر ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە ئاستی «شەهابەی هەولێری»دا سەرسام بووە... مەخابن دەنگی ئەو ئەستێرەیە تۆمار نەکراوە... خەجاڵەتم کە لووتکەیەک لە پەراوێزێکی ئاوادا بەخوێنەران

دەناسێنم... ئەو هەرگیز هی پەراوێز نییە... «شەهابە» کە لەو سەردەمە و لە هەولێر خەریکی هونەر بووە، ئەوا بەپێی تێگەیشتنی «ئەلبێرت کامۆ» بەشۆڕشگێڕ دادەنرێت.

(لە کاتێکدا دەمویست ئەم کتێبە بۆ چاپ بنێرم، لە ژمارە «٧٠»ی «ئەپریل»ی «٢٠٠٢»ی گۆڤاری «رامان»دا بابەتێکی «کاک جەلال خدر»م بەناونیشانی «تەم تەم لاپەڕەیەکی شاردراوەیە لە هونەری شانۆگەری لە هەولێردا» خوێندەوە و زانیم شەهابە شانۆکاریش بووە... ئەو نووسەرە بەراستی بەشێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێش شەهابەمان پێ دەناسێنێت... مایەی خۆشحاڵییشە، کە وەکو لە پەراوێزی بابەتەکەیدا باسی کردووە، کتێبێکی لە بارەی ژیانی ئەو هونەرمەندەوە نووسیوە... کاتێ ئەمانەم بۆ «مازن ئەحمەد»ی هاوڕێم باسکرد، کە ئەویش وەکو من لە منداڵییەوە ئارەزووی لە زانینی ژیانی هونەرمەندان هەیە، پێی ڕاگەیاندم، گوایە هەر «کاک جەلال خدر» لە ژمارە «٦٤»ی «رامان»دا بابەتێکی تری لەژێر ناونیشانی «یادی شەهابەی هەولێری»دا بڵاوکردۆتەوە... بۆی ناردم و خوێندمەوە... زیاتر توانای ئەو هونەرمەندە و دەستڕەنگینیی «کاک جەلال خدر»م بۆ دەرکەوت).

(٧) «ئیسپارتەییەکان» پێچەوانەی «ئەسینیاییەکان» چونکە پێویستیان بەشەڕ و داگیرکردن بوو، بۆیە هەرکە منداڵەکانییان لە دامێن دەکەوتنە خوارێ، دەیانخستنە ناو ئاوی گەرم و شتی دیکە و تا درەنگ لەوێیان دەهێشتنەوە... لە بەرهەتاویان دادەنان و بەسەعات بەجێیاندەهێشتن... دەیانبردنە سەر کێوەکان تلۆریان دەکردنەوە... کاتێ پێیان دەگرت، کاری قورس و تاقەتپڕووکێنیان پێ دەسپاردن... ئەگەر مردن، ئەوا مردن... ئەگەر مان، ئەوە فێری بەرگەگرتنی ناخۆشی بوون و سبەینێ بۆ سەربازیی دەست دەدەن... ئاخر بۆیە «سۆکرات» ئەوانی بەنەخوێندەوار دەزانی... تا وای لێهات «پەروەردەی ئیسپارتەیی» بووە زاراوەیەک و لە بواری سایکۆلۆژیا و پەروەردەدا جێگای خۆی گرت. داگیرکەرانی کوردستان ڕۆڵەکانیان ئاوا گۆشدەکەن. لە قۆناغی سەرەتاییی خوێندنەوە تا زانکۆکان و دواتر لە سەربازگاکانییاندا بۆ کوشتن و تاڵان ڕایاندەهێنن.

(٨) ئەوانەی لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی و دواتردا منیان ناسیوە، هەرگیز باوەڕ ناکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان شەرمن بووبم... لە ناوەندی و دواناوەندیدا یەکێ بووم لە قوتابییە بزێو و بێشەرمەکان... جارێکیان لە پێنجی ئەدەبی چاودێر بیری چووبوو ئەو دەفتەرە پیشانی مامۆستا «محەمەد ئیسماعیل»ی مێژوو بدات، کە ناوی غایبەکانی تیادا دەنووسی و دەبوایە مامۆستاکان ئیمزایان بکردایە... ئەوە بوو بردبووی بۆ ژوورەکەی... بەچاودێری وتبوو، بۆچی ناوی منی نەنووسیوە، ئەویش وتبووی، کە من هاتووم و لە پۆلەکەم... باوەڕی نەکردبوو و ناردبووی بەشوێنمدا... کاتێ چووم و بینیمی، پێکەنی و وتی، گوایە هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە من لە پۆلەکە بووبێتم و دەنگم نەهاتبێ... باوەڕی نەکردبوو من چلوپێنج دەقە بەهێمنی دانیشتبێتم و بەزمێکم نەنابێتەوە... قسەیەکم نەکردبێت و قوتابییەکانم نەهێنابێتە پێکەنین... هەقی خۆیەتی لێرەدا باسی ئەو مامۆستا دڵسۆزە بکەم، کە زوو سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو، دوای شکستی شۆڕش، ڕژێمی بەعس لێی خست و کردی بەمامۆستا لە «دواناوەندیی ڕزگاریی کوڕان»... شارەزاییەکی ئێجگار زۆری لە مێژوودا هەبوو و زۆربەی سەرچاوە کۆن و تازەکانی خوێندبووەوە... کتێبخانەی ماڵەکەی، کە لەگەڵ «کاک فەتحی کەریم»دا زۆر جار کتێبمان لێ قەرزکردبوو، لە کتێبخانەی گشتی زیاتری کتێب تێدابوو... ئەو مامۆستایە لەو خۆپیشاندانانەی قوتابیان لە سەرەتای هەشتاکاندا ڕۆڵێکی چاکی بینی... کاتێ بەعس لەگەڵ «مامۆستا جەلال»ی بیرکاری بۆ قوتابخانەیەکی دیکەی گوێزانەوە، چونکە بەئاشکرا دژ بەرژێمەکەی بوون و پشتگیرییان لە داخوازیەکانی قوتابیان دەکرد، قوتابیان هەر بەخۆپیشاندان و مەراسیمێکی تایبەت هێنایاننەوە... بەعسیشیان ناچار کرد داوای لێبوردن بکات... من و زۆر کەسی دیکەش قەرزاری ئەو مامۆستایە و «مامۆستا ئەسغەر تاڵب مەجید» و «مامۆستا نورەدین»ی



عەرەبی و «مامۆستا موحسین»ی ئینگلیزی و «مامۆستا پەترۆس»ی بیرکاریین و یارمەتیی زۆریان داوین.

(٩) تەمووزی «٢٠٠١» لە کوردستان دایکم بۆی گێڕامەوە، کە ئەو دوو شوانە کورد بوون و ڕژێمی بەعس لە زێدی خۆیان دەریکردبوون. موڵک و ماڵیانی دابووە عەرەبان. جلی بەریان و عەگالی سەریان منی منداڵیان بەهەڵەدا بردبوو.

(١٠) ئەو ڕووداوە ئەوەندە کاری تێکردووم، بەرادەیەک کاتێ ویستوومە لە ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا...!!»دا تەوزیفی بکەم، نەمتوانیوە ئەو دیمەنە ڕاستەقینەیە دەسکاریی بکەم... لە کاتێکدا حەوشەکەی ماڵی «نەوال»ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە کاشیە و کەروێشکەکان لەوێدا خنکاون، من نووسیوومە لەسەر کاشیەکان، ڕێک لەو شوێنەی ئاو کۆنکرێتەکەی چاڵکردبوو... دوایی هەستم بەو هەڵەیە کرد.

(١١) دیارە ئەو کەشوهەوایەی منی تیادا دەژیام، ڕێگەی نەدەدام بەچاکی لە مەسەلەکان تێبگەم و زۆر جار لە هەندێ شت دەترسام، کە دواتر لای باوکم ئاسایی بوون... باوکم دوای ئەوەی ئێمە لە زانکۆ وەرگیران و بەشێ لە ئاواتەکانی هاتە دی، بەشێوەیەک گۆڕا، کە بەلای هەموومانەوە سەیر بوو... زۆر ئاسایی بوو، کە کچانی هاوڕێی من و براکانم بەمیوانی دەهاتن بۆ ماڵمان و چەند بڵێی بەڕێزەوە بەخێرهاتنی دەکردن... لە دەرەوە کاتێ دەیبینین، سڵاوی لە ئێمە و لەوان دەکرد... زۆر جار لەناو پاس پارەی بۆ داوین... باوکم لە هەموو ژیانیدا جیاوازیی لە نێوان ئێمە و خوشکەکانماندا نەکردووە... «نادیە» و «تاڤگە»ی خوشکم هەرگیز بیریان نایەت باوکم لێی دابن، یان لێیان تووڕەبووبێت... پێی خۆشە و شانازیی بەوەوە دەکات، کە ئێمە خەریکی خوێندنەوە و نووسینین، ئەگەرچی لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکاندا چەند جارێ لە ترسی پشکنینی ماڵان لەلایەن بەعسەوە، کتێبخانەی منی سووتاندووە و قەدەغەی کردبوو هەموو کتێبێک بهێنمەوە ماڵ... دوای شکستی ڕاپەڕینی یەکەم و کۆڕەوەکە، هەموو کتێبەکانی سووتاندبوو... ئەوان قەیناکا، بەڵام ئەلبوومی وێنە کۆنەکانمان لەناو کارتۆنەکاندا بوون و ئاگر ئەوانیشی هەڵلووشی... بەهەر حاڵ من سوپاسی دەکەم، کە ئەو کردمی بەچیرۆکنووس و فێری تەکنیکی چیرۆکنووسینی کردم... فێری کردم، کە لە دووتوێی هەموو ڕووداوێکدا کۆمیدیا و تراژیدیا بەجارێ هەن و ڕق و خۆشەویستیی لە یەکتر جیانیین... ئەمەم بەخۆیشی وتووە... ئێستا من کاتێ باوکێک دەبینم لە منداڵەکەی دەدات و ڕێگای ئارەزووەکانی لێ دەگرێت، وا دەزانم ئەو چیرۆکنووس دەخوڵقێنێت و دەیان نووسەرم بەبیر دێتەوە... بەڵام نایشارمەوە ئێستاش لە باوکم دەترسم و لەم دوورەشەوە حیسابی بۆ دەکەم... لە زۆربەی شتەکانمدا ڕای ئەو وەردەگرم... «کاک جەلال دەباغ» ئەو شەوە لە ماڵمان بوو، بەباوکمی وت: «لەو کتێبەیدا قسەی زۆر لەسەر تۆ کردووە، بۆچی ئێستاش هەندێکی لێ نادەی...؟!» هەر خۆیشی بەگاڵتە وتی: «کاروان ئەوەندەی لێدان خواردووە، بەشی هەموو تەمەنی دەکات»... شتێکی دیکەش دەبێت بڵێم، ئەویش ئەوەیە باوکم لەگەڵ ئەو گۆڕانەیش، هێشتا وەکو منداڵێکی داماو لە من دەڕوانێت و وا دەزانێت هیچم لە دەست نایەت... «٢٠٠١/٦/١٣» لە هەولێر کوڕێکم گیرا... تا هاتوومەتەوە، ئەو لە ماڵەوە بەنیگەرانییەوە پیاسەی کردووە و لە دایکمی پرسیوە، ئاخۆ من دەزانم قسە بکەم و لە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە نابم بەگاڵتەجاڕ... بۆیە کاتێ لەگەڵ «ڕێبوار سیوەیلی»ی هاوڕێم هاتینەوە، خێرا لە «سیوەیلی»ی پرسی، ئاخۆ من توانیومە شتی باش بڵێم... دوای ئەوەی «سیوەیلی» باسی کۆڕەکەی بۆ کرد، ئەو گەشایەوە و ڕەنگی هاتەوە بەر، کە من ڕیسوا نەبووم... هەندێ لە خزمەکانیشم ئێستا بەچاوێکی جیاواز لەوەی منداڵی سەیرم دەکەن و بۆیان دەرکەوتووە، من ئێجگار بەو شێوەیە نەبووم، کە ئەوان بۆی چووبوون.

(١٢) لە بەشی یەکەمدا لەجیاتی «جنۆکە»، نووسراوە «پیرەژن»... داوای لێبوردن دەکەم و نەدەبوایە هەڵەیەکی ئاوا زەق بەسەر مندا تێپەڕێت... دیارە من مەبەستمە لەسەر زاری منداڵێکەوە ئەو بەسەرهاتە بیگێڕمەوە و

بلێیم «نەسرین» وەکو پیرەژنێک، نەک وەکو کچێکی هەرزەکار، یان عازەب هەڵسوکەوتی کردووە، بەڵام هەر مانایەکی خراپی هەیە.

(١٣) تا ئێستا چەندین مەلەوانی زۆر لێهاتوو لە مەلەوانگا و لە قەراغی دەریادا هەوڵیان داوە فێری مەلەم بکەن، بەڵام مەحاڵە. بۆم دەرکەوتووە من لە باوکم دەترسم، نەک لە ئاوەکە، بۆیە تازە نەک هەر مەلە، بەڵکو فێری زۆر شتی دیکەش نابم. بەڵێ، درێژخایەنترین ترس، ترسی باوکە. هەندێ جار کاتێ گلەیی لە باوکم دەکەم، کە ئاوا زنجیری لە دەست و قاچم ئاڵاندووە، پێم دەڵێت ئەوە پانزدە ساڵ زیاترە ڕێگای هیچ شتێکی لێ نەگرتووم. بەداخەوە ناتوانم تێبگەیەنم، کە تا ئێستاش ئەو بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت، بڕیاری ژیانی من دەدات.

(١٤) باوکم ڕێزێکی زۆر لە کەسانی هونەرمەند دەگرێت و زۆربەی ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان هامشۆی دووکانەکەی دەکەن... بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەرژێم نەبوون... «بەختیاری مامۆستا ڕەشید» کەمانجەژەنێکی دراوسێمانە، باوکم بەقەدەر ئێمەی خۆش دەوێت، نەک هەر لەبەرئەوەی کەسێکی باشە، بەڵکو لەبەرئەوەیش، کە هونەرمەندێکی بەتوانایە.

(١٥) ئەسکەندەر لە بنەڕەتدا ناوێکی یۆنانیە و لە زمانەکانی تر دا بۆ زۆر شێوە گۆڕاوە وەکو ئەلیکساندەر و ئەلیخاندرۆ.

(١٦) هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵیم لە نامەیەکیدا بۆی نووسیوم، کەوا بە«ئەسکەندەر قولی»ی وتووە من لە چیرۆکی «جیهان لە فنجانی قاوەدا» باسی ئەوم کردووە و زۆری پێ خۆشبووە... هەر ئەو هاوڕێیەم لە نامەکەیدا پێی وتووم، کە من ئەگەر ڕاستدەکەم با چەند دۆلارێکی بۆ بنێرم... بەراستی جێگای داخە لەو کوردستانەی، بانگەشەی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانیی تێدا دەکرێت، «ئەسکەندەر قولی» بەرەزەڵخوایی بژی و پێویستی بەچەند دۆلارێکی من بێت، کە گەورەترین سامانی خۆی کردە قوربانیی شۆڕش.

(١٧) دە ساڵ دواتر لە «مووسڵ» ئەو کتێبەم بەیادی منداڵیمەوە خوێندەوە. بیرم ماوە «سیمۆن دی بۆڤار» لە پێشەکیەکەیدا باسی ئەشکەنجەدانی «جەمیلە بوپاشا» لەلایەن جەللادەکان و چەوساندنەوەی جەزائیریەکان بەدەست خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دەکات. نووسیوویەتی جەللادەکان بەبوتڵ پەردەی کچێنیی «جەمیلە»یان دڕاندووە و بەناشیرینترین شێوە ئەشکەنجەیان داوە. هەروەها دەڵێ: «ئێمەی فەرەنسی، هەر هەموومان لەم کۆمەڵکوژیەدا بەشدارین».

(١٨) ئەم وشانە مەنەلۆژی ناخی منداڵێکی یانزدە ساڵانن، کە لەگەڵ تێڕوانینی ئێستامدا زۆر جیاوازن... پێم وایە کاتێ دەمانەوێ بکوژ بین، پێویستمان بەوە نییە بزانین پەلاماردەرین، یان بەرگریکەر. لە هەردوو حاڵەتەکەدا گوتاری مەرگ پێکدەهێنین. مەرگیش پێش ئەوەی بگاتە جەستە و ڕۆح، لەناو زماندا بەڕێوە دەچێت.

(١٩) کوڕێکی گەڕەکمان بوو و لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەیەکەوەبووین... یەکێ بوو لە هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکانی منداڵیم و دواتریش گەنجێکی خاوەن خەونی جوان بوو... باوکی لە شەستەکان لە شەڕی کوردکوژیدا شەهید بوو و خۆیشی لە هەشتاوسێ... بێگومان ئەو چەند گوللەیەی گیانی «سەفین»یان بڕی، نەیاننا سیبوو و نەیانزانیبوو چ دڵێکی پاکی پێوەیە، ئەگینا دەبوون بەپەپوولە و بەسووکی لەسەری هەڵدەنیشتن.

(٢٠) دوای ئەوەی لە مانگی مایسی ساڵی «٩٢» کوردستانم بەجێ هێشت و لە تەمووزی «٩٦» گەڕامەوە،



باوکم لە بەر دەرگا دانیشتبوو و چاوەڕێی منی دەکرد، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوسای منداڵیم، کە ئەوسا ئەو هێز لە گیانیدا دەچۆڕایەوە و جەبەرووت و هەیبەتەکەی بەزەقی دەبینرا، زۆر کز و بێ هێز دەردەکەوت... بەپێچەوانەی جاران، کە بۆ ئەوە چاوەڕێی دەکردم، تا بەرزمکاتەوە و بەئەژنۆ بەهێزەکانیمدا بکێشێت، دەیویست چرکەیەک زووتر بگەم و لە ئامێزە بێهێزەکەیم بگرێت... لە تاکسیەکە دابەزیم و من ئەوم کردە باوەشم... گیانی خاو خاو، دەترسام وەکو پەشمەک لەناو دەستمدا بتوێتەوە... هەموو ئەو ڕۆژانەی ژماردبوو، کە منی تیادا نەبینیبوو... هەر ئەوسا بەدەنگێ، کە گریانی زۆر گۆڕیبووی و لەرەیەکی زۆر گوناحی تێکەوتبوو، پێی وتم، ئەوەندە ساڵ و ئەوەندە ڕۆژەیە من ڕۆیشتووم... دواییش لە ژوورەوە هەر بەو دەنگە کزەی، کە گریان بەزەحمەت دەیهێشت گوێم لێی بێت، دەیوت، گوایە ڕازیی نەدەبوو لە دەرگا دووربکەومەوە، نەیدەزانی ڕۆژێ دێت دەگەمە ئەوپەڕی دنیا.

(٢١) ئەو مامە ئازیزەم «ئیسماعیل کاکەسوور»، لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر لە من تێدەگەیشت و زۆری خۆشدەویستم... ڕۆحێکی پاکیی گەنجانەی هەبوو و هەمیشە بەرگریی لێ دەکردم، بەڵام بەداخەوە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و ئەو سەرمایە گەورەیەم لەدەست چوو.

(٢٢) خەونە سەیرەکانی باوکم تا ئێستاش بەردەوامن و زۆریانم لای خۆم نووسیوونەتەوە... ساڵی «٩٧» خوشک و براکانم دەیانەوێت نامە بۆ من بنووسن... جا نامەکانییان هەرگیز ئاسایی نین و پڕن لە نوکتە و قسەی خۆمانە... دەربارەی هەر ناوێ، کە من دەیانناسم لە «ڕووناکی» و «سەیداوە»، بەشیعر چەند شتێکی هەزەلییان نووسیبوو... ئیتر تا دووی شەو هەر نووسیوویانە و پێکەنیون... باوکم لەودیو لە ژوورەکەی خۆی نووستووە و تەنها جار جار لەگەڵ قاقالێدان بێداربۆتەوە... بەیانی هەستابووەوە و وتبووی، گوایە لە خەونیدا سەگ هەموو خەڵکی گەڕەکی «سەیداوە»ی خواردووە و کەسی نەهێشتووە، بێجگە لە «...»، کە تەنها نیوەی خواردبوو و نیوەکەی تری مابووەوە... بۆچی...؟! چونکە ئەوان لاپەڕەیەکیان لە دەست دڕابوو و لەتێکی لێببووەوە... ئەو لەتە نیوەی شیعرێک بوو، کە دەربارەی ئەو کەسەیان نووسیوە... واتە نیوەی شیعرەکە مابووەوە و نیوەکەی تریان فڕێ دابوو.

(٢٣) PHOTOGRAPHY YEARBOOK 1999, EDITOR Chris Hinterobermair, CONTRIBUTING EDITOR Joseph Meehan, DISINGER Grant Bradford.

(٢٤) بێگومان نە «دامین» و نە «جاوە»یش ئاگایان لەوە نییە، کە «سیگمۆند فرۆید» لە کتێبی «نیگەرانی لە شارستانییدا» چۆن ڕستەی «دوژمنەکەتت خۆشبوێ» شی دەکاتەوە.

(٢٥) ئەگەرچی لە منداڵییەوە پارتی بووم، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکان لە ڕێگەی «خ. س»ەوە پەیوەندیم بەرێکخستنەکانی نێو شارەوە کرد و ناوی نهێنیم «بەختیار» بوو... «خ. س» کوڕێکی خوێنگەرمی چاونەترس بوو و بەرۆحی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ئیشی بۆ پارتی دەکرد... ئەمە وای لێ دەکردم هەست بکەم، کە زۆربەی خەونەکانی منداڵیمی تیادا بەرجەستەبووە... خۆشەویستییەکی بێئەندازەم لە ئاستی ئەو کوڕەدا هەبوو و خۆیشی زۆر چاک هەستی پێ دەکرد... یەکێ بوو لەو قوتابیانەی ڕۆڵێکی گەورەی لەو خۆپیشاندانانەی سەرەتای هەشتاکاندا بینی و لە زۆربەشیان بەئاگاتربوو... چەند جارێ لەلایەن بەعسەوە گیرا و ئەشکەنجەی زۆریان دا... لەگەڵ ئەوەشدا دواتر پەیوەندیمان تێکچوو، بەڵام من ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم، کە ئەو هاوڕێیەی ڕۆژانی سەرەتای گەنجیم زۆر یارمەتیی داوم و بەهۆی ئەوەوە زۆر کتێبم ناسیوە... «خ. س» و من لە ساڵی «٨٦» لە زانکۆ بەئێجگاری وازمان لە پارتی هێنا و بووین بەکۆمۆنیست... دەتوانم بڵێم ئەو شانەیەی ئێمە زۆربەیان بوون بەکۆمۆنیست... لە ساڵی «٩٢»ەوە لەگەڵ گەیشتنم بەئەڵمانیا، وازم لەویش هێناوە... ساڵی «٩٢» کۆتاییی ژیانی حیزبایەتیی من بوو و مەحاڵیشە بۆی بگەڕێمەوە... بەڵام هەرگیز لەو

ڕابردووەی خۆم پەشیمان نییم، نە لەگەڵ پارتی و نە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان... هەروەکو چۆن لە هیچ ساتێکی تری ژیانی خۆم پەشیمان نییم، چونکە هەر هەموویان پێکەوە من پێکدەهێنن و بەلابردنی هەر پارچەیەکیان سیمام تێکدەشێوێ... دیارە من تەنها وەکو بیروباوەڕ کۆمۆنیست بووم، ئەگینا ئیلتیزامێکی دیاریکراوم لەگەڵ هیچ گرووپ و ڕێکخراوێکدا نەبووە... کۆمەڵێ گەنجی یاخیبووین و بەپێی تێگەیشتنی ئەوسای خۆمان ئیشمان بۆ سەرکەوتنی سوسیالیزم دەکرد... ئێستا ئاواتی منداڵی و هەرزەکاری و سەرەتای گەنجیم هاتۆتە دی، پارتی لە هەموو کاتێکی دیکە بەهێزترە و زۆربەی دژەکانی ئەوساشمی لەگەڵدایە، بەڵام منی لەگەڵدا نییە.



## مانای هەندێ لەو وشانەی لە ئاخاوتنی هەولێریدا بەکاردەهێنرێن:

ئاقر: ئاقڵ... ئەو هەولێرییانەی ڕەگوڕیشەیان بۆ لادێ دەگەڕێتەوە، پیتی «ڵ» بە«ر» دەردەبڕن، بەڵام ئەوانەی هەر لە بنەچەوە هی شارن، ئەو گۆڕینەیان نییە. هەندێکیش بەهەڵە کورد و تورکمان بەوە جیا دەکەنەوە، گوایە کرمانج دەنگی «ر» بەکاردەهێنێت و تورکمان «ل»ی سووک و قەڵەو.

ئامانە: پاس

ئەتوو: تۆ

ئەجندە: جنۆکە

ئەخر: ئاخر

ئەستوورک: ئەستووک: نانێکی ئەستووری نەرمە، نانی تیریی دەبڵ.

ئەمە: ئێمە

ئەنگۆ: ئێوە

ئەوجا: ئینجا

ئیمتیعان: تاقیکردنەوە: ئیمتیحان. بەشێکی زۆر لە هەولێریەکان «ح» دەکەن بە«ع».

بالیف: سەرین، پشتی

بەدیکو: ئەی چۆن

بەرام: بەڵام

بەڕک: گیرفان

بەڕۆژی: بەڕۆژوو

بیژی: زۆڵ

بەعس: باس. لە «بحث»ی عەرەبییەوە وەرگیراوە

بینە: بێنە

پدوو: پووک

پڕدان: پەلاماردان... پڕتدەمێ: پەلامارت بدەم

پلک: پوور، میمک

تەعجیل: دواخستن: «تأجیل»

تکە: دیکە، تر... ڕەنگی تکە: ڕەنگی تر... هیچیتکە: هیچی تر

چزوانم: چووزانم.

جنجڕ: پانتاییەکی سپی، کە خاڵی ورد وردی ڕەساسیی تێدا بێت. زیاتر بۆ مریشک بەکاردێت. وەکو ئیدیۆمیش بەکەسانی لات و هەژار دەوترێت بەتایبەتی ئەوانەی جلی پەڕپووت دەپۆشن.

جوون: جنێو، جوێن

چما: مەگەر، بۆچی «بە کەمێ جیاوازیەوە»

چێر: مانگا

ختمبوون: نقوومبوون، ڕۆچوون... لە قوڕێدا ختم بوو.

خین: خوێن

خۆر: خۆڵ

داخی: وشەیەکە تورکمانەکانی هەولێر بەکاری دەهێنن. مانایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام زیاتر بۆ پارسەنگی ڕستە پەنای بۆ دەبەن. لە «ئاخر» نزیکە.

داک: دایک

دەشتێ: لادێ

دەعیە: فیز

دەو: دەم

دەرارخانە: مەزاتخانە

دەخینم: دەخوێنمەوە... کۆشش دەکەم

دێرەسەگ: دەڵەسەگ.

ڕادێخی: ڕادەخات، دادەخات

ڕامارین: ڕاخستن. ڕامیارە: بیماڵە، گسکی بدە

ڕووار: بەکەسێک دەوترێت، کە کارێک بەبێ مەبەست ئەنجام بدات، بەعەرەبی «عفوی»... خزمی دراوسێیەکمان کوڕێکی هەبوو ناوی «ڕووار» بوو... لە ناوەڕاستی حەفتاکان من و «شوان عارەب»ی هاوڕێم زۆر حەزمان لەوە ناوە دەکرد. ڕۆژێکیان لە باوکیمان پرسی، ئاخۆ ماناکەی چییە... ئەو وتی: «ڕووار یەعنی ڕووار و هەر ڕوواریانەش ناوم لێنایە»... ئینجا کۆمەڵێ نموونەی بۆ هێناینەوە و زانیمان لە دوو برگەی «ڕوو» و «وار» پێکهاتووە، واتە ڕووی ئاواڵەیە و بەئارەزووی خۆی هەنگاو دەنێ، یان دەچێتە پێش و لێدەخورێ، بەبێ ئەوەی ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت. وتراوە: «ڕووار، بەڕوواری، ڕوواریانە»... ئافەرینمان لێ کرد، کە ئەو ناوێکی خۆشی لە کوڕەکەی ناوە و وشەیەکی جوانی کوردییشی لە مردن پاراستووە... دوایی وشەی «ڕۆڤان»یشمان هەر لەو بیست. ئاخر ئەو دنیایەک هەقایەتی دەزانی و هەر کاتێ بەسەردان دەهاتە ماڵی ئەو دراوسێیەمان، بەجوانترین شێوە بۆی دەگێڕاینەوە. ئەو جارە لە چیرۆکی «کچە شوان و کوڕە پاشا»دا گوێمان لەو وشەیە بوو... «کوڕە هەر کیژەی دیت، شێت و ڕۆڤانی بوو... ئیدی خەو و خۆراکی لێ هەرگیرا و دوایێ بابی زانی کوڕەکەی ڕۆڤانە». واتە کوڕەکە دڵدارە و عەشقی ئەو کچە بووە.

ڕۆژیار: هەتاو. ئەو ڕۆژانەی، کە هەور بەئاسمانەوە نەبێت.

ڕۆن: ڕوون

ڕنە: چڕنووک. بۆ باڵندە بەکاردێت.

زلوونگە: قسەکردن و ڕادەربڕین دەربارەی مەسەلەیەک «تعلیق»

زلوونگەر: کەسێک دەربارەی مەسەلەیەک زلوونگەی هەبێ وەکو زلوونگەری یاریی تۆپی پێ «معلق».

زەینەت: حەز و ئارەزوو. زیاتر ژنان بەکاریدەهێنن. بۆ نموونە: «هەر زەینەتتە تەمەشای کەی: هەر حەز دەکەی لێی بڕوانی». ئەو کراسە ئەوەندە جوانە، هەر زەینەتتە لەبەری بکەیت... واتە هەر حەز دەکەی بیپۆشی.

ساتمە: هەڵنووتان، ڕەتبردن... ساتمەی دەکەی: هەڵدەنووتێی

سوخەت: ڕەوشت، مۆڕاڵ

سۆر: سوور... سۆردەکەیەوە: سووردەکەیەوە

سوند: سوێند

سوولاوکە: چۆڕاوگە

شەپڕێو: پەڕپووت



شەقاو: هەنگاو

شیو: چێشت

عەز: حەز

عوکمەت: حکومەت

غەریبیکردن: بیرکردنی شت... غەریبیت دەکەم: بیرت دەکەم

فەرخە: بێچوو

فیتە: فیکە

قەلدان: پەڕاندن... سەری قەلدا: سەری پەڕاند.

قەمیاغ: سەرتوێژ

قوراده: گیایەکی خۆڕسکی مزرە لە کەوەر دەچێت.

قۆدی: قوتوو

قیچ: کەم... قیچەک: کەمێ، تۆزێ.

کا: کوا

کەرخ: نزیک. لە کەرخی من: لە نزیک من. هەروەها بەمانای «کاریگەری»یش دێ. دەوترێت: «فلان لەو مەسەلەیەی کەرخی دیارە» واتە توانیویەتی کاریگەریی خۆی دەربخات... دایک لە میوانداری بەدزییەوە سەرزەنشتی منداڵە چەقاوەسووەکەی دەکات و پێی دەڵێت: «لێرەش کەرخی خۆت بەدیار یەخست...؟!»... واتە لێرەش پیشانت دا، کە تۆ چەند هاری.

کەینێ: کەی

کیها: کامە

کێندەرێ: کوێ

کن: لا، لە لای

کۆخە: کۆکە

کودی: کوولەکە

گاز: بانگ... گازی بکە: بانگی بکە

گازاندە: گلەیی... سەرزەنشت

گڕوو: گەڕ

گڕناگە: وڕک

گەلەک: زۆر

گەزە: گاز، قەپاڵ

گێ: گوێ، گوێچکە

گێچەر: گێچەڵ، شەڕ

گێسک: گسک

گوجیلە: تووتک، تووتکەسەگ.

گۆتن: وتن... گۆتی: وتی... پێت نەگۆتبووین: پێت نەوتبووین

گۆزکە: گۆزە

لابەردایی: خۆدوورخستنەوە لە کاری ترسناک

لاکۆ: لاچۆ

لەگەر: لەگەڵ... لەگەرەنگۆش: لەگەڵ ئێوەش

لەخۆڕا: لەخۆیەوە

لەخۆچوون: بوورانەوە... لە خۆ چوو: بوورایەوە

لە هیکڕا: لەناکاو

لەیلووک: جۆلانە

لەوێندەرێ: لەوێ... چووە وێندەرێ: چووە ئەوێ

ماندی: ماندوو

مزیڕ: قەڵپ. زیاتر بەمنداڵ دەوترێت.

منجڕ: کەسێک گەڕ لە خەڵک بئاڵێنێت و بەئاسانی لەکۆڵیان نەبێتەوە

مێرووستان: مێرووله... هەولێرییەکان بەهەڵە ئەو وشەیە بەکاردەهێنن... ڕاستییەکەی «مێرووستان» شارەمێروو دەگرێتەوە، واتە ئەو شوێنەی مێرووی تێدا دەژی.

نەخۆ: نەوەکا، نەوەکو

نەینۆک: ئاوێنە

هەتیم: هەتیو

هەراتن: ڕاکردن... ئەوان هەراتن: ئەوان ڕایان کرد.

هەرماوە: باقی

هەنجەت: بیانوو

هەوکە: ئێستا

هێسک: ئێسقان

وەکی: وەکو... بەڵام لێرەدا زیاتر بەمانای هەر کە، یان کاتێ بەکارهاتووە.